



# ڕامان RAMAN

146

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم / ساڵی چواردە / تەمموزی ٢٠٠٩

**خاوەن ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرترێت**
قەرەنی جەمیل

ناوونیشان / هەولێر - تەنیشت دادنووسیی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦ – ٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com

چاپخانەی خانی / دهۆک
نرخ / ٧٥٠ دینار

## ناوەرۆکی ڕامان


● **سەروتار**

– ڕامان پێی نایە تەمەنی هەرزەکارییەوە/ سەرنووسەر/ 3

● **دەق**

– من و با/ کەریم دەشتی/ 6
– درەختی پاسارییە پیرەکانی لالش/ خالید جووتیار/ 8
– سۆزینگەه/ ئەحمەد قەرەنی/ 10
– پەلامارداني خەیاڵ/ محەمەد باوەکر/ 11
– چەپکێ شیعری عیمران سەلاحی/
لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 12
– ژنێک بە توێی گزنگ و پرژەی ئاو/
محەمەد فەریق حەسەن/ 14
– خزمەتگوزاری/ حوسێن شێربەگی/ 16
– پێڵاوەکانی بودا/ خەبات ڕەسوولی/ 18
– ئیسکانەک ئاف/ سەدات بورتداش/ 20
– ئەو و برووسکە ڕەنگاوڕەنگەکانی/
ڕەجا بەکرییە.. لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل/ 23

● **ناساندن**

– خاکی مێزۆپۆتامیا «دوا ڕۆمانی فەواز حوسێن»/
د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 26

● **هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێکی فراوان لە گەڵ هونەرمەندی ناسراو (هۆمەر دزەیی)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 36
– گفتوگۆیەک لەگەڵ شاعیر و وەرگێڕ (دلاوەر قەرەداغی)/
ئا: عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا/ 54

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

– ڕەنگدانەوەی خەباتی کورد لە پێناوی مافی نەتەوایەتی لە ئەدەبی کوردیدا/ د. مارف خەزنەدار/ 68
– سووژەی دیکارتی: پێشینە، تایبەتمەندی و دەرئەنجامەکانی/
د. بەختیار سەجادی.. لە ئینگلیزییەوە: قوتبەدین ئەحمەدی/ 75
– تەکنیک لە ڕۆمانی دوا نامەی دێوەرەیەک/
عەبدوڵلا ڕەحمان/ 82

● **وتار**

– تێڕوانینێک لەبارەی مولازم تەحسین و شتەکانی تریش/
عەبدوڵلا سەڕاج/ 90
– ڕۆمانی ڕامیاری/ ئازاد خدر/ 94

● **زمانزانی**

– تێبینی لەبارەی شێوەزاری گۆران یان هەورامی/ محەمەد ڕەشیدی ئەمینی/ 97

● **هزر و فەلسەفە**

– فەلسەفەی بونافینتواری پاک/ د. حەمید عەزیز/ 105
– کولتوور و سیاسەت/ لە ڕووسییەوە:
د. ڕەشاد میران/ 115

● **هونەر**

– مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/
وریا ئەحمەد/ 128
– چۆنیەتی هەڵبژاردنی (دەق) بۆ ئاواز و گۆرانی هونەرمەندی ڕەگەز (نێر و مێ)/
دارا محەمەد هەورامی/ 131
– شانۆی قوتابخانەیی: پەیام و دەسکەوت و بنیادنانی دواڕۆژ/ لە عەرەبییەوە: کامەران حاجی ئەلیاس/ 139

● **خوێندنەوەی کتێب**

– گەردەلوولی سپی/ سەباح ڕەنجدەر/ 145
– ڤیسکۆنتی دوو لەت بوو/ جەبار سابیر/ 149
– بەفر و شیعر و پۆرنۆگرافیا/ هاشم سەڕاج/ 152

● **زاراوەسازی**

– ئەدەب و هونەری شێوەکاری/
د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 157

● **یادکردنەوە**

– ڕامان تەکاندان و تازەکردنەوەی بەردەوام/
کەماڵ غەمبار/ 159

● **سووکە لەنگەر**

– شمشاڵ و شەقام/ عەبدولخالیق یەعقووبی/ 160

## سەروتار

### لە پەراوێزی کولتوورەوە

## بە بۆنەی ساڵوەگەڕی چواردەمینی دەرچوونی گۆڤاری ڕامان

# ڕامان پێی نایە تەمەنی هەرزەکارییەوە!

سەرنووسەر

بۆریس باسترناک جوانی وت کاتێ نووسیی: **(گرنگە لە سەردەمە ئاڵۆز و جەنجاڵەکانیشدا بە هێمنی بیر بکەینەوە).**

* گۆڤاری ڕامان کە ژمارە (١)ی لە ١٩٩٦/٦/١١دا کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە، ئەوکاتە هیچ ئاسۆیەک بۆ کار و پرۆژەی ڕۆشنبیری لە کوردستاندا بەدی نەدەکرا. لەو هەلومەرج و بارودۆخە نالەبارەدا «بیرکردنەوە» لە کار و پرۆژەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی بۆ خۆی جۆرێک لە «موغامەرە کردن» بوو، چونکە ئەو کاتە نائومێدی و ڕەشبینی بە تەواوی باڵی بەسەر کوردستان، بەتایبەتیش بەسەر قەڵەم بەدەست و نووسەرەکانی داگرتبوو، ئەو کاتە ئەو توێژە گرنگە زۆر لە هیوایەکانیان ڕەویبوویەوە کە بۆی دەژیان، بۆیە دەرکردنی گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی جددی لە شارۆچکەیەکی وەک مەسیفی ئەوساکەی دابڕاو لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان لەو ئان و ساتەدا بڕیارێکی قورس بوو، بەڵام سوور بوون و پێداگرتن ئەو پرۆژەیەی لە خەونەوە کرد بە دیفاکتۆ، ئەمەش لە پاش بڕیاری پشتیوانی لێکردنی ڕاستەوخۆی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە پرۆژکەوە، هەروەها بەرەنجامی ئەو عیشقەی ئێمەش بوو بۆ کار و پرۆژەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کە لە هەر کوێ بووبێ لەگەڵمان بووە، دەنا خۆ ڕەنگە لە زۆر شوێن و سەردەمدا پارەش هەبووبێ، دروشمکاری و باس کردنی پرۆژەش هەبێ و هەیە، بەڵام چەندیان دێنە جێبەجێ کردن، ئەوەیان گرنگە.

* لە کاتێکدا ڕامان پێ دەنێتە ناو ساڵێکی نوێی تەمەنی پڕ بەخششی خۆی و یادی داگیرساندنی مۆمی چواردەمین ساڵەی دەکاتەوە، هەقی خۆیەتی لەو ساڵیادەدا سووکەلەنگەرێک بگرین و یەک- دوو قسە لە بارەی ئەو گۆڤارەوە بکەین کە بە یەکێک لە گۆڤارە پشوو درێژەکانی ناو بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی دەژمێردرێ، بە تایبەتی لە بواری (ڕۆژنامەگەری ئەدەبی و ڕۆشنبیری)دا. مێژوو باوک و برا و ئامۆزا و کەسوکاری کەس نییە، بۆیە نە خاتری کەس دەگرێ و نە بە فڕوفێڵ و قسەی پڤ هەڵدراو نرخ و بەها بۆ کارێک دادەنێ، یان لە نرخی کارێک دەشکێنێ، ئەوەندەش بایەخ بەمیزاجی هەڵکشاو و داکشاو و شڵەقاوی کەس نادات، بۆیە ئەوە بە هەند وەرناگرێ خەڵکی چۆن باسی خۆیان دەکەن و چۆن بە ستایش گۆرانی بەسەر خۆیاندا هەڵدەڵێن و هەوڵی خەڵکی دی نایدە دەگرن، یان چۆن بۆ بێ بایەخ کردنی کار و کردەوەی کەسانی دی، کار و بەخششی ئەوان دەکەنە هی خۆیان و هەڵیدەلووشن، مێژوو ئەو شتانە بە کەیف و مایەشای کەس نانووسێتەوە. هەقە ئەوە لەبیر نەکرێ کە پێش ڕامان هەرگیز بەو نەفەس و سنگ فراوانی و کرانەوەیە کار لەسەر (ڕەنگەکان) و (دەنگەکان) نەکراوە، چونکە ڕامان بوو لە کاتێکی زۆر ناسکدا سەکۆیەکی ئازادی بۆ نووسەران فەراهەم کرد، تا ببێتە مینبەرێکی کراوە بۆ هەمووویان بۆ ئەوەی ئەو ڕەنگ و دەنگانە بە ئەمانەتەوە بگەیەنێت، بۆیە بە درێژایی ساڵانێکی دوورودرێژی کارکردنی خۆمان لەو گۆڤارەدا هەمیشە دەنگ و هەناسەی نەتەوەکەمان بووین، نەک دەنگی حزب. هیچ ڕۆژێک دەنگ و ڕەنگی حزب لەناو کاری ئێمەدا ڕەنگی نەداوەتەوە، تەنانەت دەنگ و ڕەنگی ئەو حزبەش کە پاڵپشتی ماددیی لە دەرچوونی کردووە و پاراستوویەتی، قەت ئەوەشیان لێ داوا نەکردووین، چونکە ئایدیۆلۆژیایەک لە ڕاماندا پشتیوانی

لێ کراوە، ئەویش ئایدیۆلۆژیای داهێنان بووە.

* ئێمە نەک دوای دەرچوونی ڕامان، بگرە پێش دەرچوونیشی لەگەڵ نووسەران و داهێنەران و خاوەن بیروڕا جیاوازەکان قسەمان کردووە، ئەمڕۆکەش بە مەبەستی ئەوەی ئاستی ڕامان هەڵسەنگێنین بەردەوام لەگەڵیان لە بیروڕا گۆڕینەوە و دەمەتەقێ و گفتوگۆداین، تا بزانین بۆ ئایندە چی بکەین و چیمان ماوە بیکەین و بەرەو کوێ هەنگاو بنێین، بۆیە هەردەم ڕوومان لە ئاسۆ بووە و بەرچاومان ڕوون بووە و زانیومانە بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرین، چونکە هەر زوو نەهج و ڕێبازی گۆڤارەکەمان دیاری کردووە و لەگەڵ خەڵکی خوێندەوار و خاوەن دید و بۆچوون لە دیالۆگێکی کراوە دابووین، بۆیە بەپێی ئەو ئیمکانیاتە سنووردار و موتەوازیعەی لەبەردەستمان دابووە، چیمان پێ کرابێ لە جێبەجێ کردن پێشنیارەکان درێغیمان نەکردووە. بۆ لەمەولاش دەرگای دڵ و سنگ و مێشکمان کراوە دەبێ بۆ هەر ڕەخنە و پێشنیارێکی بەجێ و مەنتیقی کە قابیلی جێبەجێ کردن بێ، لەوەشدا هەوڵ دەدەین زیاتر خوێندەوار و ڕۆشنبیری جددی هان بدەین تا لایەنی ئەرێنی ر نەرێنی لە پرۆژەکەمان دەستنیشان بکەن، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا زیاتر ئیشیان لەسەر بکەین، ئەو خاڵانەش کە گفتوگۆ هەڵدەگرن، یان قابیلی جێبەجێ کردن نین بە کراوەیی دەهێڵینەوە تا بە بیروڕای کەسانی دی دەوڵەمەندیان بکەین و بیروڕایەکان پتر بەرەو کامڵ بوون و پێگەیشتن ببەین، چونکە لە زۆربەی جارەکاندا بیروڕایەکان هێندە جیاوازی گەورەیان لەنێواندایە کە تێکناکەنەوە، تەنانەت دەگاتە ڕادەی دژ بەیەکتری ڕاوەستان، کە ئەوەش ڕەنگدانەوەی بۆچوون و میزاجی جیاوازی کەسەکان دەگەیەنێ.

* هەموو لایەک دەزانن لە پاش ڕاپەڕین بۆشاییی زۆر زەق و گەورە لە بواری ڕۆژنامەگەری ڕۆشنبیری و ئەدەبی هەبوو، ڕامان بە بەرپرسیارەتییەوە شانی دایە بەر پڕکردنەوەی ئەو ئەرک و کەلێنە و زۆر غەمخۆرانە هەوڵی دا لە هەلومەرجێکی شڵەقاو و نەگونجاودا، لە زەمەنێکدا کە دەتوانم ناوی بنێم زەمەنی قاتوقڕیی ڕۆشنبیری، لەساتە ناخۆش و دژوارەکاندا بۆ کار و پرۆژە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکان، پێوەندی بە سەرجەم نووسەر و ڕۆشنبیر و ئەدیبەکانەوە بکات، ئەمە لەو کاتانەدا بوو کە سەختیی ژیان و گوزەران و بژێوی نووسەران کەوتبووە قوڕگی شێرەوە، لەو ڕۆژانەدا بوو هانیدان بکەونەوە نووسین، چونکە نووسین و داهێنانە ئەدەبییەکان لە پەراوێز و لەژێر دەستوپێی بابەتە سیاسییەکان و لەناو ڕۆژنامە سیاسییەکاندا بڵاو دەکرانەوە، یان لەکاتێکدا کە زۆر لە نووسەران پەیامی نووسەرایەتی خۆیان لەبیر چووبووەوە، ئەوانیشی داچڵەکاند و بە گوڕ و تینێکی نوێوە هێنانییەوە نێو دنیای نووسین، بۆیە لەو کاتانەدا لەلایەک بۆشاییەکەی پڕ کردەوە و لەلایەکی دیکەوە لە ژمارە (٦)ی گۆڤارەکەوە کە بە ڕەنگاوڕەنگ لەچاپخانەیەکی کۆنی هەولێردا بە چاپ دەگەیشت، توانی بۆ یەکەمین جار هونەری گفتوگۆکردن لەگەڵ نووسەران و هونەرمەندان بکاتە سەر دەفتەری کارەکانی خۆی و وێنەی ئەو نووسەر و هونەرمەندانەش بە گەورەیی لە تەک مانشێتی قسەکانیان لەسەر بەرگ دابنێ، لەکاتێکدا تا ئەو کاتیش بەرگ بە (ڕەش و سپی و ڕەنگاوڕەنگ) بۆ وێنە و مانشێتی سیاسەتمەدار و بەرپرسان قۆرغ کرابوو.

* جێگەی شانازیمانە هەر لەسەرەتاوە و لەو بارودۆخە سەخت و دژوارانەدا، هەوڵمان داوە هەموو ڕەنگ و دەنگ و نەوەکان لەسەر لاپەڕەکانی ڕامان-دا کۆ بکەینەوە، بۆیە هەمیشە سێ نەوە لەلای ئێمە نووسیویانە و ئامادەبوونی خۆیان هەبووە، هیچ ڕۆژێک نەک دەستەگەرایی و تاقم و تاقمکاری و شار و شارچییاتی و حزبایەتی بەرتەسک نەکراوە، بگرە لەو کاتانەدا خەڵکی ئەگەر بە ویژدانەوە ڕامان-یان خوێندبێتەوە وایان زانیوە لە دوورگەیەکی ئارام و وڵاتێکی دیکە دەردەچێ، چونکە ئەو کاتە کار و پرۆژەیەک نەبوو مۆرکی حزبایەتی و میزاج و دەستەگەرایی تێدا ڕەنگی نەدابێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە لە ڕامان تەنیا پێوەر لەلامان جوان نووسین و داهێنان و نووسەرایەتی و خزمەت کردن بووە بە زمان و فیکر و ئەدەبیات و ڕۆشنبیری کوردی، بۆیە لەوساوە تا ئێستا (ڕامان) باخچەیەک بووە هەموو ڕەنگ و گوڵەکانی لەخۆی گرتووە، ژمارە دوای ژمارەش ئەو ئەرکەمان قووڵتر و تۆختر کردووەتەوە، هەر کارێک لەو بوارەدا لە دوای ئێمەوە کرابێ لە کاریگەری میتود و ڕێبازی گۆڤارەکەی ئێمە بەدەرنەبووە، با خۆشیان لێ نەبان بکەن، ئەوە حەقیقەتێکە بە کەس ناشاردرێتەوە، هەرچەندە دانیشی پێدا نەنێن. کەسیش لە پەیڕەو کردنی کاری باش زەرەری نەکردووە، بۆیە لێی پەشیمان نەبنەوە چاکە، بەڵام نابێ کەسیش خۆی لێمان بکاتە تاقە شۆڕەسواری ئەو مەیدانە و پێی وابێ ئەو دەستپێشخەرییانە لەوانەوە دەستی پێکردووە و بناغەدانانی ئەو بنەمایانە لەناو ڕۆژنامەگەری ڕۆشنبیری و ئەدەبی لەسەر دەستی ئەوانەوە هاتووەتە ئاراوە.

* ئەوەی بەوردی و بەردەوام ڕامان-ی خوێندبێتەوە ناتوانێ موزایەدەی ئەوەمان لەسەر بکات و بڵێ لە ڕامان-دا پاڵپشتی لە نەوەی نوێ نەکراوە، یان ئەو لافە لێبدات کە تەنیا ئەوانن ماڵ و پشتوپەنای لاوان و بەهرەداران و دەنگی نوێ، چونکە لەو بوارەشدا ئێمە بەپێی پێشینەی ڕەخنەیی خۆمان لە بواری ئەدەبیدا ئەو بیروڕا ڕەخنەییانەمان لە ڕاماندا بۆ دۆزینەوە و ناساندنی بەهرە و دەنگ و توانایی نوێ خستووەتە گەڕ، بۆیە دەتوانین لیستێکی دوور و درێژ لە ناساندن و کەشف کردنی ناوی بەهرەدارەکانی بواری [شیعر، چیرۆک، ڕەخنە، لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان، فیکر، وتار] و قەڵەمی نووسین لە بواری هونەرەکانی وەک (شێوەکاری، شانۆ، گۆرانی و مۆسیقا، فۆتۆگراف، سینەما) بنووسین کە بۆ یەکەم جار لە ڕامان هاتنە بواری نووسینەوە، بەم کارەمان بەدەیان ناوی درەوشاوە لە دنیای نووسین و داهێنان بە دەرکەوتن و هەڵکەوتن، ئەمەش لەپاش هاندان و پشتیوانی

لێ کـردنیـان بووە لەلایەن ڕامـان-ەوە، چونکە لەوێوە ئەو متمانەیەیان بەخۆیان پەیدا کرد، لەکاتێکدا پێشتر ئەوانە بایکۆت کرابوون و هیـچیـان بۆ بڵاو نەدەکرایەوە، یان تا سـەر ئێـسـقـان دژایەتی دەکـران، تەبەنا کـردنی ئەو ناوە نوێیانە لە ئەنجامی کارکردنمان بووە بە هەستێکی ڕەخنەیی، لەوەشدا پشـتـمان بە ئەزموونێکی دوور و درێژی نووسینی خۆمان بەسـتووە، بەڵام ئەوەی ئێـمە لە کـەسانی دی جیـا دەکـاتەوە ئەوەیە کـە لەڕامـان-دا لەسـەر بنەڕەتێکی ڕەخنەیی- ئیـسـتێـتیـکی ئەوەمـان کـردووە، نەک لەسـەر بنەڕەتی (دەفـتـەر نفـووس) و گـۆترەکـاری، واتە هەر لەبەر ئەوەی (لاوە) و تەمـەنی لاوێتی هەیە ئیـتـر ناسنامـەی پەڕینەوەمـان بۆ ناو لاپەڕەکـانی ڕامـان دابێـتێ، ئێـمـە تایبـەتمەندیی و بەهرە و توانستی جیـاوازمـان لەو لاوانەدا بەدی نەکردبێ، لەخۆڕا نەمانهێناونەتە پێشەوە و بەرهەممان بۆ بڵاونەکردووەتەوە.

* ناشێ کـەس وا تێبگا کـاری ئێـمـە لە ڕامـان-دا زۆر بەرکەماڵە و لە هیـچمان کـەم نییە و بێ گیروگرفت کاری خۆمان دەکەین، چونکە ئێمەش دنیایەک کێشە و گرفتمان هەیە، ئەوە هەر لە کەمیی ئیمکانیاتی بەردەستمان دەست پێدەکا تا دەگاتە چاپ کردنی گۆڤارەکەمان کە دەبێ هەموو مـانگێک بیـبـەینە شـاری دهۆک و بە دیارییـەوە بێن، لە جیاتی ئەوەی لەنزیک خۆمانەوە چاپ بکرێ، تا قـیـچکە تەنگیی نووسەری بێ حەوسەڵە کە بیانوو بە جۆری فۆنتی نووسینی لای ئێمە و مۆتیڤی شیعر و چیرۆکەکەی دەگرێ، تا دەگاتە ئەوەی هەموو ژمارەیەک و لەیەک تەوەردا دەیەوێ بەرهەمی دوور و درێژی بۆ بڵاوبکرێتـــەوە، تا ئەو بۆڵـە بۆڵانەی دەبیستریێن کە بۆچی نووسینەکەی، شیعرەکەی ئەو یەکەم بابەت نییـە لە زنجیـرەی بابەتە بڵاوکـراوەکـاندا، تا دەگـاتە تڕوتەشقـەڵەی هەوڵی بڵاوبوونەوەی سـەری چەندەم جـارەی بابەتەکـەی، کـە پێـشـتـریش چەند جـارێک بڵاوکراونەتەوە.

* هەمـوو نووسـەر و ڕووناکـبیـرێکی جـددی، هەمـوو داهێنان و ترووسکەی داهێنانێک لە ڕامان جـێگەی ڕێز و بایەخدانی ئێـمـە بووە، بە بەڵگەی ئەوەی ئێـمـە بەردەوام ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانە بەسەریان دەکەینەوە، بۆیە کەم نووسەر هەیە لەو کوردستـانەدا بە هەمـوو پارچەکانییـەوە، یان لە ئەوروپا و ئەمەریکا و کەنەدا و ئوسترالیا بەسەرمان نەکردبێتنەوە، هیچ نەبێ گفتوگۆمان لەگەڵیاندا ساز کردووە و پشتگوێمان نەخستوون، هەر بیرکردنەوە لە دەرکردنی ئەو گۆڤارە بۆخـۆی بەڵگەی ئەو بایەخ و ڕێزلێنانە بووە لەوان و بۆ مەبەستی لە ئامێزگرتنی ئەو داهێنەر و نووسەرە جۆرەکی و جددییانە بوو ڕامان هاتووەتە کایەوە، تاکو لەناو فەوزای میـدیای کـوردی دەنگیـان ون نەبێ کە بارودۆخی سـیاسیی ئەوسـای کـوردسـتـان دروسـتی کـردبوو، ئێـمـە ویسـتـمـان نووسـەری جددی هەمـوو کات و قـۆناغـێک بەرچاوی ڕوون بێ و شوێنی ڕاستەقینەی خۆی بدۆزێتەوە. نووسەرێک نا کـە دوای هەڵپـەکـردن و ناوبانگ و بڵاوکـردنەوەی خـێـرا و خەڵاتی زیاتر و بەڵێنی چەور دەکەوێ کە لە هەندێ شوێن بە دەسـتی دەهێنێ، بەڵام ئەوەی لەبیـر دەچێ لەو شـوێنانەدا بەهایەک بۆ جـددییـەتی فـیـکر و نووسین و بۆچوونی ئەوان دانانێن، لەلای ئەوان مـەبەست بەکـارهێنانیـانە وەک ڕووکـارێک بۆ جـوان کـردن و ئیـکسـسـوار و پڕکـردنەوەی لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانیان، چونکە ئەوان تەنیا ئەوەیان بەلاوە گـرنگە گـۆڤـارەکـەیان دەربچێ و بەردەوام بێ، نەک جۆری ئەو کەسانەی بۆیان دەنووسن.

* ئێـمـە دەزانین لەبەر جـەنجاڵـی سەردەمەکە و سەرقـاڵی نووسـەران، لەوانەیە زۆر نەپەرژێنە سـەر خـوێندنەوەی بەردەوامی گـۆڤارەکـەمان، بۆیە بۆ بەبیر هێنانەوەی زۆر لەو کار و کردەوانەی لە ماوەی چواردە ساڵدا ئەنجاممان داون، بە کارێکی پێویستی دەزانین لە ژمارەکانی داهاتووی ڕامان-دا بە داتای ڕاستودروست و ورد و بە بەڵگەی سەلمێنەر باس لە هەندێ لەو کـارانەمـان بکەین کـە بەدرێژایی (١٤٦) ژمارەیدا ئەنجام دراون و هەندێ ڕوون کردنەوە سەبارەت بە کـارەکانمان بدەین، تا کـەس بە سەهوو دانەچێت. زۆر کـەس هەن کـە لە دەرەوەی بازنەی کـارەکـانن کـاتێ بیروڕا لەبارەی کـارەکـانەوە دەدەن شـمـشـێـریان تیـژە، وەک بڵـێی لە دوورگـەیەکی دیکەوە هاتبن وا قـسـان دەکـەن، کـاتێکیش خـۆیان دەچنە ناو ئەنجـامـدانی کـارەکـانەوە، زۆر دامـاو و دەستەپاچە بەرانبەر ڕاپەڕاندنی ئەو کارانەی خۆیان دەبینرێن کە لە خەڵکی دیکەی داوا دەکەن، چونکە ئەو کاتە تێدەگەن پیادە کردنی کەمترین و بچووکترین پێشنیارەکانی خۆیان پێ جێبەجێ ناکرێ.

* لە دوماهیـدا سـوپاسی هەمـوو ئەوانە دەکـەم کـە هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆکە پشـتیـوانییـان لێ کـردین، بەتایبـەتی سـەرۆکی حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان ڕێزدار نێچیـرڤـان بارزانی و هەمـوو ئەو خـوشک و برا نووسـەر و داهێنەر و ڕۆشنبیرانەی هەر لە ڕۆژی دەرچوونی ژمارە (١)ی ڕامانەوە لەگـەڵمـان بوون و لە هەمـوو هەوراز و نشـێـوەکـانی ڕامـان لێمـان دوور نەکـەوتنەوە، چ بە بەشـداربوون لە نووسین بۆ ڕامان، یان بە پشتیوانی کردن لێی کەمتەرخەمییان نەنواند، هاندانی بەردەوامی ئەوان وای لە ئێـمـە کـرد بەردەوام بین و کـۆڵ نەدەین، ئەوان سـەرچاوەی مـاددی و مـەعنەوی بەردەوامبوونی ئێمەن، لە داهاتووشدا هەر بە هەمان نەفەسی کـارکـردن و نەهج و ڕێبـاز (ئەگـەر تەمـەن مـەودا بدات) زۆر کار و دۆسیە و تەوەری دیکە ماون پێیان ڕابگەین و کاریان لەسـەر بکەین، بۆ لە مـەولاش هێـدی هێـدی هەوڵ دەدەین تێڕوانینمان بۆ نەهجی گۆڤارەکەمان زیاتر قووڵ بکەینەوە و کـەمـوکـورییـەکـانمان پڕ بکەینەوە، بەڵام دەبێ ئەوەشـمـان لەبەرچاو بێ کـاری ئێـمـە بە قـەدەر قـەبارەی داهێنان و ڕۆشنبـیـری و سـەلیـقـە و توانایی نووسـەران و داهێنەرانی خـۆمـان دەبێ، بۆیە ئێـمـەش بەبێ هاریکاری و پشـتـیـوانی خوێنەران و نووسەران هیچمان پێ ناکرێ.

# من و با

**کەریم دەشتی**

(١)

مـن و بـا چـووینـەوە مـاڵـە دێرینـەکـەی مـەولانا
پێکەوە هـاوارمـان کرد کوانێ
دەفی تۆ مـەولانا کوانێ کوا
شـەوقی گۆڕێکی دوور غـەرقی نووری کردین
بەو شـەوقـە چـووینـەوە مـاڵی خوا

(٢)

بەخوناوی سـپێدە لـەسـەر پەلکی گیا نووسـیمـان
مـن و بـا هـەردووکمـان لـە تەباری شـووشـەین
لـە درز و شـکانی ئەبەدی نزیکین
زۆرجاران لـەمـاڵی هـەرمێدا جێی خۆمـان ڕادەخەین
جارجارەش بۆ ئەبەد ڕادەکەین

(٣)

لـەمـاڵی ئاوینی شـەوغـا لامـداوە و پێم گوتووە
نهێنی ئەو ڕازە بە خوناو لـەسـەر پەلکی گیا بنووسێ
خۆشـم کە دەچـمـەوە ئاوەکان
بە ڕەنگی گەڵای پوونگ
لـەسـەر تاشـەبەردی لێواران ئەو پەندە دەنووسـم

(٤)

مـن و بـا دەنگێکین لـە ڕوحی خوادا هـەڵدەچین
لـەنێو ترپەی باران مـەسـت دەبین
لـەنێو جـەسـتەی گیا تا ترۆپکی شـێتی
لـە مـەداری سـەمـا ڕەت دەبین



(٥)

مـن و بـا هـەردووکمـان بەناو ئاو
دەچینـە ناو مـاڵی کەفناری تەمـتومـان
مـشـتێ لـە شـەپۆلی زیوین و

لە دارستانیشا باوەشێ جریوە
لەگەڵ خۆمان دەبەین بۆ ئاسمان

(٦)

کە بەناو شەوەزەنگی جوانی ڕەت دەبووین
کتێبی مەرگمان خوێندەوە
بۆنی عەتر و مازی ئێمەیان بۆ باخی بوخارا بردەوە

(٧)

من و با لە تەباری ئەشقێکی تەتەرین
لەناو ڕەوەی مەل و ڕەوەزی شاخەکانی ئاسک
لەناو ماڵی گیادا
بووکی شەونم دەبەین بۆ سپێدە

(٨)

بەخوناوی سپێدە لەسەر پەلکی گیا نووسیمان
چووینەوە سەر تاشەی بناران
بە دڵۆپەی باران گەڵای دارمان دواند

(٩)

من و با سەفەرمان درێژە
جار جارە لەماڵی پەپوولەی پاییزی لادەدەین
چەند قومێ لە جوانی
هەرایێ لە شەپۆل
فڕینێ لە مەل و
باوەشێ لە کەروێشکەی گیا ڕادەخەین
دەزانین ڕۆژێ دێ وەک شووشە
دەچینە باوەشی درزێکی ئەبەدی

(١٠)

تۆ ئەی شیعر، ئەی تەونی ناو لەپی نهێنی
ئەی تۆ نیت دەتەوێ بچیەوە ئاسمانان؟
ئەی تۆ نیت بانگی ڕوح دەکەیت و
دەتەوێ ئاگر لە جەستەی خوا بەربدەی؟

(١١)

ئەی شیعر ئەی پیانۆی ڕەنگ و بۆ
ئەو ڕۆژە لە زەردێنەی خڕی ئاسۆدا
با لە پرچی کەون ئاڵا بوو
منیش لە وەسوەسەی جوانی تۆ

(١٢)

با ئەی با کەی ئاخر دەمتوانی
لە نهێنی تۆ بگەم؟
تۆ نەبای ئەی شیعر
ئەی نەخشی گەردنی ئاسکەکانی مانی

(١٣)


جارێکیان بای ئەزەل
نهێنییەکی بچووکی بۆ دڵی من درکان
لەوساوە تا ئێستا
ئەو دڵەم خول دەخوا لە مەداری بورکان

(١٤)

تۆ ئەی با، بای شووشە و گلەیی
من لە تۆم، تۆش لە خوا
وەرە با دوور دوور بچین
نەوەکا تەنهایی سەری شیعرم بخوا
من خوا نیم بتوانم تەنها بم هەر تەنها

# دره‌ختی پاسارییه پیره‌کانی لالش

خالید جووتیار



به گومانه‌وه له‌سه‌ر دره‌خته‌کان ڕه‌ت ده‌بن
نه‌وی ده‌بنه‌وه بۆ زه‌وی
شه‌پۆل ده‌ده‌نه‌وه ئاسمان و له گێژه‌نی نیشتنه‌وه
وه‌ڕس نابن
ئه‌و نیشتمانه نه بۆنی خاکی وه‌ک جارانه نه ته‌مه‌ن
گه‌ڵای دره‌ختێکی ئارامی نه‌ماوه

هێوارانی وه‌ک جاران ئاسووده نییه
هێلانه‌یێ چێ ده‌که‌ن و ده‌ڕۆن

به ئاسته‌م جریوه‌ی پاسارییه‌کان دێ
هه‌ردێن و دوور ده‌که‌ونه‌وه
هه‌ردێن و ڕه‌ت ده‌بن
وای لێ دێ ته‌مه‌نیان ده‌بێته گێژه‌نی پاسارییه‌کان
چه‌ند گوناحکارم خودایه
ئه‌وه چه‌ند هێلانه‌م تێکداوه

دڵم پڕ بووه له گومان له ترسی باڵنده‌کان
خۆشنوودیم نه‌ماوه بۆ نیشتمان
ئه‌وانه‌ی به بن دیواری ماڵی ئاده‌م ڕه‌تبوون و
نه‌هاتنه‌وه
ئه‌وانه‌ی گوێیان له نهێنییه‌کانی حه‌وا گرت و
گوتیان باڵنده‌کان
نه له وڵاتی شه‌ڕ دێن نه ئاشتی
ئێمه ئه‌و هه‌رایه‌مان نایه‌وه
ده‌مه‌وبه‌یانیان ژنه‌که‌م هه‌راسان بووه
له دوعاو پاڕانه‌وه‌م
منی گه‌مژه گومان ڕێم نادا بچمه‌وه په‌رستگا
ئێستاش سنووری ژنه‌کانم نه‌به‌زاند

پیاوه‌کان تامی ژیانیان بڕی
چیدی نه‌وێرام به کامی دڵ گه‌مه‌یه‌ک بکه‌م

گیرۆده‌م وه‌ک هێلانه‌ی جێماو
وه‌ک بیره‌وه‌ری پیره‌ژنان بۆ زین
ئه‌و ئاره‌زووانه‌ی ڕۆژگار سه‌روه‌شێنیان ده‌کا

ته‌مه‌ن که‌مه‌ری شل کردووم
گورزێک هه‌ڵده‌گرم له گیا

ڕۆژگاری ئه‌و پاسارییه پیره چی ماوه
سه‌رمان به په‌ڕوباڵی بکه‌ین
نامه‌یه‌ک به‌رێته‌وه ده‌ڤه‌ری پیران

بیرەوەرییەکانم قەرزاری تۆن
ئەی پەلکە هەڵوەریوەکانی گیا
جاران بە لاساری هێلانەیەکم تێک دەدا

نێرە و مێیەم لێک دەکردن
فەرخەکانم دەبرد
مێیەکانم دەهێشتەوە بۆ سەمای چێژ

چەند لەو باڵندانە ڕادەمام
وەختێ یەکتریان بزر دەکرد

کە فەرخەکانیان جێ دەما
کە سۆز دەیگرتن وەختی باڵ گرتنی بێچووەکان

باڵندەکان وەختێ هێلانەیان دادەنا
هەڕەتی عیشقبازیان بوو ئەو کات
دەنووکیان لێک دەدا و نەوی دەبوونەوە زەوی
منیش ئاقاری گوندەکانم بە پێیان دەکوتا

کە نەوی دەفڕین منیش پێیەکانم
لە ئەرز بڵند دەبوون
لەگەڵیان ڕوحم بەرز دەبوو

تەمەنێکمان لە وڵاتی پاسارییەکان پیر کرد
ڕادەمێنم تا گەورە دەبن و دەڕۆن

من هەر لێرە لە سەین و بەینی ئەو نیشتمانە
سەری لێ کۆت دەکەم و
سەیری نێرییەکانی سیپان دەکەم

جامێ لە مەی لە ماڵی زەمبیل فرۆش هەڵدەدەم و
لە خاکی باڵندان ڕادەمێنم

ئەوجارە تا پەڕەسێلکەکان هاتنەوە
هێلانەیەکم ساز کرد بە دەنووک تێکیان دا
پووشم کێشایە لانەی کۆتران

هەڵیانداوە سەر زەوی
پاسارییەکان نەچوونەوە بن سواندەکان
ئەوان نە لە وڵاتی شەڕ دێن نە ئاشتی
ئێمە ئەو هەرایەمان نایەوە

هەر لەوێ لە لالش درەختێک مابوو
دەمەو بەیانیان
باڵندەیەک لە بەهەشت و ئەوی دی لە دۆزەخ
چریکەیان تێکەڵی حیلەی ئەسپەشێی
کاولە نیشتمان دەبوو
تارماییەکان هەر دێ و دوور دەکەونەوە

من چ سەربردەیەکم پێ نەماوە باڵندەکان بیبەن

تۆماری یادەوەرییەکانمان پڕ بوون
لە سەربردەی باڵندەکان

لەوانەی هێلانەیان تێکچوو
لە وانەی ماڵیان گواستەوە ئەودیو

لە چیت بڕوانم ئەی نیشتمان
نهێنییەکانت لەکوێ شاردەوە ئەی خاک؟

چ ڕوخسارێکت ماوە ببینم؟
گورزێک لە تەمەنم دە و تەوژمێک
ئاراستەی نەستم کە
شەیتانەکانم بجووڵێنەوە وەک جاران
هەراسانم کەوە شەوانە
دەقم کەوە وەک نوشتە
وەک جادووی شێتان هەڵمدەوە باوەشی ژنان
کەمەرم شل دەکەم و بەپێ خواسی
دەچمەوە دۆڵی لالش
نوردیە نانێکم بە شانی دادا و باڵندەکان
هەر لەگەڵم بوون

شەو نییە یادەکانم فڕێ نەدەمەوە ئەو لای
لای ماڵا مەزن
کانی سپی

هەر هێوارە دادێ دەچمەوە سەر گومەزی لالش
تا نوێژی شێوان
مجێورەکان شەوانە ناچنەوە ماڵ

دەرگاکان دەخەنەوە سەر پشت
ئەوەی دێ با بێ
دواجار پاسارییەکان جێ دێڵم و دەڕۆم
من چ سەربردەیەکم پێ نەماوە بیبەن
هەموو چوار شەمووان
سەرسام بە دیار بخوورە داگیرساوەکان
مەلەکی تاوس
گورزەک هەڵدەدا لە نووری خودا
پیرەکان کەزییەکانیان دەکەنەوە

ژنان پشدێنیان لە کەمەر نا
لێرە لە جوانی خواوەند ڕادەمینێم
هەر یەک بایی خۆمان
پیاسەیەکمان لەو تەمەنە کرد

لێرە دەمرم
یان وڵاتێکی پڕ هەرا
دواجار
منیش دەبم بە مەرقەدێک
یان خاکی سەرەڕێ

# سۆزینگەه

ئەحمەد قەرەنی



چاڤەکی،
سەر خاترا
گولەکێ
دل دزین..!

گولێ ژی،
خوە ڤەشارت
ژ ترسا تیشکەکێ..
ب خورتی
بکێشتە
دیلانا خەونەکێ..!؟
پەمانا دلی ژی
گول و چاڤ
ببن یار..!
لەو رەڤی،

خوە ڤەشارت
ژ ترسا
تیرەکێ..
ب خورتی
بکەتە نیشانا ماچەکێ..!؟
ماچەکا نڤستی
برژانکێن
زەرییەکێ شەکرن..
چاڤێن وێ
خەورا چوون،
خوە دیتن
نیچیرێن لەشکەرێ رێز ب رێز
ئامادە دێتە پێش..!؟
هاوار کر!..
ماچ شیار بوو
بلند بوو
شەیێ خوە،
کرە جام
ئەڤینی گڤاشتێ..
سەرباز ژی وەک بەفرێ..
یەک یەکە
تێ خستن، لێک بادان
کەف ڤەدا شەرابا وێ شەڤێ..!؟
زەری و ماچ
دانیشتن،
بنۆشن،
سەرخاترا رووادانا وێ گەفێ و
سەرکەتنا بهووشتی ناڤ رەڤێ،
گەف و رەڤ،
دوو پەندبوون
چاڤ و گول،
هویکرنە
وانەکا بێ دزی..!؟
ژێ ڤەخۆن
فرمێسکێن سۆر و زەر
پاوان کەن
سۆزەکا بێ خوەزی..!؟

هەولێر ٢٠٠٨/١٠/١٠

# پەلاماردانی خەیاڵ

**محەمەد باوەکر**



ئەمڕۆ بوو
ڕۆژ وەگەڕی گوناهەکان بەسەر جەستەی مندا
تێپەڕین.
ئەمڕۆ بوو
خۆم و ڕێزدار (شەیتان)ی دەروون
فەرمانڕەوایی گشت کیشوەرەکانمان
لە ئەستۆ گرت.
ئێستاشی لەگەڵ دابێت
پێکەوە لە خەونێکی پەمەیی و ڕووندا
بە ئارامی لەسەر هەسارەکانی گەردووندا
لەزگین

کاتەکان درێژ دەکەینەوە،
سەر لەنوێ
کتێبی پیرۆزی گوناهەکان
دەنووسینەوە.
بوونەوەرەکان کڕنۆش دەبەن
بۆ بەختەوەری ئەوان
هەموو گوناهەکانی دنیامان چاندەوە
ئاومان دان
پەروەردەمان کردن
لەژێر سێبەریدا گومانەکانمان ڕەواندەوە،
پیتەکان سەر لەنوێ
دارڕشترانەوە.
ئاورینگ و شەبەنگی مەرگ
سڕانەوە.
ئەی خوداوەندی مەزن
گوناهیان کرد..
زووکە بیانگەیێ.. فریایان بکەوە
تاجە گوڵینەکان
ئەترەشیان چوو... پەلاماری خەیاڵ دەدەن
لەقوڕ و لیتاودا، نغرۆ بوون،

هاوار.. هاوار
هاواری مەزنان دەکەن
هاواری هەڵبژاردە دەکەن
هاواری فریادڕەس دەکەن
هاواری ماسییە باڵدارەکان دەکەن
خێراکە.. زووکە
لەو ڕەشەبایە ڕەشانە
جارێکی تر، ئازادیان بکەرەوە.
ئەی هێرمس کا خوداوەندی گوڵە وەچنەکان
بەرد بڕ،
پێیەکانی کەروێشک.. چاوەکانی میدۆزا
دایکە حوشترە ڕێ ئاساو
قوربانی بێچووەکانت بە
تۆی دووپشک.. ببە بە
یەکەمین ئاشق و بەلەزەترین
ژەمی کۆرپەکانت.

**هەولێر ٢٠٠٩**

# چەپکێ شیعری عیمران سەڵاحی

لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

### بەهارینە


هەتاو هات و
بە باڵی تەڕەوە
لەبەر پەنجەرەی هەور نیشتەوە
خونچە ڕاچەنی لە خەو و باوێشکێکی شیرینی دا
هاتە بەر پەنجەرەکە و بوو بە گوڵ.
گوڵیش لەبەر پەنجەرەوە،
عەتری هەناسەی خۆی
داهێشت
کەسێ لە خوارەوە بوو.

### لەسەر شۆستە

لەژێر پێیدا، بەهار، بە گیانەڵڵاوە بوو
بسکی
وەکو گەنم، بەرز و پڕ بەرەکەت
نانی بەدەم نیگای برسییەوە دەکرد.
داوێنی شەپۆلی دەدا و دادەڕژا
پیرەپیاوێک لەسەر ڕێگە دانیشتووە و سەری دەلەقێنێ.
– باخەکەت ئاوابێ!
چاوەکانی
ڕێنوێنی ڕێی مەیخانە بوو و
پەرداخی دەدایە دەستم.

### هەواڵ

سەران شۆڕن
بەڵام نەک بۆ بیرکردنەوە
باڵا چەماو
بەڵام نەک بۆ خاکەڕایی
چ گۆرانییەکی خۆش و
چ دەنگێکی دڵ بلاوێن
پەپوولە لە باخ تەرەبوو
هەور دێت و مانگ دەگوشێ
نەرم لە ژێر ددانیدا
ئەم پارەیە ساختە نەبێ
تەور لەبەر پێی دارەکان



ئەوەش کورتەی هەواڵەکان

**ورەپێدان**

کە شەو داهات، پیاوی ماڵێ لەسەرەخۆ
بە ژنەکەی گوت: «بۆ دەترسی؟
ئەوە هەورە تریشقەیە، نەک بۆردمان؟»
دەستێکی هێنا بەسەری کۆرپەکەیدا:
«مەترسە ئەوە ئاوری گوللە نییە
شۆقی مانگ و ئەستێرانە
ئەوەش دەنگی ئاژێر نییە
مۆسیقایە.»
پیاوی ماڵێ
ورەی بنەماڵەکەی بوو
بەڵام بۆ خۆی
وەکو مێوژۆکە دەلەرزی.

**ڕاو**

دڵی ناسکی پەڕپەڕۆک
توا – توا
ویزەی گوللە
شەقی کرد لاجانگی بەرزی ڕەوەزە بەرد
مێلاقەیەک لێوەی چۆڕا
بڵێسەش لەنێو کوانوودا
دەقیقەیەک ڕەق ڕاوەستا

**کۆترە باریکە**

دیسان هات و بە ئەسپایی
لەسەر لێواری دەلاقەکە نیشتەوە
داینا لەسەر دەلاقەکە
تۆزکاڵێ پووش – پووشی وشک –
دڕک و داڵ و پووش و پەڵاش،
تۆزکاڵێکیش دەنگی خۆی و
دیسان فڕی،
فڕی و ڕۆیشت.

**ناوی چکۆلە**

درەخت بە ناوی گەڵاوە
بەهار بە ناوی گوڵەوە
ئەستێرەش بە ناوی تیشکەوە
چیا بە ناوی بەردەوە
دڵە شکاوەکەی منیش بە ناوی عەشقەوە
عەشقیش بە ناوی دەردەوە
من بە ناوی چکۆلەی خۆمەوە بانگ بکە!

**نامە**

تکایە بۆم بنێرە
بە نامەی تایبەتیدا
نەختاڵێ خۆشەویستی
هانێ، ئەوەش ناوونیشان!

**وێنە**

تفەنگێک
بە لوولەی خواروخێچی
ئاشتی و سەفا دەهاوێ
چەن هەنگاویش لەو لاوە
فریشتانی ڕووت و قووت
دەفڕن تا چاوانی شین
هەتا تەشقی پێکەنین
تکایە
لەگەڵ ئەو فریشتە ئازادانەدا
وێنەیەکم لێ بگرن!

عیمران سەلاحی شاعیر و ڕەخنەگر و تەنزنووسی فارس، لە ساڵی ١٣٢٥ لە تاران لە دایک بووە و سەرەتای پاییزی (١٣٨٥) لە تەمەنی شەست ساڵیدا بە ڕاوەستانی دڵ کۆچی دوایی کرد.

ئەو شاعیرە وردبین و ڕووناکبیرە دەیان کتێبی لە بواری ئەدەبی و فەرهەنگی و تەنزە شیعردا لە چاپ داوە، کە بریتین لە:

١- تەنزوێژانی ئەمڕۆی فارس (١٣٤٩)
٢- گریان لە ئاودا (١٣٥٢)
٣- شەمەندەفەرێک لە مژدا (١٣٥٥)
٤- وێستگەی نێوان ڕێ (١٣٥٦)
٥- حەڤدەم (١٣٥٨)
٦- خەونەکانی پیاوی نیلووفەری (١٣٧٠)
٧- ڕەنگە بڕوا نەکەن (١٣٧٣)
٨- لێوێک و هەزار پێکەنین (١٣٧٧)
٩- ئێستا حەکایەتی ئێمەیە (١٣٧٧)
١٠- ئەی سروەی بەربەیانی (١٣٧٩)
١١- لە ناکاو نیگایەک (١٣٧٩)
١٢- مەلا نەسرەدین (١٣٧٩)
١٣- لە گوڵزاری من گەڵایەک بەرە (١٣٧٩)
١٤- بارانی شاراوە (١٣٧٩)
١٥- هەزار و یەک ئاوێنە (١٣٨٠)
و...

**سەرچاوە:**

**گزینه اشعار طنز آمیز، چاپ اول، ١٣٨٢، تهران، انتشارات مروارید.**



# ژنێک، بە توێی گزنگ و پرژەی ئاو

محەمەد فەریق حەسەن
(دانیمارک)

ئەم ئاوە لە خۆیدا بێ ڕەنگە، وەلێ لە سەری پەنجەکانی ئەفسوونێک دەرژێ، ڕۆژانە بەدەیان تۆنە ڕەنگ، کەڤاڵە ئاوییەکانی لەسەر لاپەڕەی باخچەکەمان دەکێشێ..ئەم ئاوە خۆی بێ بۆنە، کەچی باخچەکەمانی کردووە بە دوکانی عەتار.. ئەم ئاوە خۆی ماڵی لە شووشەیە، کەچی هێلانەیەکی هێمنی بۆ ماسییەکان چێ کردووە، بوومەلەرزەش کاری تێناکا.. ئەم ئاوە خۆی کچی ئاسمانە، کەچی چەنێ بێ فیز و خاکی تەبیاتە! دەبارێتە سەرەڕێ و دەبارێتە بەرپێمان و منەتیشمان بەسەردا ناکات.. ئەم ئاوە چەنێ ڕوحسووکە، لەگەڵ منداڵانیشدا شلْپ و هووڕ گەمان دەکات.. ئەم ئاوە چەنێ زیتەڵەیە خودایە، بۆ تاوێکیش جێ بەخۆی ناگرێ.. ئەو وەردە (چەو)ە تووڕە و زبرانەیش، لە چەند هەنگاوێ بتـرازێ بوار بە منی پێـخـاوس نادەن بەسـەریاندا بڕۆم، کـەچی بێ دەنگ بۆ ئەم ئاوە روونە دادەبن.. ئەم ئاوە گابەردەکانیشی دەستەمۆ و ئاوەسوو کردووە. وەختێک گوڕ دەخواتەوە و بە تریقەی پێکەنینەوە، بەبانیاندا ڕەت دەبێ. ئەم ئاوە چەنێ ڕوون و کراوەیە، چ زوو بوو بە ئاشنای زەوی؟ چ زوو سەری خۆی بەخاک سپارد و بە درزە دەم وشکەکانیدا ڕۆچوو؟ هەرچی ئەم مەزنە (گۆمە) بێ بنە، بێ فیزەیشە، بۆ بزن و دار و گیا و مرۆڤ و قرژاڵ، چونیەک دێتە ڕەدا. ئەم گۆمە مەنگە شینە، بۆ کەڵەکێوییە قۆچ چەماوەکانیش بووەتە ئاوێنە. کەو دەنووکی لێ تەڕ دەکات و پەپوولە بەسەریدا هەڵدەفڕێ.

ئەم ئاوە ڕوون و ڕۆشنە و قسـەوقسەڵۆک لە دڵ ناگرێ. ئەوەی لە دڵیدایە لەسەر زاریشێتی. ئەگەر ئەبرۆ شینە کاڵەکانی لەیەک داو تووڕەیش بوو، دوای تاوێک هێمن دەبێتەوە. مینا ساوا دەست بە قاقای پێکەنین دەکاتەوە.. ئەم ئاوە هیچ بەندێکی نهێنی لەگەڵ پرد و بوار و (کەنار)دا مۆر و پەنهان نەکردووە، ئەوەی لە ناخیدایە پیشانی منی ڕێبواریشی دەدات.

ئەم گەواڵە هەورانەیش بە ژێی ئاو، ئاوازێکی نەمر و تووڕە دەچڕن کاتێ دەبێتە لاسامە و لافاو.. ئاو بە ئاوێتی

خۆی، بەو هەموو ناز و جیازەی خۆیەوە، بە خاوێنی و ناسکی و ڕوونی خۆیەوە، کێ لە ئێمە جارێک بەرلەوەی بیخۆینەوە ماچمان کرد؟

ئەم ئاوە ڕوونە، گەر بهاتایە گۆ دەیوت: (بمکەن بەدەم منداڵە گەرمیانییەکانەوە لە تافی سەرەمەرگدا، سەروەختی ئەنفال!) ئەی ڕووباری ڕوونی بەلرفە و هاوار، چەنێ هۆگری تۆم.. ئەی ڕووبار، ئەوە بۆچی وا برووسکەیی بە دەم شەپۆلانەوە تیلەی چاوە شینەکانتم تێ دەگریت و لێم هەڵدێیی؟ دە تۆ هیچ نەبێ ئەوەندە لەسەرم ڕابوەستە هەتا ڕوخساری غەریب و ماندووم دەخوێنییەوە! من وەک ئەوان گومڕا نیم. من ڕێبوارێکی ماندووم، هەڵوەدای دوای ڕوونیم.. ژیان لە تۆدا هەرزانی لەتۆدا، لڤلڤین و نەمریی لە تۆدا، ئاوەدانیش هەر لەتۆدا دەبینم!

بەڵام ئەی ڕووبار، بەچی دەچێ ئەگەر شەکرەژنێکی بەژن زراڤی ڕووت، بریسکەی دەریا لە چاوانیدا، بەتوێی گزنگ و پرژەی زیوینی ئاو و چاویلکەی خۆرەتاو، لە چیمەنی کەنارتا چەتری شینی هەڵنەدابێ. ئەی ڕووبار، بەچی دەچێ گەر کیژێکی زار بە خەندەی پێخاوس و پەلک درێژ، بە مایۆی سوورەوە، لە شانی دەسگیرانە سینگ تووکنەکەیەوە شلپوهووڕ مەلەت تێدا نەکات و بە شەڕەئاو و چنگەپۆپانێ بەسەرت نەکەنەوە!

**کۆینهاون ٢٠٠٩/١/٢٠**

## حیکایەتی دارگۆیژێک

ئەم دارگۆیژە زار شیرینە گۆ زێڕینەی دراوسێم، نە قەدەکەی ئەوەندە ئەستوورە و نە باڵایشی هێندە بەرز هەڵچووە تاکو بۆ کۆڵەکە و نیرگەی خانوو، یان بۆ داری دارەڕا بشێت و بیبڕنەوە، بەڵکو قەدێکی هێندە بەگرێوگوڵی هەیە داربڕ تەماحی تێناکەن و دارتاش مشاری تێنانێن. لقەکانیشی هێندە خوار و خێچن، جووتیار بۆ کلکی بێڵ و پاچ و تەور چاویان لەسەری نییە.. گۆیژ تووڵی ئەوەندە درێژ و شلکی نییە تاکو بۆ سەبەتە و بەرچنە بشێ. هەر ئەوەندەی کەمێک نوشتانتەوە ئیدی گردەبڕ دەشکێ. ئەم دارگۆیژە خەڵفی ڕێک و سافیشی لێ هەڵناکەوێ تاکو پیرەمێردەکان گۆچانی لێ چێکەن. وێڕای ئەوەی چەندیش گەرمی بکەن هێشتا هەر بە دڵی ئەوان ناچەمێ. وەلێ شێوەکاران لە سەرەتای بەهاراندا دڵیان نایە وێنەی بکێشن و لە کەڤاڵێکی ڕەنگیدا بەرجەستەی بکەن، نەبادا بکەوێتە بەرچاو و ڕووی کەسانی نەفام و بە نیازی خراپ چاوی پێداهەڵبهێنن.. بەهاران دەڵێی بەفری ڕێبەندانی لەسەر باریوە، کاتێ تارایەکی سپی سپی ئاودامان بەسەر خۆیدا دەدا، تاکو مینا بووک بۆی بڕوانن و خۆشیان بوێ. ئەم دارگۆیژە لە ئاوەدانی تەقیوەتەوە، بە لاپاڵێکی سەخت و هەڵدێرەوە هەواری هەڵداوە، مرۆڤ بە ئاسانی نایگەنێ. ئەوانەی وا مزراح چێدەکەن، پێی دەزانن ئەم لە (دارکەوت) قایمترە و ڕەنگیشی ئاڵترە، وەلێ دڵیان نایە بیبڕنەوە. چڵە وردەکانیشی چون دڕک درێژ و تیژ و بە ئازارن، خەڵکی چەتوون پێیدا هەڵناگەڕێن و دەستی بۆ درێژ ناکەن. نەبیستراوە منداڵ لە دوو پەلەی لقەکانی داری دارلاستێک چێبکەن. ئەوەندەیش لقوپۆی ئەستوور نییە تا خەڵووزکار تەماحی تێبکات. جا کێ دڵی دێنێ درەختی بەردار بکا بە ڕەژوو؟

ئەم دارگۆیژە چەندی مەل خۆشدەوێ. بەشێکی گۆیژەکەی بۆ قەلەباچکە، شالوور و مریشکەڕەشەیە، کاتێ ئەوان جاروبار بەجرەجڕ و قیژەقیژ و زریوە زریو و ئاوازی دڵنشین، دڵخۆشی دەدەنەوە و دەبنە هاودەمی. ئەو گۆیژە بەخشندەیە بەشی مەڕەکێوییەکانیش گۆیژ دەدات وەختێ لە سێبەریدا سەرخەو دەشکێنن. هەر ئەوەندەی دانەی گۆیژە زێڕینەکانی پێگەیشتن، خۆی بۆ هەموو ئەوانەی کە حەزیان لێیە دەیوەرێنێ. کەچی هیچ مەلێکیش هێلانە لەنێو چڵە چڕ و بەیەکداچووەکانیدا چێناکات.. ئەوان دەزانن چاوی گەورە و بچووکی لەسەرە.. ئەم دارگۆیژە ئاشنای شوانی ئەم گوندانەی بنار بوو. خۆشیان دەویست و پایزان دەسرۆکەیان لێ پڕ دەکرد.

ئەو ڕۆژە لەگەڵ تاریک و ڕوونی بەیاندا، فڕۆکەیەک بەهارە هاڕ، لە تاقی ئاسمانڕا پەیدابوو. هۆپێکم لە خۆ زانی ناڵەیەک گوێی ئەم چیا بڵندەی کاس کرد و گەرداوێکی گەرم و بە گوڕ لەم لاپاڵە هەڵیکرد و تێم ئالا، وەختابوو لە ڕیشە دەربێم. خۆڵ و خاشاک و لقوپۆی دار و دەوەنی بە ئاسماندا برد و بینایی لێڵ کردم. وەختێ گەرداوەکە نیشتەوە و بەرچاوم ڕووناک بووەوە. دیتم دارگۆیژەکەی بەرانبەرم نەمابوو. لە جێیی ئەو گۆلاوێکی قووڵی لێڵم دی. سەد بریا منی (داربەوز)ی کۆنەساڵ بوومایە لە بری ئەو! دوێنێ ئەم دەمانە، کەڵێکی حەوت ساڵ، حەوت گرێ بە قۆچەکانییەوە بوو، پێش دەستەیەک مەڕەکێوی کەوتبوو، بەرز و دوور دەیڕوانی. بەلای منی دادا و ئاوڕی لێ نەدامەوە، وەلێ لەبن ئەو دارگۆیژەدا بۆ ساتە وەختێ حەوایەوە. من ئاوا مەرگی ئەو دارگۆیژە زار شیرنە گۆ زێڕینەی دراوسێم بینی.

**کۆینهاون ٢٠٠٩/٣/٢٦**

# خزمەتگوزاری

حوسێن شێربەگی
(بۆکان)



لە وڵاتێکی دوور، بارودۆخی ڕامیاری و ئابووری لەمیزان ترازابوو، گرانی و قاتوقڕی و بێکاری لەوەدا نەبوو، داد و بێداد و هاوار و زەم و لۆمەی جەماوەریش بەجێی خۆی..

سەرۆکی دڵسۆزی وڵات کەوتە فیکری چارەسەرکردنی قەیرانەکە، کاربەدەستانی میریی کۆکردەوە و پێی ڕاگەیاندن دەبێ لەمەودوا لە فیکری خزمەتگوزاری بەخەڵک و کۆمەڵگادا بن.

بۆ بەڕێوەبردنی فەرمانی سەرۆک و پێشوازی لەم حوکمە، سەرۆکی وەزیران لە وتووێژێکی ڕۆژنامەوانیدا بەم چەشنە ڕێنوێنی کاربەدەستانی میری کرد:

«زۆر پێویستە بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی سەرۆک و بۆ باڵابردنی داهات و دەسکەوتی میری، کاربەدەستان هەتا دەتوانن ماڵیات و پوول و پارە لە جەماوەر بستێنن، باوەکوو «نایاسایی»ش بێ، لە داهاتوودا یاسای بۆ جێبەجێ دەکەین..!»

کابرایەکی ڕەشۆکی کە ئەمەی لە تەلەفزیۆن بیست، وتی:

«بەشەرەفم ئەگەر خزمەتگوزاری و جەماوەر پەروەری و وڵاتداری ئاوا بێ، سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە و حەوت وڵاتی دیکەی وەک ئەمەش دەکەم..»

لەو ڕۆژە بەم لاوە، نە کەس پوول و پارەی لەگیرفاندایە، نە خەزێنەی میری پڕ بووە، نە کەس قسەی لە کابرای

ڕەشۆکی بیستووە. ئاخر ئەویش زبانی لە گۆ چووە...

### لۆرکیَ؟..!

... بەڵام شـوێنێک هەیە لەسـەر خـاڵێکی ئەم گـۆی زەوییـە، دارەکـانی نە ئیـشکن، نە تەڕن، نە سەوزن، نە زەردن، نە سوورن! ئەی بەس چ ڕەنگە ئەو دارستانە؟

جار هەیە دارستانە، سەوزەڵانە. جار هەیە شۆرەکاتە، لمستانە و بڕێک جار باخە، بێستانە، مەزرایە، ساراتە، بڕێک جـار ڕووبارێک بەنێـوەڕاسـتـیـدا خـوڕەی دێت و دەخوشێ و دەڕوا و.. ئەم جـارە زێیـە، زەریایە، ساراتە، غـەریبـسـتـانە، خـوێن سـتـانە، بەڵام کـەسـێک هەیە لەو شوێنە، نە ئاغـایە، نە کوێخایە، نە میرزایە، نە نۆکەر و کارەکەرە، ئەی بەس کێیە و چ کارەیە ئەو کابرایە؟

بە ڕەنگ و ڕوو تەمـەن نادیارە، بە ئاکار و کـردە، برێ جار بە ویقـارە، بە خوووخدە، ئارامە، برێ جار تووڕەیە، تۆسنە، گرژ و مۆنە، لەگەڵ عەرز و ئاسمان لە شەڕدایە.

بەڵام دەڵێی ڕەنجـاوە، لە زۆر کـەسـان و زۆر شـتـان بە دوورە، دوورە پەرێزە، بێـزارە، گـیــرۆدەیە، عــەودالـە، ئالـوەدایە، بە خەم و خەفەتە، ڕزگارە..

ئەی کاری چییە لەو شوێنە؟ چ کارێک هەیە لە بۆ ئەو کابرایە؟ کارێکە نە کاری لەشە، نە کاری فیـکرییـە، نە خـۆ مـانـدوو کـردنە، نە تەمـەڵـی و تەوەزەلی و خـۆ بە عـەرزادانە، نە هەڵـسـوکـەوتە، نە هامـوشـۆیە، نە بگرە و بەردەیە، نە خـۆ مـەڵاس دانە، دار و بەرد کـێـشـانە، خـانۆچکە چێ کـردنە بە خـیـز و ڕەمڵ لەو کـوێندەر کوێیانە..

ئەی بەس؟ بڕۆ... بیبینە، بیدوێنە، لەگەڵیدا هەستە، دانیـشـە.. خـورد بەوە، گـەورە، داسنیـیـە، کـاهینە، مـوسـوڵمـانە، جـووە، ئەرمـەنە، کـافـری بێ ئەڵڵایە، نەوەڵڵا... ڕاهیـبـە، زەندیقـە، عـارفـە، پیـاوچاکـە، کەڵبەشە، قیبتییە... سۆفییە..!

### هەنار

لەشاری خۆمـان هەنارێک لە پشت جـامی دوکـانێکدا بـوو. ئـەوەنـدە شکـۆدار بـوو ئەو هـەنـارە، لەبـەر ئـاوداری ئاوی دەزاندە زارەوە، لەبەر سـووری و گـەشی، وڵاتی نەخشین و ڕەنگین دەکرد و شادی و خۆشی دەتکاندە دڵ و دەروونەوە.

سی ساڵی عـەلەن تەواو، بەیانیـان کە دەچوومـە شوێنی کـار و ئێواران کە دەگەڕامەوە بۆ ماڵ، کـار و پیشـەم ئەوە بـوو لەبەر جـامـی ئەو دووکــانە ڕاوەســتم و بڕوانمە ئەو هەنارە و بچمە دنیای خەون و خولیا و خۆزیاوە.

لەپاشان ڕاست بە پوول و پارەی مزە و خەڵاتی ئەو سی سـاڵ ئیش کـردن و تێکۆشـانە، هەنارە سـوورەم کـڕی و بەتـەمـای شـادی و خـۆشی و چێـژ بردن لە ژین و ژیان و زەمەن بەرەو مـاڵ بوومەوە. ئێـستـا و ئێـستـاش نەمزانی لەبەر دەرگـای مـاڵێـدا، لە حەسـارێدا، یـان لە دیوەخـانی مـاڵێـدا بووم، لەناکـاودا هەنـاریان لەدەستم دەرهێنا و.. هەناریان بە عــەرزیدا کــوتا و.. پڕژ و بڵاو بۆوە و.. لە مەودایەکی تەنگ و بەرینی بێ سنوور و نامـەعلوومدا.. دەنـک... دەنـک... بـوو بـە.. هـەزاران... هـەزار... دەنک..

کـەچی... بەوەندی یەک و دوو... سـەگ و.. پشـیلە و... مـشـک و... زەروو... لێی وەخـۆ کـەوتن... تێی ورووکـان، تێبـەری بوون... کـەس نەیزانی... کـوا هەنار و.. کام هەنار و... ک...ا...م هـ.. ـهـ..ه... ن...ا... ر...ر...ر...ر

ئێستـا کەمەی گۆچانێک لەنێو پەنجەکانی مندایە و لە دوورەوە دەڕوانمە هەنارێکی سـووری گـەش... لەپشت جامی دوکانی... شارێک لە حەوێقی ئاسمان.



# پێڵاوەکانی بودا

**خەبات ڕەسوڵی**
**(کوردستانی ئێران)**

زەنگی نەرمی دەنگی بۆ تاوێک سرم دەکات. چاوەکانی لەگەڵ جووڵەی قەڵەمەکە دەگێڕێ. خشەیەکی تەنک لە بێ دەنگی. دڵۆپە بارانەکان پرچی تەڕ دەکەن. لەنێوانماندا بارانێکی نەرم دەبارێ.

لە سەرەتای ڕێگەی قیری گردەکەم. جادەکە تەڕوچۆڵە. مارێکە و بەگردەکەدا هەڵکشاوە. (ویل چێرەکەم) جار جار لەسەر تەڕایی جادەکە دەخزێ.

پەرستگای مەرمەڕینی سەر گردەکە باران دەیشواتەوە. سەیارەیەک نەرم نەرم لە پشت منەوە دێتە سەرێ. لە تەنیشتم هۆڕنێک لێدەدا. سەر هەڵدێنم. مێرسێدێس بێنزێکی ڕەشە و کچ و کوڕێکی تێدایە. چاویان لێ دەکەم. هەست دەکەم بڕێک لە خێراییەکەی کەم دەکاتەوە. پاشان بە پڕتاو لە گردەکە وەسەر دەکەوێ و لە سووڕانەوەیەکی گردەکەدا لێم ون دەبێ.


خۆر لە پشت هەورەکانەوە وەدیار کەوتووە. تاو و باران و هەڵمی ئەرزی تەڕ، دەوریان تەنیوم. پرچم بە تەواوی خووساوە. وردە وردە خەریکە لە چوونە سەرێ ماندوو دەبم. چاوەکانی دەبریسکێنەوە و دەڵێ: بۆ کوێ دەچێ؟

دەڵێم: دێ بۆ لای تۆ.

بزەیەک دەکا و هەڵدەستێ. دەست دەداتە ئیستیکانە بەتاڵەکەی چایەکەم و دەڵێ: بێ تام. کورسییەکەی دەکشێنێتە پشتەوە و دەڵێ: هیچت پێویست نییە بۆت بێنم؟ سەیری پرچە ڕەشە قەترانییەکەی دەکەم و چاوێکی لێ دادەگرم.

- ماچێکم دەیە جا بڕۆ.
خۆر تەواو وەدیار کەوتووە. باران خۆشی کردووەتەوە. سەیارە ڕەشەکە پاش ماوەیەکی زۆر دیسان گەڕاوە و بە تەنیشتمدا تێپەڕی.
کچەکە و کوڕەکە دەمیان لەناو دەمی یەکتر نابوو، لێوی یەکتریان دەمژت، یان لەوانەیە من وام دیتبێ. دەبێ زووتر وەسەرکەوم. ژووری مەڕمەڕین، لەبەر تاوەکە دەبریسکێتەوە. دەم دەخەمە سەردەمی. ساردی لێوەکانی مووچڕکێکی سپیم پێدا دێنێ. هەست دەکەم پێیەکانم وزەیەکی تۆفانی دایگرتوون و دەتوانن جەستەی شەکەتی منی پیرە پیاو دووبارە قبوول بکەنەوە، بەڵام هەر لە یەکەم جووڵەمدا بێ توانایی دڵم پڕ لە نەتوانین دەکات.
دادێمەوە دەستی ماچ دەکەم. ئەو هەروا چاوی لە دوورە دەستەکانی وڵاتی زەردە. چاوەکانم لەسەرخاڵی تەوێڵی دەخلیسکێتە خوارێ و لەسەر گوارەی گوێچکەی دەگیرسێتەوە. هۆ خالقی ئەرز و ئاسمان دەتانەوێ چاو لە چاوم کە، لە پڕ گەنجم کەوە با بەسەر گاشە بەردەکانی دۆڵی سویحاندا باز بازێن بکەم و بەرێگەی پڕ شەونمی کێڵگەی بارانی ڕەحمەتتدا بە هەڵاتن و بەسەما بەرەو جوانییەکانی ئافرێنراوت باوەش بگرمەوە.
قەڵەمەکە دادەنێم. وێنەکەی لەسەر مێزەکەی بەرانبەرمە. دەڵێم: بڵێی ئێستا چی بکات؟
گوتی: بابە وەرەزم لەو وڵاتەی کە نهێنی ژیان لەودا پرووکانە.
گوتم: تاراوگە نشینیش ئاسان نییە.
لەسەر ماتۆڕێکی سەر بەفری دانیشتووە. پاڵتۆیەکی زەردی لەبەردایە و کڵاوێکی ڕەش. عەینەکێکی ئەستوور لەسەر کڵاوەکەیەتی و دەوران دەوری لەبەر بەفر سپی دەچێتەوە. دەستەوانەیەکی لەدەستی چەپی دایە و تای دەستەوانەی دەستی ڕاستی دەرهێناوە و بەدەستە ڕووتەکەی بەرەو کامێراکە بای بای دەکات و من دڵنیام لەو کاتەدا ئەو وێنەیەی بەنیەتی ناردنەوە بۆ من گرتووە.
سەیارە ڕەشەکە پاشە و پاش کشایەوە و لەبەر دەمم ڕایگرت. شۆفێرەکە شووشەی لای کچەکەی داداوە و گوتی: مامە بۆ کوێ دەچی بتگەیەنین. چاوێک لە کچەکە دەکەم، پاڵتۆیەکی زەردی لەبەردایە. کڵاوێکی ڕەش و عەینەکێکی ئەستووریش لەسەر کڵاوەکەیەتی. بزەیەک دەمگرێ و دەڵێم: سوپاس ماڵم هەر لە خوارەوەی گردەکەیە. ڕاهاتووم ئێواران بێمە ئەو پەرستگایە.
کوڕەکە دەڵێ: تەڕبووی سەرمات دەبێ.
بەگاڵتە دەڵێم: بۆ پێت وایە پیرم کوڕە، ئێستاش بەدووانی وەک تۆ پێم ناوەستێ.
هەردووکیان پێدەکەنن و بەدەست بای بایم لێ دەکەن و شووشەکە هەڵدەدەنەوە و دەڕۆن. ئەسرینێک مژۆڵی تەڕ دەکات. بڕۆن. بڕۆن. خۆش بن. خۆش بن.
ماسیگرە سپییەکانی قەراغ دەریا تا ئەو دوورانەش هاتوون و بەسەر سەریەوە قاووقیژیانە. بۆنی دەریا و ئاو و لم و سەوزاییەکانی دەوروبەری شاگەشکەی دەکەن.

٢٠٠٩/٣/١٧



# ئیسکانەک ئاڤ

**سەدات یورتداش**
**(ئامەد)**

من نەعلەت ل سعودا خوە دباراندا. هێرس دبووم. د قەهریم. من خوە دخوار. هوندرێ من د شەوتی. ئەو قاس بێچارە بووم کو نکاریبووم بگریاما. هێسر دچاڤێن من دە دجەمدین. من هێرسا خوە، تینا خوە، د خوە دە؛ د چاڤێن خوە یێن هێڤیشکەستی دە، چاڤێن خوە یێن ب پاچکەکە کو بێهنا خوەدانێ ژێ دهات و قلێرەک ڤە گرێدایی دە، دگرت. ژ خوە د دەستێ من دە، بێی گەزکرنا لێڤێن ب خوین و ژداندنا درانێن ژ گورمستان هەژیبایی، تشتەک نەمابوو. لەورا هەم چەنگا من دئێشیا و هەم ژی خوین دنقوتی ژ لێڤێن من.

ئەز د پشت جەمسەیەکە سەرگرتی، ل دۆرا من برەک لەشکەرێن عەنرِی یێن ب چەک. دەستێ من دە کەلەمچە و وان ئەز بەر ب لێپرسینەکە تخووبێ مان و نەمانان ڤە دبرم.

نە پێنووس، نە لێنووس نە ناسنامە و نە ژی گومانا منا فلتینێ ل بال من هشتبوون. دەست دابوون سەر هەر تشتێ من. هەتا فۆتۆگرافێ ل هوندرێ وێ قۆلیەیا ل سەر سینگا من. فۆتۆگرافێ هەڤالێ منێ کو چار سال بەرێ، خوە ل چیایان گرتبوو و چوو بوو و جارەک دن تو خەبەرەک ژێ دەرنەکەتبوو. هەڤالێ منێ کو من ژی، د داویا داویێ دە دابوو سەر شۆپا وی یا وندا. لێ ئانها، ئەز ب خوە ژی بوومە کەسەکا شۆپوندایی!

رۆژەکە هاڤینێ، دبن گەرمەکە بێئامان دە، ژتێهنا دەڤ و لێڤ ل من زوا ببوون.

من چ بکرا ئێدی تەوش بوو. ئەز ژ مەبەستا خوە دوور کەتبووم. هەر تشت ب سەر هەڤ دە چوو بوو. رامان و ئامادەتیێن من یێن ب سالان، ب جارەکێ دە تێک چوو بوون. دنیا د سەرمن دە هلوەشیا بوو. پاشا رۆژا من د چاڤێن من دە مابوو.

ژ تێهنان چاڤێن من رەش ڤە دهاتن. دلێ من دغەوری. مینا کو ئاڤ ژ لاشێ من کشیا بوو. مینا جەزایا

دستــپــێكێ، ئەز ب ساعــەتان ل بەر كـەلەكـەلا رۆژى سەكناندبووم و ئيسكانەک ئاڤ كربوون بەردێلا مكوور هاتنێ؛ بەردێلا ئيعتيرافان، بەردێلا ڤەرشينێ.

هەچكو من ئازاديەكە بێســينوور هێـڤى كـربوو. من ئاگرەک بێڤەمر، هەڤالتيێن ساف، خوەدايى هێڤى كربوو؛ ل تاخـا مـرنا پاک و زەلال.. من فـرينەک راســتەقين، فـرينەک بێ وەسـتـان، فـرينەک ل سـەر دەم و دەوران هێڤى كربوو. من ژيانەک ل لووتكەيێن چيايێن ب بەرف و باهۆز، من ژيانەک دناڤ گەلى وشكەفتێن تارى دە؛ د هەمـبـێـزا خـوەزايێ دە هێـڤى كـربوو. من شــالەک، پووشــيـەک، دەسـتــمـالەک؛ رەختــەک، چەكـەک؛ من هيندارييـەک بێـريتـانى هێـڤى كـربوو. لێ ئەز مـينا چڤيكەكە بێپەرورت كەتبووم ناڤ لەپێن وان يێن بێهەست و هۆڤ. نكاريبوون بپەرپتم ژى. چيا و گەليێن كو هين دانەک بەرێ، جۆشەک بۆش ددان من، هەستێن من يێن عەردنەگرتى، عەردنيگاريا كو ب حەزكرنێن خوە، د بن دەڤا سينگا من دە گولستان ئافراندبوو، ئێدى ب قاسى خەونێن شەڤان ژ من دوور كەتبوو. خوەزيكا د ڤێ گاڤێ دە نەفەسا من جارەكە دن ل من ڤەنەگەرِيابوويا. كراسێ من، دنيايا من بهاتا گوهەرتن.

لێ من دزانيــبـــوو ئەو چارەســەرى ژ من رە مـــينا خەلاتەكێ بوو. من ئەو ديمەن جارەكە دن ژى ديتبوو. من وێ چاخێ ژى ب قاسى ئەرد و ئەزمين خـواستـبـوو، وێ گاڤێ ئەز كەفـەنێ خوەيێ دبن چەنگێ خـوە دە، كاربم ل خوە بپێچم. ژ هەموو قەهر و قۆتكێن دنيايێ ب جارەكێ دە بفلتم.

من دعا دكر. من ب باوەريا دێ و باڤێ خوە. ب نمێژ و ئاڤـدەست، ب رۆژى و ب وەردكـشـــاندنا وان يا ژ دل، بانگى يەزدان و پێـغـەمـبـەر و شـێـخ مـشـاييـخـان دكر. لێ... تو كەسى دعايێن من نەدبهيست!

ئەز ل ســەر حــالێ خـوە يێ چاڤگرێدايى، دەست ب كەلەمچە و ب ئێش دزى-دزى دناليام. نالين و هزرينێن من يێن بێگاڤ، ئان ب سـيلە و ب گـورمـست ئان ب قەرف و كەنێن وان دابەش دبوون، دهاتنە برين.

عـەمر كورێن كو مـن ب سالێن درێژ ژ وان، ژ بێكەسى و غـــەريبــيـــا وان، ژ روويێ وانێ فــەقـــيـرۆک و نـوو خوێداندايى حەز كربوو، ئيرۆ ببوون قاسدێن من.

بێچارەتيا من ئەز دبرم دارۆكيتا من.

من ب خـوە ژ خوە رە دگۆت. ئەو ژى مـينامە زارۆكـێن دێ و باڤان، خوەدێ هێڤى و خەيالانن. ئەو ژى ب هەڤال و هۆگـــرن. هەلبـــەت چاڤن ل رێيـــا وان ژى هەبوون. حــەزكــريێن وان، دۆست، ئەڤــيندار و ئەڤــينێن وان ژى هەبوون.

هينگا، ل نێــزيكێ مــالا مــە قــادەک هەبوو. ژێ رە دگۆتن «قادا بەزێ». مە ژ سـەرێ سبـەهێ هەتا تارييـا شەڤێ ب لنگێن خواس، بێى كـو تيبـوون و برچيبـوون و وەستا بوون بێتە بيرا مە، مە دليست.

ب راستى ژى، مينا ناڤێ خوە، د وێ قادێ دە بهاران هەسپ د بەزيان. من چەندين جار ب كێف و عـەشق بەزا هەسپان تەماشە كربوو.

ئەو چ هەسـپـێن خـوەشک، گـر، ب خـەتێن بەربچـاڤ بوون. هەموو دناڤ جلێن هەڤرشمى يێن رەنگۆرەنگۆ دە، ب خشرێن جوورە ب جوورە ڤە مينا بووكێن سەربخێلى دهاتنە خەملاندن. وەلێ خوەشک دبوون، كو دلێ مەرڤ ژ بێ حەمدى دبژيا وان. مەرڤ دكاربوو ببە هەڤال، هۆگر و ئەڤينداريێ وان...

من د پەى رە، گەلەک جار خوەستبوو كو جارەكە دن، د وێ قـادێ دە ئەو هەسـپـێن سۆر و رەش و شين و سپى، بۆز و بەلەک خويا بن. ب ئاوايەكە نازەنين، ب ئاوەيەكە ژ خـوە باوەر، جـارەكـە دن بمەشن برەقـسن و ببـەزن. بلا جارەكە دن ژ فرنكێن وان، تەڤلى دخانێ و فرەفرا وانا ب ئۆلان بلند ببە. بلا سەرێ خوە يێ خوەشک و هوستـيێ خـوە يێ ب بژى، ب قـورەتى ل با بكن. مـەيتـەرێ وان جلێ وانێ بووكـانييێ ژ وان بكە. بلا تەڤلى سوارێ خوە رابن ســـەر هەردو لنگێن خـــوە يێن داوى، دەست ب رەقسـەكـە نەديتى بكن. رەقـەكە وەلێ بكن كـو سـوارێ وانێ هۆستـا ژى نكار بە وان زەفت بكە. بلا ب تەقـينا دامەنچەيێ رە مينا بايێ برووسكێ، ب چار گاڤى دەست ب بەزێ بكن. تۆز و تۆبارێ ل پەى خـوە بهـێلن؛ دناڤ تۆزێ دە وندا بن. وەلێ برەڤن كـو دەربێ دەمـانچـە ژى نكار بە خـــوە بگهـــينە وان. ئەو مـــاســـولكێن وانێن خـــوەشكى، زندى، ب شكلێ خـــوە يێ ژ نـاڤ تابلۆيـان فريايى، جارەكە دن ئيلهامان بدە وێنە ساز، نڤيسكار، هەلبەستڤان، دەنگبێژ و ئەڤينداران.

«تەها ئاغا!..»

«سوارۆ!.. سوارۆ!..»

«ده باژۆ، باژۆ!..»

«گولستان! دایکا من!..»

لێ ئەو مێڤانێ خەون و خەیالێن من جارەکە دن نەهاتن. ئێدی بهارێن مە، ژ خوەشکی و نازەنینیا وان بێبار مان. قاد ڤکیڤالا... تریبوونێن کو ژ بۆ تەماشەڤانان هاتبوون چێکرن ل بەر حوکمێ خوەزایێ و ب دەربێن مە زارۆکان بوون خربە.

چەند سال د پەی رە، ڤێ جارێ عەرەبەیێن لەشکەری هاتن ل سەر رێیا بەزا هەسپان ب لاشێ خوە یێ گران و ب خورمەخورمێن خوە یێن هۆڤ، دەست ب گرێ کرن. مە ب چاڤێن ب ترس و خۆف ل وان دنهێری. «قادا بەزێ» ببوو جهێ پەروەردەهیا لەشکەرێن بەرەندامێن ئاژۆڤانیێ.

هنەکێن مە، هەیا کو های ژ خوە هەبوون، ئاڤێ دفرۆتن. لێ یێن مینا من ژی، ب گۆتنا دێ و باڤان و ژ بۆ قەدرێ لەشکەریا باڤ و برایان- ئاستێ چار سالان!- گوهـ ددان گۆتنێن وان. وان ژی ب بیرانێن خوە یێن ب هەزار زۆر و زەحمەتی رەحم دکرن دلێ مە.

ئەز هینگا پڕ و پڕ ل ب بەر وان دکەتم. ل غەریبیێ بوون. د رۆژێن سار و گەرم دە، ژ حەزکریێن خوە دوور. گەهـ ژ سەرمێ گەهـ ژ گەرمێ هەلاک دبوون. دەڤ و لێڤێن وان ژی مینایێن من، وێ گاڤێ ل وان زوا دبوون، دتەرکین. لەورا، من ژی ژ بیرا بەر مالا مە دەول ب دەول ئاڤێ دکشاند و گەهـ ب سوراحیان، گەهـ ب ساتلان ژ وان رە دبر. ئیسکان ب ئیسکان درێژی وان دکر؛ وان ڤەدخوار..


لێ ئەزا هوستیشکیایی، د ڤێ کێلیێ دە حەسرەتا قورتەکە ئاڤێ مە. دەستی من ب کەلەمچە، چاڤێن من گرێدایی، دەڤ و درانێن من ب خوینا سۆر و شۆر تەرکی، ل بەر دارێ لێپرسینێ...

ئەمان، هاوار چیا و گەلیێن قەدرزان و عاسێ. تشتێ کو وە نەدیتبوو تونە یە. من خوە ئاڤێتیە بەختێ وە!.. تاقەتێ بدن من! دل بدن من! پشت بدن من! وێرەکیێ بدن من! بلا سەر بلندیا من، ب قاسی سەرێ دەرزیێ ژی نەیێ شکاندن. ئەز وە و خوە ژ بۆ ئیسکانەک ئاڤێ رسوا نەکم!

**١٥ مژدار ٢٠٠٤**

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ کۆچیرۆکا (کەڤۆکا خەیالی) رووپەلێن (٧٣- ٧٦) هاتیە وەرگرتن. ئەڤ پەرتووک ژی ژ وەشانێن (ئەلما)یە و، چاپا وێ یا یەکەمین ل سالا (٢٠٠٦)ێ ل چاپخانەیا (گونەیدن ئۆفسەت)- ستەنبۆلێ هاتیە چاپکرنێ. هەژییە بێژین کو سەدات یورتداش ل سالا (١٩٦١)ێ ل (ئامەد)ێ ژ دایکبوویە. خوەندنا سەرەتایی و ناڤین و ئامادەیی هەر ل (ئامەد)ێ ب داوی ئانینە. دویڤرا بەشا ماف ل زانکۆیا ئیستابول تەمام کریە و، ل بازارێ ئامەدێ دەست ب کارێ پارێزەریێ کریە. ل سالا (١٩٩١)ێ وەکو پەرلەمەنتارێ ئامەدێ هات هەلبژارتن.**

**سەدات چەندین بەرهەمێن خوە ب زمانێ ترکی چاپ کرینە، هەروەها ل سالا (٢٠٠٢)ێ ژی کۆچیرۆکا خەلات کو ژ وەشانێن (سی) بوو چاپکریە.**



# ئەو و برووسکە ڕەنگاوڕەنگەکانی

ڕەجا بەکرییە
لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل

**چیرۆکی مەسینەی زەیت**

"....... ئێستا تێگەیشتم شەهرەزاد کێیە، بەچیرۆکی ئەو مەسینە زەیتە دەچێت کە تا ئێستا وردەکارییەکانیم بەتەواوی وەرنەگرتووە!"

جەختکردنەوەی بەردەوامت لەسەر چیرۆکی مەسینەی زەیت دەمترسێنێت. پاشماوەی چیرۆکەکە نازانم، نازانم چۆن سیاقێک دروست بکەم بۆ مەسینەیەک کە پڕ نابێت لەزەیت، چونکە بەیادەوەری لەدەستدان و پەنابەری کون کراوە، هەر ئەوەم بیرماوە لەسەر زمانی داپیرەم لەباوکمەوە. ئەو ژنەی هیچ ڕۆژێک دەسبەرداری ئەوە نەبوو منداڵیم پڕ بکات لەچیرۆکی خۆش و تۆقێنەر بەیەکەوە.
بەردەوام باسی مەسینەیەکی دەکرد کە لەمەسینە سەوزەکەی خۆی دەچوو کاتێک هەڵیدەگرت و چەند خولەکێک پێش مەلا بانگدانی نیوەڕۆ بەرەو بەلوعەی ئاوەکە دەڕۆیشت تاوەکو پڕی بکات. کاتێک دەمبینی بەژن و باڵا زراڤەکەی لار دەبێتەوە، هەموو شتێکم جێدەهێشت و بەرەو لای ئەو ڕام دەکرد. مەسینەکەم لێوەردەگرت و لەدڵی خۆمم نزیک دەکردەوە، وەکو چۆن ئێستا نامەکانی تۆ وا لێدەکەم، بەڵام ئەو بەردەوام پێداگیری لەسەر ئەوە دەکرد کە مەسینەکە بچووکەو خۆی دەتوانێت بەتەنیا پڕ ئاوی بکات.
منیش بەردەوام جەختم لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ڕایکێشمە نێو قسە خۆش و سادەکانی لەبارەی ئاسمان و جوولەکە و فەلەستین. کاتێک بەیەکەوە دەگەیشتینە بەردەم بەلوعە ئاوەکەی کە لەژێر سێبەری دار پرتەقاڵەکەدا دانیشتبوو چاوەڕوانی ئێمەی دەکرد، داپیرەم دەگەیشتە گوتنی سەردولکە غەمبارەکەی خۆی لەبارەی ئەوانەی دەرکران و

ئاوارەکران و کوژران، لەبارەی مامم کە ئەفسەرێکی سوپای ئینگلیزی بوو و بەر لەوادەی خۆی مردووە، تا دوا چرکەی ژیانیشی، مردنەکەی ئازاری دەداو دەیسووتاندو لەبەرخۆیەوە بێ ئەوەی ڕۆژێک بێزار بێت دەیگوت:"ئەو ئازیزە ڕۆیشت".

چیرۆکی ئەو مەسینە زەیتە لەهەموو شوێنێک بەدوای چیرۆکی فەلەستینییەوەیە، ئەگەرچی چیرۆکەکان فرەو زۆرن، بەڵام ڕایاندەکێشێتە نێو کەسایەتییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا من ناتوانم یارمەتیت بدەم بۆ ئەوەی تێیان بگەیت و گرێ کوێرەکانی ئەو چیرۆکە بکەیتەوە. تۆش بەردەوام ئەو پرسیارەم لێدەکەیت، وەک چۆن منیش بەردەوام پرسیاری قەڵاتەکەت لێدەکەم کە بەردەوام ئەستەم بووە دەستی دوژمنەکانی پێبگات. قەڵاتەکەی تۆ بۆتە میتۆلۆژیایەک لەلام بەردەوام دووچاری سەرسوڕمانم دەکات. گەورەم قەڵاتەکەت سیحراوییە بەچیرۆکی ئەو جنۆکانەی زەمەن دەیاننێرێتە لووتکەی شاخەکانی وەکو شاخی تۆ تاوەکو سەریان لێ بشێوێت، تۆش هەردەم باسی ئەو قەڵاتەم بۆ دەکەی و دەتەوێت خوو بە لووتکە سپییە بەفرینییەکانی بگرم. پێم دەڵێی "زستانان ناتوانین بچینە نێو قژی شاخەکان و تێیدا نیشتەجێ بین، ئێستاش قژی تۆ پەناگەی دارستانەکانی چاومە، تکایە مەیبڕەو کورتی مەکەوە، بەو قژ بڕینە مۆدێل تازانە هەڕەشەم لێ مەکە کە دەبنە هۆی لەسێدارەدانی جوانترین شوێن لەجەستەی ئافرەتدا، پێویستە چاوەکانم لەنێو وڵاتێکی بەژن زراڤدا ون بێت، تۆش وڵاتی منی". منیش پێت دەڵێم: "چیاکانت زۆر بەرزن شکۆمەندی من پێیان ناوێرێت، هەرگیز لەیەکتری ناچین، ئەگەر بتەوێت بمهێنیتە ئەو باوەڕەی کە ئێمە لەیەکتری دەچین، ئەوە من دەبمە ژنێکی مەغرورو تۆش جارێکی تر منت خۆش ناوێت". ئەو پێم دەڵێت: "کێ پێی گوتی مەغروری هۆیەک نییە لەهۆیەکانی خۆشویستنی ژن؟ کێ پێی گوتی کە ئەستەمی شانی ژنێک و مەحاڵی لەخۆگرتنی هۆیەک نییە لەهۆیەکانی ڕاکێشانی پیاو بۆ نێو جەنگ؟ ئەگەر ئەو جەنگە لەسەر بۆنی کلینیکسێکیش بێت؟" ئینجا پەنجەی خستە سەر نینۆکە ڕەنگاوڕەنگەکانم بە گوڵە هەنار و گوتی:"عەشقی هەناری دڵت بووم؟"

لەدوورەوە دەستی بۆ تاڵە داوەکانی قژی درێژ کردو دایە بەر شنەبایەکی تێپەڕی ئێوارەو بەسەری پەنجەکانی گەمەی بەتاڵە داوەکان کرد تاوەکو بتوانێت لەدوورەوە تێیان ڕابمێنێت، کەمێک خەونی بینی کاتێک تەماشای گوڵەکانی ڕوومەتی دەکردو پێی گوت: "تۆ کاتێک دەست بەهەنارەوە دەگریت، وەکو ئەوە وایە گەردوونێکی عاشق لەدەست بگریت بەهەموو عەشق و سۆزەکانییەوە". جەستەی ڕۆچووە نێو چاوە قووڵەکانی. ئەویش بێ دەنگ بوو و بیری لەناوونیشانی تازەی دڵی دەکردەوە کە لەنێو لەپی خۆیدا تۆماری دەکات هەرکاتێک نامەیەکی بۆ نووسی. ئەو دەڵێت هەر نامەیەک لەبارەی خەونەکانی تۆمار بکات، هەسارەیەکی تازە لەنێو شمشێری بڕۆکانی دێتە دەرێ، بەڵام شمشێر نامە بۆ کەس نابات، شمشێر گوڵی ئەو نامانە دەپەڕێنێت کە دەزانێت دەڕۆن تاوەکو دنیا بەسەرسوڕمان ڕەنگ بکەن.

ئەو پێی گوتم: "خانمەکەی شەوقم، ئەو شمشێرە نووستووەی ژێر برۆکانت وەکو ئەو شەبقەیە وایە کە دەیخەمە سەرم کاتێک دەبمە ژەنەڕاڵ، لەتاڵە مووی هەور چنراوە، پێش چاوی تۆ هیچ چاوێکم نەبینیوە لەسەر کۆدی شمشێر پێبکەنێت، هیچ ڕاڤەیەکی زیاترم نەدۆزییەوە دوورتر بێت لەشەبقەی سەرم و ئەستێرەکانی سەر شانم".

قسەکانی خۆی بەتۆقەی بۆنەکەی هەڵواسی، کەمێک هاتە پێش و دەستەکانی لەسەر تۆقی سەری تێکئالاندو لەنێوان گوڵە یاسەمینی ملی و گوڵە سەوسەنی شانیدا، ماچێکی تۆمارکرد لەسەر باڵی پەپوولەیەکی سپی کە لەسەر مەمکیدا نیشتەوە.

تکایە خانمەکەم مەگەڕێوە سەر چیرۆکەکە، چیرۆکی مەسینە زەیتەکە لەناخمدا مێژووی ئەو پاڵەوانانە دەورووژێنێت کە لەنێو میتۆلۆژیای خەیاڵکراودا شاردوومنەتەوە. هەرجارێک دێرێکیان لەبارەیەوە بنووسم، مەسینەکەی تۆم بیر دەکەوێتەوە، خانمەکەش لێی پرسی "ئەی داپیرەمت بیر ناکەوێتەوە؟" هاوارەکەی تووشی سەرسوڕمانی کردو وەڵامی دایەوە: "هەردووکیان بەیەکەوە، مەسینەکەی داپیرەت و گەلەکەت".

وەکو ئەوەی دامانی دوورو درێژی ببێتە شێوەی چیرۆکێک، بۆیە خانمەکە لێی پرسی: "ئەی مەسینەکەی تۆ؟" میتۆلۆژیاکانمان. خانمەکەم، باسی مەسینە مەکە، بەڵکو باسی ئاگر بکە. پیاوەکە وایگوت و چاوەکانی بەدەستە پڕ لەرزەکانی دڵی داپۆشی. بەچرپەیەکەوە گوتی: "پێم گوتی خۆشتم دەوێت، گوتم خۆشتم دەوێت ئەی ئافرەتی نێو ڕۆحم". خانمەکەش ئەو قسەیەی لەنێو گیرفانیدا تۆمارکرد و ئەوتاڵە قژانەی هەوریش کە دوای کەوتبوون بوون بەمۆم.

**تازە لەمەودوا چۆن بخەوم؟**

پیـاوەکـە پێـی گـوت: "باڵای خـۆم بە بەژن و باڵای تۆ دەپێوم و لەنێو دەفتەریشمدا باشترین ڕێگا دەنووسمەوە بۆ لەباوەش گـــرتنت!" لەژێر دڵە ســـووتاوەکـــەیداو بەکـۆمـەڵێک هەڵەی ڕێزمـانیـیـەوە تۆمـاری کـرد و نووسـیـیـــەوە، بەڵام دەزانم کـاتێک بەیەک دەگـەین ناگـەڕێمـەوە سـەر ئەو شـتـانەی لەسـەر کـاغـەزی سـپی نووسیبووم. نیگا سووتێنەرەکانت پێم دەڵێن دەبێت چی بکەم! بڕوات کـرد کـە من بڕوام بەتیـوّر هەیە؟ درۆیەکی سپی بوو، درۆی سپیم دەکرد، سپی وەکو ئەوەی کە تۆ نامەکـانتی پێ بۆن ڕشێن دەکەی تاوەکـو جـوانتـر بێت، بەلای کەم خانمەکەم بڕوات پێهێنام کە وا دەکەی.

بەردەوام فەلسەفەی تۆ سەیرە خانمەکەم، هەندێک جار من تێیان ناگەم، بەڵام ڕێگایان پێدەدەم چونکە هی تۆن، ئەو ژنەی ڕۆحی من لەباوەشی دەگـرێت و لەگـەڵ خـۆیدا دەیباتە هەمـوو شوێنێک. بەڵێنم پێدابووی کـە من باڵام بە باڵای تۆ دەپێـوم، بەڵام بەڕاسـتی نازانم زاتی ئەوە دەکەم لەتەنیشتت بوەستم؟ ڕەنگە ڕۆبچمە نێو قژت بەبێ ئەوەی مۆڵەت لەو خەناوکەیە وەربگرم کە بەدەوری ملتدا سووڕاوەتەوە، ئینجا بەچرپە پێت بڵێم باڵا بەرزیم هیچ لە قـووڵی خۆشەویستیم بۆ تۆ ناگۆڕێت. خانمەکەش پێی گوت: "بەڵام دڵنیام من ناتوانم ڕۆڵی گەمژەیەک ببینم و هەر بۆ ئەوە بوەستم تاوەکو بمپێوی، چونکە کاتێک منداڵ بووم، دایکم پێی گوتووم ئەنجامی ئەو کارانە باش نییە و ئەگەر کاری وا بکەم کورتە باڵا دەردەچم".

بەڵام شۆخەکەم بەڵێنت پێ دەدەم کە زۆر بڵێیی ناکەم کـاتێک لەوێدا هەڵواسـراوم، لەنێـوان پەرۆشـیم بۆ تۆو پشکۆی چیـــرۆک کـــە چەناگـــە و ڕوومـــەتەکـــانم گـــڕ تێبەردەدات. بەتەواوی بێ دەنگ دەبم و چاوەڕێ دەکەم پەرۆشیم بەسماقی دەنگت ئاو بدەیت. ترشی کـاغـەزی دەنگت وەکو سماقی پیرێژنەکانی شارەکەمە کـاتێک لەنێـو خـواردنی سـەوزیاندا دەیشـارنەوە. ئەگـەر خـوێ و بەهاراتی تۆ لەو شـارەدا کـاریان تێکردم، دڵنیـابە تۆ نامدۆزیتەوە، لەبری منیش دەکەویتە سەر گردە بەفرێکی سپی کە لەژێر پێڵاوی دڵدا دەتوێتەوە، دڵی خۆت.

کاتێک دەدوێت، پەرۆشی خانمەکە خامۆش و بێ دەنگ دەکـات و نـازانێت چی پێبـڵـێت، چونکە ئەو پیـاوە بەردەوام هەر کـاتێک ڕسـتـەیەک بنووسـێت ئازاری ئەو خانمە دەدات، چونکە ئاراستەی مەرەکەبێکی دەکات کە ناخوێنرێتەوە.

بۆ دواجـار پیـــاوەکـــە درێژی خـــۆی تۆمـــارکـــردەوەو سـەرلەنوێ جـەختـی لەسـەر ئەوە کـردەوە کـە لەو خـانمە درێژترە. هەمـوو ژنێـک هەڵدەلەرزێت کـاتێک پیـاوێک قەدوباڵای خۆی بە قەدوباڵای ئەوان بپێوێت، تەنیا ئەو خانمە نەبێت کە ناترسێت، چونکە دەزانێت ئەو پیاوە لێی نزیک ناکەوێتەوە بەرلەوەی سەرکێشییەکی ئەوتۆ نەکات کە هیچ عـاشـقێکی نێـو مـێژوو بۆ خـانمە عـاشـقـەکـانی خۆیانیان نەکردووە. هێشتا ئەوەی دەستنیشان نەکردووە کە ئایا چ شتێک پێشبینی دەکات لەعاشقێک، کە تەنیا مێژووی فیرعەونەکان و خواوەندەکانی ساختەچییەتی و فرتوفێڵی خوێندۆتەوە. بیری لەوە کردەوە کە بێ گومان ئەویش فـێری ئەو فـرتوفـێڵـە بووەو خـۆی لەگـەڵ گـوارە زیوەکـانیـدا دەگـونجـێنێت کـاتێک هانی دەدات تاوەکـو ساختەکاری لە مێژووی پشت دارستانەکانی قژی بکات.

هێشتا ئەو خانمە نازانێت ئایا ئەو پیاوە لەزمانی ئاماژە تێـدەگـات، بەڵێنی پێداوە لەجیـاتی خـۆی، خرخـاڵ و گوارەکانی قسە بکەن، یا ڕەنگە ئەو بازنەش بێتە گۆ کە پاشماوەی خۆشەویستێکی کۆنە. بەڵام ئەو خانمە دڵنیایە کە ئەو پیاوە کـتـێبی زۆری لەبارەی چۆنیـەتی لەباوەش گرتنی شاژنەکان خوێندۆتەوە، لەنێو کتێبەکانی مێژوودا بەڵگەنامـــەیەکی تۆقـــێنەری نەبینیـــیـــەوە لەبارەی شـێـوازەکـانی لەباوەش گـرتن دوور لەچاوی کـەنیـزەی شـاژنەکـان. باوەشی بۆ دەکـاتەوەو بەتەواوی وەکـو چۆن پاشایەک شاژن لەباوەش دەکات، ئەویش هەر وا ڕەفتار دەکات. پیاوەکە گوتی: "لەباوەش گرتنی پاشایان، وەکو لەباوەش گـرتنی ورچەکـان وایەو یادەوەری دەخنکێنێت، منیـش دەمــەوێت لەباوەش گــرتنم بۆ تۆ لەخــۆگــرتنی شـارسـتـانی بێت". خـانمەکە گـوتی: "باوەشی ورچم تاقی نەکـردۆتەوە، بۆیە ڕەنگە لەباوەشی ئەو پیـــاوانەی کــە ناسـیـومن هیچ سیناریۆیەکم بەدی نەکـردبێت لەڕاکـردن زیاتر بێت". ئینجا خـانمەکە بەچرپە پێی گوت: "بەڵێنت پێدەدەم کراسێک بکەمە بەر، لەو کراسە جوانتر بێت کە بەلقیس کردبوویە بەر کاتێک چووە نێو کۆشکی سلێمان، بەڵام بەقاچێکی نەرم و لووس و خرخاڵێکی سوورەوە"

**(*) ڕەجا بەکرییە خانمە نوسەرێکی عەرەبی فەلەستینی - ئیسرائیلییە و یەکێکە لەوانەی بە فەلەستینییەکانی ساڵی (١٩٤٨) ناسراون و لە شاری حەیفا دادەنیشێت و چەندین خەڵاتی نێوخۆیی و دەوڵەتی وەرگرتووە لەبواری کورتە چیرۆک و ڕۆمانداو ناودارترین ڕۆمانی بەناوی (ئافرەتی خاوەن نامەکە)یە کە لە ساڵی (٢٠٠٧) بە یەکێک لەپرفرۆشترین کتێبی عەرەبی دانراوە.**

**(**) ئەو دەقە تا ئێستا بە زمانی عەرەبی بڵاونەکراوەتەوە بە تایبەتی بۆ گۆڤاری ڕامان نێردراوە.**

# خاکی مێزۆپۆتامیا
# «دوا ڕۆمانی فەواز حوسێن»

د. موحسین ئەحمەد عومەر

... فەواز حوسێن کە بە (کوردۆ حوسێن)یش ناسراوە، یەکێ لەو نووسەرە کوردە دیارانەی تاراوگەیە (فرەنسا) کە بە کوردی و فرەنسی دەنووسێ. لەناو فرەنسییەکان ناسراوترە وەک لە ناو کورد. فەواز حوسێن بەکوردی کرمانجی دەنووسێ، بەڵام زۆربەی ڕۆمانەکانی بە فرەنسین. وێڕای هەندێ چیرۆک و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان بە کوردی کرمانجی.

**١- ژیان و بەرهەمەکانی:**

فەواز حوسێن، ساڵی **١٩٥٣** لە عامودە لە دایکبووە، لە خێزانێکی ناسراوی ناو کوردەکانی سووریا. لە زوویەکەوە، هەر لە سەردەمی منداڵییەوە دەکەوێتە ناو خوێندن بە فرەنسی، سەرەتا لە مەدرەسەی ئایینی لەلای مەلایەک دەخوێنێ، بەڵام دواتر دایکی دەینێرێتە یەکێک لە قوتابخانەی کریستیانەکانی عامودە، کە خوێندن تێیدا بە عەرەبی و بە فرەنسی بووە، بەم چەشنە لە عامودە دەمێنێتەوە تا دەگاتە زانکۆی حەلەب، لیسانس لە زمان و ئەدەبیاتی فرەنسی وەردەگرێ. ڕاستەوخۆ دوای دەرچوونی، کە یەکێ بووە لە قوتابییە زیرەکەکان بورسی خوێندنی دەوڵەت وەردەگرێ و دەچێتە فرەنسا. ساڵی **١٩٧٨** دەگاتە فرەنسا، بۆ درێژەدان بە خوێندنی باڵا، ساڵی **١٩٨٧** دکتۆرا لە سۆربۆن لە ئەدەبیاتی فرەنسی وەردەگرێ. بابەتی نامەی دکتۆراکەی لە بارەی وێنەی دۆن ژوانە لە ئەدەبی ئەورووپی سەردەمی کلاسیکی. فەواز حوسێن، تا ساڵی **١٩٩٣** لە فرەنسا دەمێنێتەوە، ئەوسا دەمێک بوو، منیش گەیشتبوومە فرەنسا و لە زانکۆی سۆربۆن قوتابی دکتۆرا بووم – بەشی ئەدەبی بەراوردکاری، کە چەند جارێک لەگەڵی دانیشتووم و ناسیوومە. هەمان ساڵ، واتە **١٩٩٣** فەواز ڕوودەکاتە سوێد تا ساڵی **٢٠٠٠** لەم وڵاتە دەمێنێتەوە. ماوەیەک لە ئەنستیتوی فرەنسی ستۆکهۆڵم کاری دەکرد، پاشان

دەبێتە مامۆستا لە زانکۆی لۆلێیا، لە شاری لاپۆنی سوێد، نزیک جەمسەری باکوور کە هەردەم بەفر دایپۆشیوە. لەو ماوەیەی لە سوێد دەبێ زنجیرە وتارێک بە سوێدی دەنووسێ و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەوێ بڵاویان دەکاتەوە. یەکەم ڕۆمانی ئەو بە فرەنسی بەناوی (ڕووبارە) کە وەشانی مێرییال- Mereal ساڵی ۱۹۹۷ لە پاریس بڵاوی دەکاتەوە. ژیانی سوێدی دەبێتە هەوێنی چیرۆکێک بەناوی: مێژووی باکوور -Chroniques Bo-reales کە وەشانی ئارماتان ساڵی ۲۰۰۰ بڵاوی دەکاتەوە، دوای گەڕانەوەی لە سوێد بۆ فرەنسا، لەساڵی ۲۰۰۲ تا ۲۰۰۵ دەبێتە مامۆستا لە یەکێ لە ئامادەییە ناسراوەکانی پاریس، ئەم ئەزموونەش، دەبێتە هەوێنی ڕۆمانێک بەناوی: مامۆستایەک لە ئامادەییەکی ئاسایی Prof dans une ZEP ordinaire ساڵی ۲۰۰٦ ئەم ڕۆمانە لەلایەن وەشانی (Le Serpent a plumes)ەوە چاپ کراوە و بڵاوکراوەتەوە.

فەواز حوسێن وەک نووسەرێک و وەک مرۆڤێکی هەستیار زۆر لەگەڵ ژیانی کوردانەی خۆی و ناسنامەی کوردی دەژیێ، بە ڕادەیەک، زمان بۆ ئەو جێگای کوردستانی گرتۆتەوە، کە وڵاتی ئەوە و تێیدا دەژیێ، لە هەمان کاتدا زۆر نزیکە لەزمان و ناسنامەی فرەنسی، هەردەم لەگەڵ ئەم دووە دەژیێ.

بێجگە لە ڕۆمان نووسین بە فرەنسی، فەواز حوسێن وەک وەرگێڕێکیش ناسراوە، لە کوردییەوە بۆ فرەنسی و لە فرەنسییەوە بۆ کوردی. «بێگانەی» ئەلبێر کامو-ی ساڵی ۱۹۹۵ لە ستوکهۆڵم وەرگێڕاوەتە سەر کرمانجی، وەشانی نودەم لەژێر ناوی بیانی- بڵاوی کردۆتەوە. «میری بچکۆلەی» سان ئێگزوپێری کردۆتە کرمانجی، لەژێر ناوی (میرزایێ بچوک) وەشانی نودەم ساڵی ۱۹۹۵ چاپی کردووە. کتێبی ناسراوی (کوردەکانی هایەنا) لە نوسینی جۆرج پێرۆ-ی کردۆتە کرمانجی و لەژێر ناوی (کوردێن هایە نایێ) ساڵی ۲۰۰۰ لەلایەن وەشانی ئاپێک لە سوێد چاپ بووە. هەڵبەت وێڕای پێشەکی و لێکدانەوە. هەروەها کتێبێکی ژێرار شالیانی دۆستی کوردی کردۆتە کرمانجی کە بەناوی (ڕۆیشتنی سەرهیشکانە و ئاگری کۆچەر)، (مەشا ب سەرهشکی و ئاگرێ کۆچەر) هەمان ساڵ لەلایەن ئاپێک چاپ کراوە.

لە هەمان کاتدا ساڵی ۱۹۹۹ ڕۆمانی (سیا ئەڤینێ) (سێبەری ئەوین، یان خۆشەویستی) محەمەد ئوزون وەردەگێڕێتە سەر زمانی فرەنسی، دەزگای فێبوس چاپ و بڵاوی دەکاتەوە. ئەم ڕۆمانەی محەمەد ئوزون، وەک بیۆگرافییەک وایە، دەربارەی ژیانی کەڵە نووسەر و



**فەواز حوسێن**

خەباتگێڕی کورد (مەمدوح سەلیم بەگ). ساڵی ۱۹۹۸، فەواز حوسێن کتێبێکی لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەدەبیاتی فرەنسی سەدەی حەڤدە و هەژدە، بڵاودەکاتەوە، وەشانی ئاپێک چاپی دەکا، ناونیشانی کتێبەکە بە کرمانجی بریتییە لە (دیرۆکا ئەدبیاتا فرەنسی یا سەد سالا هڤدەهان و هژدەهان.). دوا ڕۆمانی فەواز حوسێن (خاکی مێزۆپۆتامیا، وەشانی ڕۆشێ-Rocher، ساڵی ۲۰۰۷)ە کە لەبارەی ژیانی منداڵی و هەرزەکاری خۆیەتی تا دەرچوونی لە سووریا و گەیشتنی بە فرەنسا.

فەواز حوسێن، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری لێکۆڵینەوە کوردییەکان-ە Etudes Kurdes، کە بە فرەنسی لەلایەن ئەنستیتۆی کوردی پاریسەوە دەردەچێ.

فەواز حوسێن، لەگەڵ شاعیر شێموس داغتەکین، دوو نووسەر و شاعیری کوردی زۆر ناسراون لە ئەورووپا و فرەنسا، هەردووکیان بە فرەنسی دەنووسن، شێموس داغتەکین تا ئێستا چەندین خەڵاتی شیعری وەرگرتووە، لەوانە خەڵاتی مالارمێ.

ڕۆمانی یەکەمی فەواز حوسێن کە بەناوی «ڕووبار»ە، نووسەر، باس لە ژانی ئاوارەیی کوردێکی هەڵەبجەیی دەکا دوای کیمیاباران کردن، ڕزگاری دەبێ و دەکەوێتە ڕۆژئاوا. باس لە ئاوارەیی ئەو کوردە دەکا لەناو کۆمەڵانی خەڵکی ئەورووپا. ئالان بۆسکێ کە شاعیرێکی ناوداری فرەنسییە لە ۱۹۹۷/٥/۲۹ لە ڕۆژنامەی لۆفیگارۆ،

بەم چەشنە باس لەم کورتە ڕۆمانەی فەواز حوسێن دەکا: «خۆزگە ئەم کتێبە سێ ئەوەندە درێژتر بوایە، بۆ ئەوەی هێشتا لەگەڵ خۆی بمانبا..»

## ٢- ڕۆمانی خاکی مێزۆپۆتامیا Les Saldes de Mesopothamies

ئەم ڕۆمانەی فەواز حوسێن ٣٠٣ لاپەڕەیە و بە قەبارەی گەورە چاپکراوە. ڕۆمانەکە ئەگەر ناوونیشانەکەی بەشێوەیەکی پیت بەرانبەر پیت وەرگێڕین، دەکاتە: لمەکانی مێزۆپۆتامیا، بەڵام ئەم ناوونیشانە زۆر هونەری و ئەدەبی نییە، بۆیە مەبەست لەمە خاکی مێزۆپۆتامیا-یە، خاکێک کە نیشتمانە، کە خاکی کوردستانە، لەلای نووسەر بە بەهاترین خاکی دنیایە، بەڵکو ئەوێ مەڵبەندی دنیا و ژیان و گەورەبوونە، ئەوێ مەڵبەندی خەون و ئاوات و بەدی هاتنی ئارەزووەکانە، لە هەمان کاتدا، خاکی برین و کارەسات و سەرچاوەی قڕکردنە، خاکێکە لەبەر ئەوەی هی کوردە، هەردەم کێشەی لەسەرە، چونکە کورد دەوڵەتی نییە، ناسنامەی دیار نییە، هەڵبەت ناسنامەی سیاسی، بۆیە لەمەوە تێدەگەین، زمان و نووسین، بەتایبەتی زمانی فرەنسی بۆ نووسەر وەک خاکێکی لێ هاتووە و تێیدا دانیشتووە و ئەم خاکەش سەرەڕای بەربەستی زمان خاکی کوردستانە، کوردستانی خەیاڵی فەواز حوسێن کە کوردستانی هەموومانە.

ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە بریتییە لە ژیانی سەردەمی منداڵی و هەرزەکاری نووسەر خۆی. چۆن چاو دەکاتەوە و چۆن دەوروبەری خۆی دەبینێ، منداڵێک لە عامودە، لەناو خێزانێکی جووتیاری کوردی نیمچە دەوڵەمەند لە دایک دەبێ و وردە وردە شتە سەیروسەمەرەکانی ئەم دنیایە خۆیانی پێ دەناسێنن. نووسەر هەر خۆی پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، بەڵام بەچەشنێکی وای نووسیوە، ئێمە هەست ناکەین ئۆتۆبایۆگرافی منداڵی نووسەر خۆی دەخوێنینەوە، بەڵکو ڕۆمانێک دەخوێنینەوە، لەلایەن فەواز حوسێن نووسراوە، باس لە منداڵێک دەکا، کە دەبێتە ڕەمزی کورد هەمووی، بەتایبەتی کوردی سووریا.

دەتوانین بڵێین ئەم ڕۆمانە داستان و مەلحەمەی هاوچەرخی کوردەکانی سووریایە، باس لە مێژووی ئەم سەد ساڵەی دوایی هەموو کوردی سووریا دەکا، ئەمەش لە ڕێگای، یان لە گۆشەنیگای ژیانی منداڵێک کە لە عامودە، لە دایک دەبێ و وەک کورد دواتر خۆی دەناسێ و تێکەڵ بە ژیانی پڕ لە ناعەدالەتی سیاسی و مەزهەبی و فەرهەنگی دەبێ، نووسەر بە چەشنێکی ئەوەندە سەرنجڕاکێش باس لەم شارە دەکا، بە هەموو کەسایەتییە بەرز و بچووکەکانی، شێتەکانی، گەنجەکانی، پیر و لاو و منداڵانی، جووتیار و دوکاندار و بازرگان و کوردپەروەرەکان و پەڕینەوە بە قاچاغی لە سنووری تورکیا و سووریا کە وەک چەقۆیەکە لەسەر پشتی کورد، ئەوەندە سەرنجڕاکێشانە باس لە ژیانی تەواوی کوردەکانی سووریا دەکا، هەموو کوردێک لەم دنیایە، لە هەر کوێیەک بێ وا هەست دەکا باس لە ژیانی ئەو دەکرێ، من کە خوێندمەوە، وامزانی باس لە منداڵی من دەکا لە هەولێر، باس لە ژیانی منداڵانی هەولێر دەکا، چۆن گەورە دەبن، چۆن خەون دەبینن، چۆن دەکەونە ناو کارەساتەکانی ژیانی گەورەیی، ئیرهاب و توندوتیژی ڕژێمە ناسیۆنالیستە عەرەبییەکانی یەک لەدوای یەک حوکمی عیراق و سووریایان کردووە.

نووسەر دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگوڕیشەی خێزانەکەی کە ئێستاش خزمەکانیان لەناوچەی ماردین و دیاربەکر ماون، پاشان چۆن باپیرە گەورەی لەسەردەمی عوسمانییەکان هاتۆتە عامودە و لەوێ دانیشتووە، نووسەر باس لەوە دەکا چۆن بۆ یەکەمین جار عەرەب گەیشتۆتە هەرێمی کوردستانی سوریا و دواتر ئەم گەیشتنە لەگەڵ ناسیۆنالیزمی پان عەرەبیزم-ی عیراق و میسر و سووریا و بە هێزبوونی ڕژێمی بەعسی سووریا و بڵاوکردنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و بەعسی، عەرەب بە لێشاو دەگەنە سووریا، نووسەر باس لە پشتێنی عەرەبی دەکا کە ڕژێمی سووریا بەرانبەر بەکوردەکانی بەکاری دەهێنێ بۆ کۆنترۆڵ کردن و تواندنەوە و بێ هێزکردنی کوردەکان، باس لە کارەساتی سووتانی سینەمای قامشلو دەکا کە چۆن تا ئەمڕۆش ئەم شارە بەهۆی ئەم کارەساتەوە هێشتا برینداره، سەدان منداڵ تێیدا شەهید بوون.

ڕۆمانی خاکی مێزۆپۆتامیا، نەک هەر ڕۆمانێکە، بەڵکو وەکو تۆمارێک و نەخشەیەکی سەرنجڕاکێشی ژیانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان، لەم پەنجا شەست ساڵەی دوایی دێتە بەرچاو. یەکێ لەو ڕۆمانە جوانانەیە کە لەو بڕوایەدام پێویستە لە ئایینەدا بکرێتە کوردی. من لێرەوە، بەشی یەکەمی دەکەمە کوردی و بە خوێنەرانی دەناسێنم.. بە مەبەستیش بەشی یەکەمم هەڵبژاردووە، چونکە گرینگترین بەشی ڕۆمانەکەیە کە دەستپێکە و چوونە بۆ ناو جیهانێکی خەیاڵاوی، کە خۆی بە واقیع پێمان دەناسێنێ، واقیعێکی پڕ لە ناکۆکی و دووبەرەکی مەزهەبی و ئیتنیکی و سیاسی و فەرهەنگی...

نووسەر وێڕای باس کردن و گێڕانەوەی وردەکاری ژیانی

خۆی تا گەیشتنی بە زانکۆ و ناسینی ژن و خۆشەویستی، یەکەم خۆشەویستی، باس لە هەموو ئەو ڕووداوە گەورانە دەکا کە بەسەر کوردی سووریادا هاتووە، باس لە ژیانەوەیان دەکا لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و ئەو کاریگەری و وێنە و دڵبڵندییەی بەهۆی بارزانی نەمر و ڕاپەڕینەکانی ترەوە لەلایان دروست بووە، هەموو ئەمانە بە گێڕانەوەیەکی هونەری سەرنجڕاکێش.

## خاکی مێزۆپۆتامیا

### بەشی یەکەم

... لە حەوشەی ماڵەکەمان، لە گوند، دایکم هەردوو باسکەکانی بەرزکردبوونەوە و لەسەر سەری خۆی ڕاگرتبوون وەک ئەوەی خۆی لە شتێک بپارێزێ کە بۆ من دیارنەبوون. وەک گیانەوەرێکی بریندار هاواری دەکرد کە لە ئانوساتی کوشتنەوەیدان. پاشان سەری بۆ لای من وەرسوڕاند و منی بینی، تیکە نانێکم لەدەست بوو، تەمەنم هەر سێ چوار ساڵ دەبوو. کاتێ کە لە پایەکان نزیک بووەوە کە تاقە شوێنی چیمەنتۆکراوی ماڵەکەمان بوو، بەخۆی و چاوە سووربووەوەکانی ترساندمی. پرچی پەرشوبڵاوی دیمەنی شێتێکیان دەدایێ. پاشان دەستی بە ڕوخساری خۆیدا هێناو چاوەکانی لە فرمێسک وشک کردنەوە. تیکە نانەکەی لێ ستاندم و دوور فڕێی دا، نەیدەویست چیتر لەو نانە بخۆین. ئینجا بە دەستی ڕاستی منی گرت و لە باوەشی خۆی نام و بەدەستەکەی تریشی خوشکە گەورەکەمی ڕاکێشا و بەم چەشنە بێ ئەوەی یەکێک بەرابیمان لێ بگرێ و نەهێڵێ بڕۆین، لە ماڵ دەرچووین. بۆ دواجار ئەم خانووە قوڕانەمان بەجێ هێشت کە لە قەدی گردەکان دروست کرابوون و لە خوارەوەش ڕەزێکی لێ بوو پێنج بنە شاتووی هەبوو لەگەڵ دارقەیسی و هەنار و دار هەنجیری شوانەکەمان، ڕەزی ترێش ئەوەندە زۆر بوو دەگەیشتە ئەوبەری گوند و تێدەپەڕی.

خۆر کە هیچ لەتینی خۆی کەم نەکردبووەوە، پێستی سووتاندبووین و مێشکی گەرم کردبووین. دایکم بەخێرایی دەڕۆیشت، داوای لە خوشکەکەم دەکرد خێرا بکا وەک ئەو بڕوا. ئەمەش بۆ کچێکی تەمەن پێنج شەش ساڵان ئاسان نەبوو. دە کیلۆمەترێک لە نزیکترین شارەدێ دوور بووین کە ئامانجی ئێمە بوو، گوایە دەروازەی ئاشتی و مێرگی حەوانەوە بوو. بەهیچ شێوەیەک دایکم نەدەبوایە پەشیمان ببێتەوە و بگەڕێتەوە، تازە ئەو ئاوە ڕژابوو. ئەو بڕیاری خۆی دابوو، پێدەچوو زەمەنیش لەمەودوا لایەنگیری ئێمە بێ.

ئەو گوندانەی دەکەوتنە سەر ڕێگامان زۆر بەو گوندە دەچوون کە بەجێمان هێشت. هەمان خانووی قوڕ بوون کە لەتێکەڵ کردنی خۆڵ و کاووخوێ دروست دەکران و لە قەدی گردەکان قیتیان دەکردنەوە، هەمان گردیان هەبوو کە سەری بە گۆڕی مردووەکانمان داپۆشرابوو، هەمان سەگی لێ بوو کە یەکێکی بێگانە بە تەنیشت گونددا دەچوو پێی دەوەڕی. دایکم لەم سەگە دڕانە نەدەترسا، نازانم، ڕەنگە بەسەرخۆی نەهێنابێ. هەرچۆنێک بێت دەیزانی چۆن لەگەڵ ئەم سەگانە هەڵسوکەوت بکا. هیچ خۆی تێک نەدەدا، بەردەوام هاواری لێ دەکردن: چەغە، چەغە. کە سەگەکان هەستیان کرد ئێمە ناترسین بەرانبەر بەم دەمە و کەڵبە هاروشێتانە، سەرەنجام هەڵکەوتی خۆیان گۆڕی، ئەوسا نووزە و وەڕینی ئاساییان لێ دەردەچوو. دواجار کلکیان خستەوە ناو گەڵیان و تا لەئاوایی دەرچووین لەگەڵمان هاتن.

بەدرێژایی ڕێگا، دایکم چەند جارێک منی لەسەر ئەرزە داغەکە دانا بۆ ئەوەی هەناسەیەک بدا. منی لەبەرانبەر خۆی داناو لە ڕوخساری تووڕەیی و دڵڕەقییەکی سەیر دەبینرا کە دواتر لە هەموو ژیانی خۆی و ئێمە کاریگەری جێ هێشت.

لە عامودە داپیرە گەورەم عالیە چاوەڕێی دەکردین. پاش مردنی باپیرە گەورەم شێخ مووسێ حەسۆ لە ساڵی ١٩٤٣، داپیرە گەورەم عالیە سەرەتا لەگەڵ هەر چوار کچەکانی دێ لە بیرابازن دادەنیشێ، کە گوندێک بوو



هەندێ زەویوزاری کشتوکاڵی بە میرات بۆ بەجێ مابوو. پاشان، دوای ئەوەی پووره هسه کۆچی دوایی دەکا و دەشاردرێتەوە، پووره فەسلە لە مامە عەڤدێ مارە دەکا، بۆ خۆی لەگەڵ کچە هەرە بچووکەکەی زبێدە دەچێتە نزیکترین شار دادەنیشێ. ئەو خانووەی تێدابوون هێشتا تەواو نەببوو، بەڵام کرێکارەکان بەردەوام و خێرا کاریان لێ دەکرد. بیر لێدەرەکان لە حەوشە بیرێکیان لێ دابوو، ئاوێکی زۆر شیرینی هەبوو، ئاوێک کە قەت بەو ئاوە لێڵ و سوێرەی بیرەکانی گوند نەدەچوو. لە هەر ژوورێکی خانووەکە، گڵۆپێکی بچکۆلەی ئەلێکتریکی هەبوو، لە پلاکێکی سپییەوە فشارت دەخستە سەر، هەر کاتێک بتویستبایە پێت دەکرد، دیوارەکانیش بەچەند چینێکی گەچکاری سپی کرابوون، چیتر پێویستیت بە چرای نەوتی نەبوو، کە دەبوایە لەئێوارەوە ئامادەیان بکەی و پڕ نەوتیان بکەی و سەرەتاش شووشەی چرا نەوتییەکان پاک بکەیتەوە کە زبر بوون و دەبوایە بە فتیلەیەک ئەم کارە بکەی. بە گوێرەی قسەی دایکم، ئێمە لە شار بە ئاشتی دەژین، دوور لە ژنەکەی تری باوکم بەخۆی و کوڕ و کچەکانی. ئەمانە زۆر ڕقیان لە ئێمە بوو و وایان دەزانی نانی ئەوان دەخۆین. ترسی ئەوە هەبوو ڕۆژێک ژەهر خواردوومان بکەن کە ئەوان لە گرتنەوەی زۆرزان بوون. پاشان، بە تایبەتیش نەدەبوایە هەردەم وەک گوندییەکی نەخوێندەوار بمێنینەوە. ژیانی گوندی لەنێو چەوانمان نەنووسرابوو وەک قەدەرێک دەبوایە ڕایکێشین. جا لەبەر ئەوەی سەردەمێکی نوێ لەبەرانبەر ئێمە دەکرایەوە، دەبوایە بەدوایدا بچین و بگەینە ئامانج. هەر بەگوێرەی قسەکانی دایکم، بە گوێڕەی نەخشە و پێشبینییەکانی، دوای چەند ساڵێکی تر دەچمە قوتابخانە. فێری نووسین و خوێندن دەبم. دەبمە خاوەن دیپلۆم و پاشان دەبمە گەورەترین پزیشکی تەواوی ناوچەکە و سەری خانەوادەی حەسۆ گاباری بەرز دەکەمەوە و دەبمە مایەی سەرفرازی ئەوان. نەخێر، بەهیچ شێوەیەک گەڕانەوە بۆ گوندی (کوردۆ) نەبوو و جارێکی تر بگەڕێینەوە لەژێر یەک ساپیتە لەگەڵ ئەو ژنە دڕندە و منداڵە ئەجندەکانی بژین. ئیتر سەردەمی خراپ بۆ هەتا هەتایێ ئاودیو بوو، ناشترا، بەڵام وەک نیشانەیەک بە ئاسنی داغ لە یاداشتی دایکم هەڵکۆڵرابوو. زۆری پێ نەچوو باوکم پەیدا بوو، دیاربوو هیچ چارەیەکی نەبوو. تەڵاقدانیش نەریتێک نەبوو لە ناو ئێمە، بە تایبەتیش کە پیاوێک کچە ئامۆزای خۆی لە باب و باپیر دەهێنێ. ناچار بە ئیختیاری دایکم ڕازی بوو و بڕیاریشی دا ئاگای لێمان بێ. لێرە بەدواوە، دەبوایە بەشێک لە ساڵ لەشار بژیێ، بەشەکەی تری لە گوند لەگەڵ ژن و منداڵەکانی تری.

کە ئێمە ساڵی ١٩٥٧ گەیشتینە عامودە، شارێک بوو تەنیا پازدە هەزار کەسێکی لێ دەژیا. وەک هەموو گردبوونەوەکانی مێزۆپۆتامیا و شوێنی تر، عامودەش بەهۆی ڕووبارێکەوە دروست ببوو. ئاوی «دارێ» لەباکوورەوە بۆ باشوور بە ناو عامودە تێپەڕ دەبوو، دوور، زۆر دوور دەڕژایە فوراتەوە، لە باشووری مێزۆپۆتامیا جارێکی دیکە دەڕژایەوە دیجلە. ئەوکاتە من نەمدەزانی، کە ئێمە هاتووین لە یەکێ لە شارە هەرە کۆنەکانی ناوچەکە دانیشتووین. زۆر پێش شاری حەسەکە کە بەخێرایی بووە ناوەندی پارێزگاکەی ئێمە و قامشلوش بە بازاڕی گەورەی و فرۆکەخانەکەی، عامودە پێش ئەمانە ناوەندی قەزا بوو لەسەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانی. بە شارێکی پڕ بایەخ لە قەڵەم دەدرا، بێ گومان لە دەشتی ماردین. لە بەشی ڕاستی شاری عامودە، زۆربەی دانیشتوانی کریستیانی بوون و کاروباریان بەدەست بوو، ئەمەش بەهۆی چالاکی و زیندوێتی خۆیان و وردەکارییان لەکارکردندا. زۆربەی کریستیانەکان کاتۆلیک و سریانی و ئەرمەنی بوون، لەنێوان خۆیاندا زۆرباش لەگەڵ یەکتر دەگونجان، بەڵام هەر گرووپێک کڵێسای خۆی هەبوو. لە عامودە، پینەدۆزەکان، بەقاڵەکان و عەتارەکان، تەنەکە چییەکان، نانەواکان، زێڕینگەرەکان، قوماش فرۆشەکان، تووتن فرۆشەکان پەیتونچی تاقە پەیتونی شار، هەموو ئەم خەڵکە بەدڵنیاییەوە کریستیانی بوون و وەک هەنگ لە ناو یەک کوورە و بۆ یەک شاهەنگی کریستیانی و نەوەکانی ئایینەدیان کاریان دەکرد.

لە باکووری شار گەڕەکی مەلایان هەبوو، ئەمەش لە تەنیشت گەڕەکی شێخان بوو. ئەوها ناویان دەبردن، چونکە لەم گەڕەکانە سیمای ئایینی زۆرتر زاڵ بوو. لەم گەڕەکانە بوو کە مەلا دوازدە عیلم و سونییەکان و شێخەکانی قادری و قازییەکان دەژیان. ڕەز و باخاتی ئەم دوو گەڕەکە بەشێوەیەکی ترسناک تا سنووری تورکیا دەچوو کە لەلایەن سەربازە تورکە سەر تراشراوەکان پارێزگاری لێ دەکرا و بە باندێکی سنووری بەرین پڕ لە مین و پەرژین کراو بە تەلی دڕکاوی پارێزرابوو. منارە و گومبەتی مزگەوتەکانی ئەم گەڕەکانە بە چەشنێک بەرزببوونەوە، وەک ئەوەی دژایەتی زەنگ و دوندی کڵێساکان بکەن کە لەلای ڕاست و ناوەڕاستی شاربوون.

گەڕەکەکەی ئێمە زۆربەیان کورد بوون و تازە هاتبوونە ناو شار نیشتەجێ ببوون، وەک ئێمە، بەڵام ئێمە لەدوور نەهاتبووین. حەسۆ گاباری، باپیری باپیرم، باپیرانی

باپیری دایکم، دامەزرێنەری تیرەی ئێمە، لە ئەمبارێ نێژرابوو کە چەند کیلۆمەترێک لە عامودە دوور بوو، دەکەوتە پێدەشتی نزیکی ئەنتی تۆرۆس. گۆڕی باپیرە گەورەمان لەوەتەی دنیا دنیایە هەر لەوێ بووە، پێش دروست کردنی باندی سنووری پڕ لە مین و تەلی دڕکاوی سنوور و دروستکردنی سنوورەکان خۆیان. بۆ سەردانی گۆڕی باپیرە گەورەمان کە ئێستا کەوتۆتە ناو تورکیا، چیایەک کاغەز و سەرئێشەی کارگێڕی و ڕۆتینی دەویست تا ڕێگامان پێ دەدرا بچینە سەر گۆڕەکەی چەند دەقیقەیەک بێ دەنگ بوەستین. یەکێکی دی لە بێوەژنەکانی باپیرەم لە دایکمەوە، لەگەڵ کچە تاقانەکەی و زاواکەی هاتن لە تەنیشت پارچە زەوییە بەتاڵەی تەنیشتمان خۆیان بە زەوی دادا. پیاوەکە کە من بە «مامە شێخمووس» بانگم دەکرد، لە سەردەمی زیندوێتی باپیرەی دایکم قاوەچییان بووە، ئەویش هاتبوو خانوویەکی بۆ خۆی دروست کردبوو، هەڵبەت لە ئێمەوە زۆر دوور نەبوو. ڕاستەوخۆ لەبەرانبەرمان، مەحموودۆ بەخاووخێزانەوە هاتبوو دامەزرابوو، ئەمانە لە باشووری تورکیاوە هاتبوون. ئەمانە فەردە و مەردەیان دەگواستەوە، باوک و کوڕ عارەبانەیەکیان هەبوو خۆیان و بارگینێک ڕایدەکێشا، کە لە دار دروستکرابوو، لەسەر دوو تایەی لەجێبێکی ڕزیو بەجێماو دانرابوو کاریان پێ دەکرد. سارێ، کچە گەورەی مەحموودۆ بووە دەستە خوشکی پوورە زبێدەم، زۆرجار لەگەڵ خوشکەکانی تری دەهات، بە تایبەتی ئەو کاتانەی دایکم پێویستی بە یارمەتی بوو بۆ دروستکردنی ئاوی تەماتە، یان دەرهێنانی باینجان و کردنی بە لەتکە بۆ ئەوەی وشکی بکەنەوە بۆ زستان هەڵیگرن. ئامۆزایەکی دایکم کە من پێم دەگوت پوورە نوورا، لە بەرانبەر ئێمە ئەویش بەخۆی و دایکی و دوو کوڕەکەی دامەزران. مێردەکەی، کە یەکێ لە خاڵەکانی من بوو بۆ ژنێکی تر، لاوتر و جوانتر دەستی لێیان هەڵگرتبوو. ئەم دابەزینە بۆ شار، بە چەشنێک کۆچێکی، یان کۆڕەوێکی دێهاتی بوو، ئەمەش بێ ئەوەی عامودە سوود و زەرەرێکی شاری ڕاستەقینەی هەبێ. ڕاستە، نزیکەی لە دە ساڵێکەوە ئەلیکتریکی هەبوو، بەڵام دەبوایە توانات هەبوایە بۆ دانیشتن لە شار و بتوانی فاکتۆری ئەلیکتریک بدەی. منداڵەکان دەیانتوانی بچنە قوتابخانە بە مەرجێک باوک و دایکیان پارەیان هەبوایە و زۆربەی جاریش ئەم پارەیە لە ڕێگای وردە کاری بازاڕ، یان لەلای خێزانە دەوڵەمەندەکان بەدەست دەهات، لەم ساڵانەدا، عامودە شارۆچکەیەکی گەورە بوو زۆر لاتەریک بوو و لەلایەن حکوومەتی مەرکەزیشەوە پشتگوێ خرابوو.

لەنێوان گەڕەکی مەلایان و شێخان، هەندێ ماڵ هەبوون بە عەرەبی قسەیان دەکرد، پێیان دەگوتن: ماردینلی، ئەمەش واتە ئەمانە خەڵکی شاری ماردین و لەوێوە هاتوون، هەڵبەت پێش ئەوەی ماردین خۆی لەم دیوی سنوور بدۆزێتەوە. هەندێکیان زۆر دەوڵەمەندبوون، وەک برایانی دەباغ کە لە ناوەندی شار چەندان مغازەیان هەبوو پڕ لە کوتاڵ و شتومەک بوون و بە کۆمەڵ دەیانفرۆشتن. بەنزینخانەیەکیان لەڕۆژهەڵاتی شار هەبوو، لەسەر ڕێگای قامشلو کە هاوسێمان بوو، ئەمانە ڕاستەوخۆ تاووتووی بازرگانیان لەگەڵ بازرگانە گەورە گەورەکانی حەلەب و دیمەشق دەکرد. بێجگە لەوە، یەکێ بوون لە مەلالاکە هەر گەورەکانی ناوچەکە. ئەم عەرەبانە وەکو ئێمە موسڵمان بوون، بەڵام لەکارکردن و پاک و خاوێنی ناو ماڵیان بە کریستیانەکان دەچوون. ئێمە بە «باژێری» بانگمان دەکردن، واتە شارنشین و شارستان، هەتا ئەوکاتەی هەژاریش بوون ئێمە هەروا بۆمان دەڕوانین و ئەمانەش بە هەژاری و بە سواری عارەبانە ڕێگای گوندەکانیان دەکوتیەوە و قاپ و قاچاغ و کەلوپەلیان بەرانبەر خوری و هێلکە و گەنم دەگۆڕییەوە. ئەو کەسەی بۆ من کە زۆر باش نوێنەرایەتی توێژی کۆمەڵایەتی ماردینلی دەکرد، حەمۆی بەربەر بوو. حەمۆ بەربەر کابرایەکی سەر ڕووت بوو، گچکە و باریکەلە بوو وەک داوە دەزوو، هەردەم پۆشتە و پەرداخ و شیک بوو. لە تەنیشت دوکانەکەی موحسین دەباغ، سەرتاشخانەیەکی هەبوو تێیدا تاقە کابینەی تەلەفۆنی گشتی شاری لێ دانابوو، خەڵک لەوێوە دەیانتوانی تەلەفۆن بکەن. ئەم کابینی تەلەفۆنە زۆرباش و عەنتیکە بەڕێوە دەچوو. دەسکێکی هەبوو بۆ وەرگرتنی سەنتراڵ (بەداله) دەبوایە زۆر بەخێرایی بیسووڕێنی ئینجا ژمارەی داواکراوت دەدا بە سەنتراڵ ئەویش بۆی وەردەگرتی. ماڵەکانیان زۆر باش بەڕێوە دەبرا، ژنەکانیان جلوبەرگیان هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ جلوبەرگی ئاسایی کوردی نەبوو کە دایکم و داپیرەم و پوورە زبێدەم لەبەریان بوو. دایک و باوکمان ژیرانە گاڵتەیان بەدابونەریت و دەستگرتنەوەیان دەکردن. بۆ نموونە دەیانگوت، ئەم شارنشینانە نیو کیلۆ گۆشت دەکڕن لەناو دەیان جۆر خواردندا بەکاری دەهێنن چەندان ڕۆژ، بگرە چەندان هەفتە لێی دەخۆن. هەرچی ئێمەین کە مەڕێک دەکوژینەوە، هەمان ڕۆژ هەمووی لەناو مەنجەڵێک لە حەوشە لەسەر ئاگرێکی بە داروپەردوو دەکوڵێنین و ئێوارە لەگەڵ مەنجەڵێک ساوار دەخورێ و هیچی لێ نامێنێتەوە. ئێمە زۆر بووین و پاشان

فریگۆشمان نەبوو بتوانین بۆ ماوەیەکی درێژ گۆشت هەڵبگرین، بەتایبەتیش ناوچەکەمان بەناوچەیەکی گەرم ناسرابوو. وەک ئێمە، هەموو نەژادەکان، هەموو هۆزەکان هەریەکەی لەلایەکی ئەم زەمینە پانوپۆڕەی خودا هاتبوونە عامودە، هەیانبوو لەماردینەوە هاتبوو، لە ئەرمینیا و لەدەشت و بانەکانی مێزۆپۆتامیا هاتبوون. بە چەشنێک، عامودە، بابیلۆنێکی تر بوو، بەڵام لەو گچکەتر. لە عامودە بە عەرەبی، کوردی، ئەرمەنی، سریانی، بێ گومان زمانی تریش قسە دەکرا.

ئێوارە، منداڵی هاوزەی خۆم دەهات لە دەرگای دەدا، ئەمانە لە گەڕەکەکانی ڕۆژئاوای لێواری شار دەهاتن. هەریەکەی جۆرکێکی پێ بوو، بەزارێکی جیاواز لە زاری (لهجة) دانیشتوانی شار قسەیان دەکرد کە ئێوارە باشیان لێ دەکردین سەریان شۆڕ دەکردەوە. داپیرەم پارچە سەموونێکی دەدانێ و هەندێ جاریش ساوار، ئەمەش ئەگەر مابایەوە. ئەمانە زۆر هەژار بوون و وێڕای سوپاس گوتن هەرچییەکمان بدابانێ وەریاندەگرت. شتێکی ئەوتۆمان لەبارەیانەوە نەدەزانێ، بەڵام ڕێزمان دەگرتن. سەرچاوەی شەفەقە و سۆز بوون و بە سواڵ کردن دەژیان.

دایکم و باوکم، بێ ئەوەی جۆرە موسڵمانێکی فەناتیک بن، هەرکە گەیشتینە شار منیان ناردە قوتابخانەی ئایینی بۆ خوێندنی قورئان، هەڵبەت ئەمەش بایەخی خۆی هەبوو، ئەگەرچی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری لەدەستی عەرەبەکان بوو، بەڵام قورئان کلیلی بەهەشتی بۆ دابین دەکردین. دایکم دەیویست دوو چۆلەکە بە بەردێک بکوژێ. سەرەتا دەچم فێر دەبم و دەبمە موسڵمانێکی باش، هەڵبەت بۆ خۆپاراستن لەگڕی جەهەننەم و چوون بۆ بەهەشتی نەمر. پاشان، بەهۆی زمانی عەرەبییەوە، کە زمانی قورئان بوو، لەسەرخۆ بنچینەیەکی توند بۆ خۆم مسۆگەر دەکەم پێش بەکالۆریا و پاشان چوون بەرەو کۆلێژی پزیشکی زانکۆی دیمەشق، یان حەلەب. دایکم بڕیاری دا کە بۆ من ناشێ و نابێ لەدوو شەقامە سەرەکییەی شار بپەڕمەوە بۆ ئەوەی خۆم بگەیەنمە گەڕەکی مەلا و شێخان کە قوتابخانەی ئایینی و مزگەوتی زۆر بوو. مەلا ئەحمەدێ حەربی، کە زۆر باش دەماننناسی لەهەمان گەڕەکی خۆمان بوو، بەمەلایەکی زۆر بەهێز و بێ بەزەیی ناسرابوو، ئەمەش بۆ فێربوون پێویست بوو. فێربوونی زمانی عەرەبی سەخت بوو، زمانێکی زۆر قووڵ بوو، چونکە کەلامی خودا بوو گاڵتەی لەگەڵ نەدەکرا. بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو شاخە سەختەی ڕێزمان و ئیملای ئایەتەکان، حەیزەران و قاپقاپەی مەلا باشترین گەرانتی بوون بۆ فێربوون.

چەند ماڵێک لەولاتری ماڵی داپیرەم، لە ژوورێکی نزم، نزیکەی بیست قوتابی کوڕ و کچ بووین وێڕای کتێبی پیرۆز لەناو پەڕۆیەک و لەبن هەنگڵ دەچووین بۆ فێربوون. کە دەگەیشتین، دەبوایە بچین ئاو لە بیری حەوشە بێنین و زەوییەکەمان بڕشاندایە بۆ ئەوەی فێنک بێتەوە، پاشان بیماڵین. مەلا دوای نانی نیوەڕۆ و نوێژکردن، ژن و منداڵەکانی بەجێ دەهێشت. دەهات لەسەر کورسییەکی گچکەی بێ پشت لە ناوەڕاستی ژوور دادەنیشت. قوربەسەر ئەو قوتابییەی هەڵەیەکی دەکرد. ڕوخساری تاریک دادەهات، برۆیەکانی بژ دەبوونەوە، ڕیشی درێژی کە لە خوارەوە وەک سەرە تیر تیژبوو، دەجوولایەوە وەک ئەوەی گەیشتبێتە نیشانە، حەیزەران وەک برووسک بەسەر سەری ئەو بەدبەختە بەردەبووەوە و مافی ئەوەشی نەبوو بگرێ. هەندێ ئایەتی وا هەبوون، لەبەر قورسی بەکۆمەڵ دەمانگوتەوە، بۆ ئەوەی دەموپلی کوردانەی ئێمە لەگەڵ ئەم زمانە نوێیە ڕابێ، بەڵام هەر قوتابییەک بەجۆرێک فێردەبوو. دوای فێربوونی ئەلفوبێ، ڕاستەوخۆ دەچووینە سەر سوڕەتە کورتەکان، ئەم سووڕەتانە ئاسانتر بوون، ئەزبەرکردنیان و گوتنەوەیان وەک تووتی، بێ ئەوەی فڕی لێ تێ بگەین. بەم جۆرە، هاوین لەدوای هاوین، هەنگاو بە هەنگاو، دەچووینە پێش و پێش دەکەوتین. بێ گومان ئامانج ئەوەبوو هەموو ئایەتەکان لە سووڕەتی (خەڵک) تا سوورەتی (مانگا) بخوێنینەوە. ئەمەش چەندان ساڵی دەویست، لەبەر ئەوە نەدەبوایە پەلە بکەین. قورئان زەریایەکی بێ لێوار بوو، لەگەڵ هەر سەختییەک، قوتابی چاکەی بۆ ئەژمار دەکرا، ئەمەش بۆ ڕۆژی دوایی و قیامەت پشتوپەنا بوو. لەگەڵ تەواوکردنی هەر هەنگاوێک، دایک و باوکی قوتابییەکان دەگەشانەوە و دیاری-یان بۆ مەلا دەهێنا. دوای خەتم کردنی قورئان، دیاری گەورەتر ئامادە دەکرا. مەڕێک، یان گۆلکێکیان دەکوشتەوە و بەسەر هاوسێکاندا دابەشیان دەکرد، ئەم ڕووداوە، خەتم کردنی قورئان، نەدەبوایە بە وشکی لە گەڕەک تێپەڕێ.

کاتێ ئێمەی قوتابی لە ئاستی خوێندنەکە نەبووینایە و مەلا لێمان دڵنیا نەبوایە کە فێربووین، ئەوپەڕی هەوڵی بەکاردەهێنا لەگەڵمان، مامۆستاکەمان حەوت منداڵی هەبوو، پێنج کوڕ و دوو کچ، هەموویان، هەتا ژنەکەی و منداڵەکانیشی ڕاهێنابوو سەرپەرشتیمان بکەن و پێمان دووبارە بکەنەوە، ئایەت بە ئایەت، دەیان جار پێیان دووبارە دەکردینەوە، ئەمە کاتێک بوو ئەگەر خێزانەکە میوانیان نەهاتبایە، کە زۆر دەهاتن، ئامۆزا و دۆتمامەکانیان، نەوەی کوڕ و کچیان، خزمی دوورونزیک،

مێوانی بەقەدر و ئاسایی، لەم کاتانە دەبوایە قورِوقەپی لێ بکەین. قورِبەسەر ئەوکەسەی جوولەیەکی دەکرد، یان ورتەیەکی لە دەم دەردەهات. کورِەکانی مەلا، هەندێ جار حەزیان دەکرد لە ژیانیان دەرچین، بەڵام چارەیان هەبوو؟ دەیانتوانی نارِەحەتی خۆیان بەرانبەر بە باوک و دایکیان پیشان بدەن؟

ماوەی دوو سێ ساڵ بوو لە قوتابخانەی ئایینی دەمخوێند، رِۆژێک کچێک لە تەمەنی خۆم بە ژووری کەوت، ئێمە خەریکی گوتنەوە و دووبارەکردنەوەی وانە بووین. مامۆستاکەمان گەلێک جار باسی فریشتەی بۆ دەکردین کە لەبەهەشتی ئاسمانی دەخولانەوە، بە هاتنی یەکێک لەم فریشتانە و وەژوورکەوتنی دووچاری سەرسورِمان نەبوو. مەلا بەچەشنێک باسی ئەم فریشتانەی دەکرد وەک ئەوەی وەختێکی زۆری لەگەڵ ئەمانە لەسەر زەمین بەسەر بردبێ. دەیگوت ئەم کردگارانە کە نەدەبینران بەرجەستەی جوانی و نیانی بوون. بۆ من، ئەم کچە کە کەوتبووە ناو کلاسە سادەکەمان وەک ئەوەبوو لە ئاسمانەوە دابەزیبێ. لەلام وەک پەیامنێری خودا بوو هاتبوو شتێکی بەراییمان لە بەهەشت پیشان بدا، بەتایبەتی جێگای سووربوونەوەی ئازاری حەیزەرانمان پێ لەبیر بباتەوە کە مەلا لەم رِووەوە لە لێدانمان تەخسیری نەدەکرد. وردە کەزی و پەرچەمی رِەشی لەسەر رِوخساری شەپۆلی دەدا و بۆ من وەک بەفری سپی سەرلووتکەی شاخەکان بوو. بەسەر هەموو قوتابییەکان سوورِایەوە بۆ بینینی ئاستیان و یارمەتی دانیان لە سەختی فێربوون. کاتێ لە تەنیشتم دانیشت، بەرِوخسارێکی وەک ئەوەی یارییەک بکا سەیری ئەو لاپەرِەیەی کرد کە من لێم دەخوێند. ئاسان بوو، یاری مندالآن بوو، من هێشتا لە سوورتە کورتەکان بووم. نە رِحلەمان هەبوو نە کورسی، سەرمان لەسەرەوەی ئەو تەختەیە بوو کە قورئانمان لەسەری دانابوو. ئەم کچە ئایەتەکانی زۆر بە رِەوانی و رِێکی دەخوێندەوە. گۆکردنی دەنگە زەحمەتەکان لەم دەمە جوانە نەخێشنراوە بەکاری خوای گەورە وەک مەرهەمیان لێ دەهات. مانگ چەند سانتیمەترێک لەمنەوە دوور بوو، هەڵەکانی بۆ رِاست دەکردمەوە، ئەو برِگانەی پێ دووبارە دەکردمەوە کە گۆکردنیان سەخت بوو. چەند چرکەیەکی ئەوتۆی پێ نەچوو، بوونی ئەم فریشتەیە لە تەنیشتم وای لێ کردم هەموو ژیانی خۆم بۆ خوێندنی قورئان و شیکردنەوەی نهێنییەکانی تەرخان بکەم. کە بینی نیگام وشەکان جێ دەهێڵێ و بەدوای رِوخساری ئەودا دەگەرِێ. پێکەنی، داوای لێ کردم باش سەیری سەرە پەنجەی بکەم و لەدوای ئەو دووبارەی بکەمەوە.

دەستی بەفر و رِووناکی خۆی لەسەر دێرەکان دانا. منیش دەستی خۆم لە تەنیشت هی ئەو دانا و دەستی گرتم و کوشی، بەم جۆرە پێکەوە، وانەی ئەو رِۆژەمان تەواو کرد. یەکەمین جار بوو لە هەموو ژیانم وێرِای ئەو هەموو بەختەوەری و شادییە بخوێنمەوە. هەستم دەکرد دەیان ساڵی رِووناکی لە حەیزەران و هاواری مەلا دوورکەوتوومەتەوە. وانە تەواو بوو، دڵبەرە جوانەکەم سەیرێکی کردم و ئەم جارەش زەردەی هاتێ، بە چەشنێک پێکەنی وەک ئەوەی منداڵێک بۆ یەکێکی تر پێبکەنێ. تازە تۆوی بەختەوەری لە هەناوم چاند. بۆ یەکەمین جار کەوتمە داوی خۆشەویستی بێ ئەوەی بزانم ئەمە مانای چییە. خۆشەویستەکەم پرِی دەکردم، دەستی خۆی پێ دەدام و بەرانبەرم پێدەکەنی، زەردەخەنەیەکی هەبوو وەک ئاوابوونی خۆر بوو لەناو کێڵگەیەکی گەنمی پرِ لە کولیلکە نیسان. پێی گوتم ناوی سافیەیە، نەمدەزانی کە فریشتەی ئاسمانیش وەک ئێمە ناویان هەیە.

تەمەنم حەفت هەشت ساڵان بوو رِۆژێک باوکم لە گوندەکەی خۆمان لەگەڵ دوو لە زرِبراکانم هاتن، گوایە ئیتر لەمەودوا لەگەڵ ئێمە دەژین لەعامودە. باوکم داوای لێ کردین بە دوای کەوین بۆ ناوەرِاستی شار بێ ئەوەی پێمان بڵێ بۆچی. چووینە شەقامی فاتورا، لەوێشەوە بۆ دوکانێک کە بۆنی چەرم و کەتیرەی لێ دەهات. ئەمەش دوکانی پینەدۆزیی ئەرمەنییەک بوو بەناوی ڤانیس ڤانیسیان، رِاستەوخۆ داوای لێ کردین پێمان لەسەر پارچە کارتۆنێک دابنێین و بێ جووڵە بوەستین. ڤانیسیان سەرو کەللەیەکی رِووتی هەبوو، ئەو گڵۆپەی لە ساپیتە داگیرسابوو، لەناوەرِاستی دوکان، شەوقی لەسەری رِووتی پینەدۆزە دەدا، وەک ئاوێنە چۆن شەوقی خۆر دەداتەوە، ئەوها سەری بریقەی دەدایەوە. بەو قەڵەمەی لەنێوان سەری رِووت و گوێی رِاستی دانابوو، خەتی بە هەر چوار لای پێمدا هێنا. پاشان هەمان شتی بۆ هەردوو براکانم دووبارە کردەوە. چەند رِۆژێک دواتر باوکم خۆی و سێ جووت پێڵاوی نوێ و سێ جانتای رِەنگ جیاواز گەرِایەوە ماڵ، چونکە من لە هەموویان بچووکتر بووم، رِێگای پێ دام یەکەم جار من بە ئارەزووی خۆم هەڵبژێرم. ئینجا بۆ جاری دووەم داوای لێ کردین بەدوای کەوین. رِاستەوخۆ دوای پردەکە کە هەردوو لای عامودەی بەیەک دەگەیاند، (بابی عالی) لەپێشمان بوو، هەموو باڵاخانە رِەسمییەکان لەپێشمان بوو. بەپێش هەردوو مەخفەر و زیندان تێپەرِین. بەرانبەر بەگەورەیی باڵاخانەی قایمقام و حاکمی شار شاگەشکە ببووم، زۆر نایاب دەهاتنە بەرچاو. ئەو باخچەیەی بە دەوری ئەم دوو

بالاخانەیە دەسووڕایەوە، وەک بەهەشتێکی جوانی نێردراو بۆ ئێمەی موسلمانان دەهاتە بەرچاوم کە زۆرجار مەلا بۆی باس دەکردین، هەلبەت بۆ ئەوەی ئەو ئارەزووەمان لا دروست بکا ڕۆژێک بێ بچینە ناوی. هەموو ئەمانە ڕەمزی دەسەلاتی دەولەت بوون، منیش وەک هەموو منداڵێکی کورد، لە پۆلیس دەترسام، بەڵام بوونی باوکم لەگەلمان دڵنیای دەکردمەوە.

باوکم دەیزانی دەچێتە کوێ. لەبەرانبەر دەرگایەک وەستاو چەند جارێک لێیدا. پیاوێکی پرچ ڕەش، ڕدێن ڕەش، جلوبەرگ ڕەش، پێلاو ڕەش، دەرگای کردەوە و باوەشی بۆ کردینەوە. ئەم پیاوە بەرگ ڕەشە خاچێکی گەورەی زێڕی لەسەر سینگ بوو. سێ چوکلێتی لە گیرفان دەرهێنا و پێیداین. باوکم و ئەو بەزمانێکی دیکە قسەیان کرد کە جیاواز بوو لەو زمانەی لەلای ئێمە و لە گەڕەک قسەی پێ دەکرا. زمانی عەرەبی بوو، زمانی قورئان، زمانی پۆلیسانیش بوو کە لە دوورەوە دەهاتن. هەروەها زمانی هەندێ لە کریستیانانیش بوو، بەتایبەتی ئەوانەی زمانی ئەرمەنی و سریانییان نەدەزانی. باوکم بە کوردی قسەی بۆ ئێمە کرد، ئەگینا هیچی لێ تێنەدەگەیشتین، پێی گوتین ئەوکەسەی قسەی لەگەڵ دەکا، ئاگای لە ئێمە دەبێ و فێری زۆر شتمان دەکا کە سوودی بۆ ژیانمان دەبێ. داوای لێ کردین بە (باوکە) بانگی بکەین، چونکە هەموو شار ئەوها بانگی دەکەن. ناوی باوکە کاتۆ بوو، دەستی بەسەر سەرمدا دەهێنا، چونکە من لە هەموویان بچووکتر بووم. بالاخانەیەکی گەوەی پێشان دام کە خاچێکی گەورەتری وەک ئەوەی سەر سینگی لەسەربوو، ئەمەش بورجی کلێساکەی بوو، کە دەبوایە یەکەم ڕۆژی خوێندنم لە کلاسی سەرەتایی ئەو قوتابخانە کاتۆلیکییە ئەهلییە بەسەر بەرم.

باوکم قەت لەگەڵ ئەوەدا نەبوو بماننرێتە قوتابخانەوە. هەردەم هەولی دەدا مۆدی ژیانی خۆیمان فێر بکا کە ئەویش لە باوک و باپیرانی بۆی بەجێ مابوو، قوتابخانە، پەروەردە، دیپلۆم و پیشەکان بەشێک نەبوون لە جیهانی ئەو، ئەو لەو باوەڕەدا بوو، دەست گرتن بەسەر زەوی و هەبوونی و پاراستنی تاقە شتن کە دەبێ مرۆڤ خەباتی بۆ بکا و ئامانجی سەرەکیشە لە هاتنمان بۆ ژیان. کەواتە بیری ناردنی ئێمە بۆ قوتابخانەیەکی کریستیانی و تایبەت لەلایەن دایکمەوە هاتبوو. لە عامودە، کریستیانەکان ناووبانگی زۆر باشیان هەبوو. هەموو بازار لەدەست ئەوان بوو، لە هەموو زەمەنێکیش پارە ماتۆڕی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی بووە. کە باوکم بەرەو دەرگا ڕووی خۆی وەرگێڕا و ڕۆیشت، منیش بەدوایدا چووم، بەڵام باوکە کاتۆ چوکلێتێکی تری خستە ناو دەستم. داوای لێ کردم بەدوایدا بچم تا بن کلێسا، لەوێ ئاماژەی بۆ کردم گوریسێک هەبوو ڕایکێشم، لەگەڵ ڕاکێشانی من زەنگ لێیدا. ئەمەش شتێکی سەرنجڕاکێش بوو، ئەزموونێکی بێ وێنە بوو. کە لێ بوومەوە، باوکم لەو ناوە نەمابوو، هەردوو زڕ براکانم کە لەمن گەورەتر بوون خۆیان لە کلاسی سەرەتایی دۆزییەوە و ڕاستەوخۆ کەوتنە ناو وانە جۆربەجۆرەکان کە بۆ سەرگەرمی و خافلاندن بوون. هەرچی من بووم، خۆم لە کلاسی دووەم دۆزییەوە، قوتابییەکان بە (سەفا مشکان) واتە کلاسی مشکان ناویان دەهێنا. خاتوو بەهیجە کە هەر دە ساڵێک لە ئێمە گەورەتر بوو، لەمەودوا وەک خوشکێکی گەورە نەک وەک مامۆستایەک وانەی میتۆد و فێربوونی فرەنسی پێ دەگوتین. خوشکە بەهیجە خوشکی هبە-ی برای ئەو پینەدۆزەی شەقامی فاتورا بوو کە سەری ڕووت و بریقەدار بوو و لە هەمان کاتدا بەتالترین سەر بوو لە هەموو ناوچەکە. خوێندن بە دوو زمان بوو، زۆربەی بە عەرەبی بوو و کەمێکی بە فرەنسی. کەس لەماڵ نەیدەتوانی یارمەتیم بدا ئەرکەکانم جێبەجێ بکەم. کەس نەیدەزانی نە بخوێنێتەوە نە بنووسێ. تەنیا باوکم دەیزانی بە عەرەبی قسە بکا، بەڵام ئەویش وەک زۆربەی پیاوەکانی هاوتەمەنی نەخوێندەوار بوو. یەکەم جار بوو لە هەموو ژیانی پێ بنێتە قوتابخانەیەک ئەو ڕۆژەی ئێمەی بردە لای باوکە کاتۆ، هەلبەت لەسەر داواکاری دایکم. لە فێربووندا، بۆ ئێمە زۆر زەحمەت بوو جێگۆڕکێی وشە کوردییەکان بە وشەی عەرەبی، یان فرەنسی بکەین. لە پاڵ زمانی عەرەبی کە زمانی ڕەسمی بوو و دەبوایە بە ئیجباری بیخوێنین، باوکە کاتۆ هەر بۆ خۆی کەمێک فرەنسی پێ دەگوتین. لە قوتابخانە سەرەتا زۆر کزبووم، بەڵام کە فێربووم تا دە بە فرەنسی بژمێرم، باوکە کاتۆ شاگەشکە بوو. تەواو دڵنیابوو کە لە خوێندن زۆر دوور دەڕۆم. یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش، حەوت، هەشت، نۆ، دە، ئەمەش توانایەکی چاوەڕوان کراو نەبوو. باوکە کاتۆ نە بە چاو نە بەگوێ خۆی باوەڕی نەدەکرد دەتوانم تا دە بژمێرم بێ وەستان. باوکە کاتۆ تەواو قەناعەتی هێنابوو، کە دایکایەتی عامودە منداڵێکی بلیمەتیان بەرهەم هێناوە

قوتابخانەی عەلمانی (ڕەسمی) دوو ڕۆژ لە هەفتەیەکدا داخرابوو. پێنج شەممە بۆ خۆ پاک کردنەوە و جلوبەرگ شووشتن و ڕێکخستنی ماڵ، ڕۆژانی هەینیش بۆ چوون بۆ مزگەوت و نوێژی هەینی.

هەرچی قوتابخانە کاتولیکەکەی ئێمە بوو، ڕۆژانی شەممە و یەک شەممەی پشوو بوو. سەرەنجام لەم ڕۆژانە باوکە کاتۆ و کڵێساکەی بەردەوام لەکاردا بوون بۆ ستایش و نوێژکردن و جێبەجێ کردنی مارەیی و پیرۆزکردنی منداڵان (تعمید). زمانی کوردی لە هیچ یەکێک لەم قوتابخانانەی ناوچەکە نەدەخوێندرا. دەیانگوت بەڕاستی کوردی زمانێک نییە وەک زمانەکانی تر. کتێبی فێربوونی زمانی کوردی هی قوتابخانە نەبوو، ئەدەبێکی نووسراوی کوردیش نەبوو. وایان فێردەکردین ئەگەر بمانەوێ لە خوێندن زیاتر بڕۆین، پێویستە ئەم زمانە (فۆلکلۆرییە) دەیان کیلۆمەتر لەدوای خۆمان جێ بهێڵین، کە ڕەمزی گوندیاتی و دواکەوتووییە. دەبوایە چاو لەو عەرەبانە بکەین کە لەناوەوە و لە شار و دێهاتەکانی لێواری دەریا دەژیان و چاو لە کریستیانەکان بکەین لە نموونەیەکی جوان و زیندوو بوون و لەبەردەست بوون لە ڕووی سەرکەوتن و بە ئامانج گەیشتنیان. لێرەوە ئیتر دەبوایە ئێمە بجووڵێین، خۆمان لەو زمانە کوردییە ڕزگار بکەین وەک چۆن خۆمان لە کێچ و جلی کۆن ڕزگار دەکەین.

جیاوازی لەنێوان هەردوو ئەو قوتابخانانەی من لێم خوێندبوو زۆر بوو. ئەگەر ئەو هەلەیان بۆ بڕەخساندبام کامەیان هەڵدەبژێرم، بێ هیچ دوودڵییەک مەدرەسەی ئایینیم هەڵدەبژارد، باکیشم بە ئایینەکەی و خاسییەتەکانی نەبوو. بە هیچ شێوەیەک دڵم لەوانە پیس نەبوو کە دەیانویست لە خوێندن زۆر دوور بڕۆن و لە ژیانیان سەرکەون، بە پشت بەستن بە زمانی ڕەسمی کە لەلایەن ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکان فەرز کرابوو. ڕاستە ئەو مەلایەی دەرسی پێ دەگوتین زۆر دڵ ڕەق بوو و گاڵتەی نەدەزانی و زۆر شێلگیر بوو، لە ناوچەکەش بەمە ناسرابوو، بەڵام بەزمانێک قسەی لەگەڵ دەکردین کە وەک خوێن لە ناو هەناومان دەهات و دەچوو، زمانێک بوو هی گەڕەک بوو، زمانی باوک و دایکمان و باپیرانمان بوو. (مەبەستی کوردییە- و). لەگەڵ ئەو (مەلا)یە هەمووشتێک سانا بوو. پێنج ڕۆژ لەسەریەک دەمانخوێند، ئەمەش وەکو ئەوە وابوو ئێمە جووچکەی ئەو بین و ئەویش بەدەنووک مشوورمان بخوا.

باسی خودای بۆ دەکردین، باسی فریشتەکانی بۆ دەکردین، پەیامبەرەکانی، بە چەشنێک باسی ئەمانەی دەکرد، وەک ئەوەی ئەمانە ئەندامێکی خێزانی خۆی بووبن. ئەوەندە بە وردەکارییەوە باسی بەهەشتی بۆ دەکردین وەک ئەوەی شوێنی دانیشتنی دایمی خۆی بووبێ. حەزی ئەوەی لا دروست دەکردم بچمەوە بۆ بینینی، بەتایبەتی بۆ بینینی سافییە، خەونم بەوەوە دەبینی لەگەڵ ئەو لەناو دیمەنێک خۆم بزر بکەم کە تێیدا ڕووباری هەنگین و شیری لێ بڕژێ، بێ پایان هەر کاتێ ویستت خۆت تێرکەی. بێ هیچ گرینگیدانێک بە ڕواڵەت، مەلاکەمان گەلێ ساغ بوو، وەک سەموونێکی جوان بوو تازە لە فرنی هاتبێتە دەرەوە و لەناو کەرە و نقیشکت نابێ و ئینجا هەندێ پۆدرەی شەکرت بەسەردا کردبێ، ئەوها بوو. کاتێ کە دەرسی خۆم بە باشی دەخوێندەوە و بایەخم بە خوێندنەوە و لێکدانەوەکانی ئەو دەدا، چیم داوا کردبا نەیدەگوت نا. سەرەنجام لەبەر ئەوەی جورئەتم نەدەکرد داوای لێ بکەم سافیەی جوانی ئاسمانیم بۆ بێنێتە تەنیشتم، حوجەتم دەدۆزییەوە، کە تەنگاوم و دەبێ دەرچم. لەگەڵ هاوڕێیانی گەڕەک یانیش بە تەنیا، بە ڕاکردن دەچووینە سەر ڕووبار کە هەردەم هاوینان وشکی دەکرد، هەندێ جاریش تا لای گۆڕستان و قەسابخانەی باشووری شار دەچووین.

هەرچی باوکە کاتۆ بوو، ئەویشم خۆشدەویست، بەڵام لەگەڵ ئەو، هەمان شت نەبوو. ڕاستە ئەو چوکلێتی دەداینێ، وێنە و خەڵاتی دەداینێ لە دەفتەرەکانمان چەسپ دەکرد، بەڵام ئەویش بە هەمان عینادی وەکو مامۆستاکانی تر بە زمانێک قسەیان لەگەڵ دەکردین کە زمانی ئێمە نەبوو. باش دەیبینی کە عەرەبی زمانێک نییە بۆ ئێمە بشێ، کێشەمان بۆ دروست دەکا لە تێگەیشتن. بە یارمەتی مامۆستاکەمان، مەلا ئەحمەدێ حەربی، دەمتوانی کەموزۆر عەرەبی بخوێنمەوە و خۆشم بوێ، بەڵام بەمەندە زمانە بتوانم ڕستە بە توانای خۆم دروست بکەم، شتێک بوو لە سەرەوەی تاقەتی من. پاشانیش، سەرەڕای ئەم هەموو زارە جیاوازانەی زمان، عەرەبی قورئان زۆر جیاواز بوو لە عەرەبی کتێبی خوێندن، ئەمەش جیاواز بوو لەگەڵ زاری ماردینلی ناوچەکە، ئەمەش لەلایەن خۆیەوە جیاوازبوو لە زمانی پۆلیس و ژاندارم و فەرمانبەرەکان و هەرکەسە بە گوێرەی ئەو شوێنەی لێی هاتبوو. ئەمەش بۆ سەرێکی بچکۆلەی کوردی وەک هی من لەغز و نهێنییەکی ئاڵۆز بوو.

**سەرنج:**

**ئەگەرچی لە هیچ ژمارەیەکی (١٤٥) ژمارەی گۆڤارەکەمان، بەشێک یان فەسڵێکی ڕۆمانێکی کوردیمان بڵاو نەکردووەتەوە، بەڵام لەبەر گرنگی ئەو ڕۆمانە و بۆ ناساندنی بە خوێنەران ئەو بەشەمان بڵاوکردەوە.**

**«ڕامان»**



**هۆمەر دزەیی:**
**ئاوازێک خۆش بوو ناسنامەی نەتەوەیی نامێنێ..**
**لە ئاوازدانانیشدا ئێمە هەمەچەشنیمان نییە**

**هەڤپەیڤین:**
**ئازاد عەبدولواحید**
**(٢ - ٢)**

هۆمەر دەزیی ناوێکی درەوشاوەیە لە دنیای هونەری گۆرانیدا، خاوەنی ستایلێکی تایبەتە لە گوتندا. یەکێکە لەو گۆرانیبێژانەی لە تەک قادر دیلان و شەماڵ سائیب و فوئاد ئەحمەد و باکووری هەوڵی داوە گۆرانی کوردی نوێ بکاتەوە. دەرچوون لە قاڵبی گۆرانی فۆلکلۆری کە گوێچکەی بیسەری کوردی لەسەر ڕاهاتبوو، لەو کاتانەدا کارێکی هەروا ئاسان نەبوو کاتێ هونەرمەندێک دەیەوێ ڕێچکەیەکی نوێ بگرێتەبەر.

هۆمەر دزەیی سەرەڕای وتنی گۆرانییەکانی بە ستایلێکی نوێ، خاوەنی باکگراوەندێکی ڕۆشنبیری و هونەری چاکیشە کە زەمینەی بۆ نوێ کردنەوەی گۆرانییەکانی خۆش کردووە، هەر بۆیەش هەڵبژاردنی تێکستی شیعرەکان و ئاوازەکانی خۆی زۆر بە وردی ئەنجام دەدات.

ئەم هونەرمەندە ئەگەرچی دەمێکە خەریکی کاری هونەرییە، کەچی لەچاو ئەو مێژووە دوور و درێژەی لەو بوارەدا هەیەتی بەرهەمی کەمە، بەڵام بەرهەمەکانی بەرهەمی چاک و جۆرەکین، بۆیەش لەناو دڵ و دەروونی گوێگران جێگەی خۆیان کردووەتەوە و زوو لەبیر ناکرێن.

دەمێک بوو دەمویست بۆ گۆڤاری ڕامان گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی لەگەڵ تۆمار بکەم، ئەم دەرفەتە نەدەڕەخسا تا بەم دواییانە توانیم لە هەڤپەیڤینێکی دوورودرێژدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک پرسیاری بکەمەوە، فەرموون باپێکەوە وەڵام و بیروڕایەکان سەبارەت بەو پرسە گرنگانە بخوێنینەوە.

**رامـان:** له سـەرەتای سـەرەتاوە تا ئێـسـتـا ژمـارەی گۆرانییە تۆمارکراوەکانت گەیشتووەتە چەند گۆرانی؟

**هۆمەر دزەیی:** تۆمارکردنم بۆ TVی بەغدا تا سالّی ١٩٧٤ پێنج- شـەش گـۆرانی بوون، بەلاّم بۆ TV کـەرکـووک، شـەش- حـەوت گـۆرانی بوون. ئەوەی لێ دەرکەی کە لە ستۆدیۆ تۆمارکراون، ئەگینا ئەوانی دی هەموویان ئی کۆنسێرت و نەورۆز و بۆنەی تایبەتی بووە کـە تەلەفـزیۆن لەوێ بووە و تۆمـاریان کـردوون. گـۆرانی باخـچـەی پاشـا و گـولّی خـوێناوی و جـوانی بێ ناو و ئەمـانە هی کـۆنسـێرتن، بۆیە کـە لێ دەدرێن (کوالیتییەکەیان) زۆر باش نییە، چونکە ئی ستۆدیۆ نییـە. هۆلّێکی گـەورەیە هەزار کـەسی لێـیـە، چەپلـە لێدەدرێ، بەلاّم ئێـسـتـا بەم دواییـانە کـە هاتوومـەتەوە کوردستان، خەریکم لەگەلّ دوو گرووپ، یەکیان گرووپی (عەبدوللاّ سەگرمە)، گرووپی دووەم (سەهەند) لەگەلّ ئەمـانە وا خـەریکی مـەشق و ڕاهێنانین و لەوانەیە دە- پازدە گۆرانی دیکەش تۆمار بکەین.

**رامـان:** لەناو ئەو هەمـوو تیـپـە هونەریانەی ئەمـڕۆ لە کـوردسـتـاندا هەن، هەر شـارێـک تیـپی هونەریی خـۆی هەیە، کـام تیـپـە زیـاتر سـەرنجی تۆی ڕاکێـشـاوە و حەز دەکەی لەگەلّ کامیان پتر ئیش بکەی؟

**هۆمەر دزەیی:** تەنیا لەگەلّ دوو گرووپ ئیشم کردووە کە باسم کردن و هەردووکیشیان لە سلێمانین.

**رامـــان:** ئـەوانە کـــاری دابـەشکردن و پێــشــەکی مۆسیقاییت بۆ دەکەن؟

**هۆمەر دزەیی:** هەمووی خۆیان دەیکەن، هەرچەندە من نالّێم سـەد لەسـەد لە ئیـشـەکـە ڕازیم، چونکە لەوانەیە خـۆشـتـر بوایە، یان سـەرکـەوتووتر بوایە، بەلاّم بۆ ئێـرە باشە، خراپ نییە.

**رامـان:** هەر لێـرەوە دەلّێم لە ئاوازدانەرە کـوردەکـان کامەیانت بەدلّە؟

**هۆمەر دزەیی:** بۆ ئاوازدانەرمان هەیە؟!

**رامـــان:** هەندێک ئاوازدانەرمـــان هەن، هەندێکی دیکەیان بە سـەلیـقـە- (سـمـاعی)- ئیش دەکـەن، تۆ بەرانبەر بەو ئاوازدانەرانە دەلّێی چی؟

**هۆمەر دزەیی:** بەش بەحالّی خۆم هەروەک پێشتر باسم کرد، کە ویستم بەشێوەیەکی ئەکادیمی موزیک بخوێنم، بەلاّم ڕێگا نەبوو، ڕێگر هەبوو، بۆیە ئەو قـسـانەش کـە



**ڤیەنا - ١٩٥٩**
**کۆمیتەی بەڕێوەبەری قوتابییانی کورد لە ئەوروپا**
**لە ڕاستەوە: هۆمەر دزەیی، کەمال فوئاد، عیسمەت شەریف وانلی، سەعدی دزەیی (برای هۆمەر)، کاووس قەفتان**

دەکـەم باکگراوەندێکی مـوزیکی ئەکـادیمیم نییـە، بەلاّم ئاوازیشم داناوە.

**رامان:** تۆ بەگـشـتی لەنێـو ئەو ئاوازدانەرانەی هەمـانن باکووری، کەریم کابان، فوئاد ئەحمەد، خۆت و زۆرکەسی دی ئاوازتان داناوە، لە کاتێکدا ئەکادیمیش نەبوون، بەلاّم هەر بە فـیتـرە و بە سەلیقە داتانناوە، بە گشتی بیروڕات سەبارەت بەو ئاوازانە چییە؟

**هۆمـەر دزەیی:** بەگـشـتی هەندێک شت باشـە خـراپ نییە، بەلاّم ناتوانم بلّێم ئاوازدانەری بەڕاستیمان هەیە.

**رامان:** واتە هانیـان نادەیت و پشـتگیرییـان لێ ناکـەی ئاواز دابنێن؟

**هۆمـەر دزەیی:** نالّێم هانیـان نادەم! خـۆ کـەس نـاتوانێ ڕێگە لە کەس بگرێ با هەرکەسە و بەهرەی خۆی پیشـان بدا، مـەبەسـتی من لێرەدا شـتێکە ئەویش ئەوەیە ئێـمـە هەمەچەشنی و جۆراوجۆریمان لە ئاوازدا نییە. واتە یەک مۆنۆتۆنە، یانی برگەیەکە دووبارە و سێ بارە دەکرێتەوە، وە نەبێ وەک گـۆرانی فـارسی و ڕۆژئاوایی پێـچـوپەنا و هەوراز و نشـێـوی هەبێ، نەبوونی ئەو جـۆراوجـۆرییـە وا دەکا منداڵێکیش بتوانێ شـتێـک کە گـوتراوە دووبارەی بکاتەوە و هەر هەمـان ئاواز و دیسـان هەر هەمـان ئاواز، کۆرسیش بۆی دەگێـڕێتەوە، ئەوە پێی نالّێن ئاواز، ئەوە ئاواز نییە، واتە ئەگەر ئاوازیشی تێدا بێ زۆر زۆر کەمە و زۆر سادەیە. بۆ وێنە قـژ کـالّی لێـو ئالّی و باخـچـەی پاشـا زۆرکـەس دەلّێن (ڕەفـیق چالاک) دایناوە، بەلاّم وانییـە. زۆرکـەس دەلّێن (قـادر دیلان) دایناوە، خـۆشی

هەر ئیدیعای ئەوەی دەکرد، بەڵام وانییە، لە پاشان (ئەحمەد دڵزار) بۆی ڕوون کردینەوە کە ئاوازەکان ئی کێیە، چونکە ئەو ئاوازە، ئاوازێکی نوێ بوو گۆڕانکاری زۆری تێدا بوو، لێرە دەڕۆیشتی پاش دەمێکی دیکە پێوەندی بە ئاوازەکەوە نەبوو، پاشی دەمێکی دیکە دەگۆڕا، دیسان هەر دەگۆڕا، بەڵام ئاوازدانەرەکانی ئێمە، بۆیە دەڵێم ئاوازدانەرمان نییە، ئاوازەکانیان ئاواز نییە، ئەوە شتی میللییە. کە تۆ شتێک بڵێیت، بۆ وێنە حەسەن زیرەک دەنگی چەند خۆشە، هەموو کەس خۆشی دەوێ و دەنگی خۆشە و ئاوازەکانیشی خۆشن، بەڵام شتەکان دووبارەبین، یەک ئاوازە و سەد جار دووبارە دەبنەوە و وێنەیەکی وای تێدا نییە. ئەمانە بەگۆرانی جددی و سەنگین حسێب ناکرێن. ئەمانە گۆرانی سووکن.

**ڕامان:** مەبەستت سووکەڵەیە؟

**هۆمەر دزەیی:** بەڵێ سووکەڵەیە و ئی ڕۆژانەیە، ماوەیەک لەسەر زاری خەڵکن و پاش چەند ساڵێک نامێنن، بۆیە دەڵێم ئاوازدانەری بەراستیمان نییە.

**ڕامان:** ئێستا دەنگی کچان و ژنانیش ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو زیاد بوون دەڕۆن، لە بواری گۆرانی گوتندا ئەوانە چۆن دەبینی؟ کام دەنگ لەنێو هەموو ئەوانە زیاتر خۆی سەپاندووە و سەرنجی تۆی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە؟

**هۆمەر دزەیی:** زۆرم پێ خۆشە کە دەنگ خۆشی ژن زۆر بن، چونکە تا ئێستا کۆمەڵی ئێمە وەک پێشتر باسمان کرد ڕێگر بووە لەوەی ئافرەت گۆرانی بڵێ، هەرچەندە لەکۆندا هەیە، وەکو مریەم خان و ئەمانە. ئێستا دەنگ خۆشی زۆر باشمان هەیە و ئاوازەکانیشیان خۆشن، نازانم کێ بۆیان دادەنێ، بەڕاستی ئی (لەیلا فەریقی) تەنەوعێکی باشی تێدا هەیە. ئی (چۆپی) هەمان شت، ئی (ژاڵە)م زۆر پێ خۆشە، ئی گۆرانیبێژەکانی تورکیا (نیلۆفەر) کە زازایە و بەکرمانجیش و زازاییش دەیڵێ، (ڕۆژین ئاینوور) زۆر خۆشە، (زەلال) زۆر خۆشە. (فاتێ) بۆ لاوک و شتی وا تا بڵێی دەنگی خۆشە.

**ڕامان:** هەندێک گۆرانی کوردیمان هەیە بە تێپەڕینی ساڵ کۆن نابن، نەوە دوای نەوە ئەو گۆرانییانە بە نەمری دەمێننەوە، بەڕای تۆ ئەو نەمر بوونە نهێنییەکەی لە دەقەکە، یان لە ئاوازەکە، یان لە چیدایە؟

**هۆمەر دزەیی:** ئەوە هەر لە کوردیدا نییە، لەناو هەموو کۆمەڵی دنیادا شتی وا هەیە، گۆرانی لە ئەمریکا لە ئیسپانیا، لە ئیتاڵیا، گۆرانییەکانی پەنجاکان و تا ئەندازەیەکی کەمێک پێشتریش لە چلەکان، ئەمانە بەڕاستی هەندێ گۆرانی نەمرن، ئێستا هەرچی گۆرانیبێژەکان دەیکەن ئەو جۆرە گۆرانییانەیان بۆ نایەتەوە کە لە پەنجاکان لە ئیتاڵیا، لە فەرەنسا دەگوتران. لەناو کوردیشدا هەمان شت. لە عەرەبی زەمانی فەرید ئەترەش و عەبدولوەهاب و لە فارسی ئی (دلکەش) و (مەرزیە).

**ڕامان:** دیارە دیاردەکە جیهانییە؟

**هۆمەر دزەیی:** بەڵێ دیاردەکە جیهانییە، سەردەمێکە، ئەو سەردەمە دیارە چلەکان و پەنجاکانە کە جۆرە بەهرەیەکی تایبەتی هەبووە، من نازانم بۆچی، بەڵام گۆرانییەکانی ئەو سەردەمە بە نەمری ماونەتەوە و تا

## من لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە ڕێچکەکەم شکاند و بوومە دژە باو

ئێستاکەش خەڵکەکە هەر پێی خۆشە.

**ڕامان:** بەم قسانەترا دیارە پاساوێکی وات نییە؟

**هۆمەر دزەیی:** ناوەڵڵا من یەک لێکدانەوەم هەیە ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، ئێمە بەخۆمان لە پەنجاکان گەنج بووین، ئەوکەسەی حەزی لەو گۆرانییانەیە جۆرە نوستالژیایەک دەیباتەوە بۆ ئەو ڕۆژگارەی ئەو گۆرانییەی تێدا دەگوترا، خۆی تەمەنی ١٧، یان ١٨ ساڵ بووە و حەزی لە کچێک کردووە، گەنجی خۆی و حەزحەزۆکی خۆی و ئەو گۆرانیانە پێکەوە دەبەستێتەوە و ئێستاکە حەفتا ساڵە کە گوێی لەو گۆرانیانە دەبێ هەرزەکاری خۆی وەبیر دێتەوە، بۆیە ئەوانەی لەلا نەمرن، لەوانەیە بۆ خەڵکی دیکە وانەبێ، ئەو وەختەی پیر بوون، بۆ ئەو وایە. زۆر گەنجیش هەیە پێی خۆشە، بەڵام بەگشتی پێم وایە هۆیەکی سایکۆلۆژیکی هەیە. ئێستا ئێمە ناڵێین پاشاگەردانی؟ ئەو گۆرانییە ناخۆشانەی ئەوڕۆ ئەگەر بۆ پیرەکانی ئەمڕۆ ناخۆش بن، لەوانەیە پاش ٥٠ ساڵی دیکە ئەو کوڕەی کە ئەوڕۆکە ٢٠ ساڵە گوێی لەوە دەبێ، لەوانەیە ئەویش بڵێ خۆش بوو و لەگەڵ ئەو گۆرانیانەی

ئەورۆ یادەوەری کۆنی هەیە و خۆی وەبیر دەکەوێتەوە، ئەوکاتە دەڵێ گۆرانی دوو هەزارەکان چەند خۆش بوون. لەوانەیە وابڵێ، بۆیە من پێم وایە شتێکی سایکۆلۆژییە و پێوەندی بە تەمەنەوە هەیە.

**ڕامان:** بمانەوێ و نەمانەوێ لەپاش کۆچی دوایی کۆمەڵێک هونەرمەندی گەورەی کورد وەکو عەلی مەردان و سێوە و تاهیر تۆفیق و محەمەد عارف جەزراوی و حەسەن جەزراوی و عەلی ئەسغەری کوردستانی و...تاد. بۆشاییەک دروست بووە، ئەوانە خەڵکانێکن کە جێ دەستیان دیارە. بەلای ئێوەوە ئەو بۆشاییە چۆن پڕ دەکرێتەوە؟ ئەگەر نا تۆ پێت وایە کەسێک هەبێ توانیبێتی لە پاش ئەوانە کەلێنێکی بچووکیش بێ پڕ بکاتەوە؟ ئەو کەسە، یان ئەو کەسانە کێن؟

**هۆمەر دزەیی:** پڕ کردنەوەی بۆشایی بەدەست ئێمە نییە، کە بواری بۆ بڕەخسێنین تا ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوە، گۆرانیبێژ و دەنگ خۆش هەڵدەکەون، بە بڕیاری من و تۆ و بەهاندانی من و تۆش نییە. لە هەموو دەور و زەمانێکدا دەنگخۆش پەیدا دەبێ وەکو بەهار کە بەسەرچوو، گوڵاڵە سیس دەبن و دەوەرن، بەڵام ساڵێکی دیکە لەوانەیە گوڵی لەوە جوانتریش پەیدابن. ڕۆژگار ڕێچکەی خۆی دەگرێت و بەهاریش هەمیشە بەگوڵ و کولیلکی تازەوە دێتەوە مەیدانێ. دنیای هونەریش وایە، جاری وایە دەڵێین ئێمە گۆرانیبێژی وامان هەبووە قەت جارێکی دیکە شتی وامان نابێتەوە، من دەڵێم نەخێر دەبێتەوە. (پاڤارۆتی) مرد پێش (پاڤارۆتی) (بنیامین جیلی) هەبوو، (کاروزۆ) هەبوو، گۆرانیبێژی گەورە گەورە هەبوون. بۆیە دەبێتەوە، بەڵام پێویست ناکات تۆ بواری بۆ بڕەخسێنی، هەر بەخۆی هەڵدەکەوێ.

**ڕامان:** دیاردەیەک لە گۆرانی شاردا هەیە، ئەو گۆرانیانەی کە لە شاردا دەگوترێن زۆریان بریتین لەباوکەڕۆ و گریان و فیغان و غەم و واوەیلا، ئەو دیاردەیە لە چییەوە هاتووە؟

**هۆمەر دزەیی:** شارەکانی کوردی، یانی بە پێچەوانەی لادێ؟

**ڕامان:** گۆرانی گوند ڕیتمێکی خێرای هەیە، لەگەڵ شاخ و داخ و سروشتەکەی دەگونجێ، بەڵام ئەو گۆرانیانەی لە شاردا دەگوترێن خاو و هێدین و زۆرتر شین و واوەیلا و ئەمانەن.



میونخ - ١٩٦٠

**لە ڕاستەوە: هۆمەر دزەیی، کچە ئەڵمانییەک، حەمە جەلال ساڵح، کچە ئەڵمانییەک، هیوا مستەفا بەهجەت، ئەرجومەند سدیق، عەلی دزەیی**

**هۆمەر دزەیی:** من وای نابینم، من شتەکە بە تەواوی بە پێچەوانەوە دەبینم.

**ڕامان:** چۆن؟

**هۆمەر دزەیی:** ئێمە دوو کولتوورمان هەیە، لە کوردەواری و لە هەموو دنیا ئاوایە، کولتووری شار و کولتووری لادێ، ئەو دوو فەرهەنگەش لە تەواوی دنیا تارادەیەک دژی یەکترن. خەڵکی شار هەموو شتێکی لادێیی پێ دواکەوتنە، ئەوە هەر لێرە وانەبووە لە ئەورووپاش وابووە، ئێستا نا، بێ گومان باسی کۆن دەکەم، ئێستا دنیا گۆڕاوە و شار و لادێ تێکەڵ بووە. ئەوانیش جووتیاریان پێ دواکەوتوو بووە. با بێینە سەر باسی کوردەواری، خەڵکی شار گۆرانی گوندانیان پێ چ نەبوو، جلوبەرگی گوندییانیان کە کوردی بووە پێ دواکەوتوویی بووە، خواردنی دەشتیان کە کفتە و دۆینە و ساوار بوو، زمانی لادێیان پێ زمانێکی دواکەوتوو بوو، بە پێچەوانەی ئەمەش، خەڵکی لادێش گۆرانی شاریان پێ قوون بادان و ئارەق خواردنەوە و چەقەنە لێدان و هەڵپەڕین و سەرخۆشی بووە. گۆرانییەکی سووک و بێ مانا کە زۆر بە سووکی باس لە حەز لێکردوویی دەکەن، نەک بە سەنگینی کە لەلاوک و حەیران و بەیتدا هەیە. ئەوە لادێ. مەسەلەیەکی کوردی باو هەیە دەڵێ: «مانگەشەوە، تەقەوتەوە، گۆرانە حیزە چاو لەخەوە.»

(کورد و گۆران) گۆران خەڵکی شار بوون و کوردەکەش خەڵکی لادێ بووە. ئیتر من پێم وایە بە پێچەوانەوە گۆرانی لادێ زۆر سەنگین و لەسەرەخۆ و هێمن بووە، ئەگەر فۆلکلۆرەکەی لێ دەربێنین کە ساوار کوتان و شتی

ئاوای تێدایە، دەنا گۆرانی دیکە هیچی بە پەلە نەبووە، چونکە قـــوون بادانی لەگـــەڵ نەبووە، بەڵام هی شـــار ریتمێکی خێرای هەبووە.

**رامان:** گۆرانی ریتمی خێرا لەگەڵ شایی و هەڵپەرکێ گـوتراوە و ئی ناوچەکـانی دەرەوەی شـارە، کـە شـایی و رەشبـەڵەکـیـان دادەبەست، حـەوت شـەو و حـەوت رۆژ دەگوترا و لەگەڵی هەڵپەرکێ و شایی ساز دەکرا، لەگەڵ ئەوانەی ئێـســتــا لـە شـارەکـاندا هەن جـۆرە غـەم و نائومـێدییـەکی زۆری پێـوەیە، پێت وانییـە ئەو غـەمـە پێوەندی بە کۆنەستەوە هەبێت، کە کورد بەدرێژایی مێژوو لە نەستیدا کەڵەکە بووە و ماوەتەوە، ئەو هەمـوو قڕ کردن و کـوشتن و بڕین و سـەرکـۆنەکـردن و لە ناوبـردن و.. تاد ئەمەی دروست کردبێت؟

**هۆمەر دزەیی:** ئەمە بە سیاسەت کردنی هونەرە، ئێمە لە خـۆمـانەوە دروسـتـمـان کـردووە و بە زۆر هەوڵ دەدەین بەرگێکی سیاسی ناسیونالیزمی بکەینە بەر. من باوەڕم بەم بۆچوونە نییە. کورد مەزڵووم بووە، کورە زۆر میللەتی دنیـا وەک کـورد مـەزڵووم بوونە، ئێـمـە دەمـانەوێ فـێڵ لەخۆمان بکەین، چونکە گوایا کـورد لە مێـژوودا دەست بەسەر بووە، بۆیە گۆرانییەکانی غەمگینن. خۆ هەستی نەتەوەیی لای کـورد ١٠٠ سـاڵ لـەوە پێش نەبووە تا ئەو گریان و فـیـغـانە هەبێ، ئایدیۆلۆژی ناسیونالیزمی کورد هەمووی ٧٠، ٨٠ ساڵ تەمەنیەتی. خۆ گەلانی ئەمریکا ئەوەندەی هەن هەر کۆیلە بوون، کەچی گـۆرانییـەکـانیـان هەمـــووی ســەمـــا و قـــوون بـادانن. بەلای منەوە ئەمـە لێکدانەوەیەکی زانستیانە نییە.

**رامـان:** ئەی باشـە سـەرچاوەی ئەو دیاردەیە لەکـوێوە هاتووە، سـەرچاوەی ئەو دیاردەی خـەم و شین و واوەیلایە چییە؟

**هۆمەر دزەیی:** ئی رۆژهەڵات هەمووی وایە، تۆ برۆ ناو بەدوو خـۆ ئەوان لەوپەڕی ئازادیدا دەژین. هی ئەوانیش وایە هەر ئی کـورد وانییـە، ئەمـە شتێکی رۆژهەڵاتییـە، پێم وایە پێوەندی بەعاتیفەی گەلانی رۆژهەڵاتەوە هەیە.

**رامـان:** زۆر چاکـە منیش بیـروڕای تۆم لەو بارەیەوە دەوێ، بۆیە پرسیار دەورووژێنین تا بۆچوونەکانت بزانین.

**هۆمـەر دزەیی:** من پێم وانیـیــە ئەوە تایبـەت بێ بە کورد.

**رامان:** لەکوردستـانـدا کـۆمـەڵێک ئامـۆژگـای هونەرە جوانەکـان هەن، ئەوەی پێی دەڵێن پەیمانگا، من پێم وایە ئامۆژگا راستترە، ئامۆژگای هونەرە جوانەکان لەکۆیە، لە رانیە، لە دهۆک، لە هەولێر، لە سلێمانی، لە زۆر شوێنی دی کراوەتەوە، کار وا بڕوا رەنگە ژمارەیان زیاتریش بێ، لەناویاندا خـەڵکانێکی زۆر هەن کـە لاون، ڕوو دەکـەنە ئەو پەیمانگایانە، لەوێ بەشی مۆسیقا و گۆرانییـان هەیە و تێـیدا خـەریکی خـوێندن دەبن، تۆ بەگشـتی پێت وایە ئەو پەیمانگایانە خزمەتی هونەر بکەن، بەتایبەتی خزمەتی ئەو لاوانە، ئەو پەیمانگایانە چەندە دەتوانن بەهرەی نوێ بدۆزنەوە و بیناسـێنن، ئایا لەو ئامـۆژگـایانەدا دەکـرێ هونەرمەند بۆ پاشەڕۆژ پێبگەیەنرێ؟

**هۆمەر دزەیی:** جارێ با لە باری زمانەوانییـەکە دەست پێ بکـەین پەیمانگا، یان ئامــۆژگــا، من باوەڕم بەهیچ یەکـێک لەو دوو وشـەیە نییـە. پەیمانگا لە عـەرەبییـەوە هاتووە، پەیمان یانی (عـهـد)، (معـهـد) لە (عـهـد)وە هاتووە و کوردییەکەشمان کردۆتە (پەیمانگا)، ئامۆژگاکە نازانم لە چیــیـەوە هاتووە، ئامــۆژگــارییـە نازانم، بەڵام پەیمانگا بە ڕاسـتـی هیچ مـانای نییـە، وەکـو پارێزگـاو پارێزگـار و (محـافظة) و ئەمـانە. بەهەرحـاڵ بەڕای من ئەنیسـتـیـتـۆکە زۆر باشـترە، بەڵام تازە ئەوە ڕۆیشـتـووە و کـەس بە گـوێمـان ناکـات، ئەوە لایەنە زمـانەوانییـەکـە، لایەنەکەی دیکە هەرچەند ئەو ئامۆژگایانە زیاد بن باشە، بەڵام بە مـەرجـێک بەرنامـەیەکی زانسـتـیـیـان هەبێ، بەرنامـەیەکی داڕێژراوی زۆر تێروتەسـەلیـان هەبێ، دەبێ سـوود لە پەیمانگاکـانی ئەوروپا وەربگرین، دەبێ ئەوەی ئەو پەیمانگایانە بەڕێوە دەبات، یان ســەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری بن...

**رامان:** خۆیان سەر بە وەزارەتی پەروەردەن.

**هۆمەر دزەیی:** بەڵێ وەزارەتی پەروەردە دەبێ پێوەندی بکا بە هاوتاکـانیـان لە وڵاتانی ئەوروپا بۆ ئەوەی بزانێ ئەوان چ بەرنامـەیەک بۆ خـوێندکـارەکـانیـان دادەڕێژن، چییـان فـێـر دەکەن، لە چییـەوە دەست پێدەکەن؟ ئێمە لەخۆمانەوە دەست پێ نەکەین، ئەمە هات، یان کەمانچە یان عـوودی فـێـربکەم و تەواو بوو بڕایەوە، لەوێ بەشی دەنگیش هەیە کـە چۆنیـەتی پەروەردەکـردنی دەنگ پێی دەڵێن (وێس ئیجوکەیشن)، لە پاشان مێژووی گۆرانی خۆمـان ئەگـەر بەڵگە و شـتـمـان وەدەست بکەوێ، دەبێ بزانن بەیت چییە، بزانن ناوەرۆکەکەی چییە، ئاوازەکەی

چۆنە، ئینجا لاوک، حەیران، قەتار و ئەڵڵاوەیسی و سیاچەمانە، هۆرە سیاچەمانە وەک من خوێندوومەتەوە و بیستوومە ئەمانە هەموویان گۆرانی ئاییینی زەمانی زەردەشتەکانن، هۆرە لە خۆرەوە هاتووە. خۆشت دەزانی خۆر ڕەمزی زەردەشتییەکانە. سیاچەمانە لە چاوڕەشەکانەوە نەهاتووە لە سیاجامانەوە هاتووە، یانی بەرگ ڕەشەکان، جامە بە فارسی کۆن و بە ئی ئێستاش واتە جلوبەرگ. گوایا موغەکان لەسەردەمی زەردەشتی هەموویان جامەیەکی ڕەشیان لەبەر بووە و دەچوونە بەردەمی ئاتەشکەدەکان و ستایش و خواپەرستییان دەکرد. مۆمیان بەدەستەوە بوو، ئاگریان بەدەستەوە بوو، جامەیەکی ڕەشیان لەبەردابوو، بۆیە ئەم ئاوازە تقووسی ئاییینییە، (سیاچەمانە) ئی زەمانی زەردەشتییەکانە کە پێی دەڵێن سیاچەمانە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە دەبێ مێژووی گۆرانی بخوێنن. من ئەم تێبینییەم لەسەر سیاچەمانە لە دکتۆری بەڕێز کاک حەمەدەمین هەورامانییەوە بیستووە، ئەمە لێکدانەوەی ئەوە.

**رامان:** جا پێت وایە ئەوانەیان نەکردووە؟

**هۆمەر دزەیی:** تا ئێستا سەردانی هیچ پەیمانگایەکم نەکردووە، یان تەماشای بەرنامەی خوێندنیانم نەکردووە، بەڵام ئەوەندەی بزانم باسی لاوک و حەیران ناخوێندرێ.

**رامان:** ئەدی سەبارەت بە ناساندنی بەهرەی گەنجان؟

**هۆمەر دزەیی:** ئەوە خۆی هەڵدەکەوێ، کە قوتابییەکان لەوێ دەخوێنن، هەندێکیان لێهاتوو دەبن و لەناو ئەوانەی دیکە دیارتر دەبنەوە. ئەوانیش دەبێ هانی بدەن و ڕێکخراوی دیکە هەیە کە گوێیان لە دەنگی دەبێت، دەبێ ببیەن و دەری بخەن. شتەکە بەخۆی هەڵدەکەوێ.

**رامان:** ئێمە تا ئێستا بۆ مۆسیقای خۆمان مێژوویەکمان دیاری نەکردووە، هەندێک دەڵێن ئێمە مۆسیقامان نەبووە هەر گۆرانیمان هەبووە، هەندێک دەڵێن ئەو مێژووە لەگەڵ پەیدابوونی میللەتی کورد دەبێ هەبێ، میللەتی کوردیش وەکو هەموو میللەتێکی دیکە کە سەری هەڵداوە ئەویش مۆسیقای خۆی هەبووە. باشە ئەگەر بمانەوێ مێژووی گۆرانی و موزیکی خۆمان بنووسینەوە، بەڕای تۆ ئەو مێژووە لەکوێوە دەست پێ دەکات؟

**هۆمەر دزەیی:** ئەمن نازانم لەکوێوە دەست پێ دەکات.

**رامان:** هەوڵت نەداوە بیزانی و پێی بگەی؟

**هۆمەر دزەیی:** نا هەوڵم نەداوە، واتە بیرم لێ کردۆتەوە، بەڵام هەوڵم نەداوە شتی لەسەر بنووسم. هەروەک گوتم و ئێستەش دەیڵێمەوە خۆم لە قەرەی شتێک نادەم کە بەڵگەم بەدەستەوە نەبێ. نایەم سەربەخۆ کتێبێک بنووسم، یان دیراسەتێک بنووسم، یان وتارێک بنووسم، بەڵام حەز دەکەم دوو شت بڵێم، گۆرانی کوردی وەک ئەوەی تێبینیم کردبێ، موزیکی لەگەڵدا نەبووە. تەنانەت لە ئەورووپا گۆرانییە ئاییینییەکان کە لەکڵێسا بەکارهاتوون موزیک لەوێ قەدەغە بووە، لە کوردیشدا موزیکمان بە تەنیا هەبوو، شمشاڵ و بلوێر هەبوون. ئەم دووانە ئامێری زۆر کۆنی کوردین، ناڵێم هەر کوردین، با ئێمەش وەک عەرەب زێدەڕۆیی نەکەین و بە هەموو شتێک بڵێین ئەم ئامێرە کوردییە. مەبەستی من موزیکی ئامێری جیا بووە لە گۆرانی و شتی وا. ئامێرەکانمان بە زۆری، یان شمشاڵ بووە، یان بلوێر. بلوێر و شمشاڵ جیاوازییان هەیە، بلوێر قامیشە، شمشاڵ (تووجە) لە مەعدەن دروست کراوە، نایەش هەیە. ئەمانە بۆ گۆرانی هەمیشە گۆرانیبێژ بە تەنیا گوتوویەتی، لەوانەیە دوو گۆرانیبێژ بە جووتە دەنگیان تێکەڵ بە یەکتری بووە، هارمۆنی و شەپۆلێک پەیدا دەبوو. یەکیان دەیگوت و ئەوەی دیکە دەیگێڕایەوە.

**هارمۆنی لە گۆرانی کوردیدا هەبووە، بەڵام بە دەنگ تێکەڵ بوون**

هارمۆنی لە گۆرانی کوردیدا هەبووە، بەڵام بەدەنگ تێکەڵ بوون. وشەی لیریک لە چیییەوە هاتووە، لە لیرەوە هاتووە، لیر ئامێرێکی موزیکی گریکی بووە وەکو چەنگی ئێستا، بەڵام بچکۆلە بووە کە بەعەرەبی پێی دەڵێن قیثار. ئینجا ئەو لیرە کە یەکێک لیرەکەی لێدەدا یەکێکی دیکە چەند وشەیەکی دادەنا کە لەگەڵ ئەو لیرەیەدا بگوترێ، بۆیە بەو شیعرە سادەیە دەگوترا لیریک، جا ئەو شیعرە هەر ماوەتەوە. شیعری سادە کە بۆ گۆرانی دادەنرێ پێی دەڵێن لیریک، بەڵام ئێمە لەوە ناچێ شتی وامان هەبووبێ.

**رامان:** ئەو بەخششەی کە تا ئێستا لە هونەری گۆرانیدا پێشکەشت کردووە تا چەند لێی ڕازیت؟ چەندەت لێ جێبەجێ کردووە و چی دیکەت ماوە

بیکەی؟

**هۆمەر دزەیی:** من بەرهەمەکانم چونکە کەمن، لەوانەیە لەبەر ئەوەبێ کە لە هەموویان ڕازیم، ئەگەر زۆر بایە، لەوانەیە شتی بۆریشی تێدەکەوت. شتەکانم ژمارەیان کەمە و نالێم لە هەمووی، بەڵام لە زۆربەی هەرە زۆریان ڕازیم. دەزانی چییە؟ من یەک عادەتم هەیە، یان شتێک ناکەم، یان کە کردم دەبێ بەرێکوپێکی بیکەم. تەنانەت لە بواری زمانەوانییشدا من شارەزاییەکی باشم لە زمانەوانییدا هەیە، چونکە بە ٨-٩-١٠ زمان قسە دەکەم. دەمویست ماجستێر لە زمان وەربگرم، دوایی تەواوم نەکرد، چونکە ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا کرایەوە وازم لێ هێنا.

کە گوتارێک دەنووسم دەمەوێ بەڕاستی گوتار بێ، لە گۆرانییدا هەمان شت، نامەوێ گۆرانیم زۆربێ و بڵێین ئەوەندە گۆرانی هەیە. سیدی ٢٠٠٦- ٢٠٠٧- ٢٠٠٨- ٢٠٠٩ ئەوانە بە ساڵ دەڕۆن من شتی واناکەم، لەوانەیە یەک (سینگڵ) لە سیدییەکدا بڵاو بکەمەوە. پاش چەند ساڵ (سینگڵێکی) دیکە. من چاوەڕێی ئەوە ناکەم ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ و نازانم دوو هەزار و چەندە، کە شتێکم بەدڵ بوو بڵاوی دەکەمەوە، جا چ لە گۆرانی و چ لە زمانەوانی. تەنانەت لە سیاسەتیشدا ئەگەر ڕووداوێک ڕووی دا کە بە ڕاستی کارم تێ بکا و بتوانم شتێکی لەسەر بنووسم، دەینووسم.

**ڕامان:** کۆمەڵێک لەو لاو و هونەرمەندانەی ئیشی مۆزیک و گۆرانی دەکەن، پێیان وایە چیتر تاقەتی ئەوەیان نەماوە لەناو فۆلکلۆردا بمێنن، تۆ لەگەڵیان هاوڕای، یان نا؟

**هۆمەر دزەیی:** یانی چی تاقەتیان نەماوە؟

**ڕامان:** ئەوانە زۆربەیان دەڵێن فۆلکلۆر بەسەو بڕایەوە، چی دیکە لەو قاڵبەدا گیر ناخۆین و پێویستە ئیشی نوێ بکەین.

**هۆمەر دزەیی:** من لە بەرایی پرسیارەکانت ئەوەم گوت کە من هەر لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە ڕێچکەم شکاند و بووم بە دژە باو. گوتم نابێ هەر لەناو توێکڵی فۆلکلۆردا گیر بخۆین.

**ڕامان:** بەڵام ئەوەیان خەڵکی دیکە دەیکەن، ئەوان دەیانەوێ ئەوەش نەمێنێ کە کەسانی دیکە دەیکەن.

**هۆمەر دزەیی:** لێرەدا دیسان دەگەڕێینەوە بۆ پێناسە، پێناسەی فۆلکلۆر. ئایا ئەو گۆرانییانەی ڕۆژانە دەگوترێن ئەمە فۆلکلۆرە؟ نا ئەوە فۆلکلۆر نییە، ئێمە بە هەڵە لێی تێگەیشتووین. گۆرانی میللی کە من ناوم ناوە گۆرانی بەزمی، هی بەزم و ڕابواردنە. حەسەن زیرەک فۆلکلۆر نییە، حەسەن زیرەک گۆرانی میللییە، بەڵام فۆلکلۆر جیایە. هەمانە دەزانێ چی فۆلکلۆرە؟ گۆرانی دروێنەکردن، بەندی دروێنە، بەندی ساوار کوتانەوە، بەندی ڕێواسان، بەندی شایی، بەندی مردن، ئەمانە فۆلکلۆرن و بە بۆنەیەکی تایبەتی کراون، بەڵام تۆ ڕۆژانە گۆرانی دەڵێی، گۆرانی خۆش خۆش هەیە، ئەمانە گۆرانی بەزمین و گۆرانی ڕابواردن و گۆرانی میللین. جا ئەگەر مەبەستیان ئەم هونەرمەندانە بێ، ئەوانە شتاقیان فۆلکلۆر نین. جا با بێینەوە سەر پرسیارەکە، فۆلکلۆر وەک خۆی ماوەتەوە و کەس دەستی لە فۆلکلۆر نەداوە، کەس ئەو شتانەی باسم کردن نەگۆڕیوە. کەس گۆرانی دروێنەی نەگۆڕیوە، ئی ساوار کوتانەوەی نەگۆڕیوە، ئەوانە وەک خۆیان ماون، لە هەموو دنیاش هەر وایە. جا ئەوانەی ئەو قسەیە دەکەن مەبەستیان گۆرانی میللییە، بۆ نموونە حەسەن زیرەک کە گۆرانیبێژێکی میللی زۆر ناودارە، لەناوچەی سۆران، یان حەسەن جەزراوی و محەمەد عارف گۆرانی کابووکێ و مابووکێ و ئەوانە گۆرانی میللین، فۆلکلۆر نین. ئەو گەنجانە حەقیانە بڵێین بێزاربووین، هەروەک باسم کرد دژە باوییە، من و شەماڵ سائیب و فوئاد ئەحمەد و ئەمانە وابووین، ئەوانیش دەیانەوێ دژە باو بن و حەقیانە، من لەگەڵیانم.

**ڕامان:** هەندێک هەن لەسەر ئاستی تیپ وەک تیپی کامکاران و هی دیکە دەڵێن ئێمە فۆلکلۆر دێنین و مامەڵەیەکی هاوچەخانەی لەگەڵدا دەکەین. تۆ لەگەڵ ئەوەی؟

**هۆمەر دزەیی:** من لەگەڵ ئەوەشم. بۆیە ئەوە خۆشە، بە تایبەتی ئەگەر ڕۆشنبیرییەکی ڕۆژئاواییشت هەبێ. من پێشتر باسم کرد گوتم زۆرم حەز لەگۆرانی ڕۆژئاوایی و گۆرانی کلاسیکە و یەکسەر سوودی لێ وەردەگرم و لەگەڵ ئاوازی خۆمان بەراوردی دەکەم، ئەمە لەسەردەمی پێش (بێتهۆڤن)یش، لەسەردەمی (باخ)یش ئەو جۆرە تێکەڵ کردنی ئاوازی میللی لەناو مۆزیکی کلاسیک زۆر باو بووە. بۆ وێنە پێش (باخ)یش جۆرە سەمایەکی میللی هەبووە بە یەکێکیان دەگوت (مینوێت)، بەوی دیکەیان

دەگوت (ئەلێماند)، ئەوی تر پێی دەگوترا (تەنتەرێلا) و ئەوی تریان (سالا باند) بوو. ئینجا دواتر لەسەردەمی شۆپان (مازووركا) (پۆلۆنێز) ئەمانە هەموویان سەمان، سەمای میللی سەردەمی خۆیان هێناوە و كردوویانە بەكلاسیك، بەڵام بەجۆرێك گۆڕیویانە كە ئیتر سەمای لەسەر نەدەكرا. بۆ وێنە (مینوێت) سەمایەكی سەردەمی باوی خۆی بووە، ئەوە لەسەدەی پازدە و شازدە لە ناو جووتیارەكاندا پەیدا بووە. خانەدانەكان و ئەریستۆكراتەكانی ئەوروپا زانییان زۆر خۆشە هێنایانە ناو دیوەخان و كۆشك و سەرای خۆیان و لەوێ شاژن و ئاغا و ئەوانە ئەو سەمایەیان دەكرد و مینوێتەكە گۆڕا و بووە سەمایەكی ئەریستۆكراتییەكان. ئینجا باخ و ئەوانە ئەو جۆرە سەمایانەیان هێنا كلاسیكاندنیانن. یانی خاویان كردنەوە. نەدەكرا ئەو جار سەمای لەسەر بكرێ، چونكە بووە كلاسیك، پاراسترا و سەمایەكە نەما، بەڵام تا ئێستا ئەو جۆرە سەمایە لەناو موزیكی كلاسیكدا ماوەتەوە. كلاسیكاندنی هەندێك شت جائیزە و كراوە.

**ڕامان:** دووبارە كردنەوەی گۆرانی كە تۆش هەتە، گۆرانی (قژ كاڵی لێو ئاڵ) پێشتریش گوتراوە، جاری وایە گوتنەوەی گۆرانی پاساوێكی هەیە، جێبەجێ كردنەكەی جیاوازی هەیە، بەجۆرە داڕشتنەوەیەكی دیكە دەكرێ، بەڵام ئێستا مەسەلەكە بۆتە لاساییكردنەوەی لاساییكردنەوە! شتەكە بێ تام بووە. لە ئەزموونی خۆتەوە ئەو جۆرە حاڵەتە چۆن دەبینی؟ جاری وایە لاساییكردنەوەكە هێندە خراپە خەڵك تاقەتی لە ئەسڵەكەش نامێنێ.

**هۆمەر دزەیی:** بە باوەڕی من ئەوە شتێكی ئاساییە و من پێم ڕاستە. بە خۆشم كردوومە. دوو گۆرانی كە من وەكو گۆرانیبێژ ناوبانگم پێ دەركرد، یەكەمیان گوڵی خوێناوی بوو، دووەم قژكاڵی لێوئاڵ كە هەردووكی شیعری عەبدوڵڵا گۆران بوون، ئاوازدانەرەكەشیان كەس نازانێ كێن. كاك ئەحمەد دڵزار ڕوونی كردۆتەوە كە مێژووەكەی دەزانێ و لە ڕۆژنامەی (خەبات)دا بڵاوی كردەوە. پێش من هەزار ڕەحمەتی لێ بێ كاك (خولەی حەمەی لەیلێ) كە لەچلەكان بەگەنجی لەڕادیۆی بەغدا تۆماری كرد. دەنگی زۆر خۆش بوو، من یەكەم جار لەساڵی ١٩٤٨ تیپێكی سلێمانی هاتە هەولێر نمایشی چەند شانۆگەرییەكیان دەكرد بۆ ئەوەی پارە بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزەی پێنجوێن كۆ بكەنەوە. ئەو گۆرانییەیان دەگوت، یەكەم جار من لەوێ گوێم لێ بوو. لە پاشان لە ڕادیۆ تۆماركرا. من زۆر پێی سەرسام بووم، چونكە گۆرانی تێدا بوو، یەك ئاواز نەبوو، تا تەواو دەبوو بە دەیان جار دەگۆڕا. ١٩٤٨ من تەمەنم ١٢-١٣ ساڵان بوو، هەستم پێ كرد كە پێویستم بە گۆڕان هەیە، ئەوەش لە خوێنی ئینساندایە. لەسەرەتای پەنجاكانەوە ئەو گۆرانییە فێربووم و من بە ڕۆژئاواییم كرد، واتە زیاتر بە ڕۆژئاواییم كرد و بەو ستایلە تایبەتییەی خۆم وتم كە ناوبانگم پێ دەركرد. گۆرانی وتنەوەی خەڵكی دیكە بە لای منەوە شتێكی زۆر ئاساییە. من ئەگەر بزانم گۆرانییەك خۆشە، ئاوازەكەی خۆشە گوێم لەوە نییە ئی چ میللەتێكە، بەلای منەوە بەڕاستی ئاواز شتێكی نێونەتەوەییە، فۆلكلۆر ناڵێم، ئەوەیان جیایە و هەر كەس ئی خۆی هەیە، بەڵام ئاوازی دیكەی نەمر، بۆ وێنە بەعزە گۆرانییەكی ئیسپانی هەن بۆ زۆر زمانی دنیا تەرجەمە كراون. وشەی خۆیان لەگەڵ هەمان ئاواز داناوە، منیش ئەوەم كردووە. مەسەلەن گۆرانی ئیسپانی (بێسامێ موچۆ)، واتا (چەندی پێت دەكرێ، ماچم بكە) ئەوە بە ئینگلیزی، بە ئیتاڵی، بە فەڕەنسی زۆر بەناوبانگە، بە هەموو زمانێكی دنیا هەیە، منیش كردم بە كوردی.

**ڕامان:** گۆرانی كوردی كە خۆش بێ...

**هۆمەر دزەیی:** گۆرانی، نەك گۆرانی كوردی، گۆرانی كە خۆش بوو، ئاوازێك كە خۆش بوو، ناسنامەی نەتەوەیی نامێنێ، دەبێتە موڵكی هەموو دنیا، ئێستا موزیكی كلاسیك، بێتهۆڤن كەس ناڵێ ئی ئەڵمان بووە، چونكە هەموو دنیا پێی خۆشە.

**ڕامان:** من مەبەستم شتێكی دیكەیە، ئەوەی دەیفەرمووی شتێكی ڕاستە، بەڵام زۆر گۆرانی گوترایە، ئی عەلی مەردانە، تاهیر تۆفیقە، ئی گۆرانیبێژە كۆنەكانە، زۆر لەو گەنجانە دێن ئەوانە دەڵێنەوە، بەڵام بە سەقەتی دەیڵێنەوە. ئەوانە پێیان وایە ئەوە لەخۆشەویستی و ڕێزلێنانی ئەوانە ئەوە دەكەن، بەڵام زۆرجار هێندە خراپی دەڵێنەوە، تەنانەت ئەسڵەكەش لەبەرچاوی خەڵك دەخەن، زۆرتر مەبەستم لەلاساییكردنەوە ئەوەیە.

**هۆمەر دزەیی:** نا ئەوە ڕاست نییە، منیش لەگەڵ ڕایەكەی تۆ دام، بەڵام ئەگەر تۆ بتوانی داهێنانی تێدا

بکەی قەیناکا. من کە گۆرانییەک دەڵێم ئی یەکێکی دیکەیە، یان هی میللەتێکی دیکەیە حەز دەکەم لەناو کوردیشدا سەرکەوتوو بێ، بەڵام تەنیا یەک شت هەیە (ئاراس فاتیح ڕەسووڵ) ئەمن بەهونەرمەندێکی گەورەی دادەنێم، هەرچەندە شتەکانی شێتۆکانەیە، بەڵام ئاراس شتێکی نوێی هێناوەتە نێو هونەری کوردی، کە کورتە فیلمی کۆمیدی گچکۆکەیە و تا ئێستا لە هونەری کوردیدا شتی وامان نەبووە. ئاراس داوای لەمن کرد (بریندارم بریندارم و چەندی گەرام لە شاران) بڵێتەوە گوتی کاک عومەر دەتوانم ئەو گۆرانییانە بڵێمەوە، بەڵام من ستایلی تایبەتی خۆم هەیە، گوتم ئاراس چی لێ دەکەی لێی بکە، مۆڵەتم دایێ، تۆ ڕەنگە گوێت لێ بووبێ.

**رامان:** بەڵێ گوێم لێ بووە.

**هۆمەر دزەیی:** عەنتیکەیە.. هەموو عالەم دەڵێ ئەوە بۆ هێشتت. گوتم وەڵڵا دەهێڵم، قەیناکە بەستایلی خۆی کردوویەتی وەکو ئی من نییە ڕاستە، بەڵام ستایلێکی دیکەیە. بەڕای من ئەو شتانە پیاو نابێ ڕێی لێیان بگرێ.

**رامان:** زۆر لەو گۆرانیانەی کە زەمانی خۆی لە ئێزگەی کوردی تۆمارکراون، مۆسیقاژەنەکانیان وەک دەزانی عەرەب بوون و لە عەرەبە مەزمەعیلەکانن، خدر ئەلیاس و ئەوانە. دەبینی زۆر لە مۆسیقایەکانیان لەگەڵ گۆرانییەکان نەشازن، یان ڕوحی کوردییان تێدا نییە. ئەمرۆ زۆر کەس بیر لەوە دەکاتەوە و دەڵێ ئێمە بۆ سوود لە تەکنۆلۆژیا وەرنەگرین، کۆمپیوتەر لە گۆڕێیە، دەتوانین ئەو دەنگانە بە نەمری بهێڵینەوە و مۆسیقای نوێیان لەسەر دابنێین. تۆ بۆ ئەوە دەڵێی چی؟ پێت باشە ئەوە بکرێ؟

**هۆمەر دزەیی:** من لێرە دوو دڵم. با نموونەیەکت بۆ بێنمەوە، موزیکی کلاسیکی ئەوروپاییەکان دوو سەد ساڵ لەوە پێش بە ئامێرێک دەگوترا کە زۆر دوور بوو لە ئامێری ئێستا، کەمانچە، یان پیانۆ وەک ئێستا نەبوون، هارپسیکۆرد زرە زرێکی لێوە دەهات، بەڵام بە نۆتە نووسیتیانەوە، ئێستا بە ئامێری تازە لێی دەدەن کە زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی بێتهۆڤن بەکاری دەهێنا. ئێستا بیروباوەڕێک پەیدا بووە دەڵێن ئێمە ئەو سەمفۆنیایانەی بێتهۆڤن و مۆزارت و ئەمانە کە ئەمرۆ لێیان دەدەین، ڕاستە پێشکەوتووە، بەڵام ڕەسەن نییە، چونکە لەکاتی خۆیدا ئەوان قەت ئاوهایان گوێ لێ نەبووە، لەبەر ئەوە دەبێ ئێمە ئێستا ئامێری وەها دروست بکەین، یان ئامێرەکانمان وا لێ بکەین کە بیانگەڕێنینەوە بۆ دوو سەد ساڵ لەوەپێش، بۆ ئەوەی گوێمان لە ڕەسەنایەتی ئەو سەمفۆنیایە بێ کە دوو سەد ساڵ لەوەپێش چۆن لەگوێماندا دەنگی زرینگاوەتەوە. ئێستا ئەوەی گوێمان لێ دەبێ زۆر جیاوازی هەیە، قەت زەمانی بێتهۆڤن ئاوا نەبووە. ئەوجا دوو بیروڕا هەیە، هەندێک دەڵێن دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئامێرە کۆنەکان و ئامێری کۆن دروست بکرێ، ئەو زەمانە دەنگی چۆن بووە ئەوهای لێ بکرێ، هەندێکی دی دەڵێن ناشێ ئی تازە دروست بکرێ، ئینجا بۆ خۆمان هەردووکی دەبێ، ڕاستییەکەی دەبێ کۆنەکە وەک خۆی بمێنێتەوە، ڕاستە موزیکژەنەکان زۆربەیان عەرەب بوون و کوردمان لەوێ کەم بووە، بەڕاستی ئەو وەختە ڕوحی کوردی تێدا نەبوو، دەکرێ ئەوەش بمێنێتەوە و دەکرێ ئی تازەشی بۆ بکەین.

**رامان:** باسی ئاراست-ت کرد وەک گۆرانیبێژێکی گەنج کە بەشێوازی خۆی گۆرانی دەڵێ، پێم خۆشە بە شێوەیەکی گشتی ئەو پرسیارەت لێ بکەم کە تۆ گوێ لە هەموو گۆرانیبێژە گەنجەکان دەگری؟ ئایا لەناو ئەوانە بێجگە لە ئاراس کێی دیکە هەن سەرنجی تۆیان ڕاکێشابێ؟ یان جێگەی ئومێدی تۆ بن؟

**هۆمەر دزەیی:** ناڵێم گوێ لە هەمووان ڕادەگرم! بەداخەوە گوێ لە زۆریان ڕادەگرم، لەوانەیە ناوەکانیشم لەبیر نەمابێ، لە تەلەفزیۆن کە سەیریان دەکەم نازانم کێن، ئەوانیش نانووسن، یان مومکینە بەسەرم تێپەڕیبێ. هەر دەبینم دەنگی خۆشە و دوایی دەگۆڕێ و بەرنامەکە نامێنێ. ڕاستییەکەی ناوەکانم لەبیر نەماوە، بەڵام لەناو گەنجەکاندا دەنگخۆشیان زۆرە. من نامەوێ کەسیان پشتگوێ بخەم نەبادا دڵیان بشکێنین، لەبەر ئەوە لەوانەیە ئەو ناوانەم لەبیر نەمێنێ، لەو گەنجانەی کە دەنگیانم پێ خۆشە هەندێکیان لەگەڵ دەنگی خۆم دەگونجێن، لەگەڵ قوڕگی من و ژێی دەنگی من نزیکە. بۆ وێنە (میکائیل)، من میکائیلم زۆر پێ خۆشە. میکائیل زۆر لەسەرەخۆ و بەهێمنی، خۆی ناشێوێنێ، دەماری ملی قیت نابێتەوە، بەهێمنی گۆرانییەکەی دەڵێ و زۆر خۆشیش دەیلێ. بەڕاستی ئەوە ستایلی منیشە. عەدنان

کەریم-م زۆر پێ خۆشە، نەبرەیەکی تایبەتی خۆی هەیە. زۆر زۆر باشە. ئینجا بێینە سەر ئەو گۆرانیبێژانەی کە دەنگیان نەرم و گەرمە و کەم زیقەی تێدایە، بۆ وێنە ئەیووب عەلی، زەکەریا، ئەژدەر، خالید ڕەشید، بەهجەت یەحیا، زیاد ئەسعەد، ئەو گەنجانە و زۆر لە کچانیش، چۆپی، لەیلا فەریقی، ژاڵە، ڕۆژین، نیلوفەر ئیقباڵ و ئەمانەم زۆر پێ خۆشن. زۆر کەس هەیە دەنگی خۆشە، بەڵام بەڕاستی ناویانم لەبیر نەماوە.

**ڕامان:** پێت وایە گوێگری کورد بۆچی ڕووی کردۆتە گوێ گرتن لە گۆرانی تورکی و عەرەبی و فارسی؟

**هۆمەر دزەیی:** لەو کوردییەی کە هەیە بێزار بووە.

**ڕامان:** دیارە ئەوەی هەیە تێری ناکات.

**هۆمەر دزەیی:** وایە تێری ناکات، لە پاشان ئەو توانا دارایی و ڕۆشنبیرییەی کە دراوسێکانمان هەیانە، بەداخەوە زۆر لەهی ئێمە بەهێزترە. تۆ سەیری گۆرانیبێژە لبنانییەکان بکە، کلیپەکانیان بەڕاستی جوان و خۆشن. گەنجیش حەزی لە شتی وایە. سەیری کلیپەکانی میسر بکە، سەیری کلیپەکانی تورک بکە، بێ گومان لە ئێران نا، بەڵام ئەوانەی کە لە ئەمریکا دەژین، کلیپی زۆر خۆش بڵاودەکەنەوە، ئیمکانیەتیان هەیە. ئێمە هێشتاش زۆر دەست کورتین، لەبەر ئەوە گەنجەکانمان بەوەی ئێستا تێر ئاو نابن. ڕوو دەکەنە شتی بێگانە. ئەوەش شتێکی ئاساییە. وەختی خۆشی ئێمە حەزمان لە فەرید ئەترەش و عەبدولحەلیم حافز بوو. پێم وایە ئەوەش کارتێکەریی ئەو کلیپ و سەتەلایت و ئەوانەیە. دەرگای هەموو دنیای لێ کردووینەتەوە، تەماشا دەکەی ئی ئەوان جیاوازی لەگەڵ ئی کورد هەیە، گەنجیش حەقیەتی.

**ڕامان:** ئەگەر بمانەوێ لەو بارودۆخە دەریان بێنین و هەوڵ بدەین گوێ لە گۆرانی کوردی بگرن و بۆ لای بەرهەمە کوردییەکان بگەڕێنەوە، چ بکەین باشە؟

**هۆمەر دزەیی:** بەو خوایە هیچمان پێ ناکرێ، چونکە شەپۆلێکی جیهانگیری و عەولەمەیە. شەپۆلێکە هیچ کۆمەڵگایەک ناتوانێ خۆی لەبەر ڕابگرێ، داماندەپۆشێ و لەگەڵ خۆیمان دەبا.

**ڕامان:** لەو حاڵەتەدا خۆ دەبێ کوردیش هونەرێکی بەهێزی هەبێ تا سەرنجیان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، ئەوسا بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵ دەبێ.

**هۆمەر دزەیی:** ئەوەش کارێکە پێم وایە زەحمەتە.

**ڕامان:** ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ هەموو شتێکمان قۆڵێکی دەچێتەوە ناو سیاسەت، تۆ پێت وایە هونەری ئێمە چەند خزمەتی کێشەی ڕەوای میللەتەکەی ئێمەی کردووە؟ چ لێرە، چ لە ئەوروپا بەگشتی؟

**هۆمەر دزەیی:** تۆ باسی سروودی نەتەوەیی و سیاسی دەکەی، یان گۆرانی کوردی بەگشتی؟

**ڕامان:** مەبەستم هونەری کوردییە بەگشتی. ئایا ئەو هونەرە چەند مەسەلەکەی ئێمەی بەخەڵکی ناساندووە کە ئێمەش میللەتێکین هونەری خۆمان و تایبەتمەندی و مێژووی خۆمان هەیە؟

**هۆمەر دزەیی:** با ئەوجارە لەوەوە دەست پێ بکەین، لەناو میللەتانی ڕۆژهەڵات و ئەمریکای لاتین و ئەو میللەتانەی کە بەدەست ڕێژیمەکانیانەوە چەوساونەتەوە، گۆرانی سیاسی و گۆرانی دیکەش هەیە. لەناو عەرەبانیش گۆرانی سیاسی زۆر باوە، لەناو کوردیشدا گۆرانی سیاسی و سروودی نەتەوەیی و نیشتمانی شتێکی زۆر ئاساییە کە لەگەڵ لەدایک بوونی ناسیونالیزمی کورد لە دەستپێکی سەدەی بیستەم لەپاش حاجی قادری کۆیی و ئەمانە ئەو سروودە نیشتمانیانەش پەیدا بوون، ئەمەش لاساییکردنەوەیەکی تورکەکان بوو (عوسمانییەکان) پاشان ئەتاتورک، ئێمە لەوەشدا لاسایی ئەوانمان کردووەتەوە. تەنانەت ئاوازەکانیش کە سروودی نیشتیمانیمان هەبوو، بەڵام ئاوازدانەرمان نەبوو، هیچ ئاوازدانەرمان نەبوو، شیعرەکە دادەنرا، بۆ نموونە فایق زێوەر شیعرێکی دادەنا، بەڵام ئاوازمان نەبوو (ئەوە باسی سییەکان و ئەوانە دەکەم) چمان دەکرد؟ لە زەمانی ئەتاتورک ئاوازێکی عوسمانیمان دێنا، ئێستا تۆ سەیری سروودە کۆنە کوردییەکان بکە کە شانازییان پێوە دەکەین زۆربەیان عوسمانییە، تورکییە، (دەمی ڕاپەڕینە، ئەی کوردینە ئەی مەردینە) ئەمانە هەموویان ئی زەمانی عوسمانی، یان هی زەمانی ئەتاتورکە، سروودی ئەوان بووە، ئێمە وەرمان گرتوون.

ئەوانە بۆ خۆمان باش بووە، بەڵام بۆ دەرەوە شتێکی وامان نەبووە، ئەگەر بێتو ئێمە دەوڵەتێکمان بوایە پێم وایە زۆر باشتر بوو، ئەو وەختە هونەرەکەمان لەخزمەتی میللەتەکەمان دەبوو، لە ماوەی ئەو ساڵەهای ساڵەی کە لە ئەوروپا ژیاوم بەسەدان گرووپی فۆلکلۆری میللەتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی هی یۆگوسلاڤی،

ڕووسی، ڕۆمانی، هەنگاری، ئینجا ئەمریکای لاتین، ئەمانەم هەمووی بینیوە، سەمای میللی و گۆرانی میللی. کە بیرم لێ کردۆتەوە گۆرانی و سەمای کوردی، هەڵپەڕکێی کورد بەتایبەتی هی کوردی تورکیا و هی بادینان بەڕاستی دەوڵەمەندە. ئەوەی من دیومە سەمای وڵاتانی باڵکان، یان ئەمریکای لاتین هیچ لە هی کوردی خۆمان خۆشتر و جوانتر نەبووە، بەڵام ئەوان میللەتن سەربەخۆییان هەیە، گرووپیان بانگهێشتی وڵاتان دەکرێن، ئێمە تا ئێستا شتێکی وانەبووە بەخەڵکی بناسێنن. تاکو تەرا جار جار کامکارەکان، یان گرووپێکی دیکە دەچنە ئەوروپا و دەگەڕێنەوە، دەنا لەوە زیاتر نەمانبووە. بەداخەوە!

**ڕامان:** دەڵێن هەموو گۆرانیبێژێک کە دەست دەداتە گۆرانی گوتن دەبێ لە مەقاماتدا شارەزایی هەبێ، بۆ ئەوەی ئاگادار بێ ئەو گۆرانییەی دەیڵێ لە چ دەزگا و مەقامێکدایە. ئەو گۆرانیبێژەی لە مەقام شارەزا نەبێ، دەڵێن گۆرانیبێژێکی باشی لێ دەرناچێ، یان دەڵێن داهاتووی زۆرباش نابێ. بۆ وێنە کە دەڵێن عەدنان کەریم هونەرمەندێکی سەرکەوتووە، لەبەر ئەوەیە کە یەکێکە لەوانەی لەمەقام شارەزایە و بەشێوەیەکی زانستیانە دەیەوێ بچێتە ناو ئیشەکەی خۆی، تۆ لەو ڕووەوە چ دەڵێی؟ بەخۆت لەبواری مەقاماتدا چەند شارەزاییت هەیە؟

**هۆمەر دزەیی:** هەروەک باسمان کرد ئەوە ڕۆشنبیری هونەرییە، باکگراوەندێکی هونەرییە، ئەگەر شارەزاییت لە مەقام و شتی وادا هەبێ زۆر زۆر باشە، بەڵام نازانم ئەو گۆرانیبێژە تازانەی لە تەلەفزیۆن، دەردەچن ئایا ئەمانە شارەزاییان لە مەقام و شتی وا هەیە؟ ڕاستە هەر بەستەیەک دەگەڕێتەوە بۆ مەقامێک، ئەوە وەڵامێکی دیارە. تۆ بەستەیەکیش دەڵێی بەستەکە سووکەڵە و هێمنە، بەڵام پێوەندی بە مەقامێکەوە هەیە، واتە دەتوانی لەگەڵ مەقامێک ئەو بەستەیە بڵێی، لەگەڵ مەقامێکی دیکە ناتوانی ئەو بەستەیە بڵێی. من خۆم خوێندنی ئەکادیمیم لەمەقاماتدا نەبووە، شتێکی لێ دەزانم نەک زۆر، ئەویش هەر خۆم خۆم فێرکردووە.

**ڕامان:** لە کاتێکدا ئەوە یەکێکە لەو شتانەی ئەو پاشاگەردانییەی لای ئێمە دروست کردووە. مەقام نازانن و بەقوولی نایەنە نێو هونەرەکەوە، یان زۆر سادە و ساکار دێنە ناوییەوە، بۆیە زۆرجار لە جیاتی خزمەت بکەن، بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن، خزمەتەکەیان لەوەدا دەبێ کە واز لە هونەرەکە بێنن و گۆرانی نەڵێن.

با بێینە سەر باسێکی تر کە ئەوەش جێی سەرنج و پرسیارە. بۆیە دەپرسم ئێمەی کورد چەند سوودمان لە دەوروبەر، لە میللەتانی سەردەست (تورک و فارس و عەرەب) وەرگرتووە و توانیومانە کەڵک لە هونەری ئەوان وەربگرین، چونکە وەک دیارە ئێمە بەدرێژایی مێژوو لەبەر دەست و پێی ئەوان بووین و ساڵەهای ساڵە وامان گوزەراندووە و ئەوانیش زۆر سوودیان لە ئێمە وەرگرتووە، نەک سوود، بگرە تاڵانیان کردووین! زۆر شتیان لێ دزیوین! جا ئەوەی جێگەی پرسیارە و دەمانەوێ بزانین ئێمە چۆن دەتوانین ئەو گۆرانی و هونەرەی خۆمان کە تاڵان کراوە دەتوانین بێنینەوە جێی خۆی؟ حەق بگێڕینەوە بۆ لای خاوەن حەق؟

**هۆمەر دزەیی:** جارێ ئێمە شتێک لە بیرنەکەین، ئێمە میللەتێکین لەوانەیە ٣٠-٤٠ ملیۆن بین، ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ناسیونالیزمەوە باسی بکەین، ئەگەر لە ڕوانگەیەکی واقیعبینانەوە سەیری بکەین لەوانەیە ئەوەندەش نەبین. هەڵبەت هەموو کەس حەز دەکات خۆی زیاد بکات، دوژمنیش دەیەوێ تۆ کەم بکاتەوە. بابڵێین ٣٠ تا ٤٠ ملیۆن بین، لەناو سێ زلهێزی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژین. ٢٠٠ ملیۆن عەرەب، ٥٠ ملیۆن تورک، ٥٠ ملیۆن فارس.

**ڕامان:** دەڵێن عەرەب ژمارەیان گەیشتووەتە ٣٠٠ ملیۆن.

**هۆمەر دزەیی:** ناسیونالیستەکانیان وا دەڵێن، ئەوانە کەیفی خۆیانە، ئێمە میللەتێکی بچووکین لەناو ئەوانەدا، لەگەڵ ئەوانیشدا دەژین و ئەوان باڵادەستن، هەزار ساڵ زیاترە تا ئێستا باڵادەستن. دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئێمە زیاتر لە هەموو ڕوویەکەوە کاریگەری ئەوانمان لەسەر دەبێ، بەڵام لە هەمان کاتدا چونکە ئێمە بێ دەسەڵاتین، لێمان دەدزن، تاڵانمان دەکەن و دەیبەن و دەیکەنە موڵکی خۆیان، ئینجا بۆ پرسیارەکەی جەنابت کە چۆن ئەو تاڵانە بگێڕینەوە، ئەمە تازە تێکەڵییەک پەیدا بووە، بۆ وێنە لە تورکیا گۆرانی تورکی کلاسیکی زۆر بە ئاشکرا دیارە کە هی ئاسیای ناوەڕاستە، واتە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ گۆرانی کوردیدا هەیە، چونکە گۆرانی کوردی ئەگەر بە

تورکـیش بیـلـێی هەر دیارە، من ئەوکـات لە تورکـیـا دەمخوێند، ساڵی ١٩٥٥- ١٩٥٦ کە کوردستانم بەجێ هێـشت و چوومـە تورکـیـا، دوو سـاڵ لەوێ مـامـەوە، پزیشکیم دەخوێند. ناوی کورد هەر قەدەغـە بوو، ئاوازە کوردییەکـان هەموو وشەی تورکییـان بۆ دانابوون، ئاواز کوردی بوو، وشـە تورکی بوو، ئەمانە کرانە تورکی، دەنا گـۆرانی ئاوا نەبوو، ئەوە دەگـەڕێتـەوە سـەر دەوڵەتی سـەربەخۆ، ئەگـەر دەوڵەتی سـەربەخۆت هەبێ، دەتوانی بانگەشەی ئەمانە بکەی و بڵێی ئەمانە کوردین، بەڵام تورکـەکـەش دەتوانێ بڵێ تورکـیـشن. بە ڕاسـتی تێکەڵییـەک دروست بووە. زۆر گـۆرانی زۆر زۆر خـۆش هەیە دەڵێی تورکییە. ئەوانیش ٦٠٠- ٧٠٠ ساڵ لەبن دەستی عوسمانی بوون. یۆگۆسلاڤەکان، بۆلغارییەکان، مەکەدۆنیا، ڕۆمانیا، ئەمانە زۆر زۆر گۆرانییان هەیە کە بە هی زەمـانی عـوسـمـانی تورکـان دەچێ، تورکـەکـانیش ناڵێن تورکـیـیـە، ئەوانیش لە مـیللەتانی دیکەیان وەرگرتووە، لەبەر ئەوە بابڵێین دابڕینێکی تەواو، یانی بە مـقـەست، زۆر زەحـمـەتە، بەڵام تۆ ئەگـەر قـەوارەیەکی سەربەخۆت هەبوو، ئەوە وردە وردە بۆ دنیا ئاشکرا دەبێ کە گۆرانی تۆ چ جۆرە ستایلێکی هەیە. ئەوسا دەتوانی بانگەشە بکەی و بڵێی ئەو گۆرانییە ئاوازەکەی بە ئەسڵ ئی کوردە.

**ڕامان:** تۆ دەزانی ڕادیۆیەکی زۆر، تەلەفـزیۆنێکی زۆر لە کوردستاندا هەیە؟

**هۆمەر دزەیی:** پێش ئەوەی ئەو قسەیە بکەی لە ئێران لەبیرمان نەچێ زۆر لە گۆرانییەکانی محەمەدی ماملێ و حەسەن زیرەک ئازەرین. کوردەکانی ئێران گۆرانییەکانی ئازەریان کورداندووە و بەرگێکی کوردییان لەبەر کردووە، کەچی لێرە لە کوردستانی ئێراق خەڵک پێی وایە ئەوانە هەر هەموویان ئاوازی ڕەسەنی کوردین.

**ڕامان:** ئەو ژمارە زۆرەی ڕادیۆ و تەلەفـزیۆنەکان کە لە کوردستاندا هەن، دەورێکیان لە نزیک بوونەوە لە گۆرانی کوردیدا هەیە؟ بەڕای تۆ ئەم دیاردەیە زیاتر بە پۆزەتیڤ، یان نێگەتیڤ دەبینی، واتە تۆ پێت وایە خـزمـەت بە گۆرانی کوردی دەکەن، یان زەرەری لێ دەدەن؟

**هۆمەر دزەیی:** پێم وایە شتێکی باشە، جاران لەوانەیە کوردێکی سلێمانی گۆرانی کوردێکی تورکیای پێ خۆش نەبووبێ، یان تێی نەدەگەیشتن، بەڵام ئێستا کچێک، یان کوڕێکی تورکیا دێت لە سلێمانی کۆنسێرت دەکا، سلێـمـانی زۆر پێیـان خـۆشـە، پێم وایە ئەوە کـاریگەری تەلەفزیۆنەکانە، ئەوەش شتێکی زۆر باشە. لێک نزیک بوونەوەیە.

**ڕامان:** بمانەوێ و نەمـانەوێ هەندێ جـار کـاری هونەری تێکەڵی بازرگانی کراوە. گۆرانی کوردی بازرگانی کردنی تێکەوتووە، کـە ئەمـەش لەناو کـۆمـەڵگەی ئێـمـەدا بە کــارێکی زۆر ناپەسند دەبینرێ، چونکە زۆرجــار لە ئاهەنگ و شـایی و هەڵپـەڕکـێـدا، کـە ئامـادە دەبن و گۆرانی دەڵێن، لەبەرانبەر ئەوەدا شاباش دەکرێن و پارە وەردەگرن، ئەم جۆرە دیاردانە چەند زیانی بۆ کەسایەتی هونەرمەند و گۆرانی کوردی هەیە؟

**هۆمەر دزەیی:** ئێستا گۆرانی و هونەر دەبێ بازرگانی لەگەڵدا بێ، دەنا هونەرمەند ناتوانێ بژیت. جارانیش تا ئەندازەیەک هەر وابووە، هەر بۆیەشە وەک پێشـتـر باسم کرد بنەماڵە خانەدانەکان پێیان ناخۆش بوو کوڕەکانیان دەست لە گـۆرانی و مـوزیک بدەن، چونکە گـوزەرانی خۆیان پێ پەیدا دەکرد. حـەیرانبـێـژ وا نەبوو، پیـشـەی حەیرانبێژیی نەبووە، بەڵام لاوکبێژ و بەیتبـێـژ پیشەیان لاوکـبێـژیی و بەیتبـێـژیی بووە، لاوکـبـێـژ دەگـەڕا دەچووە دیوەخانی ئاغا و بەگ و میران دادەنیشت و هەتا سبەینێ لاوکی بۆ دەگوتن، ئەوانیش پاداشتـیـان دەدایێ، شتـیـان دەدایێ. میر هەبووە لە کوردەواری کە لاوکبێژ و بەیتبێژی تایبـەتی خـۆی هەبووە و لای خـۆی ڕایگرتووە و مـووچەی بۆ بڕیوەتەوە. خـۆراکی دەدایێ، ئەسـپی جـوانی دەدایێ، چەکی جـوانی دەدایێ، جلوبەرگی جـوانی بۆ دەکـرد، کـە دەچووە ناو عـەشـیـرەتێکی دیکە لەگەڵ خۆی دەبرد، ئەو لاوکـبـێژ و بەیت خوانەی لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ دیوەخانی ئاغـاکـەی دیکە و دادەنیـشـت تا سـبـەینێی دەکـردەوە شانازی پێوە دەکرد. عەلی بەردەشانی بەیتبێژی تایبەتی دیوانی ئاوڕەحـمان پاشای بەبە بووە، بەڵام حەیرانبـێژیی قەت پیشـە نەبووە. حەیرانبێژ کابرایەکی سادە و ساکار، یان شوان، یان جووتیـار، یان کوڕە ئاغایەک بووە، قەت بۆ پارە حـەیرانی نەگـوتووە. هەر بۆ کـەیفی دڵی خـۆی حەزی لە کچێک بووە گۆرانی گوتووە، کەسیش پاداشتی نەدەدایێ، بە پێچـەوانەوە لاوکبـێژیی وانەبوو، شتـێکی بـازرگــانی بوو، هەر لەبەر ئەوەش ڕکــابەری لەنێــو لاوکـبێـژەکـاندا هەبوو، کێ زیاتر بە بەژن و باڵای ئاغـادا

هەڵبڵێ، یان کوڕێکی لە شەڕێکدا کوژرابێ یەکێک بەیتێکی دەهۆنییەوە. لەوانەبوو بەسێ شەوان تەواو نەبێ، یان عەگیدی و ئازایەتی ئاغایەکی کوردی دژی دەوڵەتی عوسمانلی، ئەمانە هەموو پارەیان پێ پەیدا دەکرد و داهێنانیشیان تێدا دەکرد.

**رامان:** واتە تۆ ئەوەت پێ ڕەوایە؟

**هۆمەر دزەیی:** بەڵێ، بەڵێ ڕەوایە. بۆچی بۆ نووسەر و شاعیر و شێوەکار و پەیکەرتاش ڕەوابێ، بۆچی بۆ گۆرانیبێژ و زوڕناژەن و دەهۆڵ ئەنگێو ڕەوا نەبێ؟ ئەوڕۆ حەیرانبێژیش پارە وەرگرێ هەقی خۆیەتی. دنیا گۆڕاوە.

**رامان:** بەڵام نابێ بکەونە حاڵەتی زێدەڕۆیی و سووکایەتی کردن بە هونەرکەیان؟

**هۆمەر دزەیی:** بەڵێ ئێستا دەیانەوێ زوو پارەکە وەرگرن و شتێکی ناخۆشیش پێشکەش بکەن. پێشان لێی قبوولْ نەدەکرا، ئەگەر لاوکبێژ شتێکی زۆر زۆر خۆشی پێشکەش نەکردبایە، ئاغاکە دەری دەکرد، دەیگوت بڕۆ بڕۆ کوڕم ئەمە کەی لاوکە؟ زەمانی موزیکی کلاسیک لە ئەوروپاش ئاوا بووە، ئەوانیش لە کن ئەریستۆکراتەکانی ئەوروپا ئیشیان دەکرد. وەک نۆکەر تەماشایان دەکردن، مۆزارت و باخ و هایدن و ئەمانە وەک نۆکەر تەماشا دەکران و لەگەڵ نۆکەرانیش دەژیان، بەڵام ئەگەر شتی تازەیان دابنایە پاداشتی چاک دەکران. کە ئاغا و میر و شازادە، یان بەگزادەکانی ئەوێ، یان کۆنت و ئەریستۆکراتەکانی ئەوروپا میوانیان دەهات ئومەرایان دەعوەت دەکرد، کۆمەڵێک لەو ئامێرژەنانەیان دەهێنا وەک بڵێین هایدن و باخ و ئەمانە وەرن موزیکی ژوور بۆ میوانەکان لێ بدەن و خەڵاتیان دەکردن. شتەکە هەروا بووە، بۆیە هەر لەکۆنەوە لەزەمانی موزیکی کلاسیکیشەوە ئەو پیشەیە ئەوەندە بەڕێز نەبووە و هونەرمەندەکانی ئەوەندە پەسند نەبوون و گۆرانیبێژیی وەک لۆتیێتی و چاوەشی سەیرکراوە، بەڵام ئێستا هەر دەیانەوێ شتەکە زۆر بێ تا پارەی پێوەرگرن.

**رامان:** لەبەر نەبوونی ئاوازدانەری کورد زۆر لەو گەنجانە کە دەنگیان خۆشە و بەهرەدارن و حەز دەکەن گۆرانی بڵێن، کە ئاوازدانەرێکی وا نابیننەوە دەستیان بگرێ و ئاوازیان بداتێ، بۆ ئەوەی ئەو بەهرە تازانە بدۆزرێنەوە و بناسێنرێن، بۆیە ئەو گەنجانە بەخۆیان بەعزە شتێک دەکەن و خۆیان مشووری خۆیان دەخۆن، لەبەر ئەوەی شارەزاییان کەمە، ڕۆشنبیرییەکە هاوکار نییە، زۆرجار هەڵە دەکەن و هەندێک ئیش دەکەن بە خراپ لەسەر خۆیان و هونەرەکەیان دەشکێتەوە، لەوانە دەکەونە لاسایی کردنەوە و کاری کرچوکاڵ پێشکەش دەکەن، یان دەکەونە سەر ئەوەی ئیشەکانیان زۆر هەڵپە کردن و پەلە پەلەیی پێوە دیار بێ.. تۆ لەو بوارەدا چ دەڵێی؟

**هۆمەر دزەیی:** ئەو قسەیەی جەنابت دەیکەی زۆر زۆر ڕاستە، ئەگەر ئاوازدانەری باشمان هەبووایە، یانی ئیش و کاری ئاواز دانان بوایە، ستۆدیۆی تایبەتی خۆی هەبووایە، دانیشتبایە ئاوازی بۆ گەنجە تازەکان دانابایە، ئەوە زۆر کێشەمان چارەسەر دەبوون، بەڵام بەداخەوە ئەو کولتووره هێشتا نەهاتۆتە ناو کورد، ئاوازدانەرمان نییە کە بە پیشە ئاوازدانەر بێ و ئاوازەکەی بە پارەیەکی باش بفرۆشێ، لە دەرەوە وایە و هەقی خۆشیەتی. هەندێک جار لە گۆرانیبێژەکە زیاتر وەردەگرێ. چوار لایەن ئێستا لە هونەری موزیک و گۆرانیدا بەشدارن: گۆرانیبێژەکە، لیریک نووسەکە، ئاوازدانەرەکە، ئینجا لە هەموویان زیاتر کە پارەی دەست دەکەوێ ئەو کۆمپانیایەی کە ئەمە دەکاتە سیدی و بڵاوی دەکاتەوە.

**رامان:** دوای ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی باسی زۆر لایەنی هونەریمان کرد، تۆ گۆرانی و موزیکی کوردی لەوڕۆدا چۆن دەبینی؟ ئایا پێی دڵخۆشی؟

**هۆمەر دزەیی:** نا من پێی دڵخۆش نیم، بەلای منەوە بەڕاستی بۆتە بەرەڵڵایی، وەک جەنابت گوتت پاشاگەردانییە، بەڵام دیسان دەڵێم ئەوە ئاساییە، چونکە سەردەم و گەنجی ئەوڕۆ ئەوەی دەوێ. من لە دەرەوە زۆر ژیاوم، لەوێش هەروایە. دایک و باوکە پیرەکان دەزانن ئەو شتە ناخۆشە، بەڵام کوڕەکەی و کچەکەی حەزیان لە شتی وایە و هیچیان پێ ناکرێ. دنیا هەر بیست، سی ساڵ جارێک دەگۆڕێ. لەگەڵ گۆڕانی دنیا، دەبێ تۆش بگۆڕێیت (دنیا دەتگۆڕێ). هەروا بووە و هەرواش دەبێ.

**رامان:** بەشێوەیەکی گشتی گوتت ئەمڕۆی گۆرانی کوردیت بە دڵ نییە، بەڵام خۆ دەبێ لەناو ئەو بارودۆخەشدا دیاردەی وا هەبێ دڵخۆشکەر بێ؟ واتە هونەری گۆرانی و موزیک خەڵکی وای تێدایە، ئەو دیاردەیەی دڵخۆشت دەکات چییە؟

**هۆمەر دزەیی:** خۆ ناتوانی هەمووی بەجارێک بسڕیتەوە، گرووپی وا پەیدابوون بۆ وێنە گرووپی

کامکارەکان، یان لە کوردستانی تورکیا گرووپی وا هەیە کە زۆر دڵخۆشکەرن، یان لە تورکیاش نەبن لە ئەورووپا کاری وا دەکەن کە ئینسان دڵی زۆر زۆر پێی خۆش دەبێ. ئەمانە، یان کابرایەکی وەک شەهرامی نازری هەرچەندە بەشێکی زۆری بە فارسی دەڵێ، بەڵام قەیناکە کابرایەکی کوردە و خزمەت بەکوردیش دەکات. ناکرێ ئینسان هەمووی ڕەش بکاتەوە.

**رامان:** وەک دەزانی جاران لە قوتابخانەکان سروود بەشێک بوو لە پەروەردەکردنی هەستی نیشتمانپەروەری لەلای تاکەکانی کۆمەڵی کوردەواری، بیری نەتەوەییان دەخستە ناو مێشکی منداڵانەوە و لە ڕێی ئەو سروودانەی شاعیرانی بەرچاو دەیاننووسین، بەڵام ئێستا ئەم دیاردەیە بزرە، ڕۆژ بە ڕۆژیش زیاتر پاشەکشە دەکات، ئەمڕۆ سروود نەک هەر ڕۆڵی نەماوە، بەڵکو بە تەواوی وەلانراوە و پشتگوێ خراوە. نە کۆنەکە ماوە کە بیری نەتەوەیی پەروەردە دەکرد، نە هی نوێش پەیدا بووە، تۆ پێت باشە جارێکی دیکە سروود بە جۆرێکی دیکە بێتەوە مەیدان بۆ گۆش کردنی ئەو نەوەیەی ئەمڕۆ و نەوەکانی داهاتوومان بۆ ئەوەی هەستی نەتەوایەتی جاران ببووژێنێتەوە؟ بە تایبەتی کە ئەمڕۆ زۆر باسی ئەوە دەکرێ ئینتیما و هەستی نەتەوەیی لاواز بووە، پێت باش نییە جارێکی دیکە سروود بێتەوە مەیدان؟

**هۆمەر دزەیی:** یەکەم جار کە چوومە قوتابخانەوە لەساڵی ١٩٤٢ بوو، پۆلی یەکەمی سەرەتایی بووم، بەرلەوەی بچینە ناو پۆلەکەمانەوە لە حەوشە کۆیان دەکردینەوە و سروودیان پێ دەگوتین وەکو (ئەی کوردینە ئەی مەردینە- دەمی ڕاپەڕینە) بەدەیان سروودی خۆش خۆشی کوردیمان دەگوت، ئاوازەکانیان زۆر خۆش بوون، هەروەکو گوتم ئاوازەکان کوردی نەبوون، ئی سەردەمی عوسمانی و لەپاشان ئی سەردەمی ناسیونالیزمی ئەتاتورک بوون، بەڵام ئێمە لێمان وەرگرتن. ئەمانە شتێکی باش بوون و هەستی نەتەوەییمان گەشەی دەکرد. من پێم وایە ئەمە شتێکی ڕاستە با بمێنێتەوە، بەڵام دەبێ ئاگاداربین هی منداڵان جیاوازی هەبێ لەگەڵ هی گەوران، بەعزە شتێک هەیە وەکو ئەو ڕۆژە لە تەلەفزیۆن دیم کوڕێکی گەنج باسی ئەوەی دەکرد دیارە خۆی (ئیجوکەیشن) و پەروەردە و شتی وا دەخوێنێ، تایبەتمەندی لەوە هەیە، زۆر قسەی جوانی کرد، پێم وایە شیعری دوور و درێژی نیشتمانی، یان ئاوازێکی ئاڵۆز نابێ فێری منداڵی ساوا بکەین کە هێشتا نازانێ چییە، ئەم فێری نابێ و زەحمەتە بۆی، دەبێ شتی سادەی منداڵانەیان فێر بکەین.

**رامان:** جا ئەوە بە ڕای تۆ پێویستە؟

**هۆمەر دزەیی:** بەڵێ من پێم باشە، بەڵام دەبێ لایەنی پەروەردەیەکی مۆدێرن لەبەرچاو بگیرێ.

**رامان:** کەلێنێکی دیکەش هەیە کە ئەمڕۆ پشتگوێ خراوە. جاران لە قوتابخانەکان و بەتایبەت لە باخچەی ساوایان و سەرەتایی بایەخیان بە ئۆپەرێت دەدا، ئۆپەرێت بۆ چەسپاندنی هەندێک شتی جوانی ئینسانیی بوون، بۆ ئەوەی ئەو بیرۆکە مرۆڤانەیە و ئەو بنەما جوانانە لە مێشک و بیری ئەو منداڵانەدا بڕوێنین، بۆیە بە پێویستی دەزانم جارێکی دا بایەخ بە ئۆپەرێت بدەین، چونکە لەڕێی ئەو جووڵە و ئاوازە خۆشانەوە دەکرێ گیانی برایەتی و خۆشەویستی و دڵسۆزی و هاوکاری یەکتر کردن و پێوەندیی مرۆڤانە و جددییەت و ئەمانە لەزەینی ئەو منداڵانەدا بچێنین. ون بوون و نائامادەیی ئۆپەرێت چۆن لێک دەدەیتەوە؟

**هۆمەر دزەیی:** جاران پێم وایە زیاتر شانۆگەری هەبوو بۆ منداڵان، وانییە؟

**رامان:** بەڵێ لەسەرەتایی شانۆگەریش هەبوو، ئەگەرچی بەشێوەیەکی خاکەڕاییش بێ. بۆ ئۆپەرێت لە پارێزگای هەولێر و دهۆک و سلێمانی، پێشبڕکێ لەسەر ئەو ئۆپەرێتانە دەکرا، کێ یەکەم دەبێ، کێ دووەم دەبێ، زۆر کەس هەبوون ئاوازدانەر، شاعیر لەماوەی یەک ساڵدا خۆیان بۆی ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی لەو شوێنانە یەکەم و دووەمی بەدەست بێنن.

**هۆمەر دزەیی:** بەڵێ، منیش بە بیرم دێ شتی وا لە زەمانی ئێمەش هەبوو.

**رامان:** لەبیرمە کاک وریا ئەحمەد ئۆپەرێتێکی جوانی هەبوو، کۆمەڵێ قاز، هەندێکیان ئیشکەر بوون، هەندێکیان ئیشیان نەدەکرد، ئۆپەرێتێ بوو هانی منداڵی دەدا بۆ ئەوەی بەرگی تەمەڵی فڕێ بدا.

**هۆمەر دزەیی**: ئەوە شتێکی زۆر باشە، بەتایبەتی ئەگەر بەرنامەی ئەوها لە قوتابخانەکاندا هەبێ، خۆت دەزانی دەبێ بەرنامە لە مەکتەبدا هونەری تێدا بێ، موزیکی تێدا بێ، وەرزشی تێدا بێ، خۆ هەموو شتێک

هەر خوێندنی وشک نییە (مێژوو، جوگرافیا، فیزیک و کیمیا) نییە، چونکە بە تەنیا خەڵک لێیان وەڕەز دەبێ، لەبەر ئەوەی ئەو شتانە، کە زیاتر هونەری و وەرزشییە بۆ مێشکی خوێندکار و قوتابی زۆر پێویستن. شانۆگەری، ئۆپەرێت موزیک و وەرزش هەموویان دەبێ بایەخیان پێ بدرێ، بە قەدەر دەرسە زانستییەکان لایان لێ بکرێتەوە.

**ڕامان:** ئەوە لە کاتێکدا ئێمە دامودەزگای تایبەتی ئەو بوارانەشمان هەیە، چالاکی قوتابخانەمان هەیە، زۆربەی هونەرمەند و مۆسیقاکارەکان لەو شوێنانەدا کاردەکەن، دەکرێ ئەم هونەرانە ببووژێنرێنەوە و کاریان بۆ بکرێ. بێجگە لەوەش کە دامودەزگا هەیە ئەمڕۆ، بەڵام بە تەواوی دەوری خۆی نابینێ، یان ئیشەکەی خۆی بە تەواوی ناکات. بۆ نموونە ئەو چالاکی قوتابخانانە ئەگەر دەوری خۆیان ببینن، دەکرێ بەگشتاندنێک هەندێک سروودی باش ئامادە بکەن و بە ئاوازدانەریان بسپێرن تا ئاواز بۆ ئەو سروودانە دابنرێ. پاشان خەڵات دابنرێ، تا باشترین سروود لەم ساڵەدا، پاشان خەڵات بکرێن، ئەو کاتە دەبێتە ڕکابەرییەکی باش بۆ ئەوەی سروودی جوان بێتە بەرهەم، هەروەها لەبواری ئۆپەرێتیشدا کاری باش بکرێ، پرسیاری من ئەوەیە دامودەزگامان هەیە کە پێوەندییان بەکاری هونەرییەوە هەیە، حکومەتمان هەیە، وەزارەتی ڕۆشنبیریمان هەیە، سەتەلایتمان هەیە، ئەمانە کۆمەڵێک لق و پۆپیان لێ دەبێتەوە. بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆمان هەیە، بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەما و بەڕێوەبەرایەتی هونەری توێژینەوە و ئاواز و هەڵپەرکێمان هەیە، ئۆرکسترامان هەیە، ئەمانە هەموویان دامودەزگان، بەڕای تۆ ئەمانە ناتوانن دەوری خۆیان ببینن بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەو گۆرانی و مۆسیقایەی ئێمە لێرەدا لەسەری کۆکین ناوی بنێین جۆرێک لە پاشاگەردانی؟

**هۆمەر دزەیی:** من نازانم.

**ڕامان:** واتە سانسۆر لەو حاڵەتانەدا بەپێویست نازانی بۆ ئەوەی هەندێک گۆرانی هەیە هەق نییە گوێچکەی خەڵکی پێ بریندار بکرێ؟

**هۆمەر دزەیی:** وایە ڕاستە. ئەمن ڕاستییەکەی نازانم، چونکە ئەمن لێرە نەبووم. ئەوەی کە دەیبینم، ئەو دامودەزگایانەی جەنابت باسیان دەکەی، ئەوانە هەمیشە گلەییان هەیە و دەڵێن پاڵپشتمان نییە، حکومەت گوێمان ناداتێ، خەڵکی دیکەش بێزاری خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ ئەو دامودەزگایانە بەپێی پێویست کاری خۆیان ناکەن، ئیتر بەڕاستیی ناتوانم بڕیار بدەم و لێی بدوێم کە ئایا گوناحی ئەوانە، یان حکومەت. دەبێ هەردوولا هەم ئەوان و هەم دەوڵەت کار بۆ ئەوە بکەن.

**ڕامان:** دواجار حەز دەکەم بە شارەزایی خۆت، بە بینینی خۆت، ئەگەر پێت باش بێ ئەو بارەی کە باسمان کرد لە بواری پسپۆڕی و تایبەتکاری خۆتدا، ئایا ڕێوشوێنێکی زانستی هەیە، وەک ئاگادار کردنەوەیەک بۆ ئەوەی وەزعی خۆمان بەرەو باشی ببەین، تا لە داهاتوودا لەسەر بەرنامەیەک ئیش بکەین و پێ بخەینە ناو قۆناغێکی جددی تر و باشتر؟

**هۆمەر دزەیی:** پێم وایە جارێ دەبێ ئەوەی کە ناومان ناوە ئەنیستیتۆکانی هونەرە جوانەکان ئەمانە زۆر بکرێن و شارەزای باشیش هەبێ لەناویاندا کار بکا، بەرنامە زۆر دەوری هەیە. بەرنامەیەکی زۆر زانستی ئەکادیمی دابڕێژن و بەپێی ئەو بەرنامانە سوود لە وڵاتانی دراوسێمان و لەوڵاتانی ئەوروپا وەرگرن، ئێمە زۆرجار شاند و ماندو شتی وا دەنێرین بۆ دەرەوە. بۆ نموونە وەزارەتی ڕۆشنبیری شاند بۆ ئیتاڵیا، بۆ ئەڵمانیا بۆ ئەمریکا بۆ ئەو شوێنانە دەنێرێ، بە دەورە بیاننێرن، با بۆ شەش مانگ بۆ ساڵێک وەکو زەماله بچن لەوێ فێر بن، یان بابڵێین چەند مامۆستایەکی بێگانە بەگرێبەست بهێنن بۆ ساڵێک، دوو ساڵ لێرە کار بکەن و بەرنامەمان بۆ دابڕێژێن. سیاسەتێکمان بۆ دابڕێژن کە چۆن بەڕێوە بڕۆین بۆ ئەوەی بتوانین منداڵەکانی خۆمان فێری پەروەردەی هونەری و ئەمانە بکرێن.

ئەمانە زۆر زۆر پێویستن. وەکو وتم دەبێ مێژووی موزیکی خۆمان بزانین تا کوێ دەڕوا، هەرچەندە من تۆزێ گومانم لەوە هەیە. لە ڕابردوومان نازانم لەکوێوە دەست پێ بکەم، بەڕاستی دەبێ ئەو مێژووە بە منداڵەکانمان بناسێنین، دەبێ مێژوو و ناوەڕۆک و هەموو شتێک دەربارەی بەیت چییە، لاوک چییە، حەیران چییە، قەتار و ئەڵڵاوەیسی و هۆرە و سیاچەمانە و ئەمانە چییە؟ ئەو شتە کلاسیکانە دەبێ بە تەواوی بکرێن بەوانەی زۆر زۆر گرینگ و تایبەتمەندی دکتۆراشیان لێ وەربگیرێت. هونەرە جوانەکان نابێ تەنیا ئەرکی فێرکردنی ئامێری عوود و سەنتوور بێ، دەبێ مێژووی موزیکیشیان فێر

بکەن، بەڵام دەبێ زۆر زۆر زۆر ئاگـــادار بین بە هەوای ناسیونالیزمی کوردەوە مێژووی بە هەڵە، بێ بەڵگە فێری زارۆڵەکـانمان نەکـەین، زانست و ناسـیـونالیـزم تێکەڵ بەیەک نەکەین.

**رامان:** گفتوگۆیەکی فراوان و دوورودرێژمان کرد، لەوە زیاتر نامەوێ هیلاکت بکەم، ئەگەرچی قسە و باسی زۆر ماوە بیکەین، تۆ پیاوێکی خاوەن ئەزموونی و دەمێک ساڵە خەریکی کاری هونەری، چاک دەزانم قسـەی لەوە زیاترت پێیە بیانکەی، بەڵام پێم خۆشە پێم بڵێی: ئایا هیچ قـسـەیەک مـاوە بیکەی؟ یان تا چ رادەیەک ئەو قسانەت بەدڵ بوو کە کران؟

**هۆمـەر دزەیی:** باسی زۆر شـتـمـان کـرد، بەڵام بە راشکاویش دەیڵێم لەوانەیە هەندێک شت نەگوترابێ و ئێـسـتـا بۆم نەیەت. لەوانەیە سـبـەینێ، یان دووسـبـەی هەندێک شتم بەخەیاڵدا بێن.

**رامـان:** دوایی ئەگـەر قـسـەی ترت هەبوو دەتوانین زێدەیان بکەین.

**هۆمەر دزەیی:** جەنابت ماشەڵڵا شارەزاییەکی باشت لە بواری هونەریدا هەیە و ئێـشـەکـانت هەمـووی جـوانن. منیش بەپێی توانایی خۆم وەڵامم دایتەوە.

**رامان:** لەکۆتاییدا ئێمەش سوپاست دەکەین، سوپاس بۆ ماندوو بوونت.

**هۆمەر دزەیی:** منیش سوپاسی ئێوە دەکەم. زەحمەتتان کێشا.

**ناسنامە**

* لە زسـتـانی سـاڵی ١٩٣٧ لە گـوندی دوو گـردکـانی دەشتی هەولێر لە بنەماڵەیەکی خانەدانی ئێڵی دزەیی لە دایک بووە.

باوکی، حەمـەدئەمین ئاغـای حاجی بایزئاغـای دزەیی، لە تەمەنی ٤٦ ساڵی کە هۆمەری کوڕی هێشتا لە سکی دایکی دەبێ لە سـاڵی ١٩٣٦ بە نەخـۆشی دڵ کـۆچی دوایی دەکـات و هیچ وێنەیەکـیشی لەپاش خـۆی بەجێ نەماوە.

بەپێی قسەی ئەفسەری بەریتانی کاپتن هێی لە کتێبی (٢ ساڵ لەکوردستاندا) کە لەساڵی ١٩٢٠ نووسیویەتی دەڵێ: حەمەدئەمین ئاغا پیاوێکی تەمەن سی ساڵێکی ئاکار جوانی تێکسمراوی قۆز بووە.

حەمـەدئەمین ئاغـای باوکی، برا بچووکی برایم ئاغـا و خورشید ئاغای دزەیی بووە کە بە گوێرەی کتێبی گۆرین و هەروەها کـتـێبی ئارنۆڵد ویڵسن (عـیـراق لەنێـوان دوو وەفـاداریدا) ئەم برایە هەردووکـیـان لەپێش دامـەزراندنی دەوڵەتی عـیراق لەساڵی ١٩٢١ هەوڵێکی زۆریان لەگەڵ ئینگلیزەکـانی شـاری هەولێر داوە کوردسـتـان نەدەنەوە بە تورک و نەشـیـدەن بە عـەرەب، بەڵکو بکرێ بە وڵاتێکی سەربەخۆ.

دایکی هۆمـەر، کـافـیـەخـانی کـچی شـێخ مـارفی هەڵەبجـە، لەشێـخە بەرزەنجـییـەکـانی کۆیەیە و بە چەند پشـتێک دەگـاتەوە شێ حەسەنی گڵەزەردە کـە پیـاوێکی ئاییـنی و زانایەکی فـەلەکی ناسـراوی سـەردەمی خـۆی بووە.

هۆمـەر دەگـێـڕێـتـەوە و دەڵێ سێ بیـرەوەری منداڵی لە گـوندەکـەیان کـارێکی زۆر قـووڵـیـان تێکردووە کـە تا ئێستاش وەک نەخشی سەر بەرد لە ناخ و دڵ و دەروون و هۆشیدا زۆر بە زەقی هەستی پێدەکرێت.

١- زرینگەی زەنگوڵـی ملی نێـری و بەرانان کـە نیـوە شەوانی هاوینان رادەدران لەبۆ شەوینێ.

٢- دەنگ و ئاوازی پڕ لە خرۆشان و بە سۆزی سەپانی دوورەپەرێزان کـە پێش مـەلا بانگدانێ دەپژرایە سـەرچاو لەخەوی سەربانە فێنکەکانی دوو گردکان.

٣- گۆرانی و سەمای قەرەجان کە ساڵی چەند جارێک بەدێهاتی کوردستاندا دەگەڕان و بۆ ماوەیەک هەواریان لە گوندەکەی ئەوانیش دادەکوتا.

هۆمـەر دەگـێـڕێـتـەوە و دەڵێ منداڵ بووم هێـشـتـا نەچووبوومـە بەر خـوێندن، تا درەنگـانێکی شـەو لەژێر رەشمـاڵی ئەو قەرەجانە هەستی خۆم دەدایە ئاوازەکان و سەماکـانیـان. دەڵێ دایکم چەندین جـار بەدوایدا دەناردم من هەر نەدەچوومـەوە، پاشـان دایکم لێم تووڕە دەبوو و دەیگوت «بەخـوا رۆڵە تۆ رۆژێک هەر دەبێ بە تیـاترۆ». هۆمـەر دەڵێ ئێـسـتـاش کـەوا ریشم سپی بووە زرینگەی زەنگە گەورەکانی کڵێسا و کاتەدراکانی شارە کەونەکانی ئەورووپا لە رۆژانی یەکشەممە و ئاواز و موزیکی تسیگانە (قەرەج) ئەوروپاییـەکان و فلامینکۆی ئیسپـانی و هەواو سەمای فۆلکلۆری لادێیـانی ئەورووپا، یەکسـەر دەمبەنەوە بۆ رۆژگـارانی هەرەتی منداڵی و نوجـەوانیم و تەزوو و نۆسـتـالژیایەکی زۆر بەتین ناخم دەبزوێنێ و کـۆنە برینم دێنێتەوە سوێ. هەروەها درێژە بە قسـەکـانی دەدا و دەڵێ بێـجگە لەمـانە لاوکـبـێژی ناوداری ئەو سەردەمـەی وەک

حەمەد ئاغای مەندۆ و عەزیز ئاغا ناوە ناوە دەهاتنە دیوەخانی ماڵەبابی و لاوکی شۆڕەسواری و ئەویندارییان دەچڕی. هەروەها دەڵی هەر دووگردکان خۆشی پڕ بوو لە حەیرانبێژی چاکی وەک زایەر و کەریم ئاغا و پیرداوود ئاغا. هەروەها دەڵێ ساڵی چەند جارێکیش لەگەڵ دایکیدا سەردانی تەکیە و خانەقاکانی ماڵەخالانی دەکرد لە هەڵەبجە و کۆیە و کەرکوک و سلێمانی و لەو تەرزە جێگایانەش کۆڕی غەزەل خوانی زیکر و تەهلیلە و دەفژەنی و شەڕە شیعر هەمیشە گەرم دەبوو. جا هۆمەر دەڵێ مەڕ و بزن، دۆم و قەرەج، حەیرانبێژ و لاوکبێژ و سەپان، تەکیە و خانەقا و مزگەوت، ئەمانە گشتی ژینگە و کەشێکی خۆرسک و سروشتی بوون کە تێیدا فرچکی خواردووە و گەورە بووە و هەر لە تەمەنێکی زۆر زووەوە ڕەگی بەهرەی هونەری و ئەدەبی و جوانی پەرستییان لە ناخی هۆمەر داکوتاوە.

کە لەهەولێر پۆلی شەشی سەرەتایی تەواو دەکات، هەوڵێکی زۆر لەگەڵ بنەماڵەی دەدات بچێ خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی لە (كلية بغداد) تەواو بکات کە خوێندنگایەکی ئەمەریکایی بوو و هەموو وانەکان بە ئینگلیزی بوون. هۆمەر هەر بەو منداڵییەی پلانی دانابوو ئەوێ تەواو بکات و ئیتر بچێت بۆ دەرەوەی وڵات بۆ خوێندنی باڵا، بەڵام ئێستاش خەفەتی بۆ دەخوات کە خەونەکەی نەهاتە دی و لەماڵەوە ڕێگایان نەدا بچێتە ئەو قوتابخانە ئەمەریکاییە.

* خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر و کەرکوک و بەغدا تەواو دەکات و هەر لەو قۆناغەی ژیانیشیدا بەهرەی هونەری و نووسین و هەڵبەست دانانی لێوە بەدەر دەکەوێت و دەبێتە گۆرانیبێژی سەرەکی ئاهەنگ و نەورۆزەکانی ئەو سەردەمە.

* لە بەرایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو وشەی کوردی بۆ چەند گۆرانییەکی ڕۆژئاوایی باوی ئەو زەمانە دادەنێ وەک (ئامادۆمیۆ)ی ئیسپانی و (تانگۆ جەمیلە)ی ئەمەریکایی- تورکی. لە ئاهەنگی ساڵانەی خوێندنگای ئامادەیی لە کەرکوک هۆمەر بە شەپکەیەک و گۆچانێکی دەستییەوە، ئینگلیز ئاسا، گۆرانی بەناوبانگی ئەو سەردەمەی ئەمەریکایی و ئیسپانی (پێرهاپس، پێرهاپس، پێرهاپس) بە ئینگلیزی لەسەر شانۆ دەڵێت و چەند کارمەندێکی ئینگلیزی کۆمپانیای (ئای- پی- سی) نەوتی عیراق لە کەرکوک لەوێ دەبن و زۆر حەپەساوی دەنگ و زمانەکەی دەبن.

کە پۆلی سێی ناوەندی لە کەرکووک تەواو دەکات هۆمەر دیسان هەوڵێکی زۆر لەگەڵ بنەماڵەی دەدات بچێ بۆ بەغداد ئەم جارەیان لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان موزیک بخوێنێ. دیسان بە دڵشکاوی و دڵساردییەوە ئاواتەکەی نایەتە دی.

* لە ساڵی ١٩٥٤ و لە تەمەنی ١٧ ساڵی بەشی کوردی ڕادیۆی بەغدا ٨ گۆرانی بۆ تۆمار دەکات کە هەندێکیان لیریکی خۆی بوون و هەندێکیش فۆلکلۆر.

* ساڵی ١٩٥٥ کە ئامادەیی لە بەغدا تەواو دەکات، سەرلەنوێ دەستە و دامێنی بنەماڵە دەبێتەوە و تکایان لێ دەکات بینێرن بۆ ڤییەننا بۆ خوێندنی موزیک. دیسان بۆ جاری سێیەم دڵی دەشکێتەوە و ئەم جارەیان بە بێ ئارەزووی خۆی دەینێرن بۆ ئانکارا لە تورکیا و لەوێ دەست بەخوێندنی پزیشکی دەکات، بەڵام چون بە نادڵی خۆی دەبێ، دەست لەو ڕشتەیە هەڵدەگرێ و دەینێرن بۆ ڤییەننا، بەو مەرجەی کە موزیک نەخوێنێ. ئیتر دوای ئەوە زانستی سیاسەت لە زانکۆکانی ڤیەننا و پاریس و ڕێدینگ لە ئینگلتەرە دەخوێنێ و بەکالۆریۆس بە پلەی شەرەف لەو ڕشتەیە وەردەگرێ، دواتر کۆرسە بنەڕەتییەکانی پلەی ماجیستێر لە زانستی زمانەوانی لە زانکۆی جۆرج مەیسن لە ئەمەریکا دەخوێنێ، بەڵام کە ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکا بە زمانی کوردی لە ساڵی ١٩٩٢ لە واشنتن دەکرێتەوە، هۆمەر دەچێ دەبێتە کارمەندی ئەو ڕادیۆیە و دەست لەخوێندنی ماجستێرەکە هەڵدەگرێ.

هۆمەر کە باسی ئەو سەردەمانە دەگێڕێتەوە، ئاخێکی پڕ لە داخ و هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشێ و دەڵێ دەستوور و نەریتی پارێزیاری جاران لەکۆمەڵی دواکەوتووی کوردەواریدا بوونە کۆسپێکی زۆر گەورە بۆ پاشەڕۆژی هونەریی ئەو دەڵێ ئەگەر ڕێگای پێبدرایە لەخۆی ڕادەدیت لە پاشەڕۆژدا ببێ بە گۆرانیبێژ، یان موزیک کارێکی لە ئاستی جیهانی نەک هەر کوردی. دەڵێ ئێستاش خەفەت بۆ ئەو حەزە بەدی نەهاتووە و نامرادییە دەخوات کە کاریگەرییەکی خراپی کردە سەر تەواوی ڕێچکەی ژیانی و هەموو شتێکی لێ بوو بەنیوەچڵ و بەناچاری و بەناهومێدی هەوڵی داوە هەندێ لەو درزە گەورانەی دڵە شکاوەکەی بەو چەند گۆرانی و ئاوازی لێرە و لەوێ (نەک وەک گۆرانیبێژێکی پیشەیی) تیمار بکات. هۆمەر پێی وایە ڕەنگە ئەگەر بە ئارەزووی

خـۆی هونەری وەک کـار و پیـشـەی سـەرەکی ژیانی هەڵبژاردایە ئەوە، ئەو بەرهەمانەی ئێستای وەک دڵۆپی دەریایەک دەبوون.

لە سـاڵی ١٩٥٦ لەگـەڵ دامـەزراندنی کـۆمـەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا (KSSE) هۆمەریش دەبێ بەئەندام و بەرپرسی لقی کۆمەڵە لە تورکیـا. لە ساڵی ١٩٥٨ لە کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵە لە لەندەن دەکرێ بە یاریدەدەری سـەرۆکی کـۆمـەڵە و بەرپرسی کـاروباری کـولتـووری. لە ئاهەنگ و نەورۆزەکـانی ئەوروپا گۆرانیبێژی سەرەکی و ڕاهێنەر و سەرچۆپی هەڵپەڕکێیە کوردییەکانیش دەبێ.

هاوینی ساڵی ١٩٥٧ لەگەڵ دەلەگاسیونێکی کوردی بەسەرۆکایەتی مام جەلال تاڵەبانی لە ڤیەننا و دەچێ بۆ مۆسکۆ بۆ بەشداری لە فیستیڤاڵی لاوان و قوتابیانی جیـهـان کـە هەردوو سـاڵ جـارێک لە وڵاتێکی بلۆکی سوسیالیست دەگیرا. لەوێش هۆمەر دەبێتە گۆرانیبێژی سـەرەکی و ئاشنایی و دۆسـتـایەتی لەگـەڵ کـوردەکـانی سۆڤییەتی جاران پەیدا دەکات.

* هەر لەمنداڵیـیـەوە لەکـوردسـتـان و دواتریش لە دەرەوە، هۆمـەر تەبای تەواوی بنەمـاڵەکـەیان تێکەڵاوی بزووتنەوەی سیـاسی و چەکداری کـورد دەبێت و سـالانی ١٩٦٣-١٩٦٤ بۆ پێشمەرگایەتی دەگەڕێتەوە کوردستان و لەگەڵ دەستـەیەک لە ڕۆشنبیـرانی پێشـمـەرگـە یەکـەم ڕادیۆی شۆڕشی کورد لە ئەشکەوتێکی گردەڕەشی نزیک مـاوەت دادەمـەزرێنن بەناوی (دەنـگی کوردسـتـان). لەوێ کـاری هونەری و نووسین و تەرجـومـانی و بێـژەری پێ ڕادەسـپـێـردرێ و هەر لەوێش ئێوارەیەک لەبەر سێـبەری پیـرەدار بەرووبەک ئاواز بۆ هەڵبـەسـتـە بەناوبانگەکـەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دادەنێ:

**من پێشمەرگەی کوردستانم**
**ئامادەی جەرگەی مەیدانم**
**دەس لە چەکم هەڵ ناگرم**
**یا سەر ئەکەوم یا ئەمرم**

* لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، هۆمەر بوو بەیەکـێک لە ئەسـتـێـرە هەرە درەوشـاوەکـانی تی ڤی کـەرکـووک و بەغـدا و بەگـۆرانی (باخـچـەی پاشـا)ی هەڵبەستی گۆران و (چەندی گەڕام لە شاران)ی لیریکی خۆی و (تاقـانە غـونچـەی) ئەحـمـەد هەردی گـەیشـتـە ترۆپکی ناوبانگی بەوەی زۆر وەسـتـایانە بەرگـێکی ڕۆژئاوایی کـردە بەر هەوای کـوردی و ڕێبـازێکی نوێی لە جیهانی ئاواز و گۆرانی کوردیدا کردەوە.

* لە ساڵی ١٩٨٨ ئەوروپا جێ دێڵێت و بۆ یەکجاری بەخـاو و خـێـزانەوە باردەکـەن بۆ وڵاتە یەکگرتووەکـان و دەبن بەهاووڵاتی ئەمەریکایی.

* لە سـاڵی ١٩٩٢ پێکەوە لەگـەڵ چەند کـوردێکی دیکەی ئەمـەریکایی بەشی کـوردی ڕادیۆی (دەنگی ئەمـەریکا) دەکـەنەوە و سـاڵی ٢٠٠٠ هۆمـەر دەبێـتـە بەڕێوەبەری ئەو ڕادیۆیە. بۆ مـاوەی ١٠ سـاڵیش بەرنامـەیەکی هەفـتـانە لەسەر ئەدەبیـاتی زارەکی کـوردی لەو ڕادیۆیەدا بڵاو دەکاتەوە.

* لە ساڵی ٢٠٠٣ خەڵاتی زێڕینی بۆردی نێونەتەوەیی بۆ بێـژەران (IBB GOLDEN AWARD) پێ دەبەخشرێ.

* لە ساڵی ٢٠٠٥ سەرکۆماری ئێراقی فیدراڵ بەڕێز مـام جـەلال تاڵەبانی لەسـەردانێکی بۆ واشنتن داوا لە هۆمەری دزەیی دۆستی دێرینی خۆی دەکا بگەڕێتەوە بۆ کـوردسـتـان تا بیکا بە باڵیـۆزی عـیـراق لە دەرەوە کـە دەگەڕێتەوە جەنابی مـام جەلال وای بە چاک دەزانێ کە ببێ بە ڕاوێژکـاری سیـاسیی خۆی لە بەغـدا و هەرواش دەبێ.

* لە ئەمـەریکا، هۆمـەر دزەیی هەڵبـەسـتێکی ١٢٠٠ بەیتی لەسـەر ژیانی خـۆی دادەنێت بەناوی (چیـرۆکی ئەویندارییم) و لە سـتـۆکـهـۆڵم و لە سلێـمـانی لەچاپ دەدرێ. لەدوای ئەنفـالکردنی نیـشـتـمـانە دێرینەکەشی، سرووودێک بە وشـە و ئاوازەوە بەناوی (کـوردسـتـان هەر دێینەوە) دادەنێ.

هۆمەر بێجگە لەوەی کە شیـعری شاعـیرانی ناوداری وەک گـۆران و هەردی لە گۆرانییـەکانیـدا بەکـار هێناوە، خۆیشی لیریکی بۆ ژمارەیەک لەگۆرانییەکانی نووسیوە.

* ئێـسـتـاکـەش چەندین پرۆژەی هونەری و ئەدەبی بەدەسـتـەوەیە کـە بریتین لە گـۆرانی تازە و بەرنامـەکـانی دەنگی ئەمەریکا.

* هۆمەر نزیکەی بە ١٠ زمانی بێگانە قسە دەکات و گۆرانیش دەڵێ.

* ساڵی ١٩٧٠ هۆمەری دزەیی کچە ئامۆزایەکی خۆی دێنێ و دووکچ و دووکـوڕیان هەیە کـە هەمـوویان لە ئەمەریکا دەژین.



## دلاوەر قەرەداغی:
## دەقی شیعری بریتییە لە ژەنینی وشە لە دێری مۆسیقاییدا

**هەڤپەیڤین:**
**عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا**

ئەگــەر لە نزیکەوە «دلاوەر قــەرەداغی» نەناسی و لە نیوەڕۆیەکی پاییزییدا بە بەردەمتدا تێپــەڕێت وا هەست دەکــەیت ناز بەســەر خوێنەرەوە دەکات، وا هەست دەکەیت چونکە پێی دەڵێن قەڵەمێکی جوانی، لەخۆی بوغرا بووە، بەڵام هیچ یەک لەوانە نییە، بەڵکو ئەو لەژیانی ڕۆژانەیدا تەسەری ئەوە ناکات جوان بنووسێت و ڕستەی جوان بڵێ، بۆیە شەرم لە دەروبەر و خوێنەران دەکات. شاعیرێکی سادە و هێمن و خاکــەڕایە بەردەوام نیگەرانیی نووسین دەیهێنێ و دەیبا، بەتایبەتی بەرکەوتنی لەگــەڵ ئەوروپا وای لێکردووە لەبەرانبــەر نووسین و خوێندنەوە حەساستر بێت. هەمیشە شیعر وەک فریادڕەس تەماشا دەکات و لە نائومێدییەوە هێزی نووسین بەدەست دەهێنێ.

بەر لە قەسیدەی «پەیکەرێک لە باران» کە ساڵی ١٩٩١ نووسیویەتی، شیعرێکی بە ناوونیشانی «سەفەری مەرگ» لە دوای ڕاپەڕینەوە لە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەدا لەگەڵ چەند شاعیرێکی دیکە خوێندۆتەوە، وەک دەزانین بەشێکی زۆری شیعری دوای ڕاپەڕین لە بازنەی دروشم و کەفوکوڵی شۆڕشگێڕانەو دووکەڵ و بارووت دەخولایەوە، کەچی ئەم شاعیرە بە هەموو شەرمنییەکەوە لەو کۆڕەدا بە شیعرێک کە تەواو نائومێدی لێدەتکێ، بەشداری دەکات. ڕاستە کەس

گـــوێی بۆ ناگــــرێت، بەڵام کـــۆڵ نادات و تا دوا دێر شیعرەکەی خۆی دەخوێنێتەوە.

لە دوای کەفوکوڵی ڕاپەڕین ئیتر ئەو نائومێدییە لە شیعری کوردیدا بەرجەستەتر دەبێت، بەڕاستی ئەگەر نەوەی دوای ڕاپەڕین نائومێد نەبایە، چۆن دەیتوانی بنووسێت، جیاواز بێت و دەریچەیەک بۆ تەعبیرکردن لەخۆ بکاتەوە؟ فیکری ئومێدبەخش خاڵییە لە مانای جوانی، ئەوە نائومێدییە وامان لێدەکات هەوڵی بەرجەستەکردنی جوانی بدەین و تەسلیم بە مژدەی تەقلیدییەت و ئێستای باو نەبین.

ئەم شاعیرە ناتوانێ بێ مۆسیقا بنووسێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام گێڕانەوەکان دەبیەن. ناتوانێ سەرسامی خۆی بەرانبەر کارە شانۆییەکانی «چیخۆف»، «بریخت»، «بیکیت» بشارێتەوە، وەک چۆن ناتوانێ بەرانبەر ئەو هەموو بێ نرخکردنەی ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی بێدەنگ بێت.. ئەو کاتێک لە کوردستان بوو کەسێک بوو وەک نووسین، وەک هەڵسوکەوتی ڕۆژانە بێزاری و نامۆییەکی تۆخی لێدەتکا، بۆیە ڕاستەوخۆ لێم پرسی:

* تۆ وەک کەسێکی هەستیار چۆن سەیری نامۆیی دەکەیت، ئایا دوورکەوتنەوەت لە شاری سلێمانی وەک یەکەم لانە، تا چەند ئەو نامۆییەی تۆی قووڵتر کردۆتەوە؟

– هەر شارە و لە ڕێگایەکەوە دەچێتەوە سەر شارێکی دی، هەر شارێک و لە شتێکدا لە شارێکی تر دەچێت، لە هەر شارێکدا شەقامێک، دوکانێک، کووچەیەک. بەر پەنجەرەیەک، بۆنێک و ڕەنگێک هەیە کە یادەوەرییەکی دێرینمان تێدا دەوروژێنێت کە لە شارێکی تردا ئەزموونمان کردووە، لە هەر شارێکدا خانوویەک هەیە بە ژوورێکی چەپەک و گڵۆپێکی کزەوە، کە شەوانێکی درەنگ کتێبێکمان (کتێبێک کە دەشێ لە ڕەفەی هەموو کتێبخانە و لە کتێبخانەی هەموو شارەکاندا هەبێت) تێدا خوێندۆتەوە. هەموو شارەکان لە جیاوازییاندا لە شتێکدا لەیەک دەچن و لە شتێکدا دێنەوە سەر یەکدی. لە سەردەمانێکی زووی گەنجیدا کە لە سلێمانی دەچوومە دەرێ و بە لای گوندێک، شارۆچکەیەک، شارێکی تردا ڕەت دەبووم، شتێک لەو جێگایەدا سەرنجی ڕادەکێشام و هەستم دەکرد ئەوێ شاری ڕاستەقینەی منە و حەزم دەکرد ئەو جێگایەم بکردبا بەشاری خۆم. نازانم بۆ



دلاوەر قەرەداغی لەگەڵ باوکی

شارەکانی تر و بۆ خەڵکانی تر چۆنە، بەڵام بەشبەحاڵی خۆم، پێم وایە شارانێک هەن لێناگەڕێن ئالوودەیان بیت و بیریان بکەیت و خۆیان بکەن بە شار و زێدی هەمیشەییت. دەبێ بڵێم من ئەزموونێکی ئاوهام لەگەڵ ئەو شارەدا هەیە کە لە ناسنامەکەم نووسراوە خەڵکی ئەوێ و لەدایکبووی ئەوێم. سلێمانی بۆ من شارێک بووە کە هەمیشە مەودایەک لە نێوانماندا بووە، هەرگیز خۆمان بۆ یەکدی نەکردۆتەوە، شتێکی ئەوتۆمان بەشی یەکتری نەداوە، لە ڕاستیدا ئەوەی من لە سلێمانیدا بە دوای دۆزینەوەیدا دەگەڕێم، لە شار و لە جێگای تردا دەیدۆزمەوە. ڕاشکاوانە بڵێم کە سلێمانیم جێ هێشت، لە شاری تردا زانیم کە لەو شارەدا چەند نامۆ و تەنیا بووم. من هەمیشە لە سلێمانیدا بیری خۆم دەکەم لە شارێکی دوور. ڕەنگ ئەمەش بە دیوێکیدا لەبەرئەوە بێت کە شارەکان درێژکراوەی یەکترین و بە جۆرێک لە جۆرەکان دەڕژێنەوە ناو یەکدی.

* دەتەوێت بڵێیت سلێمانی شارێکی داخراوە، شاری

داخـراویش بە کـولتــوورێکی داخـــراوەوە بەندە، ئایا پێوەندی کولتوور و کرانەوە چەند لە داهێنان و سەرچاوە نزیکمان دەکاتەوە؟

– قسەم لەسەر کراوەیی یان داخراوەیی سلێمانی یان شارێکی دیاریکراو نییە، من بە گشتی لەبارەی ڕۆیشتن لە شـارەکـان دەدوێم و سلێـمـانـی وەک نموونەیەک باس دەکەم... پێم وایە داخراوەیی شار (ڕاستە هۆیەکە) بەڵام هۆیەکی سـەرەکی نییـە بۆ ئەوەی مـرۆڤ لێی هەڵبێت. وەک گوتم ساتەوەختێکە کە بانگێک لە شوێنێکی تری دنیـاوە لە ناوەوەترا دەبیـیـەیت و ئیـدی بڕیار دەدەیت و دەڕۆیت. خۆ دەشکرێت تۆ لە شارێکدا بیت و هاوکات لە شـارێکی تریش بژیت، هەر شـارێک (بە شـارە زۆر پێشکەوتووەکانیشەوە) شتێک لە داخرانیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە. هیچ شارێک نییە هەموو دەرگاکانی واڵا بن و شتێک لە گێڕانەوە لە مرۆڤدا نەکوژن. جیاوازییەکە لە گەورەیی و بچووکی شارەکاندا، لە قـەرەباڵغی و چۆڵیـیـاندا، لە ژمـــارەی ئاپارتمانی هەوربڕ و ئوتێلی پێنج ئەســـتـــێـــرە و مەلەوانگە و فرۆکەخانە و شاری یاری و ڕێستۆرانتی گەورەیاندا نییە، بەڵکو لە جیاوازی ڕوخسار و مۆزاییکی ئەو زمانانەدایە کە تێیاندا خەڵکی پێـیـان دەپەیڤن، لەو ڕوح و کـولتـوورەدایە کـە تا چەند ڕوخسار و زمانی جیاوازی ئەوی تری قەبووڵە و ئامادەیە لەگەڵیدا بژی و هەڵ بکات.

* بەڵام کـولتـووری داخـراو نەک هەر حیکایەتەکـان لە مـــرۆڤـــدا دەکـــوژێ، بەڵکو بەقـــەد ئەوەی بڕوای بە مەرگدۆستییە، ئەوەندە پێوەندی خۆی بە مرۆڤدۆستییەوە دەپچڕێنێت.

– ئەوە زۆر ڕاستە، بەڵام من نەمویستووە جێهێشتنی شـار و شـوێنگۆڕکێ ڕاســتــەوخـۆ بـبـەســتــمـەوە بە دواکەوتوویی شار و داخراوی کـولتـوور و ناچاربوون بۆ هەڵاتن لێـیان و تەنانەت خولیای سەفەریشەوە، بەڵکو زیاتر لە ئەزموون و بینینی خۆم دەدوێم بۆ ئەو خولیایەی کە هانمان دەدات لە شارێک، یان لە جێگایەکی تایبەتی هەڵبێین بە جیاوازی ئەوەی ک ئاخۆ کولتووری ئەو شار یان جێگایە داخـراوە یان کـراوە، لەو دەنگە ناوەکـیـیـە دەدوێم کـەدوای جێگیربوونمان لە شـوێنێکی تایبەتیدا، سەرلەنوێ خەیاڵی جێـهـێـشـتنیـمـان دەخـاتەوە سەر. لەڕاسـتـیـدا جـێـهـێـشـتن و دەرچوون لە زێد و بڕیاری جێهێشتنی ماڵەباوان، ڕەگێکی قووڵتری لە ئایینەکان و میـتـۆلۆگیـا و خەیاڵی گەڕیدە دێرینەکاندا بۆ دۆزینەوەی خۆیان لە جێگا و شـوێنی تردا هەیە. بەسـەرهـاتی کـوڕە لاسارەکە یان کوڕەزایەکە لە تەوراتدا و هەڵگەڕانەوەی لە زێد و ماڵەباوان و بەر نەفرەت کەوتن و بینینی ئەزموونە تاڵەکـانی سـەفـەر و قـەبووڵ کـردنی ژیانێکی ناخـۆش و ناهەمـــوار تا ڕادەی بوون بە شـوانی بەراز، نموونەیەکـە دەکـــرێت لەم بارەیەوە ئامـــاژەی پێ بدرێت. پێم وایە جـێـهـێـشـتـنی زێد بەم مـانایە هێندەی کـەسی شـوێن جێهێڵەر هەوڵ دەدا بەدوای خۆیدا بگەڕێ و لە ئاوێنەی جـێگا و شـوێنی تردا خـۆی ببـینێت، هێندە مـەبەست لەبێزار بوون لە جێگایەکی تایبەتی و خواستی بینینی جـێگای تر و جـانتـا هەڵگرتن و خـۆسـپـاردن بەڕێگا

## کۆمەڵگەی ئێمە لە بنەڕەتدا لەسەر فیکر و بەها و بنیادی دژ بە نوێگەری ڕاوەستاوە

نادیارەکانی سەفەر نییە.

* هەست ناکـەیت ئێـسـتـا وەک تاراوگـە نشـینێک سلێمـانی شوێنی ئەو منداڵەی ناوەوەی تۆی گرتبێتەوە، کە بەر لە دەرچوونت لە پرۆسەی شیعر نووسیندا دەستی بۆ فـەزای وشـەکـان دەبرد، دەمـەوێت بپـرسم جگە لەو هەسـتــە (واتە هەسـتی غـەریبی) منداڵی خـۆت چۆن دەخەیتە ڕستەیەکی خەبەرییەوە؟

– نا، هەست ناکـەم بەو جـۆرە بێت. شـارەکـان ژیانی خۆیان دەژین و منداڵیی ئێمـەش ژیانی خۆی. ئێمـە بە شارەکاندا تێدەپەڕین و ئەگەر بمانەوێت لە هەندێکیان لا دەدەین و ئەگەر نەمانەوێ ڕەنگە ئیتر نەشیانبینینەوە. لە بنەڕەتدا شـاعـیـران لەبەرئەوە لە شـارەکـان هەڵدێن تا شتێک لە منداڵیی خۆیان قووتار کەن. شار وەک شوێن بۆ ئەوە دروست نەبووە کە ئێمـە تا هەتاهەتایە تێـیـاندا بژین و هەڵبکەین، شار کـتـێـبێـک نییـە کـە دوو جـار بیخوێنینەوە و ڕێگایەک نییە کە دوو جار پیاسەی پێدا بکەین و دوکاندارێکی گرانجان نییە کە دوو جار شتی لێ بکڕین. هەمـیـشـە سـاتێـک هەیە کـە مـرۆڤ دڵی لە

جێگایەک هەڵدەکەنرێ، ئەوە ساتێکە و ئیدی بڕیارێکی نهێنیی لە ناوەوەترا دەدرێت، بەڵام جێگایەک هەیە کە هەمیش ئێمە لە دوای خۆمانەوە لە شارەکاندا جێی دێڵین، ڕووبەرێکی ونبوو هەیە کە لە گەڕانەوە کاتییەکانماندا لە دووی دۆزینەوە و کەشف کردنین، بەڵام ئەمەشیان هەر ڕووبەرێک نییە کە لە خودی شاردا بەدوایدا بگەڕێین، بەڵکو شتێکە لە دەرەوەی شار و لە دەرەوەی قەرەباڵغی و گەمە و لە دەرەوەی یادەوەرییەکانیدا. ڕووبەرێک کە کاتی خۆی بیرمان چووە، یان نەمانتوانیوە لەگەڵ خۆمانی ببەین. لەگەڵ هەموو گەڕانەوەیەکیشدا ئەو ڕووبەرە تا بێت بچووکتر و بەرتەسکتر دەبێتەوە، دەشێت شیعری من لە هەندێک ساتدا گەڕان بێت بەدوای ئەو ڕووبەرەدا بۆ سەرلەنوێ ڕۆنانەوەی زێد، بەڵام مەرج نییە ئەو زێدە سلێمانی و جێگایەک لە سلێمانیدا بێت، بەڵکو دەکرێت سلێمانییەک بێت لە وەهمدا. لێت ناشارمەوە کە ڕۆمانەکەی عەتا محەممەد (گێلاسی خوێن)م خوێندەوە، لەیەک کاتدا جوانی ئەو ڕۆمانە ترساندمی و هاوکاتیش غەمێکی قووڵ باڵی بەسەردا کێشام بەوەی کە دەشێ ئێمە هەموومان کوڕان و کیژانی ئەو شارە وەهمییە بین کە شارسازی ناو ڕۆمانەکە بەر لەکوشتنی، لەسەر سلێمانی ئۆرگینالەکە تا داگیر نەکرێت، خەریکی کۆپی کردنەوەی دەبێت. سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەشتان، دەبێ بڵێم کێشەی من ئەوەیە کە نەمتوانیوە منداڵیم بخەمە هیچ ڕستەیەکی خەبەرییەوە، دەشێ ئەوەش هۆکارێکی گرنگ بێت کە پەنام بۆ شیعر بردووە تا لەوێدا جێگایەکی بدەمێ.

* دەپرسم ئایا ئەو (نا)یەی لە وەڵامی ئەو پرسیارە بەرزبۆتەوە پێوەندی بەو دیوارەوە هەیە کە لەنێوان تۆ و سلێمانیدا هەیە، یان حیکایەتی خۆی هەیە، ئەگەر حیکایەتی خۆی هەبێت ئەو حیکایەتە چەند پێوەندی بە ناوەندی ڕۆشنبیرییەوە دەکات؟

– سلێمانی لەگەڵ هەموو ئەو تێبینییانەدا کە وەک شار بەرانبەری هەمە و سەرەڕای ئەو ساتەوەختانەی کە هەست دەکەیت وەک شار قەبوولی نیت و لە خۆیت دەکاتە دەرەوە، بەڵام بە دیوێکدا شاری منداڵی و یادەوەرییە دوورەکانمانە، شاری ئێوارانی گەڕانەوە بۆ ماڵ و شاری کۆڵانەکانی منداڵی و جادەکانی پیاسە و



نووستنی سەربانەکانی هاوینمانە. شاری خوێندنەوەی یەکەمین کتێب و نووسینی یەکەمین شیعر و بینینی یەکەمین شانۆگەری و یەکەمین دڵەخورپە و کڕینی یەکەمین جانتای سەفەر و یەکەمین دڵشکان و شاری یەکەمین خواحافیزییەکانمانە. ڕەنگە باشترین قسەکردنم لەسەر ئەو شارە تا ئێستا ئەوە بێت کە تێهەڵکێشی قەسیدەی (قسەیەک بە بۆبەی پاستیل) بووە:

**ئەی شارێک**
**کە لە هەموو شارەکانی دنیا زیاتر شاعیرت هەن**
**جەللادت هەن**
**قوربانیت هەن**
**خودات هەن!**
**ئەی شارێک کە لە هەموو شارەکانی دنیا زیاتر**
**ڕەنگت هەن... دوودڵیت هەن، ئاسمانت هەن، شورات هەن**
**کە لە هەموو شارەکانی دنیا زیاتر**
**خەیاڵت هەن.. تووڕەییت هەن، نزات هەن!**
**کە لە هەموو شارەکانی دنیا زیاتر**
**شەوانە نامەی دڵداریت تێدا دەنووسرێن و**
**دەدڕێنرێن و ناگەن!**
**لەم دنیایەدا شارێک نییە بوێرێ بڵێ: من بەقەد تۆ**
**پیاوی گەشبین و پیاوی ڕەشبینم هەن**
**بوێرێ بڵێ: من بە قەد تۆ**
**پیاوی دڵڕەق و پیاوی وەک پەپوولە بێ وەیم هەن!**
**دەگمەنە، دەگمەنە لە دنیادا**
**لە دنیادا دەگمەنە شارێکی تر هەبێ**
**کە وەک تۆ لەگەڵ منداڵەکانیدا پیر بێت**
**کە وەک تۆ/ دوور لە منداڵەکانی بمرێت!**

* تۆ بەهۆی بانگهێشتنت لە فیستیڤاڵێک بۆ شانۆ لە

ئیتاڵیاوە کوردستانت بەجێهێشت، ئایا نەگەڕانەوەت پرۆژەیەک بوو پێشتر داڕێژراو بوو، یان چەند هۆکارێک بیرکردنەوەی نەگەڕانەوەی لا سەقامگیر کردیت؟

– کاتی خۆی لەم بارەیەوە بابەتێکم هاوپێچ لەگەڵ چەند بەڵگەنامەیەکدا لە هەفتەنامەی هاوڵاتی–دا بڵاوکردەوە و حەز ناکەم لە دیدارێکی ئاوهادا بگەڕێمەوە سەری، کاتی خۆیشی ئەو بابەتەم بڵاونەدەکردەوە و بە ئیشی خۆمم نەدەزانی ئەگەر لەو دوورەوە هەندێ قسەی ناڕاستم لەبارەی سەفەرەکەمانەوە بەر گوێ نەکەوتبا. بەڵگەنامەکان نووسراوی ڕەسمی وەزارەتی ڕۆشنبیری بوون بەوەی کە دوای سێ چوار هەفتە لە سەفەرەکە، بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک لەو وەزارەتە فەسڵ کرابووم، بە مەرجێک ئێمە بە ئاگاداری خۆیان ڕۆیشتبووین و مۆڵەتی بێ مووچەمان لە کارەکەمان وەرگرتبوو. کە بابەتەکەم بڵاوکردەوە حەزم دەکرد کەسێک، یان کەسانێک کە لە پشت ئەو بڕیارە سەیرەوەبوون، بێنە وەڵام و ڕوونکردنەوەیەک بدەن، بەڵام بێدەنگییان لێ کرد و منیش لەوەندە زیاتر کاتی خۆمم پێوە نەکوشت. لە ڕاستیدا بەر لە سەفەرەکەمان خەیاڵ و مەیلێکم بۆ نەگەڕانەوە هەبوو، بەڵام چ بڕیارێکم لەو بارەیەوە نەدابوو.. دەشێ بیستنی هەواڵی فەسڵ بوونم لە کارەکەم تا ڕادەیەک هاندەر بووبێ کە بڕیاری مانەوە و نەگەڕانەوە بدەم.

* ئەو بانگهێشتنەی تۆ ئەگەرچی بۆ فیستیڤاڵێکی شانۆیی کرابوو، بەڵام لە ڕێگەی هاوڕێیەتییەوە بوو، نەک لە لایەنی فەرمی حکوومەتی ئیتاڵیا بۆ لایەنی فەرمی حکوومەتی کوردستان نێردرابێ.

– بەڵێ بانگهێشتەکە بە هەوڵی هاوڕێیەکم لەلایەن سەنتەرێکی شانۆییەوە لە ئیتاڵیا بۆ من نێردرابوو.

* ئەوەی ئاگامان لێبێت "کامەران ڕەئووف" یەکێک بوو لە بانگهێشتکراوەکان، ئەی ئەوانی دیکە کێ بوون.. لەوێ چ کارێکتان پێشکەش کرد، چۆن پێشوازی لێکرا؟

– جگە لە کامەران ڕەئووف، ئەوانی تر ڤیان کەمال و یاسین فەقێ سەعید و قادر ئەحمەد بوون. داوەتنامەکە لە سەنتەرێکی شانۆییەوە بوو بۆ بەشداریی کردن لە فیستیڤاڵی گەلانی بێ ئاڵا. ئەو کارەی پێشکەش کرا شانۆنامەیەک بوو بەناوی فرمێسکی بەرد کە پێشتر کامەران ڕەئووف بە ناوێکی تر لە نواندن و دەرهێنانی خۆی لە کوردستان پێشکەشی کردبوو، بەڵام سەرلەنوێ ئامادەکرا و کاری تێدا کرایەوە، لە ڕاستیدا پێشوازییەکی زۆر لەو نمایشە کرا و بە یەکێک لە کارە باشەکانی فیستیڤاڵەکە دەستنیشان کرا.

* یەکەم دەرچوونت لە ماڵ بۆ قوتابخانە و دەرچوونت لە شاری سلێمانییەوە بۆ ئیتاڵیا لە ڕووی دەروونییەوە چەند پێوەندییان بە یەکەوە هەیە؟ کامیان دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەکەی سەختتر بوو؟

– ڕەنگە من پێچەوانەی زۆر لە منداڵان بێ ئەندازە چاوەڕێی ئەو ساتەوەختە بووبم کە لە قوتابخانە ناونووس دەکرێم و دەبمە قوتابی. حاڵی حازر بەشێکی زۆری ئەو حەزە ساتەوەختییە دەگەڕێنمەوە بۆ خولیای من بۆ دەرچوون لە چوارچێوەی ماڵ و کۆڵان و خۆکردن بە فەزایەکی جیاواز و بەرفراوانتردا. بەر لەوەی بچمە قوتابخانە و لە منداڵییەکی زوودا، هەستم دەکرد کە ئیدی بێزاربووم لە لە ماڵ و لە حەوشە و لە گەمە تاکەکەسییەکان. هەستم دەکرد قوتابخانە دنیایەکی ترە کە لانی کەم لەو بێزارییەم دەردەکێشێت. لەبەرئەوە



سیحرێکی گەورە لەو لەحزەیەدا هەبوو کە بۆ یەکەم جار چوومە قوتابخانە و لە قوتابخانەی (شێخ سەلام) ناونووس کرام. هەتا شەشەمی سەرەتایی هەر بە یەکەم دەردەچووم، ئیتر وەک قوتابییەکی زیرەک بە پۆلەکاندا دەیانگێڕام، لە قوتابخانەکەی ئێمە جۆرێک گرینگیدان بە شانۆ و شیعر هەبوو، دوو مامۆستا ڕۆڵیان لەو گرینگی پێدانەدا هەبوو، یەکێکیان مامۆستا یەعقووب و ئەوی تریشیان مامۆستا باقر. سەیر ئەوەیە هیچ کام لەو مامۆستایانە مامۆستای هونەر، یان کوردی نەبوون، بەڵکو مامۆستای عەرەبی و دین بوون. بیرم دێ بەردەوام (مەریوان وریا قانیع) کە وا بزانم دوو پۆل لە ئێمە پێشتر بوو، لە ڕیزی پێنج شەمموان دەهێنرایە دەرەوە و شیعری قانیع-ی پێ دەخوێنرایەوە، بە هەمان شێوە چەند قوتابییەکی تریش کە من یەکێکیان بووم لە ڕیز دەهێنراینە دەرەوە و شیعر و سروودمان دەخوێندەوە. من زۆر حەزیشم لە مۆسیقا بوو، مۆسیقا ئەفسوونێکی گەورەی هەبوو لەلام، شتێک بوو وەک موعجیزە، ئامێری مۆسیقاییم وەک بوونەوەرێک دەبینی کە گیانی تێدابێت و بدوێت و ببزوێت. کاتێ جاروبار مامۆستا فەرید عیسا بە ئۆکۆردیۆنەکەیەوە بۆ قوتابخانەکەمان دەهات و خۆی بە پۆلەکەماندا دەکرد، ئیتر من لە خۆشیدا نەمدەزانی چی بکەم. لەخۆمەوە هەستم دەکرد ئەو ئامێرە بۆنی زۆر خۆشە. حەزم دەکرد بزانم بۆنی چی لێ دێ. جارێکیان مامۆستا فەرید ئۆکۆردیۆنەکەی لەسەر ڕیحلەیەکی پۆل جێهێشت و تا ژووری بەڕێوەبەر چوو، من ئەو دەرفەتەم قۆستەوە و هەستام پڕ بە سینگم بۆنیم کرد. لە ڕاستیدا هەمان ئەو بۆنە خۆشەی لێدەهات کە مەزەندەییم کردبوو، بۆنی مۆسیقا و بۆنی زیندوویەتی لێدەهات. ئێستاش کە گوێ لە مۆسیقا ڕادەدێرم، بەتایبەتی ئامێری ئۆکۆردیۆن، بۆنی خۆشی مۆسیقاکەی مامۆستا فەرید عیسا دەچێتەوە بە سەرمدا.

هەرچی سەفەرەکەی ئیتالیاشە لەو کاتەدا خاوەن خۆشی و سیحری تایبەتی خۆی بوو. ئەو سەفەرە لە ساتێکدا بوو ک ئیدی تەنگەنەفەس ببووم. پێویستم بە فەزا و ئەتمۆسفێرێکی تر هەبوو بۆ جووڵە و هەناسەدان، لە ڕاپەڕینەوە دوو ڕەو نەبێت، ئیدی لە کوردستان نەچووبوومە دەرێ. پاشان شەڕی ناوخۆ و برسێتی و گرانییەکەی ناوەڕاستی دەیەی سالآنی نەوەد کە زۆربەمانی شەکەت و ماندوو کردبوو، هەرچی ناوەند ئەدەبییەکەش بوو ڕەنگدانەوەیەکی زۆر خەراپی ئەو وەزعە ناجۆرە بوو، دەبوو یان واز بهێنیت یاخۆ خۆت ناشیرین بکەیت. دەبوو یان گۆشەگیر بیت یاخۆ هەمیشە لە دانیشتن و کۆڕ و قەرەباڵغییەکاندا ئامادەبیت و لەگەڵ خەڵکانی جۆراوجۆردا هەستیت و دانیشیت. کرانەوەی دەرووی سەفەر لەو کاتەدا بە ڕوومدا شتێکی کەم نەبوو. بینینی ئەوروپا و ڕەوینەوەی سیحری ئەوروپاش بۆ خۆی باسێکی ترە.

* تۆ لە ڕێگای ئەو وەڵامەوە تەواوی ئەو میتۆدە دەروونییە ڕەت دەکەیتەوە کە هەر یەک لە" فرۆید" و "ڕانک" لەبارەی نیگەرانییەوە دایان هێناوە.. بۆ نموونە لای "ڕانک" منداڵدانی دایک، یان ماڵ بۆ منداڵ... بەهەشتە، دەرچوونیش لە شوێنی یەکەم "بەهەشت" بە هۆی درووستبوونی قەلەق دەزانن!

- من لەو هەستە دووام کە دامان دەگرێت کاتێک دەرگایەک بۆ ڕۆیشتن بەرەو جێگایەکی تر بە ڕووماندا دەکرێتەوە و دەڕۆین، یان لە ژینگەیەکەوە پێ دەنێینە نێو ژینگەیەکی تر، بەتایبەتی ئەگەر وەک پێشتر باسم کرد کاردانەوەیەک یان پاڵنەرێک بۆ ئەو ساتەوەختی ڕۆیشتن و جێگۆڕکێیە هەبێت، بەڵام تێکڕای ئەزموونەکە و ئەو ترس و پەژیوانی و هەستی ڕوح داهێزران و وردوخاشبوونەی کە دواتر لەخۆیت دەگرێت، دیوێکی تری بابەتەکەیە و قسەوباسی دی هەڵدەگرێت.

* ئایا هاتنەدی خەونەکانی سەفەرکردن بۆ ئەوروپا حەزی سەفەرکردنی بەردەوامت تێدا دەوروژێنێت، یان مەیلی گەڕانەوە بۆ ناوەوەی خۆت و پارێزگاری کردن لە ڕەسەنایەتی تێدا زیندوو دەکاتەوە؟

- لەڕاستیدا هەر زوو سیحری سەفەر ڕەوییەوەو جێگۆڕکێکان ئەو ڕەونەقەیان نەما، بە تایبەتی کە من نەوەی کولتوور و دنیایەکم ک ئێستاش سەفەر لەلامان دووگیانە بە جۆرێک لە ترس و گومان و ڕاڕایی. لە هەموو سەفەرێک و لە هەموو فڕۆکەخانەیەکدا خۆ بەخۆ ترسێک دامان دەگرێت. ڕێگاکانی ڕەو و ڕاکردن ترسێکی گەورەی لە سەفەرکردن لە ئێمەماناندا چاندووە، هەموو ئەو جانتا قورسانەی کە لە ڕەو و سەرهەڵگرتنەکاندا پێمان بوون، هەر ئەوانەن کە هەنووکەش لە سەفەرەکاندا پێمانن. لە کۆنترۆڵی


فرۆکەخانەکاندا هێندەی خۆمان گومانمان لە ناو و لە ناسنامەکانمانە هێند ئەفسەرەکانی کۆنترۆڵ گومانی لە ناو و ناسنامەکانمان نییە. لێت ناشارمەوە من ئێستا ماندووم لەو سەفەرانە و لە بەتاڵکردنی جانتا و هەڵڕشتنی کتێب لەبەردەم ڕوخساری گوماناوی پیاوانی فرۆکەخانەکانی دەرودراوسێ و تەنانەت فرۆکەخانەکانی خۆشماندا، هەنووکە ئەو سەفەرانە جوانیم تێدا دەکوژن، متمانەم بە خۆم پێ لەق دەکەن. خواخوامە زوو بگەمە شوێنی خۆم، بەڵام هاوکات سەفەرێکی تر و هەمیشە چێژبەخش هەیە کە دەمێکە من بە خۆم و بە نێو خۆم و بۆ نزیک خۆم دەیکەم. لەو سەفەرانەدا پڕ دەبم لە چێژی خۆناسین و دەگەمە جێگایەک بۆ تەنیشت خۆم، دەگەمە جێگایەک پڕ دەبم لە نادڵنیایی و گومان، جێگایەک کە دەشێ مرۆڤ هەر لەوێدا بتوانێ ئیش لەخۆیدا بکات و لەخۆی تێبگات.

* دیارە تۆ وەک شاعیرێک زیاتر بەلای سەفەری وەهمیدا دەشکێیتەوە!

– لە تەمەنێکی زووەوە لە خەیاڵدا لە سەفەردا بووم و بە خەیاڵ گەیشتوومەتە وڵات و شارێک. بیرم دێت یەکێک لەو شتانەی کە دواتر کتێبی لا خۆشەویست کردم و بەلای خوێندنەوەدا بردمی، ئەوە بوو هەستم دەکرد ئەوە کتێبەکانن کە بە ڕێگایەکدا دەمبەنەوە سەر جێگایەک. لە تەمەنێکی زووتردا هیچ شتێک لەو ساتە ئەفسووناوی تر نەبوو کە لەوانەی جوگرافیادا مامۆستا نەخشەی وڵاتێک، یان جیهانی بە دیواری پۆلدا هەڵدەواسی و پەنجە تەباشیراوییەکەی یان دارەکەی دەستی دەنایە سەر ڕووبار و دەشت و وڵات و شار و دارستان، بە تایبەتی سەر ڕووبەرە تەریک و لاکەوتەکان، ئەو جێگایانەی کە ڕۆبنسۆن کرۆزۆ بە کڵاوێکی پان و حەسرییەوە تێیاندا سەرگەرمی سەرچڵێیەکانی بوو. من لەگەڵ ئەو سەفەرانەدا ڕاهاتم کە تەنیا باڵ و بەدەم قسە لەگەڵ خۆ کردن و بەخەیاڵ بە جێگاکاندا دەمکردن، لەڕاستیدا چێژی زۆرم لەو سەفەرانە دەبرد. تا ئێستاش پارێزگاریم بە شتێک لەو بەهرەی سەفەرکردنانەی منداڵییەوە کردووە و هەروەک ئەوسا بۆ زۆر جێگا و شوێن دەڕۆم و هەندێک جاریش بە شتێک لە شیعرەوە لێیان دەگەڕێمەوە.

* لە هەندێ لە قەسیدەکانت، بەتایبەتی لە قەسیدەی "چڵە سێبەرێ شکاو شکاو" هەست بە ئاستێکی بەرزی وێنە و هەستی شیعری و جوان گوتن دەکرێ، بەڕای من ئەو قەسیدەیە یەکێکە لە قەسیدە زۆر جوانەکانت، ڕەنگە لای هەموو شاعیرێکیش هەر تەنیا بتوانین چەند قەسیدەیەکی جوان دەستنیشان بکەین، تۆ لەو بارەیەوە چ دەڵێیت؟

– ئەوە ڕاستە، بەڵام لەدوای ئەو قەسیدەیەوە، کاری ترم نووسیوە کە هەست دەکەم لەو قەسیدەیەیان تێپەڕاندووە، یان هاوئاستی ئەون. بۆ نموونە کاری وەک «قسەیەک بە بۆیەی پاستیل» ، «باوکە پەنجەرەکە بکەوە... قسەیەک لە دڵمدا ماوە دەیڵێم» ، «پیکابێکی باغە بە جاددەی خۆڵی منداڵییەوە» ، یان «من لە شارێکی زۆر دوورم» ، ئەو کارانەش بە ئەزموونە باشەکانی خۆمیان دەزانم. دیارە خوێنەرانیش پشکیان لە بڕیاردانێکی لەو جۆرەدا هەیە و بەش بەحاڵی خۆم حسێبی بۆ دەکەم. لە ڕاستیدا من بەرانبەر نووسین و بڵاوکردنەوە سەیر و دڕدۆنگ و هەستیارم، ئەگەر بزانم شیعرێکم لەوەی پێش خۆی تێناپەڕێنێ، یان لانی کەم لە هەمان ئاستدا نییە، زەحمەتە بڵاوی بکەمەوە. خۆ ڕەنگە دواجاریش وا نەکەوێتەوە. ڕاستییەکەی بابەتگەلێکم لە



شیعر و چیرۆک و یادەوەرینامە و تەنانەت وەرگێڕانیش هەن کە بڵاوم نەکردوونەتەوە و بە ڕەشنووسی ماونەتەوە. دیارە هەر دەقێکیش بە جیا خاوەن تایبەتمەندی و ژیانی خۆی و ساتەوەختی خۆیەتی. دواجار من لەگەڵ ڕایەکەی ئێوەدام، ئەوەی دواجار لە شاعیرێک دەمێنێتەوە، دەشێ چەند شیعرێکی جوان بێ، دەی ئەوەش بەسە.

* دەتوانین بپرسین لەساڵی چەند دەستت بە نووسینی ئەدەبی کردووە، دەوروبەر چەند یارمەتیدەرت بووە؟

– بە وردی نازانم ساڵی چەند دەستم بە نووسینی ئەدەبی کردووە، بەڵام لە ساڵانێکی زووەوە حەزی گوزارشت لەخۆکردنم تێدا گینگڵی داوە، ئەو ئینشایانەی کە لە پۆلدا دەمنووسین، هاندان و ئافەرینەکانی مامۆستا تا قۆناغێک حەزی نووسینیان لە مندا تێر دەکرد. لەو تەمەنەدا هەرچیم دەنووسی بۆ خەڵکانی دەوروبەری خۆم دەخوێندەوە، ئیدی لەوەبەدوا و تا چوونە زانکۆ زۆربەی زۆری ئەو نووسینانە (کە بریتی بوون لە شیعری کرچوکاڵ و کەمێکیشیان دەقی لاوازی شانۆیی) دەدڕاندن و بۆ کەسم نەدەخوێندنەوە و نەمدەهێشت کەس بیانبینێ.

سەبارەت بە پشتگیری دەوروبەریش دەبێ بڵێم کە من لەوەدا جۆرێک بەختم هەبوو کاتێک لە قۆناغێکدا دەمنووسی و حەزم دەکرد نووسینەکانم پیشانی دەوروبەرەکەم بدەم و شەرمنانە کەوتبوومە کتێب خوێندنەوە بە زمانی عەرەبی خەڵکانێکی جددی و نووسەرانێکی جیاواز لە خەڵکانی نێو ڕەوتە تەقلیدییەکەی نێو ئەدەبیاتی کوردیم بە دەوری خۆمەوە بینین. ئەوانە چ بە پێدانی کتێب و چ بە گوێڕادێران لێیان و چ بە سەرنجەکانیان بەرانبەر هەوڵە بەراییەکانی نووسینمان، هانیان دەداین و ڕێنوێنییان دەکردین و ڕووشکێنیان نەدەکردین. پێم خۆشە لەم بارەیەوە ناوی مامۆستا عومەر عەلی ئەمین و فازیل قەساب و فازیل جاف وەک بواری شانۆ بهێنم و دواتریش فوئاد عەبدولڕەحمان، ئازاد عەبدولواحید، دڵشاد مەریوانی، شێرزاد حەسەن، کەمال میراودەلی، ئەحلام مەنسور و مەحموود زامدار وەک بواری نووسین. ئەم پیاوەی دواییان، بینینی خۆی وەک نووسەرێک هێند جوان و میهرەبان بوو کە مرۆڤ حەزی دەکرد وەک ئەو ببێتە نووسەر.

* هیچ یادەوەرییەکت لەگەڵ "مەحموود زامدار"دا هەیە؟

– مەحموود زامدار بۆ زۆربەی زۆری نەوەی ئێمە لە بەغدا کەسایەتییەک بوو کە بە بینین و ئاشنابوون و دواندنی، هەستێک لە دڵنیایی و متمانە بەخۆبوون دایدەگرتین. ئەو هەر لەیەکەم ناسینەوە بووە هاوڕێمان و ئیدی وەک هاوڕێ لەتەکماندا هەڵدەستا و دادەنیشت و مامەڵەی لەگەڵ دەکردین. گوێی بۆ ڕادەدێراین و تەرکیزێکی سەیری بۆ خولیا و بەدواداچوونی هەوڵی نووسین و کارە ئەدەبی و شانۆییەکانمان هەبوو. زۆر جار هاوڕێکانی خۆی جێ دەهێشت و دەهات لەگەڵ ئێمەدا دادەنیشت. هانی دەداین بۆ نووسین و ئێمەش باسی پرۆژەکانی خۆمان بۆ دەکرد و بابەتەکانمان پیشان دەدا و دواتر هەر خۆشی بۆی بڵاودەکردینەوە. ئەگەر بیزانیبایە یەکێکمان لەو کاتەدا پێویستی بە پارە هەیە ( چونکە قوتابی بووین) ئەوە دوای خوێندنەوەی نووسینەکە، ئەگەر بیزانیبا شایانی بڵاوکردنەوەیە، ئەوە دەسبەجێ دەستی دەکرد بە گیرفانیدا و پارەی پاداشتی نووسینەکەی دەدایە و دواتر کە بابەتەکە بڵاودەبۆوە پاداشتەکەی بۆ خۆی هەڵدەگرت. بیرمە لە یەکێک لەو جارانەدا هاوڕێییەکمان نووسینەکەی لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی دایە بە زامدار، ئەویش دوای تەماشکردنێکی بابەتەکە، پازدە دیناری پاداشتەکەی لە گیرفانی خۆی پێدا، نووسینەکەی لەسەر دۆلابێک دانا و دواتر بیری چووبوو لەگەڵ خۆی بیبات.. برادەرەکەمان هەر بۆ خۆشی و سوعبەت نووسینەکەی لەسەر دۆلابەکە هەڵگرتەوە و بردی. دوای ماوەیەک هەمان نووسینی بۆ بڵاوکردنەوە دایەوە بە زامدار.. ئەمیش دوای تەماشاکردنی نووسینەکە کەمێک بیری کردەوە و بە سەرسوڕمانەوە گوتی: هەتیم، ئەم بابەتەم بینیوە و پێم غەریب نییە، وا بزانم بڵاوبۆتەوە، بەڵام نازانم لە کوێ؟

* تۆ سڵ لە بڵاوکردنەوە دەکەیتەوە؟

– بەڵێ سڵ لە بڵاوکردنەوە دەکەمەوە. لە تەمەن و قۆناغێکدا جۆرە حەزێکم بۆ بڵاوکردنەوە هەبوو، بەڵام دواتر وردە وردە ئەو حەزی بڵاوکردنەوەیە بە چێژێک لە لەسەر وەستان و لەخۆ ڕامان و ئیش لە ڕوحی خۆکردندا گۆڕدرا، بەتایبەتی لە ئێستادا کە جۆرە قەرەباڵغییەکی بێ مانا ئەو ناوەندە ڕۆشنبیرییەی ئێمەی تەنیوە و نووسین کەوتۆتە بەر تەوژمێکی سەیری بێ نرخ کردنەوە،

پێم وایە دەبێ قەڵەمی جددی زۆر بە حەزەرەوە مامەڵە لەگەڵ ناوەندێکی لەو جۆرەدا بکا، زۆر خۆی ڕەپێش نەکا و خۆی لەو هەموو قەرەباڵغییانە بە دوور بگرێت کە لە خزمەتی هەموو شتێکدان، داهێنان و ڕوحی نووسەری جددی نەبێت.

* تۆ وەک وەرگێڕ لەنێوان "سەردییەت" و "شیعرییەت"دا کام فەزا بە ڕوحت ئاشناترە؟

– فەزایەک کە لەگەڵ دنیا و حەزی من بۆ سەردییەتێکی موتروبە بوو بە شیعردا بێتەوە. بۆ نموونە کارەکانی "نیکۆس کازانتزاکیس" لەم ڕووەوە بە نموونە دەهێنمەوە کە کاری وەرگێڕانم لە هەندێکیاندا کردووە، ئەو نووسەرە بۆ خۆی وێڕای ئەوەی خاوەن دنیایەکی زۆر بەرفرەوانە، نووسینەکانی خاوەن سیحرێکی گەورەشن، توانیویەتی ئاستی نووسین و بیرکردنەوەی خەیاڵ بەرز ڕاگرێت، نزیک لە ڕوحی ئینسان، لە خەون و ئەزموون و تێکشکانەکانی، نزیک لە سەفەرەکانی ئینسانی بەرخۆدەر بە پێپلیکانەکانی گۆلگۆتادا بەرەو لەخاچدان بۆ دۆزینەوەی خودا و هەڵگۆزانی حەقیقەت، هاموشۆی بەنێو فیکر و ڕێگا و وێستگە یەکتربڕ و دژبەیەک و جۆراوجۆرەکاندا، هەر لە مەسیح و لینین و بوودا‌وە، تا برگسۆن و نیتشە و سپینۆزا. کازانتزاکیس هەر تەنیا نەینووسیوە، بەڵکو ژیاوە، زۆر ڕاستگۆیانە ئەزموونەکانی خۆی دەگێڕێتەوە. ڕاشکاوانە لە شکستەکانی دەدوێت. بەڕاستی زۆر گرنگە نووسەر لەگەڵ خۆی و خوێنەرانی و گێڕانەوەکانی ڕاستگۆ بێت، مەبەستم لە ڕاستگۆیی بە مانا ئەخلاقییەکەی نییە، ئەوە جوانی نووسینە کە پێمان دەڵێت ئەو نووسەرە ڕاستگۆیە لەگەڵمان، یان درۆمان بۆ دەکات. نووسین خۆی خۆی کەشف دەکات، بەڕای من مەرجە نووسەر لەگەڵ ویژدانی ئەدەبی خۆی و لەگەڵ ڕوحی خۆی ڕاستگۆ بێت، نووسین پێویستی بەجۆرێک لە ئیمان هەیە.

* لەنێو شیعرەکانتدا ڕیتمێک دەمانبات، دەشێ بەشێک لەو جەرەیانە پێوەندی بەو هێڵە درامییەوە هەبێت کە بەشێوەیەکی نادیار پێکهاتەی قەسیدەکانت، بە یەکتر دەبەستێتەوە، بە بڕوای من بەشێکی دیکەی ڕاستەوخۆ پێوەندی بە هەستی مۆسیقی تۆوە هەیە، ئەگەر ئەو بۆچوونەی من ڕاست بکەوێتەوە، ئایا ئەو هەستە مۆسیقییەت کەی و لە چ قۆناغێکی تەمەن چەکەرەی کردووە؟

– نازانم ئەوە تا چەند پێوەندی بەوەوە هەیە کە لە دەمێکەوە گوێگرێکی بەردەوامی مۆسیقام، کاتێ هەر خۆمم و سەرقاڵی خوێندنەوە و نووسینم، ناتوانم دێڕێک بە بێ گوێڕادێران لە مۆسیقا بخوێنمەوە، یان بنووسم. خۆ ئەگەر لە شوێنێکی قەرەباڵغدا بم، یان لە جێگایەکدا بم کە دەستم بە گوێ گرتن لە مۆسیقا ڕانەگات، ئەوە لە زەینی خۆمدا مۆسیقایەکی لە بەردڵانی خۆم دەژەنم. یەکێک لە خواستەکانی منداڵی و تەنانەت هەرزەکاریشم فێربوونی ژەنینی ئامێرێکی مۆسیقا بووە، دەشێ تێکشکانی ئەو خەونە دێرینە لەپێشدا بەرەو شانۆ و دواتر بەرەو شیعری بردبم. لە ڕاستیدا هەمیشە مۆسیقای تێکستێک بەرەو لای خۆی کەمەندکێشم دەکات، هەست دەکەم هەر وشەیەک هەڵگری بڕێکە لە مۆسیقا، هەڵگری بڕێکە لە ڕیتم و دەنگ و سکون. هەروەک چۆن لە خودی بێدەنگیدا چۆڵەوانییەک هەیە کە تەنیا بە موزیک پڕ دەبێتەوە، ئەوە لە پەڵەیەک ڕەنگیشدا هێڵێک هەیە کە بە دەنگ و موزیک دەبینرێت. دەمەوێت بڵێم پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەقێکی شیعری بریتییە لە ژەنینی وشە لە دێری مۆسیقاییدا، هەستکردنە بەو دەنگ و بێدەنگی و ڕیتمانەی کە لە وشەیەکی سادەدا هەن، پێم وایە هەموو وشەکان ئەگەر بە موزیک نەژەنرێن سارد و بێ گیانن، دیارە موزیکیش بەم مانایە بەر لەوەی سۆزی دەنگێکی مۆسیقایی بێت و بە گوێ بیبستین، هەستێکە کە لە ناوەوەڕا جوانی شتەکانمان لەلا قووڵتر دەکاتەوە بەو شتانەشەوە کە بە لۆژیکی باو دزێو و ناشیرین. ئێمە ئەگەر بمانەوێت شتێک لە شیعر و لە کارێکی ئەدەبیدا بەشی خوێنەر بدەین ئەوە دەبێ ژیان و زیندوویەتی و چێژی زیندووبوونی بەش بدەین.

* ئەی لایەنە درامییەکەی چۆن لێک دەدەیتەوە؟

– دەشێ لەبەرئەوە بێ کە پێشتر شانۆنامەخوێنێکی تا ڕادەیەک باش بووم و دواتر زیاتر لەهەر بوارێکی تر و زیاتر لە شیعریش حەزم لە ڕۆمان و ڕۆمان خوێندنەوەیە. جگە لەوەش وەک نووسین چەند ئەزموونێکی شانۆنامەنووسین و ئامادەکردنی شانۆیی و هەوڵی چیرۆکنووسینم هەن. ڕەنگە شیعر لای من بەدیوێکیدا پڕکردنەوەی حەزێک بێ بۆ ڕۆمان و چیرۆک نووسین. ڕاستییەکەی باشترە ڕەخنەگرێک، یان کەسێکی تر لە

دەرەوەی شاعیر خۆی قسە لەسەر ئەزموون و هەندێک لایەنی شیعری شاعیرێکی دیاریکراو بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەی شاعیرەکە لە خودی ئەزموونەکەدایە و ناتوانێ وەک کەسێک کە لە دەرەوەڕا لێی دەنۆڕێ و دەیخوێنێتەوە، لە خۆی بنۆڕێ و خۆی بخوێنێتەوە. ڕاستییەکەی هەمیشە حەزم کردووە لەمیانەی خوێندنەوە و ڕەخنەی ئەوی ترەوە هەندێک لایەنی شیعری خۆم ببینم و تێی بگەم، من پرسیارگەلێکم لە ئەزموونی خۆم هەیە کە بە خۆم وەڵام نەدراونەتەوە، یان ئەگەر هەندێکیشیان وەڵام درابێتنەوە، ئەوە ئەو وەڵامانە نین کە بە ئیشکردنی کەسێکی تر بە دەرەنجامەکانی دەگەم. پێم باشە هەمیشە کەسێک لە دەرەوەی شاعیرەوە لەسەر ئەو ئەزموونەی بدوێ و بیخوێنێتەوە.

***** زیندوویەتی شیعر لە چیدایە؟

– لەوەدا کە خۆیەخۆ بۆ پیاسەی خوێندنەوەی دەمانبات و بانگی خوێندنەوەمان دەکات. لەوێدا کە ڕامان دەگرێت و سەرسامان دەکا و لەگەڵ منداڵەکەی ناخی خۆماندا ئاشتمان دەکاتەوە. لەوێدا کە ڕووبەرێکی تازەمان بۆ گەڕان و فەزایەکی ترمان بۆ بینین بۆ کەشف دەکا. لە ڕاستیدا شیعری زیندوو هەمیشە ئەو شتانەمان دەداتەوە کە لە ژیانی ئاساییدا لێمان بزربوون و ئێمە لە دووی دۆزینەوەیان نین، یاخۆ بیرمان دەچێتەوە خەم لە دۆزینەوەیان بخۆین. بەم مانایە شاعیرێک گوتەنی: «شیعری زیندوو گەشتێکە بەرەو هەرێمەکانی نادیار تا شاعیر ئەو شتانە بدۆزێتەوە کە نازانرێن، نەک گوتنی ئەو شتانەی کە دەزانرێن».

***** تۆ و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان و بەشی شانۆ چ پێوەندییەکتان بە یەکەوە ماوە؟ ئایا دابڕانت لە شانۆ پێوەندی بەوەوە هەیە کە لەگەڵ گرووپ ناگونجێیت، یان دەتەوێت لە ڕێگەی شیعرەوە لەو هونەرە نزیک بکەویتەوە؟

– پێوەندیم لەگەڵ شانۆدا لە ئاستی وەرگێڕانی هەندێک دەقی شانۆیی و تەماشاکردنی نمایشی جدیی شانۆدا ماوە، ئەو دەمەی کە لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانیش بووم بە شەرمەوە شیعرم دەنووسی و هاموشۆم لەگەڵ شاعیراندا زۆرتر و هەستم دەکرد زیاتر لەناو ئەواندا جێگام دەبێتەوە و زیاتریش وەک شاعیر دەناسرام. دەکرێت بڵێم کە خولیا و حەزم بۆ شانۆ و شیعر لەپاڵ یەک و بە یەک ئاراستەدا هاتن. هەر لەهەمان زەمەندا (مەبەستم لە زەمەنی خوێندنە لە بەغدا) کە تێکەڵاویم لەگەڵ شیعردا هەبوو، بە ئیشتیایەکی سەیرەوە شانۆنامەشم دەخوێندەوە و بۆ تەماشاکردنی زۆربەی نمایشە شانۆییەکان دەچووم، چەند کارێکی شانۆییم وەک دەرهێنان کرد، تەنانەت دوای ڕاپەڕین و لە نێوەندی هەرا و زەنا و بژی و بڕووخێ و هەڵپەی خۆ دەوڵەمەندکردن و پچڕینی شتێک دەسکەوت لەسەر حسێبی شانۆ، لەو بەفر و خوێنەی زستانی ساڵی ١٩٩٢دا لەگەڵ چەند ئەکتەرێک (عوسمان مەعرووف، ڕزگار حەمەڕەشید، سەرکار هادی، درەخشان، کاوە قادر)دا لە ژێرزەمینە ساردوسڕەکەی تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی سەرقاڵی پرۆڤە بووین بۆ نمایشکردنی شانۆنامەی (مەملەکەتی نامۆبوون) کە بۆ ماوەی مانگێک نمایشمان کرد و بە عەرەبی و کوردی لەسەری نووسرا. دواتریش هەر لە شانۆ دانەبڕام و بە ئامادەکردن و وەرگێڕانی تێکستی شانۆیی درێژەم بەو بەردەوامییەی خۆم دا. جارێکیان لە یەکێک لە فیستیڤاڵەکانی شانۆدا لە سلێمانی (وا بزانم ساڵی ١٩٩٦ بوو) لە کۆی ١٠ نمایشنامەی بەشداربوو، شەشیان لە وەرگێڕانی من بوون. ئەوە بۆ دوو ساڵێکیش دەبێ هەوڵم داوە تێکستی شانۆیی لە زمانی سوێدییەوە وەربگێڕم. دوایین کارم وەرگێڕانی شانۆنامەی (خەونە نمایشێک)ی نووسەری سوێدیی ستریندبێری-یە کە بڕیارە بەو زووانە لەمیانەی زنجیرەی شانۆی بیانیدا کە دانا ڕەئووف سەرپەرشتی دەکات و لە دەزگای ئاراس چاپ دەبێت.

***** کێ ئەو دەقەی نووسیبوو، باشە تۆ ماوەیەک چیرۆکت نووسی و لە پێشبڕکێیەکدا خەڵاتت وەرگرت، دەتوانیت وازهێنانی خۆتمان لە چیرۆک بۆ ڕوون بکەیتەوە؟

– ئەو دەقە فەلاح شاکر نووسیبووی. فەلاح لە سەرەتای ساڵانی هەشتادا لە بەغدا قوتابی فەلسەفە بوو، زوو زوو بۆ ئەکادیمیا دەهات و هەر لەوێش یەکترمان ناسی. چەند هەوڵێکی شانۆنامەنووسینی هەبوو کە یەکێک لەوانە شانۆنامەی مەملەکەتی نامۆبوون بوو.

سەبارەت بە خولیای چیرۆک نووسینیش، ئەوە ڕاستە، چەند هەوڵێکی چیرۆکنووسینم هەبووە. لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا نۆڤلێتێکم نووسی بەناوی (چرە دووکەڵ) کە

چاپم نەکردووە و لای خۆم ماوەتەوە. هەر لە پێش ڕاپەڕیندا چیرۆکێکی درێژم بەناوی (ئاژێر) نووسی، ئەمیان لە دوای ڕاپەڕین بەشداری پێشبڕکێیەکم پێکرد و پلەی یەکەمی لە چیرۆک و ئاراس عەبدولکەریم-یش خەڵاتی یەکەمی لە شیعردا هێنا. لیژنەی هەڵسەنگاندنی چیرۆکەکان ئەگەر هەڵە نەبم مامۆستایان شێرزاد حەسەن و محەمەد فەریق حەسەن و ڕەئووف حەسەن بوون. خۆشی ئەو خەڵاتە لەوەدا بوو، ئەوە یەکەمین جار بوو لە دوای ڕاپەڕین پیشبڕکێی ئەدەبی ساز بکرێ و شیعر و چیرۆکی گەنجان لە کەشوهەوای ئازادی دوای ڕاپەڕیندا بچنە پێشبڕکێوە. لە دوای ئەو چیرۆکەوە چەند هەوڵێکی تری چیرۆکم هەن کە شانبەشانی شیعر نووسیومن و بڵاوم کردوونەتەوە. لە ڕاستیدا ناتوانم بڵێم وازم لە نووسینی چیرۆک هێناوە، جاروبار چیرۆک دەنووسم.. هەموو ئەو شتانەی دەیاننووسم بڵاویان ناکەمەوە.

* تۆ کە جۆرێک لە متمانەت لای خوێنەری کورد دروست کردووە، چۆن سەیری ئاستی ڕۆشنبیری شیعری و شیعرەکانی خۆت دەکەیت، لەوێشەوە دەمەوێت بزانم چۆن سەیری تۆرانی خوێنەر لە کتێب دەکەیت، ئایا ئەو تۆرانە پێوەندی بە سیاسەتی دەسەڵاتی کوردییەوە هەیە، یان پێوەندی بە بارودۆخی سەردەمەوە دەکات، دواجار لێکدانەوەت بۆ ئەو دوو لایەنە چییە؟

– سەبارەت بە دیوی یەکەمی پرسیارەکەتان دەبێ بڵێم کە من لە ئاستی ڕۆشنبیریی خۆم و شیعرەکانی خۆم قایل و دڵنیا نیم، لەگەڵ خوێندنەوەی هەموو کتێبێکی نوێ و شیعرێکی جواندا مەودای ئەم نادڵنیایی و قایل نەبوونەشم زیاتر دەبێ، کە هاتمە ئەم وڵاتەوە و بە هەندێک لایەنی کولتووری ئێرە ئاشنابووم و هەندێک نووسەریانم لە ڕۆماننووس و شانۆنامەنووس و شاعیر خوێندەوە ئیدی لە شاعیربوونی خۆم کەوتمە گومانەوە بەوەی بڵێی ئەو شتەی کە ئێمەمانان دەینووسین، نووسین و شیعر بێت؟ ئەمە هەستی خۆ بەکەم زانین و خۆ بچووک کردنەوە نییە بەقەد ئەوەی پرسیارێکە زۆرێک لە نووسەران (بێ گومان نووسەرانی جددی) لە وڵاتی دووەمدا و لەمیانەی ئاشنابوونیان بە زوبان و کولتووری خەڵکی دی لەخۆیانی دەکەن بەوەی کە پێوەرەکانی نووسەربوون و شاعیربوون چین، ئایا ئەوە دنیای ئێمە و دامودەزگا ئەدەبییەکانی ئێمە نین کە ئێمەیان خستۆتە نێو وەهمی شاعیربوون و نووسەربوونەوە؟ هەر بۆیە هەندێک لەو نووسەرانە بۆ گەیشتنە وەڵامێک بۆ ئەو گومانەیان، بە زمانی وڵاتی نوێ دەکەونە نووسین و قوربانی بە ڕوحی خۆیان (کە زمانی یەکەمیانە) دەدەن، بۆ ئەوەی بۆیان ساغ بێتەوە ئاخۆ بەڕاستی نووسەرن، یان لە وەهمی نووسەربووندا دەژین؟ لە ڕاستیدا بەرلەوەی لە کوردستان بێمە دەرەوە، وا بیرم نەدەکردەوە خەریک بوو لەنێو هەندێک ستایش و پیاهەڵدانی ساتەوەختیدا بزردەبووم، بەبێ ئەوەی دیوە ناشیرین و دزێوەکەی ئەو ستایش و پێداهەڵدانانە ببینم. هەرە باشترین کەڵکێک کە ژیان لە ئەوروپا پێی گەیاندم ئەوە بوو کە بگەڕێمەوە نزیک خۆم و یەکەم شت ئیش لە خۆمدا بکەم، ئیش لە وێرانەیەکدا بکەم کە دواتر زانیم خەریک بوو داری بە هەردییەوە نەدەما. سەبارەت بەدیوی دووەمی پرسیارەکە، پێم وایە سەرەڕای ئەوەی کە جۆرێک تۆران لای خوێنەری ئێمە هەیە بەرانبەر خوێندنەوەی کتێب، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین ئێستا بەهۆی زۆریی کەناڵەکانی گەیاندن و زانیارییەوە خوێنەرێک پەیدابووە کە دەکرێت ناوی بنێین خوێنەری نوخبە کە پێچەوانەی ساڵانی حەفتا و هەشتا و تا سەرەتا و ناوەڕاستی دەیەی نەوەدیش، هەموو بوارێک ناخوێنێتەوە، بەڵکو بەدوای خوێندنەوەی کتێبێکدا دەگەڕێت لە بواری تایبەتیی خۆیدا. ڕاستە ئەمە بواری خوێندنەوەی پەرتەوازە کردووە و خوێنەرانی ئەدەبیاتی بە بەراورد بە جاران کەمتر کردۆتەوە، بەڵام خۆ نوخبەیەکی پوختی خوێنەرانی بۆ ئەدەبیات دروست کردووە. پێشم وایە ئەدەبیات و بەتایبەتی شیعریش بەو نوخبە کەمەی خۆیەوە جوانە. لایەنێکی تری کێشەکەش بە بڕوای من دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی متمانەی خوێنەری ئێمە بە نووسەر و کارە ئەدەبییەکانمان، لە کاتێکدا دەبێ ئەو دوو جەمسەرە یەکتر تەواوکەن و بەیەکترەوە ڕایەڵ بن، کەچی بۆشایی و دوورکەوتنەوەیەکی گەورە لە نێوانیاندا هەیە. لە ڕاستیدا وەک جاری تریش گوتوومە، خوێنەری ئێمە ناحەقی نییە ئەگەر لە نووسین و کتێبی ئێمە بتۆرێ، کەم نین ئەو کارانەی کە بەناوی نووسین و کتێبەوە دەخرێنە بەردەستی، زۆر نین ئەو کارە جدییانەی کە تینوێتی خوێنەری ئێمە دەشکێنن، کێشەکەش لەوەدایە نووسەربوون لە ئێستادا جۆر ئیمتیازێکە و هەندێک دەسکەوت و شتی لەو جۆرەی بەدواوەیە، هەر بۆیە

کەسانێک بە ئەنقەست و نائەنقەست ڕێیان تێی دەکەوێ و شتگەلێکی خراپ بەناوی ئەدەبیاتەوە بە خوێنەری ئێمە دەفرۆشن.

* دەتوانیت بەراوردێک لەنێوان شیعری نوێی کوردی و سوێدیدا بکەیت، تاکو بزانین شیعری سوێدی چەند پێوەندی بە هەست و بابەت و ژیانی ڕۆژانەوە ماوە؟

– بە گوێرەی ئەو وردە تێگەیشتن و کەمە بەرکەوتنەم بەم وڵاتەوە، دەتوانم بڵێم کولتوور و ئەدەبیاتی سوێدی مەودایەکی دوورودرێژی بڕیوە و بە شێوەیەکی گشتی کاریگەری زۆری لە بواری شیعر و شانۆ و سینەمادا لەسەر کولتوور و ئەدەبیاتی ئەوروپی و جیهان جێهێشتووە، تەنیا باسکردنی شاعیر و شانۆنامەنووس و پەخشاننووس و شێوەکارێکی وەک ئۆگۆست ستریندبێری بەسە بۆ ئەوەی لە کاریگەری ئەم کولتوورە بەسەر تەواوی ئەوروپا و جیهانەوە تێبگەین. لەمیانەی ئەو ئینتیما و ڕەمز و بەخششە کولتوورییەی وڵاتەکەیانەوە، تاکی سوێدی بووەتە خاوەن متمانە و هەستێکی نەتەوایەتی وەها کە زۆر جار وەک هەستێکی ڕەگەزپەرستانە خۆدەنوێنێت. ئەو شانازییەشیان لەسەر ڕەفەی نێو مۆزەخانەیەک دانەناوە بۆ تەماشاکردن و پیشاندان و خۆپێوەبادان و پەرستن، بەڵکو بۆ خوێندنەوەی بەردەوام و ڕۆنانەوە و ئیش لەسەرکردن. کارە جوانەکانی ئەم کولتوورە لە شانۆنامە و لە سینەمادا، هەر هەمووی موتروبەن بە ڕوحی شیعر.. دەگمەنە لە فیلمێکی ئینگمار بێرگماندا بەر ساتەوەختێک لە شیعرێکی جوان نەکەویت. شیعر و شاعیرییەت ئامادەییەکی سەیر و تایبەتی لە ژیانی ئاسایی و شتە گچکەکانی نێو ژیانیاندا هەیە. ژیان بە ساکاری خۆیەوە لە شیعردایە و شیعر لە ژیاندا.. ئیدیت سۆدێرگران ژنە شاعیرێکە کە لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستدا یەکەمین کۆمەڵە شیعری خۆی بڵاوکردۆتەوە، لە ڕاستیدا کە هەندێک لە شیعرەکانیم خوێندەوە هەستم کرد پڕە لەو ڕوحە فروغییەی ک ئێمە لە هەشتاکاندا لە شیعری فارسیدا پێی ئاشنا بووین.. گیونار ئێکێلۆف کە یەکێکی ترە لە شاعیرە داهێنەرەکانی سوێد، لەژێر کاریگەری ئیبن عەرەبی و کولتووری خۆرهەڵات و ڕوحی بێزەنتییەتدا ئەزموونی شیعری خۆی دەست پێکرد و یەکێکە لەو شاعیرانەی کە جێدەستی قووڵی بە بزاڤی شیعری مۆدێرنی سوێدییەوە جێهێشت. ڕێگای داهێنانی ئەو داهێنەرانە ڕێگایەک نەبووە هەموار و گولڕێژ، بەڵکو هەریەکەیان بە شێوازی جۆراوجۆر لەگەڵ کۆمەڵگە و سیستمی باو و کولتووری باوی کۆمەڵگە و بەرگری لێکەرانیدا بووەتە شەڕیان. لەم بارەیەوە قسەیەک هەیە کە دەڵێ ستریندبێری بۆ ئەوە نەیدەنووسی تا ببێتە شاعیر، بەڵکو بۆ ئەوە دەینووسی تا زۆران بگرێ و شەڕ بنێتەوە و تۆڵەی خۆی لە نەیارە زۆرەکانی بکاتەوە. ببوورە ئەگەر لە پرسیارەکە دوور کەوتبمەوە.. ئەو بەراوردەی داوات کرد ئاڵۆزە و دەمانخاتە نێو قسەکردنێکی گشتگیرەوە. هەر شاعیر و نووسەرە بۆ خۆی دنیایەکی جیاواز و فەزای ئیشکردنی جیاوازە و دەکرێ هەریەکەیان بە جیا قسەی لەبارەوە بکرێ، بەڵام دواجار ئێمە و ئەوان لە هیچ شتێکدا لەیەک نەچین ئەوە دەشێ لە هەندێک شیعری جواندا بیبینەوە سەر یەکدی، پێم وایە نموونە کەمە جوانەکانی شیعری کوردی و ئەوەی لە نموونە جوانەکانی شیعری سوێدی خوێندوومەتەوە، هەردووکیانم پێ شیعرن و چێژ لە هەردووکیان وەردەگرم، بە هەموو تایبەتمەندییەکانیان و بە جیاوازی دنیابینی و جووڵەی هەریەکەیان لەناو کولتوور و باکگراوندی ڕۆشنبیری خۆیدا.

* شیعری کوردی لەنێو شیعری جیهانیدا بە چی دەناسرێتەوە؟

– شیعری کوردی وەک شیعری گەلێک لە گەلانی خۆرهەڵات بەو شتانە دەناسرێتەوە کە بە گشتی شیعری وەک کایەیەکی داهێنان و ساتەوەختێک کە ئینسان هەنگاوێک ئەولاوەتر لە سروشتی خۆی تێدەپەڕێنێ، دەناسرێتەوە. شیعری کوردی بە نموونە جوانەکانی بەخششی خۆی دەناسرێتەوە. ناسینەوەی شیعری کوردی بەشێکی پێوەندی بە ناسینی ڕوحی کوردی لەلایەک وەک نەتەوە و کولتوور و مێژووەکەیەوە هەیە و بەشێکی تریشی بریتییە لە ئاگایی بوون لە شیعری کوردی خۆی، واتا ئاگاییبوون لە ستایلەکانی شیعر و لە قۆناغەکانی و لە ساتەوەختێک کە شیعر دەبێتە ڕەخنەگر و واعیزێکی کۆمەڵایەتی و ساتەوەختێکی تر کە دەبێتە چەک و دەچێتە سەنگەرەوە و بەرگری لە بوون و مانەوە دەکا، هەروەها ناسینەوەی شیعری کوردی پێوەندی بە ناسینەوەی ئەو ڕایەڵی کاریگەرییەوە هەیە کە شیعری

میللەتانی دەوروبەر لەسەر شیعری کوردی هەبیووە و ئاخۆ ئەو پێ کاریگەربوونە تا کوێ بووە و تا چەند ڕۆڵی لە تازەگەرییەکانی شیعری کوردیدا بینیوە؟

* چۆن ئیحای نێو دەقەکانت بە ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتییەوە دەبەستیتەوە؟ ئایا دنیابینی دەق پێوەندی بە دنیابینی ئەو دەستە و چینە دیاریکراوەوە هەیە، کە نووسەر بە یەکێک لە تاکەکانی دەژمێردرێت؟

– ئەو ژینگەیەی نووسەری تێدا دەژی، ڕۆڵی گرینگی لە دروستبوونی کەسێتی تێکستەکەیدا هەیە، ئەمەش لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دی و لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی تر دەگۆڕێ و قسەی جیاواز هەڵدەگرێت. پێم وایە ئەوەی کە دواجار ئێمە دەیخوێنینەوە نووسینێکە کە مەرج نییە ئێمە بزانین نووسەرەکەی لە چ ژینگەیەکدا ژیاوە و سەر بە کام دەستە و چینە، بەڵکو ئەوەی مەبەستە ئەوەیە کە ئایا ئەو تێکستە تا چەند ڕامان دەگرێ و تا چەند جوانی و مانای بەرهەم هێناوە و تا کوێ سەرسامان دەکا و بیرمان پێ دەکاتەوە. من بۆ خۆم حەز دەکەم بزانم نووسەرێکی داهێنەر چۆن ژیاوە و ئەزموونەکانی لە ژیاندا چی بوون، بەڵام هێندەی عەودالی خوێندنەوەی تێکستەکەیم و هێندەی لە تێکستەکەی ڕادەبینم چیم پێ دەڵێ و لەگەڵ خۆیدا دەمبات، هێندە مەبەستم نییە بەدوای ئەوەوە بم کە سەر بە چ چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی بووە، ئەوەش دەزانم نووسەرێکی داهێنەر کاتێک یادەوەرینامەی خۆی دەنووسێتەوە هێندەی مەبەست لە نووسینەوەی ئەو یادەوەرینامەیە پێوەندی بە ئەزموونی نووسینی خۆی و بەرهەڵداکردنی چەند نهێنیگەلێکی تایبەت بەو ئەزموونەیەوە هەیە، هێندە مەبەستی لەوە نییە کە ژیاننامەی خۆی بگێڕێتەوە. بە کورتی ئێمە وەک خوێنەر تێکستێک دەخوێنینەوە کە ڕامان دەگرێت و قەلەقمان دەکا و دەمانترسێنێت. کەم نین ئەو ڕۆمان و شیعر و شانۆنامە جوانانەی کە لە گەرمەی باهۆزی واقیعییەتی سۆسیالیستیدا نووسراون و نووسەرانیشیان سەر بە چین و توێژی کۆمەڵایەتی دیاریکراون، کەچی تا ئێستاش لە زەینماندا دەژین و دنیای داهێنانیان لا جوان کردووین، کەمیش نین ئەو دەقە لاواز و کەمخوێنانەی کە لەپاڵ هەمان تەوژم و جوولانەوە چینایەتی و نەتەوەییە شۆڕشگێڕییەکاندا نووسراون، کەچی هەر لە ساتەوەختی لەدایکبوونیاندا مردار بوونەتەوە.

* ئایا نووسینی ئیبداعی ئەوەیە کە (خوێنەر/ وەرگر) دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و ئاراستەکانی دیاری دەکات، یان فەزایەکی ئازاد، لەنێوان دەسەڵاتی نووسەر و دەسەڵاتی خوێنەر چۆن سەیری ئیبداع دەکەیت؟

– نووسینی ئیبداعی فەزایەکە کراوە و هەمیشە پێویستی بە خوێنەرێکی ئاکتیڤ و هۆشیارە کە لەگەڵیدا جۆرە ڕایەڵێکی پێوەندی و دیالۆگ و ناکۆکی دروست بکا، بەبێ بوونی ئەو جۆرە خوێنەرە کە ئەزموونێکی لەگەڵ خوێندنەوەدا هەیە و هەڵگۆزراوی کولتوورێکە کە پێی دەگوترێت کولتووری خوێندنەوە شتێکی گرنگ لە نووسینی داهێنەرانەدا کەم دەهێنێ و دواجار ناتوانێت وەک پێویست خاوەن کاریگەری و بەرهەمهێنەری جوانی و خوڵقێنەری ئەو مانایانە بێت کە تێکستێک دەیەوێت وەک تێکستێکی ئیبداعی بەرهەمهێنەری بێت. کێشەکەش لەوەدایە تێکستی جوان لە دنیایەکی ئاوهادا چەند دوژمنی بۆ پەیدا دەبێ و بە ناوی ڕەخنەوە هەوڵی ناشیرینکردنی دەدرێت، هێندەش لای خوێنەری ناهۆشیار و پاسیڤ لە جۆرە پێ سەرسامبوونێکی ساتەوەختیدا ئەوق دەبێ و دەمرێت. خوێنەری هۆشیار هەمدیس لە کتێبەکاندا دنیا ڕۆدەنێتەوە و جوانی بەرهەم دێنێتەوە. تێکستی داهێنەرانە بێ خوێنەرێکی لەو جۆرە پەی بە جوانییەکانی نابرێ و لە سنووری سەرسامبوونێکی ساتەوەختی و جۆرە چێژ و خۆ خلافاندن و دڵنیابوونێکی هەرزاندا کورت دەبێتەوە، ئەوە لە کاتێکدا کە ڕایەڵی پێوەندی نێوان نووسەر و خوێنەر پێوەندییەکی بەرانبەرە و تێهەڵکێشی یەکدین و یەکتر تەواو دەکەن.

* خوێنەر و نووسەر چۆن یەکتر تەواو دەکەن، وەک هاوبەشی لە داهێناندا، یان وەک ئەوەی یەکەم دەبێتە پاشکۆی دووەم؟

– وەک پێشتر ئاماژەم پێدا دەقێکی داهێنەرانە تەنیا لەمیانەی خوێندنەوەیەوە جوانییەکانی هەڵدەگۆزرێن، کەنزەکانی ژێر ئەرزە ڕەقەڵان و بیابانییەکانی کەشف دەبن. دەقێکی داهێنەرانە خوێنەر بەرەو دۆزینەوەی جوانی و کەشفکردنی دنیای تر دەبات و ئەو شتانە وەدیار دەخات کە لە دەقەکەدا نەگوتراون، یان بە نەگوتراوی جێ هێڵراون. دەق فەزایەکە خوێنەر مومارەسەی ئازادی خۆی لە بەرهەمهێنانی مانا و

دۆزینەوەی دنیای تردا تێدا دەکات. خوێنەر لە دۆخێکی ئاوهادا نابێتە پاشکۆی دەق و تەنیا بە گوتراو و ناسراو و هەبووەکانەوە داناسەکنێت.

* ساتەوەختی شیعری چۆن لای تۆ دروست دەبێت؟ پێوەندییەکانی ئەو ساتەوەختە بە شوێن و کاتەوە چییە؟

– ناتوانم دروستبوونی ئەو ساتەوەختە بە شێوەیەکی کۆنکرێتی دیاری بکەم و پێوەندییە زەمانی و مەکانییەکەی دەستنیشان بکەم، هێندە هەیە پێشوەخت کە ڕەنگە کاتێکی زۆر، یان کەم بخایەنێت، هەست بەو بەرکەوتنەم بە لەحزەی شیعرنووسینەوە دەکەم و دەتوانم دوور بەدوور مەودا و فۆرم و ئاراستەکانی بناسمەوە، ئیتر نازانم لەو ماوەیەدا کامان ئیش لە کامماندا دەکەین، کاممان ئەوی ترمان پڕ دەکات لە ترس و دڕدۆنگی، تەنانەت سروشتی تام و بۆن و سنوورەکانی نێوان تام و بۆن چێژەکان تێک دەڕژێن و شادمانی تامی خەم دەدا و خەمیش لێوان لێو دەبێت لە شادمانی، بە کورتی دەبمە خۆمێک جیاواز لە منی ڕۆژ ئاسایی و پێوەندییە هەرەمەکییەکان. تا زاهیدێک گوتەنی ساتێک دێ و پەنجەرەی ژوورەکەم دەکەمەوە و دەبینم دنیا گۆڕاوە. لەڕاستیدا نازانم ئەوەی گۆڕاوە منم، یان دنیا، نازانم ئاخۆ من جادووم لە دنیا کردووە، یان شیعر لە من.

* شیعر پێوەندی بەو (من)ەوەیە کە هایدگەر بە بوونی ڕەسەن ناوی دەبات، واتە بوونێک کە هەست بە تاکێتی خۆی دەکات و لەوانی دیکە دابڕاوە، بەرانبەر بە بوونێک کە بە بوونی ساختە ناوزەد کراوە، بوونێک کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک کارتێکەری دەرەکییەوە و واز لە هەڵبژاردنی خۆی دەهێنێ، ئایا بە بڕوای تۆ شیعری کوردی چەند ئەو بوونە ڕەسەنەی خۆی بەرجەستە کردووە؟

– بوونی ڕەسەن بەو چەمکە هایدگەرییە، واتە خۆدۆزینەوە و لە خۆ حاڵی بوون. لەڕێی تێگەیشتن و لە خۆحاڵیبوونەوە تاک دەتوانێت بوونی خۆی لە جیهاندا بەرجەستە بکات. ئەو لە خۆحاڵیبوون و لە بوون تێگەیشتنە پرۆسەیەکە کە تاک لە ڕێگای دیالۆگ و لەمیانەی ئەو جیاوازییانەوە کە دیالۆگ دەخولقێنێ لە خۆی تێدەگا و بوونی ڕەسەنی خۆی دادەمەزرێنێ، لە ماهییەتی بوونی خۆی لە دنیادا تێدەگا و لەمیانەی داهێنانەوە (شیعریش وەک کایەیەکی داهێنان) خۆی تێدا بەرجەستە دەکات. ئەم پرۆسەی لەخۆتێگەیشتنە وەک خودێکی ڕەسەن کە بوونی خۆی دادەمەزرێنێت، هیچ نییە جگە لە گەڕانێکی ئەنتۆلۆژییانەی بەردەوام بۆ جیاوازی و تێپەڕاندن و قایل نەبوون و نادڵنیایی و ڕەتکردنەوە. لەڕاستیدا ئەم پرسە بەو مانا هایدگەرییەی دەمانخاتە بەردەم نائومێدییەکی گەورە و گومانگەلێکی جدیی و ڕاچڵەکینێکی قووڵەوە بەرانبەر کایەی داهێنان و ڕۆشنبیری خۆمان و لەوەی کە تا ئێستا لەو پانتاییە ڕۆشنبیرییەماندا بەرهەم هاتوون، دەمانخاتە گومانەوە بەرانبەر پشکی ڕۆشنبیری ئێمە لە ئیشکردن لە ڕووبەڕێک و لە دنیایەکدا کە تا ئێستا نەک هەر بە لای لێ تێگەیشتنیدا تێنەپەڕیوە و وەک بوونێکی ڕەسەن خۆی بەرجەستە نەکردووە، بەڵکو لە ئەجێندای خۆشیدا ئافەرۆزی کردووە، دەمانخاتە بەردەم گومانی قووڵەوە بەرانبەر شیعر و ماناکانی داهێنان لە دنیای ئێمەدا و سەرجەم میراتی کولتووری و ڕۆشنبیریمان دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

* هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەو پرسیارکردنە لە کولتووری کوردیدا بوونی هەیە، ئەگەر ئەو پرسیارکردنە هەڵگری ئەو فەزایە بێت کە بەرەو گۆڕان و جیاوازیمان دەکاتەوە، ئایا کولتوورێک جورئەتی پرسیارکردنی تێدا بەدی نەکرێت، پێتوایە بتوانێ بەشداری دنیای مۆدێرنە بکات؟

– هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەو پرسیارکردنە لە کولتووری ئێمەدا نییە، خۆ ئەگەر هەشبێت، ئەوە کاریگەرییەکەی زۆر کەمە. کۆمەڵگەی ئێمە لە بنەڕەتدا لەسەر فیکر و بەها و بنیادی دژ بە نوێگەری ڕاوەستاوە. بەشداربوون لە مۆدێرنە، لە بناغەدا بەشداربوونە لە دامەزراندنی سیستمێکی ڕۆنراو لەسەر ڕەتکردنەوەی دنیایەکی کۆن و هێنانەدی دابڕانێکی خودی و کۆمەڵایەتی و سیاسی ریشەیی لە کولتووری باو.

# ڕەنگدانەوەی خەباتی کورد لە پێناوی مافی نەتەوایەتی لە ئەدەبی کوردیدا

مارف خەزنەدار

**(ئەو نووسینە بریتییە لە نویشکی ئەو زانیارییەی لە کۆنگرەی زانستیی کوردناسی لە موحازەرەیەکی تایبەتی و لە پەراوێزی سێ ڕۆژەی کۆنگرەکەدا پێشکێش کرا. کۆنگرەکە لە ڕۆژانی ٢٩-٣١ی مایسی ساڵی ١٩٩٨ بە ناوی (کۆنگرەی کوردناسی)یەوە لە زانستگای ئازادی بەرلین بەڕێوە چوو).**

گۆڕانی ئەدەبی کوردی تازە و سەردەم پێوەندی توندی بە گۆڕانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەتەوەی کوردەوە هەیە، بە تایبەتی لەو کاتەوە کە ڕێبازی کۆمەڵایەتی تازە لە ناو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتدا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پەیدا بوو. کورد بەشێکی زۆری لەم تازەگەری و ڕاپەڕینە ڕۆشنبیرییە بەرکەوت.

لە ماوەی پێنج سەدە، لەپاش جەنگی چاڵدێران (١٥١٤) لەو کاتەی سوپای سوڵتان سەلیمی یەکەم بەشێکی گرنگی لەو کوردستانە داگیرکرد کە لە بن دەسەڵاتی فارسەکان بوو، لەو کاتەوە خاکی کورد بە زۆری لە ڕووی سیاسییەوە داگیرکراو ئیتر ڕێبازێکی تراژیدیانە خەباتی نەتەوەی کوردی بەڕێوە بردووە. سیاسەتی زەبروزەنگی داگیرکەر بووە هۆی پەیدابوونی بەرگری میللی، خەباتێکی قارەمانانە لە پێناوی سەربەستی و سەربەخۆییدا کەوتە ناوەوە.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زوڵم و زۆری ئێران و عوسمانی بەهێزتر دەبوو، دەسەڵاتی بێگانە لەماوەی سەدەی نۆزدەمدا و بەیارمەتی دەرەبەگی کورد دەستی بەسەر سامانی نەتەوایەتی کورددا گرت. سیاسەتی دوو دەوڵەتەکەی قاجار و عوسمانی و دەست تێوەردانی بێگانەی ئەورووپا زیانێکی گەورەیان بە کورد گەیاند. لە ساڵانی دوایی سەدەی نۆزدەم ناوچە کوردییەکانی ئێران و عوسمانی دواکەوتووترین هەرێمی ئیمپراتۆریەتەکە بوون. پارچە بوونی خاک لە ڕووی سیاسییەوە، زۆریی ئایین و ئایینزا، ناکۆکی ناوەوە لەنێوان میرە کوردەکان، ئەمانە هەموویان هۆی گرنگ بوون و تەگەرەیان بەرانبەر خەباتی کورد لە پێناوی دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆدا دروست کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ میرنشینی کورد لە ناوەوە بوون لە کوردستانی عوسمانی و کوردستانی ئێران تا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم مابوونەوە، ئەوانە لە ناو قەوارەیەکی تەسکی جوگرافیدا بوون، بەهیچ جۆرێ نەیانتوانی ناوچەیەکی جوگرافی سیاسی یەکگرتوو دابمەزرێنن بۆ ئەوەی ببێتە بنکەیەک بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی نەتەوایەتی کوردی.

لەنیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەم بەولاوە تا دوا ساڵانی سەدەی بیستەم شیعری کوردی لە خەباتی نەتەوایەتی ئەو سەردەمانە لەمێژووی میللەتی کورددا دەوری دیاری هەبوو. مێژووی ئەدەبی کوردی ناوی دوو شاعیری گەورەی کوردمان بۆ دەور دەکاتەوە، یەکەمیان

ئەحمەد خانی (١٦٥٠-١٧٠٦) و دووەمیان حاجی قادری کۆیی (١٨١٥- ١٨٩٧)، ئەمانە داهێنەری لایەنی بەرهەمی ئەدەبی خەباتی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری و کوردایەتی ڕۆژگاری خۆیان بوون. لەو سەردەمانەدا خاکی کوردستان دابەشکراوی نێوان دەوڵەتی عوسمانی سوننی و شای ئێرانی شیعی بوو. لەژێر سایەی فەرمانڕەوایی دەرەبەگی ڕۆژهەڵاتیدا هەندێ لەناوچەکانی کوردستان میرنشینی کورد دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو، بەڵام لەو پلەیەدا نەبوو پارێزگاری هەموو ئامانج و ویستەکانی نەتەوایەتی کورد بهێنێتە دی، لەبەر ئەوە مەسەلەی چارەنووسی نەتەوایەتی نەگەیشتبووە ئەنجام. خەباتی ئەدەبی ئەم دوو شاعیرە بەرزە لە پێناوی دروستکردنی دەسەڵاتێک بوو ئازادی و سەربەخۆیی پێوە دیار بێ و فەرمانی بێگانەی بەسەرەوە نەبێ.

ئەم دوو دەوڵەتە دەرەبەگییە بەناوی ئایینەوە بەربەرەکانێی کوردیان دەکرد، سیاسەتیان بۆ ئەوە بوو گیانی موسڵمانەتی لە ناو دڵ و دەروونی کورددا لەسەر حسێبی هەستی نەتەوایەتی بەهێز بکەن، واتە لە چاکەو بەرژەوەندی ئەواندا بوو ئایین بەسەر نەتەوایەتیدا زاڵ بێ. ئەم سیاسەتە هەرچەندە هەندێ جار سەرکەوتنی بەخۆیەوە دیوە، بەڵام نەیتوانی بیری کوردایەتی لەناو ببات.

لە دوای یەکەمین جەنگی گێتی و دابەشکردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی، کوردستانی سەر بەو دەسەڵاتە بەسەر سێ بەشدا دابەش کرا، هەر بەشێکی کەوتە ناو قەوارەی دەوڵەتە تازە دروستبووەکانی تورکیا و عیراق و سووریا. لەو سەردەمەوە مێژووی تازە و سەردەمی نەتەوەی کورد دەستی پێ کردووە.

سیاسەتی تواندنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا مەبەستی سەرەکی ئەو دەوڵەتانە بووە، لەبەر ئەوە هەمیشە خەباتی ڕۆشنبیری و چەکداری پێکەوە بوو. بێ گومان یەکەمین لە دژی تواندنەوە و دووەمیان لەپێناوی سەربەخۆیی بوو و هەردووکیشیان بەیەکترییەوە بەسترابوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر تا ئێستا خەباتی چەکداری بێ ئەنجام بووبێ خەباتی ڕۆشنبیری کوردی لە تواندنەوە ڕزگار کردووە.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە لەدابەشبوونی یەکەمی کوردستانەوە (جەنگی چاڵدێران) کورد بە چاوێکی نزم لەلایەن هاوسێکانییەوە تەماشا کراوە، بەتایبەتی تورک و فارس، چونکە ئەوان دەسەڵات بەدەست بوون. لەدابەشبوونی دووەمدا لە پاش یەکەمین جەنگی گێتی هەوڵ و کۆششێکی زۆر بۆ لەناوبردنی ئەدگاری نەتەوایەتی کورد دراوە، ئەم کێشەیە لەنێوان کورد و هاوسێکانیدا ڕووی داوە، ڕاستەوخۆ تورک و عەجەم یەخەی کوردیان گرتووە، هەر دەوڵەتە گەورە و پێشکەوتووەکانی ئەوروپایە کە بە ئیمپریالیست ناو دەبرێت ناڕاستەوخۆ پێوەندییان بەکوردەوە بووە، ئیتر ئەگەر چارەنووسی کورد لەدوای یەکەمین جەنگی گێتییەوە لەنێوان خۆی و دەوڵەتانی ئەوروپا بوایە دەمێک بوو گەیشتبووە ئەنجام. دەوڵەتانی ئەوروپا ئەوانەی چاکە و بەرژەوەندی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەپاش جەنگی یەکەمەوە هەیە، بەتایبەتیش لەدوای جەنگی دووەمەوە و تا ئێستاش، مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتەکاندا دەکەن (تورکیا، ئێران، عیراق، سووریا) وەک قەوارەیەکی سیاسی، نەک لەبەر ئەوەی بەشێک لە دانیشتووانی کوردن.

ئەو هۆیانەی کوردیان لە تواندنەوە پاراست زۆرن، دیارە لێرەدا ئێمە مەبەستمان ڕوون کردنەوەی هۆیەکی یەکجار گرنگە ئەویش ئەدەبی کوردییە. بەسەرهاتی سیاسی و ژیانی کۆمەڵایەتی بوونە هۆی ئەوەی ئەدەب دەورێکی گرنگی لەمانەوەی کورددا هەبێ. ئەدەب ئاوێنەیەک بوو ڕەنگی خەباتی کوردی تێدا دەبینرا، ڕووناکییەک بوو ڕێی ژیانی ڕۆشن دەکردەوە، لە دژی دەست تێوەردانی دەرەوە و ڕوون کردنەوەی ئەدگارە نەتەوەییەکانی کورد دەوەستا.

ئەدەبی نیشتمانی و نەتەوایەتی و بەرگری هەرچەندە داهێنانە و ناچێتە ناو بازنەی ڕاستیی زانستی و مێژووەوە، بەڵام گەلێ جار مێژوو ڕوون دەکاتەوە، یان لێکی دەداتەوە، چونکە شاعیر ئیلهامی لەمێژوو و ڕووداو وەردەگرێ.

ئەحمەد موختار جاف (١٨٩٧- ١٩٣٥) لە ساڵی ١٩٢٥دا شیعرە بەناوبانگەکەی (دێتە گوێم دەنگێ..) دەنووسێتەوە، لەو کاتەی کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الأمم) خەریکی جێبەجێکردنی کێشەی مووسڵ دەبێ. شاعیر بە قووڵی و ڕوونی هەستی بە پیلانی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانی ئەوروپا و هاوسێکانی کورد کردووە، لە شیعرەکەیدا هەندێ سۆزی ڕۆمانتیکییانە بەرانبەر بە

نەتەوە و هەندێ ڕاستی مێژوویی دەردەبڕێ کە دەڵێ:

**دێتە گوێم دەنگێ بە سۆز و شیوەن و گریانەوە**
**ناڵەیی دڵمە لە حەسرەت خاکی کوردستانەوە**
**خاکی کورد ئێستا لەبەینی تورک و ئێران و عەرەب**
**بێچووە تەیرێکە کەوتۆتە داوی منداڵانەوە**
**ئەم قەراری عوسبەیە وا خەڵک ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ**
**هەر قسەی ڕووتە، قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە**

هەرچەندە شاعیر بە ڕەشبینی دەست پێ دەکا، بەڵام لەدواییدا بەگەشبینی تەماشای مەسەلەکە دەکا و دێتە سەر ئەو بیروڕایە ڕاستەی کە دەڵێ خوێندەواری و ڕۆشنبیری بنجوبناوانی پێشکەوتن و بە ئامانج گەیشتنی نەتەوەی کوردە:

**ئەمڕۆ باوابێ، بەڵام ڕۆژێ ئەبێ ئەولادی کورد**
**دێنە مەیدان، بەعیلم و سەنعەت و عیرفانەوە**

ئەحمەد موختار بەڕاستی بۆ مەسەلەکە چووە، لەو کاتەدا کورد لە سیاسەتدا لە پلەی هاوسێکانی نەبووە، هەرچەندە ئەوانیش پێشکەوتوو نەبوون، بەڵام هێز و توانایان لە هەموو ڕوویەکەوە بەسەر کورددا دەشکا.

کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الأمم) دەوری گرنگی لە نەهاتنەدی هیوا و ئامانجی کورد هەبووە، بۆیە شاعیرێکی تری کورد سەلام (١٨٩٢- ١٩٥٩) هەستی بە کردەوە خراپەکانی ئەم دەسگایە کردووە، کۆمەڵێک بیروڕاو بۆچوونی ڕاست و بەجێی خستۆتە ناو قاڵبی شیعرەوە، ڕوو دەکاتە کۆمەڵەی نەتەوەکان و پێی دەڵێ:

**هەر بە هیچوپووچ ئەم دەنگ و باسە**
**تۆ خوێنی کوردت بۆ کردە کاسە؟**
**هەر چووار دەورمان لێ بوو بە دوژمن**
**ئێران و تورک و عارەبی کوڵکن**
**لە عەدالەتتان واقم وڕماوە**
**لە سیاسەتتان سەرم سوڕماوە**
**خوێنی ملیۆنێ کورد ئەڕژێنی**
**بە ئەوەی تۆزێ تورک بترسێنی**
**خوێنی مەزڵوومی کوردی ڕووت و قووت**
**حەڵاڵە لەلای عارەبی لنگ ڕووت**

لە شیعری (ساقی نامە)دا سەلام لە ساڵی ١٩٣٨ لە بارەی دابەشکردنی کوردستانەوە وتویەتی:

**قەرارێکە لە سێ لاوە دراوە**
**نەمێنی قەومی کورد و سەر بزێوی**

* * *

**لەبەرچی سێ بەشە ئەم لالە زارە**
**لەبەرچی کوردە بێ لانە و هەوارە**
**سەیری کە چی سڕێکی عەجیبە**
**لە خاکی کوردستانا کورد غەریبە**
**هەموو گەورە و شەریفی کوردەواری**
**لە سێ لاوە کراون خانە شاری**

لەدوای یەکەمین جەنگی گیتی و دابەشکردنی کوردستان بۆ جاری دووەم تا نزیک جەنگی دووەم کێشەی کورد بەو جۆرە دانەمرکابووەوە وەک داگیرکەرانی ئارەزوویان دەکرد. گەرمایی لە ژیلەمۆدابوو و لەبەر ئەوەی جیاوازی لە سیستمی فەرمانڕەوایی ئەو دەوڵەتانەدا هەبوو، هەڵوێستی هەموویان بەرانبەر بەکورد وەک یەک نەبوو، لە تورکیا کورد لە هەموو مافێکی بێ بەش کرابوو، لەئێران بەناوی نەژادی ئێرانی هەڵدەخەڵەتێنرا، لەعیراق بەناوی موسڵمانەتی بوونی نەتەوایەتی دەشێوێنرا، لە سووریا کاتێک کە هێشتا فرەنسا لەوێ بوو مەسەلەی کورد کپ بوو، لەماوەی جەنگدا خوێندەواری و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی پەرەی سەند، لەدوای جەنگ سووریا و لبنان کە سەربەخۆیی و ئازادییان دەست خست سووریا سیاسەتی تەعریبی بەکارهێنا و سوودی لە تاقیکردنەوەکانی تورکە کەمالییەکان وەرگرت.

لەگەڵ ئەوەی دابەشکەرانی کوردستان هەر یەکە بە شێوازی خۆی بەربەرەکانێی کوردی دەکرد و ڕەنگە ناکۆکیش لەنێوانیاندا بووبێ و تورکیا و ئێران بە سیاسەتی عیراق بەرانبەر بە کورد ڕازی نەبووبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە فەرمی هاوکاری لەنێوان خۆیاندا لەناوەوە بوو. ئەمە بە ئاشکرا لە پەیمانی سەعداباد (١٩٣٧) و پەیمانی بەغدا (١٩٥٥-١٩٥٩)دا دەردەکەوێ.

یەکێ لە مەبەستە بنچینەییەکانی ئەم دوو پەیمانە بەربەرەکانێی بزووتنەوەی نەتەواویەتی کورد بوو، بە تایبەتی ئەو بەندانەی پێوەندییان بە تورکیا و ئێران و عیراقەوە هەبوو، چونکە ئەو ڕاستییە ئاشکرایە بەشدارانی هەردوو پەیمانەکە تەنیا ئەم سێ دەوڵەتە نەبوون.

هەندێ لە شاعیرانی کورد هەست و نەستیان بەرانبەر ئەم جۆرە پەیمانانە دەربڕیوە، لەمانە قانیع (١٨٩٩- ١٩٦٥) لەبارەی پەیمانی سەعدابادەوە دەڵێ:

**شاری سەعدابادی بەدفەڕ بوو بە مۆڵگەی دوژمنان**
**کوندەبوو، شمقارە کوێر و کەمتیاری لانزار**
**سێ بە سێ کۆبوونەوە وا ئەنجوومەن ڕازایەوە**
**بۆ قڕانی میللەتی کورد، مۆر کرا عەهد و قەرار**
**پاڵەپەستۆی مەینەتە، ئەمڕۆ بەسەر کوردا گلا**
**نیشتمانی کوردی کردە، جێگە ڕاو و کارو زار**
**عەهدی سەعدابادی شووم و حوکمی پۆلیسی ڕزیو**
**مەزبەحەی خوێن ڕشتنی، بۆ کوردستان هێنایە کار**

* * *

**ئەنقەرە و تاران و بەغدا مەنبەعی زوڵم و ستەم**
**قوڕ بەسەرتان میللەتی کوردە ئەتانکا بەختەسار**

لە پاش دووەمین جەنگی گیتی و هاتنی ئەمەریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێوەندییە کۆنەکانی ئەم وڵاتانە گۆڕانی قووڵیان بەسەردا هات و کەوتنە خۆ بۆ دانان، یان تازەکردنەوەی پەیمانی ئەوتۆ لەگەڵ گۆڕانی سیاسی- کۆمەڵایەتی وڵاتانی سەر ڕووی زەوی لەگەڵ ئەو هەڵسوکەوتە تازەیەدا بگونجێ. وابوو هەوڵ درا بۆ تازە کردنەوەی پەیمانی ساڵی (١٩٣٠)ی نێوان بەریتانیا و عیراق لە ساڵی ١٩٤٧، هەروەها پەیمانی ناتۆ و پاشان پەیمانی سەنتۆ، ئەوەی لەدوایدا ناوی گۆڕاو بوو بە پەیمانی بەغدا.

لەم لایەنەوە شاعیرێکی تری کورد شێخ نووری شێخ ساڵح (١٨٩٦- ١٩٥٨) لە ڕۆژی ١٩٥٨/٨/٨ واتە کەمتر لە مانگێک پاش ڕووداوەکانی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە بەغدا شیعرێکی درێژی (١٣٢ دێر)ی ڕێکخستبوو بە ناوی (لەخەوما)، لە شیعرەکەدا یادی ڕۆژانی ڕەشی پەنجاکان دەکاتەوە کە پەیمانی بەغدای تێدا بەسترا، لە شیعرەکەدا دەڵێ:

**هەروا لە بیرمە بە سەلاح سەلیمی کە وت**
**ئیسرائیلێکی تر هەیە لای ئێمە، کوردەکان**
**ئێران و تورک و ئێمە ئەبێ یەکگرین بەحیلف**
**هەوڵێکی وا بدەین کە نەمێنی شیعاریان**
**ئێران و تورک و ئێمە وەک یەک بە مانەوە**
**گیرۆدە بووین ئەگەر نەکرێ زوو عیلاجیان**
**خوێناوی کوردەکانی حەلاڵ کرد بە تورکەکان**
**ئەو تورکە خوێنی کوردی شیمالی هەموو ڕژان**
**ئەم حیلفەیان بە غەیری ئەمە، هیچی تر نەبوو**
**بڕوانە ماددەکانی ئەم کە باش بۆت ئەکا عەیان**

ئەوەی ئەم قسانەی بە سەلاح سەلیم وتووە نووری سەعیدی سەرۆک وەزیرانی عیراق بوو. لێرەدا خۆی کردووە بە نوێنەری دەوڵەتێکی وەکو عیراق، بە خەیاڵی خۆی بە دەوڵەتێکی عەرەبی حسێب دەکا، ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ سەلاح سەلیم بووە. ئەمە یەکێکە لە ئەفسەرە سەربەستەکانی میسر کە لەگەڵ محەمەد نەجیب و جەمال عەبدولناسر شۆڕشی یۆلیۆی ١٩٥٣ی میسریان بەرپا کرد. لێرەدا نووری سەعید هەوڵ دەدا دەوڵەتی میسریش بێنێتە ناو پەیمانی بەغدا و بۆ ئەم مەبەستە هەڵوێستی عیراق وەک دەوڵەتێکی عەرەبی دەخاتە ڕوو و ئەوە ئاشکرا دەکا بەستنی پەیمان لەنێوان عەرەب و عەجەم و تورک کارێکی پێویستە بۆ لەناوبردنی نەتەوەی کورد، چونکە دوژمنی هەموویانە.

ئەوەی ڕاستی بێ بۆچوونی شێخ نووری شێخ ساڵح وەکو شاعیرێک خەیاڵێکی ڕۆمانتیکییە و ڕاستییەکی مێژوویی دروست کردووە بەوەی سیاسەتی دەوڵەتی عیراق لەسەردەمی دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٢١ تا ئێستا چەوساندنەوەی میللەتی کورد بووە، بێ گومان بەشی نووری سەعید لەم چەوساندنەوەیە لە کاربەدەستانی تر کەمتر بووە، چونکە وەکو قەومییەکی عەرەب تەماشای کوردی نەکردووە.

لە بارەی دابەشکردنی خاکی کوردستانەوە، شاعیری نیشتمانپەروەر ئەوڕەحمان بابان (١٨٧٨- ١٩٦٧) لە شیعرێکیدا دەڵێ:

**ئەم خاکە مێژووی گەلی کوردی لە دڵایە**
**تەقسیمە بە بەش هەر بەشێکی کەوتۆتە لایە**
**هێند زاڵمە تورک و ئەو بەشە کوردەی لەگەڵایە**
**ئەیکا بە نیشانەی هەموو ئەنواعی بەڵایە**
**بۆ خاتری ئەم تۆوە لە جێی بڕوێنێ**
**تۆی لەنوێی خۆی لە زەوی و زاری بچێنێ**

* * *

**تورکی لە وەتەن دەربەدەری خوار و ستەمکار**
**تەتریکی ئەکا ئێستا بە زۆری کوتەک و دار**

* * *

**ئەم حوکمەتی ئێرانە بەپێی ڕۆژ و زەمانە**
**بۆچ لەم گەلی کوردە کە کەوتۆتە بەهانە**

لەم پارچە شیعرەدا شاعیر باس لە دەست درێژی تورک و عەجەم دەکا بۆ سەر میللەتی کورد، لە شیعرێکی تریدا باس لە پارچەکەی تری کوردستانیش دەکا کە بەر عیراق کەوتووە، لە شیعرێکیدا دەڵێ:

**بەر سەرا خوێنی لە ئاو باریک شەپۆلی دایەوە**
**ئەمجا پەیمانی عیراق و نەوتی خستە کایەوە**
**ئەم دوو پەیمانە بە خوێنی قەومی کورد نووسرایەوە**
**خوێنی کوردی پێ ڕژاند و عارەبی پێ بەستەوە**

مەبەستی لە (بەر سەرا) ڕۆژی شەشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠یە. لەو ڕۆژەدا دەبوو دەنگ بۆ پەیمانی ساڵی ١٩٣٠ لەنێوان عیراق و بەریتانیا بدرێ، خەڵکی سلێمانی هەڵسان و شۆڕش هەڵگیرسا. لە ئەنجامی هێرش بردنی دەسەلاٲت بۆ سەر خەڵکی بێ چەک، کوشتار کەوتە ناوەوە و خوێن ڕژا. شاعیر پەنجە بۆ جەنگی ئاوباریک درێژ دەکا، ئەو ناوچەیەی سوپای ئینگلیز و شێخ مەحموود بەرەورووی یەکتری هاتن و خوێنی کوردی تێدا ڕژا. بێ گومان ئەو پەیمانە بۆ دابینکردنی نەوتی کوردستان بوو بۆ ئەوەی بکەوێتە ژێر دەسەلاٲتی ئینگلیز تا دوا ساڵانی ئەم سەدەی بیستەمە. شاعیر ڕاستییەکی مێژوویی خستۆتە ڕوو کە پەیمانی ١٩٣٠ و دەستخستنی نەوت لەسەر حسێبی خوێنی کورد بووە و بە ناوی عەرەبەوە گەیشتۆتە ئەنجام.

من لەسەر ئەو باوەڕەم لەسەرەتادا ئینگلیز بەرنامەی وای بەدەستەوە بوو قەوارەیەکی کوردی دروست بکا و نەوتەکەی بۆ بپارێزرێ تا دوایی سەدەی بیستەم، بەلاٲم لەدواییدا بۆی دەرکەوت شێخ مەحموود ئەو ئامانجەی بۆ ناباتە سەر، لەبەر ئەوە کەوتە بەربەرەکانێ. ئەگەر ئەم پرۆژەیەی سەر بکەوتایە کێشەی کورد و مەسەلەی سەربەخۆیی دەکەوێتە نێوان کورد و دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا، یان ئینگلیز بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

جینۆسایدکردنی کورد لەلایەن تورکە کەمالییەکانەوە سیاسەتی ڕۆژانەیان بوو، لە دەورووبەری دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە تا ئێستا، شۆڕشەکانی کوردیان بە ئاگر و ئاسن دامرکاندۆتەوە، تا گەیشتۆتە ئەو پلەیەی تورک وێنەی گۆڕێکی گەورەی لەسەر شاخ دروست کردووە وەکو ڕەمزێکی نەتەوەی کورد، لەسەر کێلّی گۆڕەکە بە تورکی نووسیویەتی (لێرە کوردستانی بە خەیاڵ دروست کرا نێژراوە).

شاعیری کورد زێوەر (١٨٧٥- ١٩٤٨) بۆ ئەم دیاردە خەیاڵییەی تورک دەڵێ:

**تورک ئەڵێ: قەبری کوردە ئەو شاخە**
**بام بڵێ چونکە با تینەن باخە**
**باخی مەردانی چوست و گوستاخە**
**جێ وەتەن پەروەری جێگەردانە**
**تورکەکان نەشئەیان پڕ ئاغووش کرد**
**بۆچی تاریخیان فەرامووش کرد**

زوڵم و زۆری تورکە کەمالییەکان گەیشبووە پلەیەک ڕق و کین و ڕەشبینییەکی قووڵیان لەناو دڵ و دەروونی هەموو کوردێکدا دروست کرد، تا گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی خەڵکی کورد مردنی دامەزرێنەری تورکیای تازە ئەتاتورکیان پێ خۆش بێ، هەرچەندە لەو سەردەمانەدا مردنی تاکە دیکتاتۆرێک نەدەبووە هۆی گۆڕانی سیاسەتی دەوڵەتەکە وەکو لەپاش مردنی ئەتاتورک لەتورکیا بینیمان، وابوو دامودەسگا و شێوەی فەرمانڕەوایی وەکو خۆیان مانەوە. شاعیری کورد ئەحمەد فەوزی لە شیعرێکدا دەڵێ:

**کوردێکی شیماڵ لەش بەخوێنەوە**
**ڕوو بە پێکەنین، دەم بە جوێنەوە**
**ئەهات بەڕێوە وەک تەیر ئەفڕی**
**خوێنی مەزڵوومی لە ڕوو ئەسڕی**
**بانگی کرد کوردان شین بووە بە شایی**
**مژدە بێ لێتان باوکی تورک ڕۆیی**

بەلاٲم شاعیرێکی تری کورد سەلام لەلایەکی ترەوە تەماشای مەسەلەی کورد دەکا، بەلای ئەوەوە هۆی نەگەیشتنی کورد بە ئەنجام تەنیا زوڵم و زۆری هاوسێکانی نییە، بەتایبەتی تورکیش، بەڵکو دواکەوتوویی و نەخوێندەواریش دەورێکی باڵایان لەم دواکەوتنەدا بووە. لەم لایەنەوە شاعیر دەڵێ:

**تۆ لە دەستی زوڵمی تورک و جەهلی زۆری قەومەکەت**
**شیعرەکانت ناڵە و فەریادە تا دەوری جیهان**
**بوون بەسێ بەش قەومی کوردت وەک ئەسیری حەربی کۆن**
**ماڵ و سەریانە حەلاڵی دوژمنانی نیشتمان**

لە سەدەی حەڤدەم و هەژدەم و نۆزدەمەوە لەسەر زاری شاعیرانی وەکو ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی و هی تر بە ئیدیۆلۆژیەتێکی سەردەمانی کلاسیکی پێشوو بیریان لەوە کردۆتەوە مەسەلەی کورد بە دروست کردنی قەوارەی سیاسی نەبێ کۆتایی نایە. لەسەرەتای سەدەی بیستەمیشەوە تا ئێستا زمانی حاڵی شاعیران و ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی کورد هەر ئەوەیە کە شاعیرێکی کوردی وەکو فایەقی تاپۆ (٧٠) ساڵ لەمەوبەر

وتوویەتی:
**دە هەڵسن تاکو ئێمەش دەوڵەتێکی کوردی تەشکیل کەین**

**وەکو قەومی یەهوود و سرب و بولگار، ئەرمەن و یۆنان**
ئەمەیە کورد لە چەوساندنەوە رزگار دەکا، لەو بازنەیە دەردەچێ وەک هاووڵاتییەکی ژمارە دوو تەماشا بکرێ، لەو کۆمەڵە دوور دەکەوێتەوە تەنیا لەبەر ئەوەی کوردە، بۆیە تاوانبار دەکرێ. کورد بوون وەکو تورک بوون و ئینگلیز بوون وایە. بۆچ بۆ هەموو کەس ڕەوایە نەتەوەی هەبێ تەنیا کورد نەبێ!

* * *

تا دەوروبەری دووەمین جەنگی گێتی لە ئەدەبی کوردیدا بۆ هەموو مەبەستێکی ژیانی کوردەواری زیاتر شیعر باو بوو. لەم ماوەیە پەخشانی کوردی دەورێکی دیاری هەبوو. ئەمە لەئەنجامی بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و هۆشیاری و هەستی نەتەوایەتی پەیدا بوو، بابەتەکانی پەخشانی کوردی لە ئەدەبدا سەری دەرهێنا، هی وەکو وتاری ئەدەبی و چیرۆک و ڕۆمان. گرنگترین خاسیەتی ئەم بابەتە ئەدەبییانە ڕێبازی ریالیزم بوو. زمانی تایبەتی بە پەخشان پەیدا بوو پەرەی سەند و شێوازی تازە کەوتە ناوەوە دوور لە جوانکاری و ڕەوانبێژی کلاسیکی لاسایی ئامێزی کۆنی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات.

چیرۆکی کوردی دەوری باڵای لە پیشاندانی وەزعی کورد لە ڕووی سیاسییەوە هەبوو، وەک خاکێکی دابەش کراو و داگیرکراو. لە هەندێ لە چیرۆکەکانی (محەمەد مەولوود مەم)ی چیرۆکنووس بۆ دوو کێشەی بنچینەیی دەچێ. یەکێکیان کێشەی سەربەخۆیی نیشتمانی و ئەوی تریان وەزعی کۆمەڵایەتی کوردەواری. لە چیرۆکی (بێ وڵاتی) وێنەیەکی ژیانی پڕ لە کارەساتی کورد دەکێشێ، ڕەنج دەدا و ئارەق دەڕێژێ لە پێناوی پارووی نان، ئیتر لە ڕووی سیاسی بێ، یان بۆ نان پەیدا کردن لە کوردستانی ئێرانەوە دەربازی کوردستانی عیراق دەبێ، بەڵام دەسەڵاتی عیراق وەریناگرێ، چونکە بێگانەیە و هاووڵاتی ئێرانە. نووسەر هانی قارەمانی چیرۆکەکەی دەدا و مژدەی دەداتێ کە لە داڕۆژدا وڵاتی دەبێ و لە کۆمەڵی خۆیدا دەتوانێ کاری دەست بکەوێ.

ڕۆمانی کوردی وەک بابەتێکی گرنگی بەرهەمی ئەدەبی لە دەوروبەری دووەمین جەنگی گێتی پەیدا بوو. دەتوانین ڕۆمانی (پێشمەرگە)ی ڕەحیمی قازی وەک نموونەیەکی بەرز دەست نیشان بکەین. ئەم ڕۆمانە ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو گۆڕانانەیە کە بەسەر کوردستانی ئێراندا هات بە دامەزراندنی کۆماری کوردی و لە ئەنجامی سیاسەتی بەرژەوەندی سوێندخۆرە سەرکەوتووەکانی جەنگی دووەم، بە تایبەتی ڕووسیا و ئەمەریکا و بەریتانیا ئەم کۆمارە ڕووخاو دوایی پێهات.

دانەری ڕۆمان لە بزووتنەوەی جووتیاران دەدوێ و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەخاتە ڕوو لەپێناوی دامەزراندنی کۆمارەکە و دەوری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دەرەبەگی کورد لە ڕووخاندنی.

دانەر هەندێ لە پێویستییە هونەرییەکانی تری ڕۆمانی لە بەرهەمەکەیدا ناواخن کردووە، بەتایبەتی دڵداری و ئەدگاری ژیانی میللی و ناوچەیی ئەو خاکەی کۆمارەکەی لێ دروست کرابوو.

چیرۆکنووسانی تری کوردی وەکو (محەرەم محەمەد ئەمین، مارف بەرزنجی، شاکیر فەتاح، ئیبراهیم ئەحمەد) و هی تر دەوری دیاریان بووە لە وێنە گرتن و لێکۆڵینەوە لەو کارەساتانەی بەسەر میللەتی کورددا هاتوون. میللەتی کورد هەمیشە نێچیر بووە، هاوسێیان و هێزی ئیمپریالی ئەوروپای دەرەوەی کۆمەڵی ناوچەکە ڕاوکەر بوون. تائێستا کۆتایی بەڕاووشکارەکە نەهاتووە.

یەکێ لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی هەرە تازەی کوردی چیرۆکی (کوێخا سێوێ)یە، عەزیزی مەلای ڕەش بڵاوی کردۆتەوە، ئەم چیرۆکە درێژە لە بەعەرەبکردنی ناوچەی قەراج دەدوێ لە دەشتی هەولێر.

* * *

شاعیر و نووسەرانی کورد لە سەرانسەری سەدەی بیستەمدا بەشداری بەتینیان لە خەباتی نەتەوایەتی (کوردایەتی)دا کردووە. هەموو بابەت و قاڵب و هونەرە ئەدەبییەکانیان لە شیعر و پەخشان لەپێناوی ئەم مەبەستە بەکارهێناوە. بێ گومان وەزعی کورد خۆی وەک نەتەوەیەکی بێ بەش لە چارەنووسی نەتەوایەتی بۆتە هۆی شەقڵی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و بەرگری نەتەوایەتی و هەڵسان و شۆڕش و ڕاپەڕین لە هەموو مەبەستێکی تر زیاتر بە بەرهەمی ئەدەبییەوە دیار و ئاشکرا بێت.

شاعیرو نووسەری لەم بابەتەمان زۆرە، بەرهەمی بە بژوێن و سەرکەوتووی لەم جۆرەمان کەم نییە. لەناو ئەو کۆمەڵە زۆرەدا دەتوانین ناوی کەسانی وەکو ئەمانە

بهێنین:
پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠)، میرزا غەفوور (١٨٧٠-١٩٣٨)، ناری (١٨٧٤-١٩٤٤)، زێوەر (١٨٧٥- ١٩٤٨)، حەمدی (١٨٧٨- ١٩٣٦)، ئەورەحمان بابان (١٨٧٨-١٩٦٧)، شێخ نووری شێخ سالح (١٨٩٦-١٩٥٨)، ئەسیری (١٨٩٧-١٩٦٣)، جگەر خوێن (١٩٠٣- ١٩٨٤)، فایەق بێکەس (١٩٠٥- ١٩٤٨)، دلدار (١٩١٨-١٩٤٨)، هەژار (١٩٢٠-١٩٩١)، هێمن (١٩٢١- ١٩٨٦)، هی تر.

* * *

پێش ئەوەی کۆتایی بەم باسە بهێنم پێویستە ئاورێک لە ئەدەبی کوردی ولاتی سۆڤیەتی پێشوو بدەمەوە، چونکە ڕێبازی تایبەتی هەبوو هەندێ جیاواز بوو لە ئەدەبی کوردی هەموو پارچەکانی تری کوردستان.

لە دوا سالانی بیستەکانی ئەم سەدەیە، مافی خوێندەواری و ڕۆشنبیری درایە کوردی هەموو یەکێتی سۆڤیەت، لە پاش ماوەیەکی کەم ئەم مافە لەهەموو لایەک وەرگیرایەوە تەنیا لە ئەرمەنستان نەبێ. لەوێ لەسەر بنچوبناوانی ئەدەبی میللی سەرزاری کوردی (فۆلکلۆری) و ئەدەبی بەرزی کلاسیکی و سەردەمی رووس، هەندێکیش ئەدەبی ئەرمەنی، ئەدەبێکی بەرز بەزمانی کوردی لەو کۆمەلەدا دروست بوو بە هەردوو بەشیەوە شیعر و پەخشان. ئەم ئەدەبە ڕەنگدانەوەی هیوا و ئامانجی کورد بوو، زیاتر کوردی ولاتی سۆڤیەت و کەمتر کوردی دەرەوە. کورتە چیرۆک و ڕۆمان لە بابەتە هەرە دیارەکانی ئەدەبی کوردی ئەوێ بوون. نووسینەکانی عەرەبی شەمۆ و عەلی عەبدولڕەحمان مایەی شانازین، نەک تەنیا لە رووی ناوەرۆکەوە ڕەنگدانەوەی خەباتی کورد دەخەنە روو، بەلکو لە رووی جوانکارییەوە (ئیستێتیکا)ی ئەدەبی کوردییان گەیاندۆتە پلەیەکی بەرز، لەبەر ئەوە وەرگێڕاونەتە سەر گەلێ لە زمانەکانی نەتەوەکانی سۆڤیەتی پێشوو.

**سەرچاوە و بیبلیۆگرافیای باسەکە:**


**١- ئیبراهیم ئەحمەد، کوێرەوەری (کۆمەلە چیرۆک)، بەغدا، ١٩٥٩.**

**٢- ئەمین فەیزی، انجمنی ادیبانی کورد، استانبول، ١٩٢١.**

**3- Cegerwin, sewra Azadi, (Diwana Cegerxwin), Sam 1954.**

**٤- چیرۆکەکانی مەم (کۆمەلە چیرۆک)، بەغدا، ١٩٧٠.**

**٥- دیوانی ئەحمەد حەمدی ساحبقران، بغدا، ١٩٥٧.**

**٦- دیوانی ئەحمەد موختار جاف، بەغدا، ١٩٥٨.**

**٧- دیوانی ئەسیری، بەغدا، ١٩٨٧.**

**٨- دیوانی ئەوڕەحمان بەگی بابان، بەغدا، ١٩٨٩.**

**٩- دیوانی بێکەس، بەغدا، ١٩٧٠.**

**١٠- دیوانی دلدار، هەولێر ١٩٦٢.**

**١١- دیوانی زێوەر، بەغدا، ١٩٥٨.**

**١٢- دیوانی سەلام، بەغدا، ١٩٥٨.**

**١٣- دیوانی قانیع، سلێمانی، ١٩٧٩.**

**١٤- دیوانی مفتی پێنجوینی، بەغدا، ١٩٥٩.**

**١٥- دیوانی میرزا غەفوور، بەغدا، ١٩٦١.**

**١٦- دیوانی ناری، سلێمانی، ١٩٨٤.**

**١٧- دیوانی شێخ نووری شێخ سالح، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٥، بەشی دووەم، بەغدا، ١٩٨٩.**

**١٨- ڕەحیم قازی، پێشمەرگە (ڕۆمان)، بەغدا، ١٩٦١.**

**١٩- ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی (١)، بەغدا، ١٩٤١، بەرگی (٢)، بەغدا، ١٩٥٦.**

**٢٠- سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید، هەولێر، ١٩٩٣.**

**٢١- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا، چاپی دووەم، ١٩٧١.**

**٢٢- عەلی کەمالی باپیر ئاغا گولدەستەی شوعەرای هاوعەصرم، سلێمانی، ١٩٣٩.**

**٢٣- محەرەم محەمەد ئەمین، ڕێگای ئازادی (چیرۆک) سلێمانی، ١٩٥٩.**

**٢٤- معروف خەزنەدار، موجز تاریخ الادب الكردي المعاصر، دمشق، ١٩٩٣.**

**٢٥- هەژار، بۆ کوردستان، بیروت، ١٩٦٨.**

**٢٦- هێمن، تاریک و ڕوون (دیوانی شیعر)، ١٩٧٠.**

# سووژەی دیکارتی: پێشینە، تایبەتمەندی و دەرئەنجامەکانی

د. بەختیار سەجادی
لە ئینگلیزییەوە: قوتبەدین ئەحمەدی
(سنە)

(٢ – ٢)

### بیر دەکەمەوە کە واتە هەم: دڵنیایی و ئەقڵانییەتی سووژە

کێشە بە ناوبانگەکەی دیکارت، بیر دەکەمەوە کە بە زۆری لە بەرهەمەکانیدا دەری بڕیوە، وەکو گرنگترین هەوڵی ئەو بۆ پێناسەکردنی سووژە دێتە ئەژمار. هەروەها کە پێشتر ئاماژەی پێدرا، پێناسەی دیکارت لە سەر سووژە ئەوەندە کاریگەر بوو کە زاراوەی سووژەی دیکارتی نەک هەر پێگەیەکی بەرزی لە مێژووی فەلسەفەی مۆدێرندا بۆ خۆی مسۆگەر کرد، بەڵکو هەر کاتێ کە لە ڕەخنە و تیۆری هاوچەرخدا باسی ئاخێزگەی سووژەی مۆدێرن دەکرێ، دەبێ بە ناچاری باسی سووژەی دیکارتیش بکرێ. بەو جۆرەی کە لە خوارەوە پیشاندراوە، بەشێکی گرنگی مانادارێتی زاراوەکە لە فەلسەفەی سروشتیدا قەرزداری هەوڵەکانی دیکارتە، کە لە بەستێنی سەدەی حەڤدەمدا، زاراوەیەکی ئاشنا بوو بۆ ئەو شتەی ئێمە ئەوڕۆکە بە زانست ناودێری دەکەین. (٢٥)

کێشەی بیر دەکەمەوەی دیکارت لە سەر هەبوونی گومان هەڵنەگریی سووژەیە. ئەو یەکەمین جار لە گوتارێک لە سەر میتۆد دا تیشکی خستە سەر ئەم کێشەیە. بە تیشک خستنە سەر هەڵەی ئەوانەی کە لە بەڵگەهێنانەوەدا تەنانەت لە سادەترین توخمی ئەندازە و لەبەرچاوگرتنی ئەندێشەی ئێمە لە کاتی خەوتندا وەکو وەهمی خەون هەڵە دەکەن، بەم ئاکامە گەیشت:

لەو کاتەی کە تێدەکۆشام بیر لە هەموو ئەو شتانە بکەمەوە کە لەم بیرکردنەوەیەدا هەن، پێویست بوو، من کە بیرم لێیان دەکردەوە، شتێک بام و ئەو ڕاستییەشم

بدیبایە: لەوەیدا کە خەریکم بیردەکەمەوە، کەوابوو بوونم هەیە، ئەوەندە دڵنیا و خاترجەم بووم کە گریمانەیەکی لەڕادەبەدەر شکخوازانەش نەیدەتوانی بیخاتە لەرزەوە و هاتمە سەر ئەو باوەڕەی کە دەتوانم بە بێ هیچ چەشنە ڕاڕاییەک وەکو یەکەمین بنەمای فەلسەفی دایبنێم کە بە دوایدا دەگەڕام. (٢٦)

گوزارەی گێڕدراوەی فرەپاتی بیر دەکەمەوە، کەوایە هەم، یەکەمین جار لە لایەن دیکارتەوە بە زمانی فەرەنسی لەو کتێبەی سەرەوەدا هاتە ئاراوە: je pense donc je suis هاوتا لاتینییەکەی cogito ergo sum، سەرەڕای ئەوە، بوو بە شتێکی دنیاداگر، چونکە دیکارت دواتر بە لاتینی کەڵکی لێوەرگرت هەم لە بنەماکانی فەلسەفەدا و هەم لە نوسخە لاتینییەکەی گوتارێک لە سەر میتۆد دا. کێشەی بیر دەکەمەوە، یەکەمین کێشەی مۆدێرنی فەلسەفییە لە سەر هەبوونی گومان هەڵنەگری سووژە کە منی ڕستەکەیە. ئەگەرچی سووژە subject هەم لە ئینگلیزی و هەم sujet لە فەرەنسیدا دەگەڕێتەوە سەر هەمان کارکردی ڕێزمانی من کە لەو گوزارەیەی سەرەوەدا ئاماژەی پێدرا، زاراوەکە لە کەسێکەوە وەرگیراوە کە بە هۆی زەینی بیرکەرەوەیەوە، بە سەر ئەو گومانانەیدا زاڵ دەبێ کە پێوەندییان بە هەموو شتێکەوە هەیە. کە وابوو چارەسەرکردنی یەکەمین گومان بۆ سووژەی دیکارتی هەبوونی خۆیەتی. ئەم بارودۆخەی دڵنیابوون، بەپێی ڕوانینی دیکارت، دەبێ لەگەڵ چەند پرسیارێکی فەلسەفیدا بەرەنگار بێتەوە. کە وایە بێ گومانی، یان دڵنیایی وەکو تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سووژەی دیکارتی دادەنرێ.

پێداگری دیکارت لە سەر گەیشتن بە دۆخی دڵنیایی لە فەلسەفەی سروشتیدا بەڕادەیەکی زۆر کاری کردە سەر پێشکەوتنی زانستی سەردەمی مۆدێرن. مەبەستی دیکارت، هەروا کە لە گوتارێک لە سەر میتۆد دا ئاماژەی پێدرا، ئەوە بوو کە لە گومان هەڵنەگری زانستی بیرکاری کەڵک وەربگرێ کە لە بەستێنەکانی دیکەی خوێندنەوەدا زۆری خۆ پێوە ماندوو کردبوو بەو بۆنەوە کە هانیان بدا و ڕایان پەڕێنی:

بە بۆنەی گومان هەڵنەگری و چەسپاوبوونی بەڵگاندنی ماتماتیکەوە، زۆری بەخولیاوە بووم؛ بەڵام هێشتا کەڵکی ڕاستەقینەی نەبینرابوو. بە هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە تەنیا لە بەکارگرتنی زانستی ماتماتیکەوەیە شتەکان دەچەسپێن، لەوەیدا مابوومەوە کە شتێکی دیکەم بە بنیادێکی پتەو و جێ متمانەوە بۆ هان نەدەدرا. (٢٧)

بەو جۆرەی کە دواتر لە هەمان بەشدا لەگەڵ سەردەمی کۆندا بەراوردی دەکات، ڕوون و ئاشکرایە کە لێرەدا دیکارت تیشک دەخاتە سەر پێویستی پێشکەوتنی زانستی لە سەردەمی خۆیدا. تایبەتمەندی فەلسەفەی دیکارت لە پێوەندییەکی نزیکدایە لەگەڵ لۆژیک و بیرکاری دیکارتیدا. پێوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوان فەلسەفە و زانستدا ڕێگەی بۆ فەلسەفەی دیکارتی خۆش کرد کە بە پێشکەوتنی زانستی سەردەمی مۆدێرنەوە خۆماندوو بکات. کەوابوو دەتوانین دان بەوەدا بنێین کە دیکارت هەوڵی دا تەنانەت ئەو گومانانەی کە لە زانستە سروشتییەکاندا هەن، بەپێی ئەو میتۆدەی کە لە زانستە ماتماتیکییەکاندا بە ڕاستی دەگات چارەسەر بکات بەو چەشنەی کە ئانتونی کێنی لە دیکارت، خوێندنەوەیەکی فەلسەفەکەیدا (١٩٩٣) دەنووسێ:

تا ئەم کاتە، گەڕان بە دوای میتۆدی گوماندا بەو ئاکامەمان دەگەیەنێ کە زانستە سروشتییەکان گوماناوین، لە کاتێکدا کە زانستە ماتماتیکییەکان لە خۆگری توخمی دڵنیایی و گومان لێنەکراوین. بۆ نموونە ئەستێرەناسی و پزیشکی دەگەڵ شتە چەند توخمییەکاندا سەروکاریان هەیە، ئەمە لە کاتێکدایە کە بیرکاری و ئەندازە لەگەڵ ئەو شتانەدا سەروکاریان هەیە کە یان زۆر ساکارن، یان شتێکی گشتین بەبێ بایەخدان بەوەی کە ئەم شتانە لە سروشتدا هەن، یان نا. (٢٨)

لە لایەکی دیکەوە، دەبێ بڵێین دیکارت ئەوەندە دڵنیا بوو لە ڕاستی بیرۆکە فەلسەفییەکەی کە کێشەی بیرکردنەوەکەی لە ژێر کاریگەری لۆژیکی کلاسیکدا لە بەرچاو نەدەگرت. بە واتایەکی دیکە، پێی وابوو کە کێشەی بیرکردنەوەکەی بابەتێکی هەستپێکراوی زگماکییە و لەو دوو زانستە بناغەییەوە سەرچاوەی نەگرتووە، ئەو بابەتەی کە لە لۆژیکی لێکدانەوەی پێوانەیی سکۆلاستیسیزمدا بەدی دەکرێ. بەو جۆرەی ئییان مەکلین لە 'پێشەکی' بۆ گوتارێک لە سەر میتۆدی دیکارتدا ئاماژەی پێداوە، یەکێک لە نموونە ئاشناکانی لۆژێکی لێکدانەوەی پێوانەیی ئەمەیە:

ئەو شتەی دەست و پەنجەی گەورەی هەبێ زۆرداره

(سەرجەم B ، Aیە)
شـــێـــــرەکـــان هەمــــوو دەست و پەنجــــەیان گەورەیە (سەرجەم C ، Bیە)
---
شـێـرەکـان هەمـوو زۆردارن (سـەرجـەم C ، Aیە)

بە پێی ئەم لۆژیکی لێکدانەوە پێـوانەییـەی سـەرەوە، کێشەی بیرکردنەوە ڕەنگە بەم چەشنە هاتبێتە ئاراوە:

ئەو شتەی بیر دەکاتەوە هەیە
بیردەکەمەوە
---
کە وابوو بوونم هەیە

بە وەرگـرتنی ئەم گـوزارەیەی سـەرەوە، دیکارت نەهاتە سـەر ئەو باوەڕەی کـە گـوزارەکـەی لە لۆژیکێکی ئەوتۆوە سـەرچاوەی گـرتووە، کـە لە فـەلسـەفـەی سکۆلاسـتـیکدا پێـڕەوی دەکـرا. بە پێـچـەوانەوە گـوتی گـوزارەی بیـر دەکەمەوە کە وابوو بوونم هەیە ئەوەندە دیار و دەرکەوتەیە کـە پێویسـتی بە لـۆژیکێکی ئەوتـۆ لە پشـتـیـیەوە ناکـا. ئەمـە، لە هەر ڕووەوە، نموونەیەکی ڕوونکەرەوەی باوەڕی پتـەوی دیکارتە بە پرسی بیـرکـردنەوەکـەی و هەروەها ڕاسـتی حـەشـاردراوی پشت ئەم پرسـە لە ڕوانگەی خـۆیەوە. لە لایەکی دیکەوە، سـوودی دیکارتی بە بیرکردنەوەیەکی ئەقلانی گومانەکان چارەسەر دەکا و بە دۆخێکی یەک لاکەرەوەیان دەگەیەنێ. دیکارت یەکێک لەو فەیلەسووفە مۆدێرنانە بوو کە قـامکی خسـتـە سەر لێـهـاتوویی ئەقـلانی زەینی مـرۆڤ. هەر چەندە بە چەشنێکی تەوسـاوی لە سـەرەتای گـوتارێک لە سـەر میـتۆددا ئەمـەی دەربڕی کە هەر کـەسێ بیردەکـاتەوە ئەو شتـەی هەیە کە وریایی پێـدەڵێن و هاوتاکـەی دەبێـتـە ئەقڵ:

وریایی یەکسـانتـرین شـتی دابەشکراوە لە جیـهـاندا؛ بۆیە هەمـــوان باوەڕیان بەوە هەیە کـــە چاک خـــۆیان لەگـەڵیـدا ڕێک خــســتــووە، تەنانەت ئەوانەش کــە سەختترین دۆخیان بۆ دڵخۆش بوون بە هەر چەشنێکی دیکە هەیە زۆرتر لەوەیان ناوێ کە ئێستە هەیانە، نەک ئەوەی کـە ڕەنگە هەمـوو سـەبارەت بەمـە هەڵە دەکـەن، بەڵکو، ئەو شـتەی کە دەکەوێتـە ڕوو وزەی بڕیاردانە بە چەشنێکی دروست و جیـاکـردنەوەی ڕاسـتی لە ناڕاسـتی (ئەوەیە کـــە ڕەنگە بە ئەقـڵ ناودێر بکرێ) کـــە بە چەشنێکی سروشتی لە هەموو ئینسانەکاندا وەکو یەک وایە. (٢٩)

بەم پێـیـە، پرسـیـاری هەبوون، یان نەبوونی ئەقـڵ لە مرۆڤدا بۆ دیکارت تەنیا بەو بۆنەوە کە وەکو دۆخێک کە هەمووان هەیانە و باوەڕیان پێیە گرنگ نییە. پرسیاری ڕاسـتـەقـینە کـە دواتر لە هەمـان بەرهەمـدا لە لایەن دیکارتەوە ئاراستە کرا، ئەوەیە کە دەبێ کەس ئاگای لەوە هەبێ کـە چلۆن خـۆی پەروەردە دەکـا و چلۆن زەینی بەکـار دەگـــرێ. بۆ شـــوێن گـــرتنی ئەم ڕێگەیە، دیکارت لە گـوتارێک لەسـەر مـیـتـۆد دا کـە دەکرێ وەکو ژیاننامـەی ڕۆشنبـیـرانە پۆلێنکاری بکرێ بە ئاکـامی ئەو داهێنانە دەگات کە ئێمە بە سووژەی دیکارتی ناوزەدی دەکەین. بە واتایەکی دیکە، بۆ گەیشتن بە ڕاستی دەبێ ئەقڵی مرۆڤ لێهـاتوو، ڕەخنەگر و سەرکەوتوو بێ. ئەمە ئەو هۆکارەیە کـە دەکـرێ بە وزەی دادوەری بە چەشنێکی وردبینانە و هەڵاواردنی ڕاسـتی لە ناڕاسـتی ناوزەد بکرێ. لە لاپەڕە دواییەکانی ئەم بەرهەمە ئاماژە پێدراوەیدا، کێشەکەی لە ســـەر هەڵاواردنی وزەی ئەقـــڵـــمـــانە، نەک هەست و ئەندێشەمان:

هەر لەم ڕووەوەیە کە ئێمە بە خەبەر بین، یان نووستوو، قەت نابێ پێمل بە شتێک بین، مەگەر بە پێی ئەقڵمان. دەبێ سەرنجی ئەم بابەتە بدرێ کە دەڵێم ئەقـڵمـان نەک ئەندێشـە، یان هەستـمان، بۆیە ئەقڵ پێمل بەوەمان ناکا ئەوەی بەم شێـوەیە دەیبینین، یان وێنای دەکـەین ڕاستـە، بەڵام ئەوەمـان پێ دەسـەلمێنێ کە دەبێ بیـروباوەڕمـان لە ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتبێ. (٣٠)

کەوا بوو، ئەقـلانی بوون لە دادوەریدا تایبەتمەندییەکی گرنگی دیکەی سووژەی دیکارتییە. کەڵک وەرگرتنی بە لێـشـاوی دیکارت لە وشـەی ئەقڵ و جـەخـتی لە سـەر دەوری ئەقــلانیـــیــەت لە بەدی هێنانی چوارچێـوەیەکی فیکری لە ئاستێکی باڵادا کاری کردە سەر سەرهەڵدانی ئەقڵخوازی لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەمدا. سووژەی دیکارتی، بەم پێیە، پێش هەمـوو شتێک سووژەیەکە کە بە چەشنێکی سروشتی لەگەڵ ئەقلانییەت و دڵنیاییدا

دێتەوە.

**سووژەی دیکارتی: سووژەیەکی بە ئۆبژەکراو**

مەبەستم لە سووژەی دیکارتی نەک هەر ئەو سووژەیەیە کە لە فەلسەفەی دیکارتدا هاتە ئاراوە، بەڵکو هەروەتر ئەو سووژە مۆدێرنەشە کە بە چەشنێکی تایبەتمەند لە ڕوانگەدا دیکارتییە: سووژەیەکی دژەگومان و مرۆڤی لە ڕاستی گەڕاو کە لە هەوڵی ئەوەیدا بوو هەموو بابەت و دیاردەیەک بە وزەی زەینی بیرکەرەوە فام بکات. دیکارت، لە سەرتاسەری پیشەی فەلسەفیدا پێی لە سەر دەوری گرنگی زەینی ئەقلانی لەگەیشتن بە ڕاستیدا پێ داگرت؛ کەوابوو سووژەی دیکارتی بە چەشنێکی سروشتی لەگەڵ تایبەتمەندی زەینێکی ڕاستەوخۆدا ڕێک کەوتووە. مەبەستی دیکارت لە زەین، زەینی بیرکەرەوە بوو کە دواتر لە سەدەی هەژدەدا بە گشتی بە ئەقڵییەت ئاماژەی پێدەدرا. هەروا کە بەو هەڵبژاردە وەرگیراوانەی سەرەوە لە بەرهەمەکانیدا دەبینرێ، دیکارت پێی وایە کە بۆی هەیە زەینی ئێمە بڕەجارێک لە فامکردنی دنیای دەرەوەدا بە هەڵەماندا بەرێ. بۆ نموونە ئەم باسەی هێنایە گۆڕێ کە ئێمە لەو کاتەیدا کە نووستووین، ئەو ئەقڵەی کە شتەکان لێک جیا دەکاتەوە نیمانە، جگە لەوە لە درێژەی ئەم باسەدا گوتی کە زەینی ڕاست بیرکەرەوە لە هەستەکانماندا بەدی ناکرێ.

زەین لە فەلسەفەی دیکارتیدا وشەیەکی فرەپاتە. هەروەها زاراوەیەکی جیاوازیشە. بە واتایەکی دیکە، لە کاتێکدا کە هەردەم گرنگی زەینی بیرکەرەوە لە بەرهەمەکانی دیکارتدا دووپات دەبێتەوە، وادەنوێنی کە بۆ هاوسەنگی زەین کە جەستەیە دەڕوانێ. کەوابوو دووفاقەیی (زەین- جەستە) یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی فەلسەفەی دیکارتییە. لە ئەنجامدا، سووژەی دیکارتی سووژەی زەینی ڕاستەوخۆیە کە گوایە چاوپۆشی لە جەستە دەکا. سووژەی دیکارتی پێداگرانە پشت بە وزەی زەینی بیرکەرەوە دەبەستێ و بەبێ هیچ گومانێک بەرپەرچی گومانخوازان دەداتەوە.

خاڵی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە متمانەی سووژەی دیکارتی بە زەینی بیرکەرەوە و ئاوەزمەند بە جۆرێک بوو کە دیکارت بە یارمەتی زەینی ئەقلانی بە هەموو لایەنەکانی زەینیدا خواربووەوە. دیکارت ئەوەندە بە پێویستی و ڕاستی ئاوا نەریتێک دڵنیا بوو کە زەینی مرۆڤی بە شتی بیرکەرەوە نێودێر کرد:

لە ئێستادا، شتێکی دیکە وەرناگرم جگە لەو شتەی کە بە ڕاستی پێویستە. بەس لەو باوەڕە دام، من تەنیا شتێکم کە بیر دەکاتەوە؛ واتە، من زەینێکم، یان ئاوەزێکم، یان فامێکم، یان ئەقڵێکم ئەو وشانەی کە تا بە ئێستە لێیان بێ خەبەر بوومە. بەڵام سەرەڕای ئەمانە، من شتێکم ڕاستەقینە کە بە ڕاستی بوونم هەیە. بەڵام چ جۆرە شتێک؟ هەروا کە گوتم ، شتێکی بیرکەرەوە. (٣١)

لە بەرچاوگرتنی زەین وەکو شتێکی بیرکەرەوە بۆ دیکارت، دەکرێ وەکو میتۆدی ئەو بۆ هێنانە ئارای بۆچوونی بە ئۆبژە کردنی زەین تەئویل بکرێ. مەبەستم لەم دەستەواژەیە خستنە ڕووی دوو ڕوانگەی بەڕواڵەت جیاوازە لە سەر زەین: یەکەم، زەین لێرەدا وەکو شتێک لە بەرچاو دەگیرێ، «شتێک» نەک بابەتی لێکۆڵینەوە. بۆیە دەبێ بڵێم زەین شتێکە بۆ بینین، شتێک لە خۆیدا. ئەنجامی خێرای ڕوانگەیەکی لەم چەشنە بەرهەستکردن و ئۆبژەکردنی زەینە. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەو جۆرەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، سووژە لە فەلسەفەی دیکارتیدا شتێک نییە جگە لە زەین، ئاوەز، فام، یان ئەقڵ. لە ئاکامدا، بە ئۆبژەکردنی زەین لە ڕاستیدا، واتە بە ئۆبژەکردنی سووژە. کەوا بوو سووژە لە فەلسەفەی دیکارتیدا بە ئۆبژە دەکرێت. دووەم، لە بەرچاوگرتنی زەین و بە ئۆبژەکردنی دەکرێ وەکو بابەتێک بۆ لێکۆڵینەوە تەئویل بکرێ، شتێک کە مرۆ دەیەویست بیدۆزێتەوە و لە ئاکامدا دەستی بە سەردا بگرێ. بەم پێیە، سووژەی بە ئۆبژەکراو، واتە ئەو سووژەیەی کە بە زەینی ئەقلانی خۆی بابەتی کراوە. بۆیە دەبێ بڵێم کە سووژەی بیرکەرەوە و ئەقلانی دیکارت نەک هەر جەستەی کۆنترۆڵ دەکا، بەڵکو زەینیشی بەم چەشنە، زەین وەکو شتەکانی دیکەی دەوروبەرمان لە فەلسەفەی دیکارتیدا دەبێتە بابەتی لێکۆڵینەوە. لە دوا لاپەڕەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا کاریگەری ڕوانگەیەکی ئەوتۆ لە سەر سووژە دەکەوێتە بەر نرخاندن.

لە لایەکی دیکەوە، دەبێ ئاماژە بەوەش بدرێ کە بیروبۆچوونی من لە سەر زەینی بە ئۆبژەکراوی سووژەی دیکارتی کە لەم شیکارییەی بەردەستدا هاتە نرخاندن،

جیاوازە لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوانەی کە تا ئێستا لە سەر بیروبۆچوونی بابەتێتی لە فەلسەفەی دیکارتدا هاتۆتە ئاراوە. بۆ نموونە، هیرمەن کاتن، لە ئاخێزگەی بابەتێتی، وتارێک لە سەر دیکارت (١٩٧٣)، بە پێی تیۆری دیکارت بە سەر چەمکی بابەتێتی فەلسەفەی دیکارتیدا لە سەر هەست ورد بووەتەوە. بە پەرژاندن و چوونە سەر جیاوازی تیۆری ئەرەستۆ و دیکارت لە سەر ڕوانین، کاتێ ئاماژە بۆ هەوڵەکانی دیکارت لە سەر لەبەرچاوگرتنی زەین وەکو ماشین دەکا، ئەو پێی وایە کە دیکارت لە ئاکامدا بە تیۆرێکی میکانیکی لە سەر هەست دەگا و تیۆرییەکەی لە سەر بینین بە گەلێک دۆزینەوەی بەرچاوی دەگەیەنێ کە هەمووی لە بیناییزانی فەلسەفەی هاوچەرخدا دەبێتە پێوەر. (٣٢)

بە پێیدا چوونەوەیەکی ئەو شیکارییەی سەرەوە، بەو ئاکامە دەگەین کە مەعریفەی دیکارت لە سەر فەلسەفەی سروشتی لە لایەکەوە و باوەڕی بە بناغەی پتەوی ماتماتیک لە لایەکی دیکەوە بە چەشنێکی حاشا هەڵنەگر لە ڕوانگەی ئەودا لە سەر مرۆڤ ڕەنگی دابووەوە. بە پێی ئەو وتە گێڕدراوانەی سەرەوە، پێشکەوتنی زانست، ئەو جۆرەی کە دیکارت ناوزەدی کرد، پرۆسەیەک بوو هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆدا. دەبێ بنەماکانی پرۆسەی پێشکەوتنی زانستی لە پرۆسەی پێشکەوتنی مرۆشدا پێڕەوی بکرێ. دیکارت تێکۆشا کە کۆمەڵێک یاسای نوێ بۆ پێشکەوتنی زانست و سەرهەڵدانی سووژەیەکی نوێ دابمەزرێنێ. کۆمەڵێک یاسا بۆ ڕێنوێنی زەینی لە ساڵی (١٦٢٨)دا بە مەبەستی ڕێنوێنی زەینی مرۆڤ نووسی؛ دەرئەنجامی ئەم بیرۆکەیە کە لە لایەن دیکارتەوە لەم کتێبە و لە گوتارێک لە سەر میتۆدیشدا ئاماژەی پێدراوە، سەر هەڵدانی سووژەی دیکارتی بوو.

سووژەی دیکارتی بەو بۆنەوە کە گومانەکانی چارەسەر بکا و بە ڕاستی بگات، پێداویستی دۆخێکی گومان هەڵنەگرە. لە ماتماتیکیشدا گومان هەڵنەگری یاسایەکی بنەڕەتییە کە بنەمایەک بۆ گەشانەوەکانی دیکە دەستەبەر دەکات. ئەم بنەمایە کە هەم لە ماتماتیک و هەم لە چەمکی مرۆڤی دیکارتدا پێڕەوی کرا سووژەی دیکارتی لەگەڵ تایبەتمەندی ناوەندیدا ڕێک دەخا. تێبینی ناوەندێتی سووژەی دیکارتی بە دوو شێوە تەئویل دەکرێ: یەکەم، زەینی ئەقڵانی ناوەندی سووژەی دیکارتییە و دووەم، سووژەی دیکارتی مەیلێکی ناوەند خوازی لە بیرۆکەکانیدا هەیە. لە هەر ڕووەوە، هەردووکیان هەروەها دەتوانن لە بەستێنی نزیکایەتی لەگەڵ مرۆڤخوازیدا ببینرێن کە بە پێی ئەوان مرۆڤ بوو بە ناوەند.

لە لایەکی دیکەوە سووژەی دیکارتی خاوەن زەینێکی ئەقڵانییە بۆ بیرکردنەوە، هەڵسوکەوت و گەیشتن بە ڕاستی. هەروا کە بە ڕوونی لەم سێ بەرهەمەدا گوتارێک لەسەر میتۆد و تەکووزی یاساکان و کۆمەڵێک یاسا بۆ ڕێنوێنی زەیندا دەبینرێ، وا دادەنرێ کە سووژەی دیکارتی بۆ بەدەستهێنانی ڕاستی فەلسەفی، یان زانستی بەرەو جیاوازییەک لە تەکووزی یاسادا دەڕوا. (٣٣)

لە ئاکامی ئەم بەشەدا، دەبێ بڵێم کە تایبەتمەندی گرنگی سووژەی دیکارتی پێشاندەری هەوڵەکانی دیکارتە لە ڕەتکردنەوەی زەینییەتی چاخەکانی ناڤین کە لە ئاکامدا بووە هۆی سەرهەڵدانی سووژەی دیکارتی. سووژەی دیکارتی، وەکو سووژەیەک دانرا کە پشت بە بنەما ماتماتیکییەکان دەبەستێ و پێڕەوی دەکا کە لەخۆگری گومان هەڵنەگری، ئەقڵانییەت و تەکووزییە. سووژەی دیکارتی، سووژەیەکی ئۆبژەکراوە کە نەک هەر شتی بیرکەرەوەی تێدا لە بەرچاوگیراوە، بەڵکو هەم ڕاهێنرا و هەم پێڕەوی ئەو بنەمایانەی کرد.

### کاریگەرییەکانی سووژەی دیکارتی

شەقبردوویی جەستە/زەین لە سووژەی دیکارتیدا ڕێگە خۆشکەری سەرهەڵدانی دووانە لێکدژەکان بوو کە دەورێکی گرنگیان لە ئاراستەی ئەندێشەی مرۆڤ لە سەردەمی مۆدێرندا گێڕا. شەقبردوویی زەین/بابەتی سووژەی دیکارتی یەکەمین دەرئەنجامەکانی دووفاقێتی جەستە و زەینی نوێ بوو. هەرچەند ئەوەندە جەخت لە سەر ئەم پرۆسە شەقبردووەی زەین/بابەت کرایەوە کە بووە هۆی ئەوەی سووژە بە زەینی ئەقڵانی خۆی، بابەتی خۆی بکاتەوە.

دووفاقێتی جەستە و زەین لەوەیدا کاریگەر بوو کە لە ئاکامدا بووە هۆی پێکهێنانی پێوەندییەکی نوێ لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا. کێشەی کاتینگهام ئەمەیە کە ئاکامی جیاوازی ماددە و زەینی دووفاقە گەیشت بە لە خۆنامۆیی

دووپارچەی مرۆڤ لە دنیای سروشتیدا.(٣٤) کەوابوو، سروشت لە ئاکامی ئەو لە خۆنامۆبییەدا دەکەوتە بەر گۆڕانکاری.

لەبەرچاوگرتنی مرۆڤ وەکو سووژە و سروشت وەکو بابەتی لێکۆڵینەوە بۆ زەینی ئەقڵانی مرۆڤ، بووە هۆی دابڕانی تەواوەتی سروشت کە دواتر وەکو زاڵبوونی مرۆڤ بە سەر سروشتدا هاتە ئاراوە. بە پێی گوزارەی دیکارت لە دوایین بەشی گوتارێک لە سەر میتۆد، مرۆڤ بە گەورە و خاوەنی سروشت لە بەرچاوگیردراوە:

دەکرێ ببین بە خاوەنی زانستێک کە بۆ ژیان بە کەڵک بێ، دەکرێ ببێ بە هەستێک کە بە هۆی ئەوەوە هێز و وزەی ئاور، ئاو، هەوا، ئەستێرەکان، بەیەشتەکان و هەموو ئەو شتانەی کە بە دەوروبەرمانەوەن بناسین بەو چەشنەی کە پیشە جیاجیاکانی پیشەگەرەکەمان ناس دەکەین و دەتوانین لە هەموو بوارێکدا کەڵکیان لێوەربگرین کە بەو بۆنەوە لێیان کۆڵراوەتەوە، کەوابوو دەبینە گەورە و خاوەنی سروشت. (٣٥)

ئەو پێوەندییەی سەرەوە لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا کە پێشتر بە پێی ڕوانینی ناوەندگەرێتی مرۆ لەم لێکۆڵینەوەدا خرایە بەرباس، بووە هۆی سەر هەڵدانی گرووپێک لە لێکدژە دووانییەکان لە فەلسەفە، ئەدەبیات، هونەر و تەنانەت سیاسەتدا. تایبەتمەندییەکانی سووژەی دیکارتی پێکهێنەری بەشی ناوەندی ئەم لێکدژە دووانانە بوو. بە واتایەکی دیکە، دەستەواژەی خودی ئەقڵانی مرۆڤی بیرکەرەوە کە بە پێی ئەم شیکارییە، تایبەتمەندییە گرنگەکانی سووژەی دیکارتی بە کورتی بە دەستەوە دەدات، ئەم لێکدژە دووانانەی بە شوێن یەکدا هێنایە ئاراوە: ئەقڵ/هەست، خود/ئەوی دی، بیرکردنەوە/خەیاڵاوی بوون و پیاو/ژن.

ئەگەر چاوێک بە سەر مێژووی مۆدێرنیتەدا بخشێنین، لە پێشدا هاتن و گرنگتربوونی بەشی یەکەمی لێکدژە دووانەکانی سەرەوە لە چاو بەشی دووەمەوە، لە زۆربەی قۆناغەکانی مۆدێرنیتەدا خراوەتە ڕوو. هەر چەند، بڕێک پاش و پێشی نائاسایی لە ئارادایە. بۆ نموونە، هەروا کە دواتریش دەبینین، لێکدژی دووانەی ئەقڵ/هەست کەوتە پاشی ئەدەبی ڕۆمانتیک، یان بۆ ئەوەی نموونەی ئاشناتر بە دەستەوە بدەین، دەکرێ ئاماژە بدرێتە سەر لێکدژی دووانەی پیاو/ژن-دا کە تا بە ئێستە لە لایەن بەرهەمە فێمینیستییەکانی ئێستا و ڕابردووەوە بەرپەرچ دراوەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، تێگەیینی دیکارت لە مرۆڤ کە سووژەی دیکارتییە بە ڕادەیەکی زۆر کاریگەر بوو لە پێشکەوتنی زانستدا. هەروا کە پێشتر کەوتە بەرباس، بۆچوونی لەمەڕ گەشەکردنی زانستدا هاوتەریب بوو لەگەڵ گەشەسەندنی مرۆدا. ڕاڤەی ئەو لە زۆربەی بەستێنە زانستییەکان بە پێی بەکارگرتنی ماتماتیک، بە زۆری بە ماتماتیکی دیکارتی دەناسرا، کە تێیدا میتۆدێکی لۆژیکی بۆ گەیشتن بە ڕاستی ڕەچاوکرا.

تیۆری زەینی دیکارت تەنانەت لە سەر مرۆڤخوازیش کاریگەر بوو. تایبەتمەندی دژە عاتیفی ئەدەبی کلاسیکی فەرەنسی سەدەی حەڤدەم و تیۆری ئەدەبی نیۆکلاسیکی ئینگلیزی سەدەی نۆزدەم هاوتەریب بوو لەگەڵ متمانەی سووژەی دیکارتی بە ئەقڵییەت و پشت کردنی خێرای لە عاتیفە. جگە لەمانەش، فەلسەفەی دیکارتی تەنانەت کاری کردە سەر زمانناسی. نوام چامسکی بە شیکردنەوەی کاریگەری فەلسەفەی ئەقڵخوازی لە زمانناسی دیکارت دا (١٩٦٦)، دەنووسێ:

پێم وایە گەشەکردنی بەبرست و بەهرەدارانەی بۆچوون و دەرئەنجامەکانی لەسەر سروشتی زمان لە پێوەندی لەگەڵ تیۆرییەکی دیاریکراو لە سەر زەیندایە و دەکرێ ئەم گەشەکردنەش وەکو دەرئەنجامی ڕاپەڕینی دیکارت لە بەرچاو بگیرێ. (٣٦)

بۆ بە دەستەوەدانی دەرئەنجامی ئەم بەشە، دەبێ بڵێم کە ئایدیای سووژەی دیکارتی ئەوەندە بە سەر مۆدێرنیتەدا کاریگەر بوو کە دەکرێ بیر لەم گوزارەیە بکرێتەوە کە هەموو تایبەتمەندییە گرنگەکانی سووژەی دیکارتی ئەوانەن کە بە زۆری لە کاتی ئاخافتن لە سەر بنەماکانی مۆدێرنیتە ناویان دەبەین. کەوابوو، سووژەی دیکارتی کاری کردە سەر تیشکی مۆدێرنیتە لە سەر ناوەندگەرێتی، ئەقڵخوازی، لۆژیکاڵێتی، تەکووزی، گەشەی زانستی و زاڵێتی سروشت. کاریگەری ڕوانگەی دیکارت لە سەر مرۆڤ لە سەدەی هەژدەمدا دەرکەوت و کاری کردە سەر هاتنە ئارای سەردەمی ڕۆشنگەری کە وەکو نموونەیەکی تایبەت بۆ ڕوونکردنەوەی مۆدێرنیتە لە بەرچاو دەگیرێ. هەروا کە پیتێر سکۆلا لە دیکارت و سەردەمی ڕوشنگەریدا ئاوڕی لێداوەتەوە، هەندێ

چەمکی دیکارتی وەکو ئازادی، شارەزایی و پێشکەوتن لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا گەیشتنە تەشقی خۆیان. (٣٧)

**پەراوێز و سەرچاوە:**

**25- See Ian Maclean?s ?introduction? to Rene Descartes, A discourse on the Method, trans. Ian Maclean, Oxford University Press, 2006, p. vii.**
**26-Rene Descartes, A Discourse on the Method, p. 28.**
**٢٧- هەمان سەرچاوە، ل٩.**
**28- Anthony Kenny, Descartes: A Study of His Philosophy, Bristol: Thoemmes Press, 1993, p. 16.**
**29- Rene Descartes, A Discourse on the Method, p. 5.**
**٣٠- هەمان سەرەچاو، ل٣٤.**
**31- Rene Descartes, Meditations on First Philosophy, p. 18.**
**32- See Hiram Caton, The Origin of Subjectivity: An Essay on Descartes, New Haven: Yale University Press, 1973, pp. 82-5.**
**٣٣- داڕشتنی نەزمێک دوور لە ئاژاوە تایبەتمەندییەکی سەرەکی سووژەی دیکارتییە. هەرچەند بڕێک لێکۆڵینەوە وەکو وێنەی دنیای ئێلیزابێتی ئی. ئێم. دەبلیو. تەیلۆر دەڵێ کە نەزمێک لە ڕێنیسانسدا هەیە، بۆچوونێک کە دواتر لە لایەن لایەنگرانی ماتریالیزمی فەرهەنگییەوە لە شکسپیری سیاسی، وتارگەلێک لە ماتریالیزمی فەرهەنگیدا خرایە بەر ڕەخنە. پێداچوونەوەی جاناتان دولیمۆر و ئالان سینفیلد، چاپی دووەم، مەنچێستێر: بڵاوگەی زانکۆ مەنچێستێر، ١٩٩٦. ئەگەرچی هەر دوو کتێبەکە لە سەر ئەدەبیاتی ئینگلیزی دەورەی ڕێنێسانس نووسراون، دەتوانین وای دابنێین کە دۆخەکە لەم شیکارییەی سووژەی دیکارتیدا هەر هەمانە. بە واتایەکی دیکە، فەلسەفەی دیکارت لە تەکووزییەوە بە چەشنێکی سەری هەڵنەدا، بەڵکو دەیویست تەکووزی بخوڵقێنێ.**
**34- John Cottingham, Philosophy and the Good Life, Cambridge: Cambridge University Press, 1998, p. 73.**
**35- Rene Descartes,  A Discourse on the Method, p. 51.**
**36- Noam Chomsky, Cartesian Linguistics: A Chapter in the History of Rationalist Thought, New York: Harper and Row, 1966, p. 3.**
**37- Peter A. Schouls, Descartes and the Enlightenment, Edinburgh: Edinburgh University Press, 1989, p. 99.**

# تەكنیک لە ڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەک

عەبدوڵڵا ڕەحمان

**(١ - ٢)**

## پێشەکی

دوانامەی دێوەرەیەک، ڕۆمانێکی ڕۆماننووس (سەلاح عومەر)ە، لە دووتۆیی (٩٦) لاپەڕە، بە قەبارەی مامناوەندی وەکو بڵاوکراوەکانی مانگنامەی بەدرخان ژمارە (٥) لە سلێمانی ساڵی (٢٠٠٥) چاپ و بڵاوکراوەتەوە و دواتر لەگەڵ ڕۆمانەکانی دیکەیدا وەکو کۆبەرهەمێک لە بەرگێکدا بەناوونیشانی (جەنگ) کە لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ژمارە (٧٤٢) لە هەولێر ساڵی ٢٠٠٨ چاپ و بڵاوکراوەتەوە و ڕۆمانەکە وەکو چوارەم بەرهەمی هاتووە و لاپەڕە (٢٩٣-٤٠٣)ی بۆ تەرخان کراوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵمانداوە تیشک بخەینە سەر تەکنیکەکانی گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانە، هەروەها باس لە بەکارهێنانی ئەفسانەو فۆلکلۆر و سروشت وەکو چەند ڕەگەزێکی ئەم ڕۆمانە بکەین.

## دەروازە

ڕۆمانەکە لە (١١) چاپتەر پێکدێت، کە هەر چاپتەرێک ژمارەیەکی دیاریکراوی خۆی لەسەرە و لە (١-١١) بەشەکان لەیەکدی جوداکراونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە چاپتەرەکانی (٨، ٤) دا بەهۆی دانانی سێ ئەستێرەی بەدوای یەک ( * * *) چەند بەشێکی دیکە لەنێو ئەو چاپتەرانەدا جودا کراونەتەوە.

ڕووداو و چیرۆکی ڕۆمانەکە بریتییە لە کۆچکردنی گەنجێک بۆ هەندەران و دواتر مردن و شوێن بزربوونی لەنێو بەفردا، واتە تەوزیفکردنی کارەساتێکی سەردەمییانەی کۆمەڵگەی کوردییە لەنێو ڕۆماندا. کۆچکردن بەرەو ئەورووپا لەدوای ڕاپەڕینەوە بووەتە خولیاو ئاواتی زۆربەی هەرە زۆری چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی، وشەی (خاریج) ئەو وشە سیحراوی و جوان و ڕازاوەیە یە کە لەگەڵ داهاتن و دروستبوونی لەدوای ڕاپەڕینەوە، جێی پێی بە وشەگەلێکی زۆر لێژکردو سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. مرۆڤی کورد بۆ گەیشتن بەو بەهەشتە سەرابییە، نەک هەر ماڵ و موڵکی بۆ کردە قوربانی، بەڵکو ئامادەیی ئەوەشی تێدا بوو کە سەرکێشی بە ژیان و ڕوحی خۆشی بکات. جێی باسە تا ئەو ساتەش خولیا و گەیشتن بە ئەورووپا و جێهێشتنی وڵات تەواوی بیرکردنەوەی گەنجانی داگیرکردووە.

دیارە لەدوای ڕاپەڕینەوە تا ئێستا هەموومان گوێمان لە چیرۆکێک، یان زیاتری ئەو کەسانە بووە کە لەسەر سنوورەکان لەنێو بەفردا ڕەقبوونەتەوە، یان لەناو دەریای ئیجەدا بوونەتە خۆراکی ماسییەکان. ڕەنگە هەندێکمان بەشداریشمان لە پرسەکانیاندا کردبێت. وەلێ ئایا کێ دەزانێت هەریەک لەم کەسانە بە چ خولیا و ئارەزوویەک ڕوویان لە هەندەران کردووە؟ چ خەم و ئازارێکیان لەگەڵ خۆیاندا بردۆتە ژێر گڵ؟ دوا ساتەکانی ژیانیان چۆن بووە و هزر و بیرکردنەوەیان چی بووە؟ دەبێ بیریان لە چی کردبێتەوە و چۆن چۆنی ئەو گەشتەی کردووە و چەند شار و وڵاتی بڕیوە؟ لەناخی خۆیدا چۆن چرکەساتەکانی ژیانی بردۆتە سەر و لەگەڵ بارودۆخی گەشتەکەیدا چۆنی گوزەراندووە؟ جەوهەری کاری ڕۆمانی (دوانامەی



سلاح عومەر

دیوەرەیەک) باسکردن و کەشفکردنی ئەو حەز و خولیا و ئارەزووانەی کەسەکانی ئەو گەشتانەیە و گێرانەوەی دواساتەکانی مردن لەسەر سنوورەکان و دەرخستنی ناخی ئەوانەیە کە وڵات و نیشتمان جێ دەهێڵن. کۆچکردن لەرووی زمانەوانییەوە (بەمانای چوونە دەرەوە لە زەوییەکەوە بۆ زەوییەکی تر دێت)(١). نەتەوە یەکگرتووەکانیش وەک دیاردەیەکی جیهانی، کۆچکردنی بەم شێوەیە پێناسە کردووە"بریتییە لە جموجوڵی جوگرافی خەڵک، یان تاکە کەس لەنێوان ناوچەو هەرێمەکاندا، کە گۆڕانی جێگەی نیشتەجێبوون بگرێتەوە، لەمیانەی کات و ماوەیەکی دیاریکراودا، بەواتایەکی دیکە بریتییە لە کۆچکردن و بەجێهشتنی نیشتمانی دایک و ڕۆنان لە جێگا و هەرێمێکی دیکە بەمەبەستی مانەوە و درێژەدان بە ژیان لەو جێگایەدا".(٢)

فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی پێناسەی کۆچکردنی کردووە"بەوەی کە کۆچکردن ئاماژەیە بۆ کۆچی چەند تاکێک، یان چەند کۆمەڵێک کە لە نیشتمانی بنەڕەتی خۆیانەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە بەمەبەستی مانەوەی بەردەوام و ئارامی و جێگیری لەکۆمەڵگای نوێ بەگوێرەی مەرجەکانی مانەوە لەم شوێنەدا".(٣)

د. شاکر مستەفا سەلیم ڕەهەندێکی قووڵتری بە چەمکی کۆچکردن داوە و وا پێناسەی کردووە کە"بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی کۆمەڵێک دانیشتوانە لە ناو وڵاتێکدا، یان بۆ وڵاتێکی تر، هەندێ جار کۆچکردنەکە وەرزییە و بۆ پێداویستی خواردن، خواردنەوەیە، هەندێ جاریش هەمیشەییە بەهۆی ڕووداوە سروشتییەکان، یان گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، یان بەهۆی جەنگ، یان بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئاستێکی بەرزتری ژیانەوەیە".(٤)

"لە زانستی کۆمەڵایەتیدا کاتێک بە حاڵەتێک دەگوترێت دیاردە ئەگەر ئەو حاڵەتە هەمیشە ئامادەیی هەبێت لە نێو کۆمەڵگەدا و بەردەوام ڕوویدات"(٥)، سەرەڕای ئەوەش کە کۆچکردن دیاردەیەکی ئاساییە"بەڵام کاتێک لە هەرێم و ناوچەیەک ڕێژەی کۆچکەران بەردەوام ڕووی لە زیادبوون کرد، ئەوە لەو کاتەدا دیاردەکە نا ئاسایی دەبێت، چونکە کاتێک بەلێشاو خەڵکی وڵاتی خۆی بەجێهێشت و بەردەوام کێرڤی کۆچکەران لە هەڵکشاندابوو، بارودۆخێکی لەم جۆرە خاڵی نابێت لەلایەنی نێگەتیف و خراپ کە دواجار کۆمەڵگە و وڵات و خودی کۆچکەر باجەکەی دەدەن".(٦)

بێ گومان کۆچکردن ئەگەر لە ئەنجامی شەڕوشۆڕ، یان بەزۆرەملێ بێت، یان لە ئەنجامی ئەو پاڵەپەستۆ ئابووری و کۆمەڵایەتییانەوە بێت کە کار لە خودی کەسەکە دەکەن بڕیاری کۆچ بدات، ئەوە لەهەمان کاتیشدا ڕووبەرووی چەمکێکی دیکە دەبێتەوە کە ئەویش مەرگە، چونکە پرۆسەی کۆچکردن خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی کۆتا نادیارو لێڵە و هەر شتێکی نادیار و لێڵیش شیمانەی لەناوچوونی لێدەکرێت، بۆیە مەرگ بە ڕوویەکی دیکەی کۆچ لەقەڵەم دەدرێت و وەکو هێڵێکی تەریب لەگەڵ کۆچدا هەنگاو دەنێت. بەهەردوو چەمکیشەوە بێ مانایی مرۆڤ و بێ ئومێدبوون لە ژیانێکی تژی لە شەڕوشۆڕ و نەهامەتی و ستەمدیدەیی و بەشمەینەتی ئەو مرۆڤ و کۆمەڵگەیە دیار دەخەن.

بەڵام پێش ئەوەی باسی چەمکی کۆچ و مردن لەنێو ڕۆمانەکەدا بکەین، وا چاکە چیرۆکی نێو ڕۆمانەکە بزانین، چیرۆکەکە باس لە کەسێکی ئاسایی نێو کۆمەڵگە دەکات کە فەرمانبەرە و خێزاندارە و کوڕ و کچێکی هەیە و وەکو هەموو تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە، لەم ژیانەی خۆی بێزار دەبێت و بڕیاری چوونە دەرەوە دەدات، جاری یەکەم لە ڕێگادا نەخۆش دەکەوێت و هاوڕێیەکی لەگەڵدا دەبێت کە زۆر ئاگاداری دەبێت و ڕزگاری دەکات، بەڵام دەرناچن و دەگەڕێنەوە. لە جاری دووەمدا بەنهێنی بڕیاری دەرچوون دەدات، بەتایبەتیش تا باوکی کە نەخۆشە و لەسەر جێگا کەوتووە پێی نەزانێت، نەوەکا کار لە تەندروستی و دەروونی بکات، تەنیا برایەکی و کوڕێکی پووری لێ ئاگادار دەکاتەوە، بۆیە خانووەکەی دەفرۆشێت و هەرچی پارەو پوولیشی هەیە دەداتە ئەو قاچاغچییەی کە لەلایەن هاوڕێیەکییەوە ناسیوبەتی و

بەیەکەوە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لەشەوێکی بەفراوی ساردا بەرێ دەکەون و لەسەر سنوور لەنێو ئەو چیایانەی تژی لە بەفرن قاچاغچییەکە خۆی لێیان بزر دەکات و ئەوانیش لەنێو ئەو چیایانەدا ڕێگا ون دەکەن و هەر لەوێش ماڵئاوایی لە ژیان دەکەن.

دیارە کۆچکردن بەم بەفر و زریانە و پشتکردن لەشارو وڵات، دەبێ چەندین فاکتەری کاریگەر و بەهێز هەبن تا وا لەمرۆڤ بکات ئەو سەرکێشییە بکات و خۆی لەو شەوە تاریکە و بەفرە ئەستوورە بدات. ڕۆماننووس لەزاری نەوزادەوە چەندین هۆکارمان بۆ دەستنیشان دەکات کەوای کردووە شاڵاوی کۆچکردن تائێستاش بەردەوام بێت، بگرە کەسانی واش هەن چەندین جار لەم ڕێگایەیان داوە و سنوورداش کراونەتەوە، کەچی هەر واز لەکۆچکردن ناهێنن. ئەوەتا نەوزاد دەڵێت:

"بڕیاری ئەم سەفەرەیشم بڕیاری ئێستا نەبووە، بەڵکو ماوەیەکی دوور و درێژ بوو پلانم بۆ دادەڕشت و بیرم لێی دەکردەوە و تاووتووم دەکرد، کەچی هەر جارەی شتێک دەبووە بەربەست و ڕێی پێ دەگرتم.." ل ٣

ڕۆماننووس هۆکارەکانی ئەم کۆچکردنە گشتگیرییە بۆ شەڕو کاولکاری و ماڵوێرانییە دەگەڕێنێتەوە کە نەک هەر بووەتە هۆی داڕووخانی ماددی، بەڵکو داڕووخانی هزری و کولتووریشی بەدوای خۆیدا هێناوە:

"ئەمە چ وەحشیەتێکە تێی کەوتووم؟ چ خەراباتێکە، داروبەرد بەسەریەکدا بڕووخێت و هێلانە و چۆلەکە و پەپوولە و گوڵ، حەرف و کتێب و پیت و دێر و وشە لێک دابڕێن و هێزی نەبێت بیانگەیەنێتەوە یەک..." ل٥

هەروەها جیاوازی چینایەتی و بەخێرایی دەوڵەمەندبوونی چینێک و هەژاربوونی زۆربەی خەڵکی، بەشێوەیەک کە لەشێواز و سیمای گەڕەکانیانەوە ئەو جیاوازییە بەدی دەکرا:

"ئینجا بام دایەوە ڕۆژئاوای ماڵە خواپێداوەکان""بێ ئاگایانە ئەوێم هەڵبژارد و خۆم بە کۆڵانەکەدا کرد، ئەوێی هێمن و ئارام و ڕازاوە، ئەوێی پاک و تەمیز و بێ ژاوەژاوە، بێ شەڕو پیسی، ئەوێی ڕووناک و پڕ گڵۆپ.."ل١٥

هۆکارێکی دیکەی ئەو کۆچکردنە نەبوونی جێگای حەسانەوە و پشوودان و یاری و باخچەی دەلڕفێن و شەقامی جوان لەنێو شارەکاندایە:

"جا لەشارەکەمان جێ هەبوو..؟ لەناو شەقام و کۆڵانەکانیدا چی هەیە.." ل١٥

فاکتەرێکی دیکەی کۆچکردن پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتی دواکەوتوو و ڕۆژئاوای پێشکەوتووەوە هەیە، لە هەموو بوارەکانی هزری و ڕۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری.. تاد، کە ئەمەش بووەتە خەونی مرۆڤەکانی ڕۆژهەڵاتی و بەحەسرەتەوەن ساتێک بەم پێشکەوتنە و ڕۆشنبیری و جوانییەکانی ڕۆژئاوا بگەن:


"دەمویست تا نەمردووم هەندێک پیاسە بە ناو شەقامە ڕازاوە و کەنار دەریاکاندا بکەم و بەناو بازاڕەکانیدا بسووڕێمەوە.. سەر بە کۆشک و تەلارەکانیدا بکەم و لەشوێنێک ڕابکشێم، ئارام ئارام بخەوم، خەونی خۆش خۆشی تێدا ببینم..." ل ٣

"ئەو دیو جیهان، جیهانی خۆش گوزەرانی و بەزم و شایی، جیهانی خەیاڵ و مۆسیقا و گۆرانی، جیهانی ئافرەت و فریشتە و کەنیشکی جوان جوان.." ل٨١

لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننووس هەڵوێستی خۆی بەرانبەر ئەو دیاردەیە دەردەبڕێت و ئەو دیاردەی کۆچکردنە بە نەخۆشی سەردەم ناوزەد دەکات و پێی وایە کە بەهۆیەوە گشت جوانییەکانی وڵات فەرامۆش کراوە و خۆشی نابەخشن:

"جاران ئەو کاتەی هێشتا ئەو نەخۆشییە درمە نەهاتبووە وێزەمان و مەستی نەکردبووین، بەبینینی چلوورەی گوێسەبانەکانی بەرماڵان شاگەشکە دەبووم..." ل١٢

ڕۆماننووس لە (دوانامەی دێوەرەیەک)دا هێڵی گێڕانەوەکەی لەسەر باسکردنی ناخی کۆچکەرەکەوە داڕشتووە و لەوێوە ڕوئیا و بۆچوونی خۆیمان بۆ ئاشکرا دەکات، واتە بە گرێدانی هەردوو چەمکی کۆچ و مەرگ، باس لە حاڵەتێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی مرۆڤی



کـوردمـان بـۆ دەکـات و لەوێـوە نەهامـەتـیـیـەکـانی ئەو مـرۆڤـەمـان بۆ وێنا دەکـات، بەوەی کـە ناخی هەمـوو تاکەکـان ژیانێکی دیکەیان هەیە و زۆر جـیـاوازە لەگـەڵ ژیانی دەرەوەی جەستە فـیـزیکییەکەی، چونکە مێژووی هەر تاکێکی ئێمە (ئەو مێژووە شاراوەیەیە کە لە ناخی خۆماندا هەڵی دەگرین). (٧)

### پێکهاتەو ڕەگەزەکانی ڕۆمانەکە

ڕۆمان بەشێوەیەکی گشتی لە چەند ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهاتووە لەوانە (ڕووداو، کەسایەتی، کات، شوێن.. تاد) لێـرەدا هەوڵدەدین یەک یەک تیـشک بخـەینە سـەر ئەو ڕەگەزانەی نێو ڕۆمانەکەدا:

### ڕووداو

ژیان بریـتـییـە لە زنجـیرە ڕووداوێک و هەر تاکێکمـان لەو کـاتەی کـە لەدایک دەبین تا کـاتی مـردنمان لەنێـو ڕووداوگـەلێکدا دەژین کـە تژین لە خـۆشی و نـاخـۆشی، بەواتایەکی دیکە ڕووداو خـاڵی سـەرەکی پێکهـێنەری ژیانە و بەبێ ئەو ڕووداوانە ژیان واتایەکی ئەوتۆ لەخـۆ ناگرێت.

د. شـــوکـــریە ڕەســـووڵ لەبارەی ڕووداوەوە دەڵێت: (بریتییە لەو زنجیرە گۆڕانەی بەسەر ڕەوشتی کەسەکاندا دێت لە پێوەندی و کارلێک کردنیان لەگەڵ ئەو شوێنەی تێیدا دێن و دەچن)(٨).

ڕۆمـــاننووس حـوسـێـن عـارف چیـرۆک بە ژمـارەی ڕووداوەکان پێناسە دەکات: (چیرۆک بریتییە لەو زنجیرە ڕووداو و کـارەسـاتـانە (بەدیوی ناوەوەو دەرەوەدا) کـە بەسەر کەسەکانی چیرۆک دێن و تێدەپەڕن.(٩)

کـەواتە ڕووداو، ڕەگـەزێکی گـرنگی ڕۆمـانـە و بەبێ بوونی، ڕۆمان مانایەکی ئەوتۆی نامێنێ، چونکە (ئەگەر لەدەقی ڕۆمـانێکدا ڕووداوێک، یان چەند ڕووداوێک هەبوو، ئەوە پێـویست بەوە دەکـات کـەسـایەتی هەبێ بۆ جێبەجێکردن و ڕۆڵ گێڕانیان لەوازیکردنی ئەنجامدانی ڕووداوەکـان. کـە ڕووداو و کـەسـایەتیت هەبوو، ئەوە پێـویست دەکـات شـوێنیـشت هەبێ و کـارەکەی لەسـەر ئەنجـام بدەی، کـە ئەو سێ ڕەگـەزەشت هەبوو، ئەوە بەشێوەیەکی پێویست کات خۆی ڕەپێش دەکات)(١٠). واتە ڕووداو گـشت ڕەگـەزەکـانی دیکەی ڕۆمـان لەخـۆ دەگـرێت و هەمـوو ئەو ڕەگـەزانە خـۆیان لە نێـو چەقی ڕووداوەکەدا دەبیننەوە.

کۆچکردن و بەجێهێشتنی وڵات، چ بە زۆرەملێ بێت و چ لە ئەنجـامی پاڵەپەسـتـۆ و فـاکـتـەری کـۆمـەڵایەتی و ڕامیـاری و ئابووری بێت، ڕووداوگەلێکن کە لەواقیعدا ڕوویانداوە و قـــوربانی و کـــارەســـاتی لێکەوتۆتەوە، ساتەوەختی ئەو کارەساتانە بەچەندین ڕەهەند و ڕاڤەوە بە پچڕپچڕی لەمێشکی ئێمەدا تۆمارکراوە. وەلێ (بەشێک لەو ڕەهەندو لایـەنانە دیار و بەرهەستن و بەشـــێکی زۆرتریان نادیار و نابەرهەستن، بێ گومان هیچ چیرۆک و ڕۆمـانێک و بەرهەمێکی تری ئەدەبی و هونەری ناتوانێت ڕووداوێکی واقیـعی، بەتایبەتی کارەساتێکی تراژیدی، وەک چۆن ڕوویداوە، بیگێـڕێتـەوە، یان بنووسـرێتـەوە، ئەوەی کە دەگێڕدرێتەوە، یان لە بەرهەمێکی ئەدەبی وەک چیرۆک و ڕۆمـان دەنـووسرێتەوە خودی ڕووداوەکە نییە، بەڵکو تـەسـەوری نـووسـەرە لە ڕووداوەکـە)(١١). واتە ڕۆماننووس چیرۆکە واقیعییەکە تێکەڵی خەون و ئارەزوو و خـەیاڵی خـۆی دەکـات و (ئەو ڕووداوانە بەو شـێـوەیە دەردەبڕێ کـە لەگـەڵ ئاوات و ئارەزووی خـۆی بگونجێ، چونکە هەر چیرۆکنووس و نووسەرێک شێوازی نووسین و ســتـایلی تایبـەتی خـۆی هەیە و لە هی کـەسـانی تر جیاوازە)(١٢).

دیارە جـوانیـیـە ئەفـسـووناوییـەکەی ڕۆژئاوا، ڕەوتی ڕووداوی کـۆچکردنی بەپەلەتر و خـێـراتر دەکـات، ئەوەش هۆکـارێکە بۆ بڕیاردانی ناڕاست و نـادروست کـە دەبێـتـە هۆکاری نانەوەی کارەسات و قوربانی کەوتنەوە، هەر بۆیە لەسـەرەتای ڕۆمـانەکەوە تا کـۆتایی مەرگ ئامـادەییـەکی زیندووی هەیە و لەگەڵ کۆچکردنەکەدا ئاوێتە بووە و یەک ئەوی دیکە تەواو دەکات و هەر دێرێکی بۆنی مەرگی لێ دێت و لەپەنای هەر وشەو پیتێکدا مەرگێکی وەنەشەیی خۆی حەشارداوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننووس ئەو مەرگ



و کۆچەی لەگەمەیەکی زیهنیدا پێچاوەتەوە، ڕاستە خوێنەر لەسەرەتاوە هەست بە مەرگی نەوزاد دەکات، وەلێ دارشتن و چنینەوەی ئەو مەرگە نازانێت. ڕۆماننووس بەچەندین ئاماژەو نیشانەی جیاوازەوە ئەو مەرگە دەهۆنێتەوە و چەندین ئەگەر و دەروازە لەبەردەم مێشکی خوێنەر واڵا دەکات :

"ئەوانەی سەفەر دەکەن پارەی پێشین نادەن، بەڵام من پێش وەختە پارەکەم بۆ بژاردووە و لەم کارەشدا لەگەڵ خەڵکدا جیاوازیم بووە.." ل ٤

چیرۆکبێژ سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە لەبەر ئەو جیاوازییە ڕەنگە قاچاغچییەکە مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ نەوزادا بکات، تەلیسمەکە بەهۆی هاورێیەکانی نەوزاد ئاڵۆزتر دەبێت، بەوەی ئەو هاورێیانەی کە لەگەڵی کۆچ دەکەن بەنەناسراوی پیشان دەدرێن بۆ ئەوەی تەنیا تیشک لەسەر نەوزاد بێت و هەموو هۆش و بیری خوێنەر لەگەڵ ئەودا ڕووداوەکان تەی بکات:

"نە دەمناسن و نە دەیانناسم.." ل٥

تا کۆتاییش تەنیا یەک لەو هاورێیانەمان پێ دەناسێنێ، ئەویش کە لەکۆتایی چاپتەری (٨)، واتە لەناوەڕاستی ڕووداوەکە :

"خۆم ناوم شەمسەدینە بەشەمسەدین چاوشین ناسراوم.." ل ٦٥

لەگەڵ ئەوەشدا مەرگ سەنتەری بوونی ڕووداوەکە پێکدەهێنێت و ڕۆماننووس هەر لەیەکەم پیتەوە تا دوا پیت بەیانی مەرگمان بۆ دەکات و بەسەدان جار، جارێ مەرگ ڕادەگەیەنێت:

"هاکا کەوتم و شکام، وردو خاش بووم و دوا هەناسەم دوور لە ئازیزان دا.." ل ١٨

"خوا دەزانێت ئێمەش چیمان بەسەر دێت و کام دڕندەو ملۆزم، کام تارمایی مردوو دەبێتە ڕوحمان و کەی و چۆن دوا هەناسە دەدین.." ل٢١

"ئەو باڵندانەی دەمێک لێمان نزیک دەکەونەوە و دەمێک دوور دەڕۆن، یەکەمین هاورێ و دوا هاورێمانن و هاورێمان بوون.." ل٥٠

ڕۆماننووس ئەو مەرگەی ئاوێتەی چەندین پرسیاری گوماناوی دەکات و وەکو گەمەیەک لەگەڵ خوێنەر بەکاری دەهێنێت و وەکو ئەوەی کە ئایا دەبێ لەم سەفەرە بەچی بگەن و جارێکی دیکە بە شار و ماڵ و گەڕەکەکەیان شاد ببنەوە؟، یان دەبێت چ کارەساتێک چاوەڕوانیان بکات؟، وەڵامی ئەم پرسیارانە خوێنەر دەخاتە نێو مەراقەوە و هەوڵ دەدات هەرچی زووە ئاشنای دواساتەکانی ڕووداوەکە بێت.

چاپتەرە کۆتاییەکانی ڕۆمانەکە (٩-١٠-١١) جوانترین حاڵەتی دەروونی و وێنەی ناخی مرۆڤمان پیشان دەدەن. لەو سێ چاپتەرەدا کە بەڕای من بەهێزترین بەشی ڕۆمانەکەن و ڕووداوەکانیان دەگەنە لوتکە و لەوێوە و ئیدی گرێیەکان بەرەو کرانەوە دەچن. سەرەتاش نەوزاد دان بەهەڵەکەی خۆیدا دەهێنێت:

"پیاو ئەگەر شارەزا نەبێت هەڵەی گەورە دەکات و ئەنجامەکەش خۆی هەڵیدەگرێتەوە، دەبەنگ نەبوومایە بۆ خۆم دەدایە دەست ئەو قۆڵبڕە.." ل٦٩

دواتر پەنجەی پەشیمانی دەگەزێت:


"خەتای خۆمان بوو، ویست و ئیرادەی خۆمان تەسلیم بە قاچاغچییەکی بێ بەزەیی دڵ ڕەق کرد، فەرهوودی کردین و منەتی نەزانین، تازە پەشیمانی دادمان نادات.." ل٨١

دواتر بەهۆی ونبوونیان لەنێو بەفردا و نەخۆشکەوتنی نەوزادەوە ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوە، ئەو مەرگەی تەنیا بەخەونێک وەکو دێوەرەیەک بەجیهانەکەی خاریجی دەگەیەنێت، ئەو مەرگەی ڕۆماننووس لە سەرەتاوە هزرمان بۆ لای ڕادەکێشێت، تەنانەت لە ڕووداوی ئەو چیرۆکانەی کە وەکو بەشێک لە تەکنیکی چیرۆک لەنێو چیرۆکدا و بەهۆی فلاش باگەوە دەگێڕدرێنەوە هەمووی مەرگە، وەکو کوژران و بزربوونی تەرمی خاڵی نەوزاد کە لەساڵی ١٩٦٣ لە قوتابخانەی کشتوکاڵی بەکرەجۆدا کوژرا، هەروەها چیرۆکی دوا ساتەکانی مەرگی داپیرەو باپیرەی، هەروەها چیرۆکەکانی خۆی کە هەموو پێنج شەممەیەک سەردانی گۆڕستانەکانیان کردووە.

بێ گومان هەر ڕووداوێک مەبەست (تیم THEM)ی خۆی هەیە، ڕۆماننووس لێرەدا مەبەست و مەغزایەکەی ڕووداوی کۆچکردن و مەرگە، مەرگ وەکو کێشەیەکی مەزنی مرۆڤایەتی کە مرۆڤ لە دێرزەمانەوە هەوڵی بێ سوودی ڕزگاربوونی لەدەست ئەو مەرگە دەدات، وەلێ لەپاڵ دەرخستنی کێشەی مەرگ، ڕووداوەکە قسەکردنێکە لەبارەی ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی ئەنجامدانی ڕووداوگەلێکی وەکو کۆچکردن و جێهێشتنی وڵات و دەرخستنی هەستی ڕۆژانەی ئەو کەسانەیە کە کۆچکردن وەکو بیرۆکەیەک لە مێشکیاندا دەخولێتەوە.

ئەگەر لە ناونیشانی ڕۆمانەکەش وردبینەوە دەبینین ئەو دوو وشەیەی کە (سەلاح عومەر) بۆ ناولێنانی ڕۆمانەکەی هەڵیبژاردوون گوزارشتکردنە لە ڕووداو و کەسایەتی، چونکە ناونیشان گوزارشتکردنە لەکات و شوێن و ڕووداو، ناونیشانی ئەو ڕۆمانە ئاماژەیە بۆ چەمکی کۆچ و مەرگ. (دوانامە) مردن دەگەیەنێت کە بریتییە لە دوا ڕووداو و (دێوەرە)ش وەکو چەمکێکی

فولکلۆری کوردی تەوزیف کراوە و ئاماژەیە بۆ کۆچکردنی کەسێک لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، بەواتایەکی دیکە دوانامە مەرگەو دێوەرەش کۆچکردنەکەیە و دیارە لەناوونیشانەکەشدا ڕووداوی مەرگ پێش ڕووداوی کۆچکردن خراوە:




بەکارهێنانی نامە کە لە ناوونیشانەکەیەوە هاتووە، لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت و بەسەر گۆڕی کۆچکەرەکانەوە بووە:

"کاغەزێک بەسەر سەنگەرەکەوە بوو، با دەیهێناو دەیبرد، کاغەزەکە نەختێک تەربوو، بەڵام پیت و وشەکانی دەخوێندرانەوە و وەک ئاوازێکی غەمگین هەر چوار کەناریان دەهەژاندەوە و دەنگێکیش دەهات.." ل٩٥

ئەودەنگە، هەر دەنگی گێڕەوە خۆیەتی لەسەر زاری کەسایەتی نەوزادەوەیە کە هەژموون و ئاوات و ئارەزوو و ناکامەکانی ناخی خۆی بەیان دەکات، لێرەدا ڕۆماننووس بەشێوەیەکی تەقلیدی هونەری نامەی بەکارنەهێناوە، بەڵکو بەکارهێنانی نامەکەی وەکو تەکنیکێک بۆ پەیام گەیاندن بریتییە لەو نامەیەی کە کەسایەتییەکە نەیتنوانیوە بینووسێت و بیخاتە سەر کاغەزێک و پوولی لێبدات و بەکەسێکدا ڕەوانەی بکات(١٣)، ئەمەش کەشێکی سیحری و فانتازی بە ڕۆمانەکە داوە.

### گێڕەوەو دیالۆگ و مەنەلۆگ

ئەو سێ یەکە پانتاییەکی فراوان لە تەکنیکی گێڕانەوە داگیر دەکەن، بەهەرەو شێوازی نووسەر دیاری دەکەن لە چنینی ڕووداوەکان و گێڕانەوەیاندا، ئەگەر سنووری ئەو سێ یەکەیە لەو ڕۆمانەدا دیاری بکەین، ئەوە دەبینین زیاتر پانتایی دەقەکە بەسەر یەکەی گێڕەوە دابڕاوە، ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوەیە کە سروشتی ڕووداوەکە و تێکەڵبوونی بەخەیاڵ و فانتازیا و ئەفسانە وای خواستووە.

یەکەی گێڕانەوە بەئاسانی لەو ڕۆمانەدا دەناسرێتەوە و هیچ ئاماژەو نیشانەیەک بۆ جیاکردنەوە و تۆمارکردنی ئەو یەکەیە دانەندراوە و ئاساییانە دەست پێ دەکات و تا کۆتایی ڕۆمانەکە بەردەوام دەبێت:

"ئاسمان تەماوی، دیوارەکان، پەنجەرەکان، دەرگاکانن، لەناو تەم و سپێتی بەفردا ڕەنگ سپی و سڕ سەریان نابووە کۆشی ئاسمان، جگە لە کونوقوژبنە تاریکەکان نەبێت، دەنا شوێنێک نەبوو سپی نەکردبێت.."ل ٥

لەبارەی دیالۆگەوە، بەهۆی بەکارهێنانی (هێڵ یان داش یان خەت)، وەک (–) بە ئاسانی پەرەگرافی دیالۆگ دەناسرێتەوە و ئەمەش لەزۆربەی پەرەگرافەکانی دیالۆگەکە بەکارهێنراوە. لە دیالۆگێکی نێوان نەوزاد و براکەیدا هاتووە:

" – بڕیارم داوە ئەم شەو بڕۆم، هاتووم دوا خواحافیزبوونتان لێ بخوازم.

ئەی بابە و منداڵەکانی..

کە ڕۆیشتم تۆ پێیان بڵێ، ئێستا بزانن وەک جاران دنیا بەسەر خۆیاندا دەهێننە خوارەوە...." ل ٤٤-٤٥

لە چەند پەرەگرافێکدا بەنیشانەی (:) یان وشەی (گوتم، گوتی) لەگەڵ نیشانەی کەوانە ( )، دیالۆگەکان ڕۆنراون. لە دیالۆگێکی نێوان نەوزاد و یەکێک لە هاوڕێیە کۆچکەرەکانیدا هاتووە:

"چەند جارێک داوام لێ کرد و لێی پاڕامەوە:

خۆی بەمنەوە هیلاک نەکات و بۆ خۆی بڕوات، بەڵکو لەم دەرد و مەینەتییە ڕزگاری دەبێت، بەڵام ئەو لێم تووڕە بوو، نەیهێشت پتر بڵێم و گوتی: ئەدی هاوڕێ بۆچی هاوڕێیە.." ل ٦٣

مەنەلۆگیش (ئەوکاتە لە دایک دەبێت کە دیالۆگ نەتوانێت گوزارشت لە زمان و باری دەروونی ناخە پەنگ خواردووەکەی کارەکتەر و نووسەرەکە بکات)(١٤). پەرەگرافەکانی مەنەلۆگ بە بەرکاهێنانی دەستەواژەی (ئەوکاتە، بیرم دێت، کێ دەڵێت... تاد)، هەروەها لەشێوەی پرسیار کردن لەخود و وەڵامدانەوەیان لەو ڕۆمانەدا دەناسرێنەوە، واتە هیچ نیشانەیەک لەشێوەی کەوانە، یان هەر جۆرە هێمایەکی دیکە بۆ مەنەلۆگ بەکارنەهاتووە، نەوزاد لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

"کێ دەڵێت جارێکی دی گوێمان لە دەنگی باوک و منداڵ و ژنەکانمان دەبێتەوە.." ل ٦٤

"ئەو کات مرۆڤێکی دیکە بووم، بیرکردنەوەم جیاواز و خەیاڵم وەک ئێستا نەبوو، وام دەزانی شتێک لە دنیادا نییە شکست بە مرۆڤ بهێنێت.." ل ٦٢

ئەو ڕۆمانە لە (٢٨٥٤) دێڕ پێکهاتووە، (٢١٧٨) دێڕی تایبەتن بە گێڕەوە، (٣٨٣) دێڕی تایبەتن بە دیالۆگ، (٢٩٣) دێڕی تایبەتن بە مەنەلۆگ. ڕێژەی سەدییەکەشی بەم شێوەیەیە: (٧٦,٣٪) ڕێژەی گێڕەوە، (١٣,٤٪) ڕێژەی دیالۆگە و (١٠,٣٪) ڕێژەی مەنەلۆگە. ئەم ڕێژانە لە چاپتەرەکاندا بەم شێوەیە:

| چاپتەر | گێڕەوە | مەنەلۆگ | دیالۆگ | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٧٠ | ٥ | ٧٢ | |
| ٢ | ٢٢٦ | ٦ | ٢٤ | |
| ٣ | ٢٥٤ | سفر | ٦ | |
| ٤ | ٣٣٠ | ١٢ | ٥ | |
| ٥ | ١٧٨ | ١٨ | ٤ | |
| ٦ | ١٩٥ | ١٥ | ١٣ | |
| ٧ | ١٦٩ | ٣١ | ١٩ | |
| ٨ | ١٠٥ | ٣٦ | ٧٤ | |
| ٩ | ١٤٧ | ١٨٩ | ٩ | |
| ١٠ | ٢١٩ | ٤٠ | سفر | |
| ١١ | ٢٦٥ | ٣٦ | ٩٧ | |
| کۆی گشتی | ٢١٧٨ | ٢٨٣ | ٢٩٣ | ٢٨٥٤ |
| رێژەی سەدی | ٪٧٦,٣ | ٪١٣,٤ | ٪١٠,٣ | ٪١٠٠ |

**کەسایەتی**

کــەســـایەتی رۆڵێکی گــرنــگ لە تانوپۆی رۆمــانــدا دەگێڕێت و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر خوێنەر هەیە، چونکە ئەو کـەسـایەتیـیـەی کـە رۆمـاننووس دروسـتی دەکات، کەسایەتییەکی واقیعی نییە، ئەو کەسایەتییەی کە رۆماننووس لەنێو رووداوەکاندا دەیسووڕێنێت، تەنیا بوونێکی فیزیکی لە نێو دەقی رۆمانەکەیدا هەیە. وەلێ هاوشێوەی ئەو لە واقیعدا هەیە و رۆماننووس بیرۆکەی ئەو کەسایەتییەی لەو هاوشێوەیەی کە لەواقیعدا هەیە بۆ دێت، بۆیە نیــشـــاندانی ئەو کــەســـایەتیـــانە و هەڵســـوکـــەوتیـــان پێــویســـتی بەوە هەیە کـــە هەڵسوکەوتەکانیان مەنتیقی بێت و خوێنەر قەناعەتیان پێ بکات.

کـەسـایەتی سـەرەکی ئەو رۆمـانە، (نەوزاد)ە کـە هەم رۆڵی سـەرەکی لە گـێـڕانەوەی رۆمـانەکـەدا دەگـێـڕێت و هەمیش ئەرکی گێڕەوەش دەبینێت. نەوزاد خاوەنی ماڵ و منداڵەو فەرمانبەرە، واتە رۆماننووس، کەسێکی ئاسایی نێو کۆمەڵگایەکەی کە خاوەن رۆشنبیرییەکی دیاریکراوەو وەرگرتووەو کردوویەتییە کەسایەتی سەرەکی رۆمانەکەی. ئەگــەر ئاوڕێکیش لەو کــاتانە بدەینەوە کــە رەوتی کـۆچکردن لەوپەڕی فـراوانی و توندی خـۆیدا بـووە، کـە مـەبەسـتـمـان سـاڵانی نەوەدەکـانە کـە بەهۆی ئابڵـوقـەی ئابووری و بێکاری و شـەڕ و نەهامـەتیـیـەکـانەوە بووە، ئەوە دەبینین توێژی فـەرمـانـبـەران و مـامـۆسـتـایان لەو سـاتەوخـتـانەدا توێژێک بوونە لەرووی ئابوورییــەوە لەوپەڕی گـوزەران خـراپیـدا بوونەو تەنانەت بەحـوکـمی ئەوەی کــە ئەم دووتوێژە، توێژێکی رۆشنبــیـــری نێـــو کــۆمــەڵگەیانن و زووتر هەست بە تەنگوچەڵەمــەکــان دەکەن، تەواوی پاڵەپەستۆ ئابووری و کۆمەڵایەتییـەکان رەنگدانەوەیەکی توندیان لـەســەر ئەم دوو توێژە هەبووە. لێرەشـدا رۆمـاننووس لەرێگای پیـشـاندانی کـەسـایەتی نەوزادەوە، ئێشوئازاری ئەو دوو توێژەی بۆ کێشاوین.

کـەسـایەتی لەگـەڵ رووداودا کـار لەیەکـتـر دەکـەن و یەکـتـریش تەواو دەکـەن، بۆیە جاری وا هەیە کـە رووداو کـار لەسـەر کـەسـایەتییـەکـان دەکـات و رێڕەوی ژیانیـان دەگۆڕێت، جاری واش هەیە کە کەسایەتییەکان کاریگەری و قـورسـایی خـۆیان لەسـەر رووداوەکـان هەیە و رێچکەی رووداوەکــــان بەرەو ئەو شـــوێنە دەبەن کـــە خـــۆیان مەبەستیانە. لەو رۆمانەدا رووداو کاریگەرییەکی بەهێزی لەسـەر کـەسـایەتیـیـەکـاندا هەیە، تەنانەت رووداوێکی هاوشـێـوەی کـۆچکردن کــاریگەری لەســەر ژیانی کەسایەتییەکە هەیە و دەیخاتە بەردەم دوو رێگای مان و نەمانەوە، کەسایەتییەکان بەهۆی پاڵەپەستۆی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتـوورییـەوە کـاتێک بڕیاری کـۆچکردن دەدەن، ئیدی تەسلیمی رەوتی رووداوەکان دەبن و رووداو کـاریگەری لەسـەر چارەنووسـیـان دەدانێت، بەواتایەکی دیکە کـەسـایەتیـیـەکـە بەرگەی هێز و زەبری رووداوەکـان ناگرێت. واتە لێرەدا کـەسـایەتیـیـەکـە، کـەسـایەتیـیـەکی گەشەسەندووە، کەسایەتی گەشەسەندوو لە رۆماندا (هیچ جیاوازی لەگەڵ کەسایەتی واقیعی نییە لە کاریگەربوون بە ئەزمـوونەکـانەوە و لەتێـپـەڕبوون بە رووداوەکـانی رۆمـــــانـدا بـە نێـگـەتـیـف، یـان پـۆزەتـیـف بـێـت لەگەشـەکـردنەکەی کـە بەرەو بالابوون، یان بەرەو نەمـان بڕوات، ئەو کەسایەتییەی کە لە کۆتایی رۆماندا دەیبینین هەمـان ئەو کەسایەتییە نییە کە لە سەرەتادا بینیومـانە، ئەو گــۆڕانکارییـــەی کــە رووی داوە دەرئەنجــامی ئەو ئەزمـــــوونەیە کـــــە بەســــــەری هـاتـووە، بەبـاش و خـراپیـیـەوە)(١٥) واتە رەوتی رووداوەکە گـۆڕان بەسـەر هزر و بیـــرکـــردنەوەی نەوزاددا دەهێنێت و رووداو و چارەنـوسـی داورۆژی بۆ دیاری دەکـات، بەمـانـایەکی دی کەسایەتی لەو رۆمانەدا کەسایەتییەکی چەسپاو نییە کە هیچ کاریگەر نەبێت بە ئەزموون و رووداوەکانەوە، بەڵکو کەسایەتی نەوزاد زیاتر لەگەڵ رووداوەکـاندا پێدەگات و گەشە دەکات.

کەسایەتی سەرەکی نێو رۆمـانەکە، کەسـایەتییـەکی پۆزەتیـفە، چونکە لەژێر بارودۆخێکەوە بڕیاری کۆچکردن دەدات کە لە توانای خـۆی گەورەترە، هەروەها زیانی ئەو بڕیارەش بە پلەی یەکەم بۆ خۆیەتی، واتە زیانی بۆ کـەس نییە، لەبەرانبەردا کەسایەتی قاچاغچی کەسایەتییەکی نێگەتیڤە و یاری بە چارەنووس و ژیانی خەڵکی دەکات و بەخـوێنسـاردییەوە مـرۆڤـەکـان رەوانەی رێگای هات و

نەهاتیــان دەکــات و تەنیــا بیــر لە بەرژەوەندی خــۆی دەکاتەوە.

کەسایەتی لاوەکی لە ڕۆماندا ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە و (زۆر جــار وەک کــەســایەتی ســەرەکی بەشــداری لە گــێــڕانەوەی ڕووداوەکــان دەکــات و شــتــە شــاراوەکــانی کەسایەتی سەرەکی دەخاتەڕوو و هانی دەدات بۆ ئەوەی کـــارەکـــە بە چالاکی ئەنجـــام بدات، هەروەها ئەو بیروڕایانەی کە لەدەروونی کەسایەتی سەرەکیدا هەیە لەکاتی پێوەندی کردنی ئەم کەسایەتییانە لەگەڵ کەسایەتی دەروبەریدا ئاشکرا دەکات)(١٦) کەسایەتی لاوەکی لەنێــو ئەو ڕۆمــانەدا ئەمــانەن (هاوڕێیــە کۆچکەرەکانی، یووسف و ڕێبوار و ئالانی برای، باوکی، ئازادی کوڕەپووری، قــاچاغچی). ســەرەڕای ئەمــانەش چەندین کــەســایەتی دیکەش هەن ڕۆڵی لابەلایان پێ ســپــێــردراوە، وەکــو (مــاڵی نەوزاد، داپیــرەو باپیــرەی، خەڵکی کۆڵان و کوڕە دراوسێیەکانی، نازەنینی کچی پووری، پووری نەوزارد، فــاڵچی، کــامــەران و تارای کچی) کە ئەمانە بەگشتی ڕۆڵێکی گرنگیان لەبەرەو پێشــبــردنی ڕووداوەکــاندا هەیە، هەر بۆیە دەبینین لەپاڵ کەسی سەرەکی ڕۆمانەکەدا، چەندین کەس ڕووداوەکان دەگێــڕێتــەوە، واتە تەواوی گــێــڕانەوەکە بەر یەک کەس ناکــەوێت، بەڵکو کــەســایەتییــەکــانی دیکەی وەکــو (براکــانی، کــوڕە پوورەکــەی، باوکی، هاوڕێکانی...) بەشــداری لە گــێــڕانەوەی ڕووداوەکــان دەکــەن. واتە کەسەکانی ڕۆمانەکە ئەوەندە زۆر نین، وەلێ هەمــوویان کەم تا زۆر بەشداری لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەکەن.

ســەرەتای گــێــڕانەوەکە، ئەرکی کــەسایەتی ســەرەکی لەنووسەر بەرجەستە دەبێت کە بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاکە(من) دەست پێ دەکات و دواتر ئەرکی گێڕانەوەکە بە کەسایەتی سەرەکی دەبەخشرێت، ئەوەش ئەو کاتەی کە نووسەر ناوی ئەو کەسایەتییەمان لە کۆتایی چاپتەری چوارەمدا ئاشکرا دەکات:

"گریان لە گەروومدا قەتیس ما، فرمێسک لە چاومدا نەمــا و وشکیــان کرد، کــەچی نەوزاد نەگــەڕایەوەو شــوێن بزربوو" ل٣٨

هەروەها کــەســانی دیکەش بەهۆی ڕاناوی ســێــیــەمین کەسی تاک (ئەو) و ڕاناوی یەکەمین کەسی کۆ (ئێمە) بەشداری لە گێڕانەوەکەدا دەکەن.

**پەراوێزەکان:**

**١– نەبەز عــەزیز ئەحــمــەد، بژار زیاد ســاڵح، هۆکــارەکــانی کــۆچکردنی لاوان،، گــۆڤــاری (پێــشکەوتن) ژمــارە (١٥٦)ی بەهاری ٢٠٠٩. ل٤٤، ئەویش لە(موسڵیح عەبدولقادر و ئەوانی تر، کــۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات، بۆ بەدەســتــهــێنانی بڕوانامــەی بەکــالۆریۆس، بڵاونەکــراوەتەوە، پێــشــکەشکراوە بە زانکۆی سەڵاحەدین کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی،١٩٩٨، ل١٩**

**٢– ڕاستگۆ مـحـەمـەد، کۆچ : کاردانەوە لەبەرانبـەر کێشـە و گـرفتـە هەمـەجۆرەکانی دنیـای گەنجان و لاوان، گۆڤاری (کـۆچ) ژمارە (٩)ی ٢٠٠٨. ل٣٨٤**

**٣– نەبەز عــەزیز ئەحــمــەد، بژار زیاد ســاڵح، هۆکــارەکــانی کۆچکردنی لاوان، گۆڤاری (پێشکەوتن) ژمارە (١٥٦)ی بەهاری ٢٠٠٩. ل٤٤، ئەویش لە (د. ســەمــیــرە، فــەرهەنگی زاراوەی کـۆمـەڵناسی، و: خـەسـرەو مـیـراودەلی، چاپخـانەی چوارچرا، سلێمانی ٢٠٠٧، ل١١٤**

**٤– نەبەز عــەزیز ئەحــمــەد، بژار زیاد ســاڵح، هۆکــارەکــانی کـۆچکردنی لاوان،، گـۆڤـاری (پێـشکەوتن) ژمـارە (١٥٦)ی بەهاری ٢٠٠٩. ل٤٤، ئەویش لە (د. شاکر مســتـەفا سـەلیم، قاموس الأنثروپولوژیا، جامعة الكويت، ١٩٨٢، ل١٣١).**

**٥– هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٣٨٤**

**٦– هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٣٨٥**

**٧– چاوپێکەوتن لەگەڵ جەبار جەمال غەریب، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٤١)، خولی سێیەم، ساڵی سێزدە، شوباتی ٢٠٠٩. ل ٧٤**

**٨– د. شوکریە ڕەسووڵ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، مطابع التعليم العالي، أربيل، ١٩٨٩، ل١٥١**

**٩– حـوسـێن عـارف، چیـرۆکی هونەری کـوردی، دارالحـرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧، ل١١١.**

**١٠– حوسێن سابیر عەلی، بینای ڕووداو لە ڕۆمانی مۆسیقای مەرگی ناوەختەدا، گۆڤاری ڕامان، خولی سێیەم، ساڵی دوازدە، ژمارە (١٢٥) تشرینی یەکەمی، ٢٠٠٧. ل ٦٢**

**١١– تەوەری چیـرۆکی کـوردی، گـێـڕانەوەی کـارەسـاتەکـان، گۆڤاری ئایندە، ژمارە (٧٤) ئەیلوولی ٢٠٠٧. ل ٧٨**

**١٢– مـحـەمـەد ئەحـمـەد حـەسـەن، بینای ڕووداو لە چیـرۆکدا، گـۆڤـاری ڕامـان، خـولی سـێـیـەم، سـاڵی یازدە، ژمـارە (١١٠) کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦. ل ١١١**

**١٣– گۆڤاری ڕامان، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٧٨**

**١٤– پەروین عەبدوڵڵا، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم – سلێمانی ل٨١**

**١٥– عبدالله خمار، تقنيات الدراسة في الرواية، الشخصية، اصدار خاس بالانترنيت، الجزائر، ٢٠٠٥**

**١٦– پ. ی. د. هیـــمـــداد حـوســێن، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کـوردی، دەزگـای توێژینەوەو بڵاوکـردنەوەی مـوکـریانی، چاپخانەی خانی – دهۆک، چاپی یەکەم ,٢٠٠٧ ل١٤٩**

# تێڕوانینێک لە بارەی مولازم تەحسین و شتەکانی تریش

**عەبدوڵڵا سەڕاج**
**(فنلاند)**

نوڤلێتی (مولازم تەحسین و شتەکانی تریش)م بەهۆی کاک خوسرەوی برای نووسەرەکەیەوە دەسگیربوو. لە شاری (لاهتی)یەوە بۆی ڕەوانە کردم کە لە سلێمانی گاوێ مشتومڕی لەسەر بووە، دیارە دکتۆر فەرهاد پیرباڵ ناوی ئەو ئەفسەرە دڕندە بە ڕەگەز فەلەستینییەی لە (موحسینەوە) کردۆتە (تەحسین)، ئەمەیش کارێکی ڕەوایە و هیچ لە مەبەستی سەرەکی کورتە ڕۆمانەکە ناگۆڕێ لەلایەک و .. بەرگوێم کەوت و هەروەها لە نووسراوەیەکی خوسرەو پیربالی شاعیردا گوایا بڕێ لە سیاسەتمەدار و نووسەرانی (شار) قەڵس و ڕوو گرژ بوونە ئەمەش دووبارە بوونەوەی نۆڤلێتی (سەگوەڕ)ی (محەمەد موکری)م وەبیر دێنێ کە لە سەروبەندی تێکۆشانی شاخیدا بڵاوی کردەوە و گۆمە مەنگەکەی ئەوسای شڵەقاند. لەوێشدا بڕێک هەڵچوون و ئارەزووی ئەوەیان کرد (محەمەد موکری) تووشی قەڵبەز و فەلاکەتێک بکەن! بەڵانەکی بەڕێز (مام جەلال تاڵەبانی) ڕووی دەمی لەو دەنگە تووڕانە کرد: (لەپای چی هەڵچوون؟! خۆ بە کلاشینکۆف ڕووبەڕوومان نەبۆتەوە! بەڵکو بە قەڵەم.

دەی ئێوەش قەڵەمتان هەیە و بەرپەرچی بدەنەوە..).

هەرچەندە ئەو گوتەیەی سەرەوە لە داڕشتنی بەندەیە؛ وەلێ هەمان واتا دەبەخشێ کە ناوبراو ڕووبەڕوویانی کردۆتەوە.

ڕووداو و دیاردەی لەم جۆرە ڕووی داوە و ڕەنگە چەند پاتە ببێتەوە. بەهەرحاڵ بەرلەوەی لە کرۆکی کورتە ڕۆمانەکە ورد ببمەوە شایانی ئاماژەیە کە دکتۆر (نەجم ئەڵوەنی) لە توێژینەوەیەکی بەبڕشتدا بە جوانی و زانستانە لە گۆڤاری (ڕامان)دا ئەرکی هەڵسەنگاندنی بنیادی گێڕانەوەی ئەو کورتە ڕۆمانەی لە ئەستۆ گرت و

بابەتییانە نرخاندوویەتی. لێرەدا بۆم دەلوێ کە زۆر بە کورتی بۆچوونەکانی ئەو بەڕێزە لە چەند خاڵێکدا چڕ بکەمەوە:

١- کورتە ڕۆمانێکی: واقیعیی ڕەخنە ئامێزە لە سیاسەتی هەشتاکانی شاری سلێمانیدا کنە دەکات.

٢- نموونەیەکی: سەرکەوتووی نۆڤلێتی کوردییە، هەر چەندەش نووسەرانی دیکە لەم چەشنەیان بەرهەم هێناوە.

٣- لە ڕووی زمانەوە: ڕاپۆرت ئامێزە و نەیتوانیوە ئەرکی گێڕانەوەی هەواڵی کەس و ڕووداو بگەیەنێتە ئاستی زمانی جووتە ڕۆمانی (مەرگی تاقەنەی دووەم) و (ئێوارەی پەروانە)ی (بەختیار عەلی). لەلایەکی ترەوە هەر چەندەش (فرە دەنگی)ی پێوە دیارە، بەڵام شێوەزاری هەولێرییانەی (نووسەر- گێڕەوە)ی بەسەردا زاڵە، کەچی کەسێتییەکان لە جێکاتێکی سلێمانیدا هەڵدەسووڕێنێ!

٤- لە ڕووی تەکنیکەوە، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ هەموو ڕۆمانەکانی پێش خۆی هەیە، کە سوودی لە یاریی هونەری وەرگرتووە، بەتایبەتی هونەری چاپکردن بە بنیادی زەمەنەکەی.

٥- تێکستێکی نیوە واقیعی و نیوە نۆژەنە، چونکە واقیعی دەرەوە لەناو داڕێژراوی حیکایەتەکەیدا بەڵگەی زیندوویەتی و کارایی ناوەڕۆکی ڕەنگی خۆی ڕەنگڕێژ کردووە، کەچی سوودی لە واقیعییەتی تازە وەرنەگرتووە کە بە (واقیعییەتی سەر کاغەز) ناوی بردووە.

٦- (شوێن) بایەخی پێویستی پێ نەدراوە، بەڵکو (کات) زیاتر ڕووداوەکانی لە چێوەی خۆی گرتووە و کردوویەتییە ڕۆمانێکی کەسێتی.

٧- (ڕووداو): ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ و کارئەنجامی بەسەر (چۆنایەتی)ی تانوپۆی هونەریی دەقەوە هەیە و بنیادەکەی ئاسایی و تەقلیدی کردووە.

٨- **یەکەم**: نەیتوانیوە کۆتایی بە چەمکی (پاڵەوان) بهێنێ و.. **دووەم**: ئازادیی بیرکردنەوە و دەربڕینی بە کەسێتییەکان نەداوە، تەنانەت لەخۆ دواندن (مۆنۆلۆگ) و ئاخافتنەکاندا (دیالۆگ) گوێمان لە دەنگی زەقی نووسەر دەبێت، چونکە خۆی و گێڕەرەوە یەکن! هەموو شت زانن و بێ لایەنیی خۆیان نەپاراستووە.

* * *

دکتۆر فەرهاد پیربال تەکنیکێکی جوان و گونجاوی



د. فەرهاد پیربال

لەمەڕ هەردوو جێکاتی نێوان:

١- شەو و ڕۆژدا.

٢- لەنێوان سێ کەسێتییە سەرەکییەکەدا.

بەکارهێناوە. زۆر ڕووداوی ڕیالیستانەی لە بارەی بارودۆخی ئەو سەردەمەی شاری (هەڵمەت و قوربانی/ هەڵپەڕکێ و گۆرانی) تۆمار کردووە وەکو خوالێخۆشبوو (جیهان سدیق شاوەیس) لە سەرەتای حەفتاکانی شاری (باوەگۆڕ)دا دەیگوت، ئەڵبەتە نەک بۆ تەوس و لاقرتێ و ڕەخنەگرتن، چونکە لە سەروبەندی خەباتدا سەریان پێوە نییە و قوربانی دەدەن. بە پێچەوانەیش لە شێنەیی و ئاشتەواییدا گۆڤەند و شایی و پۆشین لەوان دەوەشێتەوە، مێخەکبەند و گۆبەرۆک و پڵپلان لە خۆیان دەکاڵێتەوە.

تاوانی ئەو ئەفسەرە گورگ ڕەفتار و کەمتیار خووە نایەتە ژماردن. ببووە مۆتەکەی سەر سینگی گەورە و بچووک. ئەوجا با لە ڕووداوی ڕاستەقینەوە بگوێزینەوە ناو ڕووداوی (سەرکاغەز) وەک کاک نەجم ئەڵوەنی ئاماژەی پێ داوە.

بەلامەوە دەبوایە (ئەختەر) وەکو کەسێتییەکی نێوان دووفاقەی تێکۆشان و گلانە خەرەندی پێوەندییە دزێوەکانەوە- لایەنی یەکەمی- مەبەستم لە خەباتەکەیە.

لەلا رووگە ببوایە لە کاتی دەرگا کردنەوەکەدا هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی بدات، ئەوساکەش بەرەنگاری دوو ئەنجام دەبوون، یان (خـۆی و جـوامـێـر) دەرباز دەبوون، یان دەکوژران؛ چونکە مولازم تەحسین هیچ چەکدارێکی چ لە سەربان و چ لە ناو کۆڵاندا دانەنابوو بۆ ئەوەی (جوامێر) دڵنیا بکات، لە کاتی سەردانی ئەختەردا هەرگیز تووشی گومانی نەکات، وەکو نەخشەی بۆ کێشابوو کە گیرۆدەی ناو تەڵە و داوەکەی بێت؛ کەچی لەکۆتایی تێکستی نۆڤلێتەکەدا ئەختەرخان بەرهەمی خەباتەکەی دەسگیر نەبوو، هەم ناوی خۆی زڕاند!!

وا بزانم نووسەر لەبەر هەر هۆکارێکی سایکۆلۆژی بێت ئەم ئاکامەی بۆ کەسێتیی یەکەمی هەڵبژاردووە، هەر ئەم ئاکامەیشە کە کەسانێکی تووڕە و تۆسن کردووە. دەبوایە ئەختەر پێش لە پیلانەکەی تەحسین بگرێ و پەیامی بۆ ئاگادار کردنی جوامێر بناردبایە، یان بەخۆی یەکراست بچووبایەتە کن یەکێک لەو هەڤاڵانەی کە پێوەندیی حزبایەتیی پێوە هەبوون، ئاخر خۆی وەکو لە دەقەکەدا هاتووە، لێپرژنان بووە. ڕێگەی سێیەمینیش لە روویدا واڵابوو، کە سووک و سانا خۆی بشاردبایەتەوە وەکو تێکۆشەران چۆن (إختفا) دەکەن. بەمەش شکۆ و ئابرووی خۆی لە دەمگۆی ئەم و ئەو دەپاراست و پاشان رووی لە شاخ دەکرد. لە گۆشەنیگامەوە ئەوە گریمان نووسەر باسی لە رووداوەکە- وەکو کردەنییەک- نەکردووە، بەڵکو هەقیقەتەکەی بەو جۆرە خۆویستە تۆمار کردووە، ئەمەش مافی رەوای ڕۆماننووسە کە چۆن کەسێتییەکانی هەڵدەسووڕێنێ. ئەوساش نابێت ڕەخنەگر هەرگیز تانە و تەشەری ئاراستە بکات. لەم ڕووەوە دەتوانێت بە گوێرەی بەڵگەنامە و گەواهە زیندووەکان وەڵامی بدرێتەوە، نەک بە زەبری ڕاوە دوونان و زەنگی دەمکوت کردن، یان هەڕەشەی دادگایی و نانبڕین! کورد دژ بەو نادادییانە شۆڕشی هەڵگیرساند، خۆ ئەگەر هاتوو ئاورێکی بە پەلە لە مێژووی ئەدەبی بدەینەوە لە بارەی هەڵوەستی لێکچووی ئەم ئاستەنگە ئەوە قەدەغەکردنی (مەدام بۆڤاری)ی شاکاری (فلوبێر) و (گوڵەکانی شەڕەنگێزی)ی (بۆدلێر) و لە ئەدەبی عەرەبی و تورکیدا بە نموونە هەن (منداڵەکانی کۆڵانەکەمان)ی نەجیب مەحفووز و (بانگهێشتنێک بۆ گیاکانی زەریا)ی حەیدەر حەیدەر و.. (کتێبی ڕەش)ی ئۆرهان بامۆک و دەیانی دی لە ئەورووپادا پاش چەندین دە ساڵە ئەو دوو بەرهەمە سەرفراز کران و لەلای ئێمە و دەوروبەرمان تازە بە تازە پەنا بۆ سانسۆر خوێنەوە، یان بە کەتنەکەی نەزانیبوو هەڵپەی دەستەبەرکردنی بەرهەمە زەواقدراوەکان دەدات هەرواشە.

بەلامەوە کاری ڕۆماننووس کۆکردنەوەی ڕەگەزە جودا و پەرتەوازەکانە، چونکە لە بنەڕەتەوە ئەو مرۆیەکی دروستکەرە (HOMO FOBER)، بێ گومان جەستەی نووسین بە: تەکنیکی هونەری هۆکاری ڕووداو و ڕەگەزەکانی دیکە پێکدێت.نووسەری کارا دەیان فایلی لە هۆش و ئاوەزدا پەناداوە، لەکاتی پێویستدا بۆ ئافراندنی ئەو ناواخنەی کە دەیورووژێنێ هەڵیان دەداتەوە. گرنگ ئەوەیە:

یەکەم: کەی و چۆن دەیاندەرێنێ.

دووەم: خۆی بکاتە ڕەخنەگری (زایندە- بەرهەمە)کانی خۆی بەمەش لایەنە جوانسازی و هونەرییەکانی زاخاو دەداو، هەم ستایل و ناسنامەی (خودێتی) خۆی لە نووسەرانی دیکە جیا دەکاتەوە. بەم پێوەرانە بێت ئەو چەند بەرهەمانەی دوایینی دکتۆر فەرهاد خۆیان ڕەنگرێژ کردووە دژ بە شکاندنی (رقابە) گێڕانەوە ئاساییەکان و



هەم ورووژاندن و بە ئاگاهێنانی خوێنەری بە خۆیەوە گرتووە، ئەمەش کرۆکی یاخیبوونەکەیەتی؛ وەلێ سێبەری گومانێکم لە دڵدایە کە ئەو جۆرە تەکنیکانەی بە کاری بردوون، خوازراو بن و شێوەیان لە ئەدەبی بیانیدا- بە تایبەتی فەرەنسی- هەبێت، ئەگەرنا، ئەوە دەست خۆشیی لێ دەکەم. ئەمە و... دەشێ پێوەندییەکی جەدەلی، لەنێوان هەردوو نۆڤلێتی «مندالّباز»دا هەبێت و ڕەچاوی بڕێ بنەمای داسەپاندنی بابەتی «الاسقاط الموضوعي» بکەین، کە پاڵپێوەنەری ئەو ئەدەبەیە هەژێنەرەی بێت، کە بەرلەوەش بوونە هەوێنی سەرەتای ئەدەبە (وێران) کەرەکەی. خودی پشتەکیی (BACK GROUND) هەر نووسەرێک تێکەڵ بە ماجەرای خولگە و دەوروبەری و بە گرێدانیان بە هەڵسوکەوتی ئەندامانی خێزانەکەی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە، بە هەڵوێستی ئەمێستایی و گرێدانی مێژووی خودیەتیی نووسەری ئەم نۆڤلێتە لە هەولێری بە هەنووکەی ئێستای هەولێری ڕاپەڕیوەوە هەبێت، واتە لە تەنگی و داخراوەییەوە بۆ بەرینایەتی و سەرفرازی و هەمدیسان بۆ نیمچە هەڵمژینی هەوایەکی بێگەرد. ڕەنگە هۆکاری دیکەش لەناخیدا بۆ چاندنی تۆوی (یاخی) بوون و نائاسایی خۆهەڵخستن چ لە نووسین و چ لە کردار و ڕەفتاردا، دەنا بەنیوە ڕووتی چوونە سنووری کوردستان و تورکیا لەگەڵ قوتابیاندا بە نیازی پێشگرتن لە تانک و زریپۆشی لەشکری تورکان گەواهی ساکاری دەرەوەی ناخە گڕگرتووە نا ئارامەکەیەتی، یان هەڵواسینی سەروبنی (گۆران)ی شاعیر لە ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەی (وێران)دا هەمدیسانەوە دروشمکارییەکی ساویلکانەی دەستە و گرووپکاری بوو کە زوو بەزوو چوون کەفچڕی ئاو دامرکایەوە. دیارە دکتۆر فەرهاد وانەی لەو ئەزموونە کۆمکارییە هەرزەکارانەیە وەرگرت، کە ئەفراندن پرۆسەیەکی (تاکی)یە و... دیارە ئاگاداریشە لەو نیگارانەی کە نوێنەرانی دادیزم و سیریالیزمەکان پێکەوە دەیانکێشاو.. چ دەرهاوێژێکی نابووت و ڕموزنیان لکاندە لاپەڕەی درەوشاوەی هونەری شێوەکارییەوە، بۆیە وازی لە کۆمکاری هێنا و خولیای بڵاوکردنەوەی نۆڤلێتەکانی کەوت، کە لە دیدی ئەزەوە، هەنگاوگەلی دروستی ناوە. ئەگەر بێتو وێنەی (PORTRAIT) کاکە فەرهاد بکێشم، ئەوە لە شێوەی پەلەوەرێک نیشانی دەدەم، کە نەدەتوانێ هەتا هەتایە لە فڕیندا بێت.. نە لەسەر زەوی دڵارام دەبێ و ئۆقرە بە گیانی بێ سرەوتی بدات. لە ئاسماندا داڵ و دار لاستیک و فیشەک دەبینێ. لە ڕووی زەویشدا، تەڵە و پەپکە و زیندان. ستوونێ بەدی ناکات بۆ ئەوەی لە سایەیدا ئارام بگرێ، یان داڵدەیەک لە نەیارانی بیپارێزێ، خۆشی ئەو هەموو وزە ڕەها و توانست و بەرهەڵستییەی نییە لە دیوێکی دیکەوە، کە دژەکاری ئەو هەموو ململانێ و نەبەردانە بێت، بۆیە تاکە سوپەری خۆ پاراستن و چەک و ئامرازی مانەوەی، تەنیا و تەنیا (وشە)یە و دەیکاتە قەڵغانی تاکمەندی و کۆژیتۆ (COGITO)کەی، هەر لە سۆنگەی ئەمەشە هەست بە (چێژ) و (شادمانی) دەکات چوون بای شەماڵ سەر بە خۆی ناو درەختان لە (گوشادی)دا، خۆی دەدۆزێتەوە، بەمەیشە (واتا)یەک بە ژیانی دەبەخشێ. لەوانەشە بە (تارا)یەکی نێوان هەبووی هەنووکە و.. ڕابردووەکە، ناهەمواری بدینێ کە گاو ناگاوێک، هەنووکە کەو ڕابردووەکە یەکدی ڕاوە دوو بنێن. دیارە واقیع و ئەفسانە و مێژوو سێ سەرچاوەی ڕۆمانن.

٢٠٠٣

# ڕۆمانی ڕامیاری

ئازاد خدر

سوودی دەستەواژەی (ڕۆمانی ڕامیاری) لەوانەیە لەوەدا بێت کە پتر مشتومڕ و دایالۆگ دەورووژێنێ و ئەم سوودەی پتر لە کتێبی (ڕۆمان و ڕامیاری «Politic and the Novel)ی ئیرڤینگ هاو- ١٩٦٧-دا بەرجەستە دەبێ. هاو لەم کتێبەیدا پێی وایە کە (ڕۆمانی ڕامیاری جینێکی ئەدەبی نییە، چونکە هیچ جۆرە فۆرمێکی جیاوازیی ئەدەبی ساز نادات)، بەڵام هەر خۆی لە کتێبی ناوبراودا ئەو دەستەواژەیە بەکاردێنێ تاکو جیاوازییەکی جینی generizdistinct بۆ ساز بدات. بێ گومان بیروبۆچوونەکانی ئەو بۆ ڕەوایی ئەم جینە لەنێو ڕۆمانە ڕامیارییەکاندا پشت ئەستوورە بە بیرۆکەکانی هەردوو ڕەخنەگر و بیرمەند (ویلیک و وارت) ئەوانەی جۆرە پێناسەی ئەو جینە ئەدەبییە دەکەن:

گرووپێکە لە کاری ئەدەبی کە چاوگە تیۆرییەکەی بە هەردوو فۆرمەکەیەوە هاوبەندە: فۆرمی دەرەکی (چۆنایەتی پێوەر و بنیادەکەی)، فۆرمی ناوەکی (هەڵوێستەکەی و ئامانجەکەی و بابەت و خوێنەرەکەی). ئەم بیرمەندانە جیاوازی زۆر لەنێوان ڕۆمانە ڕامیارییەکاندا نابینن و بڕوایان وایە ئەم دەستەواژە جینییە ئەوەندە ڕووت نییە و پێویستی بە (جەوهەرێکی دیکەی بەهێزتر هەیە تاکو بتوانرێ مامەڵەیەکی تیۆریی لەگەڵدا بکرێ). بەڕای هاو دەستەواژەی ڕۆمانی ڕامیاری لەگەڵ عەقڵدا ناکۆکە ab-surdum، ئەو دەڵێ (مەبەستم لە ڕۆمانی ڕامیاری هەر ڕۆمانێکە کە من مامەڵەیەکی ڕامیاری لەگەڵدا دەکەم، وێڕای ئەوەش لەوانەیە کەس ئامادە نەبێت بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ڕۆماندا بکات، چونکە هیچ هۆیەک نییە بۆ ئەوەی ئەمە بکات). لێرەدا ئەو ڕاستییە دەمێنێتەوە کە دەستەواژەی ناوبراو دووبارە پرسی جینی دەورووژێنێتەوە، هەرچەندە ئەو پێناسەیەی ویلیک و وارت کە ئەو دەستەواژەیە توخمی جیاواز بەخۆوە دەگرێ و لەتایپەکانی دیکەی ڕۆمان جیای دەکاتەوە، بەڵام ئەو جینە ئەدەبییە بۆتە شتێکی سۆسیۆ- ڕامیاری ناکلاسیکی کە هەروەک

(م.ئی. سپێر) دەڵێ (لەنێو ژووری نیگارکێشانی ڕۆمانە بەراییەکانی (یسرائیلی)، یان (هنری ئادامس)، یان لەنێو نەستە تیۆرییەکەی کتێبی (تیۆری ئەدەب)دا فۆرمە ناوەکییەکەی تەواو بە قەیرانە خۆڕسکییەکەی نێوان تاکڕەوی و ئایدیۆلۆژی ڕامیاری)یەوە پەیوەستە، یان هەروەک ئارتەر کۆستلەر دەڵێ (بەو کێشە ئەخلاقییانە، یان ئیتیکییانەوە ethics پەیوەستە کە کۆتاییان دژی ئامرازەکانیانن). لە ڕاستیدا لێرەدا باشترین نموونەی ڕۆمانی ڕامیاری کە بتوانێت جینی ناوبراو بەرجەستە بکات، ڕۆمانی (تاریکی لەنیوەڕۆدا Darkness at noon)ی (ئارتەر کۆستلەر)ە، ئەو ڕۆمانەی کە لە دیدی (هاو)دا زیاتر ڕۆمانێکی پڕۆپاگەندەیی و نامیلکەیەکی فێرکارییە didactic نەک ڕۆمانێکی ئاسایی و زیندوو. بە ڕای هاو لەنێو جەرگەی ڕۆمانی ڕامیاریدا بەدترین فۆرم هەیە، چونکە هەوادارییەکەی بۆ ئایدیۆلۆژیا لەپێناوی (جمگکردنی ئەزموونی ژیان و بیرۆکەکان) قووڵترین ئامانجی لەناو دەبات.

هەڵبەتە هەر ئایدیۆلۆژیایەک دەشێت بۆ هێز و تەوژمی دیالیکتیکی بیرۆکەیەک وەرگەڕێت کە پێچەوانەی ئەو ئایدیۆلۆژیایەیە کە لەنێو ڕۆماندایە، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە جەدەلی سەرکەوتوو ناتوانێت ببێتە بابەتێکی نمایش بۆ نووسەرێک کە هیچ جۆرە ئایدیۆلۆژیایەکی نییە. ئەم ڕاستییەش بە تەواوی لە ڕۆمانی (تاریکی لە نیوەڕۆدا) بەرجەستە دەبێ. بابەتی هەر ڕۆمانێکی ڕامیاری بە ئاشکرا گوزارشت لە کێشەکانی هەندێ چیرۆک گێڕەوە دەکات، چونکە نووسەرەکەی ئایدیۆلۆژیایەکی هەیە، بەڵام ڕۆمانی وەک (دۆن ساگا)ی شولۆخۆف و (سیمینت)ی گلادکۆڤ ئەو تەوژمە دیالیکتییەکان و ئەو جۆرە جینە ئەدەبییەش بەخۆوە ناگرن کە لەنێو ڕۆمانی وەک (سیخوڕی نهێنی)ی جوزێف کۆنراد و (شەیتانەکان) ی دێستۆیڤسکی و (تاریکی لەنیوەڕۆدا)ی کۆستلەر بەدی دەکرێ، لەبەر ئەوە لەوانەیە نووسەرێک بتوانێ فۆرمی ڕۆمانەکەی بۆ مەبەستێکی فێرکاری، یان بۆ مەبەستێکی ئیتیکی (ڕەوشتی) هەڵبژێرێت، نەک بۆ ئامانجێکی ڕامیاری (وەک ڕۆمانەکانی (ئی. ئێم. فۆرستەر) ئەگەر لەگەڵ ڕۆمانەکانی (تۆماس هاردی) بەراوردی بکەین کە پڕن لە گرێچنی ئامادەگی و پێشبینی کراوە.

هەر نووسەرێک دەتوانێت مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ ڕۆماندا بکات و بیکات بە سەکۆیەک بۆ جیهان و گۆشەنیگای خۆی و گشت ڕاستییەکان و ڕەوانبێژییەکان و کارەکتەرەکان بشێوێنێ. ڕۆمانی ڕامیاری بەگشتی پێویستییەکانی جیهانی پلۆرالیزم (فرە جیهانبینی) ڕەت دەکاتەوە و لەنێو تاکە بابەتێکدا ئەزموونی ژیان بەگشتی ڕاڤە دەکات، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە ئەم جینە ئەدەبییە ناتوانێ شوێنی خۆی لەنێو جۆرەکانی ڕۆماندا بکاتەوە. هەتا ئەگەر پێویستی بە بابەتێکی دیاریکراویش هەبێت کە بریتییە لە ناکۆکییە خۆڕسکەکەی نێوان ئایدیۆلۆژیای ڕامیاری و ئازادی تاک، هاو ڕۆمانی (تاریکی لەنیوەڕۆدا) بە گرنگترین نموونەی ڕۆمانی ڕامیاری هەژمار دەکات، لەبەر ئەوەی (سەرجەم جۆر و ئاکاری تێگەیشتنەکان لە ڕۆمانی ئایدیۆلۆژی لە ئامێز دەگرێ، بەڵام بەڕای من ئەو ڕۆمانە بەرزترین شێوەی ئەو جینە ئەدەبییە ڕەنگڕێژ دەکات و دیارە هاو بەدحاڵی بووە لە ئامانجە ڕاستەقینەکەی کۆستلەر لەنێو ئەو ڕۆمانەدا، چونکە ڕۆمانی ناوبراو گشت ستاندارەکان پراکتیک دەکات کە هاو بۆ ڕۆمانی ڕامیاری و ئایدیالی بە مەرجی سەرەکی داناون. بیرۆکەی کتێبەکەی هاو لەم چەند وشەیەدا بەرجەستە دەبێ (ڕۆماننووسی ڕامیاری هەتا ئەگەر مەیلی ڕامیاریشی هەبێت، ئەوە بانگهێشتە بۆ شتێکی ئیتیکی- ئەخلاقی- دوور لە ئایدیۆلۆژیا دەکات) بەپێی ئەو بۆچوونەی هاو خوێنەر هەتا ئەگەر خاوەن ڕاوبۆچوونی خۆی بێت، ئەوە پشتگیری لەو شتەی ڕۆماننووس دەکات. بە ڕای ئەو ڕۆمانی ڕامیاری لە سەدەی بیستەمدا (بەهێڵێکی نزمدا دەڕوا و بەردەوام دەخزێتە نێو خاکێکی پڕ لە بێ ئومێدی و ڕۆمانی تاریکی لە نیوەڕۆدا گوزارشت لە تیۆرە خاوەکەی کۆستلەر دەکات سەبارەت بەو گریمانە ڕەوشتیانەی کە بنەمای ئەو خۆ بە دەستەوەدانەی کۆنە بۆلشەفیکەکانە بۆ ستالین). ئەم لێکدانەوەیەی هاو بۆ ڕۆمانی (تاریکی لە نیوەڕۆدا) جۆرە ناحەزییەک دەنوێنێت بۆ ئەو دەقەو بۆ پێوەندییەکەی کۆستلەر بە خودی گۆشەنیگاکەی خۆیەوە و ئەگەر بلێین ڕۆمانەکە بابەتێکی (ئامادەگی و دەستەمۆکراو) ڕاڤە دەکات، ئەوە ڕەوانبێژی و مەجاز و ژیربێژییەکەی دەکوژین. (تاریکی لە نیوەڕۆدا) لە ١٩٤٠دا تەواو بووە و لە ١٩٤١دا چاپ کراوە و کۆستلەر لە بەندیخانەی (پێنتۆڤیلدا) دەسنووسەکەی ئامادە کردووە. لە پۆستکریپتێکدا- پێداچوونەوەیەکدا- بۆ چاپە (دانوب)یەکەی و لە ١٩٧٣دا، کۆستلەر ئامانجی ئەو ڕۆمانە ئاشکرا دەکات وەک بەشێک لە سێ بەرگی، واتە (تریلۆگی) ڕۆمانی ڕامیاری و لە هەمان کاتیشدا پێناسەی ئەو جینە ئەدەبییە دەکات و دەڵێ (تاریکی لەنیوەڕۆدا) ڕۆمانی دووەمی ئەو سێ بەرگەیە- دووەکەی تریان ڕۆمانی (زۆران بازەکان)ە و ڕۆمانی (گەیشتن و جێهێشتن)ە- کە تەوەرەکەیان بریتییە لە بابەتی ڕەوشتی شۆڕشگێڕانە و ڕەوشتی ڕامیاری بەگشتی: کێشەکە ئەوەیە ئایا، یان تا چەند ئامانجێکی بەرز و جوامێرانە و نۆبڵانە ئامرازێکی پیس و چەپەڵ بە ڕەوا دەزانێ؟ واتە

تەنگژەکە لەنێوان مۆرالێتی و ئامرازدایە، ئەمە لەوانەیە وەک تەلیسمێک بێت، تەلیسمێکی ئەبستراکت. لەبەر ئەوە هەر سیاسەتمەدارێک لەنێو ژیاننامەکەیدا تووشی دەبێت، یان لەنێو ژیاننامەی سەرکردەکانی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان هەر لە شۆڕشی کۆیلەکانەوە لە سەدەی یەکەمی پێش زایین- کە بابەتی ڕۆمانی زۆران بازەکانە- تا بۆلشەفیکە کۆنەکانی سالآنی سییەکانی سەدەی بیستەم و چەپی نوێی ڕادیکال لە حەفتاکان... کێشە پەیوەستە بە ڕاستییەکی وشک کە لە هەمان کاتدا ئامادەگی و بێ- کاتە. ئەمە ڕاستی سازییەکە بۆ ئەم ئاکارە بێ- کاتەی ڕژێمی ستالین کە بووە هەوێنی ڕۆمانەکەی من، واتە (تاریکی لەنیوەڕۆدا) لە شێوەی- لێکچوواندن و شاردنەوە- بێ ئاماژەیەک بۆ ناوێک و ولآتێک- هەر، ئەمەش بووە گەنجینەی ڕۆمانەکەی ئۆرێل- ١٩٨٤- کە هەمان تەکنیکەکەی منی هەیە. قەیرانی نێوان مۆرالێتی و ئامراز (کۆستلەر)ی تەواو تا دوا هەناسەی لە ١٩٨٢ سەرقاڵ کردبوو. لە سەرەتاوە دەیویست ناوی ڕۆمانەکەی (تاریکی لە نیوەرۆدا)، ببێتە The vicious circle- بازنەی گەندەڵی- بەڵام برادەر و وەرگێڕی ڕۆمانەکەی (دافن هاردی) ئەو دێرەی کە لەکتێبی (بەهەشتی گەڕاوە)دا هەیە بۆ ناوونیشانێکی ئینگلیزی بۆ ڕۆمانی تاریکی لەنیوەڕۆدا (ئۆ! تاریکی! تاریکی تاریکی لەناوەڕاستی گڕی نیوەڕۆدا) وەرگێڕا. کۆستلەر خۆی ئەو ناوونیشانەی لە چاپە فەرەنسییەکەی خواستووە (Le Z’eroetl infini). لێرەدا زۆر گرنگە ئاڵۆزیی ئەنتۆلۆژی و مێژوویی- ڕامیاری و گەردوونی ئەو سێ ناوونیشانە بزانین، چونکە هەر یەکەیان گوزارشت لە دیدی یەکێک لە سێ ڕۆمانەکەی کۆستلەر دەکەن، واتە (تاریکی لەنیوەڕۆدا و زۆران بازەکان و گەیشتن و جێهێشتن). (بازنەی گەندەڵی) ئاماژەیە بۆ دووبارە بوونەوەیەکی هەمیشەیی مێژوویەکی دەستەمۆکراو و پێشبینیکراوە وەک چارەنووسێک و ناچارییەک، یان وەک حەتمییەتێک و ملکەچ بوونێکی ڕووداو ئامێز، ئەمە بۆتە هەڵوێست پرسە ئایدیۆلۆژییە ئۆرسۆدۆکسییەکەی پاڵەوانی ڕۆمانەکە واتە (ڕوبا شۆڤ)، بە تایبەتیش پرسیارەکانی (گلێتکین)، بەمانایەکی دیکە، تاریکی لەنیوەڕۆدا لە گۆشەنیگای ڕۆباشۆڤەوە ڕاڤەی (ئاپۆکلیپس)- ڕۆژی حەشر- و گێژەن و فەوزای جیهانێکی لەت لەت کراو دەکات، ئەوەی بیروباوەڕەکەی لەنێو حەتمییەتی مێژوودا پەنگی خواردووە و ڕۆڵ و چارەنووسەکەی کەوتۆتە نێوان فاندەمینتالیزمی- ئوسوولییەتی- ستالین و بزرگە ئایدیۆلۆژییەکەی ئەوەی پێی دەگوترێ حوکمی شتەکان: order of things. ناوونیشانی (Le Z’ere et Linfini)یش لەلایەکی دیکەوە گوزارشت لە بۆچوونی خودی کۆستلەر دەکات، گومانێکی کەم هەیە لەوە کە کۆستلەر ویستوویەتی ڕۆمانەکە پێشبینییەک بێت بۆ گاڵتەجاڕییەکی تراژیدی کاتێک کە ئامانجە خێرخوازەکان لەنێو بەرداشیی پێویستیی مێژوویدا دەهەنجێنێن و دەبن بە خۆڵ، ئەمە مانای ئەوەیە کاتێک کە ئامانجێک تێکەڵاوی میتافۆرێک (مەجازێک) دەبێت، ئەوە ڕاڤەی گاڵتەجاڕی هەر بۆچوونێک دەکات کە هەوڵ دەدات لە شتێک بگات کە تێگەیشتنی مەحاڵە. کۆستلەر لە زۆر شوێندا دەڵێ، مەبەستم لە ڕۆباشۆڤ ئەوەیە کە ببێتە تەواوکەری پۆرترێتی (بۆخارین و ڕادیک و ترۆتسکی) نەک ژیاننامەیان. جگە لەوەش (گلێتکین) پۆرترێتی بەرایی (ڕۆباشۆڤ)ە لەنێو خەوش و جۆشە مەسیحییەکەی و بەخششە (سینیکالییەکەی)، خودی دەسپێکی ڕۆمانەکە بەچەند وشە و بڕگەی (دیستۆیڤسکی و میکاڤیللی و سانت- ژست و دیتریخ ڤۆن نێهلیم و ماتیۆ و فێردیناند لاساڵ) دەست پێ دەکات و هەریەکەیان ئاماژەیەکن بۆ شێوە هەڵگەڕاوە و ناکۆکەی هیومانیزمی و ڕێلاتیڤیزمی (ڕێژەیی) مەسیحی و سەرەڕۆیی و ملهوڕی پراکسێسی ئامرازی ڕامیاری. بۆیە ڕۆباشۆڤ ڕووبەرووی پۆرترێتە هەڵگەڕاوەکەی خۆی دەبێتەوە کە بریتییە لە وێنەی (پیتا- Pieta)ی مایکل ئەنگیلۆ کە لەنێو زینی ئەودا بۆتە سیمبۆلی هاوسۆزی و نەستی مرۆیی و ئەشکەنجە و قوربانیدان. لەوانەشە ڕۆباشۆڤ نەک خودی کۆستلەر گەیشبێتە ئەو بڕوایە کە هیومانیزمی کریستیانی تاکە ئەلتەرناتیڤی دیالیکتیکی ماتریالیزمە. بژاردنەکەی ڕۆباشوف لەنێوان (ئا، یان نا)دایە کە کیرکگارد پێشتر هەستی پێ کردبوو کاتێک گەیشتبووە دووڕیانی مەسیحییەت: شێوە ئایدیۆلۆژییەکەی و شێوە نیهلیستییەکەی وەک پێچەوانەیەک بۆ هیومانیتی خودی عیسا. لە کتێبی (ئەو یەزدانەی کە ڕووخا)دا کە دەربارەی هەندێ، کارەکتەری وەک (سپێندەر و گید و سیلۆن)ە، کۆستلەر دەڵێ: جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕ و ئایینی مەسیحی نییە و هەر ئایینێک لە ئاستی یوتۆپیا ترسناکەکەیان و ئایدیالیزم نا عەقلآنییەکەیان: گشت یوتۆپیاکان بۆ چاوگەکەیان دەگەڕێنەوە کە میتۆلۆژیایە و گشت چاپ و دەسخەتە شینەکان دووبارەکردنەوەی تێکستە کۆنە پیرۆزەکەیە... ئایدیۆلۆژیا تێکدانی ئامانجی ڕاستەقینەیە بۆ بەخشینی دوا وەڵام و ئاکام کە مەحاڵە لە جیهانی ڕاستەقینەدا بەدی بکرێ...).

# تێبینی لەبارەی شێوەزاری گۆران، یان هەورامی

**محەمەد ڕەشیدی ئەمینی**
**(پاوە)**

هەر لەمێژێ وشەی گۆران بۆتە دالغەی ژیان و مەشغەڵەتی بیروهۆشم، لە هەر شوێنێ چاوم بەو وشەیە دەکەوت بۆ خۆم دەمگوت ئەگەر هەورامییەکان گۆرانن ئەی عەشیرەتی گۆرانەکانی سەر قەزای کرماشان کێن؟ ئەگەر ئەو دوانەش یەک تیرەن بۆ چ لە باری شێوەزارەوە بە دوو شێوەی جیاواز دەدوێن، کە هەتا هەندێکیان لە یەکتر حاڵی نابن؟

لە هیچ نووسراوە و سەرچاوەیەکیشدا بە جوانی ڕوون نەکراوەتەوە کە گۆرانەکان کێن و سەر بەکام تیرەی سەرەکی میللەتی کوردن، ئایا هەورامییەکان بەشێ لە گۆرانن، یان نا؟

لە لایەکی تریشەوە زۆربەی ئەو نووسەرانە کە ئاماژەیان بە وشەی گۆران کردووە، بێ سێ و دوو دەستیان ناوەتە سەر مێژووی شەرەفخانی بتلیسی کە میللەتی کوردی بەم شێوەیە کردووە بە چوار بەشەوە (کرمانج، لوڕ، کەڵهوڕ و گۆران). کاتێ باسی دابەشکردنی شێوەزارەکان دێتە ئاراوە، دەبێ دابەشکەر بە جوانی شارەزایی لەسەر تەواوی شێوەزارەکان و جیاوازییەکانیان هەبێ.

بە ڕواڵەتێکی زانستییانە بۆم ڕوون نەبووەتەوە، ئایا لەکاتی نووسینی شەرەفنامەدا گۆرانەکانی ئەمڕۆی ناوچەی کرماشان، هەورامی بوون و بە شێوەزاری هەورامی دواون، یان نا؟ ئەمە جێگای شەک و گومانیشە، کەوا بووبێ، لەبەر ئەوەی هەورامییەکان بۆ هەر شوێنێ چووبوون، یان ڕاگوێز کراونەتەوە، هیچ کاتێ شێوەزارەکەی خۆیانیان لەبیر نەبردووتەوە، وێنەشی هۆزەکانی کەنووڵەیی، شەبەکەکانی مووسڵ، عەبدومەلەکییەکانی باکووری ئێران، زازاکانی تورکیا،

چەند گوند لەناوچەی بیجار، زەنگەنەییەکانی سەر بە قەزای کەرکووک و .. پێش ئەوەی کەسێ تاوانبار بکەین، یان دەستی ڕەد بەو بۆچوونانەوە بنێین با بزانین ئەوەی ئەمڕۆ بەناوی عەشیرەتی گۆران دەناسرێن، کێن و سەر بەکام تیرەی سەرەکی میللەتی کوردن؟

مامۆستا مەردۆخ لە مێژووی کورد و کوردستاندا دەڵێت: (عەشیرەتی گۆران نزیک بە شەش هەزار خانەوار، یان بنەماڵەیە و لە خۆرئاوای کرماشاندا ئەژین، کە دەبنە شەش هۆز، قەڵخانی، بێبیانی، نێریژی، گەهوارەیی کانی زەنجیری و ڕێزەهۆیی). شوێنی ژینگەی ئەم هۆزانەش لەنێوان کرماشان، کرن، شاباد و باباجانی دایە، ئەم عەشیرەتە هەر لە کۆنەوە بە دیالۆگی (ئەرائەرا) کە سەر بە شێوەزاری کەڵهوڕ و لەکییە دەدوێن، لەکاتی دابەشکردنیشدا دەچنە ئەو خانەیەوە. هەتا هەندێ لە لێکۆڵەران و نووسەرانی ناوخۆ و دەرەوەش، لە پاڵ ئەوەیدا گۆران و هەورامییەکان بەیەک دەزانن، نەیانتوانیوە لەو ڕاستییەی خۆیان لادەن، کە ژینگەی عەشیرەتی گۆران لەکوێدایە و لە ڕووی دابەش کردنی شێوەزارەکانی کوردییەوە سەر بەکام تیرەی سەرەکین.

ڕۆلنیسۆن دەڵێت: (لەنزیکی مایەشتدا کوردانێ دەژین کە سەر بە عەشیرەتی گۆرانن). (کتێبی کوردانی گۆران لاپەڕەی ٨٩) هەر ئەو سەرچاوەیە لە زمانی ڕۆییەوە دەڵێت: (زۆربەی هۆزەکانی تری باشووری کوردستان بەشێوەی گشتی پێیان دەوترێ لەک).

مامۆستا حەمە عەلی سوڵتانی لە کتێبی (ئەیلات و هۆزەکانی کرماشان)دا دەڵێت: (کاکڵەی بناغەی گۆران لایەنگری ئایینی (ئەهلی هەق)ن کە بە شێوەزاری کەڵهوڕی کە تایبەتی ناوچەی گۆرانە ئەدوێن).

مینۆرسکی لە وتاری لێکدانەوەی خۆرهەلاتی دووردا دەڵێت: (هۆز، یان تیرەی زەنگەنە بێ سێ و دوو هۆزێکی کوردە و زۆربەیان پەیڕەوی مەزهەبی عەلیولاهین).

مامۆستا تۆفیق وەهبی دەڵێت: (دانیشتوانی باریکەی ڕەبات تا خانەقین تێکەلاوێکن لە گۆران و کەڵهوڕ). کتێبی کوردانی گۆران.

ئا. ئارلۆف لە جەستارها، یان بە شوێندا گەڕان و لێکدانەوەی سەرزەوینی خۆرهەلاتدا دەڵێت: (هۆزی گۆرانەکان بریتین لە کەڵخانی، تفنگی، بێبیانی، نرجەکانی و قادر میرەویسی).

عەلی ڕەزم ئارا: لە کتێبی جوگرافیای ئێران بەرگی پێنجەمدا دەڵێت: (گۆران یەکێ لە بەشەکانی سەر بە شارستانی شابادە کە شوێنی جوگرافیایی بەم شێوەیە، لە باکوورەوە تا گەورەدێی سنجاوی و ناوچەی وەڵەدبەگی و باوەجانی، لە خۆرهەلاتەوە دووبارە بەشێ لە سنجاوی و باوەندپووری و شاباد، لە باشوور و خۆرئاواوە، بە ناوەندی کردن و پشت تەنگی ئەژدەها).

لەم بۆچوونانەدا زۆر شتمان بۆ دەردەکەوێ، یەکەم ئەوەیە کە جوگرافیای ژینگەی عەشیرەتی گۆران لە کوێدایە، دووەم بەیەک زانینی عەشیرەتی گۆران و هەورامی، سێیەم بە یەک زانینی شێوەزاری کەڵهوڕ و گۆران، کە وادەزانم تەواوی ئەو تێکەڵکردنانە بەو شێوەیە دەبێ لە ڕووی بەستی ئاگادارییەوە سەیرانی بکرێت. ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە بەناوی هەورامی و گۆران دەیانناسین لە دابەشکردنی شێوەزارەکاندا دەبێ بچنە دوو خانەی جیاوازەوە، لەبەر ئەوەی ئەو عەشیرەتەی ئەمڕۆ ئێمە بەناوی گۆران دەیانناسین، ژینگەی جوگرافیاییان دیاری کراو، چەند هۆزێکن و لەناوچەکانی گەهوارە و کۆزەراندا دەژین و شێوەی دیالۆگ و قسەکردنیشیان (ئەرائەرا)یە کە دەچێتەوە سەر بەشی کەڵهوڕی نەک هەورامی. ئەگەرچی دەکرێ لە ڕوانگەی تریشەوە سەیری ئەو ڕووداوە بکەین و ئەوانیش سەر بە شێوەزاری هەورامی بزانین، بەڵام ئەوە دەچێتەوە بۆ دەورانێکی زۆر کۆن و بناغەی جیابوونەوەی زمانی کوردی و فارسی، کە پاشان بە هەندێ لەو بەڵگە و بۆچوونانەش ئاماژە دەکەین.

ئەو شێوەزارەش یانی (ئەرا ئەرا) لەڕابردوودا نووسراوە، یان تێکستی وای نەبووە کە بتوانێ بەشی باشووری کوردستان لە ژێر دەسەلاتی خۆی بگرێت، تەواوی ئەو نووسەرانەی باسی دەسەلاتی شێوەزاری گۆرانەکانیان لە باشووری کوردستان کردووە، ئەو تێکست و نووسراوانەیان خستوونەتە بەر دەست کە بە شێوەزاری هەورامی نووسراون، ئەڵبەتە هیچ تاوانێ نادرێتە پاڵ ئەو نووسەرانە، بەو بۆنەیەوە ئەوان هەموویان بەگۆران داناون، بۆ وێنە:

ئۆسکارمان: لەبەرهەمی گۆراندا دەڵێت: (شێوەزاری

گۆران زمانێکی سەربەخۆیە و لە شێوەزارەکانی هەورامی، کەنوولەیی، باجەلانی، ڕێژاوی، بێوەنجی و گاوارەیی) پێکهاتووە، ئەگەرچی ئۆسکارمانیش لێرەدا وەک هەندێ نووسەر کە شێوەزاری گۆران، یان هەورامییان بە زبان داناوە کە ئەوەش لە خۆیدا جێی باس و لێکۆڵینەوەیە کە پاشان ئاماژەیەکی کورتیش بەوە دەکەین، لەپاڵ ئەوەشدا زۆرێ لە هۆزەکانی باشووری کوردستانی سەر بە شێوەزاری گۆران داناوە.

لەکتێبی کوردانی گۆران لەزمانی ڕۆژهەڵاتناسی فەرانسەییەوە دەیگێڕێتەوە: (لەکاتی خۆیدا هیووئار، نووسخەیەکی خەتی بەزمانی گۆرانی لە گەنجینەی ئەیاسۆفی دەست ئەکەوێ بەناوی مەنزوومە، یان داستانی مەنیژە و بیژەن) کە دەڵێ: (بە شێوەزاری گۆرانی نووسراوە) هەتا مامۆستا موکریش کە ئەو مەنزوومەیەی چاپ کردووە لە پێشەکییەکەیدا ئاماژە بە شێوەزاری گۆران دەکات، دیارە ئەوە مەنزوومەیەش بە شێوەزاری هەورامی نووسراوە. هەمان سەرچاوە لە زمانی (ابن الفلاح)ەوە دەیگێڕێتەوە کە: (لەناوچەی شارەزوور تا هەمەدان کە سەرانسەری بەشەکانی باشووری کوردستانی ئەمڕۆی ئێرانە، بە تایبەت ناوەندی کرماشان و ئەردەڵان، ژینگەی عەشیرەتی گۆرانە).

مینۆرسکی لە وتاری سنەدا دەڵێت: (شێوەزاری هەورامانی بە شێوەزارەکانی ناوەندی ئێران نزیکە)، پاشان پێی لەسەر ئەوەی دادەگرێ و دەڵێت: (لە شێوەزاری هاوسێکانیدا بە تایبەت لە گۆرانەوە زۆر نزیکە).

لەکتێبی کوردانی گۆران لاپەڕەی ٧٢ لە زمانی (ئاکۆیۆف)ەوە دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: (پێوەندی گۆران و ئەردەڵانییەکان و بەشەکانی تری باشووری کوردستان، وەک: جوانڕۆ، مەریوان، هەورامان، کەڵهوڕ، ئەیوان، کەنووڵە و سنجاوی بەشێوەی گشتی دەچنەوە سەر کۆنترین تیرە کە ئەویش گۆرانە).

مامۆستا حەمەعەلی سوڵتانی لە کتێبی (ئەیلات و هۆزەکانی کرماشان)دا دەڵێت: (شێوەزاری گۆران هەورامی) کە دەفتەری یارسانەکانی پێ نووسراوە بە شێوەزاری عەشیرەتی گۆران دەناسرێت).

ئەوانەی کە ئاگاداری و شارەزاییان لەسەر ئایینی یارسانی و دەفتەر و نووسراوەکانیان هەیە بەوەی دەزانن کە زۆربەی ئەو دەفتەرانە بە شێوەزاری هەورامی نووسراون کە لێرەدا مامۆستا سوڵتانیش گۆرانی (هەورامی) داناوە.

من لەوەی هەورامییەکان گۆران بن، یان نا پێ داناگرم، بەوەش دەزانم کە هەموو ئەو تیرە و هۆزانە سەر بە میللەتی کوردن و هیچ کەسێ ناتوانی لێکیان جیابکاتەوە، بەڵام لێرەدا باسی دابەشکردنی شێوەزارەکانی زمانی کوردییە، هەتا ئەگەر ئەو دابەشکردنەی شەرەفخانیش دروست بێ، چۆن جافەکان و دانیشتوانی مەریوان کە سەر بە کرمانجی ناوەڕاست، یان سۆرانن و گۆرانەکان کە سەر بەشێوەزاری کەڵهوڕن و هەورامییەکان کە سەر بە شێوەزاری ماچۆن هەموویان کردوون بە چواربەش، یانی کرمانج، لوڕ، کەڵهوڕ و گۆران، بەم شێوەیە بەشێکی هەرە زۆری کورد کە بریتی لە ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا و باکوور، کردوونی بەیەک زمان، کەچی بەشی باشووری کردووە بە سێ زمان؟ ئەگەرچی من بەش بەحاڵی خۆم باوەڕم بەزمان بوونی ئەوانە بەشێوەی جیاواز نین، کەچی ئەویش خۆی بۆچوونێکە و ئێمەش هەر وەک خۆی دەینووسینەوە.

بۆ ئەوەی جوانتر ڕوونی بکەینەوە ئەو هۆزانەی کە بە شێوەزاری کەڵهوڕی و هەورامی دەدوێن بەشێوەی جیاواز دەیاننووسین تا ڕوونببێتەوە کە ئەو هۆزانە لەکاتی دابەشکردنی شێوەزارەکاندا بە کام تیرەی سەرەکی کورد نزیک و دەچنە کام خانەوە.

**شێوەزاری کەڵهوڕی**: کە بە شێوەزاری (ئەڕا ئەڕا) دەناسرێت بریتین لە: کەڵهوڕ، لەک، گۆران، سنجاوی و فەیلی.

**شێوەزاری هەورامی**: کە بە شێوەزاری (ماچۆ) دەناسرێت، بریتین لە هەورامی تەخت، لهۆن، ژاوەرۆ، کەنوولەیی و هەمەوەندی، هەتا دەکرێ شەبەک و زازاکانیش بەشێ لە شێوەزاری هەورامی بزانین.

لێرەدا دەبێ بگەڕێین بە شوێنی هۆکاری تێکەڵاوی ئەو دوو عەشیرەتە، لەبەرچی زۆربەی نووسەران و لێکۆڵەران بەیەکیان زانیون.

**یەکەم**: ئەوانەی لەسەر ڕەوتی شێوەزار و زمانە کۆنەکانی پێش هاتنی ئیسلام لەباشووری کوردستان کاریان کردووە باوەڕیان لەسەر ئەوەیە کە زۆربەی ئەو ناوانە سەر بە شێوەزاری گۆرانن، کە ئەویش پاشماوەی

زمانی ئاوێستایی و پاشان پەهلەوی بووە، کە هەر لەم وتارەدا ئاماژە بەچەند بابەتێ لەم بوارەش دەکەین.

**دووەم**: ئەو بەڕێزانەی شارەزای ئەم بوارەن باوەڕیان بەوە هەیە کە زۆربەی هۆزەکانی عەشیرەتی ئەمڕۆی گۆران سەر بە ئایینی یارسانین کە مامۆستا سوڵتانیش بەجوانی ئاماژەی بەوە کردووە. ئەو ئایینە، جیا لە ئایینی ئیسلامە و بەشێکە لە ئایینی کۆنی کوردان.

ئەو نووسەرانەش بە تایبەت نووسەران و لێکۆڵەرانی دەرەوە کاتێ ڕێگایان کەوتوەتە ئەم ناوچەیە، لەوەیدا ڕاماون کە چۆن ئەم عەشیرەتە لەنێو قورنەی موسڵمانان هەر وا لەسەر بیروباوەڕی کۆنی خۆیان ماونەتەوە و موسڵمان نەبوون.

لەم ڕوانگەیەوە دەستیان داوەتە لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە، بەوەی دەزانین کە زۆربەیان لەسەر ئەم باوەڕە یەکدەگرنەوە، کە ئەمانە سەر بە عەشیرەتی گۆرانن.

پاش ئەوەی گەڕاون بە شوێن نووسراوە، یان تێکستی لەسەر ئەو بیروباوەڕە، هەروا لە پێشدا ئاماژەمان بەوەش کرد، زۆربەی تێکست و نووسراوەکان لەنێو دەفتەری یارسانییەکاندا بەناوانی دەفتەرە گەورە، دەفتەری پەردیوەر، دەفتەری سەرەنجام، دەفتەری شندروی، دەفتەری باباناوس، دەفتەری شاخۆشین و... بە شێوەزاری هەورامی نوسراون، پاشان لە بەربەستی ئاگاداری لەو دوو شێوەزارەیە و بوونی سوڵتان سەهاک لەناوچەی هەوراماندا کە زیندووکەرەوەی ئایینی یاری بوو لە دەسکەوتی لێکۆڵینەوەی مەیدانییدا، کاتی دابەشکردنی ناوچەکانی کوردستان بە گوێرەی شێوەزارەکان، ناوی گۆرانیان بۆ ئەم بەشە داناوە. ئەڵبەت ئەمە تەنیا بۆچوونێکە، ئەوەش وەک ئەوەیە بڵێین، زمانی قورئان کە عەرەبییە و بۆ ماوەیەکی درێژخایەن زۆربەی میللەتی کورد بەو زمانە یانی (عەرەبی) خوێندنەوەیان دەست پێ کردووە و شیعر و نووسراوەی زۆریشی لە شوێن بەجێ ماوە بڵێین زمانی کوردییە، ئەگەرچی ئەو شێوەزارەیە و ئەم زمانە، کەچی لە ڕووی ئایینییەوە ئەو بۆچوونە لەیەکەوە نزیکە، کە ئەوەش لە خۆیدا هەرمانێکی نەشود و دوور لە باوەڕە.

بەڵام لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ و دەکرێ بڵێین، یەکێ لەو هۆکارانەی تێکەڵاوی ئەو دوو عەشیرەتە کە زۆربەی نووسەران و لێکۆڵەرانی ناوخۆ و دەرەوە بە یەکیان زانیبون، نووسراوەی دەفتەرەکانی یارسانی بووە، کە بە شێوەزاری هەورامی نووسراون و بە گۆرانیان لە قەڵەم داون، ئەمەش هەڵەیەکی گەورە بووە لە درێژایی مێژوودا، بە تایبەت لە سەدەی (١٨) بەم لاوە هەر دەم لە لایەن زۆربەی نووسەرانی ناوخۆ و دەرەوە بێ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە پات کراوەتەوە.

هەروا کە وتمان لە چۆنیەتی دابەشکردنی شێوەزارەکانی زمانی کوردی شێوەزاری هەورامی بە (ماچۆ ماچۆ) و شێوەزاری عەشیرەتی ئەمڕۆی گۆران بە (ئەڕا ئەڕا) دەناسرێن کە لە باری فۆنەتیک و دیالۆگەوە جیاوازی شێوەزارییان تێدا بەدی دەکرێ و دەچنە دوو خانەی جیاوازەوە.

جێگای خۆیەتی ئەوەش بڵێین زۆرێ لەوانەی بە شێوەزاری کەڵهوڕی و کرمانجی ناوەڕاست، یان سۆرانی دواون توانیویانە هاسان بە شێوەزاری هەورامی بخوێنن و بنووسن، ئەمەش لەخۆیدا بۆ ئەو دوو هۆکارەی هەڵدەگەڕێتەوە. یەکەم شێوەزاری هەورامی زمانی ئایینی بەشێکی زۆر لە هۆزەکانی گۆران و لەک بووە. دووەم بۆ ماوەیەکی درێژخایەن زمانی ئەدەبی بەشێکی گەورەی کوردستانی ئەم دیو و ئەودیوە، واتە ئەردەڵانی و بابانییەکان بووە.

لێرەدا دووبارە ئەو پرسیارە خۆی دەنوێنێ کە ئایا هەورامییەکان لەو عەشیرەتەی کە ئەمڕۆ بەناوی گۆران دەژمێردرێن بوون، یان گۆرانەکان لە بناغەدا هەورامی بوون، هەموویان بە گۆران لە قەڵەم داون، بە پێوەری هەندێ بەڵگە و بۆچوونی بەراوردکاری هەورامییەکان لە درێژایی مێژوودا خاوەنی شارستانیەت و یەک جێنشین بوون، شێوەزارەکەشیان یەکێ لە نزیکترین پاشماوەی زمانی ئارییەکان، یان ئایرین واچەکان بوو کە پاشان ئاماژە بەو بەڵگە و سەرچاوانەش دەکەین.

**ڤاسیلی نیکتین**: بەرپرسی باڵیۆزخانەی ڕووس لە ئێران، لە کتێبی کورد و کوردستان لاپەڕەی ٤٧٥دا دەڵێت: (زنجیرە نووسراوەیەکی ئەدەبی لە ئایینی (عەلیولاهی)دا بە کوردی گۆرانی هەیە بەناوی سەرئەنجام). هەرا لەلاپەڕەی ٤٧٦دا دەڵێت: (عەشایری کورد وابەستە بە ئایینی عەلیولاهی «ئەهلی هەق» عەشیرەتی جیابووی کەڵهوڕەکانن کە بریتین لە سنجاوی و ناوەڕۆکی هۆزی گۆران. بێژگای ئەوانەی لە دەوروبەری

پەردیوەردا ئەژین).

یەکێ لەو شتانەی کە نیکتین لێرەدا بۆ ئێمەی دەردەخات ئەوەیە، ڕاستە لە باری ئایینییەوە لەگەڵ هۆزەکانی پەردیوەری هەوراماندا یەکێکن، کەچی لە باری دابەشکردنی عەشیرەتییەوە لە یەک جیان. یەکێتر لەو خاڵانەی لەبەرچاوی نەگرتووە هەندێ لە هۆزەکانی عەشیرەتی لەکن نزیکی سەحنەدا کە ئەوانیش سەر بە ئایینی یارسانین، یان بە واتەی ئەوان عەلیوڵاهی، دەفتەری سەرئەنجامیش بۆ هەمووان ڕوونە بە شێوەزاری هەورامی نووسراوە، نە کەڵهوڕی و گۆرانی ئەمڕۆ.

مامۆستا خەزنەدار لە مێژووی ئەدەبی کوردی لاپەڕەی ٨٧دا لەم بارەیەوە دەڵێت: (شێوەزاری گۆران بۆ کۆمەڵێک هۆز و عەشیرەت بەکاردەهێنرێت، لە شاخەکانی لای باکووری ڕێگای بەغداد کرماشانەوە لەسەر ڕووباری سیروان و ناوچەی هەورامانی لهۆن و هەورامانی تەخت دەژین.

دیارە مامۆستا خەزنەداریش هەر ئەوەمان بۆ پات دەکاتەوە کە هەورامی و کەڵهوڕ و گۆران و سنجاوی و وەڵەدبەگی و جاف و لەک هەموویان گۆرانن، بەو بۆنەیەوە ئەو ناوەندەی ئەو باسی کردووە تەواوی ئەو هۆز و عەشیرەتانەی تێدایە.

ئەگەر ئاوا بێ، دەبێ زمانی کوردی بەگشتی بکرێ بە سێ شێوەزاری کرمانجی و گۆران و لوڕ، هەتا ئەگەر واش بێت دەبێ جافەکان و وەڵەدبەگییەکان لەوانە جیا بکەینەوە. ئەگەرچی هەندێ لە نووسەران کرماشانیان وەرگرتووە لە کرماجان دادەنێن، کە ئەوە لە خۆیدا باسێکی جیاوازە و لێرەدا شوێن ئەوەمان نییە، بەڵام بە بڕوای من هیچ بیرمەندێکی عیلمانی ناتوانێ لە کاتی دابەشکردنی شێوەزارەکانی زمانی کوردی تەواوی ئەوانەی لەو ناوچانەدا دەژین بە یەک شێوەزاریان بزانێت.

هەروا لەپێشدا وتمان ئێمە دەستی ڕەد بەو بۆچوونانەوە نانێین کە هەورامی گۆران نییە، بەڵام کام گۆران؟ ئەگەر مەبەست ئەو چەند هۆزەی بێت کە لە ناوچەکانی گەهوارە و کرند و کۆزەراندا دەژین، ئەوە بێ گومان دەڵێین هەورامی سەر بەو عەشیرەتە نییە، بەڵام ئەگەر مەبەست لە شێوەزاری گۆران بە واتەی موسڵمانەکان پاشماوەی ئەو زمانە کۆنەی ئێرانییەکان بەناوی گاوران، یان گەبران بێ، ئەوە دەتوانین بڵێین ڕاستە، بۆ ئەوەیە باش ڕوونی بکەینەوە با لە ڕوانگەیەکی ترەوە سەیری ئەم ڕووداوە بکەین.

یانی هەورامییەکانیش بە گۆران بزانین، ئەوەش تەنیا لەم ڕوانگەوە دەکرێت کە باوەڕمان بەوەش بێت. پاش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ ناوچەکانی کوردستان بەتایبەت هەورامان، هەندێ لەسەر ئەو باوەڕەی خۆیان ماونەتەوە تا ماوەیە پاش ئیسلامیش پارێزگارییان لێوە کرد کە ئەو باوەڕەش بریتی بووە لە ئایینی زەردەشتی و زروانی و یارسانی.

لەبەر نزیکایەتی شێوەزاری هەورامی لە زمانی ئاوێستایی و پەهلەوی موسڵمانەکان بە هەورامییەکانیان وتووە، زمانی ئەمانە سەر بە زمانی گاور، یان گەور، یان کافرەکانن کە هەموویان مانای نائیسلام دەگەیەنێ، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار گاور بووە بە گەور و گەوریش بووە بە گۆران، کە مامۆستا هەورامانی لە وتاری گۆرانەکاندا بۆچوونێکی وای لە ڕوانگەی زمانناسییەوە هەیە کە دەڵێت: (وشەی گەورە بەرەو گۆر ڕۆیشت و کۆبەکەیشی بوو بە (گۆران). دیارە هەورامییەکان تا سەردەمی سوڵتان سەهاک، یان سوڵتان ئیسحاق زۆر پابەندی ئایینی ئیسلام نەبوون، بۆیە لەسەردەمی سوڵتاندا پەردیوەر یەکێ لە گەورەترین شارەکانی ئەو سەردەمەی هەورامان دەبێتە مەکۆی زیندووکردنەوەی ئایینی یاری، پاشان کە هەورامییەکان بە بیروباوەڕێکی ڕاستەقینە ئایینی ئیسلام پەسەند دەکەن دەبنە پاڵپشتێ بۆ ئەو ئایینە، پاشان ئایینی یاری وردە وردە لە ناوچەی هەورامانەوە بەرەو ناوچەکانی گەهوارە و کرند ڕاگوێز دەکرێتەوە کە جیا لەگوندەکانی هاوار و دەرەتووی هیچ لایەنگرێکیان لە هەوراماندا نامێنێت.

جا ئەگەر هاتوو لەم ڕوانگەیەوە وشەی گۆران هاتبێتە ئاراوە دەکرێت بڵێین لەپێشدا گۆران بە هەورامییەکان وتراوە و پاشان ئەو عەشیرەتەی کە ئەمڕۆ پێی دەوترێ گۆران ئەو ناوەیان پێ براوە.

ئەڵبەتە بۆچوونێک کە لەسەر ناوی گۆران هەیە، لەبەر ئەوەی سەرچاوەکەی بە زمانی ئەڵمانییە و وەرنەگیراوەتە سەر زمانی کوردی، یان فارسی کەمتر کەڵکی لێ وەرگیراوە و کەوتووەتە بەر لێکۆڵینەوەوە. ئەویش بۆچوون و نووسراوەی نووسەرێکی پێش زایینە بەناوی

ئیسترابۆن لە کتێبی شێوەزارەکانی گۆراندا بە نووسینی (کارل هدنگ) نووسەری ئەڵمانی دەڵێت: (شێوەزارەکانی بەشی گۆران بریتین لە کەنووڵەیی، هەورامان و باجەڵانی)، پاشان لەسەر وشەی گۆران دەڕوات و بە لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە بەو قەناعەتەی دەگات کە گۆرانەکان یەکێ لە کۆنترین عەشیرەتەکانی ناوچەی کوردستان بوون، بۆ ئەوەی بۆچوونەکەشی جێی باوەڕ بێت، دوو وێنەمان بۆ دەخاتە بەرچاو، یەکەم دەڵێت: (لە سەرەتای پێکهاتنی دەسەڵاتی ئەردەڵانییەکان هێزێکی گەورەی گۆرانیان پێکهێناو بەناوی کلاو سپییەکان، ئەوەش بەو بۆنەیەوە بوو کە ئەو هێزە لە جۆری کلاوی ئاسنی سپی کەڵکیان وەردەگرت، هەر ئەو تایبەتمەندییە لە هێزی کوردەکان و فارسەکان کە ئەوانەیش لە جۆرە کلاوێکی سوور و ڕەش کەڵکیان وەردەگرت جیا دەکرانەوە. وێنەی کلاوەکانیش هەر لەو سەرچاوەیەدا هەیە.

ئیسترابۆن لە کتێبی شێوەزارەکانی گۆراندا بە نووسینی (کارل هدنگ) نووسەری ئەڵمانی دەڵێت: (شێوەزارەکانی بەشی گۆران بریتین لە کەنووڵەیی، هەورامان و باجەڵانی)، پاشان لەسەر وشەی گۆران دەڕوات و بە لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە بەو قەناعەتەی دەگات کە گۆرانەکان یەکێ لە کۆنترین عەشیرەتەکانی ناوچەی کوردستان بوون، بۆ ئەوەی بۆچوونەکەشی جێی باوەڕ بێت دوو وێنەمان بۆ دەخاتە بەرچاو، یەکەم دەڵێت: (لەسەرەتای پێکهاتنی دەسەڵاتی ئەردەڵانییەکان هێزێکی گەورەی گۆرانیان پێکهێناو بەناوی کلاوسپییەکان، ئەوەش بەو بۆنەیەوە بوو کە ئەو هێزە لە جۆری کلاوی ئاسنی سپی کەڵکیان وەردەگرت، هەر ئەو تایبەتمەندییە لە هێزی کوردەکان و فارسەکان کە ئەوانەیش لە جۆرە کلاوێکی سوور و ڕەش کەڵکیان وەردەگرت جیا دەکرانەوە. لەپێشدا وتمان شێوەزاری هەورامی پاشماوەی زمانی ئاوێستایی و پەهلەوییە، بۆ ئەوەی باوەڕمان بەم بۆچوونەش هەبێ ئاماژە بە هەندێ بەڵگەی مێژوویی و ئەو تێکست و نووسراوانەی لەم بابەتە دەکەین.

یەکەمین بەڵگە بۆ ئەم بۆچوونە یەکێ لە قەواڵە کۆنەکانی هەورامان، کە مامۆستا موعین لە پێشەکی فەرهەنگی موعین لاپەڕەی ٣١دا دەڵێت: (کتێبەکانی پەهلەوی کە زیاتریان لە سەر شوێنەواری زەردەشتی نووسراون شێوەی نووسینیان هەر ئەوەیە وەک دینکرت، بندهش، داتستان، دینیک، ماتیکان، کارنامەی ئەرتەخشیر بابەکان، درخت ئاسوریک و...) کە کۆنترین وێنەی ئەم نووسراوانە بەڵگە، یان قەواڵەیەکە لە هەورامانی کوردستان دۆزراوەتەوە کە ئێستا بۆمان دەرکەوتووە بە زمانی «پارتی» پەهلەویە).

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە زمانی پەهلەوی پێش زایین لە ناوچەی هەوراماندا خاوەنی دەسەڵات بووە، مامۆستا جەمال نەبەز لە وتاری لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیدا دەڵێت: (بە بیروباوەڕی من ئاوێستا یەک سەرچاوەی کوردییە). کە ئەوەش پاش لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیەکی زانستی زمانناسی بەو قەناعەتە دەگات.

یان مامۆستا حەمدوڵای مستەوفی لە مێژووی گوزیدەدا، کاتی هاتنی موسڵمانەکان بۆ ناوچەی قەزوین دێرە شیعرێکی ئەو سەردەمەمان بۆ دەنووسێت کە بێ گومان بەزمانی پەهلەوی، یان فەهلەویاتە کە هیچ بیرمەندێ لە هەورامی کۆن جیای ناکاتەوە. ئەوەش شیعرەکەیە:

**نە موسڵمان بیم نە گزیەت مەدەیم**
**بشی ئەو مەکە شی کاما برەیم**

ئەو کاتە موسڵمانەکان پێشنیار دەکەن بە دانیشتوانی قەزوین، یان موسڵمان بن، یان جزیە بدەن، ئەوانیش بەو دێرە شیعرە جوابیان دەدەنەوە کە ئێمە نە موسڵمان دەبین، نە جزیەش دەدەین، ئێوە بڕۆنەوە بۆ مەکە و ئێمەش لە جێی خۆمان دەبین.

لە کتێبی کورد و کوردستانی مامۆستا بۆرەکەیی لاپەڕەی ١٧٧دا لەم بارەیەوە ئاوا دەڵێت: (ابن خوردادبە، یان کوڕی خوردادبە و چەند جوگرافیازانێکی کۆن سەرزەوینی پەهلەوی زوانەکانیان بە «بلاد البهلویین» ناو بردووە، یانی ئەو شارانەی کە پەهلەوی زمانن، کە ئەم ناوە تا چەند سەدە پاش هاتنی ئیسلام وردە وردە لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا بووە بە «الجبال» پاشان بەناوی هەورامان ناوبانگی دەرکردووە) ئەگەرچی ئەم بۆچوونە جێی سەرنج و لێکۆڵینەوەی زیاترە لەبەر ئەوەی هەورامان پێش ئەوەش بەناوی ئورمەن، یان ئورامین ناوی لێ براوە.

مامۆستا حیرەتی سەجادی لەکتێبی «پارسی گویان

کرد» لە زمانی ئەحمەدی کەسرەوی-یەوە دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: (تەواوی هۆزەکـان لە خـۆرئاوای ئێـران هەر لە سنووری ئاسیـای بچـووک تا خاکی فـارس و کـرمان کـە تێیـدا ژیاون، لە سەرەتای هاتنی ئیسلام، جگە لە ناوی کورد هیـچی تریان نەبووە، هەروەها بە پێوەری ناوچەکان زوانەکەشیان پەهلەوی ئەشکانی، یان ساسانی بووە).

مامۆستا ئەردەشیری کەشاوەرز لە وتاری (شێوەزاری گۆران، یان هەورامی) لە زمانی محەممەدی مورتەزایی لە ریسالەی زمانی کورد و شێوەزارەکانی، دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: (باستانیترین، یان کۆنترین شێوەزاری کوردی شێوەزاری هەورامییە کە لە ناوچەکانی هەورامانی لهۆن و تەختدا ڕەواجی هەیە).

ئەوەش بڵێم مامۆستا کەشاوەرز لە سەرتاسەری ئەو وتارەیدا شێـوەزاری هەورامی و گـۆرانی بەکـار بردووە. ئیـدی نازانم لەبەرچی؟ ئایا ئەوانەی بە دوو شێـوەزاری جیـاواز داناون کـە «واو»ی (ڕەبتی)یان پێـوەندی بۆ بەکـارهێناوە؟ یان ویسـتـوویەتی ئەوانە بکا بە یەکێ، ئەگـەر یەک بن ئیـدی «واو»ی ڕەبتی ناوێ، دەبوایە (هەورامی، گۆران)ی بنووسیبایە.

وێنەیەکیـتـر بۆ ئەم بۆچوونە، شیـعـری ئاتران، یان هورمزگـانە، کە ئەویش لە سەرەتای هاتنی ئیسـلام بۆ کوردسـتـان، بە تایبەت ناوچەی هەورامـان کە بەشێوەی هەورامی کـۆن نووسـراوە و لەبەر ئەوەی هەمـوو کـەس ئاگاداری لەو شیعرە هەیە و زۆریش پات بووەتەوە ئیدی من لێـرەدا بە پێـویسـتی نازانم دووبارە بینووسـمـەوە، ئەگـەرچی هەندێ کـەس دوودڵن لەسـەر هەبوونێکی مێـژوویی ئەو شیـعرە، ئەوەی ئیـدی بە مێـژوونووسـان و لێکۆڵەران دەسپێرین.

ئەو بەڵگە و بۆچوونانە بە ڕاشکاوی ئەوەمـان بۆ ڕوون دەکـەنەوە کـە شێـوەزاری هەورامی ئەمـڕۆ پاش مـاوەی ئاوێستایی و پەهلەوییە کە وێنەی تری زیندووی دەتوانین لەنێـو ئاوێسـتـادا، واژە و دێری هەورامی زۆری تێـدا بدۆزینەوە کە ئەمڕۆش ئێمەی هەورامانی هەروەک خۆیان بە هاسانی بیانخوێنینەوە.

دیارە پاش هاتنی ئایینی پیـرۆزی ئیسـلام ئەو زمـانە بەرتەسک بووەتەوە و لەبەر هەندێ هۆکاری جوگرافیـایی و تایبەتمەندی هەورامان لەو ناوچەیەدا زیاتر لە شوێنانی دیکە پارێزگاری لێوە کراوە، ئەڵبەت هەر ئەم زمانە یانی پەهلەوی لەو ناوچانەی وەک شـەبەکـەکـانی مـووسڵ و زازاکـانی کوردسـتـانی باکوور و هەروەها چەند گوندێک لەنزیکی ساوە و ڕوودباری ئێراندا بەشێوەیەکی زۆر کەم پارێزگاری لێوە کراوە. هۆکاری ئەوەش لە هەورامان زیاتر لە شـوێنەکـانی تری کـوردسـتـان و ئێـران پارێزگـاری لێـوە کراوە، ئەمانە بوون:

**یەکەم**: بافتی سروشتی و جوگرافیایی هەورامان کە لە زۆربەی هێـرشی داگیـرکـەران پارێزراوە، لەبەر ئەوەی شـوێنێکی ئابووری و بە دەسـەڵات نەبووە، کـەمـتـر کەوتووەتە بەر هێرشی داگیرکەران.

**دووەم**: هەورامـیـیـەکـان لەدرێژایی مـێـژوودا یەک جێنشین، یان باشتـر بڵێم خـاوەنی شـارسـتـانیـەت و نیـشـتـەجێ بوون، وەک تیـرەکـانی تری میـللەتی کـورد نەبوون لەبەر کـۆچەری و هاتوچۆ و تێکەڵاوی لەگـەڵ هۆزەکانی تردا زیاتر خۆیان لەدەست بدەن.

**سـێـیـەم**: هەورامـان بە بۆنەی یەک جـێنشـینی و جوگرافیایی مەڵبەندێ بووە بۆ پەنابەران و هەر کەس لە هەر شـوێنێکەوە زۆریان بۆ هێنابێ، بـە تایبـەت لایەنگرانی ئایینی کـۆنی ئێـرانی، بەرەو هەورامـان هەڵهاتووە و لەوێدا مانەتەوە کە بنەماڵەکانی هەورامانی تەخت وێنەیەکن بۆ ئەم بۆچوونە.

بەم بۆنەیەوە هەورامـان لە هەمـوو شـوێنێکی کـە زیاتر توانیـویەتی پارێزگـاری بەشێ لەو زمـانە کـۆنەی ئایرین واچەکـان بکات. بۆ ئەوەیە ئەگـەر ئەمڕۆ باوەڕمـان بەوەی هەبێ کـە شـێـوەزاری هەورامی یەکێ لە کـۆنتـرین شێوەزارەکـانی زمـانی ئارییاییەکان، یان ئایرین واچەکان بووە بێ جێ نییە.

بۆ نزیکایەتی شێـوەزاری هەورامی کـە بە شێـوەزاری (مـاچۆ مـاچۆ) دەناسـرێت لەگـەڵ ئایرین واچەکـاندا، مـامـۆسـتـا هەورامـانی لەکـتـێبی فـەرهەنگی ئایرین واچەکاندا، باسی ئەوە دەکات و بەشێوەیەکی زمانەوانی لێکی داوەتەوە، لە بەشـێکی ئەو لێکدانەوەیەدا ئـاوا دەڵێت: (ئەم فـەریزەیە «واچە واچ»ە، بە واتایەکی دی، کـە مـەبەست بە دەسـتـەوەدانی ناوی شـێـوازێکە کـە «ڕەگی» ، یان قـەدی «واچە»ی زۆری تێـدایە، ئەویش شـێـوەزاری «مـاچۆ»یە). هەرئەم شـێـوەزارە بە درێژایی مێژوو هەروا کە وتمان بە پێوەری ئەو بەڵگە و بۆچوونانە، نزیکایەتی زۆری لەگەڵ زمـانی ئاوێسـتایی و پەهلەویدا

هەیە. لە زۆر شـــوێندا بە پەهلەوی و فـــەهلەویات و ئورامین و ئەهورایی و هەورامی و هەورامــــانی ناوی براوە، جـا ئەگـەر هاتوو ئەم شـێـوەزارەیەمـان لەگـەڵ شـێـوەزاری ئەو عـەشـیـرەتەی کـە ئەمـڕۆ بەناوی گـۆران دەناسـرێن بە یەکێ بزانین، وا دەزانم شـتـێکی دروست نەبێ و دوور لە باوەڕ، ئەمـــە لەلایەکـــەوە، لەلایەکی تریشـەوە هەر ئەم نزیکایەتییـەی شـێـوەزاری هەورامی لەگەڵ زمـانی ئاریاییـەکـان بۆتە هۆی سـەر لێ شـێـواوی زۆری نووسـەران و لێکۆڵەران، ئەوەی پات بکـەنەوە کـە شـێوەزاری هەورامی، یان گۆران کـوردی نییـە و سـەر بە زمانی فـارسییە، یان زمانێکی سەربەخۆیە، ئیدی ئەوەی لێک نادەنەوە کە زمانی فارسی ئەمڕۆ سەر بەکام زمانی کۆن بووە، یان هەتا ئەوەی کە ئەمڕۆ ئێمە بەناوی زمانی کـوردی پێی دەنووسین سەرەتا سـەر بە کام زمـانی کـۆنی ئەم ولاتە بووە، ئایا ئەوانیش ناچنەوە ســـەر زمــــانی ئاریاییـەکان؟ یان ڕاسـتـە شـێـوەزاری ئەمـڕۆی هەورامی کـەرەسـتـەی پێـویسـتی زمـانێکی لەباری فـۆنەتیـک و دەسـتـوورییـەوە تێدا بەدی دەکـرێت، ئەوەش ئەوەمـان پێ ناگـەیەنێ کە ئەمـە لە زمـانی کوردی جیـایە و زمـانێکی سـەربەخۆیە، ئەوە لە خـۆیدا دەوڵەمـەندی زمـانی کـوردی ڕادەگەیەنێ کە هەتا شـێوەزارەکـانیشی تا ڕادەی زمـانی توانایـان تێدا بەدی دەکـرێت، نە ئەوەی هەر وتـرا زمـانی هەورامی چ وێژەر و چ خوێنەر وابزانن کە ئەمە زمـانێکی جیا لە کوردییە، دە باشە ئەگەر هەورامییەکان کورد نین ئیدی کێ کوردە؟

لە کـۆتاییــدا ئەو بۆچوونەی کـە لێـرەدا دەرم بڕیوە بۆ ئەوەی نەبووە کە هۆزێ، یان عـەشـیـرەتێ بە کـەم دەس و یەکیتر بە بالادەس بزانین، هەروا لە پێشدا وتم مەبەست ڕوون کـردنەوەیەکی مـێـژووییـە و دەبێ بەوەش بزانین کـە هەمووان کوردین و خاوەنی یەک زمان و یەک نەتەوەین.

لە ڕوانگەیەکی تریشـەوە ناتوانین بەلای ئەوەشـدا بێ لایەن بین کـە یەکێ لەو عـەشـیـرەتانەی وا توانیـویەتی بەشێوەیەکی زۆر جوان پارێزگاری بەشێکی زۆر لە زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی و کـوردی بکات عەشیرەتی گۆران و هۆزەکانی تری سـەر بە ئایینی یارسانی بوون، کە هەر لەکۆنەوە بەشێوەی شیعر و هۆنراوە و پەخشانی، ئایینی، کـۆمـەڵایەتی، ئەدەبی، هەنگاوێکی وایان بۆ مـانەوە و پارێزگـاری بەشـێکی زمـانی کـوردی هەڵگرتووە، کـە جـێگای دەست و پەنجـەیان هەتا دنیـا دنیـایە دیارە و جێگای ڕێز و سوپاسیشن.

**سەرچاوەکان:**

**کورد و کوردستان- مامۆستا مەردۆخ**
**کورد و کوردستان- مامۆستا بۆرەکەیی**
**کورد و کوردستان- واسیلی نێکتین**
**کوردانی گۆران- ک.ب. ئاکۆپۆف، وەرگێڕانی سیروس ئیزەدی**
**وتارەکانی سنە و گۆران- مینورسکی**
**مێژووی هەورامان- مامۆستا هەورامانی**
**بەرهەمی گۆران- ئوسکارمان**
**فەرهەنگی ئیرین واچ- مامۆستا هەورامانی**
**فەرهەنگی موعین- مامۆستا موعین**
**مێژووی گوزیدە- حەمدوڵای مستۆفی**
**مێژووی ئەدەبی کوردی- مامۆستا خەزنەدار**
**مێژووی شەرەفنامە- شەرەفخان بتلیسی**
**ئەیلات و تەوایف کرماشان- مامۆستا حەمەعەلی سوڵتانی**
**لێکدانەوەی سەرزەوینی خۆرهەڵات- ئا. ئارلف**
**جوگرافیای ئێران- ڕەزم ئارا**
**وتاری زاراوەی هەورامی یان گـۆران- مـامـۆسـتـا کـەشـاوەرز (گۆڤاری هەورامان)**
**وتاری زمانی کوردی- جەمال نەبەز**
**پارسی گویانی کورد- مامۆستا حیرەتی سەجادی**
**زاراوەکانی زمانی گۆران- کارل هدنگ**

*** سـوپاس و پێـزانین لە خـوشکی بەڕێز پەری خـانمی مـحـەمـەد وەیسی کـــە ئەو چەند دێرەی لە کـــتـــێـــبی کـــارل هدنگی، لە ئەڵمانییەوە وەرگێڕایەوە بۆم.**

# فەلسەفەی بونافینتورای پاک

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

**سەرەتا**

١- ڕابەرێکە لە ڕابەرانی فەلسەفەی سکولاستی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست. بونافینتورا (١٢٢١-١٢٧٤ز) لە دەڤەری باگنۆریای ئیتالیا لە دایک بووە، پرۆفیسۆری لاهووت بووە لە زانکۆی پاریس.

ئەگەر هۆکاری گەشەکردن و پەرەسەندنی فەلسەفەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست (سکولاستی) بە هەردوو هۆکاری:

- کردنەوەی زانکۆ.
- بزووتنەوەی بە تەوژمی وەرگێڕان لە زمانە کۆنەکانەوە.

پشت ئەستوور بووبێ، ئەوە لەو سەردەمەدا کە بونافینتورا چالاک و دەست بەکار بووە، هەردوو مەزهەب و ڕێبازی:

- دۆمینیک.
- فرەنسیسکان.

تاڕادەیەکی بەرچاو تەوژمیان بەو فەلسەفەیە داوە. ئەگەرچی ڕابەر و ئەندام و لایەنگرانی ئەم دوو تەریقەتە ڕەبەن (راهب) Monch بوون، ئەوە تەریقەتی دووەمیان بەرچاوترین لاهووتی و فەیلەسووف و نووسەر و زانای سەردەمی خۆی گۆش کردووە. بونافینتورا ڕابەرێک بووە لە ڕابەرانی تەریقەتی فرانسیسکانی.

ئەو دوو ڕێبازە هەریەکەی بەپێی جیهاندیدی خۆی جۆرە کردار و ڕەفتارێکی سۆفیانەیان لە چوارچێوەی لایەنگرانی کڵێسەی مەسیحیدا بڵاوکردۆتەوە کە پتر بریتی بووە لە پشت کردنە دنیا و ماڵ و منداڵ و خێزان و دەست کردن بە سواڵ و دەرۆزە کردن بۆ دابین کردنی خۆراکی ژیانی ڕۆژانە، هیچ بیریان لەم جیهانە و ژن و ماڵ و منداڵ نەکردۆتەوە.

دومەنیکۆسی پاک (١١٧٠- ١٢٢١) کە دامەزرێنەری ڕێباز و تەریقەتی یەکەمە لە دەڤەری کەستیلیان هاتۆتە دنیاوە، ژیانی خۆی بۆ خزمەتکردنی کڵێسە داناوە، بە توندی بەگژ گومڕاییدا چۆتەوە، (Ketzertum) نەزری کردووە بەدرێژایی ژیانی نەبێت بە خاوەنی هیچ شتێک و هیچ شتێک شک نەبات، لە ساڵی ١٢١٥ز بە فەرمی لەچوارچێوەی کڵێسەی مەسیحیدا دان بە تەریقەتەکەیدا نراوە کە بەناوی خۆیەوە ناوبراوە. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ناحەزانیان لە دادگای ترسناک و تۆقێنەری پشکنیندا (Inquisition) ڕۆڵی توندوتیژ و چالاکانەیان گێڕاوە. ئەو دادگایە مێژووی پڕ لەکاری کوشتن و بڕین و سووتاندنی ڕقەبەر و ناحەزانی مەسیحی هەبووە. کە ئەوکاتە بە گومڕا ناوبراون. ئەو تەریقەتە ڕێگای بە ڕەبەنەکانی داوە کە لە کایە و دەڤەری چالاکی زانستی- بە واتای ئەو سەردەمە- دەستبەکار بن(١). ئەگەرچی ڕێگای لایەنگرانی نەدراوە کاری دەستی و پیشەیی ئەوتۆیان هەبێ و بیکەن، بەڵام ئەو کاتەی بۆ خەڵوەت و بیرکردنەوە دانراوە، ڕێگادراون، بۆ نووسین و کاری زانستی سوودی لێ وەربگیرێ. لە لاهووتدا هەوڵیان داوە یەسووعی مەسیح و ئەرستۆ پێکەوە بگونجێن.

تەریقەتی دووەم لەلایەن فرەنس فۆن ئەسیسی (١١٨٢- ١٢٢٦ز) دامەزراوە، ڕۆڵەی خێزان و بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتوو بووە، گوایە لەسەردەمی لاوێتیدا ڕۆژێکیان مرۆڤێکی دیوە کە نەخۆشی گولی (گەڕی) هەبووە (Aussatzig) دیمەنی ئەو نەخۆشە دڵتەنگ و غەمباری کردووە، دابەزیوە چووە بۆ لای دەستی کردۆتە ملی و ماچی کردووە. ئیتر بەپێی سەرچاوەکان ئەم دیمەنە بۆتە مایەی ئەوەی ژیانی سەرتاپا بگۆڕێ. فرەنس بووە بە ڕەبەن و پشتی کردۆتە دنیا. تەریقەتێکی دامەزراندووە کە بەناوی خۆیەوە بە فرەنسیسکان ناسراوە.

ئەگەرچی لە زۆربەی دەڤەر و وڵاتە مەسیحییەکانی ئەورووپا دادگاکانی پشکنین لەبەردەستی ڕەبەن و لاهووتییەکانی تەریقەتی فرەنسیسکاندا بوون، بەڵام ئەو ڕەبەنانە و بە تایبەتی ڕۆشنبیرانیان تاڕادەیەک تۆمەتی لە ڕێ لادان و گومڕاییان دراوەتە پاڵ و سووتێنراون(٢).

ڕۆجەر بیکۆن، دونس سکوتس، ڤیلهێلمی ئۆکامی لەنێو ئەو ڕێبازەوە پێگەیشتوون و هەڵکەوتوون.

٢- بونافینتورا بەپێی بڕواو جۆری بیرکردنەوەی کە لایەنگیرێکی لاهووتی کڵێسە و ئۆگۆستینی پاک بووە، هەڵوێستی پەسند کردنی فەلسەفەی ئەفلاتوونی هەبووە و تاڕادەیەک لە ئەرستۆ دوور کەوتۆتەوە. لێرەوە لاهووت بە ئاغا و سەرمەشق و فەلسەفە بە ئامراز و یاریدەدەر تەماشا کراون. ئەگەر ئەرکی فەلسەفە یارمەتیدانی لاهووت و کۆمەک کردن بە دۆگمەکانی ئایین بێت، ئەوە لاهووت- بە باوەڕی بونافینتورا- BonaVentura دەبێ بە تەواوەتی ڕێگای چوونە ناو جیهانی ئەفسanاوی تەسەوف و ڕۆحانییات خۆش بکات. فەلسەفەی ڕاستەقینە کە شایستەی ئەو ناوە بێت، ئەوەیە کە توێژینەوەی ڕەب دەکات بە بابەت و خاڵی سەرەکی و ناوەندی.

ئەگەرچی زۆربەی شارەزایانی فەلسەفەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست لەو باوەڕەدان کە بونافینتورا لاهووتییە بەرلەوەی فەیلەسووف بێت و لەلاهووت بەولاوە بەرهەمێکی ڕێکوپێک و سەربەخۆی لەبارەی فەلسەفەوە نەنووسیوە و لەپاشی بەجێ نەماوە، جگە لەوەی ئەو ڕێبازەی (میتۆدەی) پشتی پێ بەستووە، ئەوپەڕی دوور بووە لە زانینی ژیرەکییانە. لە کاتێکدا تۆماسی ئەکوین بوێرانە تای تەرازووی بەلای ژیری مرۆڤدا داشکاندووە و زانینی ژیرەکی پشت ئەستوور بە فەلسەفەی بەزانینی ڕاست و دڵنیایی لێکراو داناوە، بونافینتورای پاک بەلای سۆفێتیدا چووە و پەنای بردۆتە بەر (جەزبە و ویژدانی) سۆفیگەرێتی، ئەو زانینەی کە بەهۆی ئایین و لاهووت و چالاکی ویژدانی- بەواتای سۆفێتی- بەدەست دێت بە زانینی دروست و ڕەوا داناوە، بۆیە ئەو ئەرکەی بە فەلسەفە سپاردووە کە بڕوا و بنەماکانی ئیمان پشت ڕاست بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ لە چوارچێوەی جیهاندیدە گشتییەکەیدا- لە سۆنگەی سەردەمی خۆیەوە- جۆرە بەشدارییەکی زیرەکانە کە پتر پشتی بە مەنتیقی زمان بەستووە و لە ڕوانگەی ئایینی مەسیحییەوە دەڕوانێ تۆمار بکرێت، بەشدارییەک بریتی بووە لە هەڵوێست بەرانبەر بە زۆربەی هەرە زۆری ئەو بابەتە فرە ڕەنگانەی ئەو سەردەمە خامە ڕەنگینەکانی لاهووتی و فەیلەسووفەکان پێوەی خەریک بوون هەر لە پێوەندی نێوان ئایین و فەلسەفە، سروش و ژیر (ژیرونەقل) نەفس و ڕەب و ئەو بەڵگانەی بوونەکەی پشت ڕاست دەکەنەوە، جیهان کۆنە، یان نوێیە، داهێنان

(خـەلق) مـردن و ژیانەوە، سـزاوپاداشت، هەڵوێست بەرانبەر بە فـەلسـەفـەی ئەفـلاتوون و ئەرسـتـۆ و ئەو ڕێبازانەی بە ڕێبازی باوکانی کلێسە ناسراون...

بونافینتورا وەک لاهووتییەک و چالاکێکی کلێسە و تەریقـەتی فـرەنسـیسکان بۆچوونێکی ڕوون و ئاشکرای دەربارەی فەلسەفە و ڕێبازەکانی هەبووە، دانیشی بەوەدا ناوە کە جیاوازییەکی سەرەکی لەنێوان هەردوو بابەت و میتۆدەی لاهووت و فەلسەفەدا هەیە.

وەک مەسیحییەک کە بڕوای بە سێ ڕەنگی و دۆگم و باوەڕی کلێسەی مەسیحی هەیە، لەبابەتی فەلسەفەدا سێ جۆری لە یەکتری جیاکردۆتەوە:

**یەکـەم:** فـەلسـەفـەی ژیرەکی: Philosophia ra-tionalis کـە قـسـە لە ڕاسـتی بۆچوون و بڕیاردان و ئەنجـامگیـری دەکـات و ڕێزمـان و مـەنتـیق و وتار خوێندنەوەش دەگرێتەوە.

**دووەم:** فـەلسـەفـەی سـروشـتی naturalis: ئەمـە خەریکی توێژینەوەی ڕاستی شتی دەوروبەرە سەرەڕای بابەتی فیزیک و بیرکاری و میتافیزیک.

**سێیەم:** فەلسەفەی ئاکار: Moralis: لە بابەتەکانی کردار و ڕەفتار و ڕەوشت و ئاکار دەکۆڵێتەوە(٣)، جا ئاکاری تاکەکەسان بێ، یان ئاکاری خێزان، ئابووری و ئاکاری سیاسی و کاروباری بەڕێوەبردنی بنەماڵە بێت.

لەو دابەشکردنەی فـەلسـەفـەدا وەک دەردەکـەوێ بونافینتورای پاک بەئاشکرا بیروبۆچوون و جیهاندیدی سانت ئۆگۆستینی لەگەڵ چەند لایەنێکی فەلسەفەی ئەرستۆ ئاوێتەی یەکتری کردووە و هەڵوێستی فـەرمی کـلێسـەشی لەبەرچاو گـرتووە کـە ئەو سـەردەمـە چەند بابەتێکی دیاریکراوی بۆ خـوێندن لە زانکۆی پاریس و مەڵبەندەکانی تردا دیار و دەستنیشان کردووە.

## پرۆسە و بابەتی زانین

ئەگـەرچی تیـۆری زانین وەک بابەتێکی سـەربەخـۆی فـەلسـەفـە لە فـەلسـەفـەی نوێدا لەلایەن فـەیلەسـووفی ئینگلیزی جۆن لۆک (١٦٣٢- ١٧٠٤ز) ڕەنگی ڕێژراوە و ڕوخـسـاری تەواوەتی پێ بەخـشـراوە، ئەوە لەلای فەیلەسوفـەکانی پێشـتر چەندین بیروڕاو بۆچوون بەدی دەکرێت، دەشێ بخرێنە نێو چوارچێوە و پرۆسە و بابەتی زانینەوە.

وەک بنەمـایەکی ئەگـەر و گـومـان هەڵنەگر بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست و بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی ئەو فەلسـەفەیەی کە لەسێبەری هەردوو ئایینی سەرتاپاگیری مەسیحی و ئیسلامدا خەتوخاڵی داوە، دوو جۆرە مەڵۆی زانین شـان بەشانی یەکـتری لە ئارادا بوون و کـەم تا زۆر لەو فەلسەفانەدا دانیان پێدانراوە:

- زانینی فەلسەفەیی.
- ئەو زانینەی بەهۆی بابەتەکـانی سـروشی ئایینەوە کەوتۆتەوە(٤).

ئەو دوو بابەتـەی زانین بەپێی سـەردەم و جـۆری جیـهاندیدی فـەیلەسووفـەکە ناو و چەمک و ڕوخسـار و ناوەڕۆکـەکـەی دیار و دەستنیشـان کراوە. ئەم بنەمـایە بەدرێژایی سـەدەکـانی ناوەڕاست بنەڕەتێکی ئەگـەر و گومان هەڵنەگری پەسندکراوی کەرەسەی ڕشتنی ڕەنگی جیهاندیدێکی سەرتاپاگیری جیهان وەک پێوەندییەکی سیمبۆلیبیانە بەکارهێنراوە.

ئەگەرچی بونافینتورا لە بنەڕەتدا بەپێچەوانەی ڕێبازی لاتینی ئیبن ڕوشـد بیـری کـردۆتەوە و لە فـرە بۆنە و لەزۆربەی نووسینەکانیدا دەرفەت نەماوە کە نەیکات بە هەل بۆ هێـرش بردنە سـەر ئەو ڕێبـازەی فـەیلەسـووفی ئەندەلووسی بەو نیـاز و مەبەسـتەی لە بنەڕەتەوە تێکی بدات، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا خـۆی لە جـیـهـاندیدە لاهووتییـە فـەلسـەفـەییـەکەیدا لەو چوارچێوەیە نەچۆتە دەرەوە کـە فەلسـەفـەی سەدەی سێزدەم تێـیدا ڕەنگی بۆ ڕێژرا بوو. خـۆ ئەگـەر لە هەندێک بابەتدا پـتـر بەلای لاهووت و ئەفلاتووندا شکاندبێ و لە ئەرستۆ و فەلسـەفە دوور کـەوتبێـتـەوە، یان وا نیـشـانی دابێ کە لەو بەرەیە دابڕاوە، ئەوە ئەمە ئەنجامێکی ئەو هەڵوێستەی بووە کە بەرانبـەر بە ئاییـنی مـەسـیـحی هەیبـووە و لە بڕوا و ئیمانییەوە کەوتۆتەوە. بونافینتورا دەخرێتە ئەو خانەیەوە کە بەدرێژەپێدانی دابونەریتی مەسیحییەتی سەردەمی خۆی ناوبراوە. ئەو نەریتـەی کە گـیـانێکی کۆنەپارێزی سکولاسـتی بەرجەسـتە کـردووە، پشـتی بەهزری ڕێبـازی ئۆگۆستین بەسـتووە، پشت بەسـتنێک لەسەدەی سێزدەدا لاهووتە سروشت سۆفییـەتییـەکەی باوکانی کلێسەشی گرتۆتە خۆی و جیهاندیدییەکەی مەزهەبی فرەنسیسکانی بەجوانـتـرین شـێـوە لە چوارچێـوەی بۆچوونی کـلێـسـەی مەسیحیدا وێنا کردووە.

وەک ڕابەری تەریقـەتی فـرەنسـیـسکانی کـلێـسـەی مـەسـیـحی هەوڵـیداوە لاهووت پـتر لە جـاران لە دەقـەر و

کاریەی تیۆرییانە بهێنێتە دەرێ و ببێ بە زانستێکی کردەیی پراکتیکییانە. بۆیە لەلایەکەوە، خواست و ئیرادەی خستۆتە پێش زانینەوە(٥)

بەوردی سەرنجی لە دەروون (نەفس)ی مرۆڤ داوە و بەپێی بنەماکانی جیهاندیدی کڵێسەی مەسیحی پێناسە و تاووتووی کردووە. بەتوندی ڕەخنەی لەهەڵوێستی ئیبن ڕوشد دەربارەی یەکڕەنگی ژیر و هێز و تواناکانی گرتووە و گەڕاوەتەوە سەر ڕێبازی سانت ئۆگۆستین، بۆیە دوور ناڕۆین ئەگەر بڵێین فەلسەفەی ئەرستۆ هەمیشە بەلایەوە نامۆ و بیانی بووە و لە چوارچێوە گشتییەکەیدا پەسند و ڕەوا نەبووە.

بەلای بونافینتوراوە دانایی بریتییە لە چەند جۆرێکی زانین، لەو زانینەدا کە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و چڕوپڕە دەبێ زانینی شتە مرۆڤی و ڕەببانییەکان (کە تایبەتن بە ڕەب) لە یەکتری هەڵاوێردرێن و جیابکرێنەوە.

بەم پێیە دانایی و زانینێکی بەرز کە دەربارەی بابەتە نەمرە گیانییەکان هەیە و لە ئارادایە لەو زانستە جیا دەکرێتەوە کە دەربارەی شتە کەرەسەییە داهێنراوەکان هەیە.

بونافینتورا وای داناوە ناسینی ڕەب و پەی بردن بە بوونی و پەرستنی کە بەبڕوا و ئیمانەوە بەندن بە دانایی زانینی بەرز ناودەبرێت(٦)، ئەم جۆرە زانینە کە سنووری ئاسایی دەبەزێنێ و دەچێتە پاوان و دەڤەرێکی بەرزەوە لە دواییدا خۆی لە جیهانی بێ سنووری سوفیتیدا دەبینێتەوە بە زانین و ناسینی ڕەب ناودەبرێت. ئەو داناییە بەتێکڕایی بە یارمەتی و پشت بەستن بە سروش و offenbarung بە یارمەتی فەلسەفە و لاهووت و هاوکاری هەردووک لایان سیستمێکی سەرتاپاگیری زانینێکی پاک و پیرۆز دەڕەخسێ. ئەو زانینە داناییە ناوەرۆکی کتێبی پاک و پیرۆز بەرجەستە دەکات کە بریتییە لەو بابەتانە: پتەوکردنی بنەمای بڕوا و ئیمان، پەرستن و ڕێزلێنانی ڕەب، ڕێکخستنی بەهاو نەریتە ئایینییەکان وەک نەزمێکی ڕێکوپێک... ئەم جۆرە بڕیار و دەستنیشانکردنەی دانایی و زانین و ئەو ئەرکەی پێیان سپاردوون فەلسەفەش لێی بەدەر نابێ، چونکە فەلسەفە بەهیچ جۆرێک ناکرێ بخرێتە دەرەوەی خانەی ئەو زانینەی کە بە دانایی ناودەبرێت. بۆیە بەپێی ئەو بڕیار و بۆچوونەی ڕابەری ڕێبازی فرەنسیسکان دەبێ فەلسەفە ئامانجێکی بۆ دیاری بکرێت خۆی لە ڕووکردنە ڕەب و ناسینی ڕەبدا بدۆزێتەوە. ئەو ئەرکەش کە بە فەلسەفە دەسپێردرێ دەبێتە مایەی ئەوەی جارێکی تر فەلسەفە و بڕوا و ئیمان بەرانبەر بە یەکتری بخرێنە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە و ناچار بکرێت کە کۆمەک بە بڕوا بکات بۆ گەیشتنە ئەو ئامانجەی کە لە سەرەتاوە ڕەنگی بۆ ڕێژراوە.

**میتافیزیک**

بونافینتورا وەک پرۆفیسۆری لاهووتی سەردەمی خۆی لە زانکۆی پاریس دەربارەی زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکانی لاهووت و فەلسەفە لە چوارچێوەی ئەو ڕێبازەی سانت ئۆگۆستین کە بۆی ماوەتەوە شتی نووسیوە و بەزمانی لاتینی بڵاوبۆتەوە. بابەتێک لەو بابەتانەی سەرنج ڕادەکێشی میتافیزیکە.

داهێنانی جیهان و بوون لەلایەن ڕەبی مووساوە لە هیچەوە Nichts لە شەش ڕۆژدا بابەتێکە بۆ یەکەم جار لە تەوراتدا باس کراوە. بونافینتورا کە ڕابەرێکی ئایین و لاهووتی مەسیحی بووە و مەسیحیش تەوراتی مووساییەکان بە بنەمای کتێبی پیرۆزی ئینجیلی خۆیان دادەنێن، بۆیە ئەویش بەهیچ جۆرێک گومانی لەو داهێنانە نەکردووە. بەلایەوە بابەتی کات Zeit پتر کێشەکەی ئاڵۆز کردووە، بۆیە پرسیوێەتی، ڕاستە ڕەب جیهانی لە هیچەوە داهێناوە، ئەم چالاکی داهێنانە لەلایەن ژیرەوە پشت ڕاست دەکرێتەوە ئەگەر بێتو مرۆڤ بڕوا و ئیمان بهێنێ، یان خاوەن بڕوا و ئیماندار بێت، بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارەی بەهۆش و بیردا دێت و وا بە ئاسانی وەڵام نادرێتەوە ئەوەیە:

**کەی و چ کاتێک ڕەب جیهانی داهێناوە؟**

بونافینتورا لەو باوەڕەدا بووە کە جیهان و بوون سەرەتایان هەیە و کۆن نین و ڕەب لە کاتێکی دیاریکراودا دایهێناون. هەموو نەزمێک هەموو ڕێکوپێکییەک ئیتر هەر شتێکی ئەم جیهان و بوونە بگرێتەوە دەبێ سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت ئەگینا ئەو نەزم و ڕێکوپێکییە لە ئارادا نابێ و هەست بە بوونی ناکرێت. بۆ نموونە سووڕانەوە و خولانەوەی ئەستێرەکان، بونافینتورا گوتەنی ئەگەر سەرەتایان نەبێ ناتوانن جۆرە زنجیرە و ڕیزێک پێکبهێنن لە ئەنجامدا هیچیان لەپێش ئەوی تر و لەدوای ئەوی ترەوە نایەن،

ئەمەش ناگونجێ و بەپێچەوانەی ژیر و بڕواوەیە. کەوابوو دەبێ ئەم سوورانەوەی ئەستێرانە سەرەتایان هەبێ و جیهان و بوونیش لەلای خۆیانەوە دەبێ سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییان هەبێ، بۆیە بڕیارەکەی ئەرستۆ گوایە بوون و جیهان هەرە کۆنن و سەرەتایان نییە لەجێگای خۆیدا نییە و خۆی لەبەردەم سەلمێنەری ژیردا ناگرێ. بەڵگەکەی ئەرستۆ گوایە: مرۆڤ دەبێ ڕواڵەت و گەوهەری بوون لە یەکتری جیابکاتەوە بۆ نموونە:

**ڕواڵەت:** لە دایک بوونی زارۆک (کوڕێک) ڕاستەوخۆ پابەندی بوون و لەدایک بوونی باوک نییە.

**گەوهەر:** گۆچانێک ڕاستەوخۆ بەدەستێک دەبزوێنرێ. ئەم دووانە ئەگەر بە پێی ڕیز و زنجیرە و پلەش لە یەکتری جیا بکرێنەوە سودێکی ئەوتۆی نییە، چونکە مێژوویەکی گشتی هەمەکی سەرتاپاگیر هەیە و وەک لە تەوراتدا باس کراوە ئەو مێژووە دەستپێکەکەی بە کات دەستی پێکردووە. ئەم دەستپێکردنەش نەزم و ڕێکوپێکییەکی بوون و جیهان پشت ڕاست دەکاتەوە(٧). ئەگەر مرۆڤ لەو جیهاندیدەی بونافینتورا ورد ببێتەوە نە بەڵگەیەکی فەلسەفە و نە سەلمێنەیەکی ژیرەکی تێدا دەبینێ. ئەرستۆ و ئەو سەردەمەی تێیدا ژیاوە بەهیچ جۆرێک، چ وەک کولتوور و چ وەک لاهووت و ئایین ئاگاداری بیرۆکەی «داهێنان لەهیچەوە» نەبوون. بۆیە ئەم قسەیەی ڕابەری ڕێبازی فرانسیسکان پتر ڕوونکردنەوەی جیهاندیدی مەسحییە کە لە تەوراتی مووساوە هاتووە و کەوتۆتەوە. نەبوونی سەرەتا و بوونەکەی بە هیچ بەڵگەیەک ساغ و پشت ڕاست ناکرێنەوە، ئەوی لێرەدا پێوەندی بە ئەرستۆوە هەیە پتر ناکردنی ڕستەیەکە کە باسی بوون و سەرەتاکەی دەکات و ئەوی پێوەندی بە بونافینتوراوە هەیە ئەوەیە کە بە ڕستەیەک بوونی دەستپێکی جیهان و بوون ئاریێ دەکات و ناکردنی ڕستەکە لادەبات، ئەگینا ئەگەر ژیر و هۆشی مرۆڤ وا ڕاهاتبن و سروشتیان بەو جۆرە بێت کە هەموو شتێک دەبێ سەرەتای هەبێ، ئەی ئەو پرسیارە چۆن وەڵام دەدرێتەوە: ئەو دەستپێک و سەرەتایە چ کاتێک و کەی دەستی پێکرد؟ بۆ دەبێ ئەو سەرەتای دەستپێکردنە لە کاتێکی دیاریکراودا بووبێ، پێشتر، یان دواتر نەبووبێ؟ ئەم دیاردە دەستنیشانکردنە تا چەند جۆرە گۆڕانێک لە توانا و خواستی ڕەبی مووسادا پشت ڕاست دەکاتەوە؟!. بابەتەکە لێرەدا بە جۆرێکی یەکجارەکی بەلایەکدا ناخرێت، چونکە ئەو پرسیارەی لێرەدا فەلسەفە وەڵامی دەداتەوە بە ژیر پشت ئەستوورە و ئەنجام وەڵامەکەیشی لە وەڵامێک کە لاهووت و بڕوای ئایین، کە لەناخی دەروون و هەست و سۆزەوە سەرهەڵدەدات و دەیخوازن، جیاوازە. ڕاستە چەمکی داهێنان وەک کارواداهێنانێکی ئازاد بەلای ئەرستۆوە نەزانراوە و نامۆ بووە، بەڵام بە هەر لایەکی تردا پرسیارەکە وەڵام بدرێتەوە کێشەکە بەلایەکدا ناخات. بونافینتورا ناهەقی نەبووە کە گوتوویەتی، گریمانە کردنی کاتێکی دەستپێکی جیهان و بوون، هەبوونی هۆکارێکی ناچارەکی دەکات بە مەرجێکی پێویست، ئەمەش لەخۆیدا دژ و ناکۆکە (Widerspruch).

ڕابەری تەریقەتی فرەنسیسکانی گازندەی مامۆستای یەکەم (ئەرستۆ) دەکات، چونکە تیۆری ئایدیای ئەفلاتوونی پەسند نەکردووە. هۆکارەکەش وەک ئەو بۆی چووە، ئەرستۆ وەک زانایەک دەربارەی زانست دەئاخڤێ و ئەفلاتوون دانایە(٨).

ئایدیایەکان Ideen چەند بیرۆکەیەکن لەگیانی ڕەب دان، ئەمانە چەند وشە و چەمکێکی مەنتیقی نین، بەڵکو بابەت و شتێکی چالاک و کاریگەر و داهێنەرن، بگرە بنەمای بزاوت و جووڵانەوەن. بەپێی بنەماکانی لاهووتی مەسیحی پشت ئەستوور بەجیهاندیدی ئۆگۆستین ئەم ئایدیایانە وەک «ڕۆڵەی ڕەب» وان وەک «وشەی نەمر»ن.

ڕاستە میتافیزیک بابەتێکە ئەرستۆ دایهێناوە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی تاڕادەیەک لەلای بونافینتورا وەک کەرەستەی توێژینەوە بەرچاو دەکەوێ، بەڵام لێکدانەوە و شرۆڤەکانی بابەتەکانی ئەو ناوەڕۆکە لە سۆنگەی فەلسەفەی مەسیحییەوە بوون.

ئەو کەرەسەیەی میتافیزیک کە لەنووسینەکانی مامۆستای ڕێبازی فرەنسیسکاندا سەرنج ڕادەکێشێ ئەوانەن کە لە ڕشتنی ڕەنگی جیهاندیدە لاهووتییە مەسیحییەکەیدا پێویستی پێ بوون بە تایبەتی:

- جەوهەر و بوون.
- مادده و ڕوخسار (فۆرم)
- گیان و نەفس و لەش.
- نا ماددییەت و نەمری گیان و نەفس.
- مرۆڤ، مردن، ژین....

بە باوەڕی بونافینتورا لەشی مرۆڤ کە بوونی

لێدەکەوێتەوە لە دوو لایەن پێکهاتووە (بەبێ ئەوەی جۆری پێوەندی و هاوبەندی ئەم دوو لایەنە ڕوون بکاتەوە):

– مادده.

– فۆرم و ڕوخساری ڕووناکی.

ڕووناکییەکە ئەگەرچی لێرەدا سروشتی ڕوخسار و فۆرمی هەیە، بەڵام خۆی ئەو بنەما گەرموگوڕە کاریگەرە هەمەکییەیە کە هێز و توانا و چالاکییەکانی لەشی لێوە پەیدا دەبن و دەکەونەوە. هەر لەو ڕووناکییەوە بوونی جەوهەری ڕەگەزەکان دروست دەبێت. بەهۆی ئەو کارەی تیشکی ڕووناکییەکە دەیکات یەکە بەرزەکان بە ڕوخسار و فۆرمی نوێ پەیدادەبن، ئینجا کانزاو ڕووەک و زیندەوەر و لەشی مرۆڤ دروست دەبن و دەکەونەوە.(٩)

لەسەروو لەشە ماددەییەکانەوە جەوهەرە زیندووەکان هەن، ڕوخسار و فۆرمەکانیان لە شیاوەکی هەبوونی ماددەدا هەیە. ئەو فۆرمانە وەک جۆرە ناوک و تووێک وان لەنێو ماددەدا و بەهۆی کارلێکردنی هۆکاری دەرەکییەوە بەدەر دەکەون.

جگە لە بوونی ماددەی سادە و ساکار و ڕەب کە بەرزترین بوون و گەوهەرە، ماددەی گیانی هەیە کە لە هەردووکیان جیا و جیاوازە، بەڵام ئەم بوونەوەرە کە گیانیشە، بەڵام لەلای خۆیەوە لە مادده (کەرەسە) و فۆرم پێکهاتووە. لەلایەکی ترەوە بەلای بونافینتوراوە دوو شێوازی بوون هەیە:

– بوون بەهۆی بوون خۆیەوە.

– بوون بەهۆی هی ترەوە.

ئەوی بەهۆی خۆیەوە بوونە، یان بوونەکەی لە خۆیەوەیە لە بوونێکی ترەوە فام و تێگەیشتنی پێ نابەخشرێ، بەڵکو خۆی فام و تێگەیشتنە Verstand، هیچ بوونەوەرێک ژینی ناداتی، چونکە خۆی ژیانە.

ئەوی بەهۆی هی ترەوە بوونە، لەخۆیەوە و لەخۆیدا فام و تێگەیشتن و ژینی نییە(١٠)، بەڵام دەبێ پێی بدرێ و وەری بگرێ. بۆ ئەم مەبەستەش، بۆ ئەوەی بتوانێ وەری بگرێ دەبێ بنەمای وەرگرتن و تۆمارکردنی هەبێت -Auf nahmeprinzip، ئەو بنەمایە لە مادده بەو لاوە شتێکی تر نییە. هەموو ئەوانەی داهێنراون (خەڵق کراون) و بوونیان لە خۆیانەوە نییە. دەبێ بەناچاری مادده و کەرەسەبن بۆ ئەوەی توانای ئەوەیان هەبێ بوونیان پێ ببەخشرێ و ببن بە بوون.

ئەگەر مرۆڤ بە وردی سەرنجی ئەو ئاخفتنەی مامۆستای لاهووتی پاریس بدات بۆی دەردەکەوێ کە هیچ بنەمایەکی زانستی و ژیرەکی و مەنتیقی نییە، بەڵام ئەگەر لە سۆنگەی سەردەمی خۆیەوە سەرنج بدرێت جۆرە تێگەیشتنێکی لێدەکەوێتەوە. ڕەبی مووسا خۆی لە تەوراتی جوولەکەدا کە بنەمای ئینجیلی مەسیحییەتە، ڕووناکی و تیشک پژێن پێناسە کراوە هەر ئەو ڕووناکییە بووە بزاوت و ژینی بە بەر هەموو بوون و بوونەوەرێکدا کردووە.

بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی فەلسەفەی نوێوە سەرنجی ئەم جیهاندیدە بدرێت، لە چەند ڕستەیەک کە هەست و نەستی بەناو بڕواو ئیمانی کەشیشیکی مەسیحییان دەربڕیوە بەولاوە نییە. بەپێی بنەماکانی مەنتیقی نوێ بوون خەسڵەت و تایبەتمەندییەک نییە بتوانرێ بە بابەتێک ببەخشرێ و بەهۆیەوە ببێ بە بوون و بوونەوەر، هەروەها ناکرێ ئەو بوونە لە بابەتەکە زەوت بکرێت، یان بە بڕیارێک لێی بستێندرێتەوە. ئەوەی لێرەدا بونافینتورا کردوویەتی ئەوەیە کە ئەو تەنیا بە ڕستە و دەستەواژە جارێکیان بوونەکەی ناکردووە و جارێکی تر بە هەمان ڕستەی زمان بوونەکەی ئارایی کردووە.

دەربارەی نەفسی مرۆڤ بونافینتورا وەک کۆنەپارێزێک لە چوارچێوەی جیهاندیدی کڵێسەدا چالاک و دەستبەکارە. چۆن ڕەب لە سێ ڕەنگ پێکهاتووە (باوک، ڕۆڵە، گیانی پاک) ئەم سێ ڕەنگییە یەکەیەکی یەک ڕەنگی کە توندوتۆڵ بەیەکەوە بەندن بە هەمان شێواز نەفسی مرۆڤیش لە سێ هێز و توانا پێکهاتووە:

تێگەیشتن و فام، خواست و ئیرادە، وەبیرهاتنەوە، بەڵام لەم سێ ڕەنگییەی نەفس یەکەیەکی یەک ڕەنگی نەفس پێکدێت کە نەفسی مرۆڤی پێدەگوترێ. هەمان شێوە ژیری مرۆڤ دەگرێتەوە کە لە سێ هێزی جیاواز پێکهاتووە:

– وێناکردن و بۆچوون.

– بڕیار و حوکم دان.

– ئەنجامگیری و لێخستنەوە(١١).

ئەم سێ هێزە یەکەیەکی ژیاریان لێ پێکدێت کە خۆی لە خۆیدا دوو جۆرە، ژیری بەرز و ژیری نزم.

بە یەکەمیان ڕووی لە ڕەب دەکات و دەیناسێ و بڕوای پێدەهێنی و پایە نزمەکەشی بەرەو شتە بوونەوەرە بەرهەستییەکان هەنگاو دەنێ و پەیان پێ دەبات و

دەیانزانێ.

ڕەب خـۆی لەخـۆیدا گـیـانێکی بێگەردی ڕووتە و ئەوپەڕی ڕاستی و ڕاستەقینەی بەرزە. بوونێک ناسینی گەوهەرەکەی سروشـتـە چییـەتییـەکەی ڕوون و ئاشکرا بێت، لەخۆیەوە و بەبێ هیچ پێشـەکییـەک دەناسرێ و دەزانرێ و بڕوای پێدەهێنرێت:

لەبەر ئەوەی ئەو لە هەمـان کـاتدا ژیرییە و ژیرە، بۆیە بەبێ چەندوچون دەرک بەخۆی دەکات و خۆی دەناسێ و یەکجار بەهۆی کردارێکەوە پەی بە تێکڕای بوونی خۆی دەبات.

ڕەب باوکە لە هەرە کۆنی بێ سەرەتاییەوە ڕۆڵەیەکی بەدیهێناوە gezeugt کە وێنەیەکە بە تەواوەتی لەخۆی و وەک خـۆی وایە. ئەو کـاتێک بیـری لە خـۆی کـردۆتەوە خۆی دەرخستووە و دەربڕیوە. ئەو تەنیا هەر بێ سنووریی و دەست باڵایی و لە ڕادەبەدەری و بێ کـۆتـایی خـۆی دەرنەبڕیوە، بەڵکو هەمـوو ئەو شتانەی دەربڕیوە کە خۆی ویسـتوویەتی و خواسـتوویەتی بەوانەوە کـە توانیـویەتی بیکات. لەم لایەنەدا بەپێزی و پڕی و کامڵی بوونەکەی دەردەکـەوێ و بەرجەسـتـە دەبێت. ڕەب ئەو ڕۆڵەی خۆی ناردۆتە سەر زەوی کە لە کەسایەتی یەسووعی مەسیحدا بەرجەسـتـە بووە بۆ ئەوەی کـەفـارەتی گـوناه و هەڵەی مرۆڤ بدات.

نەفسی مرۆڤ کـە لایەنێکی گـیانی ئامادەیی تێدایە دەتوانێ پشت ئەستوور بە تیشـک و ڕووناکی (نووری) ڕەببـانی جـارێکی تر بگەڕێتـەوە بۆ لای ڕەب، بۆ لای باوک کـە باوکی ئەو ڕووناکی و تیـشـک پژێنەیە. ئەو تیشکە دێتە خوارێ بۆ سەر زەوی بۆ ئەوەی جارێکی تر مـرۆڤی مـەسـیـحی ئیـمـاندار بەرەو سـەروو، بەرەو ڕەب بەرێتەوە. مرۆڤ لە پرۆسەی زانیـندا پەی بەو ڕووناکییە دەبات و دەیناسێ، ئینجـا دەبێ سـەرەڕای یارمـەتی ئەم تیـشـکە چاوەڕێی بەهرە و ڕەحـمی ڕەب بکات بۆ ئەوەی لەو ئەرکەی گەڕانەوەیدا سەرکەوتوو بێ و بە مەملەکەتی ئاسمانی ڕەب شاد و بەختەوەر ببێ.

بەهۆی توانا و چالاکی هەستـەکانەوە مرۆڤ دەروازەی جیـهـانی لەش و ماددەی بۆ خراوەتە سەر پشت. هەمـوو لەشـێکیش لە مـاددە و ڕووناکی پێکهـاتووە، فـۆرمی ڕووناکی بێ پسانەوە فۆرمێک دروست دەکات بۆ ئەوەی بەهۆیەوە هەست کردن و پەی بردنی بە لەشـەکـان ئاسـان ببێ، بەڵام بوونەوەری پایەنزم ناکرێ کار لە هی پایە بەرز بکات، دانایی مـرۆڤیش لە ڕەبەوە سـەرچاوەی گرتووە و هەر دەگەڕێتەوە بۆ لای ڕەب، بۆیە بوونی ئەو ڕووناکی و تیـشکە شتـێکی ئەوپەڕی پێـویست و ناچارییـە، چونکە دەرچوون و گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ئامانجی سەرەکی ژیانی مـرۆڤە، لە ناوەندی ئەم پرۆسـەیەدا داناییـەکە جێگیـرە. ڕەب خـۆیشی بە تـەنیـا تیـشـک و ڕووناکی و داناییـە. ئەگـەر ئەو پرۆسـەی گـەڕانەوەیە دەست بەدامـێنی ئەو تیشکەوە بگرێ، ئەوە وەک ئەنجامێک دەبێ ژێر بخرێتە لاوە و پەنا ببـرێتـە بەر ئەو زانینەی بەهۆی ناخ و دڵ و گیـان و بڕواوە دەستگیر دەبێ. ئەمەیە مەبەستی سەرەکی بونافینتورای ڕابەری ڕێبازی فرانسیسکان.

## بەڵگەی بوونی ڕەب

بونافینتورا کە ڕابەرێکی کڵێسەی مەسیحی سەردەمی خۆی و مامـۆسـتـایەکی فرانسیـسکانی زانکۆی پاریس بووە، بە تـەواوەتی لە سـۆنگەی ئایینەکـەیەوە و پشت ئەستوور بە بۆچوونی باوکانی کڵێسە، بە تایبەتی پشت ئەستوور بە جیهاندیدی ئۆگۆستینی پاک جیاوازی نێوان دەستپێکی پەیوەست بە کات و هەرە کۆن و هەتا هەتایی بە تەواوەتی هەست پێ کردووە، ئەوپەڕی پابەندی بنەمـا و دۆگمەکـانی ئایینەکەی خۆی بووە، گـومـانی لە بوونی ڕەب نەبووە، دڵنیا بـووە لەو کار و کاریگەرییـەی ڕەب کە لە بوونەوەر و جیهاندا دەردەکەوێ، ئەو جیهانەی کە ڕەب خۆی ئافەریدەی کردووە و دایهێناوە. هیچ کاتێک لەوەی کـە مـەسـیـح لە ڕوخسـار و خـوێن و گـۆشـتـی مـرۆڤـدا بەرجەسـتـە بووە دڵی کـرمێ نەبووە، بگرە کردوویەتی بە خـاڵێکی ناوەندی ژیان و هزر و جـیـهـاندیدەکـەی، بۆیە ئەوپەڕی کۆششی کردووە بە فەلسەفە و هێز و تواناکانی بۆ سـوود و قـازانجی چەسـپـاندنی بنەمـاکـانی لاهووت وەبەربهێنێ.

بونافینتورا مرۆڤی مەسیحی وا سەرنج داوە، یان ئەو مـرۆڤـەی وا هاتۆتە بەرچاو کـە پێـوەندییـەکی تونددوتۆڵی لەپـســان نەهاتووی بە ڕەبەوە هەیە، بەبێ ئەوەی وای دابنێ کـە ئەو مـرۆڤـە ئامـرازێکە، یان داردەسـتـێکە لەبەردەست ڕەبی باڵادەسـتی توانا بێ سنوورەوە، بەڵکو وای بۆچووە کـە مـرۆڤ هەمـیـشـە، هەروا بـووە و هەروا دەمێنێتەوە، لە هزر و بیر و کردار و ڕەفتاریدا سەربەست و ئازاد بووە(١٢).

بونافـینتـورا کـۆشـاوە هەبوونی ڕەب بەسـەلمێنێ و بە

بەڵگەی لاهووتی و فەلسەفە پشت ڕاستی بکاتەوە. بەپێی سەرچاوەکان ئەو بەڵگانەی هێناوییەوە لە فەیلەسوفەکانی پێش خۆی خواستوونییەوە و لە ڕوخساردا نەبێ کە دەسکاری کردووە بە ناوەڕۆک وەک خۆیان خستوونیەتە بەرچاو، لەو ئەرکە لاهووتییەیدا پشتی بە سانت ئۆگۆستین و ئەنلم بەستووە.

گرنگترینی ئەو بەڵگە و سەلمێنانە ئەمانەن:

– بوون یەکەم بابەتە کە دەناسرێ و دەزانرێ، بگرە پەی پێدەبردرێ. لەبەر ئەوەی بیرۆکەیەکی ڕەبی بوونەوەر هەیە و گومان لە بوونی ناکرێ و ئەو بیرۆکەیە لەنێو نەفس و گیان و دڵ و لەنێو گیانی سروشتدا بەرجەستە بووە و نەخشاوە(١٣)، تێکڕای سروشت ئەم بوونە ڕادەگەیەنێ. بۆیە ڕەب بوونەوەرێکی ڕاستەقینەیە و هەیە، نابێ ئەوەش پشتگوێ بخرێ کە بۆچوونەکانمان و هێزی وێناکردنمان لە جەوهەردا سنوورداره و تەنیا بەهۆ و یارمەتی بیرۆکەی جەوهەری بێگەردەوە دەبن بە شیاوەکی و بە ئەنجام دەگەن.

– بەڵگەی دووەم ئەوەیە کە لەلای ئەنسلم بە بەڵگەی ئەنتۆلۆژی ناسراوە. بونافینتورا دەبێژێ:

ڕەب جەوهەرێکی ئەوپەڕی تەواو و کامڵە، مرۆڤیش لە ناخ و مێشکدا بۆچوونی دەربارەی ئەو جەوهەرە کامڵە هەیە کە ناکرێ لەو مەزنتر و کامڵتر هەبێ، ئەو جەوهەرە سروشت ئاسا بوونی هەیە و تێدایە، کە وابوو ڕەب هەیە.

– ئەگەر مرۆڤ لە ناخی خۆی ورد بێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە بڕوا و ئیمان بوون بە ڕەب بڕوایەکی زگماکە و بەشێکی جەوهەری بوونی مرۆڤ خۆیەتی. سەلماندنی ئەو بوونەی ڕەب لە لێکدانەوە و شرۆڤە کردنی ئەو بڕواو ئیمانە بە ڕەب بەولاوە نییە(١٤).

– ئەم بەڵگەیە پشت بەوە دەبەستێ کە هزری مرۆڤ لە شتی هەست پێکراو و بەرهەستی جیهانە و بەرەو جیهانی ژیرەکی هەنگاو دەنێ تاوەکو دەگاتە ژیرەکی یەکەم کە ڕەب خۆیەتی.

بوون لەخۆیدا لەناوچوون و نەمانی تێدایە، ئەگەر بوون و نابوون هەبوون، دەبێ بوونەوەرێک هەبێ ئەمانەی داهێنابێ و دروستی کروون و خۆی لەناو ون و لەناوچوونەوە بەدەربێت. ئەوی لە جیهاندا سەرنج بۆ لای خۆی ڕادەکێشی، سەرەڕای بوون و نەمان، بزووتنەوەی بەردەوام و گۆڕانی هەمیشەییە، ئەم دوو دیاردەیە بە ناچاری هەبوونی نەگۆڕان و ئارام و بەرقەراری پێویست دەکەن. ئەم شتە گۆڕاو و بزووتوانە هەبوونی بوونەوەرێکی هەبووی سادە و ساکار و بێ پارچەی نەگۆڕ کە هۆکارێکی کاریگەر بێت پێویست دەکەن، ئەمەش ڕەب خۆیەتی(١٥).

### ئەنجام

١- ئەگەر مرۆڤ ئەو هەلومەرجەی لەبەرچاو بێ کە بونافینتورا تێیدا ژیاوە و دەستبەکاربووە، دوور نییە بیر و بۆچوونەکانی تارادەیەک تێیان بگەیشترێ. لەو سەردەمەدا کە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست گەیشتبووە چڵەپۆپەی گەشەکردن و پەرەسەندنی، زانکۆکان تیشکیان بە دەوروبەری جیهانی بەدۆگمی کڵێسەی مەسیحی تاریک و نوتەک کراودا پژاندووە. بزاڤی گەرموگوڕ و بە تەوژمی وەرگێران، بە تایبەتی هەردوو بابەتی فەلسەفە و زانست- بەواتای ئەو سەردەمە- بۆ سەر زمانی لاتینی هەڕەشەیەکی ڕاشکاو بوون لە ئایینی دەستبەکاری مەسیحی ئەو سەردەمە، سەرەڕای بڵاوبوونەوەی تەوژمی بە گوڕی لاوان لە ئایینی مەسیحی، بەتایبەتی لەنێوان کەشیش و پیاوانی ئایین خۆیاندا کە ئەو کاتە بە کافر و گومڕا ناوبراون، ئەم ڕەوشە هاندەرێک بووە تا بونافینتورا وەک ڕابەرێکی ڕێباز و تەریقەتی کۆنەپەرست و کۆنەپارێزی فرەنسیسکان کە ئەوەندەی تر دادگا خوێنڕێژتن و مرۆڤ کوژ و ئازادی خەفە کردنەکەی پشکنین یاری سەرشانی گران کردبوو، بگرە وێنەکەی لەبەرچاوی ئازادیخواز و فەیلەسوفە پێشکەوتنخوازەکان- بە واتای ئەو سەردەمە تەڵختر کردبوو، ناچار بووە بازووی لێ هەڵماڵێ و ئەوەندەی تر لە دەریای ڕەش و تاریکی بەدۆگم و بنەماکانی کڵێسە شڵەقاوی لاهووت بە کەشتییەکەی دەست بەسەوڵ لێدان بکات.

گەڕانەوەی بونافینتورا بۆ قەدەغە و پاوانی فەلسەفەی بەلاهووت خنکێنراوی سانت ئۆگۆستین و پەنابردنە بەر فەلسەفەی ئەفلاتوون و ئەفلۆتینیزمی نوێ و بن گەبرولی جوو هێرش بردنە سەر فەلسەفەی فرە ڕەنگی بە مەنتیق ئاودراوی ئەرستۆ بەڵگەیەکە بۆ بڕیاردان لەسەر بونافینتورا پشتی پێدەبەسترێ. ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێ ئەمەیە:

دەبێ بۆچی پیاوانی ئایینی چ لە مەسیحییەت و چ لە ئیسلامدا کاتێک لە مەیدانی فەلسەفەدا دەستبەکار

دەبن، بەگشتی دەگەڕێنەوە سەر ئەفلاتوون و ئەفلوتینیزمی نوێ و پشت لە ئەرستۆ دەکەن؟

ئایا ئەم بڕیار و هەڵوێستە لە سروشت هەردوو ڕێبازە فەلسەفەییەکەوە کەوتۆتەوە کە خودی ئایینەکە لە ناوەڕۆک ڕوخساردا بە پێویستی دەکات؟ ئایا دەکرێ بڵێین جیهاندیدی فەیلەسووفەکە خۆشی لێرەدا ڕۆڵێک دەگێڕێ؟ ئایا ئەو قسەیە ڕاستە گوایە فەیلەسووف کە پێدەگات سروشت ئاسا سەر بە ئەفلاتوونە، یان لایەنگیری ئەرستۆیە؟

ئەگەر سەرنج لە سروشت و ناوەڕۆکی ئیدیالیستی ئایینی مەسیحی و پێکهاتە لاهووتی و دۆگمەکانی بدەین، وەڵامی ئەم پرسیارانە بە ئاسانی دێنە بەردەست. ئینجا دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاو بێ کە ئەو ئایینە سروشت ئاسمانییە بەناو – موعجیزە- ئاساییە کە سنووری ژیر و مەنتیقی بەزاندووە، چ لە بنەما و دۆگمەکانی، یان لەو ڕێو شوێنانەی کە بەسەر لایەنگرانیدا سەپاندوویەتی، وەک بڕوا بوون بە سێ ڕەنگی ڕەب، ڕۆڵەی ڕەب و گیانی پاک، مریەمی پاک و چوار مێخەکێشانی یەسووعی مەسیح و ئینجا چوونی جارێکی تر بۆ لای باوک کە ئاسمان...تا... ئەو ئایینە خۆی لەگەڵ ئەو لایەنە ترانسندێنتییەی خۆی کردبوو کە ڕێژێمێکی توتالیتێری زەبر و زەنگ بەدەستی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی. لەم دوو لایەنەوە لایەنی ترانسندێنتی ئایینەکە و ئەو ڕۆڵەی لە ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بە سەدان ساڵ گێڕاویەتی، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ بۆچی بونافینتورا دەستی بەدامێنی فەلسەفەی ئەفلاتوونەوە گرتووە و تارادەیەک لە زۆر لایەنی فەلسەفەی مامۆستای یەکەم بێ نیاز بووە؟!

پاساودانی بنەماکانی ئایینەکە و پشت و پەنابردنە بەر بەڵگە و سەلمێنەی ساغ کردنەوەی دۆگمە و ڕێوشوێنەکانی کڵێسەی مەسیحی واپێویستی کردووە کە ڕوو لە جیهاندیدێک بکرێت کە سوود و قازانجی ئەم لایەنەی تێدابێ. بونافینتورا وەک سەربازێک کە ئەو ئەرکەی گرتۆتە ئەستۆ و لایەنی جیهانی خستۆتە لاوە ئاسایی بووە کە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە سەر فەلسەفەی کۆنەپارێز و سەلەفی سانت ئۆگۆستین و بە فەلسەفەی ئەفلاتوون و ئەفلۆتینیزمی نوێ متروبەی بکات بۆ ئەوەی بتوانێ پاساوی ڕەوشی ئایینەکەی خۆی لە سەردەمی خۆیدا پێ بداتەوە، بەڵام ئەم ئایینە خۆی ببوو بە ئامرازێکی حوکمڕانی کردنی کۆمەڵگا و ڕێژێمێکی سیاسی فەرمانڕەوا، لێرەدا سنووری ئەفلاتوون دەبەزێ و دەروازەی جیهانی فەلسەفەی مامۆستای یەکەم دەخرێتە سەر پشت و دەکرێتەوە(١٦).

ئەو لایەنەی ئایینەکە کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی کاروبارەکانی ژیانی مرۆڤ بەلایە فرە ڕەنگییەکانی بۆتەوە، سیاسەتی دەوڵەتی لە کۆمەڵگادا پراکتیزە کردووە و ناچاری کردووە بە دوای کەرەسە و ئامرازێکدا بگەڕێ کە لە ئاسمانی ترانسندێنتی جیهانی سەر زەوی جیهانی هەڵکەوت، بۆیە جارێکی تر پەنا بۆ ئەرستۆ براوە، چونکە ئەو گەنجینەی ئەو کەرەسە و ئامرازە بووە.

کەوابوو لایەنی ئایینەکە ئەوەندەی فەیلەسووفەکە بەهەندێ گرتووە فەلسەفەی ئەفلاتوون و جیهاندیدەکەی پێویست کردووە، لایەنە دنیاییە ڕۆژانەییەکەش فەلسەفەی ئەرستۆی جارێکی تر هێناوەتەوە گۆڕێ.

خۆ ئەگەر فەیلەسووفێک بۆ نموونە بایەخی بە هەردوو لادا بێ، ئەوە ناچار بووە کە هەردوو جیهاندیدییەکە بە شێوازێکی هەڵبژاردن و بژار ئاسا ئاوێتەی بکات. ئەمە لێکدانەوەی هەڵوێستی بونافینتورای پاکە.

٢- ڕاستە کە هەلومەرجی وەک یەک لە دوو دەڤەر و ناوچەی جیاوازدا پەیدابوون، دوور نییە دوو دیاردەی لەیەک چوو لە دوو دەڤەری لە یەکتری جیاوازەوە پەیدا بن، ئەمە لە ڕاستی کار و کار لە یەکتری کردن کەم ناکاتەوە. ئایینی مەسیحی وەک ئایینەکانی تر ئەو هەلومەرجە بووە بۆتە هۆ و مایەی دەرکەوتنی هەندێک دیاردەی لە چوارچێوەی ئایینەکە خۆیدا گۆشکردووە، بە تایبەتی دیاردەی سۆفێتی! ئەگەر مرۆڤ لە هەندێ گوتەی بونافینتورا ورد ببێتەوە، ئەوە هەڵوێستی سوهرەوەردی موسڵمان دێنێتەوە یاد.

بونافینتورا وتوویەتی:

ئەگەر زانینی ڕاستی و ڕاستەقینە هەبێ و ئەگەر ڕاستی لەدوا قۆناغدا لە ڕەبدا بدیترێ و سەرنج بدرێ، کەوابوو ڕەب هەیە!.. ئێمە دەتوانین ڕەب نەک هەر تەنیا لە دەرەوەی خۆمان و لەخۆماندا، بگرە لەسەروو خۆمانەوەش سەرنجی بدەین(١٧). لە دەرەوەی خۆمان بەهۆی شوێنەوارەکانییەوە لە سروشتدا و لەناخی خۆماندا بەهۆی ئەو وێنەیەی لەویدا نەخشاوە و لەسەروو ئێمەدا بەهۆی ئەو تیشک و ڕووناکییەی ناخی دەروونی ڕۆشن کردوونیەتەوە سەرنجی ڕەب دەدەین. لەوەش پتر نەفس

تواناى هەيە و داوا دەكرێ بەهۆى زانينى شتەكانەوە بەهۆى ئامرازى تێبينى كردنەوە و پشت ئەستوور بە فام و تێگەيشتن سەرنجى ڕەب بدات و بۆ يەكبوون لەگەڵ ڕەبدا بەرزبێتەوە بۆ ئەوەى لەو خاڵ و پلەو پايە بڵندەوە كە پێى گەيشتووە جارێكى ديكە ڕوو لە داهێنراوە ڕاستەقينەكان بكاتەوە، ئەو بڵند بوون و بەرزبوونەوە شياوەكييە و لەكردن دێت، چونكە شت و مەكە داهێنراوەكان ڕەب دەنوێنن و وەك ئاوێنە بەرجەستەى دەكەن.

ئەو لاهووتەى بونافينتورا بە خامەكەى تۆمارى كردووە كە ڕاست و ڕەوانى و بە بێگەرد و خەوش جەوهەرى بڕوا و ئيمانە مەسيحييەكەى تۆمار كردووە بەتايبەتى بابەتى:

– ڕەب لە كەسێتى مرۆڤى مەسيحدا بەرجەستە بووە.

– ئەو بەرجەستە بوونە لە لەشى مەسيحى مرۆڤدا بۆ كەفارەتدانى گوناهەكانى مرۆڤ بووە، بۆ ئەوە بوو بەدكارييەكانى مرۆڤ پاك بكاتەوە.

– بۆيە بڕوا و ئيمانى مەسيحيەت لەلاى بووە بەو پێودانگە كە بيروبۆچوون و جيهانديدى خۆى و فەيلەسووف و لاهووتييەكانى پێ هەڵسەنگاندووە، هزرى مرۆڤ بەوە هەڵدەسەنگێنرێ و نرخى بۆ دادەنرێت تا چەند لەگەڵ بنەماكانى دۆگم و بڕواى مەسيحييەتدا دێتەوە؟!


**سەرچاوە:**

**1- Russell, Bertrand., Philosophie des AbendLandes. Munchen 2000. S.467.**

**2- Russell, B., Ebenda. S.460.**

**3- Steenberghen, Fernand Van., Die PhiLosophie im 13. Jahr hundert. Munchen 1977. S.232.**

**4- Schupp, Franz., Geschichte der Philosophie im Uberblick. Bd.2. Christliche Antike- Mittelalter. Meiner 2003. S.359.**

**5- Wulf, Maurice De., Geschichte der mittelalterLichen Philosophie. Tubingen 1913. S.271.**

**6- Bohner, Phil, Gilson, E., ChristLiche Philosophie. B.3. Zweite Auflage Paderborn 1954. S483.**

**7- Bohner, Phil, Gilson, E., Ebenda. S. 487 ff.**

**8- Hirschberger, Johannes., Geschichtee der Philosophie. Bd. I. Komet 1980. S.454 ff.**

**9- Bohner, Phil, Gilson, E., Ebenda. S. 488-489.**

**10- Bohner, Phil, Gilson, E., Ebenda. S.490.**

**– هەروەها لە چەند لاپەڕەكى تردا.**

**١١– بڕوانە كتێبە بەنرخەكەى خوالێخۆشبووى مەزن مامۆستا:**

**– يوسف كرم: تأريخ الفلسفة الأوروبية في العصر الوسيط. مكتبة الدراسات الفلسفية. دارالمعارف بمصر، ١٩٥٧. ص١٢٤.**

**12- Bernhard Pauleikhoff., Bonaventura und Unsere Zeit. Guido Pressler Verlag 2006. S.80**

**13- Wulf, Maurice De., Ebenda. S.273 ff.**

**١٤– يوسف كرم: المصدر السابق نفسه. ص١٢٥.**

**١٥– عبدالرحمن بدوي: فلسفة العصور الوسطى، القاهرة– ١٩٦٢، ص١٠٧.**

**16- Steenberghen, Fernand Van., Ebenda. S.232.**

**17- Rod, Wolfgang., Der Weg der philosophie. Bg. I. Munchen 1994. S.357.**

# کولتوور و سیاسەت

ڤ. ئی. ئۆڤچاننیکۆڤ
لە ڕووسییەوە: د. ڕەشاد میران
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

یەکێک لە سیما تایبەتییەکانی قۆناغی ئێستای پێشکەوتنی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی، بریتییە لە توند بەیەکەوە نووسانی پرۆسەکانی کولتووری و سیاسی. سیاسەت لە بواری کولتووردا، وەک چۆن لە بوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتیشدا، چالاکییەکانی خەڵک ئاراستە دەکات. کولتووریش بەدەوری خۆی، لە ڕەوتی پرۆسەی مێژووییدا، کاریگەریی گەورەی لەسەر سیاسەت هەیە، ئەویش بە ڕێگەی وێناکردنەکانی بۆ جیهان، هەروەها دارشتنی بەها و شێوازەکانی ڕەفتارەوە.

لەم ڕوانگەیەوە، باسەکەی ئێمە ئەم سێ ڕەهەندەی دەبێ:

١- پێوەندی و کارلێککردنی کولتوور و سیاسەت.

٢- کولتووری سیاسی.

٣- سیاسەتی کولتووری.

کولتوور- کۆمەڵی شێوازەکانی چالاکییە مرۆییەکانە (ماددی و مەعنەوی) کە لە ئامێر و کەلوپەل، هێما و نیشانەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە و ڕادەستی نەوەکانی دواتر دەکرێن. چەمکی «کولتوور» هەرگیز تاقە مانایەکی نییە و نەبووە. سەرەتا ئەم وشەیە مانای شێوازەکانی کێڵانی زەویی دەدا. بیرمەندانی سەدەی هەژدەم، کە کولتوور و فۆرمەکانی پێشوەچوونی کۆمەڵگا و ئادەمیزادیان بەیەک دادەنا، تیۆرییەکی تایبەت و سەرنجڕاکێشیان بۆ کولتوور دارشت. ناتورالیستەکان سەرچاوەی کولتووریان لە سروشتی «فیزیکی»ی مرۆڤدا دەبینی. ئایدیالیستەکان بایەخی کولتووریان لە گەشەکردنی ئاکاریی مرۆڤدا دەدیت- لەو ئاستە مۆڕالییەی کە پێی گەیشتووە.

لە کاتی ئێستادا، چەمکی «کولتوور» قورساییەکی

سیمانتیکیی زۆر گەورەی لەسەرە. کۆمەڵناسێکی ئەمەریکی بەلای کەمەوە ٥٠٠ مانای بۆ ئەم چەمکە دۆزیوەتەوە. کولتوور دەچێتە نێو قەوارەی ئێتنۆلۆگیا، سۆسیۆلۆگیا، مێژوو، کولتوورەلۆگیا، بەکورتی- هەموو زانستە مرۆییەکان؛ هەروەها دەچێتە نێو نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکانی سیستمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاوە.

کولتوور، سەبارەت بە سیستمە کۆمەڵایەتی و کەسایەتییە هەمەجۆرەکان، فاکتەرێکی بابەتییە (Objective) لەهەمان کاتیشدا ئەندامانی کۆمەڵگا لە پرۆسەی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خۆیاندا بەشێک، یان چەند بەشێک لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆیان دەگۆڕن. لە ئەنجامدا کولتوور وەکو سیستمێکی نۆرم و بەهاکانی کۆمەڵگا کاری خۆی دەکات، گەشەدەسێنێ و دەگۆڕێ.

بەم جۆرە، دەتوانین کولتوور بەسەر دووجۆر توخمدا دابەش بکەین: توخمی جەوهەری (Substance) و توخمی وەزیفی (Functional) توخمە جەوهەرییەکانی کولتوور، وەکو: بەهاکانی (ئابووری، سیاسی، فەلسەفی، کولتووری، پەروەردە و فێرکردن...تاد)؛ هەروەها نەریتەکانی (ئاکار، ڕەوشت، ترادیسیۆن، ڕێوڕەسمی پەرستن...)؛ دامەزراوەکانی (زانکۆ، کتێبخانە، سینەما، شانۆ، مۆزەخانە...). توخمە وەزیفییەکانیش وەکو: دەست بەسەرداگرتن، دروستکردن، بڵاوکردنەوە و بەکارهێنانی بەها کولتوورییەکان.

**چ پێوەندییەک لەنێوان کولتوور و سیاسەتدا هەیە، چۆن کار لە یەکدی دەکەن؟**

بەرهەمهێنانی کەرەستەی ماددی- ئەو بنەمایەیە کە بینای کۆمەڵایەتی و دەوڵەت، هەروەهاش سەرلەبەری ژیانی مەعنەویی کۆمەڵگای لەسەر دادەمەزرێن و گەشەدەکەن.

کولتوور- بریتییە لە دەرئەنجامی کارکردنی تەواوی فاکتەرەکانی کۆمەڵایەتی- ئابووری، سیاسی و ئیدیۆلۆگی. لە سیاسەتدا تەنیا هاوسەنگیی هێزەکان و پرۆسە سیاسییەکان دەرناکەون، بەڵکو جیهانبینیش کە لە ماوەی پرۆسەی مێژوویی لە چوارچێوەی کولتووردا دروستبووە- ئەویش ڕەنگدانەوەی دەبێ. سیاسەت بەشێکە لە کولتوور، چونکە لەناو چالاکییە سیاسییەکاندا هەندێ لە بەهاکان و هەندێ لە شێوازەکانی ڕەفتاریش بەدی دەکرێن.

لە پرۆسەی مێژوویی پەرەسەندنی هاوپێوەندارێتیی سیاسەت و کولتووردا دەردەکەوێت کە کارلێک کردنی پرۆسەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری، بە گوێرەی هەلومەرج و بارودۆخی هەر وڵاتێک، شێوازی جۆراوجۆر وەردەگرێ. پرۆسەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکرێ پێش پرۆسەی کولتووری بکەون، یان بەپێچەوانەوە- پرۆسەی کولتووری پێش سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکەوێ.

دەسەڵات- ئەمە دیاردەی سەرەکیی جیهانی سیاسەتە؛ لەهەمان کاتدا دەشێ وەکو بەشێکی جیهانی کولتووریش سەیربکرێ. بە تەماشاکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەڕوانگەی کولتوورەوە، باشتر لەوە دەگەین کە کامە دەسەڵات، بە چ ڕادەیەک، کەی و بۆ کێ نرخ و بایەخی هەیە. بەبێ ڕوونکردنەوەی هاوپێوەندارێتیی نێوان بەهاکان، وەکو: دەسەڵات و موڵکایەتی، دەسەڵات و ناوبانگ (پرستیژ)، دەسەڵات و قودسیەتی ئایینی و مۆراڵ، دەسەڵات و ئەدەبیات...تاد- بەبێ ئەمە ناتوانین لە پرۆسەی سیاسیی ڕاستەقینە بگەین.

هاوپێوەندارێتی کولتوور و سیاسەت بە جیاوازیی کولتووری مەحکوومە. جیاوازیی کولتووری- ئەمە جیاوازییە لە وێناکردنی واقیع، جیاوازییە لە هەڵسەنگاندن، کەواتە- جیاوازییە لە شێوازی کارکردندا. جیاوازیی کولتووری لە کات و لە شوێندا ڕێگەمان دەدات لەوە بگەین کە بۆچی هەندێ سیستمی سیاسی لەگەڵ بارودۆخێکدا گونجاوبووین، لە بارودۆخێکی تردا هەرەسیان هێناوە.

هەرگیز نابێ کولتوور وەکو «حاڵەت» تەماشا بکەین؛ بەڵکو پرۆسەیەکی کارکردن و چالاکییە. «چالاکی» چەمکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە کولتوور، وەکو: بەچ شێوەیەک هاوپێوەندارێتی و کارلێککردنی نێوان کولتوور و سیاسەت دەردەکەون لە پرۆسەی بەڕێوەچوونیاندا؟ هاوپێوەندارێتی و کاریگەرییان بەسەر یەکەوە دەکرێ لە چەندین ئاستدا ڕووبدەن: لەئاستی شارستانی، قۆناغ، وڵات، ناوچە...تاد.

هاوپێوەندارێتی کولتوور و سیاسەت لە ئاستی شارستانیدا- مێژوو (بەگوێرەی ئا. تۆینبی) زیاتر لە ٢٠

شارستانیەتی لۆکاڵی (ناوچەیی) ژماردووە. لە ڕۆژی ئیمڕۆدا، وەکو باوە، پێنج شارستانیەت حسێبیان بۆ دەکرێ: ڕۆژئاوایی مەسیحی (کاتۆلیکی و پرۆتستانت)، مەسیحیی ئۆرتۆدۆکسی، هیندی (هیندۆ- بوودی)، ڕۆژهەڵاتی دوور(چینی کۆنفۆشیۆسی) و ئیسلامی (عەرەبی- ئیسلامی). بەم جۆرە، نەخشەی ئێستاکەی جیهان هێشتاکە دوورە لەوەی پێی بڵێین نەخشەی گشت شارستانیەتەکانی مرۆڤایەتی. ئەمەی دوایی ئەوە دەستپێکردووە دروست دەبێ و لە داهاتوودا، بەهای هاوبەش بۆ هەموو مرۆڤایەتی (تێیاندا بەهای سیاسیش) ئەم جۆرە نەخشەیە دادەمەزرێنن- کە ئێستا دەتوانین تەنیا مەزەندەی بۆ بکەین.

لە کاتی ئێستادا، لەوە دەچێ، ڕۆژئاوا بۆ مانەوەی خۆی لە خەباتدایە و شارستانیەتەکانی تری خستوونەتە کونجێکەوە (بە یەکێک لە ڕێگەکان- میکانیزمی نیوکۆلۆنیالیزمەوە) و لەنێو تۆڕەکانی پێشکەوتنە ئابووری و سیاسییەکانیدا سەری لێ شێواندوون (بەپێداگیرییەوە ئینستیتوتەکانی خۆی بۆ دیموکراتی و مافی مرۆڤ بەسەر هەموو بەشەکانیتری جیهاندا) دەسەپێنێ، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە تایبەتمەندییە کولتوورییەکانیان لێ بسێنێتەوە(لەهەمان کاتدا نەریتی نەتەوەیی و سیاسیشیان).

لە ئاستی شارستانیدا، دوو ڕێگە هەیە بۆ کارلێککردنی کولتوور و سیاسەت:

(١)گەشەکردن.

(٢) شۆڕشگێڕی.

یەکەمیان پەیوەستە بە هاوپێوەندارێتیی نێوان کولتوور و سیاسەت لەناو شارستانیەکەدا. ئەمە لە میانی گۆڕانێکی ئاساییانەی کولتوور خۆی ڕوودەدات، سەرپۆشە دەوڵەتی و سیاسییەکەش بەشێوەیەک خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانەدا دەگونجێنێ. کەچی لە ڕێگەی دووەمدا گۆڕانکاریی سیاسی پێش کولتوورییەکە دەکەوێ، بوارە دەوڵەتی- سیاسییەکە هاندەر و ڕێخۆشکەر دەبێت (یان تەنانەت ورووژاندن «ئیستیفزاز»یش دەکات) بۆ گۆڕانی کولتووری؛ لێرەشدا هاندەرە سەرەتاییەکانی گۆڕان هەمیشە لە کولتووری (شارستانیەتەکانی) ترەوە دێن. لە ناوەرۆکیشدا ڕێگەی شۆڕشگێڕی فۆرمێکی توندوتیژییە دژ بە کولتووری بێگانە، ڕەتکردنەوەی کارلێککردنی پلورالیستانەی گەشەپێکردنی کولتووری مرۆڤایەتی هاوبەشە.

لە پرۆسەی کارلێک کردنی شۆڕشگێڕانەی کولتوور و سیاسەتدا دەستدرێژی توندوتیژانەی شارستانیەتێک ڕوودەدات بۆ دەست بەسەرداگرتنی قەوارەی سیاسی یەکێکیتر و دواتریش، نەهێشتنی سیما و تایبەتمەندییەکانی. ئەمە وەکو ڤایرۆسێک دەبێت کە دەچێتە نێو شانەیەکی زیندووەوە بۆ لەناوبردنی. توندوتیژانە خزینە ناو قەوارەی سیاسی شارستانیەتێک بەمەبەستی گۆڕینی کۆدە کولتوورییەکەی، تێکشکاندنی ناوەرۆکی کولتوورێکی بێگانە هەموو جارێک نابێتە بەڵگەی بەهێزی و سەرکەوتنی دەستدرێژکەر؛ بەپێچەوانەوە، ئەمە دەبێتە گەواهی ناتەواوی لە هەڵوێستە کولتوورییەکانیدا- یانیش بەئاشکرا هەڵوێستی دژە کولتووری.

هاوپێوەندارێتی و کارلێککردنی کولتوور و سیاسەت لە پرۆسەی چەسپاندنی بەها مرۆییە هاوبەشەکاندا فۆرم و شێوازی جۆراوجۆر وەردەگرێ. ئەم پرۆسە و فۆرمەکانی سۆزی ئاسمانێکی بێ هەور بە مرۆڤایەتی نادەن، بەڵکو ئەمە ڕێگایەکی سەختە. بەشێوەیەکی تازە وروژاندنی کێشەی هاوپێوەندارێتی کولتوور و سیاسەت لە جیهانی سەردەمدا- جیهانێک تێیدا گەیشتن بەیەک و تێکەڵاوی لەرادەبەدەر، بەهێزکردنی هاوپێوەندارێتی، ئالوگۆڕکردنی زانستی و کولتووری و زانیاری، هەروەها یەکتر دەوڵەمەندکردن بەرێگەی بەها مرۆییە هاوبەشەکانەوە. لە ئەنجامی گەشەکردنێکی زۆرانبازانەی جیهان و ڕەهاکردنی بۆچوونی چینایەتیدا، وڵاتی ئێمە لە هەموو ئەو دەسکەوتانەی مرۆڤایەتی، کە لە ماوەی سەدەکاندا وەدەستی هێنابوون، زۆری لەدەست چوو، وەکو: نۆرمە ئاساییەکانی ئاکاری و دادپەروەری، پرانسیپەکانی یاسای فەرمی، واتە یەکسانبوونی هەموان لەبەردەم یاسادا، ماف و ئازادییەکانی تاکەکەس و...تاد. بەها ڕوحییەکان چیتر ناتوانن وەکو ئاسەواری دێرین تەنیا بۆ توێژەران بمێننەوە، بەڵکو دەبێ بەگوێرەی بایەخی مرۆڤایەتییانەی خۆیان ستاتووسی بەهای کولتووری وەرگرن.

هاوپێوەندارێتی کولتوور و سیاسەت، هەروەها لە

ئاستی قۆناغی مێژووییشدا دەبێ. بۆ هەر قۆناغێکی کۆمەڵایەتی- ئابووری بەکارهێنانی میراتی کولتووری تایبەتمەندیی سیاسیی خۆی هەیە، لەم پرۆسەیەشدا دەبێ هەمیشە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ڕێگاکانی گەشەکردنی کولتووری گەلێک زۆر و هەمەجۆرن. سەبارەت بە پێوەندی میراتی کولتووریی کۆن بە سیاسەتەوە، دوو بۆچوون هەیە. یەکێکیان، ڕازی نەبوون بە بەکارهێنانی توخمەکانی کولتووری کۆن وەکو خۆیان، هەوڵدان لەژێر دروشمی ڕازیبوون بە میراتی کولتووریی کۆن بۆ زیندووکردنەوە و گونجاندنی فیکری کۆنپەرستی، ترادیسیا و نەریتی نەتەوەیی، پاشماوەی کۆن لە ژیار و لە سایکۆلۆگیای خەڵکدا. ئەوی تریشیان، ڕەتکردنەوەیەکی چەپڕەوانەی هەموو بەها کولتوورییەکانی ڕابردوو تەنیا لەبەر ئەوەی ئەمانە لە کۆمەڵگای پێشتر دروست بووتە و سەر بە ڕابردوون. بەم جۆرە، لە وڵاتی ئێمەدا هەڵوێستێکی نێگەتیڤانە بەرانبەر بە ڕۆشنبیران (ئینتیلیگێنسیا)ی پێشوو سەری هەڵدا، «ڤیتۆ» لەسەر بەرهەمەکانیان دانرا، کە ئێستا ئەوە حسێبیان بۆ دەکرێ- ئەمەش لە بیبلیۆگرافیای کەسانی وەک م. بوڵگاکۆڤ، ئی. بابێل، ئێ. زامیاتین و زۆرانی تریش بە دەردەکەوێ. کۆچکردنی ٢-٢,٥ ملیۆن کەس کە زۆربەیان دوژمنی دەسەڵاتی سۆڤیەتی نەبوون، زیانێکی قەرەبوونەکراوەی بە کولتووری تازە دروستبوو گەیاند. گەورە نووسەر و شاعیری وا کۆچیان کرد وەکو: ئی. بوونین، ئا. کووپرین، م. سڤێتاییڤا، بیرمەندانی گەورەی موزیکی نیشتمانی ف. شالیاپین و س. ڕاخمانینۆڤ؛ گەورە فەیلەسووف و زانای سروشتی و ئەندازیار لە وڵات دەرکران؛ ن. گومیلیێڤ و کەسانی تر گیانیان لەدەست دا. زۆر بە جیددی مەسەلەی داخستنی تیاترۆی گەورە (بەلشۆی تیاتر) لە ئارادا بوو- تەنیا بە هەوڵ و تەقەللای ئا. ڤ. لوناچارسکی ڕزگاربیوو. گرووپی مخات (MXAT) بۆ سەفەرێکی درێژ بەڕێکرا...تاد.

چالاکیی کولتووری تەنیا وەرگرتنی بەها کولتوورییەکانی ڕابردوو نییە، بەڵکو توخمی سەرەکیی ئەو چالاکییە بریتییە لە توانای مرۆڤ لە داهێنانی بەهای نوێ. داهێنانی بەهای کولتووریی نوێ- ئەمە چالاکییەکی داهێنەرانەی بەهرەمەندی مرۆڤە کە لە هەندێ دیاردەی چۆنایەتی و چەندایەتیدا خۆی دەنوێنێ. چونکە ئامانجی ڕاستەقینەی کولتوور، لەئەنجامدا، بریتییە لە دەرخستنی بەهرەی داهێنانی تاکەکەس و گەشەپێکردنی کەسایەتییەکەیەتی.

لە بواری وڵاتناسیدا، چەندین مۆدێلی هاوپێوەندارێتیی کولتوور و دەسەڵاتی سیاسی لە پرۆسەی چالاکیی کولتووریدا هەن. ئەمەش لەسەر کۆمەڵێک فاکتەری مێژوویی، کۆمەڵایەتی- سیاسی، نەتەوەیی، ئایینی و گەلێکی تریش ڕادەوەستێت. دەسەڵاتی هەر دەوڵەتێک، کە پێوەندیی خۆی بە کولتوورێکەوە دیاری دەکات، دەورێک، یان کۆمەڵە دەورێک بۆ خۆی دادەنێ- ڕەنگە بتوانین بڵێین دەورێکی وەکو: یاریدەدەر، ئەندازیار، تەلارساز، یان پارێزەر.

ئێمە هەمیشە دەوڵەت وەکو ئەندازیار دەبینین کە تەواوی کەرەستە و ڕێگەکانی پێشکەوتنی کولتووری لەدەست خۆ گیرکردووە. دەوڵەت پشتیوانی لەم شێواز و ژانر و ڕێبازە هونەرییانە دەکات کە بەشێوەیەک خزمەتی پەرژەوەندیی سیستەمە سیاسییەکەی دەکەن. سەرلەبەری سیاسەتی کولتووری بەدەستی ئێلیتی فەرمانڕەوای فەرمی دەبێ. باری ئابووری هونەرمەند ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە ئەندامەتی لە ڕێکخراوە هونەرییە فەرمییەکان، یان دەزگاکانی تری دەسەڵاتدا. کەموکورییەکانی ئەم جۆرە سیستەمەش ڕوون و ئاشکران: ملکەچبوونێکی تەواوی هونەر بۆ ڕێنمایی ئایدیۆلۆگی (ئەمەش چەند ئەلتەرناتیڤێک دێنێتە ئاراوە، لەوانە- سەرهەڵدانی «وردە کولتوور «Subculture» و هونەری ژێرزەمین- نهێنی»).

لە دەوری یاریدەدەردا دەوڵەت، وەکو باوە بەگشتی، پشتگیری هونەر دەکات، نەک تەنیا ژانرێک، یان بوارێکی. ئەرکی دەوڵەت لەوەدایە کە ئاسانکاری بکات لە باج وەرگرتن بەمەبەستی دروستبوونی سەرچاوەی دارایی جۆراوجۆری دوور لە دەسەڵاتی مەرکەزی: فۆند، کۆمەڵە، ڕێکخراوەی خێرخواز، تاکە کەسان، کە هونەرمەندان خۆیان هەڵیاندەبژێرن بۆ پشتگیریکردن و پاراستنیان. باری ئابووریی هونەرمەند و دەزگای کولتووری، جگە لە قازانجی بلیت فرۆشتن پشت دەبەستێت بە، چێژ و گیرفانی سپۆنسەرانی ئازاد و سەربەخۆ. بۆ نموونە لە ئەمەریکا، ٣/٢ی پشتگیری

دارایی هونەر لە یارمەتییە خێرخوازییە تایبەتییەکانەوەیە کـە بەم جـۆرە دابەش دەکـرێت: ١٦٪ بۆ مـوزەخـانە، ئۆرکێستڕای سیمفۆنی- ١٦، دراما -١٣، بالێت- ٨، ئۆپێرا- ٨، موزیک- ٧، کتێبخانە- ٧، سەنتەری کـولتـووری- ٥، ڕادیۆ و تەلەڤـزیۆن- ٤٤ و هەندێ لە پرۆگرامەکانیشی- ٤، پەروەردەی ئیستێتیکی- ٣. بۆ پاراستنی ئاسەوارەکان، پیشە میللییەکان، سینەمای نابازرگانی، شیعر...تاد، کەمتر لە ١٪ تەرخانکراوە.

بەپێـچـەوانەی بۆچوونی خـەڵک، سـپـۆنسـەرە هەرەدیارەکان لە ئەمەریکادا کۆمەڵە و یەکێتییە زلەکان نین، بەڵکو فـیرمـە بچـوک و مـامناوەندییـەکـانن کـە نزیکەی ٧٠٪ ی پارە و یارمەتییەکانی تر دابین دەکەن- ئەو کۆمپانیایانەی مەبەستیانە ناوبانگی خۆیان لەنێو خەڵکی ناوچەکاندا بپارێزن. لەم ساڵانەی دواییدا، پارە دابینکردن لەلایەن کـۆمـەڵەکـانەوە لە ژاپۆن بەتوندی پێشدەکەوێ.

لە مۆدیلی پاسەوان، یان پارێزەریشدا، دەوڵەت تەنیا بودجـەیەک دادەنێ و بەرپرس نابێ لە چۆنیـەتی خەرجکردنی- لێژنەیەک ئەم بەرپرسیارەتییە لە ئەستۆ دەگرێ. پرانسیپی «درێژکـردنی دەستی یارمـەتی» لەوەدایە کە خەڵکانی سەرکردایەتی وڵات و سیاسییەکان ئەندام نابن لە لیژنەی خەرجکردنی بودجەدا و لە ڕەوتی سەرفکردنی ئەو بڕەپارەیەی بۆی تەرخانکراوە دووردەبن. مـەڵبـەند و لانەی دەوڵەتی پارێزەر-بریتـانیـایە کـە لە سـەردەمی جـەنگی جـیـهـانی دووەمـەوە ئەو مـۆدێلەی داهێنا. لێـژنەی تایبـەت بە هونەر لە بریتـانیـا و هاوشێوەکانی لە سکۆتلاند، وێڵز و باکووری ئایرلاند ساڵی ١٩٤٥ دامـەزران. ئەرکی سـەرەکیی ئەم لیـژنەیە پێکهاتبوو لە دابەشکردنی یارمـەتیی مـاددی بەسـەر هونەرمەندان و گرووپ و دەزگا کولتوورییەکاندا.

هەرچی مـۆدێلی تەلارسـازە، ئەوە دەوڵەت لێـرەدا یارمـەتیی دارایی کـولتـوور و هونەر دەدات لە ڕێگەی دەزگـایەکی فـەرمـیـیـەوە (وەزارەت، یان دەزگـایەکی کولتووری) و فەرمانبەران پارەکە دابەش دەکەن. لەبەر ئەوەی دەوڵەت داهێنانی هونەری وەکـو بەشـێـک لە پرۆگرامی کۆمەڵایەتی خۆی لێکدەداتەوە، بۆیە جەخت دەکاتە سەر هونەری جەماوەری نەک هونەری «بەرز». بێ گومان، دینامیکای سیاسەتی کولتووری بەڕادەیەکی زۆر لەسەر ڕێبازە سیاسییە گشتییەکە وەستاوە. مۆدیلی تەلارسـاز بۆ ئەو سـیسـتـەمـە دەگـەڕێتـەوە کـە لە مۆنارخیاکانی ئەوروپی لە سەدەکانی حەڤدە- نۆزدەدا هەبوو. ئەم مـۆدێلە نزیکەی تا ساڵی ١٩٣٢ لە وڵاتی ئێـمـەدا باوبوو؛ ئێسـتـاکـەش لە فـەرەنسـا، سـوێد، دانیمارک، ئیسپانیا و هۆڵاند پەیڕەو دەکرێ.

ئاستی هەرەگرنگی چالاکیی کولتووری لە فراوانبوون و بڵاوکـردنەوەی بەها ڕوحـیـیـەکـاندایە. ئەوەی لە کـاتی ئێستادا بایەخێکی تایبەتی هەیە ئەوەیە کە نەک کولتوور چی بە کـۆمـەڵگا دەبەخـشێ، بەڵکو کـۆمـەڵگا چی بە کولتوور دەدات و چ جۆرە هەلومەرجێک بۆ گەشەپێکردن و بڵاوکردنەوەی کولتوور دەڕەخسێنی.

لە سیـاسـەتی دەوڵەتی ئێـمەدا مـاوەیەکی درێژ ئەوەی پێی دەگوترا «پرانسیپی پاشماوە» زاڵبوو؛ دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەمە ئێستاکەش هەر ماوە. لە ماوەی ئەو چەند دە ساڵەی ڕابردوودا خەرجییەکانی لایەنی کولتووری هەر وەکو خۆیانن و دەستکاری نەکراون: لە بودجەی دەوڵەتدا بڕەپارەی تەرخانکراو بۆ بوارەکانی کولتووری بریتییە لە تەنیـا ١٪، کـەچی زێتـر لە نیـوەی ئەمـە بۆ تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ، سینەما و چاپەمەنی سەرفدەکرێ. دانیشـتوانی زۆربەی ناوچەکـانی وڵات دەتوانن تەمـاشـای تەنیـا یەک کەناڵی تەلەڤزیۆن بکەن؛ ٥٩ یەکەی ئیداریی گەورە، کە ژمارەی دانیشـتوانیـان دەگـاتە زێتر لە ١٠٠هەزار کەس، شانۆیان تێدا نییە...تاد.

پرۆسـەی چالاکی کـولتـووری، هەروەها کـردەی بەکارهێنانی بەها ڕوحـییـەکـانیش دەگرێتـەخۆ؛ هەر لە ڕەوتی ئازارە ڕوحـیـیـەکـاندایە کـە من دەتوانم بگەم بە هەست و ناخی خەڵکانی تر. سیـاسـەت لە بەکـاربردنی بەها کـولتـوورییـەکان وەک چۆن دەبێ ئاراستـەکـراو بێت بەرەو وەرگـرتنی، بەهای کـولتـووری ڕابردوو، ئاواش بەهای کولتووریی نوێ.

ئەمــە بـوو هەندێ لایـەنی هـاوپێــوەندارێتی و کـارلێککردنی کـولتـوور و سیـاسـەت لە ئاسـتـەکـانی شارسـتـانیـەت، قـۆناغی مـێژوویی، وڵاتناسیـدا و لە پرۆسـەی وەرگـرتن، بڵاوبوونەوە و بەکـارهێنانی بەها کولتوورییەکاندا.

* * *

لە زانسـتی سیـاسـیی نیشـتـمـانی و دەرەوەدا ڕای

جۆراوجۆر هەن سەبارەت بەوەی کولتووری سیاسی چی دەگەیەنێ. چەمکی «کولتووری سیاسی» بۆ یەکەمین جار فەیلەسووف و ڕۆشنگەر (منور)ی ئەڵمان ئی. هێردەر لە سەدەی هەژدەدا بەکاریهێناوە. لە ئەنجامدا، بەتایبەتی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، ئەم چەمکە چالاکانە لەلایەن قوتابخانە زانستییە جۆراوجۆرەکانەوە بەکارهاتووە. زێتر قوولبوونەوە لە ناوەڕۆکی کولتووری سیاسی لە کتێبی زانای ئەمەریکی هـ. ئالمۆند بەناوی «بەراوردکردنی سیستەمە سیاسییەکان» (١٩٥٦) دابوو. دواتر، کارکردن لەسەر تیۆرپای کولتووری سیاسی بەجۆرێکی سەرەکی لەلایەن ئەمانە بوو: س. ڤێربا، م. دیوڤێرژ، م. کروزیێ و زۆری تریش. کۆمەڵناسانی خۆشمان لە ساڵانی حەفتاکانەوە چالاکانە چوونە نێو بابەتی کولتووری سیاسییەوە.

بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی چەمکی کولتووری سیاسی ڕوون بکەینەوە، پێویستە لە ستروکتوورەکەیەوە بڕوانین. هەر کولتوورێک بریتییە لە یەکبوونێکی ئۆرگانیکانەی هۆشیاری و ڕەفتار. کولتووری سیاسی تایبەتمەندییە چۆنایەتییەکانی هەموو ژیانی سیاسی ڕەنگدەداتەوە، بۆیە نابێ کولتوور بە تەنیا هەندێک لە دیاردەکانی ئەم بوارەی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە ببەستینەوە.

لە ستروکتووری کولتووری سیاسیدا چەندین توخم دەردەکەون:

– توخمی مەعریفی- مەعریفەی سیاسی، ڕۆشنبیریی سیاسی، هۆشیاریی سیاسی، شێوازەکانی بیرکردنەوەی سیاسی.

– نرخاندنی مەعنەوی- هەستیاریی سیاسی، ترادیسیا، بەها، ئیدیاڵ، باوەڕ.

– ڕەفتار- هەڵوێستی سیاسی، شێوە و فۆرمەکانی، ستایل، نموونەکانی چالاکییە کۆمەڵایەتی- سیاسییەکان، ڕەفتاری سیاسی.

– ئاراستەی گشتیی کولتوور- هەڵوێست بەرانبەر بە دەسەڵات، بەرانبەر بە دیاردە سیاسییەکان.

بەکورتی لەسەر هەر یەکێک لەم توخمانەی ستروکتووری کولتووری سیاسی دەوەستین.

توخمی مەعریفی دەورێکی گرنگی لە کولتووری سیاسیدا هەیە، چونکە زانین و تێگەشتن لە پەرژەوەندییە سیاسییەکان بۆ خەڵک دەرەخسێنێ- بەرژەوەندیی تاک، کۆمەڵ، دەوڵەت، کۆمەڵایەتی، ناوچەیی، جیهانی، هەروەها دەستوور و یاساکانی وڵات، پرۆگرامەکانی حزبە سیاسییە سەرەکییەکان و هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی تر؛ پێوەندییە سیاسییەکانی ناوەوەی وڵات، دیاردە و ڕووداوە سیاسییەکان. ئەمانەش دەچنە نێو قەوارەی مەعریفەی سیاسییەوە: ناوەڕۆک و ئەرک و ستروکتووری گرنگترین ڕێکخراوە و دەزگای دەوڵەتی و حزبی و کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان؛ دیارترین نۆرم و دەستوبردە سیاسییەکان؛ فۆرم و شێوازەکانی بەشداریی هاووڵاتیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی- سیاسیدا بەمەبەستی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و دەوڵەت؛ پرۆسە سیاسییە سەرەکییەکانی نێودەوڵەتی.

هەستیاریی سیاسی، نەریت (ترادیسیا)، بەها، ئیدیاڵ، باوەڕ- دەتوانن وەسفکردنێکی گرنگی لەڕادەبەدەر بۆ کولتووری سیاسی بکەن- لێرەدا مەبەست توخمی (نرخاندنی مەعنەوییە)لەناو ستروکتووری کولتووری سیاسیدا. نرخاندن، پێوەندیی تاکەکەسیانە و کەسایەتییانەی مرۆڤ دەردەبڕێ بەرانبەر بە دیاردە سیاسییەکان و دەسەڵات- ئەوەش بایەخێکی تایبەتیی خۆی هەیە. ئەم جۆرە پێوەندییە کەسایەتییە بیرمەندییە مرۆڤ دەکات بە کەسێکی سیاسی.

لە دروستبوونی نموونەکانی ڕەفتاری سیاسیدا نەریتە سیاسییەکانی کۆمەڵگا، چین و یەکێتییە کۆمەڵایەتییەکانی تر، تاکەکەسان ڕۆڵی گرنگ دەبینن. نەریتەکان بە دوو ڕێگەی سەرەکی دەردەکەون: پرۆسەی ڕادەستکردن لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر و پرۆسەی دووبارەبوونەوە. ڕادەستکردن بریتییە لە خوێندنەوەیەکی ئایدیۆلۆگی و هەستیاری و مۆراڵیانەی ڕابردووی زیندوو لە کاتی ئێستادا. ڕادەستکردن لەسەر جۆری پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (Sociolization) دەوەستێت- پێش هەموو شتێکیش خێزان و قوتابخانە. نەریتەکان لەناو ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی، لەناو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی پتەو و یەکگرتوودا دروست دەبن و ڕادەست دەکرێن. لەم حاڵەتەشدا، مرۆڤ دەکەوێتە ژێرباری کارتێکردنێکی قووڵەوە، دەگونجێندرێ لەگەڵ شێوازەکانی ڕەفتار و بیرکردنەوەدا (حزب، کۆمەڵە، یەکێتی).

هەموو چین، توێژ، گرووپێکی کۆمەڵایەتی نەریت

بەرهەمدێن، بەکاریان دەبەن و گەشەیان پێدەکەن، بۆیە نەریتەکان سیمای چینایەتی، پیشەیی و دوورتش، توێژاڵی و ڕێکخراوەیی گونجێندراو وەردەگرن. هەر نەریتێک تەنیا لەناو کۆمەڵەکەی خۆیدا پەیڕەودەکرێت. زۆر لە نەریتە سیاسییەکان بە واقیعێکی دیاریکراوەوە، بە ئەزموونەکانی خەباتی سیاسییەوە پشتیان بەستبوو و ئێستاش پشتی پێ دەبەستن.

دامەزرێنەر و هەڵگرانی نەریتە نەتەوەییەکان، لەبواری سیاسەتدا ئەمانە لەهەمان کاتدا بەگشتی چین و توێژاڵ و کۆمەڵگان؛ وەکو باویشە سیاسەت پێوەرێکی نەتەوایەتییە. لە فەرەنسادا نەریتی خەباتی سیاسیی توند زاڵە، واتە نەریتێکی شۆڕشگێڕانە. لە ئینگلتەرا، لەنێوان بۆرژازیا و زەحمەتکێشاندا، نەریتێکی سەرباشقە دروستبوو- کۆمپرۆمیسی سیاسی، میانڕەوی، تەنانەت کۆنپاریزیش. لەم وڵاتەدا کۆمپرۆمیس (مساومة) لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگادا بەکارهاتووە (فیۆداڵەکان لە خەباتیاندا دژی جووتیاران بەکاریانهێنا، هەروەها لەدژی بازرگانانی شار و بۆرژوازیای پیشەسازی، لە کاتی ئێستاشدا بۆ ڕێکخستنی پێوەندییەکان لەنێوان زەحمەتکێشان و خاوەن کارگەکاندا بەکاردێت). بێ گومان، ئەمە وا ناگەیەنێ کە لەم وڵاتەدا شێوەکانی خەباتی توندوتیژ و چەکدارانە هەرگیز نەبووە (شەڕی چەندین ساڵەی ئایرلاندای باکوور).

ئەوەی بایەخێکی گەورەی لە رووسیای سەردەم و لەم قۆناغەی وەرچەرخانی مێژوودا هەیە، ڕێی تێدەچێ هەندێ نەریت دەرکەون کە بەجۆرێک و بەشێوەیەک پێوەندییان بە سیاسەتەوە هەبێت.

- لە بواری سیاسەتدا، بڕوا (یان پێچەوانەکەی- بێ بڕوایی) بە دەوڵەت، بە دەسەڵاتی سیاسی، بە چین و توێژی دەسەڵاتدار، یان فەرمانڕەوا، بە ئێلیتی سیاسی؛ لایەنگیریی ئازادییەکانی تاکەکەسی و کۆمەڵی؛ سەربەخۆیی شارەوانی؛ چالاکبوونی کۆمەڵایەتی- سیاسیی دانیشتوان، یان هەندێ لە توێژەکانی، بەشداریکردن لە دۆزینەوەی ڕێگاچارەی کێشە ناوچەیی و نەتەوەییەکان؛ تێگەیشتن لە ئامانجە نەتەوەییە هاوبەشەکان و خەباتی جەماوەری لەم بوارەدا؛ بەرهەڵستکاری و دەوربینین لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی سیستمی نوێنەرایەتیدا.

- لە بوارەکانی فۆرم و شێوازەکانی خەباتی سیاسیدا- پیادەکردنی ئاستێکی شارستانیانە لە گفتوگۆ و دەمەتەقێدا؛ گوێگرتن لە بەرانبەر، سەلماندن، یان گۆڕینی باوەڕ بەیاریدەی بەڵگەی عەقڵانی؛ هونەری موساوەمە، موناوەرە و هاوپەیمانێتی، شێوازی کاریگەری پاڵەپەستۆ خستنە سەر دەسەڵاتی یاسادانەر و جێبەجێکار و حزبە سیاسییەکان، بەکارهێنانی ڕاگەیاندن و ئامێرەکانی پێوەندیی جەماوەری؛ ڕێپێوان، کۆمەڵبوون، کۆبوونەوە، سیمینار، بزاوتی جەماوەری بۆ داکۆکیکردن لە داواکاری و پەرژەوەندییەکان؛ (وەدەستهێنانی پشتگیریی شەقام)، مانگرتن- ناوچەیی، نەتەوەیی، ئابووری و سیاسی؛ پەنابردنەبەر شێوازی خەباتی هەرەکاریگەر؛ ئامادەباشی، هاوکاری، هەماهەنگی؛ هاوپەیمانێتیی کۆمەڵایەتی.

- لەبواری ڕێکخراوەییدا- واتە، کۆمەڵبوون لەسەر بنچینەی جێگەی نیشتەجێبوون و شوێنی کارکردن؛ دامەزرانی کۆمەڵەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و نواندنی چالاکی (ژیانێکی ڕێکخراوەیی چڕ)؛ پتەوی و جێگیری ڕێکخراوەیی؛ جۆراوجۆری بوارەکانی کاری ڕێکخراوەیی؛ هاوکاری و خزمەتکردنی خەڵکانی نزیکیان.

- لە بواری ئایدیۆلۆگیدا- ڕەتکردنەوەی ناعەقڵانیەت، ئایدیالیزم، باوەڕ (ئایینی و دنیایی)، بزووتنەوە لەپێناو جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەوڵەت و لە قوتابخانە؛ لێزانی لە بواری بەستنەوەی گەشەکردنی کولتوورییەوە بە بزووتنەوە لەپێناو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا؛ هەڵوێستی ڕەخنەگرانە بەرانبەر بە واقیع؛ پێدانی گوزارشتی سیاسی بە نارەزایی سایکۆلۆگی؛ گەڕانێکی عەقڵانی بەدوای ڕێگەی واقیعی بەرەو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی؛ بایەخدان بە گەشەکردنی سیاسی، یاسایی و کولتوورییانەی دانیشتوان؛ ئینتەرناسیۆنالیزم (یان، بەپێچەوانەوە، ناسیۆنالیزم، شۆڤینیزم، «تایبەتمەندیی نەتەوەیی»، هەروەها هەست بەکەمیکردنی نەتەوەیی کە شێوەی نەخۆشیی «پاتۆلۆگی» وەرگرتووە).

ستروکتووری کولتووری سیاسی بریتی نییە لە تەنیا توخمەکانی هۆشیاریی سیاسی، بەڵکو هەروەها، توخمی ڕەفتاری یەکجار گرنگیشی هەیە کە خۆی لە

بەشداریکردنی هۆشیارانەی هاوولاتیان لە گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە و بەڵگەنامەکانی حکومەت و حزبەکان دەردەبڕێ؛ لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری؛ کارکردن لە دەزگا جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت و رێکخراوە کۆمەڵایەتی- سیاسییەکان (لە ئاستی ناوچەیی، یان گشتی)؛ لە چالاکییە شێوەکانی تری کۆمەڵایەتی- سیاسی، کۆمپانیا، کاروباری تر، ئەندامەتی لەناو پارتە سیاسی و رێکخراو و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی- سیاسییەکاندا.

لایەنێکی هەرەگرنگی توخمی رەفتاریی کولتووری سیاسی، رەوشی ئاسایی سیاسییە لە کۆمەڵگادا. رەوشی سیاسی- بریتییە لە هەڵوێستی تاکەکەس بەرانبەر بە دیاردە سیاسییەکان، ئەم رەوشە یاریدەدەرە بۆ پیادەکردنی وێنا و بەهاکان لە بوارەکانی جێبەجێکردندا. نموونەیەکی رەوشی سیاسی کە تایبەتمەندیی هەندێ کولتووری سیاسی دەردەخات- هەڵوێست بەرانبەر بە سەرکردە سیاسییەکانە. ئاراستەی کولتووری سیاسی بەریتانی بەرەو ئەوەیە کە خەڵک حزبە سیاسییەکان هەڵبژێرن نەک سەرکردەی سیاسی. لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی ئەمەریکی دا خەڵکی بەرەو کەسایەتیی پاڵێوراو بۆ ئەم پۆستە ئاراستە دەکرێن نەک بەرەو حزبە سیاسییەکەی. بە کەسایەتیکردنێکی (Personification) بەهێزی دەسەڵات لە کولتووری سیاسیی هیندوستاندایە- لەوێ حزبە سیاسییەکان خەڵکی بە پاڵێوراوی خۆیان، بەتایبەتیش نمایشکارانی سینەما ناودار دەکەن.

توخمێکیستروکتووری و سەرەکی کولتووری سیاسی لە ئاراستەی گشتی کولتووری پێکهاتووە: جیهانبینی، هەڵوێست بەرانبەر بە دەسەڵات و بەرانبەر بە هەندێ دیاردەی سیاسی. جۆر و تایبەتمەندیی ئاراستە کولتوورییەکان جێگەی دیاردە سیاسییەکان لەناو ستروکتووری بەهاکانی کەسایەتی، گرووپ و کۆمەڵگادا دەردەخەن. بایەخی ئاراستەکانی جیهانبینی لەوەدایە کە پرانسیپەکانی مرۆڤ، لە هەڵوێستی سیاسیدا، تاچەند بەهاکانی تاکەکەسی، یان کۆمەڵی دەردەبڕن: ئایا نۆرمەکانی شارستانیەتی رۆژئاوایی، یان رۆژهەلاتی پیادە دەکات، کاریگەریی دنیایی، یان ئایینی بەسەرەوەیە، هەڵوێستی بەرانبەر بە توندوتیژی، لەگەڵیان دژی هەڵوێستی ئایدیۆلۆگییە؟.

مرۆڤ هەڵوێستی جۆراوجۆری دەبێت، هەروەها بەرانبەر بە دەسەلات. هەر کەسێک کە دەچێتە نێو ژیانی سیاسییەوە، چارەی نییە، هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ دەسەلات دەبێت لەرووی توانایەوە بۆ دەرکردنی یاسا، دادگاییکردن و تواناکانی لە ناچارکردنی خەڵک بۆ جێبەجێکردنی نۆرم. دیاردە سیاسییە جۆربەجۆرەکان، لەناو بەها سیاسییەکانی کەسێکدا، سەنگ و قورساییان وەکویەک نابێت؛ ژمارەیەکی زۆری توێژینەوەکان ئەوە نیشاندەدەن کە زۆربەی هەرەزۆری ئەمەریکاییەکان بایەخێکی ئەوتۆ بە سیاسەت و چالاکیی سیاسی نادەن. بەپێی زانیارییەکانی هـ. ئالمۆند و. س. ڤێربا، تەنیا ۲۷٪ ئەمەریکایی بەرێکوپێکی چاودێریی رووداوە سیاسییەکان دەکەن.

بەم جۆرە ئێمە لەسەر هەندێ لایەنەکانی توخمە ستروکتوورییەکانی کولتووری سیاسی وەستاین.

کولتووری سیاسی، لە پرۆسەی کارکردنی خۆیدا، چەندین ئەرک جێبەجێ دەکات:

- ئەرکی مەعریفی- چەکدارکردنی هاوولاتی بە زانیاریی کۆمەڵایەتی- سیاسیی پێویست و داڕشتنی بۆچوون و باوەڕی سیاسیی شیاو؛
- ئەرکی گەیاندن- ڕادەستکردن و بلاوکردنەوەی زانیاریی سیاسی، بەها و ئەزموونەکان (بەشێوەی ئاسۆیی) لەنێوان کەسەکان و (بەشێوەی ستوونی) لەنێوان نەوەکانی بەشداربووانی پرۆسەی سیاسیدا؛
- ئەرکی پەروەردەیی- دروستکردنی هۆشیاریی سیاسی و شارەزایی لە بواری چالاکی سیاسیدا لای هاوولاتیان؛
- ئەرکی یەکخستن- دابینکردنی بنکەیەکی کۆمەلایەتی فراوان و پتەو بۆ سیستمی سیاسی کە لەلایەن کۆمەڵگاوە هەڵبژێردراوە؛
- ئەرکی رێکخستن- زامن کردنی هەڵوێستی کاریگەری هاوولاتیان بۆ سەر پرۆسە سیاسییەکان؛
- ئەرکی بەهایی- چەسپاندنی بەها، نۆرم، ئامانج و بزوێنەری سیاسی پێویست لە کۆمەڵگادا.

کولتووری سیاسی لە پرۆسەی گەشەسەندنی خۆیدا ئەرکێکی یەکجار گشتی جێبەجێ دەکات- ئەرکی پێگەیاندنی کۆمەلایەتیی سیاسیانەی تاک. بە

کۆمەڵایەتیکردن Sociolization ئەمە پرۆسەیەکی کارتێکردنی ڕێکخراو و ناڕێکخراوی کۆمەڵگایە بۆ سەر تاکەکەس بەمەبەستی دروستکردنی کەسایەتییەک کە پێداویستییەکانی ئەو کۆمەڵگایە جێبەجێ بکات. زۆربەی زانایان لەوەدا یەکن کە پێگەیاندنی سیاسی هەمیشە بەستراوەتەوە بەوەی کە تاک دەبێ ئەزموونە کۆمەڵایەتی و سیاسییە کەڵەکەبووەکانی کۆمەڵگا وەرگرێ، ئەوانەی لەناو نەریتە کولتوورییەکان و بەهای گرووپ و کۆمەڵەکاندا بەچڕی خۆدەنوێنن. پێگەیاندنی سیاسی- ئەوە چوونی مرۆڤە بۆ ناو سیاسەت؛ ئامادەکردنی ئەو کەسە و پەیوەستکردنی بە دەسەڵاتەوە بەئەنجام دەگات بەگوێرەی ئەوەی کە لە پرۆسەی وەرگرتنی نۆرمەکانی کولتووری فەرمانڕەوا و بەها و شێوازەکانی ڕەفتاری سیاسیدا تا چەند سەرکەوتوو بووە.

گرنگترین دەزگاکانی پێگەیاندنی سیاسی مرۆڤ بریتین لە: خێزان، سیستمی پەروەردە، ڕاگەیاندن، ڕێکخراوەی فەرمی و حزبی و ئایینی، هەروەها هەندێ لە ڕووداوە سیاسییەکان. ڕۆڵ و بایەخی ئەم دەزگایانە لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسیدا بەپێی بارودۆخ و هەلومەرجەکان دەگۆڕێن؛ دامەزرانی سیستمی فرەحزبی لە ڕووسیادا کاریگەریی ڕێکخراوە حزبییەکانی لەم پرۆسەیەدا کەم کردەوە.

پێگەیاندنی سیاسی سەرەتایی و پێشکەوتووی مرۆڤ هەمیشە لێک جیادەکرێنەوە. یەکەمیان بەستراوەتەوە بە بەکەسایەتیکردنی سیاسەت کە تێیدا یەکێکی سەر بە دەسەڵات دەبێتە نموونەی باڵا بۆ ئەو کەسە و هۆی پێوەندیکردنی بە سیستمی سیاسەتەوە؛ دووەمیان پەیوەستە بە شێوازەکانی وەرگرتنی زانیاری سیاسی و توانای کەسایەتییەکان لە داهێنانی بەها و نۆرم و ڕەوشی سیاسی جۆراوجۆر.

مرۆڤایەتی لە مێژووی چەندین سەدەی خۆیدا تیپی جۆراوجۆری کولتووری سیاسیی داهێناوە: لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی- مێژووییەوە (قۆناغەکان)- کۆیلەداری، فیوداڵی، سەرمایەداری، سۆشیالیستی؛ لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی- چینایەتییەوە- بۆرژوازیا، زەحمەتکێشان (کرێکار، جووتیار، ڕۆشنبیران)، گرووپی کۆمەڵایەتی؛ لە ڕوانگەی ئاراستەی سیاسییەوە- باوکسالاری، چینداری، تەبەعیەت، ئەکتیڤیست، دیموکراتی؛ لە ڕوانگەی مێژوویی ـ ناوچەییەوە- پێش پیشەسازی، ئەورووپی، ئەنگلۆئەمەریکایی و...تاد.

شان بە شانی تیپە جیهانییەکانی کولتووری سیاسی لە کۆمەڵگایاندا، هەروەها کولتووری سیاسیی هەندێ گرووپەی کۆمەڵایەتی، ئێتنیکی، ئایینی و ناوچەیی دروست دەبن کە تایبەتمەندیی خۆیان لە ڕووی پەرژەوەندی و بۆچوونەکانیانەوە هەیە؛ وەکو باوە، بەمانە دەڵێن وردە کولتوور (Subculture)ی سیاسی. لە ئەدەبیاتی کۆمەڵایەتی- سیاسیدا وردە کولتوور بریتییە لە کۆمەڵی ئاراستە سیاسییەکانی خەڵکێکی زۆر لەنێو قەوارەی کولتوورێکدا کە، بەلای کەمەوە، لە ئاراستە کولتوورییە باوەکانی ناو کۆمەڵگا جیاوازن. نموونەی وردە کولتوور- ستایلی بیرکردنەوە و ڕەفتاری سیاسییانەی خەڵکی شارەکانی مۆسکۆ و سانت پێترسبۆرگ، یان ڕیازان و تڤێر کە لەسەر بنچینەی هەندێ جیاوازی کەم لە ئاراستە و چالاکییە سیاسییەکاندا دروستبوونە؛ هاوکات وردە کولتوورەکانی زۆربەی دانیشتوانانی دەوڵەتانی باڵتیک و ئاسیای ناوەڕاست کە جیاوازی و تایبەتمەندی زۆریان هەیە. وەکو سیمایەکی وردە کولتووری سیاسیی ڕەشپێستەکان توێژەرانی ئەمەریکایی سەرنجیان داوە کە ئەمانە باوەڕی زێتریان بە حکومەتی فیدراڵی هەیە (بە بەراورد لەگەڵ باوەڕیان بە حکومەتانی ولایەتەکان)، هەروەها ڕەشپێستەکان زێتر و ئاشکراتر پشتگیری بەرنامە کۆمەڵایەتییەکانی حکومەت دەکەن.

کولتووری سیاسی لە هەلومەرجەکانی سەردەمی ئێستادا چۆن دروست دەبێ؟ بەڕێگەی ئەو چالاکییانەوە کە لەلایەن دەوڵەت، حزبی سیاسی، کڵێسا، ڕاگەیاندن، ڕێکخراو و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی- سیاسییەکانەوە ئەنجام دەدرێن بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی ڕوحی- ئایدیۆلۆگی، فێرکاری و ڕۆشنبیرکردن؛ کارتێکردنی ڕەمەکییانە بۆ سەر تاکەکەس دیاردەیەکی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەیە لەلایەن خێزان، سەرکار، دۆست و برادەرەوە ڕوودەدات؛ تێکەڵکردنی هاوولاتییان بە ژیانی کۆمەڵایەتی- سیاسیی کۆمەڵگاوە. ئاشکرایە کە کولتووری سیاسی شێوەیەکی کولتووری گشتییە، نیشانگەلێکی ئەزموونی سیاسی و ئاستەکانی هەست و هۆشیاریی سیاسییە، نموونەی ڕەفتار و کارکردنی کەسانی سیاسییە کە ڕادەی یەکێتی و یەکبوونی شێوازی

ژیانی سیاسی وڵات، چین، نەتەوە، گرووپی کۆمەڵایەتی، تاکەکەسان دەردەبڕن.

ستروکتوور و بینای کولتوور لەگەڵ ئەو تایبەتمەندیانەشیدا، کەچی ئەمە پرۆسەیەکە دەتوانرێ زانستانە ئاراستە بکرێ. بێ گومان، لە بارودۆخی پێوەندییەکانی بازاڕدا دەبێ دەوڵەت هۆشیارانە پرۆسەی کولتووری بەڕێوەبەرێ؛ لەم حاڵەتەدا بەرەڵلایی، ڕەمەکی، دەست تێوەرنەدان لە پرۆسەی کولتووری نابێ لە ئارادابێ.

سیاسەتی کولتووری بریتییە لە ئاستی جۆراوجۆری چالاکی تیۆری و پراکتیکییانە لە ژیانی ڕوحی کۆمەڵگادا؛ دەزگا جیاوازەکانی سیستمی سیاسی دەتوانن پیادەی بکەن، وەکو: دەوڵەت، حزبی سیاسی، ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتی- سیاسی. سیاسەت لە بواری ژیانی ڕوحیدا لایەنی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێ- سیاسەتی پەرەپێدانی زانست، پەروەردە و فێرکردن، داهێنانی ئەدەبی، دراما، هونەری سینەمایی، ڕەخنەی ئەدەبی، دەرکردنی کتێب، ڕاگەیاندن. ئامانج و ئەرکی سیاسەتی کولتووری لەلایەن پێوەندییە کۆمەڵایەتییە زاڵەکانی ناو هەر وڵاتێک و هەلومەرج و تایبەتمەندییەکانییەوە دیاری دەکرێن.

زانست، یەکێکە لە فۆرمەکانی کولتووری ڕوحی لەو کۆمەڵگایەی کولتووری سیاسی تێیدا پیادەدەکرێ و گەشەپێدانی دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ: بەرهەمهێنانی ماددی، پێوەندییە کۆمەڵایەتی- ئابوورییەکان، ژیانی سیاسی. ئامانجە ڕاستەوخۆکانی زانست- وەسفکردن، ڕوونکردنەوە، پێشبینیکردنی پرۆسە و دیاردەکانی واقیع، بە مانایەکی فراوانتر- دەربڕینێکی تیۆریانەی واقیعە. لەبەر ئەوەی تەنیا دەوڵەت سیاسەتی کولتووری بەڕێوەنابات، بەڵکو هەروەها حزبی سیاسیش، بۆیە مەسەلەی یەکگرتنەوەی زانست و سیاسەت لە ژیانی حزبدا بایەخێکی گەورەی هەیە. لێکدانەوەی زانستیانە بنچینە و بنەمای سیاسەتە، ئەمەی دواییش، بەدەوری خۆی، ڕاستی ئەم جۆرە لێکدانەوەیە بەراورد دەکات.

سیاسەت لە بواری زانستدا، لە وڵاتانی جۆراوجۆر پەیڕەوکراوە و پەیڕەودەکرێ، هەریەکە بەپێی ئامانجەکانی خۆی. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ژاپۆن، دوای جەنگی دووەمی جیهانی، لە بواری زانست و فێرکردندا دوو ڕێگەی جیاواز لەیەکتریان گرتەبەر. ئەمەریکا ڕێگەی «بەگەڕخستنی سەرمایە لە تەکنۆلۆگیا»ی هەڵبژارد (مۆدێرنکردنی ئامێرەکانی وێستگەکانیان، نوێکردنەوەی تەکنۆلۆگیا و... تاد). هەرچی ژاپۆن بوو سەرمایەکەی لە مرۆڤدا بەگەڕخست (پەرەپێدانی تواناکانی مرۆڤ لەبوارەکانی داهێنان و پیشەییدا). بەگوێرەی ئەو پێشکەوتنانەی کۆمەڵگای ژاپۆنی بەخۆیەوە بینی، بێ گومان، بەهۆی سیاسەتی «بەگەڕخستنی سەرمایە لە مرۆڤدا» بوو، بۆیەش سەرکەوتووتر بوو. لە وڵاتی ئێمەشدا (مەبەستی رووسیایە- و.) لە ماوەی مێژووی خۆیدا هەڵوێست بەرانبەر بە زانستانی سروشتی و کۆمەڵایەتی هەمەجۆر بووە. جێگەی سەرنجە کە، بۆ نموونە، ڕێکەوتی ٥ ی نیسان ١٩٥٢ وتارێک بەناوی «کیبێرنێتیکا- زانست دوژمنی پێشکەوتن» لە «ڕۆژنامەی ئەدەبیات» بلاوکرایەوە؛ ئەمە تەورێک بوو بە داری زانستەکەی لیسێنکۆڤشین کەوت. گێنێتیکا وەکو ڕێبازێکی زانستی بۆ ماوەیەکی درێژ ون بوو، نزیکەی سێ هەزار کەس لە پەیڕەوکەرانی ئاساییانە لەسەرکار دەرکران، زۆرێتریشیان لەنێوبران.

لە کاتی ئێستادا زانست لە وڵاتی ئێمەدا لەبارێکی سەختدایە. جاران ملیۆن و نیوێک کارمەندی زانستی ئەرکەکانی پێشخستنی زانستیان جێبەجێ دەکرد کە دەیکردە ١/٤ی ژمارەی گشتی کارمەندانی زانستیی هەموو جیهان. ئەگەر وڵاتانی ڕۆژئاوا، بۆ وەدەسهێنانی دەسکەوتەکانی پێشکەوتنی زانستی- تەکنۆلۆگی قۆناغی ئێستا، تواناکانیان یەک بخەن، ئەوە تواناکانی رووسیا لەبەرچاوان دەتوێنەوە. بەڵام کارەسات ئەوەندە لە دابەزینی چەندایەتیدا نییە، ئەوەندەی لە چۆنایەتیدایە. سیمای ڕەوشی ئێستای زانستی رووسی لەوەدایە کە پشتگیریی دەوڵەت بۆی زۆر کەم بۆتەوە؛ ئەمەش تەنیا بە قەیرانی درندانەی ئابوورییەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو بەجۆرێکی سەرەکیش پەیوەستە بە چاوخشاندنەوە بە دەوری زانست لە کۆمەڵگادا. ئەگەر جاران زانستە سروشتییەکان بەڕادەیەکی زۆر خزمەتی یەکەی پیشەسازیی جەنگییان دەکرد و بەمەشەوە پێش دەکەوتن،

ئەوە ئێستاکە هێز و شکۆداریی دەوڵەت، بەپلەی یەکەم، بە ئاستی چەکداریی پێوانە ناکرێ.

وەک چۆن لە یەکێتی سۆڤیەت، ئاواش لە ڕووسیادا گرنگترین دەزگا ئەکادیمییای زانستەکانە کە بەرادەیەکی زۆر سیاسەتی زانستی و ستاتووسی باڵای زانستی دیاریدەکرد و ئێستاش هەر وایە. کەچی ئەکادیمیای ڕووسی، لەگەڵ زۆریی ئینستیتووت و سەنتەری زانستی، ئۆبسێرڤاتۆریا، شاندەکانی، کتێبخانە و چاپخانەکانی- بودجەکەی ٣ تا ٥ جاران کەم کراوەتەوە. لە ئەنجامی کەمبوونەوەی بودجە و هەروەها بە ڕەخسانی هەلومەرجی تازە لە بواری پرۆژەکانی وەبەرهێناندا شالاوێکی بەهێزی کادیرانی گەنج و دینامیک بەرەو بزنس دەچێ. بەم جۆرە، ١/٤ی زانایان پشت لە زانست دەکەن و ١/٤ی تریش لە وڵات کۆچ دەکەن.

هەرچی زانستە کۆمەڵایەتییەکانن، ئەوە لە بارێکی ئەوپەڕی غەمباریدان، چونکە هەمموو ئەو سیستەمی ئایدیا و ئامانجەکانی خزمەتیان دەکرد ڕووخا؛ ئەم زانستانە خۆیان لە قەیرانێکی قووڵدا بینییەوە، لەبەر ئەوەی ئەمانە ڕەهەندی ئایدیایی و تیۆری، میتۆدۆلۆگی و کادیر و ڕێکخراوەییان هەیە.

بۆ ئەوەی زانست لەو قەیرانە دەربچێ، دەبێ بە ژیانرا بگات. واتە زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ دیراسەی پرۆسە بابەتییەکان بکەن کە ئەوە لە بوارەکانی ئابووری، سیاسەت، بینای دەوڵەت و ژیانی ڕوحیدا ڕوودەدەن. ئەگەر بابەتەکانی فیزیا و کیمیا هەر وەکو خۆیانن (لە سەدەکانی نۆزدە و بیست و ئێستاکەش هەر هەمان بابەتن)، ئەوە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بابەتی لێکۆڵینەوە ڕۆژانە و لەبەر چاوان دەگۆڕێن؛ ئەو گۆڕانەی ڕۆژانەش دەخوازێ کە لە پرۆسە ڕاستەقینەکان بەئاگا بین. ئەمەش چەند حاڵەتێک کە دەرچوو، بەپێچەوانەی ئەوەی سەلمێنرابوو، دەمەتەقێ هەڵدەگرن: خەباتی چینایەتی وەکو بنچینە بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگا؛ حەتمییەتی قۆناغە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانی کۆمەڵگاکان بەپێی ئەو قۆناغانە؛ دەوڵەت وەکو بەهای هەرە باڵا بە بەراورد لەگەڵ تاکەکەس؛ پێشخستنی ئابووریی مەرکەزی و پلان بۆ داڕێژراو؛ تاک باوەڕی لە هۆشیاریی کۆمەڵایەتیدا.

کۆمەڵێک کێشەی تیۆری و پراکتیکی زۆر هەنووکەیی لە ئارادان: ڕێگەکانی زیندووکردنەوە و نوێکردنەوەی ڕووسیا لەڕووی- ئابووری، دەوڵەت و یاسا، نەتەوەیی و ڕوحییەوە؛ ڕێگە و میتۆدەکانی چەسپاندنی بەها مرۆییەکان، بەرز ڕاگرتنی مرۆڤ و سایکۆلۆگیا و کولتوورەکەی، پێشخستنی کەسایەتی تاک لە کۆمەڵگای ئێستا و داهاتوودا؛ میکانیزمی دامەزراندن و چەسپاندنی کۆمەڵگای مەدەنی، دەزگا دیموکراتییەکانی دەسەڵات و حوکمڕانی؛ دابینکردنی ژیانی یاسایی، داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ؛ کێشەکانی سیاسەتی دەرەوە، هاوکات ڕێبازە ستراتیژییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا، پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی SNG (کۆمارەکانی پێشووی سۆڤیەت- و.)، گەشەدان بە تیۆریای ئاسایشی نەتەوەیی، هاوکاریی نێونەتەوەیی.

لە کاتی ئێستادا سیاسەت لە بواری زانستدا تاک میتۆدۆلۆگی ڕەتدەکاتەوە، زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە سیاسەت و لە ئایدیۆلۆگیا دوور دەخاتەوە. هیچ گومان هەڵناگرێ کە بۆ زانست جیاوازی لە ڕا و بۆچوون، لە قوتابخانە و ڕێبازی زانستی پێویستە. هەرچی ئاستی دووریی زانستە لە سیاسەتەوە، ئەوە دەبێ جۆراوجۆر بێت. دوورخستنەوەی زانستی سیاسی (پۆلیتۆلۆگیا) و سۆسیۆلۆگیای سیاسی لە سیاسەت ئاسان نییە و لەڕووی پراکتیکییەوە ڕەنگە ڕێی تێنەچێ. بۆ نموونە، سیاسی کردنی بابەتێکی وەکو زمانەوانی هەرگیز لەجێی خۆیدا نییە.. ئەوپەڕی سیاسیکردن و ڕاگوێزانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ناو سیاسەتەوە بەهەمموو بۆنەیەکەوە زیانێکی گەورە بە زانست دەگەیەنێت. بەم جۆرە، ئامانجی ئیمرۆکە خۆی لەوەدا بەرجەستە دەکات کە زانستە سروشتییەکان لە چەکدارییەوە و مرۆڤایەتییەکانیش لە ئایدیۆلۆگیاوە دووربخرێنەوە؛ لە جیهانێکدا کە بەپەلە دەگۆڕێ، دەبێ ئەولەویەتی تازە بدۆزرێنەوە.

ژیانی ڕوحیی هەرکۆمەڵگایەک هەمیشە لە جووڵانەوە و گۆڕاندایە. هەممو جۆرە سەرلەنوێ بنیادنانەوەی کۆمەڵگاش هەمیشە بە سەرلەنوێ بنیادنانەوەی قوتابخانەوە بەستراوەتەوە. داخوازیی هەیە لەسەر خەڵک و هێزی تازە- قوتابخانەش ئەمانە ئامادە دەکات. لەهەر شوێنێک کۆمەڵگا فۆرمی تایبەتیی خۆی وەرگرت، لەوێ قوتابخانەش ئەو فۆرمە وەردەگرێ و لەگەڵ میزاجی

کۆمەڵگادا دەگونجێ. بەکۆمەڵایەتیکردنی تاکەکەس، پێش هەموو شتێک، بەو سیستمەی فێرکردنەوە دەبێت کە لە کۆمەڵگادا دروستبووە و پێداویستییەکانی ئەو کۆمەڵگایە جێبەجێ دەکات، بەڵام کۆمەڵگا تەبا و یەک لایەن نییە: چین، گرووپی کۆمەڵایەتی، نەتەوە- هەریەکە و پۆچوونی خۆی سەبارەت بە ناوەرۆکی فێرکردن هەیە. هەر کاتێک قسە هاتە سەر ناوەرۆکی بابەتێکی خوێندن، ئەوساکە جیاوازی لە بیر و بۆچوونی سیاسی، زانستی، ئایینی و هیتر سەرهەڵدەدەن؛ جا دەوری دەوڵەت لە ڕێکخستن و دانانی سیاسەتێک بۆ بواری فێرکردن لێرەدایە.

کامانەن ڕێبازە سەرەکییەکانی سیاسی لە بواری فێرکردن لە جیهانی سەردەمدا؟

(١) لەناوبردنی نەخوێندەواری. لە ڕۆژی ئیمڕۆدا لە هەر چوارکەس یەکێک لە خەڵکی سەر گۆی زەوی خوێندنەوە و نووسین نازانێت. لەهەمان کاتدا هەڵپەی هەمووان بۆ وەدەستهێنانی خوێندەواری ئاستی چۆنایەتییەکەی دابەزاندووە.

(٢) پیادەکردنی فێرکردنێکی شیاو بۆ پێداویستییەکانی سەردەم، واتە بەرزکردنەوەی ئاستی لەرووی چۆنایەتییەوە. بۆ ئەو مەبەستە لە وڵاتانی- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەریتانیا، بولگاریا، هەنگاریا، یەکێتیی سۆڤیەت، فەرەنسا ریفۆرم ئەنجامدراون. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، بە مەبەستی چاکترکردنی فێرکردن، پرۆسەی بەمرۆییکردن، مرۆڤایەتیکردن و نێونەتەوەییکردنی فێرکردن پەیرەو دەکرێ. بە مرۆییکردنی پرۆسەی فێرکردن، کۆمەڵگا بەرەو بایەخدان بە تاکەکەس ئاراستە دەکات، بەرەو سایکۆلۆگیا و بەرژەوەندی و پێداویستییەکانی. بەمرۆڤایەتیکردن، واتە ئاراستەکردنی کۆمەڵگا بەرەو بایەخدانی زێتر بە بابەتە مرۆڤایەتییەکان (کۆمەڵایەتییەکان- و.) بۆ خوێندن لە ژیانی مرۆڤی سەردەمدا کە گرنگیی زۆریان هەیە، وەکو- تیۆریای ئابووری، سۆسیۆلۆگیا و پۆلیتۆلۆگیا. نێونەتەوەییکردن، واتە دانانی سیستمێکی فێرکردنی هاوبەش بۆ وڵاتانی جۆراوجۆر. فێرکردن بەشێکە لە کولتووری ڕوحی کۆمەڵگا، بۆیەش پێکەوە دەکەونە بەر کاریگەریی نێونەتەوەییکردنەوە.

پێشخستنی پرۆسەی فێرکردن- سیمایەکی تایبەتیی سیاسەتی ناوەوەی ئەو دەوڵەتانەیە کە هەوڵدەدەن زێترین سەرکەوتن وەدەستبێنن لە بوارەکانی ئابووری، کولتووری و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی دانیشتوانیان.

لە چاودێریکردنی ئاسۆی گەشەکردنی پرۆسەی فێرکردن لە ڕووسیای فیدراڵدا، دەبێ هەندێ بارودۆخ لەبەرچاو بگرین. یەکەم، سیستمی فێرکردن کە لە سۆڤیەت دامەزرابوو چەندین دەسکەوتی ڕاستەقینەی بەدەستهێنابوو کە هەموو جیهان دانی پێدا نابوو، بۆیە ڕووسیای تازە کە سیستمی فێرکردنی خۆی دادەنێ، نابێ واز لە میراتی پۆزەتیڤ بێنی. دووەم، ڕووسیا بەشێوەیەکی بەرفراوان سوود لە ئەزموونی نێونەتەوەیی لە بواری فێرکردن وەردەگرێ؛ بەڵام پرسیار لێرە ئەوەیە کە لەم ئەزموونانە کامیان دەبێ لەسەر خاکی ڕووسیا بڕوێنرێ. سێیەم، ڕووسیا لە هەلومەرجێکی یەکجار سەختدایە؛ بە ڕەچاوکردنی ئەمە، بەڵام بەبێ پاساو هێنانەوە، دەتوانین لەوە بگەین کە بۆچی سەرکردەکانی ڕووسیا وەپێشخستنی مەسەلەی فێرکردنیان نەخستۆتە نێو پلانەکانی سیاسەتی ناوەوەی وڵات. ئەزموونەکانیش ئەوەیان سەلماندووە کە لەکوێ دەوڵەت بایەخی پلەی یەکەمی بە فێرکردندا، ئەوە پێشکەوتنی ئابووری، سیاسی و کولتووریی کۆمەڵگای زامن کردووە. چوارەم، داهێنانی ڕەوشێکی تەواو نوێ بۆ فێرکردن دەبێتە پردی پەڕینەوە بەرەو پێوەندییەکانی بازاڕ.

سیاسەتی کولتووری لە بواری فێرکردندا پەروەردە(Pedagogy)ش دەگرێتەوە. هاوپێوەندارێتی پەروەردە و سیاسەت بەشێوەی جۆراوجۆر لە قۆناغە جیاوازەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای ئێمەدا دەرکەوتووە. لە سەردەمی پێش شۆڕشدا (مەبەست شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی١٩١٧- و.) قوتابخانە بە دەزگایەکی ناحزبی و ناسیاسی ڕاگەیەنرابوو؛ جەخت لەوە دەکرایەوە کە قوتابخانە سەربە هیچ حزبێک نییە، بەڵکو قوتابخانە لە حزب بەرزترە و لەسەر بنچینەی یاسا هەمیشەیی و نەمرەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دامەزراوە. بەسیاسیکردنی قوتابخانە، پەروەردە دەکاتە خزمەتکارێکی ئاسایی سیاسەت و مامۆستاش پەیامنێرێکی سیاسی. لە سەردەمی دوای شۆڕش پەروەردە بەڕوونی سیمای سیاسی و چینایەتی وەرگرت؛

ئەم بۆچوونە نوێیە ڕایگەیاند نابێ کە قوتابخانە لە ژیان و لە سیاسەت دابڕێ، هەروەها دەیگوت ئێمە ناتوانین باوەڕ بە ڕێبازێک، پەروەردەیەک، فێرکردنێک بکەین تەنیا لەبەر ئەوەی خراونەتە قوتابخانە، کەچی لە ژیانی پڕ ڕووداو دابڕاون.

ئیمڕۆکە قوتابخانە زێتر بووە بە بابەت(Object)ی سیاسەت نەک خود (Subject)ی سیاسی. مافی داڕشتنی سیاسەت بەرانبەر بە قوتابخانە دراوە بە دەوڵەت نەک حزبی سیاسی؛ ئەمەش لە یاسای تازەی ڕووسیای فیدراڵدا «دەربارەی فێرکردن» چەسپێنراوە کە پرانسیپەکانی سیاسەتی دەوڵەت بەرانبەر بە فێرکردنی لەخۆ گرتوون. یەکێک لەم پرانسیپە سەرەکییانە بانگەشەی سیمای مرۆڤایەتی فێرکردن دەکات، بەهای مرۆیی هاوبەش، ژیان و تەندروستی مرۆڤ، گەشەکردنێکی ئازادانەی کەسایەتی، پەروەردەکردنێکی مەدەنیانە و خۆشەویستی بۆ نیشتمان. لە یاسادا قەدەغەکراوە دامەزراندن و کارکردنی سترکتووری ڕێکخراوەیی و هەروەها دەزگا و بزووتنەوەی ئایینی لەناو دامودەزگا و یەکەکانی حکومی، فێرکردن و دەسەڵاتدا. ڕیگە نەدراوە بە ناچارکردنی قوتابی و مامۆستایان بۆ بەشداریکردن لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی-سیاسی، بزووتنەوە و حزبەکان، هەروەها بەشداری پێکردنیان لە چالاکییەکانیاندا، یان لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و کاری سیاسیدا. لەهەمان کات، دەرفەتی فێرکردن بۆ هەموو هاووڵاتیانی ڕووسیای فیدراڵ، بەبێ ڕەچاوکردنی ئینتیمای سیاسی و بیروباوەڕ و هەڵوێست بەرانبەر بە ئایین...تاد، مسۆگەر کراوە.

بۆچوونمان سەبارەت بە یەکگرتنەوەی پەروەردە و سیاسەت ڕاست دەرناچێ، ئەگەر حسێب بۆ جیهانبینیی مامۆستا، جێگە و دەوری لە چالاکییە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکاندا نەکەین. لێرە قسە لەسەر ئەوە نییە کە پەروەردە و سیاسەت تێکەڵ بەیەک بکرێن، یان مامۆستا دەبێ کاری پەروەردەیی بکات و سیاسیش سیاسەت. هاوکات نابێ پەروەردە دژ بە سیاسەت قوت بکەینەوە، ناشبێ لەبیر بکەین کە لە سیاسەتدا هەمیشە توخمی پەروەردەیی هەیە.

ئەگەر لە قوتابخانە ڕێگە نەدرێ بە فێرکردن و چالاکی حزبە سیاسییەکان، بزووتنەوە و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی-سیاسی و ئایینییەکان، ئەگەر قوتابخانە پروپاگەندەی سیاسی و ئایینیی نەکات، ئەوساکە مامۆستا مافی ئەوەی دەبێت بیروباوەڕی سیاسیی هەبێت و سەربە حزبێک بێت؟ هەرگیز ناکرێ سیاسەت بەلای مامۆستاوە گرنگ نەبێت و بەشداری تێدا نەکات. مرۆڤ بە سروشت کۆمەڵایەتییە، سیاسەتیش لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتییە؛ ئەمەیە کە مامۆستا و سیاسەت بەیەک دەبەستێتەوە.

شیکردنەوەی پرۆگرامەکانی حزبە سیاسییەکانی ڕووسیای فیدراڵ ئەوە نیشان دەدات کە هەموویان، هەریەکە بەڕادەی جیاواز، خۆیان لە مەسەلەی پەروەردە و فێرکردن داوە. مامۆستا، وەکو پرۆفشیۆناڵ، دەتوانێ ئەو حزبە سیاسییە هەڵبژێرێ کە پرۆگرامەکەی، دروشم و هەڵوێستە پراکتیکییەکانی لەگەڵ بۆچوونە پەروەردەییەکانیدا بگونجێن. لێرەشدا تێکنەکردنەوەی (Disharmony) بۆچوونە سیاسییە گشتییەکان و باوەڕە پەروەردەییەکان جێگەی مەترسی نابێ.

مامۆستا کە سیاسەتی فەرمی لە بواری فێرکردندا جێبەجێ دەکات و خۆشی سەر بە حزبێکی سیاسییە، پێویستە چەند لایەنێکی پەروەردەیی ڕەچاو بکات کە دەبێ لە ڕێکخراوە سیاسییەکاندا هەبن: ڕاگەیاندنی ئەولەویەت بۆ فێرکردن؛ سروشتی مرۆڤانەی فێرکردن و پێشخستنی بەهاکانی مرۆیی، ژیان و تەندروستی مرۆڤ، ئازادی تاکەکەس؛ سیمای دیموکراتیانەی فێرکردن و ئۆتۆنۆمیی فراوان بۆ قوتابخانە؛ داننان بە پیرۆزیی قوتابخانە، بەڵام نەک پیرۆزیی ئایینی؛ بەرزکردنەوەی ئاستی ماددی و کولتووریی مامۆستا.

بەم جۆرە، ئێمە لە هاوپێوەندارێتی کولتوور و سیاسەت وردبووینەوە لە ئاستەکانی: شارستانیەتی، قۆناغی مێژوویی، وڵاتناسی. زێترین هاوپێوەندارێتی نێوان کولتوور و سیاسەت لە بوارەکانی کولتووری سیاسی و سیاسەتی کولتووریدا دەردەکەوێت.

**سەرچاوە:**

*** ئەم بابەتە بەشێکە لە کتێبی (سۆسیۆلۆگیای سیاسی) کە لە ڕووسیا، لە ڕۆستۆڤ نادانو، ساڵی ١٩٩٧ لەلایەن چەند پسپۆڕێکەوە نووسراوە.**

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

**وریا ئەحمەد**

**جەلال جۆبار**

* کاتێک هونەرمەندانی کۆنی ناوداری کۆیە گۆرانی و مەقامیان دەگوت، لە چ شوێنێک کۆدەبوونەوە، ئایا هەریەکەیان بە تەنیا یانیش بۆ ئەم مەبەستە بە کۆمەڵ دادەنیشتن؟


- لە کاتی بەرێوەچوونی ئاهەنگی شادی و خۆشی، یان لە مەولوود، یان لەماڵێکی کۆیە و هەندێ جاریش لەسەر رەزان کۆدەبوونەوە و دیوەخانێکی خۆشیان گەرم دەکرد.


* دەتوانن ناوی هەندێ لەو مەقامبێژ و بەستەخوێنانەمان بۆ بژمێرن؟ ئایا ئەو گوتنانەیان تۆمار کراون؟

- ئەو مەقامبێژانەی کۆیە زۆرن، ئەوەی ئێستا لە یادی مندا بن، ئەوانەن: مەرێێنی قەشەی، حاجییەگەورە، نەشئەتی رەشید ئاغای، خواجە حەنێل، رەفیقی چارچاوی، عەبەی چایەچی، حوسێن ئیسماعیل، فەقێ ئەحمەدە کۆرە، مەلا ئەسعەد، سێوە، ئەحمەدی حەمە مەلا، تایەر تۆفیق، باقی سەرتاش. بۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکانیشیان: زۆر لەو ئاهەنگانەیان بەم دواییە لەسەر دەستی (محەمەد عەبدوڵلا چایەچی - حەمە گەمحان)ەوە، تۆمارکراون و هەندێ لەوانە ئەمڕۆ لە تۆمارگەکانی شاری کۆیە دەست دەکەون.

* ئەگەر بتوانیت کورتە باسێکی هەریەک لەوانەشمان بۆ بکەیت؟

- (١) خواجە (حەنیل): کە بە حەنێلە خڕە ناسرابوو، هونەرمەندی گەورە مامە سێوە شاگردی ئەو بوو. مەقامەکانی: ئایشەگوڵ، سەحەر ..تاد، کە سێوە لە ئێزگەی کوردی لە بەغدا تۆماری کردوون، هەمووی لەو مامۆستایە وەرگرتووە، بۆ هۆنراوەی ئەو مەقامانەش


جەلال جۆبار


تۆفیقی مەلا ساڵح


موراد محەمەدەمین غەفووری


عوسمان تەها غەفووری

گوتی: هۆنراوەکان سەرجەمیان فۆلکلۆری ناوچەی کۆیەن، گەلێ جار لە سێوەی هونەرمەندم بیستووە دەیگوت: کە ئەو مەقامانەم لای خواجە حەنیل دەگوت، لێم تووڕە دەبوو و دەیگوت: ئەو مەقامانەت هەموو سەقەت کردووە.

(٢) ڕەفیقی چارچاوی: لە سەردەمی خۆیدا گۆرانیبێژێکی زۆر دیار و هەم شارەزا بووە، لە گوتنی مەقام و گۆرانیدا هاوتای مەلا ئەسعەدی بووە، خاوەنی دەنگێکی ڕەسەن و خۆش بووە، شیعری شاعیرانی وەک: وەفایی، حاجی قادری کۆیی و نالی و زۆری تری کردووە بە گۆرانی، لەوانە: هۆنراوەی وەفایی

**لەباخان ئاهو ناڵێن دێ**
**دەڵێن شای نێو گوڵان ڕۆیی**

### تۆفیقی مەلا ساڵح

تۆفیقی مەلا ساڵحی دەبێتە باوکی هاوسەری کۆچکردووی مامۆستای هێژا (عەبدولڕەقیب یووسف)، ڕۆژی (٤)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٨٦) کاتێک لەگەڵ برای کۆچکردوو پارێزەر (فیکرەت عیزەت) لەگەڕانەوەمان لە (بەغدا)وە بە سەردان بۆ سلێمانی بۆ لای مامۆستا (عەبدولڕەقیب یووسف) چووین، ئەو شەوە خەزووری، واتە کاک (تۆفیقی مەلا ساڵحی) لە (ڕانیە)وە بە میوانی بۆ لایان هاتبوو، جا بەدەرفەتم زانی و ئەم چاوپێکەوتنەم لە گەڵی ئەنجام دا.

ئەو پیاوە ساڵی (١٩٢٦) لە گەڕەکی (بەفری قەندی) لە شاری کۆیە هاتۆتە دنیاوە.

گوتم: ئەگەر بێتەوە یادت ئامێرەکانی موزیکی میللی سەردەمی کۆن لە کۆیە کامانە بوون؟

گوتی: (دەهۆڵ) و(زوڕنا) و(شمشاڵی ئاسن) کە زۆرتر لە دەست شوانان و چاوەشانم دیتووە، ئەوکاتە شایی پێ گەڕاوە، ئەمەیان لە (ڕانیە) و دەوروبەری. (حەمە عەبۆ) لە کۆیە کە تۆپی ڕەمەزانانی دەتەقاند، هەر خۆشی دەهۆڵ کوت بوو، ئەمە لەگەڵ زوڕناژەنی شاری کۆیە (عەزیز زەینەل).*

لە (ڕانیە) (عەولا کوێر)یش هەبوو، ئەمەش هەر دەهۆڵ کوت بوو، بەڵام ئەمەیان لە یادمە کە جەژنان بۆ پارە وەرگرتن دەهات، بەرانبەر بەو ئەرکەی بە درێژایی مانگی ڕەمەزان کێشابووی، واتە لە (پارشێوان) دەهۆڵی کوتابوو، زۆر سەیر خۆی دەگۆڕی و پێستی ڕێوی لەبەر دەکرد، زەنگوڵەی جۆراوجۆری بەخۆوە دەکرد و کڵاوێکی قووچی ڕەنگاوڕەنگی درێژیشی دەکردە سەری، ئاوێنەی بچکۆلانەی تێدەگرتن، سەرتاپای منداڵ و گەورە و ژن و پیاوی ڕانیەی دەهێنایە جۆش و خرۆش، وەک دەڵێن سەربەقوری دەهێنایە پێکەنین! کاک تۆفیق درێژەی بە قسەکانی داو گوتی: هەروەها لە ڕانیە (دۆم) هەبوون، لە کاتی بووک گواستنەوەدا بۆ شایی ئامێرەکانی هەم دەهۆڵ و هەم زوڕنایان لێدەدا، کەسێکیش هەبوو بە ناوی (فەرەج)، چاوشێک بوو لە زوڕناژەنیدا زۆر بەناوبانگ بوو، فەرەج پار کۆچی دوایی کرد. لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتی: فەرەج تەمەنی ئاوا لە دەوری (٦٥) ساڵیدا بوو. حاجی پیرۆت ناوێکیش هەبوو، دەنگخۆش بوو، بۆ ساوارکوتان و بۆ شاییش گۆرانی دەگوت، ئەمڕۆ پیر بووە، نایلێ، ڕەنگە تەمەنی (٩٠) ساڵ بێت. ئەمەی باسی دەکەم ئەو پیاوە لە پەنجاکاندا گۆرانی دەگوت.

ژنێکیش بە ناوی: (شەوکەت خانی عەلی ئەفەندی) کە ساڵی (١٩٧٢) کۆچی دوایی کرد، دەفژەن بوو، ئەو ژنە مەولوودی دەخوێند و خۆشی دەفەکەی دەژەند! ئەوە لە ڕانیە، هەندێ جاریش بە تایبەتی لە ڕەمەزانان بۆ کۆیەش دەهات.

لە وەڵامی پرسیارێکی تردا گوتی: (جلیتانی)، یان (مەیتەرخانە)م دیتوە، کاتی خۆی لە کۆیە (حەمە زیاد ئاغا) و برادەرانی دیکەی بە سواری و (عەزیز زەینەل)یش بە ئامێری (زوڕنا)وە لە گەڵیان دەبوو، بۆ ژەنینی نزمی، واتە ئاوازی جلیتانێ، یان سوارسوارانێ.

*** سەردەمی منداڵیم (عەزیز زەینەل)م دیوە زوڕنای ژەنیوە، شایانی باسکردنە گەلێ جاریش دیومە (جەمال)ی کوڕی ئامێری (دەهۆڵ)ی بۆ دەکوتا، مەبەستم هەموو دەم هەر (حەمە عەبۆ) دەهۆڵ کوتی نەبووە.. وریا ئەحمەد.**

## مام موراد محەمەدەمین ئەحمەد غەفووری

ساڵی (١٩٣٧) لە کۆیە لە گەڕەکی (بایزئاغا) لە دایک بووە. دەرچووی (پەیمانگەی پزیشکی)یە و لە کۆیە بە دکتۆر (موراد) ناسراوە، کەسێکی لەخۆبردووە، گەلێک کاسێتی بۆ ئێمە هێناوە، کە بریتی بوون لە گۆرانییەکانی بەرنامەی (ڕۆژێک لە ڕۆژان) کە لەلایەن (کەمال ڕەئووف)ەوە لە ئێزگەی کوردی بەغداوە، کاتی خۆی پێشکەش کراون و ئەو گۆرانیبێژانە بوونە: (مریەم خان، مەلا کەریم، نەسرین شێروان، نازدار و ئەسمەر فەرهاد، دایکی جەمال، ئەحمەد شەماڵ، تاڵیب مەجید، ڕەشۆڵ ..تاد) هەرچەندە گۆرانییەکانی دەیهێنان کوالیتیان باش نەبوو، بەڵام هونەر دۆستیی ئەو پیاوەی نیشان دەدا، کە لە کۆیەوە و لەو تەمەنە چەند جار بۆ ئەم مەبەستە بۆ لامان هاتووە.

گوتمان: دەربارەی هونەری گۆرانی و مۆزیکی کۆیە چیتان لەبیرە؟

گوتی: باقی سەرتاش لە ماڵی ئێمە گۆرانی (ڕەببی بەشی ئەو هەر کەسادی بێ)ی گوتووە، هەروەها دەربارەی ئامێرەکانی مۆزیک گوتی: ئامێرەکانی (دەهۆڵ) و (زوڕنا)م لە کۆیە لە شاییدا دیوە، هەروەها گوتی: (تیپی مۆسیقای مەولەوی)م وەبیرە، کە لە ڕێکەوتی (١٩٥٧/١١/٢٢) بۆ کۆیە هاتن و زیاد لە ئاهەنگێکیان سازدا، یەکێک لەوانە لە هۆڵی قوتابخانەی (زانست) بوو، (مامە سێوە)شیان لەگەڵ دابوو. بلیتی ئەو ئاهەنگە (بەکری سەعدی ئاغای) دەیفرۆشت، دانەی بە (١٠٠) فلس بوو، پارەکەش بۆ لێقەوماوانی (لافاوەکەی سلێمانی) بوو.

**تێبینی: ئەم چاوپێکەوتنە ڕۆژی (٢٠٠٧/١٠/١١) تۆمار کراوە.**

## مام عوسمانی تەهای ئۆمەری حەماغای غەفووری

ساڵی (١٩٣٤) لە کۆیە لە گەڕەکی (قەڵات)ێ لە دایک بووە، ئەمڕۆ لە (خانی گەورەی کۆیە) ئەوەی مەیدانی سەرێی بازاڕی کۆیە، بەرهەمی (کولتوور)ی داناوە و چەند جارێک بۆ بەڕێوەبەرایەتی کەلەپووری کورد لە هەولێر ئەو کەرەستانەی بۆمان هێناوە و بۆ ئەرشیڤی ئێرە لێمان کڕیوە.

دەربارەی پرسیاری ئێمە گوتی:

(عەبد جاسم) هەبوو، بە ئەسڵ هی کۆیە نییە، وابزانم بە ئەسڵ هی (تکریت)ن، یەکەم جار هاتن لە (تەق تەق) دانیشتن، زوڕناژەنی ناوداری کۆیە (عەزیز زەینەل) باوکیشی (مام زەینەل) هەر زوڕناژەن بوو، کەسێک بە ناوی (حەمە عەبۆ) دەهۆڵ کوتی بوو. (عەزیز ئاغای قەوان) کە لاوک و حەیرانی دەگوت، زوڕناژەنیش بوو، خواجە سێوەم زۆر دیتوە گۆرانی گوتووە. لە کۆیە لە ناو شاییدا (نوورەی حەلە بەغدایی) و (عەبدولڕەحمانە ڕووتە) گۆرانییان دەگوت، هەروەها (حەمەی عەوڵای ڕابی) و (حەمە سالحی مەلایان) و (سەعیدی عەباسی) و (حەویزی زەکییە)ش هەر لەناو شاییدا گۆرانییان دەگوت. (فەقێ پیرۆز) خوشکی (مام تایەری مەلا حەبیبی) مەولوودی دەخوێندەوە و لە تازیەکانیش قورئانی دەخوێند، دەنگی زۆرخۆش بوو. گەلێ جارانیش من و (جەلەی قالە بزنی) کە دەنگخۆش بوو، (غەفوورەی بایەزیدی) و (عومەری حاجی کاکەمینی) و هەندێ جار (واحید نەشئەت) و (تایەر بەگ) و (مەلا حیسامی شوفێر) و (تۆفیقی حوسێن پووشکە) و (سەڵاح محەمەد) و هەندێ جار کەسانی تریش لە (قۆنگرێ سەرشاخان) و (کانیلە) و (گەرمووک)..تاد دادەنیشتین و مەیمان دەنۆشی و جەلە گۆرانی و مەقاماتی دەگوت و ئێمەش بۆمان دەگێڕایەوە.

**تێبینی: ئەم چاوپێکەوتنە ڕۆژی (٢٠٠٨/٧/١) تۆمارکراوە.**

# چۆنیەتی هەڵبژاردنی (دەق) بۆ ئاواز و گۆرانی هونەرمەندی ڕەگەز (نێر و مێ)

**دارا محەمەد عوسمان هەورامانی**
**(هەورامان – بەڵخە)**

## دەق هەڵبژاردن: بۆ ئاواز و میلۆدی هونەرمەندی نێر و مێ

ئایا ئاوازی کوڕان و کچان، یان ئافرەتان و پیاوان، دەبێت هەردووکیان یەک چەمکی هۆزانی بڵێن، یان جیاوازن؟! بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەڵاح ڕەووف لە کتێبی تیۆرەکانی مۆسیقا لاپەڕە«٣١»دا دەڵێت(١): «دەنگی ژنان و منداڵان، ئەو دەنگانەش لەکاتی ئاساییدا هەشت دەنگ و ئۆکتاڤێک، لەدەنگی پیاو بڵندترن. دەنگی پیاوان هەر یەکە لەم دوو جۆرەش دەکرێن بە چەند بەشێکەوە. دەنگی ژنان و منداڵان بەگوێرەی ناسکی و گڕی أ-دەنگە تیژەکان (سوپرانۆ). ب-دەنگە گڕەکان (ئاڵتۆ، یان کۆنتر ئاڵتۆ). هەروەها دەنگی پیاوان دوو بەشە، دەنگە تیژەکان (تینۆر). دەنگە گڕەکان (باس، یان باص).

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە جیاوازی لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا هەیە. کەواتە؛ دەبێت چەمکی هۆزانی ئەم دووانە جیاواز بن، لەبەر ئەوەی ئەو دەقانەی هونەرمەندی نێر هەڵیاندەبژێرێت، دەبێت لەگەڵ ئاستی دەنگیدا بگونجێن، هەروەها هونەرمەندی ئافرەتیش بە هەمان شێوە، ئەو هۆزانەی کە هەڵیدەبژێرێت، دەبێت لەگەڵ مەودای دەنگیدا بگونجێت، خۆ ئەگەر هەردوو ڕەگەزەکە شارەزای نۆتەی موزیکییان هەبێت، ئەوە زۆر بە شارەزایی و مەودای دەنگ، چەمکی هۆزانی بە باشی دەتوانن زۆر بە سانایی و بەبێ ماندووبوون، لەو بوارەدا سەرکەوتوو بن، چونکە سەرچاوەی هۆزانی مەرجە بۆ بوونی میلۆدی، ئەو ئاوازانەی کە فۆلکلۆرین، ئەوە دەکرێت نوێگەرییان بۆ بکرێت، بە مەرجێک کار نەکاتە

سەر ڕەسەنایەتی چەمکی هۆزانی فۆلکلۆری، بەڵام بۆ ئاوازی نوێش داهێنان کارێکی زۆر گرنگە. ئەو سەرچاوانەش لەگەڵ مۆرکی نەتەوەییدا دەبن و ئەو سامانە فۆلکلۆرییانەش بە ڕەسەنایەتی فۆلکلۆرەوە بەندن، چونکە ڕەسەنایەتی خۆی نامرێت. هەروەها دیاردەی تایبەتی خۆی هەیە، هەرچەندە شالاوی جیهانگیری لەجیهاندا باوە. لە وڵاتی ئێمەشدا ئەو شەپۆلەی بەرکەوتووە، ئەو کلیپانەی کە ئێستا باون زۆربەیان لەگەڵ ئافرەتاندان، هەر یەکە لەو کلیپانە لەگەڵ سیناریۆ و هۆزانی دەقەکە و لەگەڵ دابونەریتدا ناگونجێت، ئەوەش میدیاکانی وڵات بۆیان دەستەبەر دەکەن، ئەگەر هونەرمەند بیەوێت کاری باش ئەنجام بدات، ئەوە دەتوانێت کاری باش و گرانبەها بە ئامانج بگەیەنێ کە بە هونەری میللەتەکەیەوە پەیوەست بێت. ئەو ئاوازەی کە دایک بۆ کورپەکەی دەیڵێت و دەیلاوێنێتەوە، جیاوازە لەو ئاوازەی کە هونەمەندی نێر، بۆ منداڵەکەی، یان بۆ خۆشەویستەکەی دەیڵێت، ڕیتمی هونەرمەندی «مێ» جیاوازە لەگەڵ ڕیتمی هونەرمەندی «نێر» هەر یەکە لەوانە خواست و ئارەزووی تایبەتی خۆیان هەیە.

لێرەدا هەندێک نموونەی فۆلکلۆری هەن، کە توانج و تانەیان تێدایە کە لەم سەردەمەدا بۆ بڵاوکردنەوە ناگونجێن، کە دەڵێت: (٢)

**(یاخوا مەردەنیت بەدووری تۆ بۆ**
**بەڵکو بەنسیب «گاورو» سەرکۆی بۆ)**

لەبەر ئەوەی کۆمەڵ، یان گەل لە هەموو پێکهاتەیەک، پێکهاتووە، بەتایبەتی لە «ئایینە» ئاسمانییەکان، چەندین ئایین هەن نابێت دڵی هیچ مرۆڤێک بریندار بکرێت، چونکە هونەر ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی چین و توێژەکانی ناو میللەتە، مەبەستیش لەو دێرە هۆزانانە، کۆن و نوێ نییە، لە هەموو سەردەمێکدا توانج و تانە هەیە، کە هونەری بێگەرد ڕێگە بەم شێوازە نادات.

بێ گومان هونەر بە هەموو بەشەکانییەوە، هەمیشە لە پێشکەوتندایە بۆ ئەوەی خواست و مەبەستەکانی بگەیەنێتە کۆمەڵ، بەپێی بۆچوونی هەندێک لە ڕەخنەگران بابەتی [کۆن و نوێ] ناونانی زاراوەیی سەردەمێکە کە ڕێبازێکی هۆزانی لەڕۆژگارێکی باشتردا لەڕووی بنەماکانی هۆزانناسییەوە گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەسەردا هاتووە، لە پرۆسەیەکدا چەند هۆکارێکی خودی و بابەتی دێنە ئاراوە.

هونەریش بە هەموو بەشەکانییەوە گۆڕانی بابەتی خودی بەسەردا هاتووە، بەتایبەتی چەمکی هۆزانی، ئەو هونەرمەندە پێویستە ئاگای لەگۆڕانکارییەکانی سەردەم بێت چ ڕابردوو و چ داهاتوو، کە هەردووکیان بەو ڕۆژگارانەوە پابەندن کە دێنە بەر قۆناغەکانی مێژووی هونەرییەوە.

هەرچەندە هونەر چەمکی دروستکراو نییە، بەڵکو کێشەکانی لەگەڵ خودی مرۆڤدا لە دایک دەبن، ئەرکی هونەرمەندی لێهاتوو لەم بوارەدا ئەوەیە بتوانێت چۆن ئاڵوگۆڕ لەگەڵ ئەو کەشوهەوایەدا بکات کە هەیەتی، چ هۆزان، یان هونەری گۆرانی، دەبێت هەردوو بابەتەکە لاسەنگی ئەوی تریان بە کەم نەزانێت، بەڵکو هەردوو بوارەکە تەواوکەری یەکدی بن. نوێخوازیش، یان هەر نوێخوازێکیش واتای ئەوە نییە، کە فۆلکلۆر و سامانی نەتەوایەتی پشتگوێ بخات، بەڵکو هونەری پێشکەوتوو لەسەر بنەما و بناغەی ڕیشەیی پێشبەندی خۆی دروست دەکات. هارۆڵد لاسکی دەڵێت(٣): «ئەو شاعیرەی خۆی لە خەڵکی جیا بکاتەوە، وەکو ئەوە وایە خۆی لەژیان دەرکات» منیش دەڵێم! ئەو هونەرمەندەی خۆی بەهونەری ڕەسەن و بنەمای پێشووی خۆیەوە پابەند نەکات و ئاگای لێنەبێت و هەوڵی پاشەڕۆژی خۆی نەدات بۆ ڕاژەی هونەرەکەی، ئەوە ئەو هونەرمەندە، ناتوانێت هەنگاو بۆ پێشخستنی هونەر بهاوێت، هەروەها ئەگەر پەرە بەو چەمکە شیعرییە بدات، لەسەر چەمکی نوێ ئەوە ئەو هونەرمەندە بە نوێخواز و سەرکەوتوو دادەنرێت. بۆ هەڵبژاردنی چەمکی هۆزانی دەبێت پرس و ڕای هونەرمەند و ڕەخنەگر وەربگیرێت. تا هەردوو بوارەکە لە ئاستی بەرهەمی سەرکەوتوودا بن. ئەوەی شایانی گوتنە چەمکی هۆزانی «هەورامان» زۆر لە بار و شیاوتر بووە، تا ئەو دەقە شیعرییانەی، کە شاعیرانی دەڤەرەکانی دی دەیاننووسی، چونکە هۆزانی پەنجە، لە هەورامان پەیدابووە، تا ئەم ڕۆژگارە هەر هۆزانی پەنجەیی بەکارهێناوە، شوێن کەوتووی هیچ ئەدەبێکی بێگانە نەبووە و نابێت. ئەم دیاردەیە لە هەوراماندا کە زێد زادەی ئاڤێستایە بە هەر شەش بەشەکەیەوە و بەتایبەتی «گاتا»کان نموونەی پێشکەوتنی فەرهەنگ و ئەدەب و

هونەری ڕەسەنی ئاوازی سەرتاسەری وڵاتە، هەروەکو ئاماژەم پێکرد شوێن کەوتووی هیچ دەوڵەتێکی چ دەرو دراوسێ، چ وڵاتانی ئەورووپا نییە، ئەو چەمکە هۆزانانە مۆرکی نەتەوەکە خۆیەتی. هەروەها هۆزانی نوێشی بە پەنجە زیاتر موتروبە کردووە، نەوەک مۆرکی بەیتە شیعرییەکان ئەم چەمکە پەنجەییانە لە هەورامانەوە سەریان هەڵداوە، دواتر هۆزانڤانانی دەڤەرەکانی دی هەر ڕێ و ڕێچکەی هەورامانیان گرتووە. کەواتە ئەو چەمکە هۆزانییە کە هەندێک ئافرەت هەڵیدەبژێرن، دەبێت پەیوەست بێت بە ئافرەتانەوە، ئەو ئاوازەش کە هونەرمەندی ئافرەت دەیڵێت، هەروەها ئەو بەزم و ڕەزمەی کە لە ئاوارەکەدایە، ئەوەش هەر دەبێت پابەند بێت بەدەنگی هونەرمەندە مێینەکەوە. بۆ نموونە چەند دێرە هۆزانێکی فۆلکلۆری دەڤەری هەورامان هەن، کە ئەو دەقانە لە ڕووی ناوەرۆکەوە پێوەندییان بەسەریەکەوە هەیە، واتە بەشێوەی داستانی، یان وەسفی کناچەیەکی زەریف لەناو دەقەکەدا فەراهەم دێت، ئەویش ئەوەیە کە لەم ئاوازەدا بەشێوەی جوان و زەریف دەردەکەوێت و دەڵێت(٤):

**«ئازیزم گیان ئارامی گیانم**
**بێ تۆ وەش نییا وەرمی شەوانم**
**تۆ جە دوور وڵات باوانی گیانم**
**من جە دووری تۆ پەشێوا ژیانم**
**ژیان بەبێ تۆ چوون ژاری مارا**
**بەگیانت قەسەم گیانم بیمادا**
**هەڵسەو چەماو من وێنەو بلوورا**
**پەی تۆ مەگرە و بینایم کوورا»**

ئەم دەقە هۆزانە هونەرمەندی ئافرەت بۆ خۆشەویستەکەی دەڵێت و دەیلاوێنێتەوە و هەموو دێرەکان پێوەندییان بەسەر یەکەوە هەیە و وێنەیەکی شیعری جوانیش نیشان دەدات. هەرچەندە دەقە شیعرییەکە ڕێبازی ڕۆمانسیەتی پێوە دیارە، بەڵام وێنەکەی ریالیزمییە، کە واقیعی ناو کۆمەڵگە بەشێوازی نوێ لەم دەقە شیعرییەدا بەدی دەکرێت. دیارە هونەریش ئەگەر بەهای ڕاستەقینەی واقیعیەتی پێوە دیار نەبێت، ئەوە ئەو شیعرە درەنگتر لەبەر دەکرێت و سترانبێژیش دەخاتە بەر ئەندێشەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی لەبیرچوونەوە، چونکە لەسەر بناغەیەکی دروست نەبووە.

ئەو هۆزانڤانانەی کە لەوڵاتدا هۆزانیان گوتووە، ڕەگەزی نێر و مێیان جیانەکردووەتەوە. واتە هۆزانیان بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەردوو ڕەگەزەکە تێکەڵوپێکەڵ کردووە، بەڵام ئەگەر ئاوڕێکی خێرا بدەینەوە و تەماشا بکەین، ئەوە (سەیدی هەورامی) لەناو هۆنراوەکانیدا زۆر بە سانایی جیاوازی لەنێوان نێر و مێدا کردووە، ئەوەش یەکسان بوونی هەردوو ڕەگەزەکە لە دیدگەی (سەیدی)دا، بەیەک چاو تەماشا کردووە. سەرنجی زۆری دیوانی هۆزانڤانانی وڵاتم داوە، ئەو دیاردەیە لەناو دیوانەکانیاندا بەدی ناکرێت، لێرەدا نموونەیەکی (سەیدی هەورامی) دەهێنمەوە کە زۆر بەزەریفی جیاوازی ئەو دوو ڕەگەزەی کردووە. بەم شێوەیە دەڵێت(٥):

**«دڵەی شەیدای مەست، دڵەی شەیدای مەست**
**ئەر تۆ عاشقنی، شێتی شەیدای مەست»**

لەم هۆنراوەیەی (سەیدی)دا فرە بە زەریفی جیاوازی کردووە، چونکە لە هەورامیدا «ی» بۆ ڕەگەزی «مێ» بەکاردێت و «ە» بۆ ڕەگەزی «نێر». (سەیدی) دەڵێت: بۆ خۆشەویستەکەی «عاشقنی»، نەیفەرمووە (عاشقەنی). یان زۆربەی زۆری هۆزانڤانان لەناو دەقدا جێناوی (تۆ) بەکاردەهێنن، لەو دەقانەدا جێناوی (تۆ) بۆ هەردوو ڕەگەزەکە، وەک یەک بەکاردێت، واتە لەو دێرە هۆزانانەدا (نێر و مێ) جیا نەکراوەتەوە.لە [ماریفەتی پیریشالیار]دا زۆر بەچاکی جیاوازی لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکە کراوە. هەر لە دێرێکی دی (سەیدی هەورامی)دا دەڵێت: کە دێرە هۆزانەکە لەگەڵ خۆیدا ئاخافتن دەکات، (ی) بەکار نەهێناوە. بگر (ە) بزوێنی کورتی بەکارهێناوە، وەک جێناوێک بۆ عەشقی (سەیدی هەورامی) دەگەڕێتەوە، نەک بۆ لەیلەکەی دەڵێت(٦):

**«سەیدی عار نییەن، سەیدی عارنییەن**
**هەر کەس عاشقەن، ناڵەش عارنییەن»**

لەم دێرە هۆزانەی (سەیدی)دا بە پێچەوانەی دێرە هۆزانەکەی تری کە ئاماژەم پێکرد، لە ئەدەبیاتی (پیرشالیار)دا هاتووە کە باسی ڕەگەزی نێر و مێ دەکات، کەواتە ئەو ئاوازانەی کە بۆ هونەرمەندی (مێ) دەلوێن، بۆ هونەرمەندی (نێر) نالوێن، بۆیە پێویستە هەریەکەیان ڕێچکەی خۆیان بزانن. هونەر بەشێوەیەکی گشتی میللەت بە هەموو چین و توێژەکانەوە بڕیاری لەسەر دەدات. هونەرمەندی نێر و مێ چ ژن بێ، یان

پیاو، چ کچ، یان کوڕ، هەردووکیان تەواوکەری یەکترین. نابێت بە هیچ شێوەیەک دڵی یەکدی لەناو چەمکەکاندا بریندار بکەن. هەر هونەرمەندێک بۆن و هەناسەی هونەری خۆی لێوە نەیەت بە هونەرمەندی ڕاستەقینە دانانرێت. ئەمەش ئەوە دیاری ناکات کە نەتەوە خۆی لە نەتەوەکانی جیهان پەراوێز کردووە، هونەری نەتەوەیی هەر میللەتێک سیماو دیاردەی تایبەتی خۆی هەیە. ئەوەتا هونەرمەندێکی ئافرەت بەئاوازە شیرینەکەی و بەهۆزانە پەنجەییە پەتییەکەی، بەدەقە هۆزانەکەی خۆشەویستەکەی بەم شێوەیە دەلاوێنێ و دەڵێت(٧):

**«من نەوەشەنا، نەوەشی تۆما**
**سەراپای گیانم کۆتەڵ کۆشا**
**بۆ سەرو سەرەیم دەمۆ دڵوەشی**
**دەردە و توما، ماچاش نەوەشی»**

ڕاوبۆچوونێکی تری خۆم لە بارەی وتنی گۆرانی هەردوو ڕەگەزەکە تا ئەمڕۆ هەرچی ئاواز، یان هۆزان پەخش کراون و وتراون جیاوازی لەنێوان ئاوازەکاندا نەکراوە کامیان بۆ ڕەگەزی (مێیە)، یان بۆ ڕەگەزی (نێرە). لەگۆڤاری چلاوازی ژمارە «٢»دا مەجید خۆشناو دەڵێت(٨): «هونەر ئەو پەیامە پیرۆزەیە لەگەڵ لەدایک بوون و لێدانی یەکەم زەنگی شارستانیەت نەوە دوای نەوە یاوەری مرۆڤ بووە و بەپێی قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەنگاوی ناوە و گۆرانیش وەک لقێکی زیندووی ئەم هونەرە هەر لە دێر زەمانەوە ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕاوە...» نموونەیەکی ئاوازی دەڤەری هەورامان کە مامۆستا وریا ئەحمەدی هونەرمەند نۆتە نووسی بۆ کردووە، لە گۆڤاری چلاوازی ژمارە «١٧» ساڵی ٢٠٠٧ز دەڵێت(٩):

**لە کۆڵانی تەنگ شان مەدە لەشانم**
**تەنکە قەد باریک جەرگەکەت سووتانم**
**کۆڵان بە کۆڵان جادە بەجادە**
**من دەمم مار و تۆ زوڵفت لادە**
**میوانی ڕۆژم مەمخەرە شەوێ**
**ئەمخەیتە شەوێ باخەڵم دەوێ**
**کۆڵان بەکۆڵان جادە بەجادە**
**من دەمم محارو تۆ زوڵفت لادە**

ئەم ئەوازە بەسێ جۆری دی لە دەڤەری هەوراماندا دەوترێت، من بەم شێوەیە ئەم ئاوازەم وتووە و بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووک تۆمارکراوە، کە تیپی مۆسیقای مەولەوی نۆتەنووسی بۆ کردووە، ئەمەش دەقی هۆزانەکەیە:

**«دیسان دووبارە شان مەدە لەشانم**
**توخوا قژ زەرد گیان جەرگەکەت سووتانم**
**کۆڵان بە کۆڵان حەوشە بە حەوشە**
**باوەشێنم کە بە گوڵە وەنەوشە**
**کەرە ئابانە تەماشات کەرۆ**
**نەکای داخەکات قیامەت بەرۆ...»**

تەنیا ڕەگەزی نێر دەتوانێت ئەم ئاوازە بڵێت، بۆ هونەرمەندی مێ نەهاتووە ئەم ئاوازە بڵێت، چونکە هەمووی وەسفی مێینە دەکات، لێرەدا پرسیارێک دێتە کایەوە: ئایا دەلوێت ئافرەت وەسفی خۆی بکات؟! بێ گومان نەخێر نالوێت. خۆ ئەگەر وەسفی خۆی بکات تاموچێژی ئاوازەکە کەم دەکاتەوە.

نموونەیەکی دی ئاواز، یان گۆرانی (خاڵداری خاڵداری) ئەم نموونەیەش بە هونەرمەندی (نێرینەوە) پەیوەستە، کەچی لەسەر زنوێر و سەکۆ و شانۆکان کیژان بەکۆ ئەم ئاوازە دەڵێن، بێ گومان نەبوونی ڕەخنەگری هونەری، هونەر بەرەو چەواشەیی دەڕوات. ئایا دەلوێت بووک وەسفی خۆی بکات؟ بێ گومان ئەم دەقەش هەر بۆ هونەرمەندی (نێر) دەلوێت نەک بۆ هونەرمەندی (مێ). دیارە شێوازی دەق هەڵبژاردن بۆ ئاواز دەبێت لە «ئەنترۆپۆلۆژی» میللەت دەرنەچێت، بە ئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ شێوازی دەق بکرێت. وشەی هەڵپەسراو و ناوونـاتۆر لەناو ئەو دەقە شیعرییە بە دوور بێت، یان هونەرمەندێک نەتوانێت ئاوازێک بڵێت بەزۆر خۆی بەسەر ئاوازەکەدا بسەپێنێت، یان ئەگەر هونەرمەندێک ئاوازێکی بێگانە بهێنێت و بیکات بە موڵکی نەتەوەکەی، ئەوە چەواشەکاری هونەریی پێ دەڵێن، وەکو ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین ئەم دیاردەیە باوە و بووەتە پاشاگەردانی و هونەرمەند نابێت هۆزانی ئایینی، کۆمەڵایەتی، ڕامیاری لە یەک ئاوازدا بەکاربهێنێت، واتە ئاوازەکە بشێوێنێت بۆ پڕکردنەوەی ئاوازەکەی، چونکە ئەمە چەواشەکارییە نەک پێشکەوتنی دەق، یان ئاواز، یان شێوەگەلی موزیک، بەڵام زۆرجار دەبێت دەقێکی کۆمەڵایەتی، یان ئەڤینی، یان ئایینی، بە تەواوی بەکار بهێنرێت. واتە سەرپاکی هۆنراوەکە بەشێوەی داستانی

لەیەک گۆرانیدا بەکار بێت، کە ئەوە ئاوازەکە بەپێز دەکات. نموونەیەکی ئاوازی (ژەرەژلێ) کە بەدەنگی هونەرمەندی دەنگخۆشی خوالێخۆشبوو (شەمام محەمەد خەیات) کە ئەم ئاوازە هی هونەرمەند (شەمام خان) خۆی بووە کە لەساڵی (١٩٥٠) لە گوندی بەڵخەی هەورامان گوتوویەتی و لە ئەرشیڤی مندا هەیە تێیدا دەڵێت(١٠):

**«ژەرە ژلێنا قەفەر کرێنا، کاوەتریە نا جەلان برێنا**
**هانە و هەڵوچەی جەدەگا و بەڵخەی بێ ناز کرێنا**
**کۆتینا گێجێو بەحری ئەسکەندەر**
**مەر لالۆی هەجیج بە ژیری وێش بەرم بارۆبەر»**

دیارە دەنگخۆشی ئەو خانمە نازدارە و وتنی گۆرانی ژنانە لەو ساتەوەختەدا، کاریگەی چاکی لەسەر ئاواز و گۆرانی هەورامان بووە، بەڵام چەندین جار ئاماژەم بەوە کردووە، نەبوونی هۆکاری تۆمارکردنی دەنگ، نەبوونی توێژینەوەی مەیدانی، چەندین هونەرمەند و سیاچەمانە چڕ نە دەنگیان ماوە و نە ڕەنگیان.

لەکتێبی سرووتە دینی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی هەوراماندا ئەیووب ڕۆستەم لە ل٢٠٦ لە بارەی هونەرمەندێکی ئافرەت بەناو (واڵە حەیرانێ)وە دەڵێت(١١): «واڵە حەیرانێ خاوەنی دەنگێکی زۆر خۆشە. هەموو بەزمەکانی گۆرانی هەورامان دەزانێت، هەر کەسێک گوێ بۆ گۆرانییەکانی بگرێ دڵخۆش و سەرمەست دەبێت. دیارە ئەم هونەرمەندە (واڵە حەیرانێ) لە (گوندی کێمنە) لە ساڵی «١٩٣٦»دا لە دایک بووە. ئەم هونەرمەندە بە زۆری ئاوازی بەرزەچڕی شێخانەی فەرمووە...) ئاخۆ ئەو هۆزانانەی کە ئەم هونەرمەندە ڕەسەنە گوتوویەتی، تەنیا هەر باسی لە عیشقی ئەڤینی و عیرفانی کردبێ، بێ گومان سروشی هەورامان، ئەوەندە دڵگیرە لەوپەڕی عیشقی سۆفیگەرییەوە، خەیاڵ و ئەندێشەی عیرفانی گیانی پاکی ئاوێزانی سوورە هەراڵە، پەرزەڵنگ دەبێت. ئەم هونەرمەندە زۆربەی ئاوازەکانی ئاوازی ئافرەتانە بوون، واتە گۆرانی نەشێواندووە، ئەو ڕاز و چیرۆکانەی لە هەوراماندا سەریان هەڵداوە، زۆربەیان بەناوی نووسەر و هونەرمەندی ئافرەتەوە بوون، هەروەها هەموو داستانەکان بە هەورامی نووسراون، ئەوەتا لەکتێبی داستانی (خورشید و خەرامان) لەنووسینی هەردەوێڵ کاکەیی لە ل٥-٦، دەڵێت(١٣): «داستانی خورشید و خەرامان، داستانی- شیرین و فەرهاد، داستانی مەنیژە و بیژەن، داستانی لەیلاو مەجنوون، داستانی حەسەن و حوسێن، داستانی حەوت لەشکر... تا داستانی «٣٣» کە ئەویش داستانی ڕۆستەمە...) ئەو داستانانە بە هەورامانی نووسراونەتەوە، هەندێ لەو داستانانە هونەرمەندانی هەورامان زۆر بەجوانی دەیانچڕن، هەموو ئەو داستانانە سەرچاوەی چەمکی نەمرن. بەڕای خۆم هونەر لە هەورامان لەدایک بووە، هەر لە هەورامانیشەوە گەشەی کردووە، بۆ دەوروبەری وڵات. ئەو داستان و ڕاز و چیرۆکانە زۆربەیان بەدەنگی هونەرمەندانی ئافرەت وتراون، لەنامەیەکدا (خەرامان) وەڵامی دڵخوازەکەی دەداتەوە و دەڵێت(١٢):

**«قەمەر ناز واناش کێشا ئاه سەرد**
**ڕێزا وە گونا قەترەی مائلوەرد**
**قەڵەم گرت وەدەست نازدار کیشوەر**
**نویسا جواو خۆرشیدی خاوەر**
**یەکەم کێشا نام جیهان ئافەرین**
**فیدای گیانت بۆ خەرامانی چین**
**فیدای گیانت بۆ گیانی شیرینم**
**ئەی ڕوحی ڕەوان مەنزڵگەی دینم**
**ئەمن گلەییم داشت ڕوحی ڕەوانم**
**تۆ پێش دەستیت کەرد قەزات وەگیانم...»**

دەمی هۆزانی بەنامەی ڕەنگین، خەرامان بەم نامە شیعرییە بۆ دڵخوازەکەی، بە ئاهی سەردی، بەدڵی ئەڤینداری خاوێنی قەمەرناز. نامەی ڕەنگینی دەڕازێنێتەوە، بە زوانی شیرین خۆشەویستەکەی لاواندووەتەوە. دیارە دڵداری ئەو سەردەمە بەچیرۆک و ڕاز و داستان بووە، کڵپەی دەروونی ئەویندار سۆز و نمەکداری بەتین گلەیی و بناشت، پەندو ئامۆژگاری، وەفاو دڵسۆزی لەنامەکاندا بەشێوازی شیرین ڕازێنراونەتەوە، ئەم دەقە بۆ هونەرمەندی مێینە دەلوێت چ ژن بێت، یان کچ. هەڵبژاردنی دەق هەروا سانا نییە، هەموو هونەرمەندێک بتوانێت، ئەو چەمکانە دیاری بکات. هەرچەندە من نامەوێت لە ڕەخنە بدوێم، بەڵام لەسەر بەرگی کتێبی داستانی (خورشید و خەرامان)، کە هەردەوێڵ کاکەیی کۆی کردووەتەوە، ئەمە جێگەی دەستخۆشییە، بەڵام (د. شوکریە ڕەسووڵ) لەدوا بەرگی

کتێبەکەدا، هەموو داستانەکانی بەتایبەتی داستانی (خورشید و خەرامان)ی بەزۆری بەکەلهورِ ناو دەبات. نازانم وشەی (گۆران)ی لەکوێوە هێناوە، هەروەکو ئاماژە درا هەموو داستانەکان بە هەورامی نووسراون، دیارە وشەی (گۆران) وەک مۆدێرین لە بری هەورامان، ئەم وشەیە بەکاردەهێنن، وەلێ (گۆران)، (خێلێکن) لە سەرپێلی زەهاو لە شارۆچکەی (باینگان) نیشتەجێن، ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە ئەوە دەزانرێت وشەی گۆران لەچییەوە هاتووە، وەک (د. محەمەد ئەمین هەورامانی) واتەنی. ئەی بۆچی ناوی هەر شەش بەشەکەی هەورامان ناهێنن. هەروەکو ئاماژەم بەوە کرد هونەرمەندی ئافرەت لە هەوراماندا فرەن، ئەوەش نیشانەی یەکسانی بوونی مرۆڤ لەو دەڤەرەدا دیاری دەکات، بێ جیاوازی. هونەرمەندی هەورامان ئاواز و هۆزان و چەمکی هۆزانی بەپێی ویست و ڕەوشتی ئەنترۆپۆلۆژی دەڤەری هەورامان زیاتر خۆیان پەیوەست دەکەن، نەک چاولێکەری و لاسایی ئەم لاو ئەولا. هونەر ئاوێنەی ئاریزانتەکانە، کە لەچیای ئاوییەر لە نزیک شاری (سنە) بنەو بارگەیان بە میراتگری ماگ پیرو خاتوونە هونەرمەندانە، بەلای لایەی شیرین تەشی دەڕێسێ ئەو هونەرمەندانە گۆش کراون. بۆ سەلماندنی بابەتەکە لەگۆڤاری چلاواز ل٤-٧، (ڕەحیم سابیر) وتارێکی بەناوونیشانی بنەماکانی موزیک نووسیوە و دەڵێت(١٣) «گۆران خۆی خێلێکی گەورەی نێو کوردەکانە و پەیرەوی ئایینی ئەهلی حەق ئەکەن، خاوەنی بیروباوەڕ و ئاداب و ئەدەبیاتی خۆیانن...) سۆز و ئەندێشە لە چەمکی هۆزاندا دەبێت هەبێت، چونکە موزیک لایەنە دەروونییەکانی مرۆڤ بە هەردوو ڕەگەزەکەوە چارەسەر دەکات، هەر لە هەمان سەرچاوەدا دەڵێت(١٤): «هۆڵست- holst (١٨٧٤-١٩٣٤) جوانترین بنەما بۆ سۆز و ئەندێشە دادەنێ و دەڵێ موزیک جوان بیستنە، دیارە هەستی بیستن لەلای نابینایەک زیاترە لە هەستی بینین..» کەواتە مرۆڤ ئەگەر ئاوەز و هۆشی لەگەڵ پەیڤی موزیکدا نەبێت، ئەوە ئەو مرۆڤە لە هونەر و موزیک و ئاواز نەگەیشتووە، لەبەر ئەوە لە هەمان سەرچاوەدا دەڵێت(١٥): «موزیک زمانی هەستە، بەڵام قسە زمانی ئاوازە، کەواتە بێتهۆڤن بەهۆی لەدەستدانی هەستی بیستنەوە بە جوولەی بەدەنی هەستی بە ئاوازەکانی خۆی کردووە، کەواتە لەلای بێتهۆڤن موزیک باوکی هەموو زمانەکانە، چ لە پێش مێژوو چ ئێستا» لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە چەمکی موزیک دەبێت هەموو لایەنەکانی ژیان پەیڕەو بکات، واتە کاتێک مرۆڤ گوێی لە موزیک دەبێت، هەموو هەڵسوکەوتە نالەبارەکانی ژیانی ماددی وەلاوە دەنێت و ژیانی واتایی بەرجەستە دەکات، ئەو ئاوازەی کە دایک بۆ زارۆڵەکەی دەڵێت، واتا و بیر و زێدزادەی واتاییە.

ئەمەش ئەو ئاوازەیە کە ئەدالێ بۆ زارۆڵەکەی دەڵێت(١٦):

**«لایە گیان لایە کورپەی شیرینم**
**جەخوایم گەرەکا مەرگت نەوینم**
**لای لایت پەی کەر و شەوێ تا بەیان**
**بەڵکو تۆ بووسی خەم نەبۆ مێمان**
**ڕۆڵە لای لایە کۆرپەم لای لایە**
**سەرمایەی گیانم، گیانم لای لایە»**

لەم چەند دێرە هۆزانەدا دایک وەک مۆمێک ئاواز و هۆزان ئاوێزانی یەکدی دەکات و دەیەوێت هەردەم زارۆڵەکەی بەختەوەر بێت، لە پەژارەوە دووربێت و لە تەنگوچەڵەمەی ژیانی ماددی سەخت و بێ هوودە ڕزگاری بکات. لە گۆڤاری چلاوازی ژمارە «٢٧»دا محەمەدی حەمەباقی دەڵێت(١٧): «بێ هیچ سێ و دوویەک دەنگی مرۆڤ لە کوردستاندا وەک بەرزترین کەرەستەی دەربڕینی موزیک دێتە ئەژمار، بۆ ئەوەش چۆنایەتی دەنگ، لەکاتی دەربڕیندا، لەگەڵ پەیامی ئیستێتیکی هەموو سترانچڕێکدا، چ ئافرەت چ پیاو چ سترانبێژێکی ناشی و نیوەکار، یان سترانبێژێکی ناو زەماوەندا، هاو ئاهەنگ بێت، بە هەستیارییەوە دەردەبڕێت..» هەروەکو ئاشکرایە هونەرمەند ماکی تایبەتی خۆی هەیە، دەنگی ئافرەت ناسکتر لە دەنگی پیاو دیارە، ئەو دەقە کە هەردوو هونەرمەندەکە هەڵیدەبژێرن، دەبێت لەگەڵ خواست و ئارەزوویاندا بگونجێت، دەق دەبێت بەواتا دەقی ستران بێت، شیاوی ئاواز بێت، دەبێت دەقی ئافرەتان جیاواز بێت لەدەقی هونەرمەندی پیاوان، یان بەشێوەی وێنەیی بێت، بەواتا هۆزانی وەسفی بێت. دەبێت هەموو میللەت زۆر بەسانایی لێی تێ بگات، یان نەک واتای بێهوودە و بێ واتا نیشان بدەن. هەر لەسەردەمی ساسانییەکاندا هونەرمەندان بە هەورامانی، یان پەهلەوی، یان ئاڤێستایی بەتایبەتی دەقی «گاتا»کان، کە هۆرە و

سیاچەمانەیان پێ دەوترا هونەرمەندان ئەو چەمکانەیان بەکار دەهێنا، کە هەریەکە لەو چەمکانە خواستی هونەری ڕەسەنی دەردەبڕی، هەرچەندە ئەو هونەرمەندانە، خەڵک بە (فارس)یان دادەنێن، بەڵام هونەرمەندان بە هەورامییانە ئاوازیان چڕیوە، هەروەها هونەرمەندی ئافرەت هۆزانی لەباری هەڵبژاردووە، هونەرمەندی پیاویش بە هەمان جۆر ویست و خواستی خۆی دەربڕیوە. هونەرمەند یەدوڵڵا ڕەحمانی کرماشانی لەگۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە «١٣٤»دا، دەڵێت(١٨): «ساسانییەکان لە هاوینەهەواری خۆیان لەناوچەی (ڕێژاو) و (بانە زەرد) زۆر حەزیان لە هونەر کردووە، لە دەرباری ساسانییەکاندا ژەنیار و گۆرانیبێژ و مەقامبێژی وەکو (باربەد) و (نەکیسا) و (ڕامکین) ژیاون» ئەو سێ هونەرمەندە چەمکی شیاویان لەناو هۆزان و ئاوازەکاندا هەڵبژاردووە، کە پێوەندی بەداستانەوە بووبێت، بە هۆزانێکی دی تێکەڵیان نەکردووە، یان ئەو ئاوازەی کە پێوەندی بە سکاڵاوە بووبێت، چەمکی سکاڵایان بەکارهێناوە. هەر لە هەمان سەرچاوەدا دەڵێت(١٩): «زۆربەی ئەو شانەی دەوریان هەیە، هەندێک لە هونەرمەندانی کورد دەیانەوێت خەریک بن، مەقاماتی کوردی بۆ گۆرانیبێژە (فارسەکان) دادەنێن و بەشێوەیەک ناوی ئاهەنگەکەش دیارە کە چی دەنووسن لە میلۆدی کوردی وەرگیراوە»

مەرجەکانی چەمکی ئاواز و میلۆدی لەم خاڵانەدا بە شێوازی دروست و ڕاست بەدی دەکرێن:

١- ئەو چەمکە، یان بەواتایەکی دی ئەو دەقە شیعرییانە دەبێت جیاوازی لەنێوان دەقی هونەرمەندی ئافرەت و هونەرمەندی ڕەگەز نێردا لە رووی هەڵبژاردنەوە هەبێت. واتە ئەو دەقە خەسڵەتی تایبەتی بەناوەڕۆک و ڕوخساری بابەتیانەوە هەبێت و لای هەردوو ڕەگەزی هونەرمەند پەیامدار بێت.

٢- دەبێت ئەو چەمکانەی کە بۆ ئاوازی گۆرانییەکان هەڵدەبژێرین زۆر بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ چەمکی فۆلکلۆری و چەمکی میللی و چەمکی هۆزانی سەربەستدا بکات.

٣- نابێت بەهیچ شێوەیەک چەمکێک لە چەمکی نەتەوەکانی دی بکەین بە مۆرکی نەتەوەی خۆمان.

٤- ئاگامان لەو هۆزانڤانانە بێت، کە بەچەمکی هۆزانی لیریکییەوە پەیوەستن، واتە ئەو هۆزانانە کە هۆزانڤان دەیاننووسن، دەبێت ئەو هۆزانە شیاوی میلۆدییەکە بێت.

٥- ئەو هۆزانانەی کە لە چەمکە فۆلکلۆرییەکاندا هەن هەندێک وشەی وایان تێدایە، لەناو بەیتەکاندا، بەبلاو کردنەوە نالوێن، بەتایبەتی لەناو گۆرانییەکاندا، وەک ئەم نموونە هۆزانە فۆلکلۆرییە:

**«باغی بێ پەرژین زینەتی نییە**
**کچ بەبێ برا قیمەتی نییە»**

یان

**«هەر هەرزەکارێو بێوەژن مارۆ**
**یاخش بێبەرا لیمۆ نمارۆ»**

٦- دەبێت لایەنی دەروونی لەناو چەمکەکاندا ڕەچاو بکرێت، واتە هەڵچوون و داشۆرین لەناو چەمکەکاندا بەدی نەکرێت، چونکە هونەر بۆ خۆشی کەسیەتی زۆر گرنگە، بەتایبەتی بۆ هونەرمەندان، چونکە هونەرمەندان سەرقافڵەی جەماوەرن.

٧- ئەگەر دەقێکی گەلانی دیکە لەناو ئاوازێکی خۆمان بەکاربهێنرێت، دەبێت ئەو دەقە وەک شوێن و زمانی چەمک، خاوەنەکەی، مێژووەکەی سەرهەڵدانەکەی ناسنامەی بدرێتێ، ئایا ئەو ئاوازەی دەگونجێت کە هونەرمەند دەیڵێت؟ نابێت بەزۆر بسەپێنرێت، چونکە فۆنەتیکی دەقی بیانی بۆ هونەرمەندی ئێمە نالوێت، بەشێوەیەکی دی ناتوانرێ فۆرمەڵەی ئەو زمانە لەناو گۆرانییەکەدا بەکاربهێنرێت.

٨- دەبێت ئەو دەقەی کە هونەرمەند هەڵیدەبژێرێت، هەموو بوارەکانی،یان لایەنەکانی، وێنەی هونەری هۆزانەکان گران و دوور و درێژ نەبن، بەتایبەتی ئەو دەقەی کە منداڵان گۆرانییەکەی پێ دەڵێن، واتە هۆزانەکان کورت کورت بن.

٩- پێویستە دەقی هونەری بۆ ئاوازەکان، پتر بایەخ بەلایەنی جوانکاری مەرجی سەرەکی بدات، دەبێت دەقەکە لەبارەی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە لەنگەرسازی تێدا هەبێت، واتە بۆ ڕادەی هونەری ڕەسەنی خۆماڵی ئامانجەکان یەک بن.

١٠- نابێت ئەو دەقەی کە هەڵدەبژێردرێن چاولێکەری و لاسایی کردنەوە و کاریگەری لاوازی پێوە دیار بێت، بەڵکو پێویستە ئاستی داهێنانی تێدا بەرهەم بهێنرێت،

نەک ڕاستەوخۆ ئەو گەلانەی چی دەکەن، ئێمەش لە هونەری خۆماندا بەکاری بهێنین، واتە دابونەریت و مۆرکە نەتەوەییەکان فەرامۆش نەکات.

١١- ئەو چەمکانەی کە بۆ گۆرانی دەلوێن دەبێت وەسفی بن، نابێت دێرە هۆزانێک لەگەڵ دێرێکی فۆلکلۆری تێکەڵ بکرێن، واتە گۆرانی دەبێت واتا ببەخشێت بەواتا دەقی گۆرانی بێ، لەسەرەتاوە تا کۆتایی یەک بابەت وەسف بکات. وەک ئەم نموونەیە کە خۆم کردوومە بە ئاواز، هۆزانەکەی هی (مەولەوی)یە ئامادە و دابەشکردنی مۆزیکی هونەرمەند (زەمەند نووری)یە.

**«ئازیز دیارەن وادەی لوامەن**
**ئەلوەدای ئاخر نەو نامامەن**
**دەولەتەکەی وەسڵ پا نە زەواڵەن**
**جارێو تەر دیدەن باڵات مەحاڵەن**
**سا دڵم وەشکەر وە ئیلتێفاتێ**
**بدیە وەلاوە بوینوت ساتێ**
**با بەیۆ شنۆی شیرین ڕازەکەت**
**کوش دەرۆ لادێ میقراز گازەکەت**
**کێ زانۆ چوون بۆ ئی دنیای بائی**
**با ببۆ نە بەین گەردن ئازادی..»**

دیارە خاڵی هەڵبژاردنی دەقی هونەری گۆرانی و ئاواز زۆرن، بەڵام گرنگ ئەوەیە چ موزیکژەن، یان سترانبێژ بۆ ڕاژەی هونەری میللی و نەتەوەی وڵات پێویستە لە هەوڵی نەپساوەدا بن.

**پەراوێزەکان:**

**١- سەلاح ڕەووف، تیۆرەکانی مۆسیقا، ساڵی ١٩٨٩ز، چاپی یەکەم، سلێمانی.**

**٢- دارا محەمەد عوسمان هەورامانی، فۆلکلۆری هەورامان، چاپ نەکراوە.**

**٣- محەمەدی حەمە باقی، گۆڤاری چلاواز، ژمارە «٢٧» ساڵی ٢٠٠٨، هەولێر.**

**٤- دارا محەمەد عوسمان هەورامانی، فۆلکلۆری هەورامان، چاپ نەکراوە.**

**٥- محەمەد ئەمین کاردۆخی، دیوانی صەیدی هەورامی، ساڵی ١٩٧٠، چاپی یەکەم، بەغدا.**

**٦- محەمەد ئەمین کاردۆخی، هەمان سەرچاوە.**

**٧- دارا محەمەد عوسمان هەورامانی، فۆلکلۆری هەورامان، چاپ نەکراوە.**

**٨- مەجید خۆشناو، گۆڤاری چلاواز، ژمارە «٢٠» ساڵی ٢٠٠٧، هەولێر.**

**٩- وریا ئەحمەد، گۆڤاری چلاواز، ژمارە «١٧» ساڵی ٢٠٠٧، هەولێر.**

**١٠- دارا محەمەد عوسمان هەورامانی، فۆلکلۆری هەورامان، چاپ نەکراوە.**

**١١- ئەیوب ڕۆستەم، سرووتە دینی و کۆمەلایەتییەکانی خەڵکی هەورامان، ساڵی ٢٠٠٧، سلێمانی.**

**١٢- هەردەوێڵ کاکەیی، خۆرشید و خاوەر، ساڵی ٢٠٠٨، چاپی یەکەم، هەولێر.**

**١٣- هەردەوێڵ کاکەیی، هەمان سەرچاوە.**

**١٤- ڕەحیم سابیر، گۆڤاری چلاواز، ژمارە «١٠» ساڵی ٢٠٠٦ز، هەولێر.**

**١٥- ڕەحیم سابیر، هەمان سەرچاوە.**

**١٦- دارا محەمەد عوسمان هەورامانی، فۆلکلۆری هەورامان، چاپ نەکراوە.**

**١٧- محەمەدی حەمە باقی، گۆڤاری چلاواز، ژمارە «٢٧» ساڵی ٢٠٠٨، هەولێر.**

**١٨- یەدوڵڵای ڕەحمانی کرماشانی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە «١٣٤» ساڵی ٢٠٠٨، هەولێر.**

**١٩- یەدوڵڵای ڕەحمانی کرماشانی، هەمان سەرچاوە.**

**٢٠- مەلا عەبدولکەریمی مدرس، دیوانی مەولەوی، ساڵی ٢٠٠٦، چاپی یەکەم، سلێمانی.**

# شانۆی قوتابخانەیی: پەیام و دەسکەوت و بنیادنانی دوارۆژ

محەمەد عەتیف
لە عەرەبییەوە: کامەران حاجی ئەلیاس

شانۆی قوتابخانە لەلایەنی پەروەردە و فێرکردنەوە بە چالاکییەکی گرنگ دادەنرێت، چونکە لەگەڵ مێشک و ویژدانی منداڵاندا دەدوێت، لەلایەکی تریشەوە بۆ پەروەردە و فێرکردن سوودێکی زۆری دەبێت لەو کاتەی مامۆستا لەناو پۆل ناتوانێ ئەنجامی بدات. شانۆی قوتابخانە دەتوانێ مێژوو بەرجەستە بکات و هەموو ئەزموونەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوێزێتەوە، لە هەمان کاتدا وا لە قوتابی دەکات زیاتر باوەڕی بەخۆی هەبێت و فێری خۆشەویستی وڵات و نەتەوە و ئاکاری جوان و زمانێکی پاراو بێت. ئەوەی گرنگە شانۆی قوتابخانە وەکو هۆکارێک بۆ ئاسان کردنی میتۆدی خوێندن سوودی لێ وەرگیراوە، ئەویش لە ڕێگەی شانۆگەرییەکانەوە لەسەر بنەمای زانست و گوزارشتێکی ڕوون.

### کورتەیەک لەمێژووی شانۆی منداڵ

ئەگەر شانۆ بەگشتی پێش بیست و پێنج ساڵ بوونی هەبووبێ، ئەوە شانۆی منداڵ تاوەکو سەرەتاکانی سەدەی بیست هیچ بنەمایەکی نەبوو، لەوکاتەوە شانۆی منداڵ بووە بەشێک لە شانۆی هاوچەرخ و بە شێوەیەکی فراوان پاش جەنگی جیهانی لەسەرتاپای جیهان بڵاوبووەوە، بە مەبەستی ئەوەی هەموو مەرگەساتەکانی شەڕ لە ناو دڵ و دەروونی منداڵاندا بسڕێتەوە و بەشێوەیەکی هونەریانە و مرۆڤانە بۆ پێکهێنانی ژیانێکی نوێ و باشتر هانیان بدات. بۆ نموونە یەکەم شانۆ بۆ منداڵان لە ساڵی ۱۹۰۳ لە ئەمەریکا دروست کرا کە بریتی بوو لە شانۆیەکی فێرکاری و لەلایەن یەکێتی پەروەردەییەوە لە نیویۆرک سەرپەرشتی دەکرا، پاشان چەند دەزگا و کۆمەڵی جۆراوجۆری شانۆیی دامەزران، لەوانە کۆمەڵەی تازە پێگەیشتووەکان کە یەکەم کاری شانۆیی لە ساڵی ۱۹۲۲دا پێشکەش کرد.

بەڵام لە بەریتانیا لەو کاتەدا شانۆی منداڵ دەستی پێ کرد کە (تیپی بن گریت BEN GREAT) کارەکانی (شکسپیر)یان لە قوتابخانەکانی لەندەن لە ساڵی ١٩١٨ نمایش کردبێ. یەکەم تیپی شانۆیی گەورەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک کاری منداڵانیان نمایش کردبێ تیپی شانۆی ئەسکۆتلەندی بوو کە لە ساڵی ١٩٢٧ دامەزرا.

لە ئەڵمانیا یەکەم شانۆی تایبەت بە منداڵان لە شاری لایبزگ لە ساڵی ١٩٤٦ بەناوونیشانی (شانۆی جیهانی هونەر) کرایەوە کە یەکێک لە ئامانجەکانی سڕینەوەی کارەساتەکانی شەڕ بوو لەناو دڵ و دەروونی منداڵاندا.

لە وڵاتانی عەرەبیشدا وەک پێویست گرنگی بە شانۆی منداڵ نەدراوە، بەڵام وڵاتی میسر پێشەنگ بووە، ئەویش لە ڕێگەی هونەرمەند (زەکی طلیمات) دەستپێشخەری کراوە، لەو کاتەی لە ساڵی ١٩٣٦ یاداشتێکی پێشکەش بە وەزارەتی مەعاریف کرد، ئاماژەی بە دامەزراندنی تیپی نواندن لە قوتابخانەکانی ناوەندی کردبوو، هەر بۆیە وەزارەت بڕیاری دا دوو لقی شانۆیی منداڵان دامەزرێنێت، یەکێکیان لە قاهیرە، ئەوی تریش لە ئەسکندرییە بوو.

هەربۆیە چەندین وڵاتی پێشکەوتوو بە مەبەستی گرنگیدان بەم هونەرە کەوتنە کێبڕکێ و وەکو دیاردەیەکی شارستانی و دەرک پێکردن بەهێزی شانۆی منداڵ و وەکو ئامرازێک بۆ گۆڕینی جیهانی ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤ بەرەو ژیانێکی خۆشتر و باشتر.

## شێوەکانی شانۆی منداڵ

شانۆی منداڵ چەندین شێوە لەخۆ دەگرێت لەوانە: شانۆی ئاسایی کە بریتییە لە شانۆی گەورەکان بۆ بچووکەکان بەهۆی باوەڕ و بەرپرسیارەتی گەورەکان بەرانبەر منداڵان، یان شانۆی لە بچووکەوە بۆ بچووک، کە ئەمەیان زیاتر کاریگەر دەبێت، چونکە منداڵ کاتێ هاوەڵ و هاوتەمەنی خۆی دەبینێت زیاتر لە حاڵەتەکە نزیک دەبێتەوە.

- شانۆی منداڵ لەسەر شێوەی شانۆی قوتابخانە دەبێت، بۆیە لەوکاتەی نێردراو و وەرگر (ئەکتەر و بینەر) منداڵن، دەبێ بە پلەی یەکەم ڕەچاوی پەروەردە بکەین و پەیوەست بێ بە ژیانی منداڵ (قوتابی)، چ لە ڕووی کەسایەتی، یان کۆمەڵایەتی، یان قوتابخانەیی، یان ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی بە میتۆدەوە پەیوەستە.

- لە جۆرەکانی تری شانۆی منداڵ: شانۆی بووکەڵە و



بووک و زاوا و خەیاڵی سێبەر، ئەوانە هەر هەموویان لە ناوەرۆکدا وەکو یەکن، بەڵام بە فۆرمێکی تری هونەری جیاواز دەتوانرێت هەموو جۆرەکان لە یەک نمایشدا کۆ بکرێتەوە و پێشکەشیان بکرێ، واتە هەمەجۆری هونەری لە نمایشەکەدا بکات، ئەمەش هەم سەرنج و چێژی زیاتر دەبێت بۆ وەرگر و پەیامەکەش بە ئاسانی دەگات.

- ئەوەی شایانی باس کردنە لەگەڵ دەرکەوتنی شانۆی منداڵدا هۆشیارییەکی جیهانی سەری هەڵدا بەوەی گرنگی زیاتر بە ژیان و بەتایبەتی پەروەردە و فێربوون بدرێت و بارودۆخێکی گونجاو بۆ منداڵ بڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەرانبەر ژیان بوەستێت، هەر بۆیە دەیان توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر سیفەتەکان و قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵ ئامادەکران، چەندین کەناڵی گونجاو بەکارهاتن وەکو شانۆ و سینەما و تابلۆ و پەرتووکی قوتابخانە و چەندانیتر بۆ ئەوەی منداڵ لەگەڵ ڕووداوەکاندا بەردەوامی هەبێت.

- شانۆکارانی پسپۆڕ لە بواری منداڵدا گرنگی زۆریان بەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانە داوە بۆ ئەوەی بتوانن بۆ هەر تەمەنێک سیفەتی تایبەتی زۆر بە وردی و بە تێروتەسەلی بۆ دیاری بکەن تاوەکو بتوانن بە باشترین ڕێگە و بە سادەترین شێوە پرۆسەی پەروەردە بەڕێوە ببەن.

## لێرەدا باس لە هەندێ لە سیفەتەکانی منداڵ دەکەین بەپێی تەمەنیان

### ١- قۆناغی واقیعی و خەیاڵی سنووردار (٣-٥ ساڵ)

منداڵ لەو تەمەنەدا جیهانێکی دیاریکراوی هەیە کە ماڵ لەخۆ دەگرێت و دایک و باوک و خوشک و برا لەگەڵی دەژیت لەگەڵ هەندێ لە خزمان و دراوسێکان، هەندێ لە زانایانی پەروەردە لەسەر ژیانی منداڵ لەو تەمەنەدا دووپاتیان کردووەتەوە کە پێنج ساڵی یەکەم لە ژیانی منداڵ ئەو ماوەیە بنەماکانی پەروەردە جێگیر

دەبن، هەرچی دایکان و باوکان لەو ماوەیەدا ئەنجامی دەدەن لە سەدا نەوەدی پرۆسەی پەروەردەیە، منداڵ حەز دەکات. لاسایی هەموو شتەکانیان بکاتەوە، منداڵ لەم تەمەنەدا بەدەست و پێیەکانی بیر دەکاتەوە، یاری بە هەموو شتێک دەکات. بۆ نموونە دارێک لەناو قاچەکانی دادەنێت وەکو ئەوەی سواری ئەسپ بووبێت.

بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە دەکەین منداڵ تا چەند دەتوانێ لەگەڵ هەر کارێکی شانۆییدا ئاوێتە بێت. بۆ ئەوەی پێشکەشی بکات؟ چەندین توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە کراون، لە ئەنجامدا گەیشتنە ئەوەی منداڵ دەتوانێ کاری شانۆیی لەم تەمەنەدا بکات، بە مەرجێک ئەم سیفەتانەی خوارەوەی تێدا بێت:

١- زیاتر پشت بە جووڵە ببەستێت نەوەکو دیالۆگ.
٢- بابەتەکە جیهانی ئاژەڵان و باڵندە لەخۆ بگرێت.
٣- بووکەڵەی لەگەڵ بەکار بێت.
٤- وێنەی جوڵێنەر و کارتۆنیی لەگەڵ بەکار بێت.
٥- زۆر سادە و ساکار و روون بێت.
٦- خۆشی و شادی و چێژ لەخۆ بگرێت.
٧- هەمەجۆر کردنی رەنگەکان و رووناکی و شێوەکان.

کەواتە منداڵ ناتوانێ شانۆگەرییەک وەربگرێت کە پڕ لە دیالۆگ بێت، چونکە ناتوانێ دەرکی پێ بکات، بەڵکو دەبێ زیاتر روون و ئاشکرا بێت، منداڵ لەو تەمەنەدا حەز لە ئاژەڵ و باڵندە و کەسایەتی سەیروسەمەرە دەکات.

## ٢- منداڵ لە تەمەنی ٦-٨ساڵیدا

خاوەن خەیاڵێکی گشتگیر و پەرۆشە بۆ وەرگرتنی شتی نوێ، حەز بە چیرۆکی سەیروسەمەرە و ئەفسانە و تارمایی..تاد دەکات. بۆیە پێویستە شانۆکار ئەم جۆرە ئاراستانانە بقۆزێتەوە و بەدوای بەها کۆمەڵایەتییەکاندا بگەڕێت، کە لە ڕێگای منداڵەوە بە مەبەستی سادە و ساکار بۆ منداڵ پێشکەش دەکرێن.

ئەگەر هاتوو لەو بابەتانەش دەربچێت کاتێ وەکو سەیروسەمەرە و ناماقووڵ بۆ منداڵ پێشکەش دەکرێن، واتە بابەتی مێژوویی و ئایینی، یان قوتابخانەیی بێت، گرنگ ئەوەیە لەکاتی داڕشتنی دەقەکەدا بە بارودۆخێکی خەیاڵی و سەیروسەمەرەوە تێکەڵاو بێت، لەگەڵ ئاگادار بوون لە پاراستنی شێوازی سادە و ساکار و زمانی ڕاستەوخۆ و دوورکەوتنەوە لە ئاڵۆز کردن، گرنگترین سیفەتەکانی کاری شانۆیی کە لەو تەمەنەدا بۆ منداڵ پێشکەش بکرێن بریتین لە:

١- دەبێ خەیاڵی بێت.
٢- دەبێ بابەتەکە پشتی بە ژینگەی کۆمەڵایەتی بەستبێت.
٣- دەبێ هەندێ لە جەربەزەیی و پاڵەوانبازی تێدابێت.
٤- دەبێ شێوازەکەی ڕوون بێت، بیرۆکەکەی سادە بێت و هەندێ ڕێنمایی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی لەخۆ گرتبێت.

## ٣- منداڵ لە تەمەنی ٩-١٢ساڵیدا

لەو تەمەنەدا منداڵ جەربەزەیی و ئازایەتی و پاڵەوانی لێ بەدەردەکەوێت و هەوڵی ئەوە دەدات نهێنییە زانستییەکان بزانێت، حەزی لە چیرۆکەکانی پاڵەوانییە کە پارێزگاری لە بەها کۆمەڵایەتییەکان و ئاکار و نیشتمانپەروەری دەکەن، لە هەمان کاتدا منداڵ بەشێوەیەکی جوان تێکەڵاویان دەبێت و بۆ گەیشتن بە مەبەست ئاسان دەبن.

بۆ گەیشتن بە ئامانجی پەروەردەیی و چالاک کردنی توانستەکان و بیرکردنەوەی جۆراوجۆر شانۆکار دەتوانێت سوود لە قۆناغەکانی گەشەی منداڵ لە تەمەنی ٦-١٢ وەربگرێت.

## ٤- منداڵ لە تەمەنی ١٢-١٧ساڵیدا

لەم تەمەنەدا هەوڵ دەدات بە دوای چیرۆکی نموونەییدا بگەڕێت کە تێکەڵ بە سۆز و قوربانیدان بێت وەکو چیرۆکی سۆزداری و چیرۆکی قوربانیدان و ناسینی کەسایەتییەکانی مێژوو.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو کەسەی لە شانۆی قوتابخانەییدا کار دەکات دەبێ گرنگییەکی تایبەت بەم قۆناغە بدات، لەکاتی دیاری کردنی دەقەکان و کاری شانۆیی بۆ هەر قۆناغێک، هەروەها لەگەڵ سروشتی خۆیدا بگونجێت.

دەبێ ئاماژە بەوەش بدەین کە لایەنی هزری بەشێوەیەکی ڕەها بەبێ لایەنی زانستی و ئەزموونگەری لەلای منداڵ گەشە ناکات. بە کورتی شانۆی قوتابخانەیی باشترین کەناڵی گەیاندن و زانین و دۆزینەوەیە بۆ منداڵ، چونکە ئەزموونی مرۆڤانە پێشکەش دەکات و بەدرێژایی ژیانی لە مێشکیدا چەکەرە دەکات و دەمێنێتەوە، هەروەها شانۆی منداڵ دەرگا واڵا دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت گوزارشت لە خۆی و بیرۆکەکانی بکات. شانۆی منداڵ ئامانجی دروستکردنی

ئەکتەری پرۆفیشناڵ نییە، بەڵکو مەبەست تەنیا ئەوەیە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و ڕاستگۆیانە گوزارشت لە خودی خۆی بکات کە هاوکارە بۆ بنیادنانی کەسایەتییەکەی، ئەمەش ناوەڕۆک و حەقیقەتی شانۆی منداڵە.

جیاوازی شانۆی منداڵ لەگەڵ شانۆکانی تر ئەوەیە کە سەرچاوەکەی دەوڵەمەندە و چوارچێوەیەکی دیاریکراوی نییە و سادە، ساکارییەکەی هەر لە دۆزینەوەی بیرۆکەکانی بۆ شانۆگەری لە چیرۆکی میللی، یان چیرۆکی مێژوویی، یان بەسەرهاتی ئەفسانەکان تا دەگاتە میتۆدی قوتابخانە دەبێ.

**گرنگترین سیفەتەکانی شانۆیی قوتابخانەیی**

– ئەگەرچی پەرتووک و میتۆد بەشێک لە مەبەستەکەیان جێبەجێ دەکەن، ئەوە شانۆی قوتابخانەیی مەبەستەکەی کراوە دەبێت، چونکە منداڵ تەنیا ئەزموونەکانی خۆی ناخوێنێتەوە، بەڵکو لەگەڵ حاڵەتەکە دەژیت.

– لە شانۆی قوتابخانەییدا، منداڵی بەشدار بوو و منداڵی بینەر دەرفەتی گەڕانەوە بۆ جیهانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتووە لەگەڵ جێگۆڕکێی نێوان حاڵەتەکانی شعوری جۆراوجۆری وەکو لێکۆڵەرێکی لێدێت.

– دەرفەت لە شانۆی منداڵ کراوەتر و فراوانترە لەنێوان هونەرەکانی تر وەکو (نیگار و پەیکەرتاشی و وێنەگرتن..تاد) ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی چەندین ڕۆشنبیری و توانستی لەلا گەڵاڵە بێت.

– پێویستە گەورەکان کاتەکانیان دیاری بکەن، کات بۆ فێربوون و کاتێکیش بۆ چێژوەرگرتن، بەڵام منداڵ ئەم چوارچێوە دیاریکراوەی لەم لایەنەوە نییە، چونکە شانۆ توانای وەڵامی تێر و تەسەل و قووڵی هەیە.

– شانۆی منداڵ هاوکارە بۆ ئەو شتانەی لە مێشکی منداڵدایە پرسیار بکات، ئەمەش وای لێ دەکات بەدوای زانیاری و وەڵامەکاندا بگەڕێت، لە ئەنجامدا بەهرە و تواناکانی بدۆزێتەوە.

**پێش نمایش کردنی شانۆگەری قوتابخانە، دەبێ ڕەچاوی هەندێ خاڵ بکەین**

– هەڵبژاردنی دەقی گونجاو کە لەگەڵ تەمەنی منداڵانی بینەردا گونجاو بێت.

– هەرچەند تەمەنی منداڵ بچووک بێت ئەوە توانستی تەرکیزی کەمتر دەبێت، دەبێ کارە شانۆییەکە لە بێزاری و وەڕس بوون بە دوور بێت، دەبێ ماوەی درێژیی شانۆییەکە لەگەڵ توانایی وەرگرتنی منداڵ گونجاو بێت.



– دەبێ چیرۆکەکان سادە و ساکار بن و لە ئاڵۆزی دووربن و کەسایەتییەکانی زۆر نەبن، گرێی شانۆییشی کەم بێت.

– ڕەچاوکردنی ڕیزبەندی سروشتی زەمەن بەپێی ڕووداوەکان، واتە بەپێی توانا دوور کەوتنەوە لە خێرایی زەمەن گۆڕین پێویستە.

– دەبێ کەسایەتییەکانی کاری شانۆی قوتابخانەیی جیاواز بن، بۆ ئەوەی منداڵان کەسایەتییەکان تێکەڵی یەکدی نەکەن.

– دوورکەوتنەوە لە پێشەکی درێژ و وەڕس کردن، چونکە منداڵان حەز دەکەن ڕاستەوخۆ بچنە ناو بابەتەکەوە و لە هەمان کاتیشدا کورتی ماوەی نمایشەکە پێویستە.

– دەبێ کۆتایی شانۆگەرییەکە ڕوون و ئاشکرا بێت، منداڵ لە چارەنووسی کەسایەتییەکانی شانۆگەرییەکەدا تووشی سەر لێ شێوان نەبێت.

– دەبێ شانۆگەرییەکە هەندێ لایەنی گاڵتەوگەپ و خۆشی و هەمەڕەنگی و کاری خەیاڵی تێدابێت.

– دەبێ ڕووداوی سروشتی و کورت پێشکەش بکرێت، دوورکەوتنەوە لە قسەی ڕۆژانە وەکو دەستەواژەی بەخێرهاتن و زمان شیرینی، چونکە ئامانج و ئەرکی درامی لەناو نمایشەکەدا جێبەجێ ناکات.

– دەبێ بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگی بە جووڵە بدەین، لەگەڵ گرنگیدان بە کرداری شانۆیی، نەوەکو بە قسەکردن

له شوێنی خۆی و جێگیر بێت و نەجوولێت.

- بەشدارکردنی ئەو منداڵانەی پاڵپشتن و حەزیان لە کاری شانۆییە بە دارشتنەوەی دەق بۆ نمایش و گوێگرتن لە تێبینییەکانیان، هەرچەند سادە و ساکاریش بێت.

- هاندانی منداڵانی بینەری نمایش بە بەشداربوون لە نمایشی شانۆگەری لە ڕێگەی پرسیارکردن لە جەماوەر لەلایەن ئەکتەرانەوە لە هەمان کاتدا گرنگی بە وەڵامەکانیان بدرێت و وەکو برگەیەک بەشدارییان لە نمایشەکەدا پێ بکرێت.

- لە شانۆی منداڵدا کۆتایی واڵا نییە، چونکە منداڵ پێویستی بە واقیعێک هەیە کۆتاییەکەی لەبەرچاو و لۆژیکی بێت لەگەڵ ئارەزووەکانی بگونجێت وەک دادپەروەری و سەرکەوتنی لایەنی خێر بەسەر شەڕدا.

- دەبێ ڕەچاوی توانای ماددی گونجاو بکەین و سروشتی شوێنی نمایش لەگەڵ توانستی ئەکتەرەکان بە تایبەتی لەکاتی هەڵبژاردنی دەق و دارشتنەوەی لەبەر چاو بگرین.

- دەبێ دیکۆری شانۆیی قوتابخانەیی خەیاڵ و ئەندێشەیی بێت نەوەک واقیعی بێت، بۆ ئەوەی ئاسۆ و خەیاڵی منداڵ فراوان بێت.

**نووسینی شانۆگەری بۆ منداڵان**

لەوانەیە نووسینی شانۆگەری منداڵان کارێکی ئاسان نەبێت، بەڵام لە ڕێگەی ئەزموون وەرگرتنی بنەماکانی نووسینی شانۆی منداڵەوە دەتوانین فێری نووسینی ئەم بابەتانە ببین، چونکە منداڵ خاوەنی سیفاتی هۆشمەندی و جەستەیی و دەروونییە، دەبێ لە کاتی نووسین بۆ منداڵ ڕەچاوی ئەم لایەنە بکرێت و نابێت بە هەرزەکار وەسف بکرێت، لەوانەشە بیرۆکەی گەورە وەربگرێت و لە هەمان کاتیشدا بە دەبەنگی و ساویلکەیی لە قەڵەم نەدرێت. بیرۆکەکانی منداڵان سادە و دڵپاکانەن، چونکە سروشتی منداڵ پێشکەوتووەوە وەکو هەڵچوونی زیندووە (وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆ) دەرک پێ کردنی هەستیارەکان (پشت بە هەستیارەکان دەبەستێت)، پێوەر و یاسای نەگۆڕ بۆ شتەکان دادەنێت، یادەکانی بە وێنە بەڵگەدارن، هێزی خەیاڵی هەیە، سادەیە لە هۆشیاری، وردەکارە لە تێبینییەکان و چاودێری بەردەوامدا.

**پێویستە نووسەری شانۆی منداڵان**

- جەخت لەسەر دەرهاوێشتەکانی هەڵچوونی منداڵان بکاتەوە، زۆریش جێگیر نەبێت لەسەر دەروونی منداڵ لە بیرۆکەکان و زانیارییەکاندا کە لە ئەزموونی هەڵچوونەکانیان وەری گرتووە (سەرسوڕمان، ترس، چاودێر، دۆزینەوە).

- بەپێی توانا ئەرکی قسەکردن کەم بکەینەوە. بۆ نموونە مەڵێ (ئەم کەسایەتییە شەڕانگێزە)، بەڵکو وازی لێ بێنە بەچاوی خۆی ببینێت.

- ئاگادار بوون لە وەرگرتنی مێشکی منداڵ کە لە زماندا چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەیە، واتە تاڕادەیەک لە زماندا هەژارە، لە هەمان کاتدا هەڵبژاردنی دەستەواژەی گونجاو و جوان لە کاتی نووسینی دەقی منداڵان پێویستە.

- دەبێ نووسەر ڕەچاوی تواناکانی زیرەکی منداڵ بکات و منداڵ گاڵتەی پێ نەکات، بەڵکو وای لێ بکات حەزی لە بابەتەکە بێت و دەرفەتی ئەوە نەدات ئەوەی تێیگەیشتووە کارێکی ناماقووڵە.

- دەبێ نووسەر لە شێوازی دەسەڵات و باوک سالاری دوور بێت، بەڵکو لە خەون و جیهانی منداڵ نزیک بێت، دوای ئەوەی دەچێتە ناو ئەقڵی منداڵەوە.

- نووسەر هەوڵ بدات جیاوازی تەمەن لەنێوان خۆی و منداڵدا کەم بکاتەوە بە مەبەستی چاک لێ حاڵی بوونی لە پێداویستییە ڕاستەقینەکانی منداڵ، هەروەها بزانێت ئەو چین و توێژەی بەرهەمەکەیان پێشکەش دەکرێت منداڵن.

- دەبێ نووسەر بزانێت ئامانجی سەرەکی دەق بریتییە لە (پێداویستەکانی پەروەردەیی) لەگەڵ هەندێ لە حەز و ئارەزووەکانی منداڵ لە هەست کردن بە پاڵەوانیەتی و سەرکەوتن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بە ئاسانی بچێتە ناو قاڵبی کەسایەتییەکەوە وەکو پاڵەوانی شانۆگەرییەکە و بەستنەوەی بە هەست و سۆز و خۆی بە شانۆگەرییەکەوە.

- ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە، نووسەری شانۆی منداڵ بۆتە پێشە بۆ ئەو کەسەی توانا و بەردەوامی هەیە و هەموو بنەما و مەرجەکانی نووسین لەخۆ دەگرێت، هەروەها بەشێوەیەکی گشتی پەیامێکی پەروەردەیی و مرۆڤایەتی لەخۆ دەگرێت.

**قۆناغەکانی نووسین**

أ- هەڵبژاردنی بابەت، یان چیرۆکی گونجاو، یان وانەیەکی گونجاو لە کاتی شانۆی میتۆددا، هەرچەندە بابەتەکە سادە و گونجاو بوو لەگەڵ کات و شوێندا، ئەوە سەرکەوتنی زیاتر دەبێت.

ب- گەڕان بەدوای لایەنەکانی بابەتەکەدا بە خوێندنەوەی چڕوپڕ و شیکارکردنی هەمەلایانە بۆ بابەتەکە.

ج- وێنەکێشانی هەموو وردەکارییەک لە مێشکدا، پاشان دەست بە نووسین کردن، لە دواییدا بۆ نووسەر ئاسان دەبێت وێنەی ڕووداو و کەسایەتییەکان و ململانێکان بکێشێت، ئینجا بە پێی ڕیزبەندی بنیادی درامی دەست دەکات بە نووسین، بەڵام لەکاتی نووسیندا زۆر بە وردی ڕەچاوی ئەمانەی لای خوارەوە بکرێت:

١- دەقی شانۆیی بۆ ئەوەیە لەسەر تەختەی شانۆ و لە دەرەوەش پێشکەش بکرێت، بۆیە پێویستە نووسەر ڕەچاوی مەرجەکانی نووسین بکات لە ڕووی هونەری و ڕوونی لە گوزارشتەکانیدا.

٢- دەبێ هەموو شتێک لە دەقدا لە دیالۆگ، لە کردار، یان لە دیمەن پاڵپشتی بیرۆکەکە بێت، نابێت کەمو زیادی لە دەقەکەدا بکرێت چ وەکو دیالۆگ، یان وەکو دیمەن، پێویستە نووسەر لەخۆی بپرسێت: (ئەگەر دیمەنێکم، یان بەشێکم لە دەقەکە لادا، کاریگەری لەسەر بنیادی درامی دەبێت؟) ئەگەر وەڵامەکە نەخێر بوو دەتوانێ لای ببات.

٣- ئەو دەقانەی بۆ هەموو تەمەنێک دەنووسرێن دەقی سەرکەوتوو نین، چونکە هەر تەمەنێک تایبەتمەندی خۆی هەیە.

٤- پێویستە نووسەر کاتێک دەست بە نووسین دەکات چەند پرسیارێک لەخۆی بکات وەکو: (ئایا دەرهێنانی دەق وەکو خۆی دەبێت؟ -ئایا قوتابیانی قوتابخانە دەتوانن شانۆگەرییەکە بەرجەستە بکەن؟ -ئایا لەلای جەماوەر بە ئاسانی وەردەگیرێت؟ ئایا کامە جەماوەر ئامانجە؟) بەپێی ئەمانە کارەکەی ئەنجام دەدات.

٥- لەکاتی نووسیندا دەبێ ڕەچاوی لایەنی ماددی و شوێن و کات و دابونەریتی کۆمەڵ بکرێت.

## مەرجەکانی نووسینی چیرۆکی شانۆیی

لەکاتی نووسینی چیرۆکی شانۆیی بۆ منداڵ دەبێ نووسەر زۆر ئاگادار بێت بەهۆی تەرکیز کردن و گرنگی بابەتەکە دەبێ ڕەچاوی ئەو شتانە بکات کە لەلای منداڵ گرنگن و بەزمانێکی سادە و ساکار دەربڕیان ببڕێت، پێویستە نووسەر زانیاری تەواوی لەسەر بینەری منداڵان هەبێت کە جیهانێکی تایبەتییان هەیە.

هەڵبژاردنی دەقی گونجاو کە لەگەڵ قۆناغی تەمەنی منداڵدا بگونجێت زۆر گرنگە، لە هەمان کاتدا لەخودی منداڵ و چێژی منداڵ نزیک بێت، ئەوەی زۆر گرنگە کە لە دەقی شانۆی منداڵدا هەبێت و نووسەر ڕەچاوی بکات ئەوەیە دەبێ ڕوونی دەق و هێزی دەق و ئیستێتیکای دەق لەبەرچاو بگرێ. مەبەست لە ڕوونی واتە ڕوونی و سادەیی لە شێواز و ڕوونی لە وشەکان، ڕوونی لە پێکهاتەی زمان وبەستنەوەی هزرەکان، دەبێ چنینکارێکی باش لەناو بابەتەکەدا هەبێت، زانینی شێوازی هەربەک لە کەسایەتییەکان و دوورکەوتنەوە لە زمانی وتاربێژی، هەروەها لە ڕووداوی سەرەکیش دوور نەکەوێتەوە و جەختی لەسەر بکاتەوە، ئەمەش بە هاوکاری ڕووداوە لاوەکییەکان دەبێت کە تەواوکاری ڕووداوی سەرەکین، بەم جۆرە شانۆگەرییەکە لە ئاڵۆزی بەدوور دەبێت و منداڵ بەخێرایی وەری دەگرێت.

نووسەر دەبێ ڕەچاوی تواناکانی منداڵ بکات و بزانێ تا چەند منداڵ توانای لەسەر تەرکیز و وردبوونەوە هەیە، چونکە سەبر و خۆراگرتنی منداڵ زۆر کەمە، ئەمەش وا دەخوازێ توخمی سەرسوڕمان، یان چاوەڕوانی، یان جیاوازی، یان خۆشی و ناخۆشی لەناو شانۆگەرییەکەدا هەبێت، بۆیە دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی منداڵ بە هەست و سۆزی لەگەڵ شانۆگەرییەکەدا بژیت تاوەکو شانۆگەرییەکە تەواو دەبێت.

ناوەرۆکی چیرۆکی شانۆگەرییەکە زۆر گرنگە، چەند مەرجێک هەیە دەبێت نووسەر ڕەچاویان بکات:

١- ئەو چیرۆکانەی لە مێژوو وەردەگیرێن، یان لە چیرۆکی میللی وەردەگیرێن زۆربەیان لە سەردەمی کۆیلایەتی دروست بوونە، کە هەر لە سەرەتاوە بۆ منداڵ نەنووسراون، بەڵام هەندێ چیرۆک هەن کە مێشکی منداڵ فراوان دەکەن دەبێ سوود لەم جۆرە چیرۆکانە وەربگیرێت کە دەتوانرێت ڕووبەڕووی ژیان بینەوە.

٢- سەبارەت بە کۆتایی چیرۆکی شانۆگەری منداڵان لێکۆڵەرەوان بۆچوونی جیاجیایان هەیە و بەسەر دوو بەشدا دابەشکراون: هەندێکیان دەڵێن جیهانی منداڵ جیهانێکی پاک و بێگەردە و دەبێ خوشی و کامەرانی بخاتە دڵ و دەروونی منداڵانەوە، هەندێکی تر دەڵێن دەبێ کۆتایی بە ناخۆشی و مەرگەسات بێت، بە مەبەستی خستنەڕووی دادپەروەری، چونکە منداڵان هەستێکی بەهێزیان هەیە لە دادپەروەری. پەندوئامۆژگاری وەرگرتن لە کۆتایی شانۆگەری خۆشی و ناخۆشی نییە، بەڵکو پەند و ئامۆژگاری وەرگرتن لەوەدایە کە لە کۆتایی شانۆگەرییەکەدا دادپەروەری بێتەدی، چونکە خودی ژیان لایەکی کۆتاییەکەی خۆشییە و لایەکەی تری ناخۆشییە.

**سەرچاوە: المسرح التعليمي، تأليف: حسن مرعي، الناشر- دار مكتبة الهلال، بيروت، ٢٠٠٢.**

# گەردەلوولی سپی

**سەباح ڕەنجدەر**

شیعر تەنیا پارچەیەک نووسراو نییە، بەڵکو شێوازێکە بۆ کۆکردنەوەی هەستەکانی مرۆڤ، بەشێوەیەکی ئەفسوونیش پێوەندی ئەو کۆکردنەوانە ڕێک خراون، یان ڕێک دەخرێن. بەو پێوەرەی هەموو مرۆڤێک لە ساتە پڕ هەستەکانیدا شاعیرە، یان پێویستی بە شیعرە بۆ بەرەنگاربوونەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی هەندێک باری گیانی، یان لێڵ کردنی بیر. شیعر لەو ساتەدا ئەو شتەیە، کە ناتواندرێت بنووسرێت و بەردەوامیش لە هەقیقەتێکی ئێستێتیکیدا دەچرپێنێ.

لەتیف هەڵمەت لە واقیعێکی مەترسیدار و تۆقێنەردا شیعرەکانی نووسیوە و چووەتە ناو شتە شاراوە و دەرکەوتە نوێیەکانی کۆمەڵگاوە، بەڵام نە خۆی وەک شاعیر لەناو شتە شاراوە و دەرکەوتە نوێیەکان دەرهاتووە. نە شتە شاراوە و دەرکەوتە نوێیەکانی کردووەتە (پێکهاتە) و (ئەزموون)، بەڵکو دەرکەوتە و شتەکانی تێکەڵ بە لاوانەوە و هەستێکی ڕۆمانسییانەی نیمچە یاخی کردووە و دووبارەی کردوونەتەوە، لە دووبارە بوونەوەکەیدا ئامادەیان دەکات بۆ هێزی ئاخاوتن و پێشاندان.

کرانەوە و بە گەڕخستنی چەمکی پرسیار، سۆراغکردن و بەرێکەوتنە بەدوای نادیاردا، فەزایەک دەڕەخسێنێت و دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی کولتوورێکی بەهێز بۆ وریاکردنەوەی کۆمەڵگا و توانایی پەیداکردن بۆ خوێندنەوەی خود، کە خود سەرچاوەی دامەزراندنی پێوەندییە لەنێوان (وشە) و (شتەکان)دا، وشە دەتوانێت ژیان لەناو شتەکاندا بەشێوازێکی نەرمونیان بنیاد بنێت و بەڕێوەی ببات.

پرسیار لەدرێژبوونەوەی ڕستەکانیدا هێز و بەردەوامی نامێنێتەوە، ڕستەی دواتر ڕاستەوخۆ وەڵامی ڕازیکەری پێیە، ئەم شێوازەش مایەی سەرسامی و بیر پێکردنەوە نابێت و پرسیار دوا



دەخات، پرسیاریش دوابخرێت دەقی سست و وەستاو بەرهەم دێت و ڕۆڵی دراما بەرەو لەناوبردن دەبردرێت.

لەدەقی جووڵاو و چالاکدا پرسیاری دیاریکراو هەیە، بەڵام وەڵام و ئامانجی دیاریکراو نییە، ڕەنگە هەندێک پرسیار لە نادیارییەکی ڕەهاشەوە بکرێت، بەڵام زۆرینەی پرسیار و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو شتانەیە، کە لەنێوان لە دایکبوون و مەرگی مرۆڤ پەیدا دەبن و لە دەوری (توانا) و (هێز)ی بوون دەسووڕێتەوە، هەم ئەم ناوەندەش دەکەن بە چەقی گرینگی پێدان بۆ پەیدابوونی (هێزی ئاخاوتن). هەموو ئەو شتانەی کاریگەرییان بەسەر توانا و هێزی بوونەوە هەیە، پێویستە لە ڕازی داهێناندا کاریان پێ بکرێت و ناخ و کرۆکیان بەرجەستە بکرێت و بکرێن بە تاقیکردنەوەی دەق و ژیان.

دەقی ئەدەبی تەواو لە خەیاڵدا نارسکێت، بەشی زۆری لەناو ژیاندا دەرسکێت. ژیانیش هەقیقەتە. خەیاڵ کێڵگەی دێرەکانی ئاوڕشێن دەکات بۆ بۆنخۆشبوون و سەرنجڕاکێشان.

هێزی ئاخاوتنی شیعرەکان زیاتر لە سروشت و هەستی یاخی بوونەوە نزیکن، یان فرێدانی هەڵچوون و شڵەژانی بەردەوام بەشێوەیەکی تەواو تێیاندا بەرجەستەکراون. ناوە ناوەش شێوازی بیرکردنەوەی ڕێباز و تەوژمی جیا جیا لەگەڵ ئەم بارەی یاخی بوون و هەڵچوونەی ڕووبەڕوو دەبنەوە و ناکۆک دەبن، یان هاوتای باری یاخی بوون و هەڵچوونەکەی نین. لە ڕووبەری بیندراوی شیعرەکانیدا هەست بەشاکەسێکی ونبوو دەکەیت لەناو ژیان و نیگەرانییەکاندا مشتومڕ، یان پرسیار و وەڵام لەنێوان (خەیاڵ) و (هەقیقەت)دا، یان لەنێوان خۆی و خودی خۆیدا هەمیشە لە بگرە و بەردە و بارێکی ناسەقامگیردایە، بەڵام لە ئەزموونێکی هێما ئامێزی بێ وێنەدا ئەم مشتومڕ و پرسیار و وەڵامانە قووڵاییان ئاشکرا دەبێت. هارمۆنیەتێکی گونجاو بۆ چرکە هاندەرەکانی نووسین و ساتە پڕ هەستەکان و چێژی خوێنەر دەدۆزێتەوە و دۆخێک دەگۆڕێت و هێزی ئاخاوتن پەیدا دەبێت.

هەندێک تێڵنیشانی ڕوخساری نهێنی دەدات، کە چیتر ئەو ڕوخسارانە لە پانتاییەکی سەقامگیر و مەیپودا نامێننەوە و لە فەزایەک، کە توانای وەرگرتنی بوونی هەیە، دەبن بە هێزێک بۆ ئازادکردنی (بینین) و پەیداکردنی (هێزی ئاخاوتن). دوای هەندێک ڕووداوی کاریگەر و بە زەبر، یان لەگەڵیدا نموونە: وەک لە شیعری (بتانەوێ و نەتانەوێ ڕۆژێ لەڕۆژان نالی هەر بۆ شارەزوو دەگەڕێتەوە)، یان لە شیعری (گەردەلوولی سپی)، یان لە شیعری (نەخشەی دڵ)دا دەردەکەوێت. یاخی بوون، یان ئامادەبوون بۆ یاخی بوون، دەبنە ناوەند و جێگرەوەی بیرکردنەوەی. خاڵی بینینی دەکاتە هێڵی وەهم کردن و چرکەساتی سۆزدارییەکی سفتوسۆڵ.

ترس لە دەستەوەستان، یان هەڵزەقینەوە وەرگرتن بەرانبەر دەستەوەستان، گیان و دیدگای شاعیریان پڕ وزەی یاخی بوون کردووەتەوە، نەک زاڵبوون بەسەر هۆکارە جیاجیاکانی دەستەوەستان بوون. لەم یاخی بوونەیدا ئاسوودەیی دەروونی لە کەسایەتی پەیدا دەبێت، کە هۆ و پێویستییەکی یاخی بوونەکەی بووە. بە هۆشیارییەوە دەزانێت خەیاڵ لە کوێ و هەقیقەت لەکوێ بەکاربهێنێت. لەناو شتە شاراوە و دەرکەوتە نوێیەکان دەردێت و شتە شاراوە و دەرکەوتە نوێیەکان بە ڕوونی دەکاتە (پێکهاتە) و (ئەزموون). پاش کارلێک کردن و خەمڵین تێکەڵ بە خەونی کۆمەڵگایان دەکات، یان لە ڕێگای خەونی خۆیەوە دەیانکات بەخەونی گشتی.

شاعیر کە خەریکی خەونی گشتی بوو، چاوەڕوانی ئەوەیە چی لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگاوە ڕوودەدات تا سروشتەکەی وەربگرێ و ئیشی بەرهەمهێنانەوەی لەسەر بکات. بەشێوەیەکی ڕووبەڕوو واقیع دەناسێت و گفتوگۆی وەک چالاکییەکی هزری لەگەڵدا دەکات، دوای وردبوونەوە لە ڕواڵەتی شتەکان تێبینییەکانی دەنووسێتەوە. بەبێ هیچ گومان خستنەوەیەک نووسینەوەی تێبینییەکانی واقیع کەم بایەخ و بێ بەها نییە، بەڵکو دۆخگۆڕیی دەوێت بەرزی بکاتەوە بۆ ئاستی داهێنان و دۆخگۆڕین و هۆکارە جیاجیاکانی لەبەرچاو بکرێت.

لەم بارەدا واقیع لەناو دەقدا بە بچووکی نامێنێتەوە و دەبێتە واقیعێک، کە خۆی بۆ داهێنان

کـردووەتەوە. لەم کـەشـوهەوایەدا واقـیع دیدێکی تازە بۆ داهێنان دادەهێنێت و پێشنیاری دەکات بۆ کار لەسەرکردن و بە هونەرکردنی. لەگەڵ ئەمەشدا واقیع هەقیقەتی تەواوی لانییە. شیعر لەناو بەهاو بیرو بڕوا هاوبەشەکانی کۆمەڵگاوە سروشتی ناکەوێتەوە. ئەو دەسەڵاتەی واقیع بەڕێوە دەبات کار بۆ ئەوە دەکات خەڵک بەو ڕێگایەدا بڕۆن، کە خۆی بۆی دەستنیشان کردوون. ئەم ئاراستەکردنە و هەموو ئاراستەکردنێکی دەسەڵات بەشێک لە بەختەوەری مرۆڤ دەشارێتەوە و زەوتی دەکات.

کاتێک دەسەڵاتی داپڵۆسێنەر تەنگی بە واقیعی سیاسی و ژیانی کۆمەڵگای کوردی هەڵچنیبوو، شاعیر چووەتە ناو بازنە ترسناکەکان و دەستکاری ئەو خاڵانەی کردووە، کە دەسەڵات لەسەر پیتەکانی دانابوو. ئەو دەستکاری کردنەی کردووە بە هێزی ئاخاوتن و وریاکردنەوەی کۆمەڵگا.

(گەردەلوولی سپی)، ناوونیشانی کتێبێکی شیعری (لەتیف هەڵمەت)ە، ساڵی (١٩٧٨) لە دوو توێی (١٠٢) لاپەڕەدا لە چاپخانەی (کۆڕی زانیاری کورد) لە بەغدا چاپ کراوە، ئەم شیعرانەی تێدایە: (دوو سەرەتا، شینایی ئاسمان، چەند نهێنییەک، کانی، دوو پرسیار، تۆ بوویتەتەخۆر، دەرمانی پێکەنین، من کچێکم خۆش دەوێ، تیر، لاوانەوەی یەکەم خۆر، ڕۆژنامە، تانجەڕۆ ماچی پەمەیی لە دەمدایە، شاعیر، ڕووبار، منداڵ، دەفتەر، هەور دەبێتە چی، ئەستێرە، لاوانەوەی نیرۆدا، ئاوی کوێستان، بۆ گیڤارا، گیان، ئەگەر، هاوارم کرد، جوانترین خۆر، کچێک، بتانەوێ و نەتانەوێ ڕۆژێ لە ڕۆژان نالی هەر بۆ شارەزوور دەگەڕێتەوە، نەخشەی دڵ، دەستی شاعیر، ناوونیشانی شانۆیەکی کۆن، گۆرانی ڕۆژ، گەردەلوولی سپی، گەڕانەوە، شاری گوڵ، شاعیرێک بوو، سۆراخ، دەشێ و ناشێ، بۆ مرۆڤێک ناوی لەتیف حامید بوو، نەء دایکم نازانێ، گوڵی شاعیر، بڵێ بووە بە ڕووبارێ، پێتان دەکرێ، دەریا، بەهاری مەزن، پاشەڕۆژ، یەکەم خۆشەویستی، نیشتمان دەزگیران نییە، وەرزی ماچ، دەزانی چۆن کەوڵەکەمیان کردە بەرماڵ، نازم حیکمەت بۆ مرۆڤایەتی دەدوێ، تۆوی گۆرانی کێویلە، خۆر، گیانە بۆچی، پایتەخت، ونبوونێکی تر لە ژمارەیەکی ونبوودا، ئەو شیعرەی دەیکوژن و نایکوژن.)

**پایتەخت**

**بەفرە چرەکان**
**لەسەر لوتکەیەکدا کۆبوونەوە**
**بوون بە چەند ڕووبارێکی زیوینی بەڕەڵا**
**وەکو کۆمەڵێ منداڵی چەمووش**
**بێستان و ڕەزەکانیان**
**پڕ لە گۆرانی و فیکە فیک کرد**

**وشە نامۆکان**
**لەسەر پەڕەیەکی سپیدا**
**یەکیان گرت**
**بوون بە هەندێ هۆنراوەی**
**لەڕێزمانی زمانی ڕۆژانە یاخی و**
**نیگاری شارێکی سووتاو**

**چەند ئەستێرەیەکی ئاوارە**
**لە چاوی کچێکی شەرمندا**
**ڕووت بوونەوە**
**دڵی تاریکی شاعیرێکی تەنیایان**
**ڕوون کردەوە**

**چەند دار بەڕوویەکی دڵدار**
**لەدۆڵێکدا**
**دەسلەملانی یەکتر بوون**
**پرچی سەوزی خۆیان**
**دایە بەربارانی ماچی فێنکی هەتاو**
**دۆڵەکە بوو بە دارستان**

**کابرایەک**
**بەدلەیەکی خاکی لەبەر کرد**
**سەری خۆی لەژێر سێدارەیەکدا شاردەوە**
**جووتێ پۆستاڵی کردە پێی**
**سونگییەکی لە کەمەری خۆیدا**
**کابراکە بوو بە پۆلیس**

**کە خەونە سوورە نهێنییەکانیش**
**لەهەر دڵێکی بڕێودا**
**تنۆک تنۆک کۆ دەبنەوە**
**ئیتر ئەو دڵە**
**دەبێتە پایتەختێکی قەدەغە**

ڕاهێنەری ئاژەڵەکێوی چەند وریایی پێویستە بۆ ماڵیکردن و ڕاهێنانیان تا بیانهێنێتە ناو جەماوەر و باخچە تایبەتییەکان، شاعیری داهێنەر، ئەو شاعیرەی دەزانێت شیعر بریتی نییە لەو هێڵە سپی و ڕەشانەی ڕوخساری بێگەردی کاغەز دادەپۆشن، بەڵکو بنەما و دەرکەوتەی (ناوەندێکی

ئەفسوونی)یە. ڕاهێنان و وریایی زیاتری پێویستە لەماڵیکردنی ئاژەڵە کێوی، کە کار لە کولتووریش دەکات یاد و ژیانی ڕابردووی کۆمەڵگا بەخێرایی ڕووناک دەکاتەوە و گەشەی پێدەدات و ناوونیشانێک پێشنیار و پێشکێش دەکاتەوە. ڕابردوو بە بیر دەهێندرێتەوە، بەڵام تازە ناکرێتەوە.

دوای دروست بوونی سرووشت و گەردوون و پەیدابوونی ژیان، ناولێنان ئەو نهێنی و ئەفسوونەیە هەتا ئێستا نە کتێبە ئاسمانی و نە فەلسەفە جیاجیاکان نهێنی ئەم هونەرەیان پێ نەدرکێندراوە.

ناوونیشان لە ئەدەبدا ڕەونەقدان و هاندان و چێژدان نییە بەناوەڕۆک، بەڵکو هونەرێکی سەربەخۆ و زۆر تایبەتە. بەشێک لە شاعیران بابەت و بیری شیعر بە ڕامانی سەرەکی دادەنێن و ناوونیشان و فەزای ناوونیشان دەخەنە خزمەتی بابەت و بیر. ناوونیشانیش وەکو بابەت و بیر و ئێستێتیکا دەربڕینێکی شیعرییە و خەسڵەتدارە بە خورپە خستنەوە و سرووش و خەیاڵ کۆکردنەوە. لە ڕووی زمانیشەوە خۆی لە بەکارهێنانی وشەی هاوشێوە و یەک مانایی دەپارێزێت، تیشکەکانی ئێستێتیکا لە کرۆکی خۆی بەهێز دەکات و خوێنەر دەرسکێنێ و ڕای دەهێنێت بۆ شۆڕبوونەوە بۆ ناو پانتایی (وشە) و (شتەکان)، یان بەخشینی خەیاڵێک بۆ بەدواداچوون و نهێنی هەڵێنان لە چییەتی دەقدا.

هەندێک شیعر ناوەڕۆکێکی زۆر قووڵ و شێواز و دارشتنێکی نوێبەخشی هەیە، نوێبەخشییەکەی لە شێواز و دارشتنەکەیدا خۆی ئاشکرا دەکات، کەچی ناوونیشانێکی سادە و تارادەیەک باوی بۆ هەڵبژێردراوە. ئەم هەڵبژاردنە هەستێکی سارد لە هەناوی خوێنەر پەیدا دەکات، مەگەر هێزی زمان و خەسڵەتی هونەرەکانی دیکە ئەم هەستە ساردە بە بارێکی تردا بگۆڕێت و قەرەبووی بکاتەوە.

ناوونیشانی ئەم کۆشیعرە پێوەندییەکی بەهێزی بەکۆی بابەت و بیری شیعرەکانەوە هەیە. وەک ڕامانێکی سەرەکی بە تەواوی جەستەی شیعرەکاندا چووەتە خوارێ و لە لێکدانەوەماندا ڕامان دەگرێت، پاشان بەرەو هێڵی بێ کۆتایی ئازار و بەختەوەریمان دەبات.

ئەم شاعیرە نزیکەی سێ کتێبی لە شیعردا نووسیوە، کە هەموویان وەک شیعری نوێ و نوێبەخش دەتواندرێت لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی پشتی پێ ببەستێت و لە شێوە و ئاستی نموونەی هەمەجۆر و باڵادا وەری بگرێ و بەکاری بهێنێت.

# ڤیسکۆنتی دوولەت بوو

**جەبار سابیر**
**(سلێمانی)**




ناوی (ئیتالۆ کالڤینۆ)م هەر لە دوورەوە بیستبوو، تا ئەوە بوو (عەتا نەهایی) ڕۆماننووس (بارۆنی سەر دارەکان)ی وەرگێڕاو خوێندمەوە، لەگەڵ خوێندنەوەی کەوتم بەسەر دنیایەکی نوێی ڕۆماننووسیندا، دنیایەک کە بەڕاستی جیاوازبوو لەو شاکارانەی کە پێشتر لە ڕۆماننووسانی ترم خوێندبۆوە، بۆیە هەر دوای ئەوە کەوتمە گەڕان بەشوێن کارەکانی تریدا. ئەوەبوو هەر زوو (ئەگەر شەوێ لە شەوانی زستان موسافیر بوو)یم دەستکەوت هەر لە پێشەکییەکەیەوە ڕاتدەکێشێت و تووشی هەمان حاڵەتت دەکات کە لە بارۆنی سەردارەکاندا تووشی دەبیت. دواتر کۆمەڵە چیرۆکێکیم دەست کەوت، پاشان دوو کۆمەڵە چیرۆکی تر، ئینجا چوار ڕۆمانی تری کە ئەمەی بەردەستمان یەکێکیانە و بۆ خۆشی یەکێک لە (سێینە)ی ئیتالۆ کالڤینۆیە، لە پاڵ (بارۆنی سەر دارەکان و شۆڕەسواری نادیار)دا. جیهانبینی ئەم ڕۆماننووسە جێگەی لێوردبوونەوەیە، ئەو هەمیشە بەسەر شتێکدا دەتخات کە هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نیت و دواجار دەتخاتە سەر ئەو باوەڕەی بەڕاستی ئەمە ڕووی داوە. منداڵێک لە نانی نیوەڕۆ دەتۆرێت و نانەکەی بەدڵ نییە و ئیتر باوکی لێی تووڕە دەبێت و دەڕواتە سەر دارەکان دەژی و ئەمەیش دەبێتە بابەتی جوانترین ڕۆمان (بارۆنی سەردارەکان). پیاوێک لە جەنگێکدا بە گوللە تۆپێک دوو کەرت دەبێت و هەردوو کەرتەکەی بەناوچەکانی هەرێمی جەنەوای ئیتاڵیادا دەگەڕێن و یەکیان کاری شەڕ و ئەوی تریشیان کاری خێر دەکات و دیسان ئەمەیش بابەتی ڕۆمانێکە (ڤیسکۆنتی دوولەت بوو). پیاوێکی تر بەناوی ئەژیلۆف لە بنەماڵەیەکی ئەسڵزادەی فەڕەنسایە و دەچێتە ڕیزی لەشکری ئیمپراتۆرەوە و لەبەردەم ئیمپراتۆریشدا هیچ دیار نییە و ناوی دەنێن سوارچاکێکی نادیار. ئەمەیش هەر بابەتی ڕۆمانێکە بەناوی (سوارچاکێکی

نادیار). ئەم سادەییە لە نووسیندا، ئەم قوڵییە لە دەربڕیندا ڕەنگە هەر لە قەڵەمی نووسەرێکی وا بوەشێتەوە. ئاڵۆز نووسین، مەرج نییە بۆ ئەوە بێ شاکار دابهێنی، ئەمە پەیامی کالڤینۆیە. لای ئەم نووسەرە گرنگ دروستکردنی دنیایەکی جیاواز لەم دنیایەی کە تێیداین و ئەمەیش بۆ خۆی ئەرکی ئەدەبیاتە کە دنیایەکت بۆ بخوڵقێنێ جیاواز لەو دنیایەی کە هەیە، ئەو دنیایەی ئەدەب دەیخوڵقێنێ پڕە لە زیادەڕۆیی و درۆ و خەون و خەیاڵ، کەچی جوانیشە و سەرنجیشت ڕادەکێشێت. ئیتاڵییەکان بەگشتی تەنز نووسن، ئەو شێوازەی ئەوان کاری لەسەر دەکەن هێنانە پێکەنینی خەڵکە، کە لەوە سەختترە بیانخەیتە گریان. دەکرێ بە وتارێکی حەماسی خەڵک بخەیتە گریان، وەک ئەوەی سەرکردەکان دەیکەن، بەڵام ناتوانی بە وتارێک خەڵک بخەیتە پێکەنین ئەگەر لەو کارەدا وەستا نەبیت. تەنز و ئایرۆنی، یان دەکرێ بڵێین کۆمیدیا نووسین لای (ئەمبرتۆ ئیکۆ، ئەلبرتۆ موراڤیاو پێشتر لای ڕیشیللیۆ)ش کاری پێکراوە، ئەوان لە ڕێگەی ئەم تەنزەوە گاڵتە بەدنیایەک دەکەن کە زۆرینەیەکی مرۆڤ بەدەستی کەمینەیەک دەچەوسێتەوە و خوێنی دەڕێژرێ. کالڤینۆ لە ڕۆمانەکانیدا بەتایبەت سێینەکەی بەگاڵتەجاڕییەوە باس لە شەڕی ئیمپراتۆرەکان و بەتایبەت شەڕی موسڵمان و مەسیحییەکان دەکات و وای دەبینی کە ئەمە تەنیا ڕووپۆشێکە و ئیمپراتۆر و پادشاکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئەو بەرگەیان بە بەری شەڕەکاندا کردووە. (ڤیسکۆنتی دوولەت بوو)، یان دوو کەرتبوو، چیرۆکی خانەدانێکی شاری جەنەوای ئیتاڵیایە کە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دەچێتە ڕیزی سوپای ئیتاڵیاوە و دژی عوسمانییەکان دەجەنگێ و دواجار بەهۆی نەزانی و نەشارەزایی لە ڕەوشی سەربازی گوللە تۆپێک دوو لەتی دەکات و ئیتر ئەو دوولەت بوونە دەبێتە واقع و پانتایی ڕۆمانەکە لە دەوری ژیانی ئەو مرۆڤە دەخولێتەوە کە ناوی (مەداردۆ دی ترالبا)یە. کالڤینۆ لەم ڕۆمانەدا پێشبینی دووکەرتبوونی دنیا دەکات، دووکەرتبوونێک کە جەنگی ساردی نێوان بلۆکی سەرمایەداری و بلۆکی سۆسیالیستی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، دروستی کرد و دواجار بینیمان کە خێر بەسەر شەڕدا سەرکەوت. کالڤینۆ لە ڕێگەی دوو کەرتەکەی ڤیکسۆنتەوە ئەوەمان پێ دەڵێت کە هەمیشە خێر دواتر دێت و کاتێکیش دێت شەڕ وێرانکاری زۆری بەجێ هێشتووە. دوای ئەوەی گوللە تۆپەکە ڤیکسۆنت دەکاتە دوولەتەوە، لەتێکی لەبەرەی جەنگ جێ دەمێنێ و لە نەخۆشخانەی سەربازی چارەدەکرێت و دوای چەند ڕۆژێک چاوی هەڵدێنێ و ئینجا هەناسە دەدات و دواتر ئەو لەتە مرۆڤە هەڵدەستێتەوە، بەڵام دروست لە ناوەڕاستدا کراوەتە دوو لەتەوە. دوای چەند ڕۆژێک لە قەڵاکە هەڵدێت و ئیتر دەکەوێتە کاری خراپە و ناوچەکە دەخاتە زەلزەلەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە ناوچەکە بەهۆی شەڕەوە تووشی قاتوقڕی بووە و گرانی بەربۆتە گیانی خەڵک، نەخۆشی تاعوون و گولی خەڵکی بەهیلاک بردووە و هەموو ئەمەیش لە ڕەوتی ڕۆمانەکەدا هەستی پێدەکرێت و ئەوەمان پێدەڵێت شەڕ لە هەر کوێی هەبێت ئاسوودەیی باردەکات. ئەوروپا ئەو ساڵ و سەدانە خەڵتانی خوێن بوو حەکیمێک نەبوو دەردەکانی تیمار بکات، لێرەدا دوکتۆر تریلۆنی، یەکێ لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە دەبێتە ئەو حەکیمە و نەخۆشییەکانی ئەوروپا تیمار دەکات.

ڤیکسۆنت دەست لە کوشت و بڕ و خراپەکاری ناپارێزێت و تاقە شتێک کە تاقی نەکردۆتەوە و دەیەوێ تاقی بکاتەوە عەشقە. ئەو خۆشی پێی سەیرە کە بۆ ئەم هەستە لە ناو خەڵکدا هەیە و لەمدا نییە، بۆیە دواجار بڕیار دەدات عەشقی پامێلا بێت و حەز لە پامێلا دەکات، پامێلای کچە جووتیار، چەند جارێک مەداردۆ ڕاستەوخۆ داوای لێدەکات شووی پێ بکات، بەڵام ڕازی نابێت و دواجار مەداردۆ بەزۆر دەیەوێ بیباتە قەڵاو ئەویش لە ترسی ئەوەی کە ڤیکسۆنت لە زیندانی توند دەکات هەڵدێت و لە ئەشکەوتێکدا خۆی دەشارێتەوە. ئیتر لێرەوە زۆر ڕووداوی تر دێنە پێش: لەوانە نەخۆشی گولی کە ئەو سەردەمە لە ئەوروپا هەبووە و خەڵکی زۆر دەردەدار کردووە. دواتر مەسەلەی مەزهەبی لە ئەوروپا و بەتایبەت لە وڵاتێکی وەکو فەڕەنسادا کە بەپێی ڕەوتی ڕۆمانەکە هێشتا شۆڕشی فەڕەنسی ڕووی

نەداوە. لەوێدا گرووپێکی پرۆتستانت لە زوڵم و ستەمی پاشای فەڕەنسا هەڵاتوون و لە جەنەوای ئیتاڵیا گیرساونەتەوە و لەوێشدا کەوتوونەتە ژێر ڕەحمەتی مەداردۆوە. پاش ماوەیەک هەواڵ دەگاتە خەڵک کە لەتەکەی تری مەداردۆ گەڕاوەتەوە و ئەم لەتە بەپێچەوانەی لەتەکەی ترەوە زۆر خێرخواز و ئاشتی ویستە و حەزی لە کاروکردەوەی چاکەیە و لێرەوە لەلایەن خەڵکەوە لەتی یەکەم بەشەڕ و لەتی دووەمیش بەخێر دەناسرێن و ئیتر هەرچی کارێکی باشە کە لەتە خێرەکە دەیکات دواتر لەتە شەڕەکە دێت و کارەکەی لێ دەشێوێنێت و وردە وردە ناوچەکە بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەڕوات. ئەوەی سەیرە ئەوەیە لەتە خێرخوازەکەش عاشقی پامێلا دەبێت و پامێلاش لەو ناوەدا گۆشەگیر دەبێت.

سەرەتا ئەم لەتبوونە بەلای خوێنەرەوە ئاساییە، بەڵام کە زیاتر دەڕواتە ناو ڕووداوەکانەوە، ئەوسا لە فیکری کالڤینۆ تێدەگات و دەزانێ کە ئەمە تەنیا هەر بۆ پێکەنین نییە، کە ئەم مرۆڤەی کردۆتە دوو لەتەوە و ناشیەوێ بیکوژێت، ئەم لەتبوونە مرۆڤ دەخاتە سەر ئەو بیرەی تۆ بڵێی بتوانێت بەلەتی بژی؟ چی دەبوو ئەگەر مرۆڤ تەواو نەبوایە؟ تەواو نەبوایە بەو مانایە نا کە شێت بوایە، بەڵکو کتومت وەک پاڵەوانەکەی کالڤینۆ لەت، یان کەرت بوایە و لە ژیانیش بەردەوام بوایە؟ تۆ بڵێی ئەوسا شتەکان لە جێی ئیستایان بوونایە. وای ببینە بەیانییەک هەستاویت و بوویتەتە دووکەرتەوە، دوو مرۆڤی لەت، هەردووکیان تۆیت و بەپێچەوانەیشەوە ڕەفتار دەکەن و دێن و دەچن. ئەوسا تۆش دەتەوێ هەموو دنیا لەت بکەیت و وەک پاڵەوانەکەی کالڤینۆ بەدنیادا وەردەبیت و هەرچیت هاتە سەر ڕێ لە ناوەڕاستدا دەیکەیتە دووکەرتەوە و دواتر خۆزگەش دەخوازی هەموو شتێک وەک خۆت لە ناوەڕاستدا دووکەرت بوایە. ئەمە دروست ڕۆمانەکەی کالڤینۆیە. (خۆزێ دەشیا هەر شتێکی تەواو بەم شێوەیە دوولەت دەبوو. کاشکێ هەموو کەسێک دەیتوانی لەو قاڵبە تەنگ و بێهوودەیەی بێتە دەرێ. کاتێ تەواو بووم، هەموو شتێکم بۆ ئاسایی بوو، بێ سەروبەر و کەرانە بوو، وەک هەوا، گومانم دەکرد هەموو شتێک دەبینم، بەڵام جگە لە پێستێکی ڕووکار، شتێکی ترم نەدەبینی. ئەگەر ڕۆژێک بوویتە نیوەی خۆت، کە ئومێدەوارم وات لێ بێ، وەک منداڵت لێ دێ، شتهایەک درک دەکەیت کە لە سەروو هۆشمەندی مێشکی تۆوەیە. تۆ نیوەی خۆت و نیوەی دنیاش لە دەست دەدەیت، بەڵام نیوەکەی ترت هەزاران جار قووڵتر و بەبایەختر دەبێت. تۆش ئارەزوو دەکەیت هەموو شتێک وەک خۆت دوو لەت و پارچە پارچە بێت، چون جوانی، ئەقڵ و دادپەروەری تەنیا لە شتێکدایە دوولەت بووە).

ئەوەی لای کالڤینۆ و لە هەموو کارەکانیدا سەرنجڕاکێشە، تازەیی ڕووداوە، بۆ خۆی یەک لە ڕەگەزە گرنگەکانی ڕۆمان تازەیی ڕووداوە، دەبێت ئەوەی خوێنەر لە ڕۆمانێکدا بەسەریدا دەکەوێت ڕووداوێک بێت پێشتر نەیبیستبێت، یان بەم جۆرە نەیبیستبێت، ئەمەش بۆ خۆی دەمانباتەوە سەر شێوازی گێڕانەوە و تەکنیک. ڕووداو لەم ڕۆمانەدا ئەوەندە تازەیە کە بەدرێژایی مێژووی ڕۆمان کەسێک بەبیریدا نەهاتووە پاڵەوانێکی دووکەرت دروست بکات. هەردوو لەتی ئەو پاڵەوانە بژی و بەپێچەوانەی یەکترەوە کاربکەن. لێرەوە من جێتان دەهێڵم خۆتان ڕۆمانەکە بخوێننەوە و بەسەر ڕووداوەکاندا بکەون.

*** ئەم ڕۆمانە لەلایەن نووسەری ئەم بابەتەوە کراوەتە کوردی و لە داهاتوودا چاپ دەکرێت.**

# بەفر و شیعر و پۆرنۆگرافیا

هاشم سەڕاج

ئۆرهان پامووک لە ڕۆمانی «بەفر»دا بابەتگەلێکی ئاڵۆز و جۆراوجۆر دەورووژێنێ، بەشێک لەم بابەتانە پێوەندییان بە کێشە و ململانێی نێوان نەتەوەخوازانی کورد و ناسیونالیستی تورک و فێندەمێنتالیستی ئیسلامی سیاسی و عەلمانیەتەوە هەیە، پامووک لە زۆر ڕووەوە ڕۆڵی دزێوی چەتەکانی دەستەڵات و کەمالیستەکان دەخاتە ڕوو کە ز. دەمیرکۆڵ و تیمە تایبەتییەکەی درێژە بە کوشتن و ڕفاندنی نەتەوەخوازانی کورد و ئیسلامییەکان دەدەن. هەروەها بەشێوەی پرسیارئامێز لەمەرگەساتی کۆمەڵکوژی ئەرمەن دەدوێ.. «کوان ئەو چەند ملیۆن ئەرمەنییەی قارس و سەرانسەری ئەنادۆڵ».. لە زۆر شوێنی ڕۆمانی بەفردا ئاماژە بە چالاکییەکانی گەریلاکانی پەکەکە دەدرێ، بەڵام «بەفر» وەک هێما و جوانی لای «کا»ی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی بەفر هەستی جوانی و کورتخایەنی ژیان دەورووژێنێ، «بەفر سەرنجی بۆ ئەوە ڕادەکێشا کە مرۆڤگەل سەرەڕای دوژمنایەتییەکانیان لەیەک دەچن، جیهان و زەمان زۆر بەرفراوانن و جیهانی مرۆڤیش زۆر تەنگە، بۆیە مرۆگەل لەکاتی بارینی بەفردا دەگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر، بەفر وەکو ئەوە وایە بەسەر دوژمنایەتی، تووڕەیی، ڕق و کینەدا بباریێ و مرۆڤەکان لەیەکتر نزیک بخاتەوە» لە ڕوویەکی دیکەوە ڕۆمانی بەفر هەڵگری بنیادێکی شیعرییە، وێڕای هەڵدانی ڕستەگەلێکی بێ شوماری تژی لە تەوژم و تەزووی شعرییەت.

بەفر لە ڕێگەی تەکنیکی گێڕانەوە و دیالۆگی خێرای فۆکنەری و نوستالیژیا و بەخشینی ناوونیشانی جیاجیا و جۆراوجۆر بە بەشە یەک لە دوای یەکەکانی دەقەکە و هاوکات بە بەرجەستەکردنی باکگراوندێکی شانۆیی و سینەمایی و کایەو کەناڵی هەمەجۆری مەعریفی لەوانە بەشێک لە تێم و تێرمەکانی «ئیبن عەرەبی و غەزالی» درێژە بە پرۆسەی نووسین دەدرێ.

کارەکتەرەکانی ڕۆمانی بەفر گرووپێکن لە زۆر لایەنەوە چارەنووسیان لە چارەنووسی کارەکتەرانی ڕۆمانی «شەیتانەکان»ی دیستۆیڤسکی



دەچێ، بۆ نموونە «کا» و «شینە» و «سونای زایم» و نەجیب»... تا... مانەندی «ستافرۆژین» و «شاتوف»... و بەکارەسات و تیرۆر سەردەنێنەوە.

و «فۆندا ئەسەر» دووچاری فێ دێ و دەکەوێتە نەخۆشخانەی دەروونی و فازڵ دوای مەرگی «نەجیب»ی هاوڕێی دەکەوێتە داوی ئەڤینی قەدیفەی خوشکی ئیپەک و دڵبەری نەجیب، کەشوهەوای ڕۆمانەکە و ڕووداوە سەرەکییەکان زۆرتر لە شاری قارس ڕوودەدەن، ئەو قارسەی کە بەردەوام بەفری لێ دەکەوێ و بە شاری کلوو بەفر و باهۆز و باڕێزە ناوزەد دەکرێ و بەشێوەیەکی بەردەوامیش تیمی «ز. دەمیرکۆڵ»ی فاشی و دامودەزگای میت میکرۆفۆنی تێدا دەچێنن و شەوانەش گەنجانی ناسیونالیستی کوردو لاوانی گرووپی ئیسلامی سیاسی دەفڕێنن، بەڵام بەرلەوەی لە دنیای ئاڵۆزی «کا»ی کارەکتەری ڕۆمانی بەفر بدوێین، پێویستە ئاگاداری ئەوەبین کە چەندین کەسایەتی تری ڕۆمانەکە سەرقاڵی شیعر نووسینن، لەوانە «موختار»ی مێردی پێشووی ئیپەک کە شاعیرەو زۆرجار بەسەرخۆشی ڕووی لە تەکیە نهێنییەکەی شێخی کورد حەزرەتی سەعادەدین ئەفەندی دەکا، یان «فاخیر» بەردەوام شیعری ئەورووپی وەردەگێڕێتە سەر زمانی تورکی و لە گۆڤاری «مەرەکەبی ئاخیلیۆس»دا بڵاویان دەکاتەوە- هەتا «شینە»ی سەرۆکی گرووپی ئیسلامی سیاسی کە عاشقی هەردوو خوشکە «ئیپەک و قەدیفە» خاوەندی چەندین تێکستی شیعرییە و دواجار «خۆی و خەندە» لە لایەن تاقمی ز. دەمیرکۆڵ»ەوە دەکوژرێن، هەروەها «نەجیب»ی قوتابی ئامادەیی پێشنوێژ و وتارخوێن کە گرفتاری جوانی قەدیفەیە و شیعریش دەنووسێ، دەبا بزانین «کا» کێیە و چۆن ئەم نۆزدە تێکستە شیعرە لە شاری قارسدا دەنووسێ، «کا»ی دەرچووی بەشی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی و پەروەردەی شاری نیشانناشی ئەستەمبۆڵە، «کا» دوازدە ساڵ لە فرانکفۆرت ژیاوە و ئەوە دەبیستێت کچانی قارسیش وەک کچانی «باتمان» تووشی پەتایەکی سەیری خۆ کوشتن بوونە، لە هەمان کاتدا «کا» لە فرانکفورتەوە دەزانێ «ئیپەک»ی هاوڕێی سەردەمی زانکۆیان لە موختاری مێردی جیا بووەتەوە و لەگەڵ تۆرگوتی بەگی باوکی، کە خاوەن هوتێلی «بەفرپالاس»ە دەژێ، ڕاستە «تانەر»ی هاوڕێی هەواڵی جیابوونەوەی ئیپەکی پێ ڕادەگەیەنێ بەڵام «کا» لە هەندەرانەوە هەستی بە حاڵەتەکە کردووە، تانەر ناسنامەیەکی ڕۆژنامەگەری بۆ دابین دەکات، تانەر لێکۆڵینەوەی بۆ ڕۆژنامەی جمهوریەت دەنووسی، «کا» کلیلی ژووری [٢٠٣] لە جاویدی کارمەندی هوتێلی [بەفر پالاس] وەردەگرێ، ئیپەک بەهاتنی «کا» دەزانێ، ئایا «کا» لە پێناوی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی شاری قارس و مەینەتی کچانی خۆ کوشتووی شارەکە هاتووە؟ کچانی سەرپۆش بەسەر، ئەوانەی لەبەر قەدەغەکردنی حیجاب خۆیان دەسووتێنن، یان ئەو کچانەی بە حەبی خەو و دەرمانی دژە مێروو خۆیان دەکوشت، تا وەک ڕۆژنامەگەرێک کێشە و مەرگەساتی ئەو کچانە لە ڕێگەی ڕیپۆرتاژەوە بخاتە ڕوو، سەرەتا دەیویست لەگەڵ سەردار بەگی سەرنووسەری ڕۆژنامەی «شاری سەرحەد» کار بکات، بەڵام دوایی خۆی لە سەردار بەگ دادەبڕێ. «کا» بە پێچەوانەی گرووپی «شینە» بڕوای بەو گوفتارە خوداییە هەیە کە دەڵێ: «مرۆڤ شاکاری خودایە و خۆکوشتن کفرە» و دژی خۆ سووتاندنی کچانی قارسە، بەڵام شینە- زەرقاوی- هەڕەشەی لێ دەکات و حەز ناکات ئەم دیاردەیە بەهۆی «هانز هانزن»ی ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی لە ڕۆژنامەکانی خۆراوا بڵاوبکرێتەوە. «شینە» گوتی «چی دی لەبارەی کچانی خۆکوژەوە نانووسی...» زۆربەی کارەکتەرەکانی دەقی بەفر ڕاڕاو نیگەرانن، «موختار»ی مێردی پێشووی «ئیپەک» کە ئێستا پاڵێوراوی پارتی خودایە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی شارەوانی بەهۆی منداڵ نەبوونەوە لە ئیپەک جیادەبێتەوە، موختار «شینە»ی لە ماڵی خۆی حەشاردەداو شینە نەک هەر «ئیپەک»ی خۆش دەوێ، بەڵکو شەیدای قەدیفەشە، هاوکات هەردوو خوشک ڤێکرا و بەنهێنی شینەیان خۆش دەوێ، موختار دوای شکستی خێزانی خوو دەداتە ئایین، پرۆفیسۆر «نووری یەڵماز»ی بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردە بەلایسیست و خودا نەناس تۆمەتبار دەکرێ، کە دژی پۆشینی حیجابە و کوڕە گەنجێکی ئیسلامی بەناوی «واحید سویزمە» لە ناوچەی «تۆکات»ەوە دێ و لە شیرینیخانەی ژیانی نوێ

تیـــــرۆری دەکـــا، وێڕای هەردوو ڕووداوی ســـەر شـــانۆ و کـــوژرانی چەندینی کـەس لەلایەن هێـزەکـانی سوپاو تاقمەکانی میتەوە، ئێستە هەوڵ دەدەم لە دنیای ئاڵۆزی «کا» و چۆنیەتی سرووشی شیعری و هەستە ئێستێتیکییەکانی بدوێم. «کا» کەسایەتییەکی نیگەرانی خاوەن هەستێکی ئێستەتیکی تێکەڵ بە شەبەنگەکانی سۆفیزمەو سەرتاسەری کات و تەمەنی بۆ جیهانی شیعر و گەڕان بەدوای چرکەی بەختەوەری تەرخان کردووە، «کا» لە جەستەو ڕوخساری «مەلیندا»ی کچە ئەکتەری فیلمە پۆرنۆکان شێوە و ڕوخساری «ئیپەک» دەدۆزێتەوە، لە فرانکفۆرت کۆمەڵێک نامە بۆ ئیپەک دەنووسێ، کەچی هەر لەلای خۆیدا گلیان دەداتەوە و دواتر نامەکان لە ماڵەکەیدا دەدۆزرێنەوە، «کا» بە هەمان گیانی نیگەران و پڕاوپڕ لە عیشق و شەیدایی ڕوو لە شاری قارس دەکات و بە دوای ئاگرەکانی شیعر و ڕووناکییە شاراوەکانی جەستەی «ئیپەک»دا دەگەڕێ، چونکە «کا» سەرمەستی یادەوەرییەکانی دەورانی زانکۆیە و ئەو چرکەساتانەی قۆناغی زانکۆی کە لەگەڵ ئیپەکدا بەسەریان بردووە و ناتوانێ دەسبەرداری چێژی ئەو چرکە گەرموگوڕ و پڕ نەشئانە بێ، «کا» لە شاری «قارس» بەم جۆرە بیر لە بوون و یەزدان و جوانی دەکاتەوە.

«کـا» گـوتی: بەفـر خـودای هێناوەتەوە بیرم، ئەوەی هێناوەتەوە یادم کە ئەم جیهانە چەندە ئەفسووناوی و پڕ لە ڕازە و ژیانیش خۆی لە خۆیدا بەختەوەرییە»، بۆیە «کا» نە ئەو ئەتایستەیە کە تاقمی «شینە» بەهەڵە لێی تێگەیشتوون و نە ئەو لایسیسەشە کە گرووپی «سونای زایم» پێی خۆشحاڵن، «کا» لە ناخدا دژی هەموو جۆرە هزر و بیرکردنەوەیەکی ئوسووڵییە، جا ئەو هزرە ئوسووڵییە چ ئایینی بێ، یان عەلمانی، «کا» وەک کارەکتەرێکی پۆست مۆدێرنە، دەیەوێ لە ڕێگەی عیشق و جوانی و شیعرەوە سەنتەری ترادیسیۆن و تێکستە ئوسووڵییەکان هەڵبوەشێنێتەوە، نەخاسمە جوانی شێوەو نەرمونیانی جەستەی ئیپەک مەفتەنی چێژ و سرووشبەخشی تێکستەکانی «کا»ن.. «کا» بە ئیپەکی گوت: هەرگیز لێم دوور مەکەوە، چونکە دێوانە ئاسا گرفتاری داوی ئەوینت بووم». چەمکی شیعر لای «کا» پێوەندی بە هەڵچوون و ورووژانی سۆزی دەروونی و ڕامان و لێوردبوونەوەوە هەیە، چونکە «کا» بڕوای وایە «هەموو شتەکان لەیەک شتدا کۆدەبنەوە».. زۆرجار دەڵێ: «من ناتوانم بژیم ئەگەر بێتو عاشقی کەسێک نەبم و جوانییەکەیم خۆش نەوێ».

ئەو دەمەی سرووشی شیعرێکی بۆ دەهات هەموو هزری خۆی دەدایە ئەو دەنگەی کە لە هەناویدا برز دەبووەوە، شیعری «قوتووی شوکولاتە و دەقی بەفر و شەترەنج و ئەوانی تریش....» پڕن لە تیشک و ڕووناکییە جوانەکانی جەستەی ئیپەک و ئەو چرکە ئیرۆتیکی و پۆرنۆگرافیانەی کە لە فیردەوسی ژووری «۲۰۳»ی هوتێلی بەفر پالاس-دا ئەنجامیان دەدا، «کا» بەردەوام هەڵوەدای دنیای شیعرە و زۆرجار لە تێکستی «قوبلای خان»ی «کولریدج» قووڵ دەبێتەوە و چێژ و لەززەتی لێ وەردەگرێ، «کا» قووڵتر و وردتر لە شیعر و دنیای ئاڵۆزی نووسین دەڕوانێ و دەیەوێ لە ڕێگەی عیشق و جوانی و ئیرۆتیک و خەیاڵ و چرکە پۆرنۆگرافییەکانی جەستە و دەنگە ناوازەکانی ڕۆحەوە شیعری تورکی لە کۆت و پێوەندی دەسەلاتی ناسیۆنالیستی و ژەهرەکانی ئایدیۆلۆژیا دەرباز بکات و ڕووەو بوون و زانین و گەردوونییەتی ڕابماڵێ، دەفتەرە سەوزەکەی «کا» پڕە لەو شیعرانەی کە بەهۆی سرووش نووسراون، واتە بەهۆی ئەو دەنگەی کە لە هەناوییەوە هەڵدەقوڵا، «کا» لە هەر شوێنێک بایە ئەگەر هەستی بەو سرووشە بکردایە دەفتەرەکەی دەردەهێنا و دەستی بە شیعر نووسین دەکرد،.... «کا» خۆیشی هەستی بەوە کردبوو «دیوانەکەی نەزمێکی قووڵ و پڕ لە ڕاز لە خۆ دەگرێ کە خۆشی سەری لێ دەرناکات» تێکڕای شیعرەکان لە قارس لە ڕێگەی سرووش نووسرابوون، ڕیتمی شیعر لە ناخەوە هەڵدەقوڵا و وشەگەل لە شێوەی کەوتن و دابارینی «بەفر» دادەڕژا [ پێکهاتەی شەشپاڵوویی گەردیلەی بەفر کە لە ئەنسکلۆپیدیای منداڵاندا بینیبووی، بەراورد کرد لەگەڵ ڕیتمی ئەو شیعرانەدا کە دانەدانە وەکو بەفر بۆی دەهات، لەو ساتەدا بە خەیاڵیدا هات پێویستە شیعرەکانی ئاماژەیەک بن بۆ واتایەکی قووڵتر»...

«هەستی وابوو ئیپەک پەی بەوە بردبێ کە ئەم لەودیو جوانی

پێکهاتەی ئەندازەیی گەردیلەی بەفرەوە واتایەکی دۆزیوەتەوە»... «ئیپەک پێی ناخۆش بوو «کا» جگە لەم، بەشتێکی ترەوە سەرقاڵ بێ»، بەڵام «کا» هەندێ جار چێژی لە جوانی «قەدیفە»ی خوشکی ئیپەکیش وەردەگرت و ڕووناکی قژ و جەستە هەستی ئێستێتیکی و شیعری لەلا دەورووژاند، چونکە جۆرێک لە جوانی هاوبەش و لێکچوو و جیاواز لە شێوە و ڕوخسار و هەڵکەوتنی بەژن و باڵای هەریەک لە ئیپەک و قەدیفەدا هەست پێدەکرا، ئەم ڕەوشی ئاڵۆزی جوانییە «شینە»شی بە هەمان دەردەسەری بردبوو، دواتر ئەم لێکچوون و هاوشێوەییە خودییە لەلای کاراکتەرەکانی تری ڕۆمانی بەفرە بەدی دەکرێ بۆ نموونە، ئەو لێکچوونەی نێوان نەجیب و فازڵ، یان ئەو هاوشێوە ڕۆحی و جەستەییەی نێوان ئۆرهان بەگ و «کا»ی کارەکتەری سەرەکی دەقی بەفر،.... بەڵام «کا» زۆر باشی دەزانی ئەو کامەرانییەی کە هەستی پێ دەکات، زیاتر پێوەندی بە ئەڤین و بەختەوەرییەوە هەیە نەک بەجوانی بەفرەکەوە».. هەروەها «پێشبینی کردبوو لە پای ئەو توێکارییە هاوچەرخانەی کە دەیویست بیهێنێتە ناو شیعری تورکییەوە، ئەم چەمکە نەتەوەپەرستییە ئێستا بەلای «کا»وە مایەی پێکەنین و بەزەیی پێداهاتنەوە بوو»، چونکە «کا» «بە درێژیی شەو بەدەم جووتبوونەوە لەگەڵ ئیپەکدا تێگەیشت لەودیو بەختەوەرییەوە سەرزەمینێکی تریش هەیە، واتە.. دەرەوەی زەمان» لەلایەکی دیکەوە «کا» دەیزانی عیشق و مەرگ پێوەندییەکی بەهێز و توندوتۆڵ و تۆکمەیان بەیەکەوە هەیە و دڵنیابوو لەوەی کە هێزێکی تر هەیە دەستی ئەم دەجووڵێنێ «لە شیعر نووسیندا». ئەو دەمەی «ئیپەک» بە هەموو هێزی خۆیەوە باوەشی بە «کا»دا کرد «کا» دواتر شیعری «ئەڤین»ی نووسی کە لیوانلێو بوو لە ئارامی و تەنیایی، متمانە و ترس..

[ «کا» ئەوەی هاتە بەرچاو کە گەورەترین بەختەوەری لە ژیاندا ئەوەیە بتوانی کچێکی جوان و ژیر لە ئامێز بگرێ و لە گۆشەیەکدا شیعر بنووسی» ڕۆمانی «بەفر» وەک دەقێکی والا پێویستی بە چەندین ڕاڤە و لێکۆڵینەوە هەیە، چونکە پرۆسەی نووسین بابەتگەلێکی هەمە جۆری وروژاندووە و هەر بابەتێک ڕاڤە و خوێندنەوەیەکی تایبەتی گەرەکە، لەوانە... چەمکی بەفر، ژیانی قارسییەکان، چۆنیەتی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری سەرداربەگی سەرنووسەری ڕۆژنامەی شاری سەرحەد، کێشەی حیجاب، بابەتی شانۆ و سینەما و شیعر و کارکردن لەسەر کولتووری خۆرهەڵاتی، کێشەی نەتەوەی کورد و چۆنیەتی پێکڤە ژیانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە وڵاتێکدا کە تێیدا مۆدێرنەیەکی ڕووکەش و بەزۆر سەپێنراو لەلایەن عەسکەرتاریای تورکەوە کاری پێ دەکرێ، جینۆسایدی ئەرمەن، شیرینیخانەی ژیانی نوێ، هوتێلی فەرپاڵاس و ژوورە تایبەتییەکەی «کا» و کردەوە ئیرۆتیکییەکانی لەگەڵ «ئیپەک»دا، ڕەوشی تەکیە و خانەقا نهێنییەکانی شاری قارس، [هیجران= قەدیفە] و عیشقی نەجیب و فازڵ، شینە و حیکایەتی ڕۆستەم و زۆراب و گریانی بۆ مردنی یا تۆپینی ئەو دەڵەسەگەی کە دوای خۆی دوو توتکە سەگی بەجێ هێشتووە، «کا» دەڵێ: خودا شیعرم بۆ دەنێرێ و لە هەناومەوە هەڵدەڕژێ، خۆکوشتنی تەسلیمە، بابەتی لایسیس و ئەتایست، ژیانی تورگوت بەگ و زاهیدە و کچەکانی، تامی دۆڵمەی بیبەر بەڕۆنی زەیتوون، مەرگی «سۆنای زایم»ی شانۆکار کە چۆن لەلایەن قەدیفەوە دەکوژرێ، دوور نییە سۆنای هەر خۆی شار ژوورێکی پڕی خستبێتە سەر دەمانچەکە و ویستبێتی بەدەستی قەدیفە کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێ، سەربردەی شینەو مەرزووقەی ژنە بۆسناییەکەی شینە، کا دەیگوت «پەیوەستبوون بە کەسێکەوە وەکو ئەوەی بەهەموو جیهانەوە پەیوەست بیت، جەستەی ئیپەک بۆنی سێوی لێ دەهات، ئێپەک گوتی «ڕاستییەکەی شینە منی خۆش دەوێ نەک قەدیفە»، «کا» دەیگوت هەر کەسێک گردیلەیەکی بەفری هەیە، دەفتەرە سەوزە ونبووەکەی «کا»، کاسێتە پۆرنۆگرافییەکانی مەلیندا، «نالان» کە خۆشەویستی یەکەمی «کا»بووە لە فرانکفۆرت، «هیلدەگراد»یش خۆشەویستی دووەمی، کەشوهەوای ئامادەیی پێشنوێژ و وتارخوێنان، شیعری ئەو شوێنەی کە خوای تێدا نییە، شۆڕشە شانۆییەکان، شێوازی تیرۆرکردنی «کا» لە فرانکفۆرت لە لایەن گرووپێکی توندڕەوەوە، ڕەفتاری پۆلیسی سڤیلی تورکی، کێشەی نێوان مۆدێرنە و ئایین و ترادیسیۆن، دۆخ و کەشوهەوای

چاپخانەکانی قارس، بەڵام جوانترین و کاریگەرترین بەشی ڕۆمانی بەفر ئەو بەشەیە کە تێیدا پرۆسەی نووسین هێندە بە وردی و غەمگینی وەسفی کەلوپەل و شتگەلە تایبەتییەکانی نێو ماڵی «کا» دەکات، واتە وەسفی ئەو خانووەی کە «کا» لە «فرانکفۆرت» بەکرێی گرتووە و دوای مەرگی «کا» خانمە خاوەن خانووەکە دەیەوێ بەهەر شێوەیەک بێ لەو کەلوپەلانە ڕزگاری بێ، لەم بەشەدا وردبوونەوە لە شتگەل و شوێن، زۆر لە فەزای شیعرێکی نیهلیستی دەکات، بەتایبەتی ئەو دەمەی ئۆرهان بەگی ڕۆماننووس و هاوڕێی «کا» لە ئەستەمبۆڵەوە دێ و دوای مەرگی «کا» لە ژوورەکە دەخولێتەوە و شتگەلەکان دەپشکنێ، وەک ئەوەی لە گۆڕستانێکدا بە دوای دەفتەرێکی سەوزدا بگەڕێ، لێرەدا خوێنەر لە ڕێگەی دۆزینەوەی مانا نەگوتراوەکان و چێژە غەمگین و شاراوەکانەوە تێکست لە زەبری دەسەڵاتەکانی زمان و دانەر دەرباز دەکا و کۆدگەلێکی جۆراوجۆری بۆ دەکرێتەوە و لە پڕ خۆی لە کەشوهەوایەکی نیهلیستیدا دەدۆزێتەوە و بە ڕاشکاوی بانگەشەی مەرگی نووسەر ڕادەگەیەنێ!

کەلوپەلە بەجێماوەکانی «کا» بریتی بوون لەم تیمگەلانەی خوارەوە، جانتایەکی بچووکی گەشتوگوزاری، دەستێک چاکەت و بیجامەی خەوی تێدابوو کە «کا» هەژدەساڵ لەمەوبەر لە ئەستەنبوولەوە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، کراسێکی سەوز، تاقمی تراش و فلچەی ددان، جووتێک گۆرەوی و جلوبەرگی پاکی ژێرەوە و ئەو گۆڤارە ئەدەبییانەی کە من لە ئەستەنبوڵەوە بۆم ناردبوو، ئۆرهان بەگ ئەم جانتایەی لە «تارکۆت ئۆیلچوین»ی هاوڕێی «کا» وەرگرتبوو، تارکۆت یەکێک بوو لەو کۆچبەرانەی لەسەرەتای شەستەکاندا لە فرانکفۆرت گیرسابووەوە، کورسی و تەپڵەکەکانی ژوورەکەی شکاو و پەرشوبڵاوبوون، سۆپا کارەباییەکەی ژەنگی گرتبوو، سەرینەکەی کە بۆنی قژی ئەوی گرتبوو، قایش و کراڤاتەکانی، پێڵاوەکانی، فلچەی ددان شۆرین و لیوانێکی چڵکن کە فلچەکەی تێدابوو، نزیکەی سێسەد و پەنجا کتێبێک، تەلەفزیۆنێکی کۆن و ڤیدیۆیەک، چاکەتە پەڕپووتەکەی و کراسەکانی و ئەو بیجامانەی کە هەژدە ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ خۆیدا لە تورکیاوە هێنابوونی، لەلای چەپیشەوە چەند کتێب و گۆڤارێک داندرابوون کە بەنۆرە دەیخوێندنەوە، گڵۆپێکی ڕەنگ برۆنزی و تەلەفۆنێک، دۆڵابی جلوبەرگەکانی، دۆڵابە بچووکەکانی سەرشۆر و ئاشپەزخانەکەی، ناو بەفرگرەو توورەکەی بچووکی جلە چڵکنەکانی، کاسێتی فیلمە ڕووتەکان کە بێ بایەخانە لە تەنیشت ڤیدیۆکەوە فڕێ درابوون، شتومەکی سەر مێزەکەی لە تەپڵەک، پاکەتی جگەرەو چەقۆیەک کە بۆ هەڵپچڕینی نامە بەکاری هێنابوو، ڕۆبێکی کۆن و سەعاتێکی سەرمێز، وێنەیەک کە لەگەڵ خوشکەکەیدا لەسەر شۆستەی دۆڵمە باخچە گرتبووی،.. پاشان بۆم دەرکەوت هاوڕێکەم بایەخێکی تایبەتی بە ئەستێرەیەکی فیلمی ڕووتی ئەمەریکی بە ناوی مەلیندا داوە، چل نامەی خۆشەویستی کە هەموویان بۆ [ئیپەک] نووسرابوون، بەڵام هیچیانی نەناردبوو، مەلیندا دووچاوی گەورە، زۆر گەورەی غەمگین و ڕەنگ زەیتوونی هەبوو، پێستی سپی و ڕانەکانی درێژبوون، لێوەکانی لەو گێلاسانە بچووکتر بوون کە شاعیرانی کلاسیک بۆ وەسفی لێو بەکاریان هێناوە، بەڵام کەمێک گۆشتن بوو، زۆر بەناوبانگ بوو، پێدەچوو مەلیندا بە فیلمە پۆرنۆگرافیاکانی کارێکی زۆری لە ناخی «کا» کردبێ، دەسبەجێ تێگەیشتم چاوەگەورەکانی، جەستە گەورەو تەندروستەکەی و هەندێک لە هەڵسوکەوتەکانی دەچوونەوە سەر ئیپەک، لە کۆتاییدا چەمکی «بەفر» وەک هێمایەکی ئاوێتە، ڕەوش و خەسڵەتە مەینەتبارەکانی ژیان و کەمخایەنی جوانی و چرکەساتە سووتێنەر و مەرگ ئامێزەکانی حاڵەتەکانی عیشق و شیعر و ئیرۆتیک و بوون لە خۆ دەگرێ و بە کەرنەڤاڵێکی پۆلیفۆنی تژی لە نرخ و بەهای ئەدەبی و ئێستێتیکی و تەکنیکی نوێی هونەری پرسیارگەلێکی ئەنتۆلۆژی دەوروژێنێ و وەڵامەکانیش بۆ خوێنەری بەرهەمهێن بەجێ دێڵێت.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: بەفر- ڕۆمان**

**نووسینی: ئۆرهان پاموک**

**وەرگێڕانی لە تورکییەوە: بەکر شوانی**

**دەرهێنانی هونەری ناوەوە و هەڵەگری: بەدران ئەحمەد حەبیب دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس**

**لە کتێبخانەی گشتی هەولێر، ژمارە «٦٩٣»ی ساڵی «٢٠٠٧»ی دراوەتێ**

**٢٠٠٨/٦/٣**

## فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی

# ئەدەب و هونەری شێوەکاری- Litterature et Peinture

نزیکی و پێوەندییەکانی نێوان ئەدەب و هونەری شێوەکاری (یان ئەدەبیات و هونەرەکانی شێوەکاری) شتێکی، یان دیاردەیەکی تازە نییە. گەلێک جار هونەری شێوەکاری (پلاستیکی) سرووشی خۆی لە ئەدەبیات وەرگرتووە، ئەم پێوەندییەش زۆرجار کاری نایاب و بەرجەستەی لێ کەوتۆتەوە. لە هەمان کاتدا، دەبینین نووسەرەکانیش (شاعیران و ڕۆماننووسەکان) بە ئاشکرا سەرسامیی خۆیان بۆ هونەری شێوەکاری، بە تایبەتی بۆ کارە هونەرییە نایاب و جوانەکان دەربڕیوە. وەک بۆ نموونە، ئەو تێکستانەی دیدرۆ- Diderot لە بارەی گرۆز، یان شاردان نووسیونی، یان لە بارەی ئەو پۆرترێتەی خۆی ڤان لو- Van loo کێشاونی، یان وەک سەرسامیی بۆدلێر- Baudelaire بە دولاکروا- Delacroix و ئینگریس- Ingres. ئەم پێوەندی و نزیکییە لە سەدەی نۆزدەم زۆر گەشە دەکا، دەبینین هونەرمەندە شێوەکارەکان ڕۆمانە گەورەکانی سەدەی نۆزدەم، هی ڤیکتۆر هوگۆ-V.Hugo و بەلزاک و زۆلا- Balzac، دەکەنە سەرچاوەی سرووش و ئیلهامی تابلۆکانیان.

پێوەندی و نزیکییەکانی نێوان ئەدەب و هونەرەکانی شێوەکاری لە سەدەی بیستەم و خەستتر و تێکەڵاوتر دەبنەوە، دەبینین لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەم، پروست-Proust، لە ڕۆمانە مەزنەکەی (گەڕان بەدوای زەمەنی لەدەستچوو- A la recherche du temps perdu) باس لە تابلۆکانی ئێلستیر-Elstir دەکا و بایەخیان پێ دەدا. ئاراگۆن- Aragon لە کتێبی ئۆرێلیەن-Aurelien (کە هونەرمەندی شێوەکاری دادایست پیکابیا- Picabia لەلایەن زامۆرا- Zamora نوێنەرایەتی دەکرێ) وەک پروست هەمان شت دەکا. لە مانیفێستە هونەرییەکانی کوبیزم، فوتوریزم، دادایزم، سوریالیزم، دەبینین ئەدیب و هونەرمەندەکان بەیەکەوە پشتگیری خۆیان پیشانداوە لە بڵاوکردنەوەی ئەو فەلسەفە جوانیناسییەی- Esthetisme ئەم بزووتنەوە هونەرییانە بانگیان بۆ داوە، بێجگە لەمەش زۆر بابەتی هاوبەش ئەمانەی کۆدەکردنەوە و لە هەمان کاتدا سەرچاوەی سرووشیان بوو. دەبینین ئەپۆلینیێر و ماکس ژاکۆب و پیکاسۆ بەیەکەوە و نزیک لە یەکتری حەز و ئارەزووی خۆیان بۆ مۆدێرنیزم پیشان داوە کە ئەوسا لە شارە گەورەکان گەشەی دەکرد و پیشان دەدرا. بێجگە لە پێوەندی و نزیکی لەیەکتری، سەدەی بیستەم دەبێتە سەدەی تێکەڵاوبوونی ئەم دوو هونەرە؛ ئەدەب و شێوەکاری.

لە سەرەتای سەدەی بیستەم، بە تایبەتی لە پاریس و هەندێ شاری وەک زیورخ و بەرلین و هی تریش، ئەدیب و هونەرمەندەکان هاتوچۆی یەک ناوەند و یەک قاوەخانە و یەک ساڵۆنیان دەکرد. هەر لەم ماوەیەدا شاعیر پییەر ڕۆڤێردی- P.Reverdy دەگاتە پاریس و لەلایەن یەکێ لە هاوڕێکانی پێشوازی دەکرێ و زۆری پێناچێ لە گەڕەکی مۆمارتر- Montmartre دادەنیشێ کە لە هەمان شوێن پیکاسۆ و مۆدیلیانی و ڤان دۆنژە، ژوان گریس و ماکس ژاکۆب و ئەندرێ سالۆمۆ تێیدا دەژیان و کاریان دەکرد. لە هەمان شوێن ئەپۆلینیێر و ڤان گۆک و ئوتریۆ و دوفی و دۆرا و براک-یش

دەبینران.

لەسەردەمی سوریالیستەکان ئەدەبیات و هونەری شێوەکاری، بێجگە لە هونەری پلاستیکی فۆتۆگراف و پەیکەرتاشی و سینەما و مۆزیکیش دەکەونە ناو پێوەندییەکی زۆر نزیک و خەست لەگەڵ ئەدەبیات. پاش جەنگی جیهانی دووەم، سارتر و هاوڕێکانی لە هونەرمەند ولس- Wols نزیک دەبنەوە کە ڕۆمانی (هێلنج- La Nauee)ی سارتر و هی دیکە بە تابلۆ دەکێشێ. پاشان دەبینین شێوەکار و پەیکەرتاش گیا کۆمێتی- Giacometti، پۆرترێتی سارتر و سیمۆن دوبۆڤوار دەکێشێ.

لە سەدەی نۆزدەم بۆدلێر لە قەسیدەی (فەنەر- Phares) پەسنی شاعیران دەدا کە لە هۆنینەوەی قەسیدەکانیان تێکست بەرهەم دەهێنن و هونەرمەندەکانیش پشت بە ماتریال دەبەستن بۆ پیشاندانی ڕوانینیان، پێوەندی ئەدەب و هونەری شێوەکاری لەم چوارچێوەیە دەچێتە دەرەوە، هەڵبەت لەسەدەی بیستەم، بە هەمان شێوەی بۆدلێر، دەبینین فیلیپ سوپۆ قەسیدەیەکی (Ode a Chagall) بۆ شاگال تەرخان کردووە و ڕینییە شار قەسیدەیەکی بەناوی (Six Patiences) بۆ ژوان میرۆ نووسیوە کە هەر لەلایەن میرۆ خۆی کراوەتە تابلۆ، ئێلوار بە هاوکاری ماکس ژاکۆب بە شیعر نیگارەکانی مان ڕێ- Man Ray دەڕازێننەوە کە بەناوی (دەستە ئازادەکان- Les main Libres) ناسراوە. زۆر لە نووسەرانی تر بە سرووش وەرگرتن لە هونەری شێوەکاری تێکستی ئەدەبییان بەرهەم هێناوە، یان بەیەکەوە کتێبیان چاپ کردووە. وەک دەبینین دوو دیوانی ئەپۆلینێر لەلایەن هونەرمەندان بە تابلۆ کێشراون. بلێز ساندرا-ی شاعیر بە هاوکاری هونەرمەند سۆنیا دۆلۆنێی) قەسیدەی (پەخشانی ترانس سێبیری)، یان بە تابلۆ کێشاوە.

شاعیران و نووسەران و هونەرمەندانی شێوەکاری، بە تایبەتی ئەمانەی لە سەرەوە ناومان هێنان، بەرانبەر بە کاری یەکتر و بەرهەمی یەکتر هەستیار بوونە، دەبینین درەنگتر هەموو ئەو کارکردن و لێک نزیک کردنەوە و پێوەندییەکانی نێوان ئەدەبیات و هونەری شێوەکاری دەبێتە تەکنیکێکی تایبەتی پەیڕەوکراو لەلایەن ئەمانە، دەبینین شاعیر و هونەرمەندە کوبیستەکان و سوریالیستەکان هەمان ئارەزوو و تەکنیک پیشان دەدەن، ئەمانەش هەڵبەت لەسەر بنچینەی ئەو وێنانەی کە سەرچاوەکانیان خەون و نائاگاییە. بەیەکەوە بە سوود وەرگرتن لە کارە ئەدەبی و هونەرییەکانی پێشوو و (Pastiche deforme) بە جۆرێکی تر کارکردن لەسەریان، بەرهەمی نوێ دادەهێنن، وەک بۆ نموونە: ئەو کارەی دالی کردوویەتی لەسەر تابلۆی جۆکۆندی داڤنچی-DeVinci- بە سمێڵ بۆ کردن و شۆڕکردنەوەی مشکێک بەدەمی و گۆڕینی ڕوخساری مۆنالیزا بۆ ڕوخساری پشیلەیەک، یان کارێکی ناسراوی وەک ڕۆمان کۆلاژی ماکس ئەرنست کە بە ناوی (ژن سەد سەر- La femme 100 tetes) ڕۆبێرت دێسنۆسی شاعیریش وەک دالی کاری زۆری لەم بارەیەوە هەیە. بێجگە لەوە، ئەم شاعیرە، قەسیدەکانیشی زۆر لە وێنەی، یان بوونی خاسییەتێکی بینراو- تابلۆیی، یان ئیماژ- Poesie Pic- turale- نزیکە.

لێرەوە ئەم لایەنە، شیعری کۆنکرێت، یان شیعری پلاستیک، زمانێکی نوێی شیعری کە بەزمانی فەزا- Lan- gage d'espace- ناسراوە پەرە دەسێنێ. قەسیدە ناسراوەکەی ئەپۆلینێر کە بە خەت-Calligrammes- ناسراوە نموونەیەکی زۆر بەناوبانگ و بەرایی ئەم جۆرە شیعرەیە، شاعیر پیێر ڕۆڤێردی لەم بارەیەوە تاقیکردنەوەیەکی ناوێژەی هەیە، هەموو سەرچاوەیەک لە شیعر بەکاردەهێنێ، هەموو تایبەتمەندی و خاسییەتەکانی خەت و هێڵ و نووسین لە شیعر نووسین بەکاردەهێنێ. شاعیر لەم ڕووەوە هەنگاوی زۆر گەورە دەهاوێژێ کە ڕەخنە هەندێ جار وەک نارەزاییەک بە (شیعری کوبیستی) لە قەڵەم دەدا، یان بە (کوبیزمێکی ئەدەبی) وەسفی دەکا. لێرەوە شاعیرەکان و هونەرمەندەکان تێکست و نیگارەکانیان تێکەڵ دەکەن، ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە خەت و هێڵ و فۆرم و نیگارکێشان، هەڵبەت نەک هەر تەنیا بەتابلۆی پلاستیکی و نووسین، بەڵکو لە بواری فۆتۆگراف و کۆلاژیش.

لەم سەردەمەدا، شێوەکارەکان، شاعیرەکان، هەر تەنیا لە سرووش و ڕوانینیان بۆ جوانی و تەکنیک و شێواز لە یەکتر نزیک نین، لە پیشەش زۆر لە یەکتر نزیک بوونە. ساڵی ١٩٤٨ پیێر ڕۆڤێردی کە بەرهەمی کۆلاژگرافیکی زۆرە، ئەم پارچە شیعرەی خوارەوە لەسەر سیرامیکێک دەنووسێ:

**لە پەراوێزی سەختی زەمەن**
**بەناو ئەم دڵە ڕووتەی کە**
**تاڵی لێ دەڕژێ**
**پیکاسۆ**
**تۆوێکی دەم بایە و سەحرا**
**دەبووژێنێتەوە.**

بە ئاراستەی هەمان تەکنیک و شێواز، دێسنۆس شیعر بە تابلۆیەکی دەستی خۆی دەزانێ. ئەزموونی هێنری میشۆ- Michaux-ش لەم بارەیەوە، لە تێکەڵ کردنی وێنە و ئیماژی پلاستیکی بەفۆرمی شیعری، ئەزموونێکی جوانە.

سەرەنجام، ئەدەب و هونەری شێوەکاری ئەوەندە لە یەکتری نزیک دەبنەوە، بە تایبەتی لە سەدەی بیستەم، زۆر لە نووسەرە گەورەکان دەڵێن بە قەد ئەوەی سوودمان لە ئەدەبیات بەگشتی وەرگرتووە، بە هەمان ڕادە سوودمان لە هونەری شێوەکاری و هونەرمەندەکان وەرگرتووە.

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی چوارده ساڵەی تەمەنییەوە

# ڕامان تەکاندان و تازە کردنەوەی بەردەوام

**کەمال غەمبار**

* گـۆڤـاری (ڕامـان) لە ڕۆژگـارێکی سـەخت و دژوار و نائاساییدا چاوی کردەوە، لەوانەیە وەک هەر سەرەتایەک چەند ژمـارەیەکی سـەرەتای ئەو گۆڤـارە وەک پێـویست لە ئاسـتی خواست و حەزی خوێنەراندا نەبووبێ، ئەوەش خۆی لەخۆیدا بۆ چەند هۆکـارێک دەگەڕایەوە کـە پێوەندییـان بە بارودۆخـەکە و ئاستی چاپکردن و نەخشەی بەرگ و دیزاینی ناوەوە و واقیعی ئەوکاتی چاپخانە و نووسەران و سەرپەرشتیاری گۆڤارەکەوە هەیە، هەمـوو سەرەتایەکیش وەک ئەزموونێک بێ کەموکوڕی نابێ.

* گۆڤـارێکی لەم جۆرە پێـویستی بە کـادیرێکی لێـهاتوو و شـارەزای هەمـوو بوارەکـان هەبوو، هەروەها سـتـافـێکی وای گـەرەک بوو کە لە بواری پیـتـچنین و هەڵـەچنیندا لە ئاسـتی ئەرکەکە دابن. دوای چوار مانگێک گۆڤاری (ڕامان) لە شاری هەولێری پایتەخت گیرسایەوە، نووسەرێکی بەتوانا و شارەزای وەک سـەرنووسـەری ئێـسـتـای گـۆڤـارەکـە کـاک (ئازاد عـەبدولواحـیـد) بە تەواوی خـۆی بۆ تەرخـان کـرد و توانی لە ماوەیەکی کورتدا تەکانێکی زۆر باش بە گۆڤارەکە بدات و بە ستافێکی کەم توانرا (٥)ی هەموو مـانگێک بە ڕێکوپێکی و لە کاتی خۆیدا دەربچێت و ژمارە لەدوای ژمارەش ئاستەکەی بەرزببێتەوە.

* ئەوەی لێرەدا دەمـەوێ ئامـاژەی پێ بکەم ئەوەیە کـە ئەم گۆڤارە هەر لە سەرەتاوە دەرگـا و پەنجـەرەی بەسەر سـەرجـەم نووسـەران و ڕۆشنبـیـران و هونەرمـەنداندا واڵا کـرد، لەو چوارچێوەیەش دەرچوو کە گۆڤـارێکی مـەودا تەسکی خۆماڵی بێت و لە سنوورێکی دیاریکراودا بوەستێ و هەنگاو بۆ ئەملاو ئەولا نەهاوێ، بەڵکو بووە بڵندگـۆی ڕۆشنبـیـرانی هەمـوو پارچەکـانی کوردسـتـان و نووسـەرانی هەندەران، کە لە هەمـوو لایەکەوە ڕوویان تێکرد و بەرهەمی داهێنەرانە و جوان و ئاست بەرزیان بۆ (ڕامـــان) دەنارد و لەســـەر لاپەڕەکـــانیـــدا بڵاودەکرانەوە.

* لە ڕاستیدا ئەو پۆلێنکردنەی سەرنووسەر کە هەر جارەی، یان جـاروبار لە خـەت و نەخشـەی بەرگەکـە و هێنانە کـایەی چەند تەوەر و بوارێکی جیا جیا مۆرکێکی تازە کردنەوەیان بە گۆڤـارەکـە بەخشـیـوە کـە وەک گـۆڤـارێکی جـیاکـراوە جێی ڕەزامەندی و خۆشحاڵی خوێنەران خۆی بنوێنێ.

* بۆیە دەتوانم بڵێم لەوەتەی سەرنووسەری گۆڤاری (ڕامان) کـاک ئازاد شـانی داوەتە بەر دەرکـردنی و بە کـۆشـشـێکی فـەرهادانە و تەقـەللایەکی دڵسـۆزانە کـارەکـان بەڕێوە دەبات، دەکرێ لە سـەرنووسـەرانی تری جـیـا بکەمـەوە، کە خـۆی ئەو بەرهەمـانەی بۆ گۆڤارەکە دێن یەک بەیەک دەیانخوێنێتەوە و بەپێی ئەزموون و شارەزایی و لێزانین لێکیان جیادەکاتەوە و بێ ئەوەی حـیـسـاب بۆ پێـوەندیی کـەسـیی بکات، بەپێی گـونجـاوی و دەسـتـدانی بەرهەمـەکـە بۆ گـۆڤـارەکـە بڵاویان دەکاتەوە. ئەگەر نووسینەکە شیاوی بڵاوکردنەوەش نەبوو، ئەوە بڵاوی ناکاتەوە و گوێ بەهیچ ئیعتبارێکی تایبەت نادات کە لەسەر حیسابی ئاست و بەرژەوەندی گۆڤارەکە بێت. هەر بۆیە گۆڤاری (ڕامان) تا ئێستا هێڵی بەیانیی خۆی پاراستووە و هەرچەندە بەپێی بارودۆخی دارایی و توانای گۆڤارەکە ژمارەی لاپەڕەکـانی هەندێک کـەمبـۆتەوە، بەڵام ئەم کەمبـوونەوەیەش کـاری نەکـردۆتە سـەر ئاسـتی گـۆڤـارەکـە، بگرە لە جـاران تۆکمەتری کردووە.

* خاڵێکی تر کە گۆڤاری (ڕامان) مافی خۆیەتی شانازی پێوە بکات و مـایەی دڵخـۆشیی خـوێنەر بێت ئەوەیە کـە لە کـاتی خـۆیدا دەردەچێ و هەڵەی چاپی تێـدا بەدی ناکـرێ. هەرچەندە لەچاو گۆڤارەکانی تر ژمارەی هەڵەچنی زۆر کەمە.

* دەبێ لێـرەدا ئامـاژە بە ڕاسـتـیـیـەکی تر بدەم کـە ئەو وردەخـەرجییـەی بۆ ئەو گۆڤـارە تەرخـانکراوە، ئەگـەر بەراورد بکرێ لەگەڵ چەند گۆڤـارێکی تر، ئەوە ڕێژەکـەی نییـە کـە لە تەک خواست و ئاواتی دەرکردنی گۆڤـارەکەدا بێتـەوە، لەگەڵ ئەوەشـەوە تا ئێـسـتـا ژمـارەیەکی باشی لە کـتـێب بەچاپ گـەیاندووە، هەرچەندە خـۆی دەزگـای چاپ و بڵاوکـردنەوەش نییـــە، بەڵام نیـشـــانەی ئەوەیە بڕێک لەو پارە کـــەمـــەش دەگێڕێتەوە تا کتێبی پێ چاپ بکات، ئەم هەنگاوەش بۆ خۆی خزمەتکردنێکی باشی بواری ڕۆشنبیرییە.

* (٥)ی ئەم مـانگە ژمـارە (١٤٦)ی گـۆڤـاری ڕامـان دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەرانەوە، سەد و چل و شەش مانگ لە تەمـەنی پڕ بەخـشش و ڕۆشنبـیـری خـۆی بەڕێ دەکـات، کـاتێ ئاوڕێک لە ڕابردوو دەداتەوە، دەبینێ وەکـو منداڵێک چۆن لە دایکبوو، چۆن کەوتە گڕوگاڵ و چۆن کەوتە سەر پێ و بەرەبەرە نەشـونمای کـرد و بست بە بست باڵاکـەی بەرزبووەوە و کـەوتە هەرەتی لاوی، ئەمڕۆکەش لەسەر زەمینەیەکی پتەو دەوەستێ و دەڕوانێتە ئاسۆیەکی گەشتر و فراوانتر، تا لەم ئاستەی خۆی نەوەسـتێ، بەڵکو هەنگاوی گـورجـوگـۆڵتـر هەڵێنێ و بەردەوام خـۆی تازە بکاتەوە و ببـێـتـە مـایەی ڕەزامەندی و خـۆشحـاڵی زیاتری خوێنەران.

لەگـەڵ پیـرۆزباییم بۆ سـەرنووسـەری گـۆڤـاری (ڕامـان) و کـارمـەندان، هیـوای بەردەوامـبـوونی ڕەوتی بەرچاو و دیاری گۆڤارەکە و پتر گەشەسەندن و باڵابوونی بۆ دەخوازم.






# شمشاڵ و شەقام

## بە بۆنەی کۆچی دوایی «قالە مەڕە»

عەبدولخالق یەعقووبی

بۆکان شارێکی زۆر گەورە نییە، بەڵام شەقامەکانی، بە تایبەتی ڕاستە شەقامە سەرەکییەکەی هەمیشە قەرەباڵغ و زیندووە. شـەقـام هەمـیـشـە ناوەندی بازرگـانی و سەروسەودا بووە و شەقامی شارێکی وەک بۆکانیش لەم تایبەتمەندییە بێ بەری نییە، بەڵام ساڵانێکی دوورودرێژ بوو خـەڵکی بۆکـان بەوە ڕاهاتبـوون کـە بەدەم کـڕین و فرۆشتنی سەر شەقامەوە گوێیـان لە زایەڵەی شمشاڵی پیاوێکی بە ساڵداچوو بێت کە پێیان دەگوت قالە مەڕە. شمشاڵی قالە مەڕە و دەنگە هەناو ورووژێنەکەی دیمەنی شەقام و بازاڕی بۆکانی لە تەنیا ناوەندێکی بازرگانییەوە دەگـۆڕێ بۆ کـەرنەڤـاڵێکی هونەری و کـولتـووریش. قـالە مـەڕە بۆ بژێوی ڕۆژانە دەیژەنی، بەڵام دەسکەوتی ئەم نیـازە وەگـەڕخـستنی شەپۆلێکی ئەفـسـووناوی بـوو لە دەنگێکی سیـحـراوی. من کە منداڵی بۆکـانم ئێـستـاش ناتوانم بێـمـە شـەقـام و دەنگ و دیمەنی شـمـشـاڵ و قـاڵەمـەڕەکـەیم وەبیـر نەیەتەوە. شـەقـامی بۆکـان بە بۆنوبەرامەی شمشاڵی قالە مەڕە پتر لە چل پەنجا ساڵ بوو مۆسیقا پڕژێن دەکرا، ئێـستـا تەنیـا زایەڵەی ڕوحی ئەو دەنگە هەرمانەیە کە بەسەر هەموو شەقامی شارەکانی کـوردسـتـاندا دەگـەڕێ و سـاتەکـانی سـەروسـەودای شارانەمان بە جوانی و سادەیی و ڕەسەنایەتی گوندانەی خۆی پاکژ دەکاتەوە.